# مێژووی

# پارتی دیموکراتی کوردستان

## کۆنگرە و کۆنفرانس

(پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ)

**بەرگی یەکەم**

دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٠٢١

-**ناوی کـتێب:** مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان - کۆنگرە و کۆنفرانس
(پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ)
-**نووسین و ئامادەکردنی:** دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان
-**بەرگ:** یەکەم
-**نۆبەی چاپ:** چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢١
- **چاپخانە:**
- **تیراژ:**

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٨٨٤) ساڵی ٢٠٢١ پێدراوە.**

**سوپاس و پێزانین**

سوپاسێکی تایبەتی هەڤاڵانی ئەرشیفی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین کە لە دەست گەیشتنمان بە دەق و بەڵگەنامەکان هاوکارێکی سەرەکیمان بوون. هەروەها تەواوی کارمەندانی دەستەی ئینسکلۆپیدیا کە ماندوونەناسانە و لە خۆبووردانە بە هەموو توانایەکیانەوە کاریان کرد. سوپاسی هەموو ئەو کەسایەتی و ناوەندانە دەکەین کە لە نووسینەوە و لە دایکبوونی ئەم کتێبەدا بە شێوەیەک لە شێوەکان هاوکار و پشتیوانمان بوون.

**دەستەی ئینسکلۆپیدیای**

**پارتی دیموکراتی کوردستان**

**پێشکەشە بە:**

• مستەفا بارزانی، دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان و باوکی ڕوحی نەتەوەی کورد.

• سەرۆک مەسعود بارزانی، پێشمەرگە و سیمبولی سەربەخۆیی.

• شـەهیدانی ڕێبـازی کوردایـەتی، ئەنـدام و لایـەنگرانی پـارتی دیمـوکراتی کوردستان.

• ڕێبوارانی ڕێگای سەربەخۆیی کوردستان.

هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب

"بە ڕێگەی خەباتی سیاسی و عیبرەتەوە تێدەکۆشین لە پێناوی دروستکردنی دەوڵەتی ئیتیحادیی دیموکراتی کوردستان لە عێراق، کە هەریەکە لە ویلایەتەکانی موسڵ، هەولێر، کەرکووک، سلێمانی و خانەقین لەخۆ دەگرێت و ئەنجوومەنێکی دامەزرێنەری هەڵبژێردراو لەلایەن گەلی کوردەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بە ڕێگەی دەنگدانی نهێنی، دەستوورەکەی دادەڕێژێت".

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# پێڕست

## بەرگی یەکەم


- پێشەکی ............ ١
- وتەیەکی کورت بۆ خەباتێکی دوور و درێژ ............ ٤
- دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد کۆبوونەوە و گفتوگۆ ............ ٦
- **کۆنگرەی یەکەمی پارتی دیموکراتی کورد** ............ ١٠

–پەیمانی میللی پارتی دیموکراتی کورد ............ ١٢

–پرۆگرام ............ ١٤

–پەیرەوی ناوەوە ............ ١٧

- ڕۆیشتن بەرەو یەکێتی سۆڤیەت و کۆنفرانسی گشتی باکۆ ١٩٤٨ ............ ٢٥
- دەقی وتاری سەرۆک مستەفا بارزانی لە کۆنفرانسی باکۆ ١٩٤٨ ............ ٢٨
- کۆنفرانسی بەغدای پارتی دیموکراتی کوردی عێراق ١٩٥٠ ............ ٥١
- **کۆنگری دووەمی پارتی دیموکراتی کورد ئاداری ١٩٥١** ............ ٥٤

–پەیمانی میللی پارتی دیموکراتی کوردی عێراق ............ ٥٧

–پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردی عێراق ............ ٦٢

–پەیرەوی ناوەوەی پارتی دیموکراتی کورد ............ ٦٥

- **کۆنگری سێیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٥٣** ............ ٧٢

–پێرەوی ناوەوەی پەسندکراوی کۆنگرەی سێیەمی پارتی ............ ٧٥

- **کۆنگرەی چوارەمی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٥٩** ............ ٩٩

–پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرە ............ ١٠٤

- **کۆنگرەی پێنجەمی پارتی دیموکرات و قۆناغی کاری ئاشکرا** ............ ١٢٩

–پرۆگرام و پێرەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرە ............ ١٣٤

–بڕیارە سیاسییەکانی کۆنگرەی پێنجەم ............ ١٦٠


هەواڵنامەی کتێب

- هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١ ........ ١٦٥
- کۆنگرەی گشتی کۆیە ١٩٦٣ ........ ١٧٢
- کۆنفرانسی ماوەتی پارتی دیموکراتی کوردستان-١٩٦٤ ........ ١٧٥
- **کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان-١٩٦٤** ........ ١٨٠

–پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرەی ........ ١٨٢

– بڕیارەکانی کۆنگرەی شەشەم ........ ٢٠٩

- دامەزراندنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان ........ ٢١٤
- **کۆنگرەی حەوتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٦٦** ........ ٢١٩

–ڕاپۆرتی سیاسی کۆنگرەی حەوتەم ........ ٢٢٣

–پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرەی ........ ٢٤٤

–بەیانی کۆتاییهاتنی کۆنگرەی حەوتەمینی پارتی ........ ٢٧٠

- کۆنفرانسی سەربازی کانی سماق ١٩٦٧ ........ ٢٧٥
- **کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٧٠** ........ ٢٧٧

–وتاری سەرۆک مستەفا بارزانی لە کۆنگرەی هەشتەم ........ ٢٨١

–دەقی ڕاپۆرتی سیاسی کۆنگرەی هەشتەم ........ ٢٨٣

–پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرەی هەشتەم ........ ٣٠٣

–دوا بەیانی کۆنگرەی هەشتەم ........ ٣٣٤

– لیستی ناوی میوانانی کۆنگرەی هەشتەم ........ ٣٣٨

- کۆنفرانسی ڕامیاری- لەشکری/ چۆمان ١٩٧٣ ........ ٣٤٢
- نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول ئاداری ١٩٧٥ "کۆبوونەوەکان" ........ ٣٤٤
- دامەزراندنی سەرکردایەتی کاتی ١٩٧٥ "کۆبوونەوەکان" ........ ٣٥٠
- کۆنفرانسی بەرلینی سەرکردایەتی کاتی پارتی ١٩٧٦ ........ ٣٥٤

–بڕیارە سیاسییەکانی کۆنفرانسی بەرلین ........ ٣٥٧

- کۆبوونەوەی فرەوانی شاوانەی سەرکردایەتی کاتی ١٩٧٩ ........ ٣٦٤
- **کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٧٩** ........ ٣٦٧


هەولێرنامەی کتێب

–ڕاپۆرتی سیاسی و عەسکەری ........ ٣٧٠
–پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرە ........ ٣٨١
–بەلاغی کۆتایی کۆنگرەی نۆیەم ........ ٤٠٩
- **کۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٨٩** ........ ٤١٦
– دەقی ڕاپۆرتی سیاسی پەسندکراوی کۆمیتەی ناوەندی ........ ٤٢٠
–پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستان ........ ٤٦٥
–پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرەی دەیەم ........ ٤٨٤


## بەرگی دووەم


– بڕیارە سیاسییەکانی کۆنگرەی دەیەمی ........ ١
– بەلاغی کۆتایی کۆنگرەی دەیەم ........ ١٥
– لیستی وتار- نامە- برووسکەکانی پیرۆزبایی ........ ٢١
– کۆنفراسی سەربازی سەرکردە و فەرماندەکانی پارتی ........ ٢٨
- **کۆنگرەی یازدەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان - یەکگرتوو** ........ ٣٠
–ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەی دووەمی حزبی یەکگرتنی کوردستان ........ ٣٥
–دەقی ڕاپۆرتی سیاسیی یازدەیەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی ........ ٣٦
–پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی پارتی ........ ٨٥
–بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی یازدەی پارتی دیموکراتی ........ ١١٨
–بەلاغی کۆتایی کاروباری کۆنگرەی یازدەمی پارتی ........ ١٣١
–پەیام و برووسکەکانی پیرۆزبایی بۆ کۆنگرەی یازدەی پارتی ........ ١٤٣
- **کۆنگرەی دوازدەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ ١٩٩٩** ........ ١٤٨
–وتاری سەرۆك مەسعود بارزانی بۆ میوان و ئەندامانی ........ ١٥٢
–ڕاپۆرتی گشتی کۆنگرەی دوازدەم ........ ١٥٤
–پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرەی ........ ٣١١
–بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی دوازدەی پارتی ........ ٣٤٦

-بەلاغی کۆتایی کۆنگرەی دوازدەی پارتی دیموکراتی کوردستان ........................ ٣٥٤
-وتار، بروسکە، نامە و پەیامی پیرۆزبایی ........................................................ ٣٦٢
- **کۆنگرەی سێزدەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان** ............................................ ٣٦٧
-وتاری سەرۆك مەسعود بارزانی بۆ کۆنگرەی سێزدەی پارتی ............................ ٣٧٢
-پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرە ............................................ ٣٨٣
-بەلاغی کۆتایی سێزدەیەمین کۆنگرەی پارتی .................................................. ٤٥١
-ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی سێزدەم ...................................................................... ٤٥٧
-بەشێک لەو وتارانەی لەلایەن میوانەکان خوێندرانەوە .................................. ٤٥٩
-لیستی سەرچاوەکان ........................................................................................ ٤٦٣

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

هەر لەو ڕۆژەی سەرۆک مستەفا بارزانی بۆ سەرکردایەتی کردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستانی عێراقدا، دامەزراندنی حزبێکی سیاسی بە پێویستییەکی ژیاری دەزانێت. لەم پێناوەدا بە هاوکاری هەڤاڵانی لیژنەی ئازادی دەستەیەکی دامەزراندن پێکدەهێنرێت و چەند کۆبوونەوەیەک ئەنجام دەدرێت. دواجار، لە زستانی ١٩٤٦دا لە شاری مەهاباد، یەکەم پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ بۆ ئەم پارتە سیاسییە کوردستانییە بەناوی "پارتی دیموکراتی کورد" گەڵاڵە دەکرێت، لە بەهاری هەمان ساڵ هەڤاڵێکی دەستەی دامەزراندن بە سێ ڕاسپاردەوە بە مەبەستی تاوتۆکردنی ئەو پێویستییە ژیارییە دەنێردرێتەوە باشووری کوردستان و لەگەڵ سەرکردایەتی حزبە سیاسییەکانی ئەوکاتی گۆڕەپانی ئەو بەشەی کوردستان چەند کۆبوونەوەیەک ئەنجام دەدات.

سەرەنجام، دوای ئەوەی هەریەک لە حزبی شۆڕش و ڕزگاری کورد کۆنگرەی خۆهەڵوەشاندنەوەی خۆیان دەبەستن و دوای تەواوکردنی ئامادەکارییەکان، پارتی دیموکراتی کورد لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ بە ئامادەبوونی (٧٠) نوێنەر، بە نهێنی یەکەم کۆنگرەی خۆی لە شاری بەغدا دەبەستێت و یەکەم پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ پەسند دەکات کە لە خاڵی یەکەمیدا هاتووە: "بە ڕێگەی خەباتی سیاسی و عیبرەتەوە تێدەکۆشین لە پێناوی دروستکردنی دەوڵەتی ئیتیحادیی دیموکراتی کوردستان لە عێراق، کە هەریەکە لە ویلایەتەکانی موسڵ، هەولێر، کەرکووک، سلێمانی و خانەقین لەخۆ دەگرێت و ئەنجوومەنێکی دامەزرێنەری هەڵبژێردراو لەلایەن گەلی کوردەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بە ڕێگەی دەنگدانی نهێنی، دەستوورەکەی دادەڕێژێت."

لە ڕوانگەی ڕووداو و ڕاستییەکانەوە، نووسینەوەی مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان کارێکی ئاسان نییە کە لە تەمەنی خەباتی سیاسی خۆیدا ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕووداو و پەرەسەندنەکانی دۆزی ڕەوای کورد و پێشکەوتنەکانیدا بینیووە، هاوکات لە سەرووی توانای تاکە کەسیشدایە، بەڵام لەم ڕاستییەی کە نووسینەوەی ئەم مێژووە هەم بۆ خودی پارتی وەک حزبێکی سیاسی، هەم بۆ مێژووی هاوچەرخی کوردستان پێویستییەکی زێدە گرنگە. دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان بە سوود وەرگرتن لە ئەرشیفی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و ناوەندەکانی تایبەت بە ئەرشیف کردنی بەڵگەنامەکان، بە هاوکاری و ڕێنوێنی ئەکادیمیست و پسپۆڕانی بواری مێژوو و زمان، دوای کۆکردنەوەی سەرچاوە و بەڵگەنامەکانی تایبەت بەو مێژووە پڕ لە هەوراز و نشێوە، وەک ئەرکێکی سەرەکی خۆی دەستی بە نووسینەوەی ئەم پەرتووکە کرد کە بەم دوو بەرگە لەبەر

دەستتاندایە.

لەم ڕاستایەوە، دەستەی ئینسکلۆپیدیا خۆی بە خۆشحاڵ دەزانێت، وەک زنجیرەی یەکەمی نووسینەوەی ئەو مێژووە، پەرتووکی **"مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان - کۆنگرە و کۆنفرانس (پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ)"** بە دوو بەرگی جیاواز بە تەواوی هەڵومەرج و وردەکارییەکانی بەستن و دەقە بڕیارلێدراوەکانی کۆنگرە، کۆنفرانس و کۆبوونەوە گرنگەکان بخاتە بەر دەستی ئەندامانی پارتی و توێژەر و لێکۆڵیارانەوە، چونکە وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە لەم بەشەی مێژوودا بە تەنیا لێکۆڵینەوە و ئاشنا بوون نییە بە مێژووی پارتی، بەڵکو لێکۆڵینەوە و قۆناغبەندکردنی مێژووی هاوچەرخی کوردیشە، نەخاسمە کە پارتی هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە بووە بە کۆکەرەوەی هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکانی گۆڕەپانی خەباتی سیاسی کورد و کوردستان، بۆ خەبات کردن لە پێناو مافە نیشتیمانی و نەتەوەییەکاندا. هەروەها لە پێناو بە دەستهێنان و گەیشتن بەو ئامانجە نیشتیمانیی و نەتەوەییانەوە، یەکڕیزی و یەکگوتاری سیاسی کردووە بە پێشینەی کار و خەباتی سیاسی خۆی، بەتایبەت کە پارتی لە تەمەنی خەباتی سیاسی خۆیدا سەرکردایەتی و ڕابەرایەتی دوو شۆڕشی چەکداری "شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵانی پێشکەتنخوازی" کردووە و لە دەستکەوتە بەدستهاتووەکانی ئەمڕۆدا پشکی شێری بەر دەکەوێت.

لەسەر ئەم بنەمایە، دەستەی ئینسکلۆپیدیا بە ئەرکی سەرەکی خۆی دەزانێت، چەندین بەرهەمی مێژوویی تایبەت بە خەبات و تێکۆشانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر بەردەست بخات، کە بێگومان هەریەکێکیان بۆ خۆپێگەیاندن و تێگەیشتن لە ئامانجەکانی خەباتی پارتیدا سوودی گەورەیان دەبێت. لەم سۆنگەوە ئەم پەرتووکە دەبێتە یەکێك لە سەرچاوە و کەرەستە سەرەکییەکان بۆ توێژەرانی کورد و ئەوانەی بایەخ بە پەرەسەندنی مێژووی خەباتی دۆزی ڕەوای کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەدەن.

پارتی دیموکراتی کوردستان، لە مێژووی پڕ لە سەروەریی خۆیدا، وەك پارتێکی سیاسی و نیشتمانیی شۆڕشگێڕ خاوەنی ئەرشیفێکی گەورەی بەڵگەنامەییە کە لە نووسینەوەی مێژوودا بەڵگەنامە و دەقە بڕیار لێدراوەکان یەکێکن لە سەرچاوە سەرەکی و ڕاستگۆکان بۆ لێکۆڵینەوە لە قۆناغێك، سەردەمێك یان ڕووداوێکی دیاریکراوی مێژوویدا. ئامانجی سەرەکیی لە جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکە، جگە لە بەردەستخستنی کەرەستەی پێویست بۆ توێژەران، هاوکات ناسینی خەباتی پارتی و پاراستنی ئەم بەڵگەنامە مێژووییانەیە لە دوو توێی کتێبێکدا.

لە نووسینەوەی ئەم کتێبەدا کە لە دوو بەرگی قەبارە گەورە پێکهاتووە، لە ڕێکخستنیدا زنجیرەی مێژوویی و وێستگە گرنگەکانی ژیانی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

ڕەچـاوکراوە: بەرگـی یەکەمـی، تەواوی کۆبـوونەوە بەراییەکـان و دەقە بڕیـار لێـدراوەکانی دەستەی دامەزراندن و کۆنگرەی یەکەم تا کـۆنگرەی دەیەم بە تەواوی وردەکارییەکـانەوە لە خۆدەگرێت و بەرگی دووەمی تایبەتە بە وردەکاری کۆنگرەی یازدە تا سێزدە.

هەرچەندە نووسـینەوەی مێـژوو، بەتایبـەت مێـژووی کـورد بە گشـتی بە هۆکـارگەلێکی تـایبەت بە بـارودۆخی سیاسـی کوردسـتان و لێکەوتەکـانی کە هەنـدێکیان بـۆ بەربەسـت دروستکردن لە ڕێگەی گەیشتن بە ئامانجەکان، لە دەرەوەی خواسـتی خـۆی لە لایەن دوژمـن و نەیارانەوە بەسەریدا هێنراوە یان سەپێنراوە. بەڵام دەستەی ئینسـکلۆپیدیا هەوڵـی تەواوی داوە، لە چوارچێـوەی پرۆگـرام و پەیـڕەوی نـاوخۆ و ڕاپـۆرتی سیاسـی و ڕاگەیەنـدراوەکانی کۆتایی و دەقە بڕیار لێدراوەکان و ڕووداوەکانی هەر سێزدە کۆنگرە، گوتـاری سیاسـی پـارتی دیموکراتی کوردستان وەک خۆی بگەیەنێت. بە پێویستیشی دەزانین بۆ خوێنەرانی ئەم کتێبە ڕوونـی بکەیـنەوە کە لـە ڕووی زمانەوانییـەوە جگـە لـەو دەقانـەی لـە زمـانی عەرەبییـەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی، دەقە کوردییەکانیتر، بەبێ ئەوەی دەسـتکاری ڕستەسـازی و ناوەڕۆك بکرێت و لەپێناو پاراستنی ئەمانەتی مێـژووییەوە وەکـو خـۆی هێشـتوومانەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەستەی ئینسکلۆپیدیا بە سەلیقە و میتۆدی زانسـتیانەوە هەمـوو هەوڵێکـی خۆی داوە بۆ نووسینەوەی مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان وەک خۆی بێ ئەوەی بەسەر ڕووداوە مێژووییەکانـدا بـاز بـدات کە بەشـێکی جیـا نەکـراوەی مێـژووی خەبـاتی سیاسـی کوردستانن.

لێرەوە بە پێویستی دەزانین خوێنەرانی هێژا دڵنیا بکەینەوە کە کـار و ئەرکـی دەسـتەی ئینسکلۆپیدیا بۆ نووسینەوەی ئەو مێژووە پڕ لە هەوراز و نشێوە، تەنیا بەم بەرهەمە بە کۆتـا نایەت، بەڵکو درێژەی دەبێت و پرۆژەی دی لە بەرنامە دایە..

لە کۆتاییدا هیواداریـن بەم کتێبە مێژوویە توانیبێتمان کەلێنێک لە مێژووی خەباتی پارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و قۆنـاغێکی خەبـاتی ڕزگـاریخوازی کوردسـتان پڕکـردبێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا چاومان لە تێبینی و هاوکاریتـانە بـۆئەوەی لە چاپەکـانی داهاتوویـدا دەوڵەمەنـدتر بێت.

**دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان**

**پیرمام ـ ٢٠٢١**

# وتەیەکی کورت بۆ خەباتێکی دوور و درێژ

پارتیمان کە گوتراوە و وێنا دەکرێ بە ژوانی کوردایەتی ڕاستەقینە و فێرگە و پەروەردەی کوردایەتی و ئازادی و دیموکراسی. هەر لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦، لە سەر دەستی ڕێبەری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێری کورد و کوردستان و دەستەیەک لە سیاسی و کوردپەروەری هاوڕێی، بە مەبەستی ڕێکخستنی نێومالّی کوردستان، خۆناسین و خۆناساندن، هەم وەکو کورد و هەم وەکو کوردستانی نیشتمان و دیاریکردنی ستەم و ماف پێشێلکردنەکان و نەخشەڕێژکردنی چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی پیلانی دوژمنان و چۆنیەتی وەرگرتنەوەی ماف و ئازادییەکان لە خەباتدابووە.

خەبات و مێژووی ڕابردووی پارتی سەلماندوویەتی:

- پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتی هەموو کوردستانییەکان بووە، بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاییەوە.
- پارتی نوێنەرایەتی گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستانی کردووە و هەڵقوڵاوی نێو کۆمەڵگای کوردستانی بووە و پەیکەر و پێکهاتەکەی ڕەنگدانەوەی ئەم نوێنەرایەتی کردنەی بووە لە کرێکار و جوتیار و ئاغا و ڕۆشەنبیر و خوێندەوار و نەخوێندەوار لە شار و لە لادێ.
- پارتی بە شێوەیەکی واقیعبینانە، قۆناغ بەندی بۆ خەباتی سیاسی و شۆڕشگێڕی و ئیداری کوردستان کردووە و قۆناغەکانی بە سەرکەووتویی بڕیوە.
- پارتی، بە سەرۆکایەتی بارزانی نەمر، ڕێبەرایەتی شۆڕشی ئەیلوولی کرد و کۆکەرەوەی تەواوی خەڵکی کوردستان بووە بۆ شۆڕش و بۆ ئاشتی سەرتاسەری کوردستانیان بە بێ جیاوازی نەتەوەیی و ئاینی یان عەشایری و جوگرافی پشتیوانیان لێ کردووە.
- پارتی بۆ یەکەم جار ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد و کوردستان بەدەستهێنا کە دەستکەوتێکی مێژوویی بوو لە کوردستانی عێراقدا و بناغەی فیدڕاڵیەتی ئەمرۆمان بووە کە بە هاوبەشی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی بەرەی کوردستانی بەدەست هاتووە.

ئەوەی ئەمرۆ هەڤاڵانی دەستەی نووسین و ئامادەکردن و بەچاپگەیاندنی کتێبی (مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان) لەلایەن دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان بەرهەمیان هێناوە، جگە لەوەی لە ڕووی حزبیەوە کارێکی پیرۆزە، بەرهەمێکی گرنگی مێژوویی و نەتەوەیی و سیاسی و ڕۆشنبیریشە کە دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ لە

کتێبخانەکانی کوردستاندا، چونکە پارتی فێرگەی هزری سیاسی و هۆشیاری و نەتەوایەتییە، فێرگەی کادیری سیاسی و حزبیە و هەروەها قوتابخانەی پێگەیاندن و کلتوری پێکەوە ژیانی نەتەوەیی و ئایینی و سیاسییە لە کوردستانێکی فرەنەتەوە و ئاین و ئاینزادا.

هەرچەندە چەندین کتێب لە سەر مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان نووسراوە و دەستخۆشیان لێ دەکەین، بەڵام هەریەکەیان لە قۆناغێکی دیاریکراو نووسراون و هەندێکیشیان حەقی ئەو خەبات و تێکۆشانەی کە شایستەی پارتییە نەداوە.

لە کۆتایی ئەم چەند دێرە نووسینەمدا سەری ڕێز و نەوازش دادەنوێنم بۆ دەستەی دامەزرێنەری پارتیمان بە سەرۆکایەتی بارزانی نەمر و هەروەها سەرجەم شەهیدانی پارتی و کورد و کوردستان، سەرقافڵەیان بارزانی نەمر و کاکە ئیدریسی جوانەمەرگ.

دەستخۆشی لە دەستەی نووسین و ئامادەکردنی ئەم کتێبە بەنرخەی ئینسکلۆپیدیا دەکەم، بۆ ئامادەکردنی ئەم هەموو زانیاری و سەروەرییەکانی پارتی لە دووتوێی کتێبێکی مێژوویدا.

کوردستانمان ئازاد و بەهێز بێت و نوێبوونەوە، دادپەروەری، پێکەوەژیان تێیدا بەرقەرار بێت. ئاڵای پارتیمان شەکاوە بێ و پارتی ڕۆژ بەڕۆژ بە سەرۆکایەتی سەرۆک مسعود بارزانی دەسکەوتی زیاتر بۆ کوردستان بەدەستبهێنێ.

هەواڵنامەی کتێب

**فاضل میرانی**

**سکرتێری مەکتەبی سیاسی**

**پارتی دیموکراتی کوردستان**

**٢٠٢١/٨/١٠**

# دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردی عێراق

## کۆبوونەوە و گفتوگۆ بەراییەکان

شۆڕشی چەکداریی شێخ مەحموودی حەفید دژی ئیمپریالیزمی بەریتانی و حکوومەتی پاشایەتی عێراق دوای شکست هێنانی لە ساڵی ١٩٣١، لەلایەن بارزانییەکانەوە تا ساڵی ١٩٤٥ بە دوو شۆڕشی تر درێژەی پێدرا. لە نێوان ئەم شۆڕشانەدا، شۆڕشی دووەمی بارزان (١٩٤٣-١٩٤٥) وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە بزاڤی شۆڕشگێڕی لە پێناو بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە باشووری کوردستان، بەوپێیەی بۆ یەکەمجار بزاڤی چەکداریی ناوچە و هۆزێکی دیاریکراوی تێپەڕاند و بوو بە شۆڕشێکی گشتگیر، بەشێوەیەک بەشی زۆری چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لە ناوچە جیاجیاکانەوە بەشدارییان تێداکرد و حزبی هیوا (١٩٣٩-١٩٤٥) ڕۆڵێکی کاریگەریی هەبوو لە کۆکردنەوەی چین و توێژە جیاکانی کۆمەڵگا بە دەوری شۆڕشدا، دواتریش دروستکردنی لێژنەی ئازادی لە ڕێکەوتی ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٤٥ بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی، ڕێکخستنەکانی شۆڕشەکەی ڕێکخراوتر و تۆکمەتر کرد[1].

دوای ناپاکی بەشێک لە سەرۆک هۆزەکان و بۆردومانی گوندەکانی دەڤەری بارزان لەلایەن هێزی ئاسمانی بەریتانیا و سوپای عێراق، مستەفا بارزانی فەرماندەی گشتی شۆڕشی دووەمی بارزان، بە ڕاوێژ لەگەڵ لێژنەی ئازادی و فەرماندەی بەرەکانی جەنگ، دوای پەیوەندی کردن بە سەرکردەکانی کوردی کوردستانی ئێران و بەرپرسانی سۆڤیەت، بە تەواوی هێزەکانیەوە بڕیاری کشانەوە بەرەو کوردستانی ئێرانیدا و پاش چەندین شەڕ و پێکدادان سەرەنجام لە ڕێکەوتی ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥ لە ڕێگەی کێلەشین-مەرگەوەڕەوە چوونە نێو خاکی کوردستانی ئێران[2].

لە ڕێکەوتی ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ کۆماری کوردستان لە مهاباد دامەزرا، سەرەڕای سەختی بارودۆخیان، هێزەکەی مستەفا بارزانی بە تەواوی توانایەوە چووە پاڵی و بوو بە هێزی سەرەکی کۆمار و ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە سەرپێ خستن و پاراستنیدا[3].

بارودۆخی کوردستانی ئێران بە گۆڕانکارییە لەبارەکانییەوە بیری لێژنەی ئازادی لەبارەی چارەنووسی بزووتنەوەی کوردی لە باشووری کوردستان خاوەنکردەوە، بەتایبەت تاقیکردنەوەکەی دامەزراندنی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ئەو ئەزموونانەی لە شۆڕشی دووەمی بارزان بەدەست هاتبوون دەریانخست ئەم قۆناغە دامەزراندنی حزبێک لە کوردستانی عێراق هاوشێوەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی پێویستە، بۆیە پاش لێکۆڵینەوە و لێکدانەوی قووڵی بارودۆخی ناوچەکە، مستەفا بارزانی لەگەڵ هاوڕێ، ئەفسەر

و ئەنـدامانی لێژنـەی ئـازادی بڕیـاری دامەزرانـدنی حزبێکیـان لـە کوردسـتانی عێـراق دا، بەشێوەیەك لەگەڵ ئاوات و ئامانجەکانی گەلی کوردستاندا بگونجێت[٤].

بناغەی دروستکردنی پارتی دیمـوکراتی کـورد لـە یەکـەم کۆبوونـەوەی مسـتەفا بـارزانی لەگەڵ هەریەك لە: پارێزەر هەمزە عەبدوڵا، نەقیب میرحاج ئەحمەد، عەقیـد ڕوکـن عیـزەت عەبدولعەزیز، نـەقیب مسـتەفا خۆشـناو، نـەقیب خـەیروڵا عەبدولکـەریم، نـەقیب محەمـەد مەحمود قودسی و مولازم نوری ئەحمەد تەها دانـرا، هـەر ئەمانـەش دواتـر نـاوی دەسـتەی دامەزرێنەریان لێنرا. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا هەوڵـدرا یەکـەم پرۆگـرام و پـەیڕەوی نـاوخۆی حزب جێگیر بکرێت[٥].

بەهۆی ئەو قۆناغە هەستیارەی کۆماری کوردستانی پێدا تێپەڕدەبوو، بۆ ئـەوەی لەلایـەن وڵاتـانی ناوچەکـەوە مەترسـی نەکەوێتـە سـەری، مسـتەفا بـارزانی و هاوڕێکـانی بڕیاریانـدا دامەزراندنی حزب و چالاکییەکانی ڕاستەوخۆ بگوازرێنەوە باشووری کوردستان، هەر بـۆ ئـەم مەبەسـتە بڕیـاردرا هـەمزە عەبـدوڵا بـە تـەواوی دەسـەڵاتەوە و بـە چەنـد ڕاسـپاردەیەك بەمەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ کاربەدەستانی حزبـی شـۆڕش، ڕزگـاری و لقـی دیمـوکرات لـە سلێمانی بنێردرێتەوە باشووری کوردستان.

ڕاسپاردەکان بریتیبوون لە:

١ - جارێ هیچ دەسکارییەك لە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆیی حزبدا نەکرێت.
٢ - شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموودی حەفید بکرێت بە جێگری یەکەمی سەرۆك.
٣ - محەمەد کاکە زیاد بکرێت بە جێگری دووەم.
٤ - بۆئەوەی بیانو نەدرێتە دەست ئیمپریالیزم، زۆر سـەر نەکرێتـە سـەر بەرژەوەندییـەکانی بەریتانیا تا پارتی خۆی دادەکوتێت، ئەمە جگە لەوەی ئیمپریالیزمی بەریتانی پیر بووە و باشتر وایـە شـوێنە بۆشـەکەی بـە دەسـەڵاتێکی نیشـتیمانی پڕبکرێتـەوە، نـەك بکەوێتـە دەست ئیمپریالیزمێکی نوێی وەك ئەمریکا[٦].

لە کۆتاییەکانی بەهاری سـاڵی ١٩٤٦ هـەمزە عەبـدوڵا گەڕایـەوە باشـووری کوردسـتان و پەیوەندی بە حزب و کەسایەتییە ناسراوەکانەوە کرد، سەرکردایەتی هەردوو حزبـی شـۆڕش و ڕزگاری بڕیاریاندا حزبەکانی خۆیان هەڵبوەشـێننەوە و بچنـە ڕیـزی پارتییـەوە، بـە مـەرجێك هـەردوو حـزب کـۆنگرەی تایبـەتی خۆیـان ئـەنجام بـدەن و لـە کـۆنگرەدا چۆنیـەتی گۆڕانکارییەکان بە ئەندامەکانیان ڕابگەیەنن[٧].

کۆنگرەی ئەم دوو حزبە لـە سـەرەتای مـانگی ئـابی ١٩٤٦ ئـەنجام درا و زۆربـەی هـەرە زۆری ئەندامەکانیان چوونە نێو پارتی دیموکراتی کوردیـان پەسـندکرد، بەشـێکی کـەمیش لـە

سەرکردە و ئەندامانی حزبی شۆڕش چوونە نێو حزبی شیوعی عێراقییەوە[٨].

پێشتریش هەر لەسەر بابەتی چوونە نێو حزبی نوێ، حزبی ڕزگاری کۆبوونەوەیان لەگەڵ لقی باشووری کوردستانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ئەنجام دابوو، لە ئەنجامی ئەم گفتوگۆیانەدا بەشێك لە سەرکردەکانی کۆمەڵەی ژیانەوە چوونە ڕیزی حزبی ڕزگارییەوە، تەنیا ئیبراهیم ئەحمەد داوای مۆڵەتی کرد، کەچی دوای کۆتایی هاتنی مۆڵەتەکەشی هەر بێ وەڵام بوو[٩].

هەواڵنامەی کتێب

## سەرچاوە و پەراوێز

١ - مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی كورد ١٩٣١-١٩٥٨، بەرگی یەكەم، (هەولێر ـ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ ٢٠٠٤ز)، ل ل ٢٥ - ١٦٢.

٢ - هەمان سەرچاوە، ل ل ١٦٢ - ١٦٧.

٣ - هەمان سەرچاوە، ل ل ١٧٧ - ١٨٦.

٤ - هەمان سەرچاوە، ل ١٨٩.

٥ - هەمان سەرچاوە، ل ١٨٩؛ حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني ـ العراق (في محطات رئيسية) ١٩٤٦ ـ ١٩٩٣، (دهوك ـ مطبعة خەبات ـ ١٩٩٨م)، ص٣٣؛ علی عبدالله، مێژووی پارتی دیموكراتی كوردستان - عێراق تا بەستنی كۆنگرەی سێ یەمی، (شوێن نادیار ـ ١٩٦٨ز)، ل ٥٢.

٦ - مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٨؛ حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص ٣٤؛ علی عبدالله، مێژووی پارتی دیموكراتی كوردستان ـ عێراق تا بەستنی كۆنگرەی سێ یەمی، (شوێن نادیار ـ ١٩٦٨ز)، ل ل ٥٣ ، ٥٤.

٧ - نوري شاويس، من مذكراتي، (بدون مكان ـ منشورات حزب الشعب الديمقراطي الكردستاني ـ ١٩٨٥م)، ص ص ٣٦، ٣٨؛ مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٨؛ حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص ٣٤؛ علی عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥.

٨ - مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٨؛ حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص ٣٤.

٩ -نوري شاويس، المصدر السابق، ص ص ٣٩، ٤١.

هەواڵنامەی کتێب

# کۆنگرەی یەکەمی پارتی دیموکراتی کوردی عێراق

## ١٦ی ئابی ١٩٤٦

سەرەتای ئابی ١٩٤٦ حزبی شۆڕش و حزبی ڕزگاری کورد کۆنگرەی خۆهەڵوەشاندنەوەی خۆیان بەست و بڕیاری هاتنە نێو پارتییاندا. دوای تەواوبوونی ئامادەکارییەکان، حزبی نوێ لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ لە ماڵی سەعید فەهیم لە بەغدا، بە ئامادەبوونی (٧٠) نوێنەر بە نهێنی کۆنگرەی یەکەمی خۆی بەست. لەو کۆنگرەیەدا بەشی هەرە زۆری ئەندامانی سەرکردایەتی حزبی شۆڕش، تەواوی سەرکردایەتی حزبی ڕزگاری جگە لە (ساڵح حەیدەری و نافع یونس)، هەمزە عەبدوڵا نوێنەر و باوەڕپێکراوی مستەفا بارزانی، مەحموود ئەحمەد نوێنەری شێخ لەتیف، کاکە حەمە زیاد و ئیبراهیم ئەحمەد نوێنەرانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لقی سلێمانی بەشداربوون[١].

کۆنگرە بە سەرکەوتوویی کار و ئەرکەکانی ڕاپەڕاند و ئەندامانی کۆنگرە پاش هەڵسەنگاندنی بە کەمێک دەستکارییەوە دەقی ئەو پرۆگرام و پەیڕەوەیان پەسەند کرد کە لەلایەن دەستەی دامەزرێنەرەوە لە مهاباد گەڵاڵە کرابوو. حزبی نوێ ناوی "پارتی دیموکراتی کورد _ الحزب الديموقراطي الكوردي-العراق"ی لێنرا. لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە مستەفا بارزانی بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کورد هەڵبژێردرا و هەر لەسەر ڕاسپاردەی پێشوەختەی مستەفا بارزانی هەر یەک لە شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموودی حەفید بە جێگری یەکەم و کاکەزیاد بە جێگری دووەمی سەرۆکی حزب دەستنیشانکران. هەروەها ڕۆژنامەی ڕزگاری کە زمانحاڵی حزبی ڕزگاری کورد بوو، بەهۆی ئەو ڕۆڵەی لە ناو جەماوەردا هەیبوو، بووە زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کورد و تەواوی کەلوپەلی هەردوو حزبی شۆڕش و ڕزگاریش ڕادەستی سەرکردایەتی هەڵبژێردراوی نوێ کران و بڕیاردرا ناوەندی سەرکردایەتی حزب لە بەغدا بێت[٢].

دوای هەڵبژاردنی ناوی حزب، دەستنیشانکردنی سەرۆك و جێگرەکانی، لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە دەستکرا بە هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و ئەو ناوانە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران:

١ - مستەفا بارزانی، سەرۆك

٢ - شێخ لەتیفی شێخ مەحموودی حەفید، جێگری یەکەمی سەرۆك

٣ - کاکە حەمە زیادی کۆیە، جێگری دووەم

٤ - هەمزە عەبدوڵا، سکرتێر

٥ - میرحاج ئەحمەد ئاكرەیی، ئەندام
٦ - دكتۆر جەعفەر محەمەد كەریم، ئەندام
٧ - عەلی عەبدوڵا ئەمین، ئەندام
٨ - سەیدا ساڵح یوسفی، ئەندام
٩ - عەبدولكەریم تۆفیق، ئەندام
١٠ - ڕەشید عەبدولقادر، ئەندام
١١ - ڕەشید باجەڵان، ئەندام
١٢ - مەلا سەید حەكیم خانەقینی، ئەندام
١٣ - عەونی یوسف ئەحمەد، ئەندام
١٤ - تەها محێدین مەعروف، ئەندام
١٥ - عەبدولسەمەد بەنا یەدەگ[٣].

دواتر لەلایەن ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندیەوە. ئەندامانی مەكتەبی سیاسی نوێ هەڵبژێردران كە پێكهاتبوون لە: هەمزە عەبدوڵا، دكتۆر جەعفەر محەمەد كەریم، عەلی عەبدوڵا، عەبدولكەریم تۆفیق و ڕەشید عەبدولقادر[٤].

مەكتەبی سیاسی هەڵبژێردراوی پارتی كەوتە دابەشكردنی ئەرك و كارەكانی و بڕیاریدا بەشی هەرە زۆری ئەندامانی مەكتەبی سیاسی لە بەغدا نیشتەجێ بن و بارەگاكەشیان هەر لەو شارە بێت، پەیوەندییەكی تۆكمەش لە نێوان مەكتەبی سیاسی و سەرۆك مستەفا بارزانی لە مهاباد دروستكرا[٥].

ئەهواڵنامەی كتێب

## پەیمانی میللی پارتی دیموکراتی کورد
## "الحزب الديموقراطي الكردي (في العراق)"*

١. بە ڕێگەی خەباتی سیاسی و عیبرەتەوە تێدەکۆشین لەپێناوی دروستکردنی دەوڵەتی ئیتیحادیی دیموکراتی کوردستان لە عێراق، کە هەریەکە لە ویلایەتەکانی موسڵ، هەولێر، کەرکووک، سلێمانی و خانەقین لەخۆ دەگرێت و ئەنجومەنێکی دامەزرێنەری هەڵبژێردراو لەلایەن گەلی کوردەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بە ڕێگەی دەنگدانی نهێنی، دەستوورەکەی دادەڕێژێت.

٢. دەسەڵاتەکان لە دەوڵەتە کوردییەکەدا لە گەلەوە سەرچاوە دەگرن و حکوومەت بەهۆی پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو لەلایەن گەلەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، وەری دەگرێ. هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکاری و دادوەرییش سەربەخۆن.

٣. دەوڵەتی ئیتیحادیی دیموکراتی کوردستان ئازادە لە بەستنی هاوپەیمانێتی یان پەیماننامەی دۆستایەتی لەگەڵ حکوومەتی (کۆماری کوردستان لە ئێران) و حکوومەتی ئازەربایجاندا، هەروەها لە بەستنی ڕێکەوتننامەی سیاسی و بازرگانی و کولتوری لەگەڵ تێکرای دەوڵەتە دیموکراتییەکانی تردا.

٤. مافە دیموکراتییەکانی هاونیشتمانیان لەناو سنوری دەوڵەتدا بریتییە لە مافی کۆبوونەوە و بڵاوکردنەوە و دروستکردنی پارتگەلی سیاسی، هەروەها ئازادی بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی، ئازادی بیروڕا و بیرکردنەوە لەگەڵ ئازادی تاکەکەسیدا پارێزراون.

٥. دامەزراندن لە وەزیفەکانی دەوڵەتدا لەسەر بنەمای لێوەشاوەیی زانستی، ڕۆشنبیری و هونەری دەبێت. شار و قەزاکان بە ئەنجوومەنی کارگێڕیی هەڵبژێردراو لەلای خەڵکەکەیەوە بەڕێوە دەبرێن، ئەویش بە سەرۆکایەتی سەرۆکێك، کە لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکارییەوە دادەمەزرێنرێت، بەڵام بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکان لە شار و قەزاکاندا بە ئەنجوومەنی شارەوانی و سەرۆکە هەڵبژێردراوەکانیان لەلای خەڵکەکانییەوە بەڕێوە دەبرێن.

٦. ئاسنەڕێگەکان، ڕێگەوشکانی و ئاوییەکان و دارستانەکان، کانگە، کارگەکانی چەك و تەقەمەنی و زەخیری جەنگی بە تەنیا موڵکی دەوڵەتن.

٧. دارایی دەوڵەت لەژێر بەڕێوەبردنی گەنجینەیەکی گشتی و ناوەندیدایە و لە باجی دادپەروەرانەی وەرگیراو بەپێی یاسا لە هاوردە گومرکییەکان و مەکوس و کرێی موڵکەکانی پێك دێت و باجی داهات بەپێی سیستەمی سەربەرەوژوور دەبێت. دامەزراندنی بانکی تایبەتی بۆ کەسەکان و کۆمپانیاکان قەدەغەیە و دەوڵەت بە تەنیا خۆی بانکی ناوەندی دادەمەزرێنێت.

٨. یاساکانی کارکردن مەرجەکانی نێوان کرێکار و خاوەنکار دیاری دەکا، هەروەها دەوڵەت

دان بــه ســەندیکاکانی کرێکـاران و کۆمەڵـه هەرەوەزییـه بەرهــەمهێن و بەکاربەرەکانـدا دەنێــت و هــەوڵی بڵاوکردنــەوەی فێرکردنـــی تـەکنیکی دەدا، ئــەویش بــە کردنــەوەی پەیمانگـەکان بــۆ ئـەم مەبەســتە و هــەوڵی پەرەپێــدانی پیشەســازی و بڵاوکردنــەوەی کشــتوکاڵی ئامێرکــار دەدا و دەخــوازێ هەلومەرجــەکانی نێــوان خاوەنمولکــەکــان و وەرزێرەکـان بـە شـێوەیەکی دادپەروەرانـە بگـۆڕێ. ئەمـەش بـە ئامـانجی لابردنـی ئـەو زۆرییەی له چینی بەرهەمهێنەری جوتیاران دەکرێ.

٩.خوێندن و فێرکردن له قوتابخانه سـەرەتاییەکان و ناوەندییەکانـدا بـەخۆڕایی و زۆرەکییـە، هەروەها بەپێی پرۆگرامی پەروەردەیی گشتی پەیمانگەگەلی ڕۆشنبیری دادەمەزرێنرێت، ئەویش لەسەر بنـەمای پڕکردنـەوەی پێداویسـتییە ئـابوری، سیاسـی، جـەنگی، کـارگێڕی، دادوەری، هونەری و ئەدەبییەکانی کۆمەڵگە دەبێت.

هەواڵنامەی کتێب

# پرۆگرام

## ئامانجەکانی حزب

### ١. ئامانجە سیاسییەکان

سەربەخۆیی تەواوی کوردستان، کە بەم ڕێگایانەی خوارەوە بەم ئامانجە دەگەین:

١. خەبات لەپێناوی دروستکردنی دەوڵەتێکی ئیتیحادیی لە عێراقدا بەناوی دەوڵەتی ئیتیحادیی دیموکراتی کوردستانەوە.

٢. بنچینەی دروستکردنی دەوڵەتی ئیتیحادیی کوردستان، پەیماننامەی یەکێتییەکەیە، کە لە بەستن و واژووکردنیدا هەریەکە لە نوێنەرانی لایەنی حکوومەتی عێراقی و نوێنەرە سیاسییەکانی کورد بەشداری تێدا دەکەن.

٣. دەوڵەتی ئیتیحادیی کوردستان ئازادە لە بەستن و واژووکردنی پەیماننامەی یەکێتی یان هاوپەیمانێتی یاخود دۆستایەتی لەگەڵ حکوومەت "کۆمار"ی کوردیدا لە ئێران.

٤. دەوڵەتی کوردستان ئازادە لە بەستنی پەیماننامەی هاوپەیمانێتی یان دۆستایەتی لەگەڵ هەر دەوڵەتێکی دیموکراتیدا بەبێ ڕاوێژکردن بە حکوومەتی عێراقی.

٥. دەوڵەتی ئیتیحادیی کوردستان هەریەکە لە لیواکانی موسڵ، هەولێرکەرکووک، سلێمانی و خانەقین دەگرێتەوە.

٦. ئەنجوومەنی نیشتمانیی دامەزرێنەری هەڵبژێردراو لەلایەن گەلی کوردەوە لە عێراق بە ڕێگەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ و دەنگدانی نهێنی، سەرۆکی دەوڵەتی ئیتیحادیی کوردستان هەڵدەبژێرێ و دەستووری بۆ دادەنێ.

٧. دەوڵەتی ئیتیحادیی کوردستان ناچێتە ژێر باری ئیستیعمار یان ڕژێمی ویسایەت یاخود پاراستنی هیچ دەوڵەتێکی بێگانەوە، تەنانەت ئەگەر بەهەر شێوە و لەلایەن هەر دەوڵەتێکیشەوە بێت.

٨. دەوڵەتی ئیتیحادیی کوردستان هەوڵی چوونەناو پەیماننامەکانی سەلامەتی کۆمەڵایەتی نێودەوڵەتی، کۆنگرەکانی ئاشتەوایی نەتەوە یەکگرتووە دیموکراتییەکان، پەیماننامە نێودەوڵەتییە ئابوری و کولتوری و کرێکارییەکانەوە دەدات.

### ٢. ئامانجە ئابوورییەکان

أ. حزب هەوڵ دەدا دەوڵەت خاوەندارێتییەکی گشتی هەبێ بۆ پیشەسازی چەك بەهەموو جۆرەکانییەوە، دارستان و کەناراوەکان، ڕێگە وشکانی و ئاوییەکان و ئاسنەڕێگاکان و کانگەکان.

ب. حزب هەوڵی بونیاتنانی بانکی ناوەندی دەوڵەت و ڕێگریکردن لە بونیاتنانی بانکی

تایبەت بە کۆمپانیا و تاکەکەسەکان دەدات.

ج. ڕێگەدان بە بونیاتنانی کۆمپانیای بازرگانی و پیشەسازی ئازاد.

د. خاوەندارێتی تاکەکەسی بۆ زەویوزار و کاڵا پارێزراو دەبێ.

ه. حزب هەوڵ دەدا بۆ نەهێشتنی کۆمپانیا قۆرخکارەکانی کەرەستەی بەکاربەریی و کاڵاکان و ئەو ڕێوشوێنە گەلیی و حکوومەتییانەی بۆ ڕاگەیاندنی ئەمە دەکرێن، بە ڕەوا دەزانێ.

**٣. کاروباری کار و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی**

أ. حزب هەوڵ دەدا بۆ دانانی ئەو یاسایانەی مەرجەکانی گرێبەستی نێوان خاوەنکار و کرێکار دەستنیشان دەکات.

ب. حزب هەوڵ دەدا بۆ داڕێژشتنی بناغەیەك بۆ دەستحەقی کرێکارانی پیشەسازی و خزمەتگوزارییەکانی حکوومەت و تێکڕای لقەکانی بەرهەمهێنانی پیشەسازی یان بەگەڕخستنی گشتی و کرێکارانی کشتوکاڵی بەجۆرێ، کە دەبێ کەمترین ئاستی دەستحەق بەشی پڕکردنەوەی پێداویستییە گرنگەکانی بژێوی بکات.

ج. حزب لەپێناوی سەندیکا کرێکارییەکان و کۆمەڵەکانیاندا تێدەکۆشێ.

د. حزب هەوڵدەدا بۆ گشتیکردن و بەخۆڕاییکردنی خزمەتگوزاری و دامەزراوە تەندروستییەکان، بە شێوەیەکی تایبەتیش گرنگی بە پزیشکی خۆپاراستن دەدات.

ه. حزب هەوڵ بۆ بڵاوکردنەوە و زۆرکردنی کۆمەڵە هەرەوەزییە بەکاربەری و بەرهەمهێنییەکان دەدا.

و. حزب هەوڵ دەدا بۆ گۆڕینی شارەوانییەکان لە شارەکاندا بە ئەنجوومەنی شارەوانیی هەڵبژێردراو لەلایەن خەڵکانی شارەکەوە، هەروەها سیستەمی موختارێتی لە گوند و لادێکان سەر بە ئەنجوومەنە هەڵبژێردراوەکانی گوندەکان بن.

ز. حزب تێدەکۆشێ لەپێناوی یەکسانی ژن لەگەڵ پیاو لەتێکڕای ماف و ئەرکەکاندا.

**٤. کاروباری کولتوری و پەروەردەیی**

أ. بە خۆڕایی و زۆرەکی کردنی خوێندن لە قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییەکاندا.

ب. حزب لەپێناوی بونیاتنانی پەیمانگەی زانستیی ناوەندی و باڵا لەسەر بنەمای پڕکردنەوەی پێداویستییە ئابوری، سیاسی، جەنگی، کارگێڕی، دادوەری و هونەرییەکانی کۆمەڵگە هەوڵدەدا .

ج. حزب لە پێناوی بونیاتنانی یانە وەرزشییە جەستەییەکان و یارییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکان و پەیمانگە باڵاکان یان سەندیکا کرێکارییەکان و کۆمەڵە هەرەوەزییەکان هەوڵ دەدا.

د. حزب هەوڵی بونیاتنانی پەیمانگەی مۆسیقا و ئاداب و شانۆی نواندن و سینەما دەدات.

ه. حزب لەپێناوی بونیاتنانی باخچەی ساوایان و سەرخستنی بزووتنەوەی دیدەوانی لە

قوتابخانەکان و بزووتنەوەی گەشتیاریدا هەوڵ دەدا.

**٥. بابەتە جۆراوجۆرەکان**

أ. پارتی دیموکراتی کورد، پارتێکی گەلییە (جەماوەرییە) داکۆکی لە بەرژوەندییەکانی چینی کرێکار، جوتیار، ڕۆشنبیر، خاوەن پیشە و بازرگانەکان دەکات.

ب. پارتی دیموکراتی کورد لەسەر بنەمای عەلمانییەت دامەزراوە و دان بە جیاکردنەوەی سیاسەت لە دین دەنێ.

ج. پارتی دیموکراتی کورد باوەڕی بە گۆڕانکاری هەیە، هەر بۆیە هەموارکردن لە پرۆگرام و پەیڕەوە ناوخۆییەکەیدا بەپێی ئەو شێوازە دیاری کراوە دەبێت کە لە پەیڕەوی ناوخۆیدا هاتووە.

## پەیڕەوی ناوخۆی
## پارتی دیموكراتی كورد

**١. ئەندام**

أ. ئەو كەسەیە، كە لەسەر پرۆگرامی حزب ڕەزامەندە و پەیڕەوی لە پەیڕەوە ناوخۆییەكەی دەكات و فەرمانەكانی ڕێكخراوەكانی حزب جێبەجێ دەكات.

ب. ئەو كەسەیە، كە ئابوونەی مانگانەی خۆی و هاتنەناوەوەی دەدات و كۆمەكی دارایی حزب دەكات.

ج. ئەو كەسەیە، كە لە یەكێ لە ڕێكخراوەكانی حزبدا كار دەكات.

**٢. ئەوانەی ناتوانن بێنە ڕیزەكانی حزبەوە**

أ. فەرمانبەر بێ لە یەكێ لە بەڕێوەبەرایەتییەكانی ئیستیخبارات و پڕوپاگەندە بۆ وڵاتانی بێگانە.

ب. فەرمانبەر بێ لە یەكێ لە بەڕێوەبەرایەتییەكانی ئیستیخباراتی پۆلیسی نهێنی عێراقی.

ج. ئەگەر پێشتر ئەندامی حزبێكی تر بووبێ یا سەر بە كۆمەڵەیەكی سیاسی یان ناسیاسی وەها بێ، كە حزب لێی ڕازی نەبێت.

د. حوكم دراو بێ بە تاوانەكانی كوشتن و تاڵانی و دزی.

ناسراو بێ بە كاروكردەوەی لە پێناوی فاشیزم و دیكتاتۆریەت و بەرهەڵستیكردنی دیموكراتیەتدا.

**٣. ئەوانەی لە حزب دەردەكرێن**

أ. هەركەسێ بە ئەنقەست نارێكی لە دیسیپلینی حزبیدا دروست بكات و كردەوەیەكی خراپی بەناوی حزبەوە لێ بوەشێتەوە لەپێناوی بەرژەوەندی تاكەكەسیی خۆیدا، لەگەڵ هەركەسێك كە نهێنییەكانی حزب بدركێنێ.

ب. هەركەسێ ڕێگری لە دانی ئابوونەی مانگانەی ئەندامێتی بكات بۆ ماوەی سێ مانگ لەسەر یەك و بەبێ پۆزش، ئاگادار دەكرێتەوە، ئەگەر ئەمە دووبارە بووەوە، دەردەكرێت.

ج. هەركەسێ نهێنییەكانی حزب لە دەرەوە ئاشكرا بكات یان خیانەتی لە دژی حزب بسەلمێنرێ، لەگەڵ ئەوانەی بۆ مەبەستی سیخوڕی دەبنە هەوادار بە شێوەیەكی نهێنی لەبەردەم دادگای حزبدا دادگایی دەكرێن و بە بڕیاری ئەو دەكوژرێن.

٤. **وەرگرتنی ئەندامێتی**

أ. داواکاری لایەنگر، داواکارییەك لەسەر فۆڕمێك پێشکەش دەکات، کە لەلایەن ڕێکخەری شانە یان دوو لە ئەندامەکانی یاخود ئەندامی یەکێ لە ڕێکخستنە ناوچەییەکان یان لقەکانەوە گەواهی پشتگیریی لەسەر بدرێ، بە دەنگی لێژنەی ناوچە.

ب. لایەنگر پاڵێوراوێکی حزبییە تا ئەو کاتەی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی بۆ دەردەچێ، ئەویش بە دەنگدان لەلایەن لێژنەی ناوچەوە بە وەرگرتنی وەك ئەندامێکی فەرمیی تۆمارکراو.

ج. هەموو ئەندامێك کارتێکی هەیە، کە ژمارە و ناوی خوازراوی خۆیی لەسەرە و مۆری فەرمی حزبی لێ دراوە.

د. ئابوونەی مانگانەی ئەندامێتی لە ڕۆژی پێشکەشکردنی داواکارییەوە هەژمار دەکرێت.

ه. پارەی هاتنەناوەوە لە بڕی ئابوونەی مانگانە کەم ناکاتەوە.

و. پەککەوتەکان و ئەوانەی توانای پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی خێزانەکانیان نییە لە دانی ئابوونەی مانگانە دەبەخشرێن بەو مەرجەی لێژنەی ناوچە ڕەزامەندی لەسەر بدات.

ز. لەسەر هەر ئەندامێك پێویستە ئابوونەی مانگانەی خۆی بداتە ڕێکخەری شانە یان ژمێریاری لێژنەی ناوچە.

ح. ئەندامێك، کە بۆماوەی سێ جار لەسەر یەك لە کۆبوونەوەکاندا ئامادە نەبێت بەبێ بیانویەکی ڕەوا، لەسەرەتادا ئاگادار دەکرێتەوە، ئەگەر دووبارەی کردەوە بە شێوەیەکی کاتی دەردەکرێت.

٥. **شانە** - بناغەی حزب لە بارودۆخی ئێستادا بریتییە لە شانە،ئەویش لە (٣ بۆ ٥) ئەندام پێکدێ بە ڕەزامەندیی لێژنەی ناوچە، ئەرکەکانی شانەیش بە تەنیا بریتییە لە :

أ. کۆکردنەوەی بەخشینەکان و ئابوونەکان لە پاڵێوراوەکان و ئەندامەکان و کۆمەککاران.

ب. بڵاوکردنەوەی پڕۆپاگەندەی حزبی لە شوێنکارەکەی خۆی.

ج. بەستنی کۆبوونەوە لەماوەی هەفتەیەکدا، کە تێیدا ئەندامەکانی کارەکانی خۆیان دەخەنە ڕوو و ڕێوشوێنی کاتیی تێدا دەگیرێتەبەر بەپێی بارودۆخی کارکردنیان لە شوێنکارەکەیان بۆ پەیوەندیکردن بە کەسایەتییەکان و جێبەجێکردنی فەرمانە حزبییەکان، ئەمەش شانەی گوندەکان ناگرێتەوە ئەویش تەنیا لە وەرزی دروێنەدا.

د. ڕێگە بە بەجێهێشتنی شانە نادرێ تەنیا بە ئاگاداری ڕێکخەرەکەی نەبێ، کە ئەویش لێژنەی ناوچەی لێ ئاگادار دەکاتەوە.

ه. هەڵبژاردنی ئەندامانی لێژنەی ناوچەکان (ئەندامەکان و پاڵێوراوەکان) و دەستە باڵاکانی تری حزب بەڕێگەی هەڵبژاردنی نهێنی ئەنجام دەدرێت.

## دەستەی ناوچە و لێژنەی ناوچە

٦. دەستەی ناوچە لە شانەکانی سەر بەو دەڤەرە پێکدێت.

٧. دەستەی لێژنەی ناوچە لە (٥ـ ٧) کەس پێکدێت و لەلایەن هەڵبژێرەکانی شانەکانەوە هەڵدەبژێردرێن.

٨. لێژنەی ناوچە لە سەرۆك و ژمێریار و پشکنەر و ئەندامانی لە نێوان (٢ ـ ٤) کەس پێکدێت، کە یەکجار لە مانگێکدا کۆدەبێتەوە و ئەرکەکانی بە تەنیا بریتین لە:

أ. چاودێریکردنی جێبەجێکردنی فەرمانە حزبییەکان و زانیارییەکان و پڕۆپاگەندە لە دەڤەرەکەیدا لەڕێگەی شانەکانییەوە.

ب. لێپرسینەوە لە کەمتەرخەم و خائینەکان و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی مانگانە لەمبارەیەوە ـ کە پشکنەر ئەنجامی دەدا ـ بۆ لێژنەی ناوچە.

ج. پشتڕاستکردنەوە لەسەر قبوڵکردنی ئەندامانی نوێ.

د. بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی مانگانە لەبارەی دارایی لێژنەوە، کە شێوەی خەرجی و بڕی داهات لەخۆی دەگرێت.

ه. لێژنەی ناوچە بەرپرسی ڕاستەوخۆیە لە چالاکی ئەندامەکانی ناوچەکەی لە بواری حزبی و پڕۆپاگەندە بۆ بنەماکانی و سیاسەتەکەی لە بەردەم دەسەڵاتە باڵاکانی حزبدا.

و. ئەو فەرمان و ڕاسپاردانەی کە لە دەستە باڵاکانەوە دەردەچن جێبەجێ دەکات.

٩. دەستەی کارگێڕ لە لێژنەی ناوچەدا بریتییە لە سەرۆك و پشکنەر و ژمێریار و هەفتانە کۆ دەبێتەوە.

## دەستەی لق و لێژنەکەی

١٠. دەستەی لق لە دەستە مەحەلییەکانی ناوچەیەك پێکدێت.

١١. لێژنەی لق لە (٧ــ ١١) ئەندام پێکدێت، کە لەلایەن دەستەی ناوچەکانەوە هەڵدەبژێردرێن و لە هۆبەی جێبەجێکاری، هۆبەی پشکنین، هۆبەی ڕاگەیاندن و هۆبەی دارایی پێکدێت.

١٢. هۆبەی جێبەجێکاری لە سەرۆك و دوو یارمەتیدەر پێکدێت، کە بریتییە لە ڕێکخەر و چاودێری سەر کاری هۆبەکانی تر.

١٣. دەکرێ ژمێریار و خەزنەدار ئەندامی لێژنەی ناوچە یان لێژنەی لق نەبن.

١٤. دەکرێ هۆبەی ڕاگەیاندنی ناوچە ڕۆژنامەی خۆی دەربکات.

١٥. ئەرکەکانی لێژنەی لق بریتییە لە چاودێریکردن و سەرپەرشتیکردنی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی سیاسیی و چاودێریکردنی ئەو گازەندانەی، کە لەلایەن ئەندامەکان و

دامـەزراوە حزبییـەکانییـەوە لەناوچەکەیـدا بـۆی بـەرز دەکرێتـەوە، پێویسـتە لەسـەری لەماوەی دووو مانگدا کۆبوونەوەی فراوان بکات، بە مەبەسـتی هەڵسـەنگاندنی کاروبـاری گازەندە و ڕاپۆرتی پشکنەرەکان و گەیاندنی ئەو شتانەی، کە پێویستیان بە گەیاندن هەیە بـۆ کۆمیتـەی جێبـەجێکاریی ناوەنـدی، هـەروەها بەرزکردنـەوەی ڕاپـۆرت لەسـەر کاروبارەکانی لق لەو ماوەیەدا.

١٦. پشکنەری لێژنەی لق وردبینی لە حساباتەکانی خۆی و هەموو ئەو ڕاپۆرتانەدا دەکات، کە لەلایەن پشکنەری لێژنە ناوچەکانەوە پێی گەیشتووە، هـەروەها ئـەو بەرپرسـە لەبـەردەم لێژنەدا و لەسەریەتی هەر سێ مانگ جارێك ڕاپۆرتەکانی لەبارەی خەرجی و داهاتەوە بۆ هۆبەی پشکنینی کۆمیتەی جێبەجێکاریی ناوەندی بەرز بکاتەوە.

## کۆمیتەی جێبەجێکاریی ناوەندی

١٧. ئەنـدامانی کۆمیتـەی جێبـەجێکاریی ناوەنـدی لەلایـەن بـەربژێرەکانی لقـەکان و لێژنـەی ناوچەکانەوە هەڵدەبژێردرێن و ژمارەیـان لـە نێـوان (٩ ـ ١٥) کەسـە کـە لـەم دەسـتانەی خوارەوە پێکدێت :

١.سەرۆکایەتی

٢.مەکتەبی سیاسی

٣.هۆبەی ڕاگەیاندن و هۆبەی دارایی

٤.هۆبەی پشکنین

١٨. سەرۆکی کۆمیتەی جێبـەجێکاریی ناوەنـدی سـەرۆکی حزبـە، کـە سـەرۆکایەتی مەکتـەبی سیاسـی و تێکـڕای هۆبـەکانی تـر دەکـات و دوو جێگـر یارمـەتی دەدەن. ئـەو بەرپرسـی یەکەمە لەلای کۆمیتـە لـەبارەی جێبـەجێکردنی سیاسـەتی حـزب و هـەموو ئـەو شـتانەی بڵاوی دەکاتەوە لە بەیاننامە و وتار و دانوستان و ڕێککەوتنەکان لەگەڵ کۆمەڵەکانی تـری دەرەوەی حزبدا، هەروەها بەرپرسە لە پارێزگاری لە دامەزراوەکانی حزب و ئـەو شـتانەی هەیەتی.

١٩. لە کۆبوونەوەی یەکێ لە لێژنەکاندا، کە سەرۆك ئامادە نـەبێ، یـەکێ لـە جێگرەکـانی بـە دەسـەڵاتپێدانی ئـەو نوێنەرایـەتی دەکـات، هـەروەها لـەکاتی دوورخسـتنەوەیدا بـە شێوەیەکی زۆرەکی یان هـەر جـۆریکی تـر، جێگـری یەکـەم هـەموو ئەرکـەکانی ئـەنجام دەدات و لەکاتی ئامادەنەبوونی یەکەمیشدا، دووەم ئەنجامی دەدات.

٢٠. مەکتەبی سیاسی بەرپرسـە لـە سیاسـەتی ناوەنـدی و بڕیارەکـانی بـریتین لـە بڕیارەکـانی حـزب. ئـەو بـەرزترین دەسـەڵاتی کۆمیتـەی جێبەجێکارییـە و نوێنەرایـەتی کۆمیتـەی جێبەجێکاریی ناوەندی دەکات، ئەگەر هاتوو بەشـێوەیەك کۆنـەبووەوە و هـەموو ئەرکـە حزبییەکانی ئەو بەجێدێنێت.

٢١. کۆبوونەوەی بەرفراوانی کۆمیتەی جێبەجێکاری هەر چوار مانگ یەکجار دەبەسترێ بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەسەلە و کارانەی مەکتەبی سیاسی هەڵینەسەنگاندووە یان بۆ ئەو کارانەی لەلایەن ناوچە و لێژنە و دامەزراوە حزبییەکانەوە پێیان گەیشتووە و هەروەها بۆ ڕەنگرێژیی پرۆسەی بەدواداچوون لە مانگەکانی دواتردا.

٢٢. دەکرێ لە کۆبوونەوەی بەرفراواندا کۆمیتەی جێبەجێکاریی ناوەندی بڕیار لەسەر ئەو ئەندامە نوێیانە بدات، کە داوای هاتنەڕیزیان کردووە.

٢٣. کۆمیتەی جێبەجێکاریی ناوەندی بەرپرسە لە هەموو ئەو بەیاننامە و زانیارینامانەی دەری دەکات لەگەڵ هەموو ئەوانەی، کە ڕۆژنامەکانی و بڵاوکراوە خولییەکانی دەینووسن، هەروەها بەرپرسە لە تێکڕای کارەکانی لێژنەکانی تری لەبەردەم کۆنگرەی گشتی حزبدا.

٢٤. بەستنی کۆبوونەوەی بەرفراوان بە داواکاری خودی سەرۆك یان بە فەرمانی مەکتەبی سیاسی دەبێت.

٢٥. ئەندامانی کۆمیتەی جێبەجێکاریی ناوەندی لە ئەندامێتی ناکەون لە حاڵەتی ئامادەنەبوون، زینیدانیکردن، کۆچکردن یان دوورخستنەوە، یان دیارنەمانیان بە کاروئەرکێکی حزبیدا.

٢٦. سەرۆك وەك بەرپرسی کارەکانی مەکتەبی سیاسی دادەنرێ لەبەردەم کۆمیتەی جێبەجێکاریی ناوەندیدا و بەرپرسە لە کۆمیتە لەبەردەم کۆنگرەی گشتیدا.

٢٧. بە فەرمانی کۆمیتەی جێبەجێکاریی دەتوانرێ لێژنەی لقی تر دروست بکرێ، ئەگەر هاتوو فراوانبوونی حزب پێویستی کرد، لە بارێکی وەهادا سەر بە لێژنەی لقەکان و لێژنەی ناوچەکان دەبن.

٢٨. کۆمیتەی جێبەجێکاری بەرپرسیارێتی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەکان هەڵدەگرێ لەگەڵ هەموارکردنەکانی پلانە کردەییەکان یان ڕاگەیاندن و ئەو هەموارکردنانەی، کە لە پلانە کردەییەکاندا دەکرێن لەگەڵ ڕاگەیاندن و ئەو هەموارکردنانەی کە لە پرۆگرامی حزب و پەیڕەوە ناوخۆییەکەدا دەکرێن لەبەرامبەر پەرەسەندن و گۆڕانکارییەکان لە ناوەوەی وڵات و دەرەوەیدا.

٢٩. دەکرێ بڕیارەکانی لێژنەکان هەڵبوەشێنرێتەوە و ئاسانکاری بە شێوەیەکی تەواو یان بەشەکی تێدا بکرێ.

٣٠. چاوەدەخشێنێتەوە بە داواکاری هەندێ لە تاقمە ناحزبییەکان بە مەبەستی هاتنەناوەوەی حزب، لەمبارەیەوە توانای وەرگرتن یان ڕەتکردنەوەی هەیە.

٣١. مافی ئەوەی هەیە ئەندامێکی حزب، کە سیاسەتی حزب جێبەجێ ناکات یاخود پابەند نابێ بە هەریەکێ لە بڕیارەکانییەوە، لە کاری حزبی دوور بخاتەوە.

٣٢. دیاریکردنی ماوەی خۆپاڵاوتن بۆ ئەندامێتی و ڕێژەی وەرگرتنی ئەندامانی نوێ.

٣٣. هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی جێبەجێکاری لەماوەی نێوان دوو کۆنفرانس یان

کۆنگرەدا دەبێت.

## کۆنگرەی گشتی

٣٤. کۆنگرەی نیشتمانیی گشتی لە ئەندامانی کۆمیتەی جێبەجێکاری و نوێنەرانی لێژنەی لق و ناوچەکان و لێژنەکانی سوپا پێك دێت کە ڕێژەی نوێنەرایەتی تێیدا بەپێی بارودۆخە گونجاوەکە دەبێ.
٣٥. هەردوو ساڵ جارێك داوای بەستنی کۆنگرە دەکرێت لەلایەن کۆمیتەی جێبەجێکارییەوە کە بۆخۆی شوێنی کۆبوونەوەکە دەڕەخسێنێ.
٣٦. کۆنگرەی گشتی نوێنەرایەتی بەرزترین دەسەڵاتی حزب دەکات و بڕیارەکانی بۆ هەموو دەستەکانی حزب پێویستە جێبەجێ بکرێ.
٣٧. دەسەڵاتەکانی کۆنگرە:
١.دانانی پرۆگرامی حزب و پەیڕەوە ناوخۆکەی و گۆڕین و هەمووارکردنەوەی.
٢.لێکۆڵینەوە لە کارەکانی کۆمیتەی جێبەجێکاریی ناوەندی و وردبوونەوە لە حسابەکانی و بڕیاردان لەسەر ئەنجامدانی کارگەلێك یاخود نەهێشتنی.
٣.چاوخشاندنەوە بە داواکاری و گازەندەکانی دەرکراوەکان و دڵنیابوونەوە لە دروستیی سزاکان یان هەڵگرتنی سزاکان بە تەواوەتی.
٤.هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی بەپێی ڕێوشوێنێکی نهێنی.

## کۆنفرانس

٣٨. کۆنفرانس لە ئەندامانی کۆمیتەی جێبەجێکاریی ناوەندی و ئەو نوێنەرانەی لێژنەکان پێك دێت کە دەرفەتی ئەوە هەبووە بە خێرایی بانگهێشت بکرێن، بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی کێشە و گرفتە سیاسییە حزبییە مەترسیدارەکانی ناوەوە یان دەرەوەی وڵات لەبارێکدا ئەگەر هاتوو توانای بەستنی کۆنگرەی گشتی نەبوو، یاخود لەکاتێکدا کە کۆمیتەی جێبەجێکاری نەیەوێ بەرپرسیارێتی ئەنجامەکانی ئەو پێشهاتەچوونانە هەڵگرێ.
٣٩. بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنفرانس هەمان ئەو گرنگی و دەسەڵاتەیان لەسەر حزب هەیە کە کۆنگرەی گشتی هەیەتی.

## دادگای حزب

٤٠. کۆمیتەی ناوەندی سێ لە ئەندامەکانی هەڵدەبژێرێ بۆ چاوخشاندنەوە بە تاوانەکانی ئەو ئەندامانەی کە ڕادەستیان دەکرێن.
٤١. دەسەڵاتەکانی دادگە بریتییە لە:

١.درێژکردنەوەی سزای تاوانەکان و حوکمە یەکجارییەکانی.
٢.دانانی ڕێوشوێنێکی دادگەییکردنی وەها کە لەگەڵ بارودۆخی نهێنیدا بگونجێ.
٣.دیاریکردنی شوێنی ئەنجامدانی دادگەییەکە.

## سەرچاوە و پەراوێز

١ -حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني ـ العراق (في محطات رئيسية) ١٩٤٦ ـ ١٩٩٣، (دهوك ـ مطبعة خەبات ـ ١٩٩٨م)، ص ٣٥؛ علی عبدالله، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق تا بەستنی کۆنگرەی سێ یەمی، (شوێن نادیار ـ ١٩٦٨ز)، ل ٦٠؛ محەمەد مەلا قادر، خەباتنامە، (هەولێر _ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس _ ٢٠٠٧)، ل ٤٤؛ نوري شاويس، من مذكراتي، (بدون مكان ـ منشورات حزب الشعب الديمقراطي الكردستاني ـ ١٩٨٥م)، ص ٤٢.

٢ -حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص ٣٥؛ مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، ١٩٣١-١٩٥٨، بەرگی یەکەم، (هەولێر ـ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ ٢٠٠٤ز)، ل ١٨٩.

٣ -مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٩؛ علی عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣؛ حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص ٣٥.

٤ -علی عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤؛ مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية- ثورة البارزان ١٩٤٥-١٩٥٨، (كردستان- كانون الاول ١٩٨٧)، ص ٣١.

٥ -علی عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٦٥-٦٦.

*- ناوی پارتی لە سەرەتای پەیمانی میللی "الميثاق القومي" کە بە زمانی عەرەبی نووسراوە بەم شێوەیە هاتووە، ناوی پارتیش لە نێو دەقە عەرەبییەکەی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ هەر بە "الحزب" هاتووە و دووبارەکراوەتەوە.

# ڕۆیشتن بەرەو یەکێتی سۆڤیەت و
# کۆنفرانسی گشتیی باکۆ - ١٩٤٨

دوای کەوتنی کۆماری دیموکراتی کوردستان (مهاباد) لە ڕێکەوتی ١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦، ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی بە سوپاکەیەوە کە بەشێك بوون لە لەشکری کۆمار، پاش ئەوەی ئامادەنەبوون چەك دابنێن، بەرەو سنووری عێراق پاشەکشەیان کرد و هەوڵی گەڕانەوە بۆ باشووری کوردستانیاندا. دوای گفتوگۆ، حکوومەتی عێراق ئامادەبوو بە وەرگرتنەوەی بارزانییەکان بە مەرجێك چەکەکانیان دابنێن و خۆیان بدەن بەدەستەوە، لە بەرامبەردا لێبووردنی گشتییان بۆ دەربکات[١].

لە ڕێکەوتی ١٩ی نیسانی ١٩٤٧ تەواوی خێزانە بارزانییەکان لە سنوور پەڕینەوە و لەلایەن سوپای عێراقەوە لە سیمی دیانا جێگیرکران، کەچی چەکدارە بارزانییەکان ئامادەنەبوون خۆیان بدەن بەدەستەوە و بەرەو ناوچەکانی باکووری بارزان هەڵکشان. چەکدارە بارزانییەکان پاش ڕێکردنێکی سەخت و لە ژێر بۆردومانی فڕۆکەکانی حکوومەت، سەرەنجام گەیشتنە گوندی ئەرگۆش، لە ڕێکەوتی ٦ی ئایاری ١٩٤٧ ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی تەواوی هێزەکانی لە ئەرگۆش کۆکردەوە و دوای ئەنجامدانی کۆبوونەوە، ڕاوێژ و گفتوگۆ بڕیاریدا بە هێزەکەیەوە کە زیادتر لە پێنج سەد پیاوی چەکدار دەبوون، بەرەو یەکێتی سۆڤیەت بکەونە ڕێ[٢].

لە کۆبوونەوەکەدا، بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرك و کارەکانی ڕێڕەو، ئەنجوومەنێك بە سەرۆکایەتی ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی و ئەندامێتی پێنج فەرماندەی لقەکان (مستۆ مێرۆزی، مامەند مەسیح شێروانی، حەمەدئەمین میرخان مێرگەسۆری، شێخ سلێمان شێخ عەبدولسەلامی دووەمی بارزانی و ئەسعەد خۆشەوی سێلکی) پێکهێنرا، هاوکات میرحاج ئەحمەد ئاکرەیی بە پلاندارێژی ڕێڕەوی یەکێتی سۆڤێت دەستنیشان کرا[٣].

دوای بەرەنگاربوونەوەی چەکداریی هەرسێ وڵاتی عێراق، ئێران و تورکیا، لە ڕێکردنێکی مێژوویدا، ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی بە سوپاکەیەوە سنووری هەرسێ وڵاتی بڕی و لە ڕێکەوتی ١٨ی حوزەیرانی ١٩٤٧ لە ڕووباری ئاراس پەڕینەوە و خۆیان گەیاندە نێو خاکی یەکێتی سۆڤیەت[٤].

ڕۆژێك دوای پەڕینەوەی ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی لە ڕووباری ئاراس، حکوومەتی عێراق پاش گەڕانەوە و خۆ ڕادەستکردنەوەیان، چوار لە ئەندامانی دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کورد، عیزەت عەبدولعەزیز، مستەفا خۆشناو، خەیروڵا عەبدولکەریم و محەمەد قودسیی

لەسێدارەدا[٥].

لـە سـەرەتای گەیشـتنیان بـۆ نێـو خـاکی یـەکێتی سـۆڤیەت و بـەدیاریکراوی کۆمـاری ئازەربایجان، چەکداره بارزانییەکان وەك دیلی شەڕ مامەڵەیان لەگەڵدا کرا و لە بـارودۆخێکی سەختدا بوون، ئەم بارودۆخە تا ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٧ درێژەی کێشا، تا ئەوکاتـەی بـە هەوڵـەکانی ژەنــەڕاڵ مسـتەفا بـارزانی و قەناعــەت پێکردنــی دەســەڵاتدارانی سـۆڤیەت بارودۆخەکە گۆڕانکاری بەسەرداهات، ئۆردوگایەکی پێشکەوتوو لە باکۆی پایتـەختی کۆمـاری ئازەربایجان بۆ پەنابەرانی کورد دروستکرا و گشتیان بۆ ئۆردوگاکە گواسترانەوە. لـە ئۆردوگـای باکۆ هێزەکە ڕێکخرایەوە، ئەسـعەد خۆشـەوی کرایـە بەرپرسـی هێـز و لەلایـەن ئەفسـەرانی سۆڤیەتەوە مەشقی پێشکەوتووی سەربازییان پێدرا[٦].

دوای سەقامگیر بوونی بارودۆخی پەنابەران و ڕێکخستنەوەیان، لەلایەن دەسـەڵاتدارانی سۆڤیەتەوە بڕیاری دروستکردنی ئەنجوومەنێك لـە شـێوەی حکومـەتێکی کـاتی لـە دەرەوەی کوردستان بۆ پەنابەرانی کورد درا، ئەوەبوو بەمەبەستی دەستنیشـانکردنی سـەرکردایەتییەکی سیاسی کوردی، بڕیاری بەستنی کۆنفرانسێکی فراوانی هاوبـەش لـەنێوان کـوردانی باشـوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەشی هەرە زۆریان لە ئەندامانی هەردوو حزبی پـارتی دیمـوکراتی کورد و حزبی دیموکراتی کوردستان پێکهاتبوون، درا[٧].

پاش ئامادەکاری تەواو، سەرەنجام کۆنفرانس لە ڕێکەوتی ١٩ی کـانوونی دووەمـی ١٩٤٨ لە باکۆی پایتەختی کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت، بە ئامادەبوونی ژەنەڕاڵ مسـتەفا بـارزانی و نوێنەری کوردی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ژمارەیەك لـە کاربـەدەسـتانی سـۆڤیەت بەڕێوەچوو. لە کۆنفرانسەکەدا ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی وتارێکی پێشکەشی ئامادەبووان کـرد و دواتر ژمارەیەك بڕیار و ڕاسپاردە دەرکران، کە گرنگترینیان ئەمانە بوون:

١ - ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی، سەرۆکی سەرکردایەتی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بێت.

٢ - کردنەوەی بەشی کوردی لە ئێزگەی ڕادیۆی باکۆ.

٣ - دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی کوردی زمان، کە دواتر بە ڕۆژنامەی کوردستان ناسرا[٨].

ئامــادەبووانی کۆنفرانســی بــاکۆ لــە ســەرکردە، کــادیرانی پێشــکەوتوو، کــادیران و فەرماندەکانی پارتی دیموکراتی کورد، حزبی دیموکراتی کوردستان و چەندین کەسایەتی تری خــەباتگێڕ پێکهــاتبوون. لــە کۆنفرانســەکەدا، چــواردە کەســایەتی بــۆ ســەرکردایەتی بــاڵا هەڵبژێردران و ئەندامانی سەرکردایەتی بە یەکسانی بەسەر باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دابەش کران.

ئەندامانی سەرکردایەتی باڵا کە خەڵکی باشووری کوردستان بوون پێکهاتبوون لە:

١ - ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی، سەرۆك
٢ - شێخ سلێمان بارزانی
٣ - عەلی محەمەد سدیق بارزانی
٤ - میرحاج ئەحمەد ئاکرەیی
٥ - سلێمان بەکر بەگ دەرگەڵەیی
٦ - عەبدولڕەحمان تەیب موفتی ئامێدی
٧ - محەمەد نەجیب محەمەد سەلیم بەرواری

ئەندامانی سەرکردایەتی باڵا کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون پێکهاتبوون لە:

١ - دکتۆر موراد عەزیز، لە کادیرانی باڵی سەربازی حزبی تودەی ئێران و ئەفسەرانی کۆماری میللی ئازەربایجان
٢ - سەید عەزیز شەمزینی، لە حزبی هیوای کورد
٣ - ڕەحیم سەیفی قازی، لە حزبی دیموکراتی کوردستان
٤ - مستەفا شەڵماشی، لە حزبی دیموکراتی کوردستان
٥ - حەسەن حیسامی، لە حزبی دیموکراتی کوردستان
٦ - ڕەحمان گەرمیانی، لە حزبی دیموکراتی کوردستان
٧ - سەید کەریم ئەیوبی، لە حزبی دیموکراتی کوردستان[٩].

ئەم هەنگاوە گیانێکی نوێی کردە بەر پەنابەرانی کورد و بە گوڕ و تینێکی گەورەوە کەوتنە ڕاپەراندنی ئەرکەکانیان، لەولاشەوە حکوومەتی ئێرانی تەواو تەنگەتاو کردبوو و بەردەوام بە ڕێگەی نامە و نامەکارییەوە داوای ڕادەستکردنەوەی ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی و پەنابەرانی لە یەکێتی سۆڤیەت دەکرد.

ئەو ئەنجوومەنەی لە باکۆ بۆ پەنابەرانی کورد دروستکرا، بەردەوام بوو تا ئەوکاتەی گرژی کەوتە نێوان پەیوەندییەکانی سەرکردایەتی کورد و دەسەلاتدارانی کۆماری ئازەربایجان، بەتایبەت باقرۆڤ کە مەبەستی بوو دەسەڵاتی خۆی بەسەر کوردەکاندا بسەپێنێت و بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاریان بهێنێ[١٠].

## دەقی وتاری سەرۆك مستەفا بارزانی

## لە کۆنفرانسی باکۆ*

پێشەکی، بەمناسبتی ئەوەی کە ئەمڕو ئیمە لیرەدا بەناوی میللەتی کورد کۆ بووینەوە و سێ یەمین جلسەی خۆمان دەکەینەوە من پیشی هەموو شتێك تبریکی ئیوە و میللەتی مبارزی خۆمان دەکەم.

ئیمە لەو حرکاتی پارتیزانییەی کەلە ایران و عراق و تورکیە کردمان میللەتی کورد شعور وحسیبات و ئیخلاصی نهینی خۆی بە ئاشکرا نیشانی داین کە ئەویش لەو وەختانەی کە دیهاتی و رئیسە وطنپروەرەکانی کورد کە بەروەحیکی زۆر پڕئیخلاص و برایەتی و صمیمیت پیشوازییان لی دەکردین وبەڕێیان دەخستین لە فرمێسکی ژن و مندالی کورد لە وەختی بەڕێکەوتنماندا زۆر بە ئاشکرا ئیخلاص و محبتی کورد بۆمان معلوم دەبوو. لە هەموو ئەو ڕێگای سەخت و ناخوشی چیاکانمان کە پێدا تیدەپەرین، میللەتی کورد بەبی ئەوەی ئەهمیتیك بداتە ترس و ظلم و جنایەتی دوژمن بەهزاران دیهاتی و رئیس و گەورەی وطنپروەر خۆیان و مال و مندالیان لەگەل ئەرزاق و نان و جل و بەرگی کە بویان ممکن دەبوو بویان دەهینایین، و لە ئەطرافی ئەو ریگا سەختانەی کە پێدا تیپەر دەبووین پیشوازییان لی دەکردین و لە پاش ئەوەی سلامی میللەتی کوردیان پی دەگەیاندین ونان و ارزاق و جل و بەرگیان تسلیم دەکردین بە دەنگیکی بەرز هاواریان دەکرد:

بەسلامتی برۆن! ئیوە بەخدا دەسپیرین موفقیتی ئیوەمان دەویت لە وەختیکی زور نیزیکدا بو رزگاریمان چاوەری تان دەکەین.

براکانم ئەوەیە قسە و ئیخلاص و شعوری نهینی میللەتی کورد کە بەرامبەر بە ئیمەی هەیە.

ئەو تجربانەی کە لە مبارزەکانماندا بەدەست کەوتووە بە ئاشکرا نیشانی داین کە لە پشتمان میللەتی قارەمانی کورد هەیە کە صاحبی ئیرادەییکی پولای و روحی مبارز و مفکورەییکی آزادە.

میللەتی کورد بو قورتاربوونی خۆی لە ژیر ظلم و استعماری ئیرتجاع و زنجیری و ئیسارەت و حیسخانە وکۆ هیزی رزگاری تەماشای ئیمە و حزبی ئیمە دەکات.

و رزگار کردنی خوی لە ئیمە طلب و چاوەری دەکات.

ئەگەر لەلایەن حزبی دیموکراتی ئیمەوە مبارەزەکەمان بەچاکی و بە مفکورەی تازە تنظیم و توجیە بکری هیچ شبهەی تیدا نیە کە هیچ هیزیکی ئیرتجاع ناتوانی ئیمە مغلوب

بکا وله هر زەحمتیك ئیمه حتما به ئاواتی ئازادی خۆمان دەگەین.

براکانم لەگەل ئەو هەمو هەوڵ و تەقەلایەی دوژمنەکانمان کە همیشه لە کوردستاندا خەریکی کوژاندنەوەی گڕی مبارەزە و روحی ئازادین دیسان دەبینین کە لە قلبی هەموو کوردیکدا مقابل به دوژمنه ظالم و خوین مژەکانمان گڕی مبارزە و ڕوی ئازادی ڕۆژ بەڕۆژ توندتر و بەهیزتر دەبیت.

وبەگورەی قانونی ئنکشافی طبیعت مبارزەی ئیستمان کە ئیلهام لە مفکورەییکی تازە وەردەگری میللەتی کورد بە ئازادی حقیقی خوی دەگەینی.

برا مبارزەکانمان ئیعتمادی خۆیان دایە ئیمه و ئیمەیان بو کۆمیتەی مرکزی حزبی دیموکرات هەڵبژارد  کە بەوەش مقدراتی خویان بە ئیمه راسپارد.

لەپاش ئەو مبارزەی دوور و دریژمان ئەو ئیعتمادەمان لە میللەتی خومان قازانج کرد کە زور بە ئیفتخارەوە دەتوانم بلیم ئەو ئیعتیمادە منتهای خوشبختی و سعادتمانە و روحی مبارزەی ئیمەی صد قات زیاتری بلند کردووە.

ئیمە و ئەو رفیقانەی کە ئیمەیان هەلبژاردووە بە تجربە ئیثباتمان کردووە کە ئیمە عناصری هەرە پێشکەوتوو و ئینقلابچی میللەتی کورد تشکیل دەکەین و دفاع لە منافعی کورد دەکەین.

ئەو رەفیقانەمان کە عناصری هەرە پێشکەوتوو خوێندەوار و دیهاتی و رئیسی و گەورەی وطنپروەری ئینقلابچی کورد تشکیل دەکەن لە ساڵی ١٩١٣ و هەتاکو ئیستا بە مبارزە و نەبەزینی خۆیان و قوربان دانی چەند کەسیك لە براو کەس و کاریان و فداکارییان، ئیحترام و تأیید و محبت و ئیخلاص صمیمیتی میللەتی کوردیان قازانج کردووە، و میللەتی کورد زور بە صمیمیت باوەرییان پی دەکا.

ئەوان لە زور حرکاتی ئازادی کوردستاندا فعلی ئیشتراکیان کردووە وە ئەوان یادگاری تاریخی میللەتی کوردن کە بە حقیقت تمثیلی کورد دەکەن.

و ئەم کۆمیتەیەی ئیمەش کە هەر لەوان دروست کراوە بە حقیقت نمایندەی میللەتی کوردین و دەتوانن لە هەموو خصوصیکدا رهبری میللەتی کورد بکەن.

کەوابێ ئەو واجبە لەسەر شانی ئیمەیە هەتا بلین ئەهمیتیکی تاریخی هەیە و زحمت و مشقتی زورمان لە پێشە، لەبەر ئەوە واجبی ئیمە لەوە عبارەتە، بە ئیمانیکی صادق و بەدلێکی صاف و هێزیکی پڕ لەعزم و ئیرادە ئەم مبارزە زەحمت و قطعی یەمان ببینە سەر.

بە فعالیتی کۆمیتەی ئیمەوە مصیر و مقدراتی ١١ یانزدە میلیون کورد حل دەبی کە

ئیستا زور بە ئومێدەوە چاوەری ئەعمالی ئیمە دەکەن.

براکانم من زۆر ئومێد دەکەم کە هەر یەکیك لە ئیمە هەموو هیز و قـوەت و فعـالیتی خوی دەستی برایەتی و ئیخصلاص و صداقت بـدەینە دەسـت یـك و بەبێڕاوەسـتان و مانـدو بون شەو روژ لەپێناوی گەیشتنی ئامانجی ئازادی خومـان وسـەرکەوتنی دیموکراسـی مبـارزە بکەین.

بۆ هەمووتان ئاشکرایە کە لە تاریخی شەرقدا، لە ۳۰۰۰ سێ هەزار ساڵ پـێش مـیلادەوە حـاکمییەت و مەدەنییەتـی میللەتـی کـورد دەسـت پـێ دەکـات، هەرچەنـدە دوژمنەکانمـان ویستوویانە مەدەنییەتی کورد ئینکار بکەن، بەڵام نەیانتوانیوە ئەوە ئینکار بکەن کە کـورد لە جەمعییەتی زاگرۆس بەنـاوی میللەتـی کـاردۆ و یـا کـوردۆ هەبـووە کەلە قسـمێکی ئیـران و ئەنادۆڵی شەرقی بە ناوی دەوڵەتی (ماد) و یا (ئامادا) دەوڵەتێکـی زۆر گەورە وبە هەیبەتـی دروست کردبوو، کە لە عەسری ۸ هەشتی پێش میلادەوە هەتاکو عەسری ٤چواری پێش میلاد دەوامی کردووە، و قسمەتی زۆری مەدەنییەتی کۆنی تاریخی ئیرانی دامەزراندووە.

کە فتووحاتی ئیسلام دەستی پێ کرد هەروەکۆ میللەتانی شەرق، کە هەموویان کەوتـنە ژێـر حـوکمی ئیسـلام، هەروەهـا میللەتـی کـوردیش تێکەڵـی ئیمپراتـۆریەتی ئیسـلام بـوو و میللەتی کورد لە مەدەنییەت و حاکمییەتیی ئیسلامدا دەوری هەرە مـوهیمی یـاری کـرد، کە قارەمانی مەشهووری کورد سەلاحەدینی ئەیووبی لە ناوەڕاسـتی عەسری دوازدەمـدا شـاهدی قسەکەمانە، ئەو قارەمانییەی بێ نەزیر و هەمتـا کە سـەلاحەدین لە محارەبەکـانی سـەلیبیدا پێشانی دابوو بۆ هەموو دونیا ئاشکرایە.

کە ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامیش زەعیف بوو، لە تـازەکییەوە نەهزەتـی میللەتـانی شـەرق دەستی پێ کرد و لە پێش ئەو هەموو میللەتانەی کە دەستیان بە موبارەزە کرد و حـاکمیەتی خۆیـان دامەزرانـد، میللەتـی کـورد بـوو لە زۆر تـاریخی موختەلیفـدا حکوومەتـانی ئـازاد و موستەقیلی خۆی دامەزراند وە ئەم دەوڵەتانەی، کە لە خواروە ناویان دەبەین قسـمێکن لەو دەوڵەتانە:

١ - لە عەسری ١٨ هەژدەمدا لە کوردستانی ئێراندا دەوڵەتی کەریم خانی زەند دامەزرا.
٢ - لەساڵی ١٧٩٠ دا لە عێراق دەوڵەتی بابان دامەزرا.
٣ - لەساڵی ١٨١٢ دا لە تورکیا دەوڵەتی ئەمیر بەدرخان دامەزرا.
٤ - لەساڵی ١٨٢٦ دا لە عێراق میری ڕواندز و خانزاد حاکمییەتیی خۆیان دامەزراند.
٥ - لەساڵی ١٨٨٠ لە عێراق حاکمییەتیی بارزان و لە تورکیا حـاکمییەتیی شـەمزیان بە نـاوی خودمختاری دامەزران.

ئەمانە هەر هەندێ میسالن، لە بۆ ئێمە و بۆ خەلقی دونیا ئاشکرا دەکا، کە میللەتی کورد لە هەموو موناسەبەتێکدا نەفرەت و غەزەبی خۆی بەر

عەلەیهیی دوژمنە داگیرکەرەکان نیشان داوە و سەری بۆ ئەوان نەچەماندووە، هەمیشە ئیفتخاری بە میللییەت و زۆبان و عادەتی خۆی کردووە و لە پێناوی ئازادیی خۆیدا گوێی نەداوەتە قوربانیدانی هەزاران کوڕانی قارەمانی خۆی.

هەر ئەوەیە کە میللەتی کورد زۆرجار لە موقابل هێرشی بەهێزی دوژمنەکانی و لە وەختی تەنگانەی موبارەزەدا ژیانی بە ئازادیی سەر چیا بەرزەکانی خۆی تەفزیلی سەر ژیانی پڕ نیعمەتی شار و دەشتانی کردووە و پەنای بۆ چیای بەرزەکانی خۆی بردووە.

بۆ ئەوەی هێشتان بۆتان ئاشکرا بکەم، حەز دەکەم کەمێك لە موبارەزەکانی کورد کە لە عەسری ئێمەدا ڕووی داوە بۆتان باس بکەم، کە ئەم موبارەزەیەشمان ئیلهام و ڕووناکیی لەو موبارەزانەی پێشووی کورد وەردەگرێ و موبارەزەی قەتعیی خۆی دەوام پێ دەدات.

١ - ئەوەڵەن: رهبەری خۆشەویست و قارەمانی میللەتی کورد شێخ عوبێدوڵڵای شەمزینی کە لە ساڵی ١٨٨٠ لە پێناوی ئازادیی کوردستاندا بەرامبەر بە ئیمپرایالیزمی عوسمانلی دەستی بە موبارەزە کرد، لە مودەتێکی کەمدا گڕی موبارەزە هەموو شەرقی ئەنادۆڵ و قسمێکی زۆر گەورەی ئێرانی داگیر کرد. لە وەختی شەڕ و موبارەزەدا، کە شێخ عوبێدوڵڵای شەمزینی ئەسیر کرا بۆ عەرەبستان و حیجاز تەبعیدا کرا و لەساڵی ١٨٩٣ دا لە تەبعدی وەفاتی کرد.

٢ - دووەم: رەهبەر و قارەمانی دووەمی خۆشەویستی میللەتی کورد شێخ عەبدولسەلامی بارزانی بوو، کە لەساڵی ١٩١٤ دا بۆ ئەوەی کوردستان لە زوڵم و فشاری دەوڵەتی عوسمانلی ڕزگار بکا دەستی بە موبارەزە کرد لەپاش ئەوەی کە ئەم موبارەزەیە ساڵێکی تەواو دەوامی کرد بە حیل و دەسیسەیجنایەتکارانە شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە ئێراندا ئەسیر کرا و نێردرایە مووسڵ و لە ساڵی ١٩١٥ دا لە مووسڵ ئیعدام کرا.

٣ - سێیەم: لەساڵی ١٩٢٤ دا بەرعەلەیهیی زوڵم و فشاری دیکتاتۆرییەتی تورکیە، رەهبەر و قارەمانی خۆشەویستی کورد شێخ عەبدولقادر شەمزینی دەستی بە گەورەترین موبارەزەی خۆێناوی کرد. لە مودەتێکی زۆر کەمدا گڕی ئەم موبارەزە خوێناوییە هەموو شەرقی ئەنادۆڵی داگیر کرد و هەتاکو ساڵی ١٩٣٠ گڕی موبارەزە نەکوژایەوە.

میللەتی کورد لەم موبارەزە گەورە و بەهەیبەت و خوێناوییە کە شەش ساڵ دەوامی کرد لە نیو ملیۆن زیاتر کوڕانی قارەمانی هەرە بەقیمەتی خۆی قوربانی دا. قارەمان و کوڕی مەردی شێخ سەعید خەنسی لە مەنتیقەی دەرسیمدا فیداکاریی بێ نەزیری کرد وبەم

جۆره لەم موبارەزه بە هەیبەت و خوێناوییە ڕەهبەرانی موبارەزه شێخ عەبدولقادر شەمزینی و سەید محەمەد شەمزینی و شێخ سەعید خەنسی و دوکتۆر فوئاد و خالید بەگ و سەدەها رەهبەرانی دی لە بەینی ساڵی ١٩٢٤ و ١٩٣٠ دا لەشاری دیاربکەر هەڵواسران و ئیعدام کران.

ئەم موبارەزه دوو و درێژە بە حەرەکاتی ئارارات دوایی هات، کە لە ساڵی ١٩٣٠ دا لەژێر ڕەهبەریی کوڕی مەرد و قارەمانی کورد فرزەندەدا لەشکڵی پارتیزاندا بەرعەلەیهیی حوکمی دیکتاتۆریی ڕەزا شا موبارەزه کەوتە ئێران و بە شەهید کرانی فرزەندە، ئەم مبارەزەیە کە بە خوێنی نیو ملیۆن زیاتر کورد تەواو بوو، دوایی هات.

٤ - چوارەم: لەساڵی ١٩١٨ کە لەشکری داگیرکەری ئینگلیزی بۆ داگیرکردنی کوردستان هێرشی هێنا، قارەمانی کورد شێخ ئەحمەدی بارزانی مقاوەمەتی لەشکری ئینگلیزی کرد و هەتاکو ساڵی ١٩٣٢ مەنتیقەی خۆی ئازاد و محافەزه کرد. لەم ساڵەدا ئینگلیز بە لەشکرێکی زۆر گەورە دیسان هێرشی بۆ مەنتیقەی ئازادی بارزان هێنا و لە ژێر ڕەهبەریی شێخ ئەحمەدی بارزانیدا میللەتی کورد هەتاکو ساڵی ١٩٣٥ موبارەزەی خوێناویی لەگەڵ لەشکری بەهێزی ئینگلیز کرد.

لەم ساڵەدا، کە شێخ ئەحمەدی بارزانی ئەسیر کرا لەگەڵ هەموو سەرۆك و ڕەهبەرانی بارزانی هەتاکو ساڵی ١٩٤٣ تەبعید کران، کە بەوەش گڕی ئەم موبارەزەیەش بە موەقەتی کوژایەوە.

٥ - پێنجەم: لەساڵی ١٩١٩ دا لە عێراق لە مەنتیقەی سلێمانیدا بەرعەلەیهیی ئینگلیز میللەتی کورد لە ژێر ڕەهبەریی شێخ مەحموددا دەستی بە موبارەزه کرد و لە نەتیجەی ئەم موبارەزەیدا شێخ مەحموود ئەسیر کرا وە هەتاکو ساڵی ١٩٤١ تەبعید کرا.

٦ - شەشەم: لەساڵی ١٩٢١ دا لە ئێراندا بەرعەلەیهیی زوڵم و فشاری دیکتاتۆریی ڕەزا شاه میللەتی کورد لەژێر رەهبەری قارەمان و کوڕی مەردی خۆی ئیسماعیل ئاغای سمکۆدا دەستی بە موبارەزه کرد.

سمکۆ بە لەشکری مونتەزەم خۆی هەموو کوردستانی ئێرانی داگیر کرد لاکین دیسان بە حیلە و دەسیسەی جنایتکارانەی دەوڵەتی ئێران لەشاری شنۆ، سمکۆ شەهید کرا. و لەپاش ئەوە سەرۆکەکانی ئێرانی لە کوردستاندا دەستیان بە جنایەتی وەحشییانە کرد، کە ئەم جنایەتانە تاوەکو لەساڵی ١٩٤١ دا ئۆردووی سوور ئێرانی لە حوکمی فاشیستی رەزا خانی ئازاد کرد، دەوامی کرد.

٧ - حەفتەم: لەساڵی ١٩٤٣ دا ئێمە لە بارزان دەستمان بە موبارەزەی ئازادیی خۆمان کرد وە بۆ دامەزراندنی ئیدارەیەکی ئازاد و دیموکراسیی مونتەزەم لە بارزان موەفەق بووین. ئەم ئازادیان تاوەکو ساڵی ١٩٤٥ دەوامی کرد. کە لەم ساڵەدا لەشکرەکانی بەهێزی ئینگلیز و عێراق هێرشیان بۆ ئێمە هێنا و لەپاش موبارەزەیەکی بەهەیبەت و خوێناوی، خۆمان و رەفیقەکانمان لەگەڵ هەموو ماڵ و منداڵمان هاتینە کوردستانی ئازادی ئێران و لە کوردستانی ئێراندا ئیشتیراکی حەرەکاتی ئازادیمان کرد و لەگەڵ کوردی ئێران بە یەکەوە حاکمییەتی دیموکراتیمان لە ئێران دامەزراند.

٨ - هەشتەم: لەپاش ئەوەی لەساڵی ١٩٤١ حوکمی مەنحووسی ڕەزا شاە تێك درا، لەساڵی ١٩٤٥ دا لەژێر ڕەهبەریی قازی محەمەددا حاکمییەتی دیموکراتیی کورد دامەزرا.

لە دیکابری ساڵی ١٩٤٥ هەموو ڕەئیس و گەورەکانی کورد لەگەڵ قواتی میلیشای بارزانییان، کە قسمێکی کوردستانی ئێرانیان لە عەناسری فاشیست و کلکەکانی ڕەزا شاهییان پاك کردەوە، لەژێر ڕەهبەریی قازی محەمەددا حکوومەتی دیموکراتی کوردیان دامەزراند لەپاش ئەوەی، کە ساڵێك ئەم حکوومەتی دیموکراتی کوردە، دەوامی کرد و لە مودەتی ئەم ساڵەدا بەرعەلەیهیی ئیرتجاعی تاران لەشکری ئێمە لەگەڵ لەشکری برا ئازەربایجانییەکانمان بە یەکەوە موبارەزەی سەختمان کرد.

٩ - نۆیەم: لە ١٢ی دیکابری ١٩٤٦ دا قوامولسەڵتەنەی خائین ئەو پەیمان و قسەی شەرەفی، کە بە ئازەربایجان و کوردستانی دابوو تێکدەرا و بە لەشکریکی زۆر گەورەی ئیرتجاعیەوە هێرشی بۆ سەر ئازەربایجان و کوردستان هێنا، لەپاش مودەتی شەش مانگ تەواوی شەڕدا، کە لەشکری ئێران لە موقابل لەشکری قارەمان و نەبەزیوی ئێمەدا موغلەق بوو و خەریکی هەڵاتن بوو، ئیرتجاعی بە قەبیلەی ئاغاکانیان ئەنگلۆ ئەمەریکاوە، لەشکری ئیرتجاعی تورکیە و عێراقیشی هێنایە مەیدانی ئێمە و جگە لەوەش وەتەنفرۆش و جاسووسەکانی ئەمەریکا هەروەکو ڕەوشت و پیشەی هەمیشەگییان، لە جەبهەکانی ئێمە بە فعالیەتێکی زۆر دەستیان بە خیانەت کرد.

نوقتەی هەرە زەعیفی ئێمە لەوەدا بوو کە ژن و ماڵ و منداڵمان لەگەڵ ئێمە لە جەبهەدا لەژێر دەستی گوللەباران و بۆمبای دوژمندا بوون.

ئەوەبوو کە دوژمن ئەم نوقتە زەعیفەی لە ئێمە دۆزییەوە، و بەبێ ڕەحم و ئینساف بە وەحشیانە ماڵ و منداڵانی ئێمەیان بۆمباران دەکرد و لە نەتیجەی ئەوەدا قسمێکی لەشکرەکەمان، کەلە بەینی لەشکرەکانی عێراق و تورکیەدا محاسەرە کران، لە پاش کوشتارێکی زۆر ئەسیر کران.

لەپاش ئەم حادیسـەیە، ئـێمە مقـاوەمەتی مـونتەزەمی خۆمـان بە حەرەكـاتی پـارتیزانی عەوەز كرد، كەوا ئێستاش ئێمە هەر لەو موبارەزەیەدا دەوام دەكەین.

لەپاش ئەوەی كە ئیرتجاعی تاران، كوردستانی ئیشغال كرد دەستیان كردە ئەو جنایەتـانە وەحشـییانەی، كەتـا لە عسـووری ناوەنجیـدا ئەو نەوعە جنایەتـانە نەبیـنراون و هەتـاكو ئێستاش هەر لە ئیرتكابی ئەو جنایەتانە ناكشێنەوە.

هەمووتان دەزانن، كە ڕەهبەری خۆشەویست، قازی مـحەمەد خـۆی و براكـانی لە ١٤ی دیكابری ١٩٤٦ دا لەشاری میاندوئاب مقـابلەی سـەركردەی خـائن و جنایەتكـاری ئێـران هومایونییـان كـرد و پەیمانـی ئامانیـان لە هومـایونی وەرگـرت، بە قسـەی شــەرەفی هومایونییان باوەڕ كرد و تەسلیم بوون.

بەڵام هومـایونی كەلە شـەرەف زۆر بێـبەش بـوو لەگەڵ وەحشـی و جنایەتكـارانی دی ئێران، ڕەهبەری خۆشەویسـت و مەحبـووبی ئێمەیـان لەگەڵ براكـانی لە شـاری مهابـاد، خائینانە ئیعدامیان كردن.

١٠ -میللەتی كورد لەو موبارەزانەی كەلە مـودەتی ئەم نیـو عەسرەی ئـێمەدا كردوویەتـی، لە ملیۆنێك زیاتر كوڕانی هەرە بە قیمەت و پێشكەتووانی خۆی و سەركردە و ڕەهبەرانیـدا، هەمووی قوربان داوە، ئەوانە هەموویان لە پێناوی ئازادیی كورد و دیفاعكردن لە خـاكی كوردستاندا خۆیان فیدا كردووە، هەروەها (٢) دوو ملیۆن زیـاتر كـورد بـۆ وڵاتـانی دوور تەبعید و نەفی كـراون و لە (٥) پێـنج هەزار زیـاتر گونـد و شـاری كـورد وێـران و تـاڵان كراون و تاكو ئێستاش میللەتی كورد بۆ گەیشتنی غایە و ئازادیی خۆی لەم موبـارەزەیەدا بە سەخاوەت قوربانی دەدات.

١١ - ئەم موبارەزانەی كە تا ئێسـتا بـێ فاسـیلە لە كوردسـتاندا ڕووی داوە و بە موختەسـەری باسمان كرد، شتێكی تەسادوفی نەبووە و لە نەتیجەی ئیش و فیكری ڕۆژێدا نەهـاتووەتە وجوود، بەڵكو ئەو هەموو ڕەهبەر و عونسرانەی كە لەو موبارەزانەدا ئیشتراكیان كردووە بۆ ئامـانجی سیاسـیی مـوعەیەنی میللـی و دیموكراسـی وە لەژێـر ڕەهبەریـی ئەحزابـی موختەلیفی كورددا حەرەكەتیان كردووە.

هەروەكو بۆ هەموومان و بۆ دونیاش مەعلوومە كە لە ژێر ڕەهبەری حزبی پێشـكەوتن و سـەركەوتن "كـورد" كە لە ئەسـتەمبۆل لەلایەن هەرە تێگەیشـتوو و خوێنـدەوارانی كـورد تەشكیل كرابوو، موبارەزەی بە هەیبەتی خۆێنـاویی شـێخ عەبـدولقادری شـەمزینی ئیـدارە و تەنزیم دەكرد.

و هەر هەمان حزب بوو، كە ئیدارە و تەنزیمی موبارەزەی شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە عێراق و موبارەزەی شێخ سەعید خەنسی لە دەرسیم دەكرد.

موبارەزەی ئیسماعیل ئاغای سمكۆش لەلایەن هەیئەتی ئستقلالی كوردستان، كە لە روئەسا و گەورەی وەتەنپەروەری كورد تەشكیل كرابوو، ئیدارە دەكرا.

و لە ژێر رەهبەری حزبی "پشتیوانی" كە لە عێراق تەشكیل كرابوو حەرەكاتی شێخ مەحمود ئیدارە و تەنزیم دەكرا.

و لەژێر رەهبەریی حزبی (یەكێتیی جەبهەی وەتەنی) لەساڵی ١٩١٨ دا موبارەزەی شێخ ئەحمەدی بارزانی ئیدارە و تەنزیم دەكرا.

موبارەزەی ئێمە كە لەساڵی ١٩٤٣ دا دەستمان پێ كرد لەژێر رەهبەریی حزبی (ئازادی) كە لە بارزان تەشكیل كراوە و بە كۆمەكی و یاریدەی حزبی (هیوا)، كە لەبەغدا لەلایەن خوێندەواران و باسەوادی كورد تەشكیل كرابوو و حزبی (كۆمۆنیستی عێراق) ئیدار و تەنزیم دەكرا.

نەهزەتی مهابادیش لەلایەن حزبی (ژ-ك كە لەساڵی ١٩٤١) دا لە مەهاباد لە لایەن جوانانی مەهابادی تەشكیل كرابوو و لەژێر رەهبەری حزبی (دیموكراتی كوردستاندا) تا ١٢ی دیكابری ساڵی ١٩٤٦ ئیدارە و تەنزیم دەكرا.

و موبارەزەی ئێستاشمان دیسان لەژێر رەهبەریی حزبی (دیموكراتی كوردستان) دا دەوام دەكات.

ئیستیعمار و موبارەزەكانی كورد:

١ - میللەتی كورد لە پێناوی ئازادی و ئیستقلالییەتی خۆیدا موبارەزەی بێ نەزیری كردووە.

میللەتی كورد لە هەموو میللەتانی ڕۆژهەڵاتی نێزیك و ناوەنجی زیاتر بەرامبەر بە زاڵم و داگیركەرانی بێگانە موبارەزەی كردووە و لە پێناوی نیشتمان و ئازادیی خۆیدا بە هەزاران كوڕانی قارەمانی خۆی قوربان داوە.

لاكین دوژمنە زاڵم و غەدارەكانی كورد كە دوژمنی بەشەرییەت و ئازادین هەمیشە بەگوللە و تۆپ و تەیارە و قەتل و عام و ئیعدام و تەبعید و حەپس، جەوابی حەرەكاتی ئازادیی كوردیان داوەتەوە.

٢ - لەپاش شەڕی یەكەمی دونیا لە ساڵی ١٩٢٠ دا ئەو حەقی ئیستقلالییەت و ئازادییەی، كەلە معاهەدەی (سیڤەر) دا بە كورد درابوو، ئیمپریالیزمی ئینگلیز بە پێی سیاسەتی

شــووم و جنایەتکــارانیە خــۆی لەســاڵی ١٩٢١ لە معــاهەدەی (لــۆزان) دا مــوقەدەراتی میللەتی کوردی بە مقادەراتی میللەتی کوردی بە مقابل نەوتــی کەرکــووك و مووســڵ بە مستەفا کەمالی دیکتاتۆر فرۆشت. لەبەر ئەوە میللەتی کورد لە پێناوی ئازادیی خۆیدا لە ئێران وعێراق و تورکیەدا دەستی بە موبارەزەی خۆیناوی کرد و لە مودەتی بیست ساڵی موبارەزەی کورددا ئیمپریالیزمی ئینگلیز بۆ دوژمنەکانمــان جێگــای مــوعەلیم و رەهــبەری گرتووتەوە و تەئییدی ئەو جنایەتە وەحشــییانەی کــردووە، کە لە لایەن دوژمنەکانمــانەوە کراوە، هەروەهاش مەنعی گەیشتنی دەنگی ئازادیی میللەتــی کــورد بە دونیــای خــارجی کردووە و بە تەبلیغاتی مورتەجیعانەی خۆی هەمیشە حەرەکاتی ئــازادیی کــوردی وەکــو حەرەکــاتی جەردەیــی و دینــی و دەرەبەگــی نیشــانی دونیــای خــارجی داوە، کە بەوەش ئینکاری موبارەزەکانی ئازادیی کوردی کردووە.

٣ - لەگەڵ ئەوەش لەشکری مونتەزەمی داگیرکەری ئینگلیز لە ساڵی ١٩١٨ و هەتــاکو ســاڵی ١٩٤٧ لە عێراقدا بیلا واسیتە لە سلــێمانی و بارزانــدا حەرەکــاتی ئــازادیی کــوردی بەبــێ ڕەحم و ئینساف کوژاندووەتەوە و مەراکیزی ئینقلابی وێران کردووە.

٤ - کە بێینە سەر معاهەدەی (سەعد ئاباد) دەبینین بەرعەلەیهیی ئازادیی کورد نموونەیەکی دی سیاسەتی شووم و خائینانەی ئینگلیز، کە بەم معاهەدەیە میللەتــی کــورد و هەرچــی میللەتــانی تــری ڕۆژهەڵاتــی نــاوەنجییە لە وڵاتــی ســۆڤیەتی دوور خســتووەتەوە، و بــۆ مەنعکردن و نەگەیشتنی فریادی ئەو میللەتانە بە دەوڵەتی سۆڤیەتی.

هەرچەندە تەئسیری جنایەتکارانەی ئەم معــاهەدەیە لە پــاش شــەڕی گەورەی دووەمــی دونیــا بە ئــیفلاس گەیشــتبوو، لاکــین لە پــێش مودەتێکــدا ئیمپریــالیزمی ئینگلیــز بــۆ ژیاندنەوەی ئەو معاهەدە مەنحووســە دیســان کەوتە هەوڵ و تەقەڵا و هەر ئەوبــوو کە لە مانگی رفورالی ساڵی ١٩٤٧ سەرۆکی وەزیری عێراق و نۆکەری خاسی ئینگلیز، نــووری سەعید پێشنیهادی کــرد کە لەلایەن عێــراق و تورکیــە و ئێــرانەوە لەشــکرێکی تــایبەتی و مونتەزەم لەژێر یەك ڕەهبەریدا تەشکیل بکرێ کە هەمــوو حەرەکــاتی ئــازادیی کــورد لە لایەن ئەو لەشکرەوە مەحو بکرێتەوە.

٥ - شەڕی گەورەی دووەمی دنیا دەوڵەتێکی ئیستعمارچی تازەی هێنایە مەیدان، کە ئەوەش ئیمپریالیزمی ئەمەریکایە.

ئەمەریکای ئیستعمارچی تازە، ویســتی جێگــای ئینگلیــزی پیــرە ئیســتعمارچی بگــرێتەوە، چــونکە ئیــدی ئیمپریــالیزمی ئینگلیــز تــاقەتی ئاغــایەتیی دونیــای نەمــاوە، لەبەر ئەوە ئەمەریکای ئیستمارچی بــۆ بەجێهێنــانی پیلانــی داگیرکردنــی خــۆی لە شــەرقی نــاوەنجی ئەوەل جار دەستی کردە مداخەلە کردنی ئیشــی کوردســتان و ڕووی هێرشــی خائینــانەی

قەوامولسەڵتەنەی تەوجیهی حكوومەتی دیموكراتی كوردستان كرد، كە لە ١٢ی دیكابری ساڵی ١٩٤٦ دا هێرشی بۆ مەهابدا و برا و ئیستنادگاهی كورد، كە حكوومەتی ئازەربایجان بوو، هێنا. ئەو دوو حكوومەتە ئازادانەی لەناو برد، ئەگەر ئیرشاد و تەزییقی ئەنگلو ئەمەریكا نەبووایە لە هیچ وەختێكدا قوامولسەڵتەنەی خوێڕی و كلكەكانی جەسارەتی تێكدانی ئەو پەیمانەیان نەدەكرد، كەبە میللەتی ئازەربایجان و كوردستانی دابوو، كە ئەم حەقیقەتەش زۆر جار لەلایەن دوائیری رەسمیی ئەمەریكا و ئێرانەوە ئیعترافی پێ كرا.

دیسانەوە ئەگەر وەتەنفرۆش و هاودەستەكانی ئەنگلو ئەمەریكا لە كوردستاندا و لە جەبهەی مەهابدا و رەزائییەدا لەناو لەشكری دیموكراتیدا بە فعالیەتێكی زۆر خیانەتیان نەكردبا و هەندێ لە عەشایەریان بە دۆلار هەڵنەخەڵەتاندبا و بە ئیستفادەكردنیان لە عەناسری خراپ لە مەیدانیان دەرنەهێنابان. دیسان لەشكری تریاكچی شاهەنشاهی بەچەك و سلاحی ئەمەریكا و لە مقابل بە لەشكری قارەمانی ئێمەدا، ڕانەدەوەستا.

٦ - لەشكری ئیرتجاعی ئێران لە مانگی مارتی ساڵی ١٩٤٧ دا لەهەرسێ جەبهەكاندا مقابل بە هێرشی قارەمانانەی بارزانییان، مەغلووب و تووشی خەسارەتی بێ نەزیر بوو.

ئاغا ئەنگلو ئەمەریكاییەكان، كە دییان لەشكری ئێران وەزعییەتی خراپ و لە هەڵاتندایە، ئەمریان دایە عێراق و تورك و لەشكری نۆكەرانی تازەیان هێنایە مەیدان و بەبێ شەرم و حەیا ئەوانە لە داخلی سنووری ئێراندا بە هجوومێكی وەحشییانە ژن و منداڵی بارزانییان بۆمباردمان كرد و لە عەینی زەماندا قواتی دیموكراتییان خستنە محاسەرەیەكی سیاسی و ئیقتیسادی و لە بەعزێ عەناسری خائین و وەتەنفرۆشیان ئیستفادە كرد، كە بەهۆی ئەوانەوە عەكسی تەبلیغیات و پلانەكانی خۆیان بەجێ هێنا.

٧ - ئەمانە تەنیا بەعزێ میسالن، كە بەرعەلەیهیی حەرەكاتی ئازادیی ئێمەدا تەئسیری شوومی ئیمپریالیزممان نیشان دەدات.

٨ - بۆ هەموو دونیا ئاشكرایە، كە لە بەینی میللەتی ئێران و تورك و عەرەب لە تاریخێكی زۆر دوورەوە لەسەر ئیختلافاتی ئەرازی و مەزهەبی و قەومی، دوژمنایەتییەكی زۆر بە قووەت هەیە و حەلبوونی مومكین نەبووە بەڵام هەمیشە كە مەسئەلەی كورد و ئازادیی كوردستان دێتە مەیدان ئەم سێ دەوڵەتانە وەكۆ برا بەرعەلەیهیی ئازادیی كورد ئیتفاقی جنایەتكارانە دەبەستن.

كەوابێ سەبەبی ئەوە چییە كە ئەم سێ دەوڵەتانە، كە بە درێژاییی تاریخ لە بەینی خۆیان دوژمنن، بەڵام لە زەمان و ئەحواڵی موختەلەفدا بەرعەلەیهیی میللەتی كورد، كە

هەمیشـە حەزی لە دۆسـتایەتیی ئەوان و ئەمـن و ئاسـایش و ئـازادی دەکـات ئیتیفـاق دەبەستن؟

وابزانم هەرچەندە بەعـزە ئەسـبابی خسووسـی و غەیـرە سـابتیش هەبـێ، بەڵام عـاملی هەرە مــوهیم کە لەژێــر پەردەدا یــاری دەکــا عاملێکیدیــە، کە ئەوەش سیاســەتی جنایەتکارانە و شوومی ئیستعمارە.

ئەم سیاسەتە خائنەی ئیستعمار لە هەرچـی بەرگ و شـکلێکدا بێـت خـۆیەتی کە هەیە، ئەوەی کە دەبێتە سەبەبی تێکـدان و غەسـبکردنی ئـازادی و ئەسـیرکردنی مللەتـان هەر عەینی ئیستعمارچییە کە زۆر دەمێکە دەیناسین و لەگەڵمان ئاشنایە.

لەبەر ئەوە واجبـی مـوهیمی حزبـی دیمـوکراتی ئـێمە ئەوەیە کە هەمیشـە لە هەمـوو موناسەبەتێکدا پیلانی جنایەتکارانەی ئیستعمارچییانە ئیفشا و تێك بدەین.

٩ - براکانم، یەکێ لەو نیشانانەی کە ئـێمە زۆرتـر بە مەقسـەدمان دەگەیەنـێ ئەوەیە، کە لە پاش شەڕی گەورەی دووەمی دونیا لە شەرق و غەربدا دەوڵەتانی دیموکراتی تازە هـاتنە وجـوود کە بە یەکەتـی و پێشـکەوتن و مەدەنییەتـی خۆیـان خەلقـی دونیایـان خسـتە حیرەت و نەزەری ئەوانی بۆ خۆ جەلب کرد.

لەلایەکی ترەوە دوژمنی هەرە گەورەمان، کە ئیرتجاع و ئیستعمارە زەعیف بـووە و خەریکـی ڕووخانە.

بینای پیرە ئیستعمارچی ئینگلیزیش لە لەرزین و ڕووخاندایە کەوا بەرەو مردن و قەبر دەڕوا.

هەروەها ئیمپریالیزمی ئەمەریکا خەریکە جـێگەی ئینگلیـز بگـرێتەوە هەم لە تـاکێکی ئیسـتعماردا زەعـیفە و هەم زۆر بە دوور کەوتـووە و تـاخیر بـوو، چـونکە ئیمپریـالیزمی ئەمەریکا خەریکی سیاسەتی شوومی ئیستعماریی خۆی بەهـۆی دۆلارەوە پـێش بخـات بەڵام هەرچی وڵاتێك، کە تا ئێستا دۆلاری ئەمەریکای داخل بووە لەگەڵ خۆی ئەسارەت و فەقیری و برسـیەتی و ڕووتـیش داخـل کـردووە بە عەلاوەی ئەوەی بە گـۆرەی قـانوونی ئینکیشـافی تەبـیعەت ئیـدی سیاسـەتی ئیسـتعمار لە مەحـو و نابوودبوونـدایە، کە بەوەش حەلبـوونی مەسئەلەی ئازادیی ئێمە قەتعییە و بێ شوبهەیە.

باسـێکی موختەسـەر لە وەزعیەتـی سیاسـی و ئیقتیسـادی و ئیجتماعـی کوردسـتانی ئەمڕۆمان:

١ - ئەوەلەن: کـوردانی تورکیـە، کەلەژێـر زوڵـم و فشـاری وەحشـییانەی تەبەقەی حـاکمی فاشیستی تورکیەدا لەژێر تەهدید و ترسێکی بێ نەزیر دەژین.

دەتوانین ئەوانە وەکو لە حەپسخانیەکی تاریك، کە هیچ ڕووناکییان بۆ ناچێ وە لەلایەن دڕندەی وەحشی فاشیزم محافەزە دەکرێن، حسابیان بکەین.

لەناو ئەواندا هیچ نەوعە تشکیلاتێکی نهێنی وەیا عەلەنی نییە، بەڵام ئەو جوانانەیەکورد کە وەختی خۆی بۆ تورکیە و سوریا هیجرەتیان کردووە و لە سوریادا حزبی (دیموکراتی کوردیان) تەشکیل داوە توانیویانە بەعزێ ئەفکاری سیاسیی خۆیان لە کوردستانی تورکیەدا و بەتایبەتی لە مەنتیقەی دیاربەکردا لە بەینی خوێندەواران و روئەسای کورددا بڵاو بکەنەوە.

هەروەها حزبی (ئازادی)، کە لە بارزاندا تەشکیل کراوە و حزبی دیموکراتی کوردستان کە لە ئێران تەشکیل درا توانیویانە بەعزێ ئەفکاری سیاسی لەناو کوردستانی تورکیە، کە نێزیکی سەر حەدی کوردستانی ئێران و بارزانە بڵاو بکەنەوە.

لە نەتیجەی حوکمی فاشیزمی تورکیە و ئەو جنایەتە وەحشییانەی تورکیە، کە لە کوردستاندا کردوویەتی و بە ئیجباری هەزاران کوردیان بۆ وڵاتی دووری تورکی تەبعیدی کردوون، ئێستا لە تورکیەدا تەبەقەیەکی تازەی کورد لە کارگەران و خوێندەوران لەناو کوردی تورکیەدا هاتووەتە وجوود، کە ئەم تەبەقەیە هەمیشە لە هەموو لەحزەیەکدا زۆر بە ئیشتیاقەوە چاوەڕێی فرسەت دەکەن، کەبۆ نەهزەتی کورد تەشکیلایەتی وەتەنی و دیموکراتیی خۆیان دامەزرێنن.

٢ - دووەم: حاڵی کوردانی عێراق تا دەرەجەیەك لە حاڵی کوردانی تورکیە و ئێران باشترە، سەبەبی ئەوەش ئەوەیە، کە لە لایەکەوە ئەو ترس و تەهدیدەی کە هەمیشە حزبەکانمان بەرعەلەیهیی حکوومەتی عێراقی نیشان داوە. و لەلایەکی تریشەوە لە نەتیجەی ئەو کۆمەك و یارمەتییەی، کە ئەحزابی کۆمۆنیست و دیموکراتی وەتەنیی عەرەب، کە لە عێراق و عەرەبستان تەشکیل کراون بۆ تەئییدی تەڵەباتی ئێمە و نەهزەت و پێشکەوتنی کورد بەرعەلەیهیی ئیستعماری بێگانە، نیشانیان داوین.

لەو حزبانەی کە هەمیشە کۆمەکیان پێ کردووین دەتوانین ناوی حزبی کۆمۆنیستی عێراق و حزبی دیموکراتی وەتەنی و حزبی میللەت و یەکەتی کارگەران و سائرە بینین، کە لە نەتیجەی ئەم سەبەبانە حکوومەتی عێراق و ئاغا ئینگلیزەکانیان بۆ هەڵخەڵەتاندنی بەعزێ ئینسانی سادە و بۆ ساکتکردنی ئەعسابی کورد تا دەرەجەیەکی موعەیەن تەسهیلاتیان نیشانی میللەتی کورد داوە.

جگە لەمانە لە کوردستانی عێراق ئەحزاب و تەشکیلاتی سیاسیی نهێنی و عەلەنی هەیە، کە لەمانە لە تەشکیلاتی عەلەنیی وەکو حزبی دیموکراتی وەتەنی و حزبی یەکەتیی کارگەران، کە لە شارەکاندا تەشکیل کراوە و تەشکیلاتی خەلقی عێراق.

و لە تەشکیلات و ئەحزابی نهێنی وەکو حزبی دیموکراتی ئێمە، کە لەم زەمانی ئاخرەدا لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی کورد بوون بەیەك حزب و حزبی رزگاریی کورد.

ئەو هەمـوو حزبـانەش لە ئەوەلەمـین مەرحەلەی موبـارەزەی خۆیانـدا هەموویـان یەك ئامـانج و یەك غایەیـان هەیە، کە ئەوەش نەهزەتـی میللـەتی کـورد و بەرعەلەیهیـی ئیستعمار موبارەزەکردنە.

٣ - سێیەم: کە بێینە سەر حـاڵی کوردسـتانی ئێـران دەبینـین کە لەپـاش تەواوبـوونی شـەڕی ئاخریمان کە زدی ئیرتجاعی ئێران بوو ئەو جنایەتی وەحشییانە و تیرۆرەی کە دەوڵەتـی ئیرتجـاعی تـاران لە کوردسـتاندا کـردی و دەیکـا هەتـا دەرەجەیەك کوردسـتانی سـاکت کردووە.

بەڵام دەبێ زۆر چاك بزانین کە ئەو جنـایەت و تیـرۆر و ئیعـدام و حەپـس و تەبعیـد و تاڵانەی کە دەوڵەتی ئیرتجـاعی ئێـران لە کوردسـتاندا دەیکـا و ئەو عەکسـی تەبلیغـاتەی کە جاسووس و خائینانی وەتەنفرۆش و بە وەسیلەی دۆلار و زێری ئەمەریکـاوە دەیـکەن، ڕەدی موبارەزەی کوردی ئێرانی سەد قات زیاتر کردووە و ئەو هەمـوو دێهـاتی و کرمـانج و عـالم و ڕەئـیس و گەورەی وەتەنـپەروەری کـوردی ئێـران، چەك و سـیلاحی خۆیـان لە چیاکانــدا شـاردووتوە و زۆر بە ئیشـتیاقەوە بەرعەلەیهیـی ئیسـتبداد و زوڵـم و لە پێنـاوی نەهـزەت و پێشکەوتنی کورد بۆ موبارەزەیەکی قەتعی چاوەڕێ فورسـەت و ڕۆژی موبـارەزە دەکـەن کـە ئەمجارە بۆ وەرگرتنی ئینتقامی عادلانە لەگەڵ ئیستعماری جنایەتکـار و ئیرتجـاع هـیچ جـۆرە مجامەلەیەك و ڕەحم ناکەن.

بەتەبیعەت ئاشکرایە، کە لە دونیادا هیچ میللەتێك نییە چەند کەسـێکی وەتەنفـرۆش و خائنی تێدا هەڵنەکەوێ، هەروەها لە کوردستانیش ئەمساڵی عـومەر خـانی شـکاك و نـووری بەگ و مـام عەزیـز و عەلـی ئێلخـانی و مـحەمەد ئاغـای عەباسـی خـائین و وەتەنفـرۆش هەڵکەوتووە، بەڵام ئەمانە لە بەرامبەر کرمانج و دێهاتی و رەئـیس و گەورەی وەتەنـپەروەری کورددا حائیزی هیچ جۆرە ئەهمییەتێك نین.

هەمووتان دەزانن کە کوردستانی ئێستای ئێمە لەم تەبعانەی خوارەوە تەشکیل دەبێ:

١ - دێهاتی و کرمانجی کوردی، کە گەورەترین تەبەقەی میللەتی کورد تەشکیل دەکەن.

٢ - باسەواد و خوێندەواران، کە ئەمانەش لە عالمانی دین و موعالیم و تەڵەبە و مەئمـوورینی گچگەی حکوومەت عیبارەتن، تەبەقەیەك تەشکیل دەکەن.
٣ - کارگەرانی کورد، کەلەشارە گەورەکانی کوردستاندا وەکو شاری کرمانشا و دیاربەکر و وان و مووسڵ دەژین، تەبەقەیەکی کەم تەشکیل دەکەن.
٤ - ساحیبی سنعەتانی گچکە، کە ئەمانەش تەبەقەیەکی زۆر کەم تەشکیل دەکەن.
٥ - ئاغا و روئەسای عەشائری کورد، کە ئەمانەش تەبەقەیەك تەشکیل دەکەن.
٦ - توجار و بەقاڵەکان، کە ئەمانەش تەبەقەیەك تەشکیل دەکەن.

بەم جۆرە قسمێکی گەورەی کوردستانی ئـێمە لە مەرحەلەی دەرەبەگ و فیۆداڵـدایە و قسمی دووەمیش لە مەرحەلەی بورژوازیدایە.

بە عومومییەت میللەتی کوردی حاڵی حازر بە کوللی تەعەسوب ئیحترامی عەنعەنـات و عاداتی قەومیی خۆی دەگرێ، لەو بابەتەوە مەسەلان کورد ئیحترامـی ڕەئیسـەکانی خۆیـان و بەتایبەتی بە ئیخلاسەوە ئیحتیرام و ئیتاعەی ئەو ڕەئیسانەیان دەکەن، کە لە ڕێـی کورسـتاندا فیداکارییان کردووە و سەریان لەبەر دوژمن نەچەماندووەتەوە و محافەزەی پاکیی ئەخلاقـی ژن و ئیحترامی مێوان دەگرن و زۆر بە توندی محافەزەی ناو و شەرافەتی عـائیلە و قەبـیلەی خۆیان دەکەن و دیفاعی لێ دەکەن.

و عادات و عەنعەنەی خسوسیی میللەتی کـوردیش لەوەدایە، کە هەمیشـە دەیەوێ بە ڕوحێکی ئازاد و مەرد بژیت وە لە پاش ئەوەی، کە خۆی لە سەر ئیشـێك بە حەق زانـی، بـێ حەق سەر ناچەمێنێ وە بۆ ئەو قسە حەقانەی کە دەیکا وە ئەو پەیمانـانەی کە دەیـدا هەتـا مردن ئیخلاس نیشان دەدا و بەعیناد دیفاعی لێ دەکا.

و بەرعەلەیهیـی ئەو کەسـانەی خـائینن و مەسـلەحەتی کـورد لە پێنـاوی مەسـڵەحەتی شەخسیی خۆیان لە ژێر پێ دادەنێن و درۆزنن، نەفرەت و کەراهییەت نیشان دەدەن.

ئەمـانەن کە لە ڕوحیـیەت و ئەخلاقـی میللەتـی کـورد مـوهیمترینن و یەکەمـین جێگـا دەگرنەوە، کە زۆر پێویستە بە ملاحەزە بکرێن.

میللەتی کورد بە کوللی بە تەبیعەتی خۆی مائیلی قانوونی دیموکراسییە.

ئامانجی سیاسی

١ - لەگەڵ ئـازادکردنی کوردسـتانی ئێـران جمهـورییەتێکی دیموکراسـی دامەزرێ و لەلایەن مەجلیسێکی میللی بە ئازادی و بە هەڵبژاردنی دەنگی نهێنی هەڵبژێرین، ئیدارە بکرێ.
٢ - دەستی برایەتی و یەکەتی بدەینە دەسـت فـرقەی دیمـوکراتی ئازەربایجـان و بە یەکەوە بەر عەلەیهیـی ئیرتجـاعی ئێـران و ئیسـتعماری بێگـانە موبـارەزە بکەیـن و هەتـا وەکـو

خەلقی ئێران بە ئازادیی حەقیقیی خۆی و قانوونی خۆی دەگات موبارەزەکەمان بە یەکەوە دەوامی پێ بدەین.

٣ - ئەو جمهوریيەتە کوردییەی کە لە کوردستانی ئێران تەشکیل دەبێ دەبێتە ئیستنادگاە بۆ ئازاد کردنی هەموو کوردستانی گەورە.

وە ئەم جمهوریيەتە کوردییە لە عێراق و تورکیەدا هەوڵی تەشکیلدانی ئەحزابی دیموکراسی دەدا و لەو جێگەیانە حەرەکاتی ئازادی بەهێز دەکا و تاوەکو هەموو کوردستان لە زنجیری ئەسارەت و نفووزی بێگانە ئازاد دەبێ پێویستە موبارزەی خۆی دەوام پێ بدا.

٤ - حزبی ئێمە لەگەڵ هەموو ئەحزاب و تەشکیلاتی دیموکراسی و پرۆگرەسی، کەلە شەرقی ناوەنجیدا تەشکیلی هەیە، وەکو دۆست و برای هەرە نێزیکمان حزبی دیموکراتی ئازەربایجان و حزبی تودە و ئەحزابی دیموکراتی عەرەب و تورك، عیلاقەیەکی مەحکەم پەیدا بکا و کۆمەکیا پێ بکاو تاوەکو لە شەرقی ناوەنجیدا نفووزی ئیستعمار و ئیرتجاع و ڕوحی فاشیزمی مەحو و نابوود دەکا بەیەکەوە لەگەڵ ئەوان موبارەزە دەکات.

٥ - بەستنی پەیمانێکی سیاسی و ئیقتسادی لەگەڵ حکوومەتی میلليی ئێران و حکوومەتی میللی ئازەربایجان بۆ یەکێتیی جەبهەی مودافەعە بەرعەلەیهیی فشاری خارجیی موتەقابل لە پەیماندا.

٦ - بەستنی پەیمانێکی دۆستایەتیی سیاسی و ئیقتیسادی لەگەڵ حکوومەتانی دیموکرات کە حکوومەتی شوورەوی لە پێش هەموویان دێت.

٧ - بە گۆرەی وەزعی ئێستای کوردستان، بۆ دەوام پێدانی حاکمییەتی موتڵەقی دیموکراتی لە کوردستاندا، پێویستە هەموو تەبەقەکانی کورد و ئەو خەڵقانەی کە لە کوردستاندا دەژین، بەبێ فەرق و جودایی بەڕێگەی هەڵبژاردنی ئازاد لە حوکمدا ئیشتراك بکا.

ئامانجی ئیقتیسادیمان

٨ - پێویستە حاڵی میللەتی کورد بەتایبەتی دێهاتی و کرمانجی کورد، چاك و خۆش و مەدەنی بکرێ.

٩ - هەموو جەنگەڵەکان و ڕووبارەکان و ڕێگەکان و مەعادنی ژێر عەرد و بانکەکان و کۆێستانەکان و پاوانەکان، دەبێ موڵکی عومومیی میللەت بێ.

١٠ - ئەو ئەرازییانەی کوردستان، کەلە لایەن دەوڵەتە ئشغالکەرەکانەوە داگیر کراوە و کراوە بە خالیسە، پێویستە لەسەر کرمانج و دێهاتیی فەقیر تەوزیع بکرێ.

١١ بـۆ ئەوەی لە کوردسـتان تەبەقەی کـارگەران ئیجـاد بکـرێ و کوردسـتان لە مەرحەلەی دەرەبەگییەوە بە زوویی بچێتە مەرحەلەی بورژوا، پێویستە لە مەوادی خامی کوردسـتاندا ئیستفادە بکرێ و تەشجیعی سناعەت بکـرێ و بە تـایبەتی تەشـجیعی سـنعەتی ئـالات و ماشێنی زراعی بکرێ.

١٢ بۆ ئەوەی محافەزەی حقووقی دێهاتی و کرمانج بکرێ، پێویستە بەپێـی قـانوون عیلاقـەی بەینی کرمانج و ساحێب موڵك موعەیەن بکـرێ. کە بەهـۆی ئەو قانوونەشـەوە دێهـاتی و کرمانج مقابل بە زەحمەتی خۆیان قسمێکی کافیی مەحسووڵەکەیان بۆ خۆیان هەڵگرن.

و هەروەهـا پێویسـتە بـۆ کـارگەرانیش قـانوونی کـارگەر دابـنرێ، کە حقـووقی کـارگەر موحافەزە بکرێ و حەقی زەحمەت و مودەتی ئیشی تێدا دیار بکرێ.

١٣ - پێویسـتە بە قەتعـی لە کوردسـتاند شـەریکاتی ئەجنەبـی و ئیستسـمارچی قەدەغە بکـرێ و پێویسـتە عەنـاسری ئیحتکـارچی و ئینحسـارچی لە کوردسـتاندا مەحـو و نـابوود بکرێ، و لە جیاتیی ئەوان بە گۆرەی مەسڵەحەتی میللەت و لە ژێر نەزاراتـی حکـوومەتی میللی، شەریکاتی کۆپراتیڤ دروست بکرێ.

١٤ - بانکێکی مەرکەزی تاسیس بکرێ بـۆ ئەوەی کرمـانجی کـورد لە فـائیز و قەرز رزگـار بکرێ، بانکێکی زراعیش پێویستە دروست بکرێ.

١٥ - تیجارەتی داخلی و لەگەڵ دەوڵەتانی دیموکراتی تجـارەتی خـارجی و مەسـنووعاتی وەتەنی و ئیشی کۆپراتیڤ پێویستە تەشجیع بکرێ.

١٦ - هەمـوو مەعـادنی ژێـر عەرد و بەتـایبەتی مەعـدەنی نەوت پێویسـتە ئیستحسـاڵ بکرێت.

١٧ - دەبـێ جەنگەڵەکـانی کوردسـتان و زراعەت لە کوردسـتاندا و بەتـایەبتی زراعەتـی توتن لەسەر ڕێوشوێنی فەنیی تازە چاك بکرێ و لە پێناوی مەنـافعی مـیللەت ئیسـتفادە لێ بکرێ.

١٨ - پێویستە فکر بدرێتە زۆرکردن و چاککردنی جنسی مەڕوماڵاتی کوردستان.

١٩ - تەکـالیفی دەوڵەت دەبـێ لەگەڵ مەعیشـەت و واریـداتی مـیللەت موتەناسـیب و عادیلانە بێت.

ئامانجی ئیجتماعیمان

٢٠ - پێویستە لە کوردستاندا تەرەقی بە عیلم و سەواد بـدرێ و هەتـاکو سـنفی شەشـەم خوێندن دەبێ ببێتە ئیجباری و بۆ تەربییەی منداڵان دەبێ باغی منداڵان بکـرێنەوە، و بـۆ

ئەوەی ژن لە حەیاتی ئیجتماعی ئیشتراك بکا پێویستە مەکتەبی کچان بکرێتەوە و بەسەواد بکرێن.

هەروەها پێوستە لە کوردستاندا مەکتەباتی عالی بکرێتەوە وە بۆ خوێندن و عیلم وەرگرتن بۆ وڵاتانی دیموکراسی زۆر تەڵەب بنێردرێن.

وە دەبێ خوێندن بە زمانی کوردی بێت، ئەهمییەت بدرێتە ئەدەبیاتی زمانی کوردی.

٢١ - پێویستە بەرعەلەیهیی ڕوحی دەرەبەگی و ئاغایەتی و عەشیرەتی میللەتچییەتی و بەرعەلەیهیی ئیختلافاتی موزیڕ وەکو ئیختلافاتی مەزهەبی و قەومی و دینی و سائرە، موبارەزەیەکی قەتعی بکرێ.

٢٢ - پێویستە لە کوردستاندا زۆر نەخۆشخانە بکرێنەوە و دەبێ لە نەخۆشخانەکاندا نەخۆش بە خۆرایی تەداوی بکرێن، و هەروەها پێویستە بۆ ئەو نەخۆشییانەی کە لە کوردستاندا زۆرن نەخۆشخانەی عالییان بۆ بکرێتەوە بە تایبەتی بەرعەلەیهیی نەخۆشیی مەلاریا پێویستە زۆر موبارەزە بکرێ.

٢٣ - پێویستە لەژێر نەزارەتی حزبی ئێمەدا تەشکیلاتی جەوانان دروست و تەشجیع بکرێ.

٢٤ - پێویستە لەژێر نەزارەتی حزبی ئێمەدا تەشکیلاتی یەکەتیی کارگەران و یەکەتیی دێهاتی و تەشکیلاتی دی ئیجتماعی کە پێویست بێ دروست بکرێن.

٢٥ - پێویستە بە گۆرەی مەدەنییەتی عەسری تازە و بۆ نموونە دێهاتی مەدەنیی تازە، لە کوردستاندا دروست بکرێن.

٢٦ - پێویستە زمان و قەڵەم و دین و موعتەقەدات جگە لە فاشیزمی، ئازاد بێت لە کۆبوونەو.

٢٧ - پێویستە تەشکیلاتی تەربییەی بەدەن و سینەما و تیاترۆ دروست بکرێن و تەشجیع بکرێن.

٢٨ - پێویستە عەناسری ڕەشوەتخۆر و مونافیق و خودپەسند و ڕوحی مودافەعەی منافیعی خزمایەتی مەحو بکرێنەوە و موبارەزەی قەتعییان بکرێ و ئەعمالی فاحیشە و تریاك و قومار، و لە جیاتیی ئەوە تەشجیعی مەقدرەتی شەخسی بکەین و بۆ گەیشتنی مەناسیبی گەورە و پێشکەوتنی ئەوانەی، کە لە پێناوی مەسڵەحەتی عمومیی میللەت فیداکاری و ئیخلاس نیشان دەدەن، کۆمەکیان پێ بکەین.

ئامانجی عموومیمان

٢٩ - بۆ ئەوەی کوردستانی ئازاد مودافعە بکرێ پێویستە و فەرزە لەسەر هەموو فەردێك کە لە کوردستاندا دەژیت مودەتێکی موعەیەن تەعلیماتی عەسکەری ببینێت و خدمەتی عەسکەری بکات.
٣٠ - پرۆگرام و مەناهجی حزبی ئێمە بە شەرتی محافزەکردنی ئەساسی دیموکراسی بە گۆرەی وەزعی سیاسی و ئیقتصادی و ئیجتماعیی کوردستان پێویستە بەپێی زەمان ئیسلاح و گۆڕینی مومکین بێت.
٣١ - حزبی ئێمە پارێزگاری لە مەسالحی هەموو تەبەقاتی میللەتی کورد ئەکات، بۆیە لە هەموو ئەسنافی ئاغایان و کرمانجان و توجاڕان و کارگەران و ڕۆشنفکران و خوردەمالکان و سنعەتکاری بچووك ئەگرێتەوە، وە هەموو ئەو ئەسنافانە کۆ دەکاتەوە لە ژێر یەکەتیی جەبهەی ئازادیی نیشتمان مودافعەی مەسالحی موشتەرەکی هەموو تەبەقات.

موبارەزە لەبەینی تەبەقاتدا لە کوردستاندا لەژێر رەهبەریی ئەم حزبە جائز نییە.

٣٢ - حزبی ئێمە حزبێکی پرۆگراسیڤە لە ماهییەتدا هەروەکو لە بەرامج و تاکتیدا بەدەر دەکەوێت.
٣٣ - لە نەتیجەی ئەم مووبارەزەی قەتعیی ئێمەدا پێویستە شکلی ئەو حاکمێتیی موتڵەق دیموکراسی کە لە کوردستاندا دادەمەزرێ، لە مەناهیج و پرۆگرامی حزبی ئێمەدا نیشان بدرێ و هەر ئەوەشە ئێمە دەتوانین تەئمینی مەنافیع و رەغبەتی حەقیقی و ئازادی میللەتی کورد بکەین. بێجگە لەوە هەرچی نەوعە حاکمییەتێك لە ژێر پەردەی دیموکراسی و بە ناوی ئازادی، کە لە نەتیجەی فیکر و خەیاڵی مەنحووسی ئیمپریالیزمانەوە لە کوردستاندا دادەمەزرێ، بەرعەلەیهیی مەنافعی کوردە، کە زیاتر دەیەوێ میللەتی کورد لە ژێر زنجیرەی ئەسارەتدا پان بکاتەوە.

کەوابێ واجبی ئێمە ئەوەیە، کە هەرچی نەوعە تەشکیلاتێك وەیان حاکمییەتێك کە ئیلهامی لە حزبی ئێمەوە وەرنەگرتبێ و لەسەر ئەساسی دیموکراسی لەژێر رەهبەرییەتیی حزبی دیموکراتیی ئێمە دانەمەزرێ، ئەو حاکمییەتە و یا تەشکیلاتە پوشالییە ئیختراعی ئیمپریالیزمی مەنحووسە و بەرعەلەیهی مەنافعی کوردە، پێویستە لەسەر ئێمە موبارەزەی ئەو نەوعە تەشکیلات و حاکمییەتە پوشالییانە و هەموو پیلانەکانی تری ئیمپریالیزمی بکەین.

خوڵاسە

ئەمە لە بابەت تاریخی کورد و ئەو عامیلانەی موهتەم، کە بوونەتە مانیعی نەهزەت و مەدەنییەتی کورد و وەزعییەتی حاڵی حازری کوردستان تەنیا شتێکی موختەسەرە، کە لە

نەتیجەی شەخسیی خۆمدا و لە مەعلووماتانەی کە لە موبارەزەکانی دوور و درێژی ژیانمدا بەدەستم کەوتبوو و بە خەیالمدا هات ئێستا بۆ ئێوەم شەرح دا.

بە تەبیعەت هیچ شوبهە ناکەم، کە ئێوەش هەر یەکێکتان لە نەتیجەی تەجربەی شەخسیی خۆتان مەعلووماتی زۆرتان هەیە.

لەبەر ئەوە خاهیش دەکەم لێرەدا ئێوەش هەر ڕایەك، کە هەتانە شەرحی بدەن کە ئێمە لە نەتیجەی مناقەشەوە بە گۆرەی مەسڵەحەت و مەنافیعی کورد بگەینە نەتیجەیەکی معەیيەن و ئاشکرا چونکە هەر ئەوەیە کە تەعینی خەتی حەرەکەتی ئەساسیی حزبی ئێمە دەکا.

و لە جەلسەی ئایندەماندا دەخرێتە تەسویت و لەپاش قەرارادان شکڵی پرۆگرام و مەناهجی حەقیقی وەردەگرێ وە عەمەلی پێ دەکرێ.

و لە جەلسەکانی دیکەماندا نیزامی داخلیش مناقەشە دەکرێ.

و ئێمە لە خوای گەورە دوعا دەکەین، کە ئێمە بۆ گەیشتنی غایەکەمان موەفەق بکا.

ئێمە لەژێر شیعاری:

وەتەنی ئازاد و میللەتی خۆشبەخت موبارەزە دەکەین

سڕی عەقیدەی غالببوونمان لەوەدایە، کە موبارەزەی ئێمە حەقە و بۆ مەنافعی میللەتەکەمان و ئینسانییەتە.

پەیمانی ئێمە بۆ میللەتی کورد:

ئەی میللەتی کوردی مەزلووم و فیداکاری، ئێمە بە شەرافەتی مەبادئی دیموکراسیمان و پاکیەتیی ڕوحییەتی نیشتمانپەروەریمان عەهد و پەیمان دەدەین کە شەریکی ژیان و ئاسوودەیی نەبین تاکو حقووقی داگیرکراوت بۆت ئیعادە بکەینەوە.

و لە ڕێگەی نەجاتبوونت لە زوڵم و سەرگەردانیی ئەسارەتی حوکمی بێگانان لە نفووزی شوومی ئیستیعمار و سەرنەکەوتنی کۆنەپەرستی، کە هێز و هیممەتمان خەرج بکەین.

وەعد و پەیمان بێت کە قازانجی مەسڵەحەتی شەخسیی خۆمان بکەینە قوربانی مەسڵەحەتی عموومیی تۆ، و هەموو حەز و مەیل و ڕەغباتی خۆمان بکوژین بۆ دەرخستن و بووژاندنەوەی مەقسوود و ئامانجی بەرزی تۆ، بۆ تەقوییەتی یەکەتیی ناوەخۆیی و پێشخستنی نەهزەی میللیی نەتەوەی کورد.

هەروەکو تا ئێستا نیشانما داوە لە مەیدانی موبارەزەی میللیدا هەموو بەرنامە و

تەعەهوداتی ئێمە كار و تێكۆشین و خەدەماتی فیعلی بووە و هەمیشە ئێمە دوور بووین لە گوتەی بێ سەمەری پروپوغاندەیی نەزەری.

نەتائیجی خەدەمات و فیداكاریی ئێمە لە ژێر شەرائیتی گران و تەجاروبی سەختدا لە تاریخی موبارەزەی دوور و نێزیكی ئێمە بۆ هەموو كەس مەعلووم بووە لە كوردستاندا.

چاندنی ڕەگی نیشتمانپەروەری و داگیرسانی پرشنگی ئازادیخواهی لەناو هەموو تەبەقاتی میللەتی كورد یەكێكە لەو نەتائیجانە.

و ئەگەر لە شاخ و داخ و دەشت و جەنگەلەكانی كوردستان بگەڕێین، لە هەموو جێگەیەك ئاساری موبارەزە و مودافەعە و حەرەكاتی شۆڕش و ئازادیمان دەبینین وەكو سەنگەر و خەندەق و قەبرستانی شەهیدانمان، لەمە زیاتر چی هەیە كە ئیسپاتی ڕاستیی پەیمانمان بكات؟

ئەمە هەر واجبی خۆمانە مەوتنی شیعاری ئێمە لێرەدا: نیشتمانێكی ئازاد و گەلێكی بەختیار.

ئەی ڕوحی شەهیدانی پاك و بێ گوناه سووندتان بۆ دەخۆین، كە ئەو موبارەزەیەی ئێوە بە قارەمانی دەستتان پێ كرد و لەو ڕێگەیەدا خۆتان فیدا كرد، ئێمە تەواوی بكەین.

و تۆڵەی ئەو خوێنە پاك و خۆشەویستەتان، كە لە ڕێی حەق و ئازادیدا ڕشتتان بە ئینتقامی عادیلانە لە خوێنمژ و فاشست و ئینشغالكەرەكان بستێنین، تاكو بۆ دونیا ئیسپات بكەین، كە ئێمەش لە نەتیجەی قارەمانیی بێ نەزیر و ئیمان بەرزیی ئێوەدا، بووین بە خاوەن ڕوحییەتێكی بڵند و شعوورێكی ڕووناك، كە بەوەش هەقمان هەیە بڵێین ئێمەش نەتەوەی ئەو قارەمانانەین و سەری میللەتی كوردیش لەناو میللەتانی دنیا بەرز بكەینەوە.

و ئەگەر خوێنی موبارەكی ئێوە بۆ نرخی ئازادیی میللەتی كورد هێشتانە كەم بێت، بە دڵێكی شاد و شعوورێكی پڕ ئیفتیخار حازرین خوێنی خۆشمان عەلاوە بكەین تاكو بۆ نەتەوەتان ئازادی و خۆشبەختی تەئمین بكەین، سەرمەشق و نیشانی ئێمەش لێرەدا ئەمەیە:

بە تۆڵەی عادیلانە یادی شەهیدانمان دەكەین.

ئەی میللەت ئێمە قەول و پەیمانت پێ دەدەین، كە لەسەر ئەساسی دیموكراسیی ڕاست عەدالەتی ئیجتماعی لە كوردستاندا دامەزرێنین و بەبێ فەرق و جودایی ئیحتیرام و حقووقی هەموو تەبەقەكان، عەشائری كورد، تەوائیف و هەموو میللەتانی غیر كورد لە كوردستاندا بپارێزین.

و هەرچی كەسێك ڕووحییەتی دوژمنایەتی و ئینتقامی بەرامبەر ئەشخاس و یا

تەبەقەیەك و یا عەشیرەتێك و یا جەماعەتێك و یا میللەتێك نیشان بدات ئەوە بەبێ شـك بەر زدی مەبادیێ و سیاسەتی حزبی ئێمەیە، پێویستە بەربەرەکانێ بکرێـت.

حزبی ئێمە تەنیا یەك دوژمنی هەیە، کە ناگۆڕێت و لەگەڵـی ئاشـت نـابێتەوە، ئەویـش ئیستیعماری بێگانەیە.

ئێمە پەیمانتان دەدەین، کە مەجالی هەموو تەبەقات و عەشائر و میللەتان بـدەین ..... پێ بکەین کە بەر عەلەیهیی ئیستیعمار یەك بگرن و پێکەوە لەیەك جەبهەدا موبارەزە بـکەن و لەپاش .... لەسەر هێزی ئیستیعمار شرکەتی فعلی بکەن لە حوکمداری میللی، نیشانی ئێمە لێرەشدا ئەوەیە:

١ - هەمووتان دەزانن کە حزبی ئێمە حزبی ئەم ڕۆژ نییە کە تازە تەشکیلی بـدەین، چـونکە لە پێش دەساڵە لە مەهاباد تەشکیل بوو و بڕوانامە و نیزامنامەی مەعلووم بوو.

٢ - بەڵام مەعلوومتانە لەپاش هێرشی خیانەتکارانەی قەوامولسەڵتەنە ١٢/ دیکابر ١٩٤٦ (٢١ ئازەری ١٣٢٥) کۆمیتەی مەرکەزیی حزبی تێك چوو و قسمی ئەکسـەرییە لە تەشـکیلاتی حزب تێکدرا. بە نەتیجەی تەسلیمبوونی ئەکسەرییەتی ئەنـدامانی کـۆمیتەی مەرکەزی و بڵاوبوونەوەی تەشکیلاتی حکوومی لە ناوچەی مەهاباد.

لەپاشی ئەوە بـوو کە ئـێمە تـوانیمان لەژێـر شـەرایتێکی زۆر گرانـدا هێـزی دیمـوکراتیی ڕزگـاریی کوردسـتان تەشـکیل بـدەین لە مـودەتی ٦ مانـگ لە مقابـل هێرشـی دوژمـن، کوردستان ئازادی مودافەعە کرد.

و بە مناسەبەتی تەغییری مەواقیفی سیاسەتی خـارجی و تێکچـوونی تەشـکیلات داخلـی کوردستان، کۆنگرەیەك تەشکیل درا لە نمایندانی مەناتقی کوردستان وەکـو (سەردەشـت، لایجــان، نەغەدە، شــنۆ، دۆڵــی بەرانــدێزی، مەرگەوەر، تەل گەڤەر، لە شــنۆ ڕۆژی ١٩٤٧/١/١٥ ) (١٣٢٥/١٠/٢٦).

ئەم کـۆنگرەیە بەعـزێ قەراراتـی قەبـووڵ کـرد و بەرنـامەیەکی تـازەی دانـا بـۆ ئەوەی معالەجەی مەوقیفی تازە ئەم مقەڕاراتانە و بەرنامەیە لەسەر ئامانجی سیاسـی – ئیقتیسـادی – ئیجتماعی و عومومی تازەمـان دیـار دەکـرێن، کە بەعـزێ تەغیـرات لە بەرنـامجی حزبـی ئەسڵی نیشان ئەدات.

سـورەتێك لەم مقەڕەڕاتـی کـۆنگرەی شـنۆ بە زمـانی ئەجنەبـی تەرجەمە کـراوە و بـۆ ڕەفیقەکانمان لە ئێران ناردراوە بۆ مەعلومات لە ڕۆژی ١٩٤٧/١/٢٠.

پێویستە ئەم معلوماتانە ئیعلان بکەن.

ئامانجەکانمان

لەو هەموو مەوزووعانەی، کە تا ئێستا بۆ ئێوەم تەفسیڵ کرد ئیستنتاجی بەعزێ ئامانج دەکەم کە بە پێویستی دەزانم حزبەکەمان لە ئەوەلین مەرحەلەی موبارەزەکەیدا ئەم ئامانجە لە نەزەر بگرێت.

# سەرچاوە و پەراوێز

١ - بڕوانە: مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد ١٩٣١-١٩٥٨، بەرگی یەکەم، (هەولێر ـ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ ٢٠٠٤ز)، ل ل ١٩٤ - ٢١٦.
٢ - هەمان سەرچاوە، ل ل ٢١٧ تا ٢٣٠.
٣ - زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، بیرەوەریەکانم لە سالانی ١٩٤٣ - ١٩٧٧دا، (سلێمانی - چاپخانەی ڕەهەند ـ ٢٠٠٢ز)، ل ل ١٦٠ ـ ١٦٢.
٤ - حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني ـ العراق (في محطات رئيسية) ١٩٤٦ ـ ١٩٩٣، (دهوك ـ مطبعة خەبات - ١٩٩٨م)، ص ٣٩؛ مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٢١ ، ٢٣٠.
٥ - شيركو فتح الله عمر، الحزب الديمقراطي الكوردستاني و حركة التحرر القومي الكوردية في العراق ١٩٤٦ ـ ١٩٧٥، (السليمانية - وزارة الثقافة في حكومة اقليم كوردستان ـ مطبعة رون ـ ٢٠٠٤م)، ص ص ٩٩ ـ ١٠٠، ١١٣.
٦ - مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٣١ ، ٢٣٣؛ زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٨٣ تا ١٩٣
٧ - مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٤.
٨ - ميهڤان محمد حسين رشيد البامرني، سياسة الاتحاد السوفيتي تجاه الحركة القومية الكوردية في كوردستان الجنوبية ١٩٤٥ ـ ١٩٦٨، (أربيل ـ مؤسسة موكرياني للبحوث و النشر ـ ٢٠٠٨م)، ص ١٠٩.
٩ - مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٤؛ زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٩٤-١٩٥.
١٠ - مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٣٥-٢٣٦.

*- ئەم دەقە وەك خۆیی و بەبێ دەستکاری زمانەوانی، لە کتێبی: مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد ١٩٣١-١٩٥٨، بەرگی یەکەم، (هەولێر ـ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ ٢٠٠٤ز)، وەرگیراوە.

# کۆنفرانسی بەغدای پارتی دیموکراتی کوردی عێراق

## سەرەتای ١٩٥٠

لە ٦ی کانونی دووەمی ١٩٤٩دا کابینەی نوری سەعید لە عێراق دەستبەکار بوو، ئەم کابینەیە بە جاڕدانی یاسای عورفی، زەبری لە گشت حزب و ڕێکخستنە نهێنی و نیشتیمانییەکاندا. پارتی دیموکراتی کوردیش لەم زەبرە بێبەش نەبوو. هەمزە عەبدوڵای سکرتێری پارتی دیموکراتی کورد لە سلێمانی گیرا و برایە بەغدا، دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کورد ڕەگەزنامەی عێراقی لێ سەندرایەوە و بۆ ئێران دوورخرایەوە، ئیبراهیم ئەحمەد بەرپرسی لێژنەی ناوچەی سلێمانی و عومەر مستەفا بەرپرسی لێژنەی ناوچەی بەغدا بە دوو ساڵ زیندانی بەند کران، ڕەشید عەبدولقادر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کورد سزای سێ ساڵ بەندکردنی بە سەردا سەپا، هەروەها عەونی یوسف ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کورد سزای یەك ساڵ و نیوی بە سەردا سەپا. ژمارەیەکی تریش لە ئەندامە چالاکەکانی پارتی لەوانە نوری ئەحمەد تەها، ساڵح دیلان، حلمی عەلی شەریف و غەفور ڕەشید داراغا دەستگیرکران و حوکم دران، ژمارەیەکیش لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لەوانە ساڵح یوسفی و ڕەشید باجەلان وازیان هێنا، بەمەش ڕێکخستنەکان سستییان تێکەوت[١].

لەو بارودۆخەدا، لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٠ دەستەیەك لە ئەندامانی حزب، لەوانە: عەلی عەبدوڵا (ئەندامی مەکتەبی سیاسی)، بەکر حاجی ئیسماعیل، عەبدولکەریم تۆفیق، محەمەد ئەمین مەعروف و عومەر حەبیب عەبدوڵا) بە سەرپەرشتی کاکە زیادی کۆیە (جێگری دووەمی سەرۆکی پارتی)، هەوڵیاندا کۆمیتەیەکی ناوەندیی کاتی دروستبکەن و حزب ڕێکبخەنەوە و ڕێگە بۆ کۆنگرەی گشتیی حزب خۆشبکەن، بەڵام ئەم کۆمیتەیە نەیتوانی ئەرکەکانی جێبەجێ بکات[٢].

لەوکاتەدا لێژنەی ناوچەی بەغدا چالاکتربوو، بۆیە بڕیارەکانی کۆبوونەوەی کۆیەی پەسەند نەکرد و ڕاستەوخۆ داوای بەستنی کۆنگرەی گشتیی کرد، بەڵام لەجیاتی کۆنگرە، کۆنفرانسی گشتی حزب بەسترا. بە ئامادەبوونی نوێنەرانی سلێمانی، بەغدا، هەڵەبجە، کەرکووک، موسڵ و کۆیە، هەروەها بە ئامادەبوونی عەلی عەبدوڵا و عەونی یوسف وەك دوو لە ئەندامانی سەرکردایەتی، کۆنفرانس دەستی بە کارەکانی کرد. لەم کۆنفرانسەدا سەرکردایەتییەکی کاتی لاواز پێکهێنرا کە بریتیبوون لە: عەلی عەبدوڵا، عەونی یوسف، عەلی حەمدی، ساڵح ڕوشدی تاهیر، مستەفا کەریم غەفور، محەمەد موسا سادق و نوری محەمەد ئەمین[٣].

سەرکردایەتی کاتی نوێ بێجگە لە عەلی عەبدوڵا، ئەوانی دیکە زۆربەیان توانای کارکردنیان نەبوو، ساڵح ڕوشدی و مستەفا کەریم لە حزب هەڵگەڕانەوە، محەمەد سادق هیشتا قوتابی قۆناغی ناوەندیی بوو، نووری حەمەدەمین وازی هێنا، بۆیە ئەم کۆنفرانسەش نەیتوانی ئامانجەکانی بپێکێت[٤].

## سەرچاوە و پەراوێز

١ - حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني ـ العراق (في محطات رئيسية) ١٩٤٦ ـ ١٩٩٣، (دهوك ـ مطبعة خەبات ـ ١٩٩٨م)، ص ص ٤١، ٤٢؛ نامەی جەلال تاڵەبانی (پیرۆت) بۆ: سەركردە جەنەراڵ مستەفا بارزانی و هاوڕێی خۆشەویست میرحاج ئەحمەد، (١٩٥٥/١٠/٥ – پەكین)، مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی كورد ١٩٣١-١٩٥٨، بەرگی یەكەم، (هەولێر ـ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ ٢٠٠٤ز)، بەڵگەنامەی ژمارە ٧، ل ٤٤٧؛ سەلاح رەشید، مام جەلال دیداری تەمەن لە لاوێتییەوە بۆ كۆشكی كۆماری، (سلێمانی – چاپخانەی كاردۆ – ٢٠١٧)، ل ٥٣.

٢ - حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص ٤٢؛ نامەی جەلال تاڵەبانی (پیرۆت) بۆ: سەركردە جەنەراڵ مستەفا بارزانی، سەرچاوەی پێشوو.

٣ - هەمان سەرچاوە.

٤ حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص ٤٢.

# کۆنگرەی دووەمی پارتی دیموکراتی کوردی عێراق

## ئاداری ١٩٥١

دوای ئەوەی پارێزەر حسێن جەمیل پۆستی وەزارەتی دادی وەرگرت، کەشێکی لەباری سیاسی لە عێراق هاتە ئاراوە و زۆربەی زیندانییە سیاسییەکان ئازاد کران. لەم چوارچێوەیەشدا زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی و کادیرانی پارتی دیموکراتی کورد، وەك هەمزە عەبدوڵا، عەونی یوسف، جەلیل هۆشیار و ئیبراهیم ئەحمەد کە لە بەندیخانەکاندا بوون، ئازادکران[١].

لە لایەن زۆرێك لە ئەندامانی پارتی گومان لە چۆنیەتی ئازادکردنی هەمزە عەبدوڵای سکرتێری حزب دەکرا، بە تایبەتی کاتێك لەلایەن حکوومەتەوە ڕێگەی پێدرا کار بۆ دەرهێنانەوەی ڕەگەزنامەی عێراقی بکاتەوە (کە ساڵی ١٩٣٨ لێی سەندرابووەوە[٢]). هەمزە عەبدوڵا بە مەبەستی ئەنجامدانی کاری دەرهێنانەوەی ڕەگەزنامەی عێراقی داوای لە کۆمیتەی ناوەندی حزب کرد ئەندامەتییەکەی بوەستێنن، بەڵام ئەم داواکارییەی ڕەتکرایەوە، ئەوەبوو هەمزە عەبدوڵا دەرچوونی خۆی لە پارتی ڕاگەیاند و دەرچوونەکەی لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە پەسەندکرا[٣].

بە پەسەندکردنی بڕیاری دەرچوونی هەمزە عەبدوڵا، ناکۆکی کەوتە نێوان لێژنە ناوچەی کۆیە و کۆمیتەی ناوەندی کاتی لە بەغدا، کە سەرکردایەتییەکی لاوازبوو و لەو ماوەیدا توانای ڕاپەڕاندنی هیچ چالاکییەکی نەبوو، تەنانەت ڕۆژنامە و بەیاننامەی پێ دەرنەدەکرا. لێژنە ناوچەی کۆیە داوای لە کۆمیتەی ناوەندی کرد بە بڕیارەکەیدا بچێتەوە، کۆمیتەی ناوەندیش ناچاربوو هەمزە عەبدوڵا بگەڕێنێتەوە و مەکتەبی سیاسی نوێ لە: هەمزە عەبدوڵا، عەونی یوسف و عەلی عەبدوڵا پێکبهێنێت و هەمزە عەبدوڵا لێپرسراوی بێت، هەروەها ئامادەکاریی بۆ بەستنی کۆنگرەی حزب بکات. هاوکات داوا لە ساڵح ڕوشدی و مستەفا کەریم کرا، ئامێرەکانی چاپەمەنی حزب ڕادەستی مەکتەبی سیاسی بکەنەوە، بەڵام ساڵح ڕوشدی و مستەفا کەریم ئەم کارەیان نەکرد، دواتر لە حزب چوونە دەرەوە و دەستیانکرد بە ئاشکرا کردنی نهێنییەکانی حزب، لەو ماوەیەدا لە لایەن مەکتەبی سیاسییەوە وەك ئامادەکاریی کۆنگرە پرۆگرامی حزب بە دەستکارییەکی کەمەوە تایپکرا و بڵاوکرایەوە[٤].

بەم شێوەیە سەرکردایەتی کاتی هەڵبژێردراو لە کۆنفرانسی بەغدا نەیتوانی لە ئەرکەکەیدا سەرکەوتووبێ، لەولاشەوە بارودۆخی سیاسی و ڕێکخستنەکانی پارتی ئاڵۆزی زۆریان تێکەوتبوو، هەر بۆیە پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی کەم بەسەر کۆنفرانسی بەغدای

١٩٥٠ بڕیاری بەستنی کۆنگرەی حزب درا.

کۆنگرەی دووەم لە ڕۆژانی ١٣ و ١٤ی ئاداری ١٩٥١، لە ماڵی عەلی حەمدی، لە شاری بەغدا بەسترا، نزیکەی ٣٠ ئەندام لە نوێنەرانی هەولێر، باڵەك، کۆیە، سلێمانی، هەڵەبجە و بەغدا بەشدارییان تێداکرد. پاش هەڵسەنگاندی بارودۆخی سیاسی و ڕێکخستنەکانی حزب و گفتوگۆ لەسەر بابەتەکان، ئامادەبووان بەتایبەت هەمزە عەبدوڵا، عەلی عەبدوڵا و ئیبراهیم ئەحمەد ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کۆمیتەیەکی ناوەندی کاتی نوێ دروستبکرێ، بەو مەرجەی ئەندامەکانی لە کۆمیتەی ناوەندی پێشوو ئەندام نەبووبن، پاش پێکهێنانیشی، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کۆن و نوێ پێکەوە گۆڕانکاری پێویست لە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی حزبدا بکەن و ئامادەکاریی بۆ بەستنی کۆنگرەی سێیەم بکرێت[٥].

لەم کۆنگرەیەدا ناوی پارتی وەك خۆی مایەوە و پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پێشووش بەبێ دەستکاری وەرگێڕدرایە سەر زمانی کوردی[٦]، تەنها دەستپێکێکی بەناوی مەکتەبی سیاسی و پێشەکییەك بە ناوی کۆمیتەی ناوەندی بۆ زیاد کرا. هەروەها بڕیاردرا بە هاوکاری سکرتێر و ئەندامانی سەرکردایەتی پێشوو، پەیمانی میللی و پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ هەموار بکرێتەوە[٧].

لە کۆنگرەی دووەمدا بێ سکرتێر و مەکتەبی سیاسی بۆ بەڕێکردنی کارەکان و چالاککردنی ڕێکخستنەکان، کۆمیتەیەکی ناوەندیی کاتی لە شەش ئەندام هەڵبژێردران، کە بریتیبوون لە: ئیبراهیم ئەحمەد فەتاح، نوری شاوەیس، جەلیل هۆشیار، عومەر دەبابە، بەکر ئیسماعیل محەمەد و حەمەد ئەمین مەعروف[٨].

دوای کۆتایی هاتنی کۆنگرە، حزب دەستیکرد بە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرە و چالاککردنەوەی ڕێکخستنەکانی. پاش دوو ساڵ لە وەستانی، لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٥١ حزب ژمارەیەکی نوێی لە ڕۆژنامەی ڕزگاری بڵاوکردەوە و ڕۆژنامەی "نداء کردستان"یشی بە زمانی عەرەبی دەرکرد، ساڵی ١٩٥٢ دەستکرا بە دووبارە ڕێکخستنەوەی لێژنە لق و ڕێکخراوە ناوخۆییەکان کە تووشی لێکترازان ببوون، لەو ماوەیەدا ڕێکخراوەکانی سلێمانی، هەڵەبجە، پێنجوێن، قەڵادزێ، ڕانیە، بەغدا، ئاکرێ، کەرکووك، هەولێر، باڵەك و چەند ناوچەیەکی تری سەر بەم شارانە چالاککرانەوە. هەر لەسەر بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی، ساڵی ١٩٥٢ پارتی دیموکراتی کورد بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا کرد و توانی بەربژێری خۆی "پارێزەر مەسعود محەمەد جەلیلزادە" لە کۆیە سەربخات[٩]. هەروەها حزب بەشداری لە ڕاپەڕینی ٢٣ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٢دا کرد کە دژی دەسەڵاتی ئەوسای عێراق بەڕێوەدەچوو[١٠].

سەبارەت بە کێشە ناوخۆییەکان، کۆنگرەی دووەمی حزبیش نەیتوانی چارەسەری

كێشەكان بكات، هەریەك لە ساڵح ڕوشدی و مستەفا كەریم ئەگەرچی لەلایەن لێژنەی بەڕێوەبردنی كۆنگرەوە داوایان لێكرا ئامادەی كۆنگرە بن، بەڵام بەشدارییان نەكرد و لە لایەن خۆیانەوە ڕێكخستنێكی نوێیان دروستكرد بە ناوی (حزبی دیموكراتی كوردی عێراق)، تەنیا ناوی پارتیان بۆ حزب گۆڕی. ئەم حزبە نوێیە لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٥٢ هەڵوەشایەوە و زۆربەی ئەندامەكانی هاتنەوە ناو پارتی[١١].

هەرچی هەمزە عەبدوڵا بوو وەك ئەوەی كۆنگرە بڕیاری لەسەر دابوو، پابەندی بڕیارەكانی كۆنگرە نەبوو و یارمەتی ڕێكخستنەكانی حزبی نەدەدا، بۆیە لەلایەن كۆمیتەی ناوەندی پارتییەوە سڕ "تەجمید" كرا و دوای سڕكردنیشی لە هاوینی ساڵی ١٩٥١ هەمزە عەبدوڵا لە لایەن حكوومەتەوە گیرا و بڕیاردرا بۆ توركیا بگەڕێنرێتەوە، هاوكات لەلایەن حكوومەتی عێراقەوە هەڵمەتێكی تری دەستگیركردنی ئەندامانی پارتی دەستی پێكرد، هەریەك لە ئیبراهیم ئەحمەد، عەلی عەبدوڵا، عومەر مستەفا، محەمەد حەبیب، عەونی یوسف و جەلال حسامەددین تاڵەبانی لەلایەن حكوومەتەوە گیران و بڕیاری دورخستنەوەیان بۆ چەند شارێكی عێراق بەسەردا سەپێنرا، بەڵام بڕیارەكە زۆری نەخایەند و زوو هەڵوەشایەوە، تەنیا هەمزە عەبدوڵا بڕیارەكەی وەك خۆی مایەوە و ئەویش لەكاتی بردنەوەی بۆ توركیا توانی لە زاخۆ خۆی ڕزگاربكات و بگەڕێتەوە شاری سلێمانی[١٢].

دوای گەڕانەوە، هەمزە عەبدوڵا پەیوەندی بە ئەندامە نارازییەكانی حزبەوە كرد و لە نێویاندا لقی سلێمانی كە كێشەیان لەگەڵ كۆمیتەی ناوەندی هەبوو و لەلایەن كۆمیتەی ناوەندییەوە دەركرابوون بەپیر هەمزە عەبدوڵاوە چوون، ئەوەبوو هەمزە عەبدوڵا و لقی سلێمانی یەكیانگرت و حزبێكیان بە ناوی "باڵی پێشكەوتووی پارتی دیموكراتی كوردی عێراق" دروستكرد. ئەوانەی لە سلێمانی پەیوەندییان بە هەمزە عەبدوڵاوە كرد بریتیبوون لە: موحەڕەم محەمەدئەمین، شەهاب شێخ نوری، حەمەكەریم فەتحوڵا، بابا تاهیر شێخ جەلال و چەند كەسێكی تر[١٣].

لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٥٢ لەلایەن كۆمیتەی ناوەندی پارتییەوە هەوڵدرا هەمزە عەبدوڵا و لقی سلێمانی كە ناویان لەخۆ نابوو "ناوچەی ٢ سەر بە پارتی دیموكراتی كورد – عێراق" ڕازیبكەن بگەڕێنەوە ناو حزب، ئەوەبوو سەرەتا ڕازی بوون بەگەڕانەوە، بەو مەرجەی دەركراوەكان بگەڕێندرێنەوە و بەشداری لە كۆنگرەی پارتیدا بكەن، مەرجەكانیان لەلایەن كۆمیتەی ناوەندییەوە پەسەندكران، بەڵام هەمزە عەبدوڵا و هاوڕێكانی لە گفتەكەیان پاشگەز بوونەوە، ئەم دابەشبوونەی حزب وایكرد لەلایەن كومیتەی ناوەندی كاتی پارتییەوە بە پەلە كار بۆ بەستنی كۆنگرەی سێیەم بكرێت[١٤].

******

ئەوا لە خوارەوە میساق و مینهاج و پەیڕەوی ناوەوەی پارتیمان دەنوسینەوە بۆ ئەوەی لەلایەن هەموو ئەندامان و لێژنەکانی مەحەلی و مەنتیقەکانەوە دەرس بکرێت و هەرچی بیروباوەڕێکیان لەم بابەتەوە هەیە بۆمان بنێرن تاکو ئامادە بکرێن بۆ کاتی کۆبوونەوەی کۆنگرێسی سێیەمی پارتیمان کە هەڵدەستێ بە تەعدیل و زیادکردن و گۆڕینی میساق و نیزام و مینهاج بەپێی پەیڕەوی ناوەوە.

**مەکتەبی سیاسی**

## ((پەیمانی میللی پارتی دیموکراتی کوردی عیراق))

لەو ڕۆژەوە کە شەڕی گەورەی ڕابوردو دەستی پێ کرد، میللەتی کورد وازی لە داوای ئازادی خۆی و سەربەستی وڵاتەکەی نەهێناوە، چە بە ڕێگای ئاشتی بەهۆی هەڵبژێرراوەکانی خۆی ئەم مەتاڵیبەی گەیاندۆتە موئتەمەری پاریس و عوسبەتولئومەم، وە چە بە شۆڕشی چەکداری وەکو شۆڕشی دەرسیم و دیاربەکر و سلێمانی و بارزان ئەو داوایەی کردووە.

زۆر بە مەردانەیی و لەبەر چاوی میللەتە موتەحیدەکان خوێنی هەزاران لاوی لە پێناوی ئازادی خۆی ناوە، هەموو دونیا کوردی دیت کە ڕێگایەکی درێژ و پڕ ئیفتیخاری بۆ شارستانیەتی بڕیوە. هەمیشە لەپێش چاوی تەواوی دونیا کە تا چە دەرەجەیەك لە موبارەزەی مەرگ وە یا ژیاندایە لە ڕێی ئامانجە موقەدەسەکەی کە ئازادی و سەربەستییە.

میللەتی کورد هەروەکو میللەتەکانی تر، هیوادار بوو کە بە گەیاندنی داوای خۆی بۆ موئتەمەری سوڵح بە حەقی خۆی بگا و بەو پەیڕەوە ڕەفتاری کرد، بەڵام کەس نەبوو گوێ لە داواکەرەکانی ئازادی ڕاگرێ چونکە هەموو هەوڵدانی دەوڵەتە سەرکەوتووەکان ئەوە بوو کە بەهۆی ئەو موئتەمەرەوە بکەونە دابەش و تەقسیمکردنی وەتەنەکان و هەروەك دەستکەوتوی شەڕ لە بەینی خۆیاندا و سەرلەنوێ هەر کەس مەنتیقەی نفوزی خۆی هەڵبژێرێ.

لەبەر ئەوە شەڕی گەورەی ڕابوردو شەڕێکی ئیستیعماری بوو و داوای نەتەوەی کوردیش هەروەکو داوای نەتەوەکانی تری گێتی لە موئتەمەردا بێ سوود بوو، گوێی لێ ڕانەگیرا وە ئەو عوسبەتولئومەمەی کە بەپێی بەرنامەی موئتەمەری سوڵح دامەزرابوو

نەیتوانی چارەیەك لە نەتەوەی دەستەڵاتەکان بکا، چونکە هەر خۆی بە گوێرەی ئارەزوی دەوڵەتە ئیستیعمارییەکان دامەزرابوو.

قەراری عوسبەتولئومەم دەربارەی ویلایەتی موسڵ کە لە دەوڵەتی عوسمانی داپچڕابوو و بە گوێرەی پەیمانی سیڤر دەبوایە بکەوێتە ژێر ئیدارەیەکی کوردی، پەیمانی لۆزان هەڵی وەشاندەوە، نەتەوەی کوردی حەتا لە بچوکترین حەقی تەبیعی خۆی مەنع کرد.

بەڵێ میللەتمان لە ماوەی ٢٨ساڵی ئاشتیدا بە زۆر ژیان و قوربانی قایل بووە و برا هاونیشتمانە کوردەکانمان بە تایبەتی کوردەکانی عێراق ئەو ژیان و قوربانیانەیان زۆر چاك لەبیرە و پەیمانیان لەگەڵ خۆ بەستووە کە بە هەرچی نرخێك بێ بگەنە ئەو ئامانجە کە ئازادی و سەربەستییە و هەمیشە لە بەربەرەکانیدان بەرامبەر دوژمنی هەرە گەورەیان کە ئیستیعمارە و بۆ موبارەزە لەگەڵ دەوڵەتی عێراقی دەرچوو لە سنوری ئەو دەستوورەی کە بە خوێنی شەهیدانی شۆڕشی گەورەی عێراقەوە چنگ کەوتووە نوسراوە.

لەبەر ئەوە بۆ تەواوی دونیا و میللەتانی یەکگرتوو ئاشکرا دەکەین کە لە شۆڕشی پیرۆزیاندا بەرامبەر پەیڕەوەی ڕەشی فاشیستی بەرپایان کرد و سەرکەوتن بەرامبەر دەوڵەتی عێراقی فاشیست و حکوومەتی زۆردار و فەردیی ویست هەمیشە لە بەربەرەکانیداین.

سەرکەوتنی دیموکراسی پیرۆز لە شەڕی دووەمی گێتیدا بەرامبەر پەیڕەوەی فاشیستی هیتلەری لە نەتیجەی یەکگرتنی تەواوی میللەتانی ئازادیخوا و دەوڵەتە سوێندخۆرەکان بوو بە هۆیەکی نوێوە کە دەوڵەتی یەکێتی جەماهیری شورەوی بوو کە لە تەواوی میللەتانی دونیا شانی دایە خۆبەختکردن.

میللەتی کورد داوای مەزمونی ئەو پەیمانە بەقیمەتە مێژووییە دەکا کە ناو دەبرێ بە پەیمانی ئەتڵەنتیك وە هەروەها پەیمانی دەوڵەتە یەکگرتووەکان بەرامبەر ئازادی و دوای قەرارپێدانی ئارەزوی میللەتانی دونیاوە پشت ئەستورە و دەیەوێ بێتە جێ.

ئێمە کە نمایندەی ڕاستی میللەتی کوردین، بۆ تەواوی دونیا ئاشکرا دەکەین کە لە کۆشەشمان واز نایەنین تا دەگەینە ئازادی دیموکراسی خۆمان و بەم بڕیارەمان مەعنا ئەوە نییە کە شەڕی میللەتانی ئێران و تورك و عەرەب دەکەین.

میللەتی عەرەب برا و سوێندخۆرمانە، هەمیشە داوامان ئەوەیە کە بە یەکێتییەکی ئازادی لەگەڵ میللەتی عەرەبدا لە عێراق پێك بێنین. لە حەقی تەبیعی میللەتی عەرەبە کە لەدەست ڕەگەزی ئیستیعمار و نۆکەرەکانی ڕزگاری بێت و ئازادی و سەرخۆیی خۆی وەرگرێ، لەگەڵیاندا هاوڕێی شەڕی خۆڕزگارکردنین لە ئیستیعمار و نۆکەرەکانی و کۆنەپەرستی.

هـەردوو میللـەت تینـوی دەسـتگیركردنی ژیـانی دیموكراسـی خۆیـانن لـە سـێبەری دەوڵـەتێكی یـەكێتی دیموكراسـی میللیـدا. برایـانی عـەرەب پـەیمانتان دەدەینـێ كـە تـا بەدەستكەوتنی ئازادی هەردوولامان كۆشش بكەین.

ئەی لاوانی عەرەب، ئێمە سوێندخۆری بـەدڵی ئێـوەین، چـەكتان ئاراسـتەی سـینگمان مەكەن، بەڵكو بەرامبەر سینگی دوژمنی خۆتانی كەن، ئەو نۆكەرانەی دەسـتیاوی ئیسـتیعمار و بێگانە كە لە تەبەقەی كۆنەپەرستی و خائینان و پیلانگێـڕان لەسـەر حقـوقی تـەبیعی ئێـوە پێك هاتووە. بۆ هێنانەدی دەوڵەتێكی یەكێتی ئازادی دیموكراسی لە كۆششدایە لـە مەیـدانی خۆبەختكردنی میللیدا لەگەڵمان بن. ئێمە كە نمایندەی میللەتی كوردین، پـەیمانی میللـەتمان ئەو پەیمانە مێژوویيە ئیمزا دەكەین و پەیمان دەدەینە میللەتمان كە بیهێنینە جێ.

**كومیتەی ناوەندی پارتی دیموكراتی كوردی - عیراق**

## ((پەیمانی میللی))

١. بۆ بەدەستهێنانی دەوڵەتێکی یەکێتی دیموکراسی لە کوردستانی عێراقدا، کە عیبارەت بێ لە لیواکانی موسڵ و کەرکووک و هەولێر و سلێمانی و خانەقین. بە ڕێگای سیاسی و هەموو وەسیلەیەکی دی مومکین بێ، کۆشش دەکەین بە شەرتێك قانون و ڕەئیس ئەو دەوڵەتە لەلایەن مەجلیسی دامەزراندنی میللیەوە کە لەلایەن میللەتی کوردەوە بە ئوسوڵی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ و دەنگی نهێنییەوە هەڵبژێردراوە، دابنێن.

٢. دەوڵەتی یەکێتی دیموکراسی کوردستان هێزی خۆی لە میللەتەوە وەردەگرێ بەهۆی ئەو مەجلیسە شورایە کە لەلایەن میللەتەوە ڕاستەوخۆ هەڵبژێردراوە، هێزی ئیجرائی و عەدلی سەربەخۆ بن.

٣. دەوڵەتی یەکێتی کوردستان لە تەسدیقکردنی پەیمانی سوێندخۆری برایەتی لەگەڵ دەوڵەتی کوردستان لە ئێرانا و دەوڵەتی ئازەربایجان سەربەستە وە هەروەها لە تەسدیقکردنی پەیمانی سیاسی و یەکێتی تیجاری و سەقافی لەگەڵ تەواوی دەوڵەتە دیموکراسییەکاندا سەربەستە.

٤. دەوڵەتی کوردستانی دیموکراسی ڕێگا بە تەواوی ئەو میللەتانە دەدا کە لە داخلی سنوری کوردستاندا دەژین لە ئازادی کۆبوونەوە و کۆمەڵایەتی و سیاسی و زمان و ئازادی دین و عەقیدە بۆ خۆیان بگرن و هەروەها موڵکییەتی فەردیی و ئازادی شەخسی دەپارێزرێ.

٥. بۆ وەزیفەی دەوڵەتی، بەپێی قابیلییەتی عیلمی و ڕەوشەنفیکری و فەنی ئەفراد تەعین دەکرێن، ئیدارەی شارەکان و قەزاکان بەهۆی مەجلیسێکی ئیدارییەوە دەبێ کە لە دانیشتوانی ئەو جێیە هەڵبژێردرێ و بە سەرۆکیی سەرۆکێکی ئیداری کە لەلایەن سوڵتەی ئیجرائی ناوەندییەوە دادەندرێ و ئیدارەی بەلەدیات لە شارەکان و قەزاکاندا بەهۆی ئەو مەجلیسە بەلەدییانەوە دەبێ کە لە تەرەف دانیشتوانی ئەو جێگایانەوە هەڵبژێردرێ.

٦. ڕێی ئاسن و ڕێگا و ڕێی ئاوی و جەنگەڵ و کانگا و کارخانەی ئەسلەحەسازی و تەواوی وەسائیلی شەڕ و ڕووبارەکان تەنها موڵکی دەوڵەت دەبن.

٧. مالییەی دەوڵەت کە لە زەریبەیەکی عادیلانە بەپێی قەوانین دێنە جێ و هەروەها ڕێگا و گومرك و قازانجی شتی عمومی و زەریبەی دەخل لەسەر نیزامی تەساعودی پێك دێن و تابیعی خەزانەی مەرکەزیین. دامەزراندنی بانکی تایبەتی قەدەغەیە، تەنها یەك بانکی ناوەندی دەبێ کە هی دەوڵەتە.

٨. قانونی کار بەدەر دەخرێ کە بەپێی ئەوە شروتی پێك هاتن لە بەینی خاوەنکار و کارگەراندا دیار بکرێ بە نەوعێکی وەها دەوڵەت ئیعتراف بە یەکێتی کارگەران و گرێدانی هاوکاران و دەسترەنج و ئیستیهلاکی دەکا. دەوڵەت تێدەکۆشێ بۆ مەدرەسەکردنەوە و فێرکردنی پیشەسازی و فەنی، هەروەها دەوڵەت تێدەکۆشێ بۆ بەرزبوونەوەی

سەنعەتسازی و بڵاوکردنـەوەی زەراعـەتی ئـەهالی و ئامـانجی ئەوەیـە کەزەراعـەت لـەو زەوییانەدا بەهێز بکا کە موڵکی ئەفرادە بە ڕێگای دابەشکردنیدا، بە نەهێشتنی برسـیەتی لە چینی فەلاح، هەروەها دەوڵەت تێدەکۆشێ بۆ دابەشکردنی ئەرازیی دەوڵـەتی بەسـەر فەلاحە بچوکەکاندا لەسەر ئەساسی موڵکییەتی تایبەتی.

٩. فێرکردن لە مەدرەسەکانی ئیبتیدائی و موتەوەسیتەدا بـە خـۆڕایی و زۆرییـە و هـەروەها مەداریسـی گـەورەی سـەقافی بـەپێی ئیحتیـاجی کۆمـەڵ وەکـو ئیقتیسـاد و سیاسـەت و جەنگ، ئیدارە و عەدل و پیشەسازی دەکرێتەوە.

## ((پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردی عێراق))

### ١- ئامانجی سیاسی

سەربەخۆیی تەواوی کوردستان بەو ڕێگایانەی خوارەوە دەگاتە ئەو ئامانجە:

أ. تێدەکۆشین بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکێتی لە عێراقدا بە ناوی دەوڵەتی یەکێتی دیموکراسی کوردستان.

ب. ئەساسی دامەزراندنی دەوڵەتی یەکێتی کوردستان بە پەیمانێکی یەکێتی دەبێ کە لە تەسدیقیدا نومایەندە لەلایەن دەوڵەتی عێراق و نومایەندەی سیاسی لەلایەن کوردەوە ئیشتراکی تێدا دەکا.

ج. دەوڵەتی یەکێتی کوردستان ئازادە لە تەسدیقکردنی پەیمانی یەکێتی یا سوێندخۆری لەگەڵ دەوڵەتی کوردستان لە ئێراندا.

د. دەوڵەتی یەکێتی کوردستان لە تەسدیقکردنی پەیمانی سوێندخۆریدا و هاوڕێیی لەگەڵ هەر دەوڵەتێکی دیموکراسیدا کە بیەوێ، ئازادە.

ه. دەوڵەتی یەکێتی کوردستان عیبارەتە لە لیواکانی موسڵ و هەولێر و کەرکووک و سلێمانی و خانەقین.

و. مەجلیسی میللی دامەزرێنەر کە لە تەرەف میللەتی کوردەوە بە ئوسوڵی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ هەڵبژێردراو بێ هەر ئەوە کە ڕەئیسی یەکێتی دەوڵەتی کوردستان هەڵدەبژێرێ و قانونی ئەساسی بۆ دادەنێ.

ز. دەوڵەتی یەکێتی کوردستان، ئیستیعماری هیچ دەوڵەتێکی بێگانە یا پەیڕەوی حیمایە و پارێزگاری هەرچی چۆنێك بێ لە هیچ دەوڵەتێك قبوڵ ناکا.

ح. دەوڵەتی یەکێتی کوردستان، تێدەکۆشێ بۆ ئەوەی لە پەیمانی سەلامەتی ئیجتیماعی و دووەلی و هەیئەتی میللەتە یەکگرتووەکان و لە پەیمانی دووەلی ئیقتیسادی سەقافی و کارگەریدا بەشدار بێ.

### ((٢ ئامانجی ئیقتیسادی))

أ. پارتی دیموکراتی کوردستان تێدەکۆشێ بۆ ئەوەی دەوڵەت ببێتە خاوەنی تەواوی چەك و زەخیرەی جەنگی و تەواوی کارخانەجات، هەروەها تێدەکۆشێ بۆ بەدەستهێنانی تەواوی جەنگەڵ و ڕووبار و زێو و ڕێگای ئاوی و ئاسن و ئەرز و کانگان کە ببێتە موڵکی دەوڵەت.

ب. حزب تێدەکۆشێ بۆ دامەزراندنی بانکی ناوەندی و ڕێپێنەدانی بانکی شیرکەتی یا فەردی.

ج. شیرکەتانی تیجاری و پیشەسازی ڕێیان دەدرێتێ.

د. تەمەلوکی فەردی لە زەوی و بازرگانیدا پارێزراو دەبێ.
ە. حزب تێدەکۆشێ بۆ نەهێشتنی هەموو شیرکەتێکی ئیحتیکاری ناوەوە و دەرەوە بۆ مەوادی ئیستیهلاکی کوتاڵ، لێرەدا تەدابیری میللەتی و دەوڵەتی بۆ ئاشکراکردنی ئیفلاسی ئەم شیرکەتانە پەسەند دەکرێ و دێتە جێ.

## ((٣ کار و کارگوزاری ئیجتیماعی "کۆمەڵایەتی"))

أ. حزب تێدەکۆشێ بۆ دانانی قانون کە بەهۆی ئەوەوە شروتی ڕێککەوتنی خاوەنکار و کارگەر دابندرێ.
ب.حزب تێدەکۆشێ کە پەیڕەوێك بۆ کرێی کارگەری پیشەسازی و کارگەری دەوڵەتی و تەواوی چینەکانی دەستڕەنجی پیشەسازی یا کاری عمومی یا کارگەری زەراعەت دابندرێ بە شەرتێك ئەم کرێیانە بە لای کەمەوە پێویستی ژیانی کارگەر بێنێتە جێ.
ج. حزب تێدەکۆشێ بۆ زیادکردن و پشتگرتنی یەکێتی کۆمەڵایەتی کرێکاران.
د. حزب تێدەکۆشێ کە هەموو جێیەکی سحییەی عمومی بە خۆڕایی [بێت] و لە توبی پاراستندا تێدەکۆشێ.
ە. حزب تێدەکۆشێ بۆ زۆرکردن و زیادکردنی کۆمەڵایەتی هاریکاری و دەستڕەنجی ئیستیهلاکی.
و. حزب تێدەکۆشێ کە ئیدارەی بەلەدییە لە شارەکاندا لەلایەن مەجلیسی بەلەدییەوە بێ کە لە تەرەف دانیشتوانی شارییەوە هەڵبژێردرێن، وە هەروەها ئیدارەی دێهات تابیعی ئەو مەجلیسە موختارییە دەبێ کە لە دێیەکاندا هەڵدەبژێردرێن.
ز. حزب تێدەکۆشێ کە ژن و پیاو لە هەموو حقوق و کاردا وەك یەك بن.

## ((٤ لەبابەت سەقافەت و تەربیەوە))

أ. مەدرەسەکانی ئیبتیدائی و موتەوەسیتە خۆڕایی و ئیجباری دەبن.
ب. حزب تێدەکۆشێ بۆ دامەزراندنی مەداریسی عیلمی سانەوی و عالی بەپێی ئیحتیاجی گەل لە ڕووی ئیقتیساد و سیاسەت و جەنگ و عەدل و فەنییەوە.
ج. حزب تێدەکۆشێ بۆ دامەزراندنی یانەی وەرزش و یاری کە عائیدی ئیدارەی مەدرەسەکان و کولییەکان بێ وە یا عائیدی یەکێتی کرێکاران و کۆمەڵانی هاریکاری بێ.
د. حزب تێدەکۆشێ بۆ دامەزراندنی مەعاهیدی مۆسیقا و ئەدەب و تەمسیل و سینەما.
ە. حزب تێدەکۆشێ بۆ دامەزراندنی باخچەی منداڵان و پشتگیری کەشفییەی بزووتنەوە و حەرەکاتی ڕیازە لە مەدرەسەکاندا.

**((٥ چەند مادەیەکی دی))**

أ. حزبی دیموکراتی کورد، حزبێکی میللییە، دیفاع لە مەسڵەحەتی چینی فەلاح و کرێکار و ڕەوشەنفیکر و خاوەنسەنعەت و توجار دەکا.

ب. حزبی دیموکراتی کورد لە سەر مەبدەئی عەلمانی دامەزراوە، ئیعتراف بە جیاوازی دین و سیاسەت دەکا.

ج. حزبی دیموکراتی کورد ئیعتراف بە پێشکەوتن (تطور) دەکا لەبەر ئەوە بۆ گۆڕینی مەنهەج و پەیڕەوی داخلی خۆی بەپێی ئەو ڕێیەی کە لە پەیڕەوی داخلی خۆیدا هەیە قبوڵ دەکا.

## ((پەیڕەوی ناوەوەی پارتی دیموکراتی کورد))

١. **ئەندام.**

أ. ئەم کەسەیە کە باوەڕی بە پەیمانی پارتی بکا و بەپێی پەیڕەوی ناوەوەی بڕوا و بڕیاری دەستەکانی (المنظمات) پارتی جێبەجێ بکات.

ب. ئەم کەسەیە کە مانگانە و دخولیە بدا و تەخسیری نەکا بە پارە بۆ یارمەتی پارتی.

ج. ئەم کەسەیە کە ئیش لە یەك لە دەستەکانی پارتی بکات.

٢. **ئەم کەسانەی کە پەسەند ناکرێن بۆ ئیشکردن لە پارتی.**

أ. فەرمانبەر لە دائیرەکانی ئیستیخبارات و پڕۆپاگەندەی دەوڵەتی بێگانەکان.

ب. فەرمانبەر (الموظف) لە دائیرەی ئیستیخباراتی پۆلیسی عێراقدا.

ج. ئەندام لە پارتییەکی تر یاخود لایەنگیری کۆمەڵەیەك بێ سیاسی یان غەیرە سیاسی کە پارتی بە چاکیان نەزانێ.

د. مەحکومکراو لەسەر کوشتن و دزین و تاڵانکردن.

ه. ناسراو بە بیروباوەڕ و کردەوە بۆ فاشیزمی و دیکتاتۆری و بەربەستی دیموکراتی.

٣. **ئەم کەسانەی کە لە ئەندامێتی دەرئەکرێن.**

أ. هەرکەسێك بە قەسدی، زەبتی پارتی تێك بدا وە هەر کەسێکی بە ناوی پارتی بۆ سوودی خۆی ئیش بکا وە هەچ کەسێکی ئەسراری پارتی ئاشکرا بکات.

ب. ئەو کەسەی کە سێ مانگان لەسەر یەك مانگانەی ئەندامیەتی بەبێ عوزر نەدا ئاگادار دەکرێ ئەگەر هەر نەیدا دەردەکرێ.

ج. هەر کەسێکی ئەسراری پارتی لە دەرەوە ئاشکرا بکا وە ئەو کەسەی خیانەتی دەرحەق بە پارتی و ئەندامەکانی لێ دەرکەوتبێ بە نییەتی جاسوسییەت، بە نهێنی موحاکەمە ئەکرێ لە مەحکەمەی پارتی وە بەپێی بڕیاری سزا دەدرێ.

٤. **قبوڵکردنی ئەندام.**

أ. ئەو داخوازیکەرانەی کە ئارەزو ئەکەن داخلی پارتی بن، تەڵەبێك لە ئیستیمارەیەك ئەنێرن بە شایەدی ڕێکخەری خەلیە یان دوو ئەندامی خەلیە یان ئەندامێك لە دەستەکانی مەحەلی یان لە دەستەکانی لق (منطقە) پاش پەسەندکردنی لێژنەی مەحەلی.

ب. داخوازیکەر هەڵبژاردراوێکی پارتی دەبێ تاکو بڕیار لە شوعبەی تەنفیزی لقەوە دەرئەچێ، پاش پەسەندکردنی لەلایەن لێژنەی مەحەلییەوە ئەمجا بە ئەندامێکی ڕەسمی دەژمێردرێ.

ج. بۆ هەر ئەندامێك کارتێك هەیە کە ناو و ژمارە و ناوی نهێنی لەسەر نوسراوە و بە مۆری پارتی مۆر کراوە.

د. مانگانەی لە ڕۆژی پێشکەشکردنی داخوازییەوە ئەژمێردرێ.

ه.  دخولیەی لە دوو هێندەی مانگانە کەمتر نابێ.
و.  ئەو کەسانەی بێ ئیشن وە ئەوانەی کە هێندەیان نابێ خێزانیان بەخێو بکەن، لە مانگانـە لێیان ئەبوردرێ پاش بڕیاردانی لێژنەی مەحەلی.
ز.  پێویستە لەسەر هەموو ئەندامێك مانگانەی بە ڕێکخەری خەلییەکەی یـان بـە موحاسـیبی لێژنەی مەحەلی بدات.
ح. ئەو ئەندامەی کە سێ جار لەسەر یەك بێ عوزر لە کۆبوونـەوە حـازر نـەبێ یەکـەم جـار ئاگادار ئەکرێ وە ئەگەر دووبارەی کردەوە بە مووەقەت دەرئەکرێت.
٥.  **خەلیە (شانە).**
بناغەی پارتی ئێستاکە لە خەلییە هاتۆتە دی کە هەریەکە لە (٢ ـ ٥) ئەندامە، کە ئەمەش بـە موافەقەتی لێژنەی مەحەلییەوە کردەوەی خەلییەکان ئەمانەن:
أ.  کۆکردنەوەی تەبەڕوعات و مانگانە لە هـەڵبژاردراوەکان و موڕەشـەحین و ئەندامـەکان و موئازرەکان.
ب.بڵاوکردنەوەی پڕۆپاگەندەی پارتی لە ڕێگای خۆی.
ج. کۆبوونەوەی لە هەفتەی جارێك وە دەبـێ لـەم کۆبوونەوەیـەدا ئەندامـەکان ئیشـوکاریان بەرچاو بکەن و پیلانی وەختیی بەپێی زروفی ئیشیان دانێن بۆ هەڵسان و دانیشتنیان لەگـەڵ ئەشخاس. هەموو فەرمانێکی پارتی جێبەجێ بکەن جگە لە خەلییـەی گونـدەکان لـە وەختـی دروێنەدا.
د.  نابی خەلیە تەرك بکرێ بە بێ ئاگادارکردنی ڕێکخەری کە ئەمیش دەبێ ئاگاداری لێژنـەی مەحەلی بکات.
ه.  ئەندامانی لێژنەی مەحەلی و هەیئاتی سەرەوەی پارتی بە ئیقتراعی سرِی هەڵدەبژێردرێ.

**((هەیئەتی مەحەلی و لێژنەی مەحەلی))**

٦.  هەیئەتی مەحەلی لە خەلییەکانی ئەو جێگایانە دێتە دی.
٧.  لێژنـەی مەحـەلی هەیئەتێکـە لـە (٥ــ٧) ئەنـدام دێتـە دی و لـەناو هـەڵبژاردراوانی هەڵدەبژێردرێن.
٨.  لێژنەی مەحەلی لە سەرەك و موحاسـیب و موفـەتیش و لـە (٢ــ٤) ئەنـدام پێـك دێ کـە مانگی جارێك کۆ دەبێتەوە. وە کردەوەی لێژنە ئەمانەن:
أ.  چاوەدێری ڕاپەڕاندنی فەرمانی پارتی و پیلان و پڕۆپاگەنـدەی لـەناو خەلییـەکانی جێگـای خۆی بکات.
ب.لێکۆڵینـەوە و توێژینـەوەی ئەندامـە سسـتەکان و خائنـەکان وە بـەرچاوکردنیان بـەهۆی تەقریرێك ـ موفەتیش پێی هەڵدەستێ ـ بۆ لێژنەی لق (منطقة)
ج. بڕیاردان لەسەر قبوڵکردنی ئەندامی نوێ.

د. هەڵسان بە تەقریرێکی مانگی لە بابەت مالییەی لێژنەوە کە سەرفییات و واریداتی تێدا نیشان درابێ.
ە. لێژنەی مەحەلی یەکسەر مەسئولە لە چوستوچالاکیی ئەندامەکانی جێگای خۆی وە لە پڕۆپاگەندە بۆ ئامانج و سیاسەتی پارتی بەرامبەر سڵوتاتی سەرەوەی و هەڵئەستێ بە ڕاپەڕاندنی ئەم فەرمان و تەعلیماتەی کە لە هەیئەتەکانی لەخۆی بەرزتر دەرئەچێ.
٩. هەیئەتی ئیشکەر لە لێژنەی مەحەلی کە سەرەك و موفەتیش و موحاسیبە، هەفتەی جارێك کۆ دەبێتەوە.

## ((هەیئەتی لق وە لێژنەکانی"))

١٠. هەیئەتی لق لە هەیئاتی مەحەلیی لقەوە دێتە دی.
١١. لێژنەی لق لە (٧ــ١١) ئەندام پێك دێ کە ئەمانەش لەناو هەیئەتەکانی مەحەلی هەڵئەبژێردرێن کە بەش کراون بە شوعبەی تەنفیزی و شوعبەی تەفتیش و شوعبەی پڕۆپاگەندە و شوعبەی مالیە.
١٢. شوعبەی تەنفیزی لە سەرەك و دوو یاریدەدەر و موساعیدێك پێك دێت کە ڕێکخەر و چاوەدێریکەرە لەسەر ئیشوکاری شوعبەکانی تر.
١٣. ئەگونجێ کە موحاسیب لە ئەندامانی لێژنەی مەحەلی و لێژنەی لق نەبێت.
١٤. ئەگونجێ کە شوعبەی پڕۆپاگەندەی لق ڕۆژنامەی تایبەتی خۆی دەربهێنێ.
١٥. ئیشوکاری لێژنەی لق ئەمەیە کە چاوەدێری بڵاوکردنەوەی سەقافەتی سیاسی و تەعالیمی پارتی لە لق بکا وە تەماشای ئەو شکاتانە بکا کە لەلایەن ئەندامەکان و دەستەکانی پارتی [بۆ] لق [بەرز]کراوە وە پێویستە لە ماوەی دوو مانگ جارێك کۆببێتەوە بۆ لابەلاکردنی شکایەتەکان و تەماشاکردنی تەقریری موفەتیشەکان وە ناردنی ئەوانەی کە پێویستە بنێردرێن بۆ کۆمیتەی ناوەندی، هەروەها دەبێ تەقریرێك بنێرێ لە بابەت کردەوەی لێژنەوە لەم ماوەیەدا.
١٦. موفەتیشی لێژنەی لق تەدقیقی حیساباتی دەکا وە هەر تەقاریرێکی لەلایەن لێژنەکانی مەحەلی ناردرابێ لێی ئەکۆڵێتەوە و بەرامبەر لێژنەش مەسئولە وە پێویستە لەسەری هەر لە ٣ مانگ جارێك تەقارير دەرحەق بە سەرفی ئیراد بۆ شوعبەی تەفتیش لە کۆمیتەی ناوەندی بنێرێ.

## ((کۆمیتەی ناوەندی = اللجنة التنفيذية المركزية))

١٧. ئەندامەکانی کۆمیتەی ناوەندی لە هەڵبژاردراوەکانی لقەکان و لێژنەکانی مەحەلی هەڵئەبژێردرێ کە ژمارەیان لە (٩ ـ ١٥) دەبێ، وە لەم هەیئەتانەی خوارەوە پێك

هاتووە:
١. سەرەك.
٢. مەکتەبی سیاسی.
٣. شوعبەی پڕۆپاگەندە.
٤. شوعبەی مالیە.
٥. شوعبەی تەفتیش.

١٨. سەرەکی کۆمیتەی ناوەندی، سەرەکی پارتییە کە سەرداریەتی مەکتەبی سیاسی و شوعبەکانی تر دەکا بە یارمەتی دوو نائبەکەی وە ئەو یەکەمین مەسئولە بەرامبەر کۆمیتە لە ڕاپەڕاندنی پیلانی پارتی و لە بڵاوکردنەوەی هەر بەیاننامەیەك و وتارێك (مقالە) وە گەیشتنە یەك و ڕێککەوتن لەگەڵ کۆمەڵەکانی دەرەوەی پارتی وە هەروەها مەسئولە لە پارێزگاری موئەسەسات و ئەملاکی پارتی.

١٩. ئەگەر لە کۆبوونەوەیەك لە شوعبەکانی سەرەك دیار نەبوو، یەك لە نائیبەکانی بە ڕازێبوونی خۆی لەجێی دائەنیشێ وە ئەگەر لەپڕێکدا دوورکەوتەوە، نائیبی یەکەمی بە هەموو کارێکی سەرەك هەڵئەستێ و لە دیارنەبوونی نائیبی یەکەم دووەمیان بە کردەوەی هەڵئەستێ.

٢٠. مەکتەبی سیاسی مەسئولە لە گشت سیاسەتی پارتی و بڕیارەکانی بڕیاری پارتییە و بەرزترین سوڵتەیە لە کۆمیتەی ناوەندی ئەوە کە جێی کۆمیتەی ناوەندی ئەگرێتەوە لە کاتی کۆبوونەوەیدا لە هەموو کارێکی پارتی.

٢١. کۆمیتەی ناوەندی هەر لە چوار مانگ جارێك کۆ دەبێتەوە بۆ لابەلاکردنی ئەو کردەوانەی کە مەکتەبی سیاسی نەیبڕێتەوە وە بۆ ئەمەی تەماشای بڕیارەکانی مەکتەبی سیاسی بکا، وە بۆ تەماشاکردنی کردەوەیەك کە لە لقەکان و لێژنەکان و موئەسەسەکانی پارتی بۆی ناردرابێ وە بۆ دانانی پیلانی عەمەلی بۆ ئەو مانگەی کە دێت.

٢٢. ئەگونجێ کۆمیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەی تەواویدا بڕیار بدا بۆ هاتنەناوەی ئەندامانی نوێ و ئەگەر میلاکی بیەوێت.

٢٣. کۆمیتەی ناوەندی مەسئولە بەرامبەر هەر بەیاننامەیەك و تەعلیماتێك و هەر شتێکی کە ڕۆژنامەکان و نەشراتەکانی ئەینوسن وە مەسئولە لە هەمو کردەوەیەکی لێژنەکانی تری بەرامبەر کۆنگرێس.

٢٤. کۆبوونەوەی تەواوی بە بانگکردنی لەلایەن سەرەك یان بە فەرمانی مەکتەبی سیاسی دەبێت.

٢٥. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە ئەندامەتی ناکەون بە بزربوونیان یان گرتنیان یان دەربەدەربوونیان یان بە دەرکردنیان وەیان دەرنەکەوتنیان لەبەر کارێکی پارتی.

٢٦. سەرەك بە مەسئول دادەندرێ لە کردەوەکانی مەکتەبی سیاسی بەرامبەر کۆمیتەی ناوەندی و مەسئولە لە لێژنەکانی بەرامبەر کۆنگرێس.

٢٧. به فەرمانێك له كۆمیتەی ناوەندییەوه ئەشێ كه لیژانی فەرعی تر بكرێتەوه، ئەگەر گەورەیی پارتی پێی ویست كه ئەمانەش به لێژنەكانی لق و مەحەلییەوه ئەبەسترێتەوه.
٢٨. كۆمیتەی ناوەندی مەسئوله له ڕاپەڕاندنی بڕیارەكانی كۆنفرانس و ڕاستكردنی پیلانەكانی عەمەلی یا له پرۆپاگەنده وه ڕاستكردنی ئەم ناگوزوریانەی كه له پەیمان و پێڕەوی ناوەوەی پارتی ئەكرێ وه هەروەها له سیاسەتی پارتی بەرامبەر گۆڕان و (تطور) له ناو و دەرەوەی وڵات مەسئوله.
٢٩. ئەگونجێ بۆ كۆمیتەی ناوەندی كه هەموو بڕیارەكانی لێژنەكانی خوارەوەی یان هێندێكی لا بەرێت.
٣٠. كۆمیته تەماشای داخوازی هێندێ كۆمەڵی دەرەوەی پارتی دەكا كه ئەیانەوێ تێكەڵی پارتی بن وه دەتوانێ داخوازییان بگەیەنێته جێ یان نا.
٣١. كۆمیته بۆی هەیه ئەو ئەندامەی كه سیاسەتی پارتی ڕاناپەڕێنێ وه بەپێی بڕیاری ئەو ناسوڕێتەوه هەر كەسێك بووبێ دوری بخاتەوه.
٣٢. ماوەی تەرشیحكردنی ئەندام و نیسبەتی دامەزراندنی ئەندامانی نوێ دائەنێ.
٣٣. هەڵبژاردنی ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی له ماوەی كۆبوونەوەی دوو كۆنفرانس یان دوو كۆنگرێس دەبێ.

**((كۆنگرێس = المؤتمر العام))**

٣٤. كۆنگرێس له ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی و نوێنەرەكانی لێژنەی لقەكان و مەحەلییەكان و لێژانی لەشكر پەیدا دەبێ وه نیسبەتی نوێنەرەكان بەپێی زروفی ئەو كاته دەبێت.
٣٥. كۆنگرێس هەردوو ساڵ جارێك لەلایەن كۆمیتەی ناوەندی بانگ ئەكرێ وه جێگای كۆبوونەوەی بۆ دائەنێت.
٣٦. كۆنگرێس بەرزترین سوڵتەیه له پارتی وه بڕیارەكانی بەسەر هەموو هەیئەتەكانی پارتی ئەڕوا.
٣٧. كردەوەی (صلاحیات) كۆنگرێس:
أ. دانان و گۆڕین و ڕاستكردنی پەیمان و پەیڕەوی ناوەوەی پارتی به دەسته.
ب. خوێندنەوه و لێكۆڵینەوەی كردەوەی كۆمیتەی كۆمیتەی ناوەندی وه وردبوونەوه له حیساباتی وه بڕیاردان لەسەر ئیشوكارەكانی یان نا.
ج. تەماشاكردنی داخوازییەكانی وه شكایەتەكانی دەركراوەكان وه لابەلاكردنی ڕاستی سزایەكان یان لابردنی سزایەكان به یەكجاری.
د. هەڵبژاردنی كۆمیتەی ناوەندی بەپێی ڕێوشوێنی سری دەكا.

((کۆنفرانس))

٣٨. کۆنفڕانس لە ئەندامەکانی کۆمیتەی ناوەندی و لە نوێنەرەکانی لێژنەکان کە بەزوویی بانگکردنیان ڕێك دەکەوێ، پەیدا دەبێ بۆ لابەلاکردنی تەگەرەکانی سیاسی و موهیمی پارتی لە ناوەوە یان دەرەوەی وڵات لە کاتێك کە نەتواندرا کۆنگرێس بانگ بکرێ وە یاخود کۆمیتەی ناوەندی نەیەوێ ئەنجامی ئەم گۆڕینانە بهاوێتە سەر شانی خۆی.

٣٩. بڕیارەکانی کۆنفڕانس ئەو هەیئەتە و سوڵتەیەی لەسەر هەموو لێژنەکانی پارتی هەیە کە کۆنگرێس هەیەتی.

٤٠. مەحکەمەی پارتی- کۆمیتەی ناوەندی (٣) کەس لە ئەندامەکانی هەڵئەبژێرێ بۆ تەماشاکردن لە خراپەی ئەندامەکان کە بۆ مەحکەمە ناردراون.

٤١. دەستەڵاتی مەحکەمە ئەمەیە:

أ. تەحدیدی سزای خراپە و حوکمە قەتعییەکانی.

ب. دانانی ڕێوشوێنی موحاکەمات کە لەگەڵ زروفی سڕی ڕێك بکەوێت.

ج. دانانی جێگای بەستنی مەحکەمە.

# سەرچاوە و پەراوێز

١ - علی عبدالله، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق تا بەستنی کۆنگرەی سێیەمی، (شوێن نادیار ـ ١٩٦٨ز)، ل ل ٨٦ ـ ٨٨.
٢ - سەڵاح ڕەشید، مام جەلال دیداری تەمەن لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری، (سلێمانی – چاپخانەی کاردۆ – ٢٠١٧)، ل ٥٤.
٣ - نامەی جەلال تاڵەبانی (پیرۆت) بۆ: سەرکردە جەنەراڵ مستەفا بارزانی و هاوڕێی خۆشەویست میرحاج ئەحمەد، (١٩٥٥/١٠/٥ – پەکین)، مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ١٩٣١-١٩٥٨، بەرگی یەکەم، (هەولێر ـ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ ٢٠٠٤ز)، بەڵگەنامەی ژمارە ٧، ل ٤٤٧.
٤ - هەمان سەرچاوە.
٥ - حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني ـ العراق (في محطات رئيسية) ١٩٤٦ ـ ١٩٩٣، (دهوك ـ مطبعة خەبات ـ ١٩٩٨م)، ص ٤٧؛ علی عبدالله، سەرچاوەی پێشو، ل ٨٧.
٦ - ئەم دەقە لەلایەن ئیبراهیم ئەحمەدەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و وەکو خۆی بەبێ دەستکاریکردنی زمان و ڕێنووس بڵاو کراوەتەوە. ناوی حزب لە "الحزب الديموقراطي الكردي (في العراق)" بۆ "پارتی دیموکراتی کوردی عێراق" وەرگێڕدراوە و ئیتر وشەی "پارتی" شوێنی وشەی عەرەبی "الحزب"ی گرتۆتەوە.
٧ - بڕوانە دەقی پەیمانی میللی پەسەندکراوی کۆنگرەی دووەم؛ علی عبدالله، سەرچاوەی پێشو، ل ٨٧.
٨ - عەبدوڵڵا مەردوخ، چەند یادگارێکی مامۆستا برایم ئەحمەد، (سلێمانی ـ بنکەی ژین ـ چاپخانەی کارۆ ـ ٢٠١٠ز)، ل ٣١؛ حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص ٤٧.
٩ - نامەی جەلال تاڵەبانی (پیرۆت) بۆ جەنەراڵ مستەفا بارزانی.. سەرچاوەی پێشوو.
١٠ - حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص ٤٧.
١١ - نامەی جەلال تاڵەبانی (پیرۆت) بۆ جەنەراڵ مستەفا بارزانی.. سەرچاوەی پێشوو.
١٢ - هەمان سەرچاوە؛ علی عبدالله، سەرچاوەی پێشو، ل ٨٧؛
١٣ - حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص ٤٨. نامەی جەلال تاڵەبانی (پیرۆت) بۆ جەنەراڵ مستەفا بارزانی.. سەرچاوەی پێشوو.
١٤ - هەمان سەرچاوە.

# کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق

## کانوونی دووەمی ۱۹۵۳

دوای جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی دووەم لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی کاتی حزب لە بارەی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ و ئەو بارودۆخەی بەهۆی جیابوونەوەی باڵی هەمزە عەبدوڵاوە بەسەر پارتیدا هاتبوو، لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی کاتی پارتییەوە پەلە لە بەستنی کۆنگرەی سێیەم کرا.

پاش ئامادەکاریی تەواو، لە ڕێکەوتی ٢٦ی کانونی دووەمی ۱۹٥۳ بە ئامادەبوونی ۳٥ تا ٤۰ نوێنەر لە ڕێکخستنەکانی پارتی و ئامادەبوونی سەرکردایەتی کۆن و نوێی حزب، لە بارودۆخێکی ئەمنی دژوار و سەختدا بە شێوەیەکی نهێنی لەماڵی ڕەئیس ئەوەل فاتح جەباری لە گەڕەکی شاترلوی شاری کەرکووک کۆنگرەی سێیەمی پارتی بەسترا[1].

دوای خوێندنەوەی ڕاپۆرتی کۆنگرە و پەسەندکردنی لەلایەن ئامادەبووان، کار هاتە سەر بڕیاری گۆڕینی ناوی حزب و دەستکاریکردنی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ، ئەوەبوو ناوی حزب لە "پارتی دیموکراتی کوردی عێراق"ەوە گۆڕدرا بۆ "پارتی دیموکراتی کوردستان - عێراق" و نەخشەش بۆ گۆڕینی پرۆگرام و پەیڕەوی حزب کێشرا. ئەم کارە هێڵرایەوە بۆ دوای دەستنیشانکردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حزب. دواتر لەلایەن ئەندامانی کۆنگرە، کۆمیتەی ناوەندی نوێ هەڵبژێردران کە بریتیبوون لە:

۱ - مستەفا بارزانی، سەرۆك
۲ - ئیبراهیم ئەحمەد، سکرتێری گشتی
۳ - دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم
٤ - میرحاج ئەحمەد ئاکرەیی
٥ - نوری شاوەیس
٦ - عەلی عەبدوڵا
۷ - نوری ئەحمەد تەها
۸ - جەلال تاڵەبانی
۹ - عومەر مستەفا
۱۰ - عەلی حەمدی بێدوهی
۱۱ - ڕەشید عەبدولقادر

١٢ - محەمەد ئەمین مەعروف

١٣ - جەلیل هۆشیار

دواتر چوار ئەندام بۆ مەكتەبی سیاسی دەستنیشان كران كە بریتیبوون لە: ئیبراهیم ئەحمەد، نوری شاوەیس، عەلی عەبدولا و عومەر مستەفا[٢].

لەم كۆنگرەیەدا ناوی سەرۆك بە دەق دەهێنرێ، وەك ئەوەی لە ماددەی بیست و نۆیەمی پەیڕەوی ناوخۆیدا هاتووە: "سەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستان - عێراق، قارەمانی ڕزگاری كوردستان جەنەڕاڵ مستەفای بارزانی سەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستان ـ عێراقە" و بۆ یەكەمین جار لە مێژووی پارتیدا زاراوەی "سكرتێری گشتی" بەكارهێنرا[٣].

گرنگترین بڕیارەكانی كۆنگرە بریتیبوون لە:

- گۆڕینی ناوی پارتی، لە "پارتی دیموكراتی كورد"ەوە بۆ "پارتی دیموكراتی كوردستان ـ عێراق".
- هزری ماركسی ـ لێنینی وەك ئایدۆلۆژیی پارتی دەستنیشان كرا.
- ناوی ئۆرگانی پارتی لە ڕزگارییەوە كرایە خەبات.
- دامەزراندنی ڕێكخراوەكانی یەكێتی قوتابیانی كوردستان، یەكێتی لاوانی دیموكراتی كوردستان و یەكێتی ئافرەتانی كوردستان.
- دەركردنی هەمیشەیی هەمزە عەبدولا لە ڕیزەكانی پارتی دا.
- وەرنەگرتنی عەونی یوسف بە نوێنەری كۆنگرە بە تۆمەتی گوێنەدانە بڕیارەكانی سەركردایەتی كاتی كۆنگرەی دووەم[٤].

پەیكەری پارتی دیموكراتی كوردستان ــ عێراق، بە پشت بەستن بە پەیڕەوی ناوخۆی كۆنگرەی سێیەم، بەم شێوەیەی خوارەوە ڕێكخرا: شانە، لێژنەی ناوچە، لێژنەی لق، كۆمیتەی ناوەندی، مەكتەبی سیاسی، سكرتێری گشتیی پارتی، سەرۆك[٥].

هەڵگرتنی ئایدۆلۆژیای ماركسیزم – لینینیزم، ئەگەرچی لەگەڵ بیروباوەڕی حزبی نەتەوەیی نەدەگونجا و دژی ئارەزووی زۆربەی كادیر و ئەندامانی پارتی بوو، پێدەچوو سەرەڕای ئەوەی بیروباوەڕی باوی ئەو سەردەمە بوو، هۆكارەكەی ڕكابەری لەگەڵ حزبی شیوعی بووبێت، كە بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەكی زۆری هاوبیرانی شیوعی و ماركسی لە كوردستان پەیوەندی بە پارتییەوە بكەن[٦].

له ڕووی ڕاگەیاندن و بڵاوکراوەکانی حزبەوە، پاش کۆنگرەی سێیەم، سەرەڕای ڕۆژنامەی "ڕزگاری" کە ناوەکەی بۆ "خەبات" گۆڕدرا و ئۆرگانی پارتی بوو، ڕۆژنامەی "نداء کردستان" بە زمانی عەرەبی دەست بە چاپکردنی کرایەوە، دوو بڵاوکراوەی تریش بە ناوەکانی "ڕێگەی نوێ" تایبەت بە ڕۆشنبیران و لاوان و "نرکەی جوتیار" تایبەت بە جوتیاران بە زمانی کوردی بڵاوکرانەوە[٧].

# پارتی دیموکراتی کوردستان - عێراق

## پەیرەوی ناوەوە*

**مادەی یەکەم-** پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق، یەکگرتنێکی بەئارەزوە، لەو کەسە هاوبیروباوەڕانە پێك هاتووە کە بۆ جێبەجێکردنی ئامانجی نزیك و دووری پارتی خەبات ئەکەن بەپێی پێڕەوە.

**مادەی دووەم- ئەندامی پارتی-** هەرکەسێك ئەم شەرتانەی خوارەوەی تیا بێت، بە ئەندام ئەژمێردرێ.

١. پرۆگرامی پارتی پەسەند بکات، وە بڕوای پێی هەبێ، وە بەپێی پێڕەوی ناوەوەی پارتی بجوڵێتەوە وە بڕیارەکانی جێبەجێ بکات.
٢. مانگانە ئەندامەتی بدات، وە بەپێی توانی هەر یارمەتییەکی مالی لێ داوا کرا درێخی نەکات.
٣. لە یەکێك لە ڕێکخراوەکانی (المنظمات)ی پارتیدا ئیش بکات.
٤. تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێت.

**مادەی سێیەم- فرمانی ئەندام (واجبات العضو).**

لەسەر هەموو ئەندامێکی پارتی پێویستە پەیڕەویی (یتبع) ئەمانەی خوارەوە بکات.

١. بەهەموو هێزێکییەوە بۆ پاراستنی یەکێتی پارتی تێ بکۆشێت.
٢. بە هەموو نرخێك نهێنییەکانی پارتی بپارێزێت، وە وریا و ئاگادار بێت لە کاروباری پارتیدا، ئەوەی لەپێش چاو بێت کە وریایی ئەندامان لە هەموو شوێن و کاتێکدا شتێکی زۆر پێویستە، وە درکاندنی نهێنی پارتی تاوانێکی (جریمة) گەورەیە بەرامبەر پارتی.
٣. بە هەموو هێز و توانایەوە خەبات بکات بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی پارتی، وە لەو ڕێگایەدا لە هیچ فیداکارییەك درێخی نەکات.
٤. هەمیشە تێ بکۆشێت بۆ پترکردن و بەرزکردنەوەی مستەوای هۆشیاری و خوێندەواری شۆڕشگێڕیی خۆی، وە تێگەشتنی سەرەتاکانی (مبادیء، اسس)ی مارکسیزم ـ لینینیزم.
٥. تێ بکۆشێ بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی پارتی لەناو خەڵکدا، وە بەهێزکردنی پەیوەندی (رابطة) بەینی پارتی و کۆمەڵانی خەڵکی دەرەوەی پارتی، وە ڕاکێشانیان بۆ مەیدانی خەباتکردن لەڕێگەی ئەو بیروباوەڕانەدا. پێویستە هەمیشە ئەوەی لەبیر بێ کە وا پەیوەندی پتەو و بەهێز لەتەك گەلدا، سەرچاوەی هێز و نەبەزی پارتییە.
٦. لەسەر بناغەی دەستووری ڕەخنەگرتن و ڕەخنە لەخۆگرتن (النقد والنقد الذاتی) بڕوات.

هەر ناتەواوی و کەموکورییەك کە لە کاردا ئەبینێ، بیخاتە پێش چاو وە هـۆی بدۆزێتـەوە و دەرسـی لـێ وەرگـرێ وە هـەوڵ بـدات بـۆ نەهێشـتن و لابردنـی. وە هـیچ ناتـەواوی و کەموکورییەك نەشارێتەوە و نەیخاتە پشتگوێ لـە هـەر ئەنـدامێك یـا لـە هـەر کـارێکی پارتیدا هەستی پێ بکا. بە هەموو هێزییەوە بچێ بە گـژ لـەخۆبایی (الغـرور)بـوون و بـە سەرکەوتن خەڕۆبووندا.

٧. پێویستە ڕاست و ساغ و سەربەست بێ، ڕاستی نەشارێتەوە لە پارتی وە نەشی شـێوێنێت، وە لە هەر جوڵانەوەیەکیدا دەسکەوتی (مصلحة) پارتی بخاتە پێش هەموو دەسکەوتێکی تر.

٨. پێویستە هەمیشە ئەوەی لەبیر بێ کە لە پارتیدا تەنها یەك پێڕەو هەیـە ئـەویش ئەمـەتا، وە بەبێ جیاوازی و بێ گوێدانە شـوێن و فرمـانی ئەنـدام لـە ڕێکخراوەکانیـا ئـەم پێـڕەوە بەسەر هەموو ئەندامانی پارتیا وەکو یەك تەتبیق ئەکرێت.

٩. هیچ ئەندامێکی پارتی نابێ ببێ بە مەئمور لە هیچ دائیرەیەکی پۆلیس یا ئیستیخبارات یـا پڕۆپاگەندە و شتی وا، وە یا پەیوەندی دروست بکا لەگەڵ پیاوانی دەسەڵاتداری دەوڵەتی یا لەگەڵ دائیرەکانی ژووروی دەوڵەتدا، بەبێ پرس و ڕەزای پارتی.

١٠. نابێ هیچ ئەندامێك بچێتە هیچ پارتێ، یا کۆمەڵ یا دەستە (جماعة) یا بەرە (جبهة)یـەکی سیاسی یا ناسیاسییەوە بەبێ پرس و ڕەزای پـارتی، هـەروەها نـابێ بـێ ڕەزای پـارتی تیایـا بمێنێتەوە.

١١. پێویستە خۆ دوورخاتەوە لە جاسوسانی پۆلیس و جاسوسی دەوڵەتانی بێگانـە و نۆکـەر و دەڵاڵەکانیان، وە لە دوژمنانی پارتی و ئەو کەسانەی لە پارتی دەرکراون.

١٢. نابێ هیچ ئەندامێ، شاری خۆی یا شوێنکاری خۆی یا ڕێکخراوی پارتی خـۆی جـێ بهێڵـێ بێ ئەوەی پێشەکی پرس بەو کەسانە بکات کە بەپێی ڕێکخستنی پارتی پەیوەنـدی هەیـە لەگەڵیان، وە پێویستە ناوونیشانی تەواوی تازەی خۆیان بداتێ.

**مادەی چوارەم- هەقەکانی ئەندام-** هەموو ئەندامێکی پارتی ئەم هەقانەی هەیە.

١. بۆی هەیە هەموو پرسیار و ڕەخنە و پێشنراو (اقتراح)ێك کە بەباش یا بە پێویستی ئـەزانێ لە هەموو ئەو دامەزراوانەی پارتی بکا کە پەیوەندی لەگـەڵیان هەیـە وە داوای وەرامیـان لێ بکا، یان بەهۆی ئەو ڕێکخراوانـەوە ئـەم پرسـیارە، ڕەخنـە، پێشـنراوانەی پێشـکەش بـە کۆمیتەی ناوەندی یان کۆنفرانس وە کۆنگرێس بکا بە شەرتێ جۆری پێشکەشـکردنیان وە چەشنی بەکارهێنانی ئەم هەقە لەگەڵ پێڕەوی ناوەوەی نهێنیەتی پارتی ڕێك بکەوێ.

٢. بێ ئـەوەی بڕیارێـك لەلایـەن ڕێکخراوێکـی دەسـەڵاتدارەوە، بـەپێی ئـەم پێـڕەوە، بـدرێ بەسەریا هیچ کەس ناتوانێ لە پێکهێنانی فرمانی پارتایەتی خۆی پەکی بخات.

٣. هەموو ئەندامێك هەقی هەیـە داوای وێنەیـەکی ئـەو شـکات و ڕاپـۆرە بکـا لـە حاڵێکـدا لەسەریان سزا بدرێ لەگەڵ وێنەیەکی بڕیاری سزادانەکەی، وە هەقی هەیە، ئیعتراز بگرێ

لای ڕێکخراوانی دەسەڵاتدار لە هەموو بڕیاری سزادانێك کە بەسەریا دەدرێت.

٤. هەموو ئەندامێك هەقی هەیە هەڵبژێردرێت بۆ هەر شوێنێك لە ڕێکخراوەکانی پارتیدا بەپێی ئەم پێڕەوە.

٥. هەر ئەندامێك کە لەسەر کاروباری پارتی وە لەڕێی جێبەجێکردنی کاری پارتیدا توشی بەندیخانە و لێقەومان بێ، پێویستە لەسەر پارتی بەپێی توانای یارمەتی بدات.

**مادەی پێنجەم- سزادانی ئەندام**

أ. هەر ئەندامێك یەکێ یان زیاتر لەم کردەوانەی خوارەوەی لێ ڕوی دا، لە ڕیزی پارتی دەردەکرێ.

١. خیانەت بکا لەگەڵ پارتی و ئەندامانی.

٢. لای بێگانە نهێنی پارتی ئاشکرا بکا.

٣. پارتی بەکار بهێنێ بۆ ئامانجی تایبەتی و دەستکەوتی خۆی.

٤. یەکێتی پارتی تێك بدا و گێرەشێوێنی لەناو پارتیدا بکا و دووبەرکیەتی تیا دروست بکا بە عەمدی.

٥. زەبت و ڕەبتی پارتی تێك بدا و لە نیزام دەربچێت بە قەسدی.

ب. هەر ئەندامێ یەکێ یان زیاتر لەم کردەوانەی خوارەوەی لێ ڕوی دا، شەرەفی ئەندامیەتی بزر دەکا.

١. سەرەڕای ئاگادارکردنی لە دووهەم مانگا بۆ مانگی سێیەمیش لەسەر یەك بەبێ بەهانەیەکی مەقبول مانگانەی ئەندامەتی نەدات.

٢. سەرەڕای ئاگادارکردنی لە دووهەم کۆبوونەوەدا بۆ سێیەم جاریش لەسەر یەك بەبێ بەهانەیەکی مەقبول لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوی خۆی حازر نەبێ.

ج. هەر ئەندامێ یەکێ لەم کردەوانەی خوارەوەی لێ ڕوی دا، بەپێی گەورە و بچوکی تاوانەکەی ئینزار، تەوبیخ، بەستاندن (تجمید)، دوورخستنەوە، دەرکردنی موەقەت ئەکرێ:

١. ئەو ئەندامەی سستی دەکا لە ڕاپەڕاندنی کاروباری پارتی و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ڕێکخراوەکانیدا.

٢. بەپێی پێڕەوی پارتی ناجووڵێتەوە و هەقی ئەندامەتی بەکار ناهێنێ.

٣. ڕێ لە ئەندامانی تر ببەستێتەوە بۆ نەگەیاندنی ڕەخنە و گلەیی و شکاتەکانیان بە ڕێکخراوانی دەسەڵاتدار وە یا نەهێڵێ ئەو ڕاپۆرانەی لەبارەی کەموکورتی و ناتەواوییانەوە ئەیدەن، بگاتە شوێنی خۆی. وەیا ڕێ لە بەکارهێنان وە گەشەپێکردنی (تطویر) دەستووری ڕەخنەگرتن وە ڕەخنەلەخۆگرتن بگرێ.

٤. نهێنی پارتی لای ئەو ئەندامانە دەرببڕێت کە بەپێی ئەم پێڕەوە هەقی ئاگاداربوونیان نییە.

تێبینی (١)، سزای دەرکردن یا ڕاستەوخۆ (رأسا، مباشرة) لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە دەدرێ، وە یان لێژنەی ناوچە بڕیاری دەرکردن ئەدا، بەڵام جێبەجێ ناکرێ تا لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە بڕیاری لەسەر نەدرێ.

تێبینی (٢): ئەو سزایانەی بەپێی بەندی (ب)، لە مادەی پێنجەمدا باس کراون، لەلایەن شانەوە یا لێژنەی ناوچەکانەوە دەدرێت بەپێی ئەوەی پێویستی بە پەسەندکردن بێ.

تێبینی (٣): ئەو سزایانەی لە بەندی (ج)، لە مادەی پێنجەمدا باس کراون، لە لایەن لێژنەی ناوچەوە دەدرێن بەڵام شانەش هەقی ئینزار و تەوبیخی ئەندامی هەیە.

تێبینی (٤): ئەندامێ کەوا بەپێی بەندی ٦ سزا درابێ، تا کۆمیتەی ناوەندی بڕیارێك ئەدا لە بابەت مەسەلەکەیەوە، بە ئەندامێکی بەستێنراو (مجمد) ئەناسرێ.

تێبینی (٥): ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری دەرکردنیان لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە دەدرێت.

تێبینی (٦): ئەندامی دەرکراو بۆی هەیە ئیعتراز بگرێ لەو سزایەی دراوە بە سەریا لەلای کۆنگرێس وە بڕیاری کۆنگرێس نیهائییە.

تێبینی (٧): ئەو ئەندامانەی کە جاسوسی بەسەر پارتییەوە ئەکەن، وەیا خیانەتی لەگەڵ ئەکەن، لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە چەشنی سزای بۆ دادەنرێ وە پێویستە بە زویی جێبەجێ بکرێ.

**مادەی شەشەم- وەرگرتنی ئەندام.**

أ. لەسەر پەسەندکردنی لێژنەی ناوچە یان لەخۆیەوە کۆمیتەی ناوەندی دەتوانێ سیفەتی ئەندامەتی ڕاستەوخۆ بدا بە یەکێك.

ب. جگە لەوەی کە لە بەندی (أ) باس کرا، تێکڕا ئەندامانی پارتی لەو پاڵێوراوانە پێك دێن کە مودەی پاڵاوتنیان بە باش تێپەڕاندبێ وە لەلایەن شانەوە پەسەند کرابن بۆ ئەندامەتی و لەلایەن لێژنەی ناوچەوە بڕیاری لەسەر درابێ.

ج. پاڵێوراو ئەو کەسەیە کە بڕوای بە ئامانجی پارتی هەبێ وە ئامادە بێ بۆ سەردانەواندن بۆ پێڕەوی ناوەوەی پارتی وە لەلایەن ئەندامێکی شانەوە پەسەند کرابێ و شانە بڕیاری لەسەر دابێ.

د. پێویستە لەسەر پاڵێوراو لە وەختی پاڵاوتنیەوە مانگانە بدات بە ڕێکخەری (منظم)شانەکەی، وە ئەگەر شانەی نەبێ، بەو ئەندامانەی پاڵاوتویەتی.

## ڕێکخستن و ڕێکخراوەکانی پارتی

**مـادەی هەفتــەم.** بنیـاتی ڕێکخســتنی پـارتیمان لەســەر بنچینــەی ناوەندیــەتی (المرکزیـة) دامـەزراوە. هـەموو ڕێکخراوەکـانی جیاجیـای پـارتی پێویسـتە سـەر بـۆ ناوەنـد (مرکـز) دابنەوێنن وە ڕێکخراوەکانی خواروو بـۆ ئەوانـەی سـەرووی خۆیـان. هـەروەها پێویسـتە کەمایەتی (الأقلیة) مل بۆ بڕیاری زۆرایەتی (الأکثریـة) کـەچ بکـا. پێـڕەو بەسـەر گـەورە و بچوك و خوار و ژوورا وەکو یەك تەتبیق ئەکرێ، زەبت و ڕەبتـی پـارتی هـیچ ئەنـدامێکی لێ ڕزگار نابێت. ڕەخنەگرتن و ڕەخنەلەخۆگرتن، وە لە خـوارەوە ڕەخنـە لـە سـەرەوەگرتن دەستووری کاروباری هەڵسوڕاندنی پارتیمانە. ئەگەر چی پارتی ئەیەوێ لەسـەر سـەرەتای (مبدأ) دیموکراتی ناوەنـدی کاروبـاری خـۆی بەڕێوەبـەرێ، بـەڵام چونکـە دیمـوکراتی لـە ڕێکخستنا بـەبێ ئاشـکرابوون و هـەڵبژاردن نـاگونجێ وە ئەمـەش لـەتوانادا نییـە، لەبـەر ئـەوەی پـارتیمان لـەژێر حـوکمێکی زۆرداری پیسـدا و بەرامبـەر بـە هێرشـی دڕندانـەی ئیمپریالیزم و جاسوس و نۆکەرانی بە ناچاری بە نهێنی ئـیش دەکـا و بـۆ قـازانجی پـارتی، جارێ هـەر ئەوەنـدە سـەرەتای هـەڵبژاردنی دیمـوکراتی ناوەنـدی، لـە ڕێکخسـتنا بـەکار ئەهێنێ کە لەگەڵ چەشنی نهێنی کاروباری هەڵسوڕاندنا بگونجێت.

**مادەی هەشتەم. شانە**

أ. شانە بنچینەی پارتیمانە بەپێی ڕێکخستنی نهێنی ئێستەمان، پێویسـتە ڕێکوپێـك و چـالاك بێت. ئەندامانی شانە وەکو هەموو ئەندامانی کەی پارتی پێویستە خۆیـان پرچـەك بکـەن بە نەزەریەیەکی پێشکەوتو، شـارەزایی خۆیـان زیـاتر کـەن لـە بابـەت هـەموو ڕوویـەکی وەزعی ئابوری (اقتصاد) و سیاسی و کۆمەڵایـەتی چینـە (طبقـی) جـوێ جوێکـان، وە لـە بابەت مێژووی خەباتی گەلەوە، پێویستە پەیوەندی خۆیان لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵك هـەتا دێت زۆرتر پتەوتر کـەن، وە لـەجۆری ژیـان و دەرامـەتی هـەموو چینـەکانی موجتەمـەع بکۆڵنـەوە. پێویسـتە لـە هـەموو دیمـەنێکی نـاڕەزایی کـەڵك وەرگـرن بـۆ پێشخسـتنی بزووتنەوەی پـارتی، هۆشـیاری لـە نـاو چینـی چەوسـاوەی گەلـدا بـڵاو بکەنـەوە. خۆیـان بپارێزن لە داوی جاسوسـان بـە وریـایی و ئاگادارییـەکی شۆڕشـگێڕانە. بـە خۆبـەخترکردن (تضحیة) و مەردایەتی ببنە نمونە و پێشڕەو بۆ ناوچەکەیان، بەڕاستی و سـاغی و چـالاکی و شارەزایی و نەبەزی ببنە سەرچاوەی گەورەترین پرۆپاگەندە بۆ پارتی.

ب. دامەزراندنی شانە.

١. شانە لە (٢ـ٥) ئەندام پێك دێت لەسەر بڕیاری لێژنەی ناوچەی ئـەو شـوێنەی تیایـەتی یـا هی نزمترین لێژنەی ناوچە.

٢. یـەکێ لـە ئەنـدامانی شـانە بـە ڕێکخـەری (مـنظم) شـانە ئـەناسرێ کـە لەلایـەن لێژنـەی ناوچەوە دادەنرێت.

**مادەی نۆیەم. فرمانی شانە.** - جگە لەو فرمانە گشتییانەی کە پێویستە لەسەر هەموو ئەندامێك، دەبێ شانە ئەم فرمانانەی خوارەوەش جێبەجێ بکات:

١. لای کەمی هەفتەی جارێك بە ڕێکوپێکی گرد دەبێتەوە. بەسەر کاروباری پێشوی ئەندامەکانیا دێتەوە، لە زروفی کار و توانای ئیشکردنی خۆی وە پترکردنی ئەو توانایە ئەکۆڵێتەوە، فرمان دابەش دەکا بەسەر ئەندامەکانیا، پەیرەوی دەستووری ڕەخنەگرتن و ڕەخنەلەخۆگرتن هۆی دواکەوتن و سستی و کەموکورتی ئەدۆزێتەوە، دەرسیان لێ وەرئەگرێت، پیلان و ڕێ دائەنێ بۆ ئەوەی دووبارە نەبنەوە (عدم التکرر)

٢. لەناو کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکەیا بیروباوەڕی پارتی بڵاو دەکاتەوە، پەیڕەوی سیاسەتی پارتی دەکا، بڕیارەکانی جێبەجێ دەکا، فەرمانەکانی (اوامر) بەجێ ئەهێنێ، وە لەناو ئەندامانیا چاوەدێری پێکهێنانیان دەکا.

٣. کۆمەڵانی خەڵك ڕائەکێشنە ناو جەرگی بزووتنەوەوە، فێریان دەکا، ڕێکیان ئەخا و ڕابەرییان دەکا، لایەنگرانی پارتی زۆر دەکا و چاکەکانیان هان ئەدات بۆ ئەندامەتی.

٤. سەرپەرشتی شانەکانی پاڵێوراوان دەکات، زانستی پارتیەتییان (الثقافة الحزبیة) فێر دەکات. گۆڤار و بڵاوکراوەکانی پارتییان تێ ئەگەیەنێ، فرمانی پارتییان ئەدا بەسەرا، یاریدەدەران (لایەنگران) لە بیروباوەڕ و سیاسەتی پارتی شارەزا دەکات، هەوڵ ئەدا بۆ ئەوەی زیاتر لە پارتی نزیکیان کاتەوە.

٥. مانگانە ئەندامان و پاڵێوراوان، باروبوی یاریدەدەران کۆ دەکاتەوە لەگەڵ نرخی ئەو شتانەی بۆ فرۆشتن بۆی نێردراوە.

٦. بڕیار و ئامۆژگارییەکانی پارتی و هی لێژنەکانی سەرووی خۆی ئەخوێنێت و لێی ورد دەبێتەوە، هەرچی لە ئۆرگانی پارتیدا یا لە بڵاوکراوەکانیدا نوسرابێت لێی ئەکۆڵێتەوە، بە هەموو سەربەستییەکەوە ڕەئی خۆی ئەدا بەرامبەر بە هەموو نوسین و کاروبار و سیاسەتێکی پارتی و ڕێکخراوەکانی، وە بۆی هەیە ئەم ڕەئیەی خۆی بگەیەنێتە هەموو ڕێکخراوێکی پارتی کە بەپێی پێڕەوی ناوەوە هەقی ئاگاداربوونی هەیە یا پەیوەندی ڕێکخستنی لەگەڵیدا هەیە، یا ڕاستەوخۆ داوا بکات بدرێت بە کۆمیتەی ناوەندی.

تێبینی : لە بەکارهێنانی بەندی شەشدا لە هەموو حاڵێکدا پێویستە ئاگاداری ئەمانەی خوارەوە بکرێت:

أ. ڕەئی ئەندامان یا هی شانە هەرچۆنێك بێت نابێ ئەو ڕەئییە ببێ بەهۆی دواخستنی جێبەجێکردنی ئەو فرمانانەی لێیان داوا کراوە، پێویستە لە وەخت و شوێنی خۆیدا وە بەو جۆرەی داوا کراوە پێك بهێنرێت ئەوسا ڕەخنە و گلەیی و شکاتی خۆیان بکەن.

ب. نابێ بەهیچ جۆرێك گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە و ڕەخنەگرتن لە بابەت کاروبار و سیاسەتی پارتییەوە بەجۆرێك بکرێ کە نهێنی پارتی ئاشکرا بکا لای ئەوانەی کە بەپێی ئەم پێڕەوە هەقی ئاگاداربوونی ئەم نهێنییەیان نییە.

ج. نابێ ئەو گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە و ڕەخنەگرتنە بەجۆرێك بکرێت کە ببێ بەهۆی ئەوەی دەستە و بەرە و دووبەرەکێتی (انشقاق) لەناو پارتیدا پەیدا ببێ وە یا بەو نیازە بکرێ کە ئەمانە پەیدا بکات، یان ببێ بەهۆی ئەوەی کەمایەتی ویستنی خۆی بەسەر زۆرایەتیدا بچەسپێنێ (فەرز بکا) یان بەم نیازە بکرێت.

٧. پێوستە شانە هێندێ لە کۆبوونەوەی خۆی تەرخان بکات بۆ فێرکردنی زانستی پارتێتی وەکو تێگەیشتنی ئامانج و پێڕەو وەیا خوێندنی باسی بزووتنەوەی نیشتمانیمان وە هی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لە هەموو دونیادا لەگەڵ خوێندنی ئەو کتێبانەی کە زانینی نەزەریەی شۆڕشگێڕی پتر و تەواوتر ئەکەن.

٨. هەر مەعلوماتێك لە هەر ڕوویەکەوە بەکەڵکی پارتی بێت پێویستە ڕێکخراوی سەرووی خۆی لێ ئاگادار بکات وە دەبێ تێ بکۆشێ بۆ کۆکردنەوەی ئەم جۆرە مەعلوماتانە.

٩. تەماشای ڕەوشت و خو و هەڵسوڕاندنی ئەندامەکان و ناکۆکی بەینیان دەکات، ئەوی بە تاوان بێ لە سنوری دەسەڵاتی خۆیدا (بڕوانە تێبینی ٢ ـ ٣ لە مادەی پێنجەم) سزای ئەدا ئەگینا لێی دەنووسێ بۆ ڕێکخراوی سەرووی خۆی.

١٠. بەر لە پاڵاوتن لە ڕەوشت و توانای ئەو کەسانە ئەکۆڵێتەوە کە یەکێ لە ئەندامەکانی ئەیەوێت بیانپاڵێوێ وە بۆی هەیە قبوڵیان بکات بە پاڵێوراو وە مودەی پاڵاوتنیان بۆ دابنێ. وە لە ماوەی پاڵاوتندا چاوەدێرییان دەکا ئەگەر پەسەندی کردن دەنوسێ بۆ لێژنەی ناوچە تا بکرێن بە ئەندام وە ئەگەر پەسەندی نەکردن یا مودەی پاڵاوتنیان بۆ درێژ دەکاتەوە وە یا وازیان لێ ئەهێنێت.

١١. هەر هەفتەی جارێك ڕاپۆرێك لەبابەت هەموو ڕوویەکی چالاکی خۆی و بڕیارەکانییەوە پێشکەش لێژنەی ناوچەی دەکات.

١٢. هەموو ئەندامانی شانە پێکەوە مەسئولن بەرامبەر بە ڕێکخراوەکانی سەرەوەیان.

**مادەی دەیەم. فرمانی ڕێکخەری شانە.**

أ. پێویستە لەسەر ڕێکخەری شانە نمونەی چالاکی و وریایی و فرمان ڕاپەڕاندن بێتو هەوڵدەرترین ئەندام بێ بۆ زیادکردنی زانستی شۆڕشگێڕی خۆی و مەعلوماتی لەبابەت پارتییەوە، خۆشەویست و بەڕێز بێ لەناو هاوڕێکانی و لەناو ئەو کەسانەدا کە کاریان لەگەڵ دەکا.

ب. پێویستە لەسەر ڕێکخەری شانە سەرپەرشتی و ڕابەری وە چاوەدێری هاوڕێکانی بکا لە هەموو ئەو فرمانانەدا کە لەسەر شان پێویستە وە دەبێ بەپێی پێڕەوی ناوەوە و لەبەر تیشکی بڕیار و ئامۆژگارییەکانی پارتی و هی ڕێکخراوەکانی سەرووی وە بڕیارەکانی شانە چالاکی شانە ڕێك بخات.

ج. ڕاپۆری کۆبوونەوەی ڕێکخراوەکەی خۆی ئەنووسێت. هەروەها مانگانە و ئەو دەنگوباس و مەعلوماتەی کە شانەکەی کۆی کردۆتەوە ئەیدا بە ڕێکخراوی سەرووی خۆی بەهۆی

ئەو ئەندامەوە کە ئەیبەستێ بەو ڕێکخراوەوە، لەگەڵ ئەو شکات و ڕەخنە و پێشنراوانەی دراویەتێ.

د. پێویستە ماڵی هاوڕێکانی و هەروەها ئەو شوێنانە شارەزا بێت کە بە زۆری هاتوچۆی ئەکەن بۆ ئەوەی لە وەختی پێویستدا بە زوویی بیاندۆزێتەوە، هەروەها دەبێ پارێزگاری پێوەندی بکا لەگەڵ ئەو ئەندامەی کە بە ڕێکخراوی سەروویەوە ئەبەستێ، وە دەبێ زۆر بە وردی ئاگاداری ئەوە بکا کە لە کات و شوێنی دانراودا یەکدی ببینن.

ە. بەبێ پرسی ڕێکخراوی سەرووی نابێ لە (٥) ڕۆژ زیاتر شوێنی کاری خۆی بەجێ بهێڵێ وە لەو کاتەشدا پێویستە پێش ڕۆیشتن پرسی شانەکەی خۆی بکا.

### لێژنەی ناوچە ـ اللجنة المحلية

**مادەی یانزەیەم. لێژنەی ناوچە**

أ. لێژنەیەکە نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق و ڕێکخراوەکانی سەروویەتی لەو ناچەیەدا کە کۆمیتەی ناوەندی بۆی دائەنێ لە سنوری ئەو دەسەڵات و فرمانانەدا کە ئەم پێڕەوە داویەتی وە بۆی داناوە. وە ئەندامەکانی لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە دادەنرێن.

ب. ئەم لێژنەیە بە گشتی مەسئولە بەرامبەر بە کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی و سکرتێری گشتی لەڕوی هەموو کاروبار و چالاکییەکی پارتییەوە لە ناوچەکەیدا.

ج. ژمارەی ئەندامی (٣ـ٧) کەس دەبێ کە یەکێکیان سکرتێریەتی.

د. سکرتێری لێژنەی ناوچە لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە لەناو چالاکترین و هۆشیارترین ئەنداماندا هەڵئەبژێردرێن.

**مادەی دوانزەیەم. دەسەڵات و فرمانەکانی لێژنەی ناوچە.**

دەسەڵات و فرمانەکانی لێژنەی ناوچە ئەمانەن.

١. هەرچی پێویست بێ بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ڕێکخراوەکانی سەرووی ئەیکات. وە پەیڕەوی ئەو ئامۆژگاری و (توصيات، ارشادات) فەرمانە دەکات کە دەسەڵاتدارانی پارتی دەری ئەکەن یان لە ئۆرگانی پارتیدا ئەنووسرێ لەبابەت جۆری هەڵسوڕاندن و ڕاپەڕاندنی کاری پارتی و بەڕێوەبردنی چالاکی و سیاسەت و تاکتیکی پارتییەوە.

٢. لای کەمی هەر پانزە ڕۆژ جارێك کۆ دەبێتەوە وەیا هەر وەختێکی تر بە پێویست زانرا لەلایەن سکرتێری لێژنە یا دوو ئەندامی لێژنەوە.

٣. لە چالاکی و کاروباری ئەندامانی خۆی و شانە وڕێکخراوەکانی ناوچەکەی ورد دەبێتەوە. بە پەیڕەویکردنی (اتباع) لە سنوری ڕەخنەگرتن و ڕەخنەلەخۆگرتن هۆی دواکەوتن و کەموکورتی و سستی ئەدۆزێتەوە و پیلان و ڕێوشوێن دائەنێ بۆ بەربەستکردن و

نەهێشتن و دەرس لێوەرگرتنیان بۆ خەبات.

٤. لە سنوری دەسەڵاتی خۆی و سیاسەتی دانراوی پارتیدا فەرمان و ئامۆژگاری دەردەکات بۆ هەموو ئەو ڕێکخراوانەی پێوەی بەستراون وە بە وردی چاوەدێری جێبەجێکردنیان دەکات.

٥. بە توندی چاوەدێری ئەوە دەکات کە ئەم پێڕەوە لەلایەن هەموو ڕێکخراوەکانی و ئەندامانییەوە بە وردی پەیڕەوی بکرێت، وە موحاسەبەی ئەو کەسانە دەکات کە لە پێڕەو دەرئەچن تاك بن یا کۆمەڵ، بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی کە لە بەندەکانی (أ، ب، ج) لە مادەی پێنجەمدا دراویەتی سزا ئەدات.

٦. بە توندی لە ڕەوشت و توانای ئەو پاڵێوراوانە ئەکۆڵێتەوە کە لەلایەن شانەکانەوە بۆ ئەندامەتی پەسەند کراون. یا قبوڵیان دەکا و لە شانەدا ڕێکیان ئەخا یان مودەی پاڵاوتنیان بۆ درێژ دەکاتەوە. شانەی ئەندامان ڕێك ئەخا و ڕێکخەریان بۆ دائەنێ. پاڵێوراوەکان لە شانەی تایبەتیا ڕێك ئەخا و ڕێکخەریان بۆ دائەنێ. لە ناوچەکەیا بە ناوی (لێژنەی کارگەر، لێژنەی کرێکار، لێژنەی جوتیار، لێژنەی لادێ، لێژنەی ئافرەت، لێژنەی قوتابخانە، لێژنەی قوتابیان وە هی کەی وەها) وە لێژنە دروست دەکا و ڕێکخەریان بۆ دائەنێ.

٧. تێ دەکۆشێ بۆ پێگەیاندنی کادرێکی شۆڕشگێڕ لەناو ئەندامانی چالاکی ناوچەکەیا. هەروەها تێ دەکۆشێ بۆ بەرزکردنەوەی مستەوای زانستیی شۆڕشگێڕی لەناو هەموو ئەندامەکانی ناوچەکەیا.

٨. تێ دەکۆشێ بۆ دەستخستن و زۆرکردنی ئەدەبیاتی پارتایەتی بە تایبەتی وە ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕی بە گشتی، وە بۆ فراوانکردنی ماوەی بڵاوبوونەوەی ئۆرگانی پارتی وە ئەو ڕۆژنامە و نووسراوانەی لەلایەن پارتی و ڕێکخراوەکانییەوە دەرئەکرێن. پڕۆگرامی خوێندنی زانستی شۆڕشگێڕی دائەنێ بۆ شانە و لێژنە ڕێکخراوەکان و شانەی پاڵێوراوان لە ناوچەکەیان.

٩. تێ دەکۆشێ بۆ گەشەپێکردنی (تطویر) دەستووری ڕەخنەگرتن و ڕەخنەلەخۆگرتن لە ئەندامدا. فێری ئەوەیان دەکا کە لە کەموکورتی چاو نەپۆشن، هەر بڕیار و ئامۆژگارییەك کە لە ڕێکخراوەکانی سەرووییەوە بۆی دێت وە هەر بیر و ڕەئی و پیلان و پرسیارێك لە ئۆرگانی پارتیا ئەیخوێنێتەوە پێویستە لە کۆبوونەوەکانیا بە هەموو سەربەستییەك لەسەر دەستووری ڕەخنەگرتن و ڕەخنەلەخۆگرتن لێی بکۆڵێتەوە، وە ڕەخنەیەك کە ئەیگرێ یا گۆڕینێك کە ئەیەوێت یا ناتەواوییەك بەدی دەکات بیگەیەنێتە ڕێکخراوی سەرووی خۆی یا هەر ڕێکخراوێکی پارتی کە بەپێی ئەم پێڕەو هەقی ئاگاداربوونی هەیە وەیا داوا بکا بگەیەندرێتە کۆمیتەی ناوەندی.

تێبینی: لە بەکارهێنانی بەندی (٩)ی مادەی دوانزەیەمدا لە هەموو حاڵێکدا پێویستە

ئاگاداری ئەمانەی خوارەوە بکرێ:

أ. ڕەئـی لێژنـەی ناوچـە هـەرچۆنێك بێـت نـابێ ئـەو ڕەئیـە ببـێ بـەهۆی دواخسـتنی جێبـەجێکردنی ئـەو فرمانانـەی داواکـراوە پێـك بهێـنرێن لـە کاتوشـوێنی دانـراو وەیـا پێویستی خۆیاندا بەو جۆرەی دانراوە یا پێویستە بکرێن.

ب. نابێ بە هیچ جۆرێك ئەو قسـە و لێکۆڵینـەوە و ڕەخنەگرتنانـەی لـە بابـەت کاروبـار و سیاسەت و تاکتیکی پارتییەوە ئەکرێن، بەجۆریك بکرێن کە ببێ بەهۆی ئاشـکراکردنی هیچ نهێنییەکی پارتی لەلای ئەوانەی بەپێی ئەم پێڕەوە هەقی زانینی ئـەم نهێنییـەیان نییە.

ج. نابێ لەوانە بێ کە ببێ بەهۆی دووبەرەکێتی و دەستە و بەرە دروسـتکردن و یـەکێتی پارتی تێکدان یان نیاز لەو ڕەخنە و لێکۆڵینەوانە پێکهێنانی ئەم حاڵانـە بـێ، یـان بـەو نیازە بکرێت کە کەمایەتی بەسەر زۆرایەتیدا ویستن و ڕەئی خۆی فەرز بکـا یـان ببـێ بە هۆی ئەمە.

١٠. تـێ دەکۆشـێ بـۆ ڕێکخسـتنی پرۆپاگەنـدە بـۆ بیروبـاوەڕی پـارتی لـە ناوچەکەیـدا وە بەهێزکردن و پترکردنی پەیوەندی لەگـەڵ کۆمـەڵانی خـەڵکی چینـی کرێکـار و جوتیـار و خوێنــدەواران و کەســەبە و ســەنعەتکاران بــۆ ڕێکخســتنیان بــۆ خــەباتکردن بــەپێی شیعارەکانی پارتی و بڕیارەکـانی و ڕابـەری ئۆرگـان و بەیاننامـەکانی وە تێدەکۆشـێت بـۆ بەکێشکردنیان بۆ ڕێکخستنی نەقابی و دیموکراسی و کۆمەڵانی هاریکار و هی زانسـتی و سپۆرت و هی کەی وەهـا. وە تەقـەللا ئـەدا بـۆ بـەڕێوەبردن و دەستبەسـەرداگرتنی ئـەم چەشنە ڕێکخراوانە لە ناوچەکەیا.

١١. چونکە پارتیمان بڕوای وایە کە خەباتکردن بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی دوور و نزیکـی پەیوەندییەکی تەواوی هەیە بە پاراستنی ئاشتییەوە بۆیە پێویستە لەسەر لێژنە ناوچـە بـە هەموو هێزییەوە تێ بکۆشێ بۆ پەرەپێدانی بزووتنـەوەی ئاشـتیخوازی لـە نـاو کۆمـەڵانی خەڵکدا وە بۆ ڕێکخستنی خەباتیان لەڕێگەی پاراستنی ئاشتی و دونیادا.

١٢. لێژنەی ناوچە دەتوانێ خۆی وەرامی ئەو ڕەخنـە و پرسـیار و پێشـنراوانە بداتـەوە کـە لـە ڕێکخراوەکانی ناوچەیەوە بۆی دێت، یا ڕەوانەی ڕێکخراوەکانی سەرووی بکات.

١٣. هەموو مانگێك ڕاپۆرت لە بابەت کاروبـار و چـالاکی خـۆی و ڕێکخراوانـی ناوچەکەیـەوە لەگەڵ لیستەیەکی حیسابی مانگییەوە ئەو پارەی مانگانەی ئەنـدام و پـاڵێوراو و بـاروبوی لایەنگران و یاریدەدەران و نرخی گۆڤار و شتانەی لای خڕبووەتەوە هەمووی ئـەنێرێ بـۆ ڕێکخراوی سەرووی.

١٤. وتار و دەنگوباس و نوسین ئەنێرێ بۆ ئۆرگانی پارتی.

١٥. دەتوانێ ڕۆژنامە یا گۆڤاری تایبەتی بەناوی خۆیەوە دەربهێنێ پاش وەرگرتنی موافەقـەتی کۆمیتەی ناوەندی لەسەر دەرکردن و ئەندامانی لێژنەی دەرهێنانی. هەروەها بـۆی هەیـە

بەناوی خۆیەوە لەسەر مەسئولیەتی خۆی بەیاننامە دەربکات لە بابەت ڕووداوی ناوچەیەکەوە.

١٦. پێویستە لەسەر لێژنەی ناوچە پارێزگاری مانەوەی پەیوەندی بکا لەگەڵ ڕێکخراوی سەرووی وە ڕێکخراوەکانی ناوچەکەیدا وە یا ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەندامەکاندا پەیوەندی پەیدا بکا لەکاتێکدا کە ڕێکخەری ڕێکخراوەکانیان لە جێبەجێکردنی پێویستی پارتایەتی هەڵدێن یا کەمتەرخەمی و سستی ئەکەن وەیا کوتوپڕ ئەگیرێن، ئەمانە هەمووی پێویستە بەجۆرێك جێبەجێ بکرێن کە نهێنێتی پارتی نەخرێتە پشت گوێ.

١٧. لە کاتی پێویستدا ئەندام هەڵئەبژێرێ بۆ نوێنەری لە کۆنگرێسی پارتیدا.

**مادەی سیانزەهەم. سکرتێری لێژنەی ناوچە.**

سکرتێری لێژنە، نوێنەری دەسەڵات (ممثل السلطات)ی ڕێکخراوانی سەرووی پارتی و هی لێژنەی ناوچەیە لە سنوری ناوچەکەیدا. پێویستە لەسەر سکرتێری لێژنە بەم فرمانانەی خوارەوە هەڵستێ:

١. سەرپەرشتی کاروباری هاوڕێکانی بکا لە لێژنەی ناوچەیدا.

٢. ڕێکخەری ئەو ڕێکخراوانەی کە نەبەستراون بە ئەندامانی لێژنەی ناوچەیەوە بەخۆیەوە ببەستێ و سەرپەرشتییان بکات.

٣. بە وردی و توندی چاوەدێری پاراستنی نهێنێتی کاروباری پارتی و ئەندامەکانی بکا. هەروەها موخابەراتی پارتی و کەلوپەلی لە شوێنی باش بشارێتەوە و پارێزگاریی شوێنە شاردراوەکانی بکات. بۆ پێکهێنانی ئەم نیازانە لەسەر مەسولیەتی خۆی بۆی هەیە بە هەموو سەربەستییەکەوە بیری خۆی بەکار بهێنێ.

٤. دەتوانێ بەهۆی ڕێکخەری شانە و لێژنەکانەوە هەموو ئەندامێکی ناوچەکەی خۆی ببینێ وە فەرمانی تایبەتی پارتایەتییان پێ بسپێرێ.

٥. پێویستە کاروباری زانستیی ڕێکخراوەکەی خۆی بەڕێوە بەرێ وە تێ بکۆشێ بۆ لێکۆڵینەوەی وەزعی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئیداری ناوچەکەیەوە، وە کۆکردنەوەی مەعلوماتێکی پوخت لەم ڕوانەوە و ناردنی بە ڕاپۆرتێك بۆ ناوەند (مرکز)

٦. بەو ناوەوە کە سکرتێری لێژنەی ناوچەیە بەر لە هەموو کەسێك پێویستە لەسەری کە بە باشی [کار] لەسەر ئامانج و پێڕەو و ستراتیج و تاکتیکی پارتی بکا. وە بەپێی وەزعی ناوچەکەی سیاسەت و تاکتیکی پارتی هەڵسوڕێنێ.

٧. ڕاپۆری مانگی و لیستەی حیساب کە لە بەندی (١٣) لە مادەی (١٢)یەم باس کراون، ڕێك ئەخات.

٨. چونکە هەموو پەیوەندییەك لەگەڵ ڕێکخراوەکانی سەروودا، دەبێ تەنیا بەهۆی ئەمەوە پێك بێت، پێویستە پارێزگاری مانەوەی ئەم پەیوەندییە بکات. لەبەر ئەوە نابێ بەبێ پرسی لێژنەی ناوچە شوێنی خۆی بەجێ بهێڵێ. وە ئەگەر مودەی دوورکەوتنەوەی لە (٥)

ڕۆژ زیاتر بێت، پێویسته پرسی كۆمیتەی ناوەندی بكات.

٩. سكرتێری لێژنەی ناوچە بۆی هەیە بۆ ئەوەی كاروباری لێژنە بە گورجی و ڕێكوپێكی هەڵسوڕێ هێندێ لە فرمانەكانی خۆی بسپێرێ بە یەكێ لە ئەندامانی لێژنە كە دەبێتە (یاریدەدەری) وە لە وەختی ونبوون و دیارنەبوونیدا دەبێتە جێگریشی، هەتا سكرتێری نوێی بۆ دادەنرێ.

**مادەی چواردەیەم. لێژنەی كارگە (لجنة المعمل)**

بۆ یەكخستنی بەڕێوەبردنی چالاكی پارتایەتی و باشتر سەرپەرشتی ئاراستەكردنی (توجیە) خەباتی نەقابی سیاسی كرێكارانی كارگەیەك، لێژنەی ناوچە لەناو چالاكترین ڕێكخەرانی شانەی كارگەكەدا، لێژنەیەك دروست دەكا بە ناوی (لێژنەی كارگە)وە، ئەم لێژنەیە لە كاروبار و چالاكی خۆی بەرامبەر بە لێژنەی كرێكاران مەسئولە وە لێژنەی ناوبراو بۆی هەیە هەر دەسەڵات و فرمانێك كە دراوە بە خۆی ئەویش بیدا بەم لێژنەیە وە پێی بسپێرێت كە لە كارگەكەی خۆیا بەكاری بهێنێت.

**مادەی پانزەیەم. لێژنەی كرێكار.**

بۆ یەكخستن وبەڕێوەبردنی چالاكی پارتێتی و نەقابی بە جۆرێكی ڕێكوپێكتر و لە نزیكەوەتر و شارەزایانە، لێژنەی ناوچە لە چالاكترین ڕێكخەرانی لێژنەكانی كارگەكان و هی ڕێكخەرانی لێژنە نەقابییەكان و ئەندامە چالاكە فێركەرەكانی پارتی، لێژنەیەك دروست دەكات بەناوی (لێژنەی كرێكار)ەوە هەروەها هەر فرمان و دەسەڵاتێك كە بەپێی ئەم پێڕەوە دراوە بە خۆی بۆی هەیە بیدا بەم لێژنەیە كە لە سنوری مەیدانی ئیشی خۆیدا بەكاری بهێنێت. ئەم لێژنەیە لە چالاكی و كاروباری خۆی ڕاستەوخۆ بەرامبەر (لێژنەی ناوچە) مەسئولە.

**مادەی شانزەیەم. لێژنەی دێ.**

بۆ یەكخستنی بەڕێوەبردنی چالاكی پارتایەتی بەجۆرێكی باشتر و ڕێكوپێكتر و ئاراستەكردنی خەباتی دێ لە نزیكەوەتر و شارەزایانەتر، لێژنەی ناوچە لەناو چالاكترین ڕێكخەرانی شانەكانی دێدا لێژنەیەك دروست دەكا بەناوی (لێژنەی دێ)وە، وە بۆ لێژنەی جوتیار هەیە لەو دەسەڵاتانەی دراوە بە خۆی چەندی بە پێویست ئەزانێ بیدا بە لێژنەی دێ. ئەم لێژنەیە لە چالاكی و كاروباری خۆی ڕاستەوخۆ بەرامبەر لێژنەی جوتیار مەسئولە.

**مادەی حەڤدەیەم. لێژنەی جوتیار.**

بۆ ئەوەی چالاكیی پارتیمان لەناو جوتیاراندا بە جۆرێكی شارەزایانەتر و ڕێكوپێكتر و لەبندەستەوەتر یەكخرێ و بەڕێوە ببرێت و هەڵسوڕێنرێت، لێژنەی ناوچە بە ناوی (لێژنەی جوتیار)ەوە لێژنەیەك دروست دەكات لە چالاكترین ڕێكخەرانی لێژنەی دێیەكان و لەو

ئەندامانەی پارتی کە شارەزاییان هەیە لە مەسەلەی زەویـوزار و کێشـەی جوتیـاردا (مشـاکل الفلاح) لێژنەی ناوچە بۆی هەیە هەر فرمان و دەسەڵاتێك کـە بـەپێی ئـەم پێـڕەوە بـە خـۆی دراوە، بیدا بەم لێژنەیە ئەگەر بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری بەپێویستی زانی. لێژنەی جوتیار لە چالاکی و کاروباری خۆی ڕاستەوخۆ بەرامبەر لێژنەی ناوچە مەسئولە.

**مادەی هەژدەیەم. لێژنەی ئافرەت.**

بۆ ئەوەی چالاکی پارتی لەناو ئافرەتاندا ـ کە بە شورەی دیلی لە کۆمەڵ بۆڕ دراون ـ بەهبۆتر و ڕێکوپێکتر بکات و خەباتی ژنان لـە نزیکـەوەتر و شـارەزایانەتر ئاراسـتە (توجیـە) بکـات و ببـات بـەڕێوە، لێژنـەی ناوچـە، لێژنەیـەك دائەمـەزرێنێ بـەناوی (لێژنـەی ئـافرەت)ەوە، ئەندامـەکانی لـەناو چـالاکترین خوشـکە ئەندامـەکانی پارتیمانـدا و لـە ئەندامـە چالاکـە فێرکەرەکانی پارتی هەڵئەبژێردرێت. وە بۆ ئەوەی ئەم لێژنەیە بتوانێ بە باشـی و ڕێکـوپێکی بە فرمانەکانی خۆی هەستێت، پێویستە لەسەر لێژنەی ناوچە هەموو ئەو دەسەڵاتانەی خۆی بداتێ کە بۆ ئەم نیازە پێویستە. ئەم لێژنەیە لـە کاروباریـدا ڕاسـتەوخۆ بەرامبـەر بـە لێژنـەی ناوچە مەسئولە.

**مادەی نۆزدەهەم. لێژنەی قوتابخانە (لجنة المدرسة).**

بـۆ ئـەوەی چـالاکی پـارتیمان لـەنێو شـانەکانی قوتابخانـەدا بـە تایبـەتی، وە لـەناو هـەموو قوتابخانەکەدا بە گشتی چاکتر و لەبندەستەوەتر و شارەزایانەتر یەکخرێت و هەڵسـوڕێنرێت، لێژنەی ناوچە، لێژنەیەك دروست دەکات بەناوی (لێژنەی قوتابخانە)وە و ئەندامەکانی لـەناو چالاکترین ڕێکخەرانی شانەکانی ئەو قوتابخانەیەدا هەڵئەبژێردرێت و بۆ لێژنـەی ناوچـە یـان لێژنەی قوتابیان هەیە ئەو دەسـەڵات و فرمانانـەی خـۆی بـداتێ کـەوا باشـتر هەڵسـوڕاندنی کاروباریـان بـە پێویسـتی ئـەزانێت. ئـەم لێژنەیـە لـە چـالاکی و کاروبـاری خـۆی ڕاسـتەوخۆ بەرامبەر بە لێژنەی قوتابیان مەسئولە.

**مادەی بیستەم. لێژنەی قوتابیان.**

بۆ ئەوەی چالاکیی پارتیمان لەنێو لێژنەکانی قوتابخانەکاندا بە تایبەتی وە لە ناو قوتابیاندا بە گشتی بە جۆرێکی شارەزایانەتر و ڕێکوپێکتر و لە نزیکـەوەتر یـەکخرێت و بـەڕێوە ببرێـت و هەڵسوڕێنرێت، لێژنەی ناوچە، لێژنەیەك دروست دەکات بەناوی (لێژنەی قوتابی یـان) کەلـە کێشەی قوتابیان و خوێندندا شارەزاییان هەیە، وە بۆ ئەوەی ئەم لێژنەیە بتوانێت بە باشـی و ڕێکی فرمانەکانی خۆی جێبەجێ بکات، بـۆ لێژنـەی ناوچـە هەیـە هـەموو ئـەو دەسـەڵات و فرمانانەی بداتێ کە بە پێویستی ئەزانێت. ئەم لێژنەیە، لە کاروبار و چالاکی خۆی ڕاسـتەوخۆ بەرامبەر بە لێژنەی ناوچە مەسئولە.

**مادەی بیست و یەکەم. لێژنەی سەنعەتکاری (اللجنة المهنية).**

بۆ ئەوەی چالاکیی پارتیمان لەناو شانەکانی سەنعەتکارانی سەنعەتێکدا بە تایبەتی، وە لـەناو سەنعەتکارانی ئەو هـەموو سـەنعەتەکاندا بـە گشـتی چـاکتر و شـارەزایانەتر و لەنزیکـەوەتر بـەڕێوە ببرێـت و هەڵسـوڕێنرێت، لێژنـەی ناوچـە لـە چالاکترین ئەنـدامانی شـانەکانی هـەر سەنعەتەدا لێژنەیەك دروست دەکات بەناوی لێژنەی سەنعەتەوە وەکو لێژنـەی دارتاشـەکان، لێژنەی قەسابەکان، لێژنەی بـەنناکان و... وە لێژنـەی ناوچـە بـۆی هەیـە هـەر دەسـەڵاتێك و فرمانێکی خۆی کە بۆ باشهەڵسوڕاندنی کاروباری ئەم لێژنەیە پێویستە بیـداتێ. ئـەم لێژنەیـە لە کاروبار و چالاکی خۆی بەرامبەر بە لێژنەی سەنعەتکاران مەسئولە.

**مادەی بیست و دووەم. لێژنەی سەنعەتکاران.**

بۆ ئەوەی چالاکیی پارتێتی و نەقابی لەنێو لێژنەکانی هەموو سـەنعەتەکاندا بەتایبـەتی و لـە ناو هەموو سەنعەتکارانی ناوچەکەدا بـە گشـتی شـارەزایانەتر و چـاکتر و ڕێکـوپێکتر بـەڕێوە ببرێـت و هەڵبسـوڕێنرێت، لێژنـەی ناوچـە بـەناوی (لێژنـەی سـەنعەتکاران)ەوە لێژنەیـەك دائەمـەزرێنێت، ئەندامـەکانی لـەنێو چـالاکترین ڕێکخـەرانی لێژنـەی هـەر سـەنعەتەدا هەڵئەبژێرێت لەگەڵ ئەو ئەندامانەی پارتیمان کە لە کێشەی سـەنعەتکاران و ڕێکخسـتنیاندا شارەزاییان هەیە، لێژنەی ناوچە بۆی هەیە هەر دەسـەڵات و فرمـانێکی خـۆی کـە بـۆ باشـتر هەڵسوڕاندنی کاروباری ئەم لێژنەیە بە پێویستی ئەزانێ، بیداتێ. ئەم لێژنەیـە ڕاسـتەوخۆ لـە چالاکی خۆی بەرامبەر بە لێژنەی ناوچە مەسئولە.

**((لق و لێژنەی لق))**

**مادەی بیست و سێیەم. هەیئەتی لق و لێژنەی لق.**

أ. هەموو ڕێکخراو و لێژنەکانی ناوچەکان و لێژنـە تایبەتییـەکانی ئـەو شـوێنانەی کۆمیتـەی ناوەندی ئەیانبەستێ بە یەکەوە، بەسەر یەکەوە لقیان لـێ پەیـدا دەبـێ وە بـە ژمـارە لـە یەك جیا ئەکرێنەوە، وەکـو لقـی ١ پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان ـ عێـراق، لقـی ٢ پـارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق ...

ب. لێژنەی هەر لقە لە نوێنەرانی لێژنەکانی ناوچە و هی لێژنە تایبەتییەکان پێك دێت.

ج. پێویستە لەسەر لێژنەی لق، لای کەمی بە (٣) مانگ جارێـك کۆببێتـەوە، بـۆ کۆبوونـەوەی یەکەمی کات و شوێن لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە دادەنرێت.

د. لە یەکەم کۆبوونەوەیدا لە ناو خۆیدا سکرتێری لق هەڵئەبژێرێت.

هـ. پێویستە لەسەر سـکرتێری لـق سەرپەرشـتی کۆبوونـەوەکانی لـق بکـات وە جـێ و ڕێ و

کاتی کۆبوونەوەی بۆ دابنێ و پێشەکی لێژنەکانی ناوچەکان ئاگادار بکات.

**مادەی بیست و چوارەم. فرمانی لێژنەی لق.**

أ. چالاکی و کاروبار و خەباتی هەموو ڕێکخراوەکانی لق یەك ئەخات بە جۆرێك کە بەردارتر و ڕێکوپێکتر بێت. وە لە پەیڕەویکردن و جێبەجێکردنی بڕیارەکانیشی ئەپرسێتەوە.

ب. ڕێکخراوەکانی لق لە کۆبوونەوەکانیاندا لە بەری خەباتی ئەو بەشانەیان ئەکۆڵنەوە بە پەیڕەوی دەستووری ڕەخنەگرتن و ڕەخنەلەخۆگرتن، [هەروەها] هاریکاری (تعاون) ئەکەن لە تەجروبەی خەباتی سیاسی و ڕێکخستن و چارەکردنی کێشەکانی وەك یەکیاندا.

ج. پیلان و ڕێوشوێن دائەنێن بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی پارتی و پڕۆپاگەندەکردن بۆ بیروباوەڕ و ئامانجی نزیك و دووری. وە یەکخستن و ڕێکخستن و ئاراستەکردنی ناڕەزایی و ناگزووری خەڵك لەڕێگەی دەستکەوتی پارتایەتیدا و بۆ کۆکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك لە دەوری شیعارەکانی پارتی. هەروەها پیلانی گشتی دائەنێ بۆ سێ مانگی داهاتوو.

د. ڕێوشوێن و ئەندام دائەنێ بۆ جێبەجێکردنی مەسەلەی پەیوەندی لە بەینی لێژنەکانی ناوچەکان و ناوەندا.

تێبینی : پێویستە نوێنەری ئەو ڕێکخراو و لێژنانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان نییە لەگەڵ ناوەند لە کاتی جێبەجێکردنی بەندی (د)دا ئاگادار نەکرێن.

ە. لەکاتێکدا لێژنەکانی ناوچە لەبەر نەبوونی کادری تەواو پێیان نەکرێت گۆڤار و ڕۆژنامەی تایبەتی خۆیان دەر بکەن، وە هەتا ئەم توانایە لە لێژنەکانی ناوچەدا پەیدا دەبێ، لق بۆی هەیە بە ناوی خۆیەوە گۆڤار و ڕۆژنامە دەربهێنێ، دوای وەرگرتنی موافەقەتی کۆمیتەی ناوەندی لەسەر بڵاوکردنەوەی نوسین بەو شەرتەی لە سنوری تاکتیکی پارتی نەچێتە دەرێ و لە پێش هەموو شتێکدا باسی کێشەکانی ناوچەکەی خۆی بکات.

و. ڕاپۆرتێك لەمەڕ کاروبارەکانی ئەدات بە ناوەند.

ز. لێژنەی لق لە هەموو کاروبار و چالاکییەکی خۆی ڕاستەوخۆ بەرامبەر بە کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی و سکرتێری گشتی پارتی مەسئولە.

**مادەی بیست و پێنجەم. کۆمیتەی ناوەندی.**

أ. کۆمیتەی ناوەندی لەلایەن کۆنگرێسی گشتی پارتییەوە هەڵئەبژێردرێت بۆ مودەی دوو ساڵ، ژمارەی ئەندامانی لە (٧)ەوە هەتا (١١) دەبێت.

ب. پێویستە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە یەکەم کۆبوونەوەیدا، کە دەبێ لە (١٥) ڕۆژ زیاتر نەکەوێتە دوای کۆبوونەوەی کۆنگرێس، لە ناو خۆیاندا سێ ئەندام بۆ مەکتەبی سیاسی وە یەکێ لەم سێیانە بۆ سکرتێریەتی گشتی پارتی هەڵبژێرێت. هەروەها بەپێی پێویست چەند ئەندامێك ـ بە شەرتێ لە ژمارەی خۆی پتر نەبێ ـ هەڵئەبژێرێت بە ناوی

(جێگـر)ەوە کـەوا لـە کۆبوونـەوەکانی فراوانیـدا حـازر ئـەبن بـەبێ ئـەوەی دەنگیـان بژمێردرێت. لە کاتی ونبوونی ئەندامانی خۆیدا بەمانە جێگەیان پڕ دەکاتەوە بـەجۆرێکی وەختـی (بصـورة مؤقتـة)، وە لـە کاتێکـدا کـە ئەنـدامێکی لـە ئەندامـەتی ئەکـەوێ، لـەم جێگرانە هەڵئـەبژێرێت بـۆ شـوێنەکەی وە بەمـە دەبـێ بـە ئەنـدامی تـەواوی کۆمیتـەی ناوەندی.

ج. بۆ هەڵسوڕاندنی کاروبار و بەڕێوەبردنی چالاکیی پارتی، چەند لێژنـە بـە پێویسـت بزانـێ دروستی دەکات بەپێی بەندی (٢٣) لە مادەی (٢٦)ی ئەم پێڕەوە.

د. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بۆیان هەیە لە یەکێ زیاتر لەم لیژنانەدا کار بکەن.

ه. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بە گرتن و دەربەدەربوون، یا بە دوورکەوتنەوە و ونبوون لە ڕووی کاروباری پارتایەتییەوە یا بە ناچاری لە ڕووی چالاکی پارتایەتییانەوە لە ئەندامـەتی ناکەون.

**مادەی بیست و شەشەم. فرمانی کۆمیتەی ناوەندی.**

کۆمیتەی ناوەنـدی نوێنـەری بـەرزترین دەسـەڵاتی پـارتی و بەڕێوەبـەری هـەموو کاروبـار و چالاکییەتی لە ماوەبـەینی دوو کۆنگرێسـدا، وە ئـەم دەسـەڵات و فرمانانـەی لای خـوارەوەی هەیە :

١. تێکۆشین بۆ جێبەجێکردنی ئامانج و نیازی پارتی و چـاوەدێریکردنی بـەجێهێنانی پێـڕەوی نــاوەوەی و بڕیارەکــانی کــۆنگرێس و هینــەکانی خــۆی و هــی لێژنــە و ڕێکخــراوە دەسەڵاتدارەکانی کەی پارتی.

٢. پاراستنی بیروباوەڕ و ئامـانجی پـارتی لـە هێرشـی گێرەشـێوێنانە و دوژمنانـەی دەرەوە و ناوەوەی پارتی و تەقەللادان بۆ پاراستنی یەکێتی بیر و یەکێتی ویستن و یـەکێتی کـردەوە لە پارتیدا.

٣. پاراستنی کەلوپەل و ملك و ماڵی پارتی، پیلان و ڕێوجێ دانان بۆ پەرەپێدان و زیادکردنی، ڕێکخستنی سـەرفیات و واریـداتی پـارتی بـەپێی بودجەیـەك (میزانیـە) و ماوەنـەدان بـە لەدەسەتچوون و سەرفکردنی بێ جێ و بەفیڕۆ.

٤. وەستاندن و جێبەجێکردنی ئـەو بڕیارانـەی کـۆنگرێس کـەوا هـۆ و بیـانووی دەرکردنیـان نامێنێت و یا ئەگۆڕێت، لەسەر مەسئولیەتی خـۆی لـە حاڵێکـدا کـە جێبـەجێکردنی ئـەو بڕیارانە زیانی ببێ بۆ پارتی.

٥. بۆی هەیە ئەو بڕیارانە لەغو بکات کـە ڕێکخراوانـی خـوارووی ئەیـدەن، لـە حاڵێکـدا کـە پێچەوانەی ئامانج و پێڕەوی پارتی یا پێچەوانەی بڕیاری ڕێکخراوەکـانی سـەرووتر بـن، یـا لەگەڵ سیاسەت و تاکتیکی ئەو کاتەی پارتیدا نەگونجێن.

٦. لەبەر تیشکی (علی ضوء) ئامانج و پێڕەوی پارتی، مـەوقیفی پـارتی دەرئـەخات بەرامبـەر بەو کۆمـەڵ و پـارتی و دەسـتە عیلاقەدارانـە و بـەو گـۆڕین و قـەوماوانـەی ڕێکخراوانـی

ژووروی نە ڕەئی خۆیان پیشان داوە و نە بڕیارێکیان دەرکردووە لە بارەیەوە.
٧. مەوقیفی (وێستانی) پارتی پیشان ئەدات بەرامبەر بە هەموو قەوماوێکی گرنگ (مهم) لە باری دەسکەوتی بزووتنەوەی نیشتمانی ـ دیموکراسی، بزووتنەوەی چینی کرێکار و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی گشتییەوە. هەروەها لە بابەت وەزعی دنیاوە بە جۆرێك کە پەیوەندی پارچەیەك لەگەڵ گشتدا دەربخات.
٨. هەموو جۆرە ڕێوشوێن و پیلان و تاکتیکێ دائەنێ بۆ چالاکیی پارتایەتی لە هەموو ڕوویەکەوە.
٩. چاوەدێری هەموو کاروباری ڕێکخراوەکانی پارتی دەکات لە ڕووی ئاراستەکردنی چالاکی و ڕێکوپێکی ئیشیانەوە، کاریان یەك ئەخات و تێدەکۆشێت بۆ بەهێزکردنی پارتی و پەرەپێدان و زۆربوونی ڕێکخراوەکانی و وردی و ڕێکوپێکی ڕێکخستنیان.
١٠. پێویستە لەسەر کۆمیتەی ناوەندی کە ڕێکخستنی پارتایەتی تا دێت پتەوتر و بەهێزتر کات و بیپارێزێت لە شلبوونەوە، زەبت و ڕەبتی بپارێزێت لە تێکچون و پساندن چونکە پارتی لە خەباتیدا بۆ دەستخستنی ئامانجی دوور و نزیکی جگە لە ڕێکخستن هیچ چەکێکی تر شك نابات.
١١. بڕیار ئەدات لەسەر دامەزراندنی لێژنەکانی ناوچەی تازە و لێژنەی لقی نوێ وە شوێن و ماوەی چالاکییان بۆ دائەنێت.
١٢. أ. ئەندام و سکرتێری لێژنەکانی ناوچەکان دائەنێت.
ب. موحاسەبەی هەموو لێژنەکانی لق و لێژنەکانی ناوچەکان و ڕێکخراوەکانی کەی پارتی دەکات کەوا بە فرمانی خۆیان هەڵناستن، یان سستی تێدا ئەکەن، یا لە پێڕەو دەردەچن.
ج. بۆی هەیە کە ئەندامانی یان هەر هەموو ئەو ڕێکخراوە بەسەر یەکەوە بگۆڕێت و هی کەی لە شوێن دابنێت وەیان هەر یەکجارەکی نەیهێڵێت ئەمە جگە لەو سزایانەی بە پێی (مادەی پێنجەم) بۆی هەیە بیاندات.
١٣. أ. بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی پارتی بۆی هەیە بکەوێتە گفتوگۆکردن لەگەڵ ڕێکخراو وە کۆمەڵە نیشتمانی و کرێکاری و دیموکراسییەکان وە لەگەڵ نوێنەرانی جوتیاران و ڕێکخراوی جوتیاران و هی کەسەبە و سەنعەتکاران و سەرمایەدارانی نیشتمانی.
ب. لەگەڵیان ڕێك بکەوێت و بەرەی نیشتمانی، دیموکراسی و کرێکارییان لەگەڵ پێك بهێنێت.
١٤. کۆمیتەی ناوەندی تەماشای ئەو داخوازییانە دەکات کە ڕێکخراوانی نا- پارتایەتی (لا حزبية) ئەیکەن بۆ ئەوەی پارتیمان بیانگرێتە خۆی، وە هەروەها هی ئەو دەستە و کۆمەڵ و پارتییانەی گەرەکیانە تێکەڵی پارتی بن، بۆی هەیە ئەم داخوازییانە قبوڵ بکات

یان ڕەتی بکاتەوە.

١٥. تێ دەکۆشێت بۆ پێگەیاندن و زۆرکردنی کادری پارتی و دەستخستن و ئاسانکردنی ئەو هۆیانەی پێویستن بۆ پرچەککردنی هەموو ئەندامانی پارتی و پاڵێوراوەکانی ئەندامەتی بە زانستی پارتایەتی و شۆڕشگێڕیو هەروەها هەوڵ ئەدات بۆ بڵاوکردنەوەی زانستی نیشتمانی ـ دیموکراسی شۆڕشگێڕی لەناو کرێکاران و جوتیاران و کۆمەڵانی خەڵکدا.

١٦. پێویستە لەسەر کۆمیتەی ناوەندی مشوری ئالەت و کەلوپەلی چاپکردن بخوات بۆ خۆی و بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کەی پارتی وە تێ بکۆشێ بۆ پێشخستنی چاپکاری پارتایەتی.

١٧. سەرپەرشتی وە چاوەدێری ڕۆژنامەکانی پارتی دەکات و بەڕێوەی ئەبات، لێژنە دائەنێ بۆ دەرکردنی ئۆرگانی پارتی وە بۆ دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کەی پارتی یا سەر بە پارتی و تێدەکۆشێ بۆ زۆرکردنی ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕی بە زمانی کوردی و فراوانکردنی ماوەی بڵاوکردنەوەی.

١٨. بۆی هەیە هەموو ئەو سزایانەی لە مادەی پێنجەمی ئەم پێڕەوەدا باس کراون، بەکار بهێنێت بەرامبەر بە هەموو ئەندامێکی پارتی، هەرکەس دەبێ ببێ، و بەرامبەر بە هەموو ڕێکخراوەکانی پارتی کەوا لە پێڕەو دەربچن و یەکێ لەم کردەوانەی لێ ڕو بدات کە لە مادەی ناوبراودا ژمێردراون، بڕیارەکانی لەم ڕووەوە لە کاتی دەرکردنی بڕیارەوە بەجێ ئەهێنرێت وە تەنیا لەلای کۆنگرێس ئیعترازی لێ دەگیرێت.

١٩. لە وەختی تەنگانەدا کە پارتی ئەکەوێتە بەر شاڵاو و لیسی دوژمنانی دەرەوە یا ناوخۆیی، کۆمیتەی ناوەندی بۆی هەیە هەموو کەسێکی ڕاڕا (متقلب) و دوودڵ (متردد) و ترسنۆك لە ناوچەی دەسەڵاتداری پارتایەتی دوور بخاتەوە و هەروەها پێویستە لەسەری کە ناوبەناو بژارێکی سست و گێرەشێوێن و هەڵمەتەکاسەکان (انتهازيين) بکات و لەناو پارتی دەریانهاوێژێت.

٢٠. بەیاننامە بەناوی خۆی یا بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراقەوە دەربکات.

٢١. ئاگاداری ئەوە دەکات کە پارتی پڕ نەبێت لە عەناسری نا ـ کرێکار و نا ـ ڕەنجبەر، وە بۆ ئەمە نیسبەتێك دائەنێت بۆ وەرگرتنی ئەندامی تازە لە هەندێ چین و دەست بە تایبەتی لە کاتێکدا کە بزووتنەوە ئەکەوێتە کشانەوە (جزر)

٢٢. وەرامی ئەو هەموو ڕەخنە و شکات و پێشنراوانە (مقترحات) ئەداتەوە کە لەلایەن ڕێکخراوانی پارتییەوە پێشکەش کراون، هەمیشە بەپێی پێویست فەرمان (اوامر) و ئامۆژگاری (ارشادات) لە ڕووی هەموو کاروبارێکی پارتییەوە بەسەر لێژنەکانی ناوچەکان و ڕێکخراوانی پارتیدا بڵاو دەکاتەوە.

٢٣. کۆمیتەی ناوەندی لەناو ئەندامەکانیدا یا بەسەرکردەیی ئەوان یا لە جێگرەکان یان لەو ئەندامانەی پێیاندا ڕائەپەرموێت (ڕادەبینێ)، دەتوانێت هەندێ لێژنەی تایبەتی دروست بکات بۆ هەڵسوڕاندنی چالاکی جیاجیای خۆی، وە ڕاستەوخۆ ئەو فرمانانەی پێ بسپێرێت کە ئەهمیەتێکی گشتییان هەیە بۆ پارتی.

٢٤. پێویستە لەسەر کۆمیتەی ناوەندی لای کەمی هەر بە چوار مانگ جارێك بە جۆرێکی فراوان (بە ئەندام و جێگرەوە) کۆ ببێتەوە. هەروەها پێویستە لای کەمی بە دوو مانگ جارێك هەر ئەندامەکانی خۆی کۆ ببێتەوە بە عادەتی.

٢٥. أ. کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆبوونەوەی فراوانی یا سکرتێری گشتی لە خۆیەوە کۆی دەکاتەوە، یا بە فرمانی مەکتەبی سیاسی کۆ دەبێتەوە.

ب. ژمارەی ئەندامانی کۆبووەوە هەرچی چەندێك ببێت کۆبوونەوەکە بەڕێوجێ و قانونی ئەژمێردرێت، تەنیا بەو شەرتەی پێشەکی ئەندامان لە کات و شوێنی کۆبوونەوەکە ئاگادار کرابن.

٢٦. دەتوانێ لە کۆبوونەوەی فراوانیدا بە جێگرەکان شوێنی ئەو ئەندامانە بە یەکجاری پڕ کاتەوە کەوا لە ئەندامەتی کەوتوون، وە جێگەی ئەندامانی ونبووی خۆی یان بە وەختیی پێ بگرێت. هەروەها لە کاتێکدا کە هەڵسوڕاندنی کاروبار پێویستی دەکات بۆی هەیە بە هەڵبژاردنی ئەندام لە ناو ئەو کەسانەدا کە مێژویەکی خەباتی پڕ لە چالاکی و مەردایەتی و نەبەزی و فیداکارییان هەیە، ژمارەی ئەندامانی کۆمیتە بگەیەنێتە (١١)

٢٧. کۆمیتەی ناوەندی دەتوانێ ئەم دەسەڵاتانەی خۆی هەموو یا هەندێکی بدات بە لێژنەی لق یا لێژنەکانی ناوچەکان وەیا هەر لێژنەیەك کە بەپێی بەندی (٢٣)ی ئەم مادەیە دروستی دەکات. هەروەها بۆی هەیە ئەو دەسەڵاتەی لەم پێڕەوەدا دراوە بە ڕێکخراوەکانی پارتی کەمی بکاتەوە لە حاڵێکدا کە ئەمانە کادری وایان نەبێ بتوانێت بەو فرمانە هەستێ و ئەو دەسەڵاتانە بەکار بهێنێت کە دراویانەتێ.

٢٨. أ. پێویستە لەسەر کۆمیتەی ناوەندی کە ڕێوجێ بۆ کۆبوونەوەی کۆنگرێس ئامادە بکات و داینێ، وە لە وەختی پێڕەویدا (لای کەمی دوو ساڵ جارێك) بانگی نوێنەران بکات ئەگەر حاڵێکی وا ڕوو نەدات کە ٣/٢ی دەنگ گردکردنەوەی کۆنگرێس بە زەرەرێکی گەورە بزانن بۆ سەلامەتی پارتی.

ب. پێویستە لەسەر کۆمیتەی ناوەندی کە نیسبەتێك دابنێت بۆ نواندن لە کۆنگرێسدا بەپێی وەخت و حاڵ و چالاکی ڕێکخراوەکان و دابینکردنی نیسبەتێکی باش لە نوێنەرانی کرێکار و جوتیار.

ج. پێویستە بەر لە کۆکردنەوەی کۆنگرێس بە مودەتێکی موناسیب، ڕێکخراوانی عیلاقەدار لە نیسبەتی نوێنەران و وەختی کۆبوونەوە و باسەکانی قسەی لێ دەکات، ئاگادار بکات.

٢٩. لە کاتێکدا کە پارتی لە ئەنجامی هێرشێکی دوژمنی دەرەوەدا یا بەهۆی کنە و گێرەشێوێنی دوژمنانی ناوخۆوە توشی پشێوی دەبێ وە بزووتنەوەی ئەکەوێتە کشانەوە یا حاڵێکی وا ڕوو ئەدا کە لە تواناداا نابێ کۆنگرێس کۆ بکرێتەوە، کۆمیتەی ناوەندی بۆی هەیە بە ٣/٢ی دەنگی ئەندامەکانی بڕیاری ئەوە بدات کە لەسەر کار بمێنێتەوە و

کۆنگرێس کۆ نەکاتەوە.

٣٠. کۆمیتەی ناوەندی مەسئولە بەرامبەر بە کۆنگرێس لە پێکهێنانی هەموو ئەو فرمانانەی بەپێی ئەم پێڕەوە پێی سپێردراوە، هەروەها مەسئولە لە هەموو ئەو بڕیار و فەرمان و ئامۆژگارییانەی ئەیدا و دەری دەکا وە لە هەموو ئەو وتار و ڕەئی و باسانەی کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان و بەیاننامەکانیدا ئەینوسێ و بڵاوی دەکاتەوە. لە بابەت هەموو ڕوویەکی کاروبار و چالاکیی پارتییەوە، وە لە هەموو کار و فرمانی خۆی و هی هەموو ڕێکخراوەکانی پارتی. وە پێویستە ڕاپۆرێکی گشتی پێشکەشی کۆنگرێس بکا لە کۆبوونەوەی عادەتییەکانیدا.

٣١. کۆمیتەی ناوەندی نیسبەتی مانگانەی ئەندامەتی دائەنێ بە جۆرێك کە لەگەڵ دەستکەوتی ئەندامان و پێویستی پارتی ڕێك بکەوێت.

**مادەی بیست و حەفتەم. مەکتەبی سیاسی.**

أ. مەکتەبی سیاسی، مەکتەبی کۆمیتەی ناوەندییە لە (٣) ئەندام پێك دێت کە یەکێکیان سکرتێری گشتی پارتییە. مەکتەبی سیاسی دەتوانێ هەموو ئەو کاروبار و دەسەڵات و فرمانانەی بەپێی بەندەکانی (١ ـ ٢ ـ ٣ ـ ٥ ـ ٦ ـ ٧ ـ ٩ ـ ١٠ ـ ١٢ تەنیا ئەلف و ب ـ ١٣ تەنیا ئەلف ـ ١٥ ـ ١٦ ـ ١٧ ـ ١٨ ـ ٢١ ـ ٢٢ ـ ٢٣)ی مادەی (٢٦) دراوە بە کۆمیتەی ناوەندی، بەکار بهێنێت.

ب. هەمیشە بەپێی پێوست لەسەر ویستنی یەکێ لە ئەندامەکانی کۆ دەبێتەوە.

ج. مەکتەبی سیاسی بەرامبەر بە کۆمیتەی ناوەندی مەسئولە لە هەموو ئەو کاروبار و فرمانانەی پێی هەڵئەستێ وە لە چالاکی خۆی و ئەندامەکانی.

**مادەی بیست و هەشتەم. سکرتێری گشتی پارتی.**

أ. سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق، نوێنەری پارتی و کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی پارتییە بەرامبەر بە هەموو ڕێکخراوەکانی پارتی و کۆمەڵانی دەرەوە و ڕەئی گشتی. لە چالاکی خۆی ڕاستەوخۆ بەرامبەر بە کۆمیتەی ناوەندی مەسئولە، نوێنەری مەکتەبی سیاسییە بەرامبەر بە کۆمیتەی ناوەندی وە هی کۆمیتەی ناوەندییە بەرامبەر بە کۆنگرێس و کۆنفرانس، ڕاپۆری گشتی کۆمیتەی ناوەندی پێشکەش دەکات بە کۆنگرێس.

ب. سکرتێری گشتی پارتی بۆی هەیە کە بە ناوی پارتی و ڕێکخراوەکانی سەرووییەوە ئەو بەیاننامە و ئامۆژگاری و تەسریحاتانە دەرکات کە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکان و سیاسەتی دانراوی پارتی پێویستن. هەروەها بۆی هەیە بەناوی پارتایەتی و سیفەتی پارتایەتی خۆیەوە، لە بابەت سیاسەت و تاکتیك و بۆ بیروباوەڕی پارتییەوە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی پارتی و هی کەدا بنوسێت وە لە سەر ئەو مەسەلانەی پەیوەندییان هەیە لەگەڵ بزووتنەوە یا نرخێکی سەرەتایی (مەبدەئی)یان هەیە لێکۆڵینەوە و باسی عیلمی

بڵاو کاتەوە. سکرتێری گشتی پارتی مەسئولە لە هەمووو ئەو شتانەی بە ناوی خۆیەوە ئەینوسێت.

ج. پێویستە لەسەر سکرتێری گشتی پارتی ئەو ڕێوشوێنانە پیشان بدات کەوا پێویستن بۆ پتەوکردن و بەهێزکردنی پارتی وە پەرەسەندنی ڕێکخراوەکانی و بڵاوبوونەوەی جێگیربوونی بیروباوەڕی پارتایەتی بە تایبەتی و بەهێزکردنی گیانی شۆڕشگێڕ لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بە گشتی. هەروەها هەموو یارمەتی و ئامۆژگارییەکی پێویست پێشکەش ڕێکخراو و ئەندامەکانی پارتی بکات. تێبکۆشێت بۆ پێگەیاندنی کادرێکی شۆڕشگێڕ و پاراستنی پارتی و کەلوپەل و ئەندامەکانی.

**مادەی بیست و نۆیەم. سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق**

قارەمانی ڕزگاری کوردستان جەنەڕاڵ مستەفای بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراقە.

**مادەی سییەم. کۆنفرانس**

کە گۆڕینێکی سیاسیی گرنگ ڕوو ئەدا لە سیاسەتی عێراق، یا دەوڵەتاندا بەرامبەر بە کوردستان یا هی دونیادا، یا کە ناکۆکییەك ئەکەوێتە بەینی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندییەوە کە پێیان لانەبرێ یا کە زۆرایەتییەکی موئەکەد نابێ لە کۆمیتەدا لەبارەی مەسەلە گەورەکانی سیاسیەتی پارتییەوە، یا کە ناکۆکییەکی وا بکەوێتە میانی (بەینی) کۆمیتەی ناوەندی و چەند لێژنەیەکی ناوچەکانەوە لەسەر پەیڕەوی سیاسەتێ کە کۆنگرێس داینەناوە و ئەم ناکۆکییە لەوانە بێ کە یەکێتی پارتی بخاتە خەتەرەوە، یان کە پارتی دوچاری چورتمێکی گەورە دەبێ، یا لە کاتێکدا کە هەندێ چورتمی کۆمەڵایەتی گرنگ ڕوو ئەدا. لە هەموو ئەم خاڵانەدا کە کۆمیتەی ناوەندی نەتوانێ کۆنگرێس کۆ بکاتەوە، وە نەیەوێت خۆی باری بڕیاردان بگرێتە ئەستۆ، یا بە پێویستی بزانێ کە مەسەلەیەکی موعەیەن بە کۆمەڵی لێی بکۆڵێتەوە، کۆنفڕانس کۆ دەکاتەوە بۆ باسی ئەم مەسەلانە و چاکردنی ئەم چورتمانە وە دەرخستنی ڕەئی بەرامبەر بەو قەوماوانە.

**مادەی سی و یەکەم-** کۆنفڕانس لە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ئەو سکرتێرانەی لێژنەکانی ناوچەکان و کادرە چالاکەکانی پارتی پێك دێت کە کۆمیتەی ناوەندی دەتوانێت لەو وەختەدا و بە زوویی خڕیان بکاتەوە.

**مادەی سی و دووەم.**

أ. کۆنفڕانس بۆی هەیە هەموو دەسەڵاتەکانی کۆنگرێسی گشتی پارتی بەکار بهێنێت بێجگە لە گۆڕینی پرۆگرام و پێڕەوی پارتی و هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی.

ب. پەیڕەوی و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنفڕانس وەکو هینەکانی کۆنگرێس لەسەر

هەموو ڕێكخراو و ئەندامانی پارتی پێویستە.

**مادەی سی و سێیەم. كۆنگرێس.**

كۆنگرێسی گشتی، جیهازی هەرە بەرزی پارتی دیموكراتی كوردستان ـ عێراق و ڕێكخراوی هەرە بەدەسەڵاتیەتی. لە ئەندامەكانی كۆمیتەی ناوەندی و نوێنەرانی لێژنەكانی ناوچەكان وە هی ئەو لێژنە و ڕێكخراوانەی پارتی كە نەبەستراون بە لێژنەی ناوچەكەیانەوە لەگەڵ هی ئەوانەی پەیوەندییان هەیە بە لێژنەی ناوچەكانەوە پێك دێت.

**مادەی سی و چوارەم.**

أ. كۆنگرێسی گشتی بە ئیعتیادی لای كەمی بە دوو ساڵ جارێك لەلایەن كۆمیتەی ناوەندییەوە گرد ئەكرێتەوە.

ب. بەڵام كۆبوونەوەی غەیرە ئیعتیادی یان لەسەر ویستی كۆمیتەی ناوەندی خۆی وەیان لە سەر داواكردنی ٣/٢ی ئەو ئەندامانەی لە دوا كۆنگرێسی پارتیدا گرد بوونەتەوە یان لە سەر داواكردنی لە ٣/٢ زیاتری لێژنە ناوچەكان لەلایەن كۆمیتەی ناوەندییەوە كۆ ئەكرێتەوە.

تێبینی: ئەگەر كۆنگرێس لەلایەن كۆمیتەی ناوەندییەوە كۆ نەكرایەوە وەكو لە مادەی سی و چوارەمدا باس كراوە، ئەو ئەندامانەی كۆنگرەی پێشو كە داوایان كردووە، یان ئەو لە ٣/٢ زیاتر لێژنەی ناوچانە كە ویستویانە كۆنگرێس بگیرێت، لێژنەیەكی (٣) كەسی دروست دەكەن، ئەم لێژنەیە لە بریتی كۆمیتەی ناوەندی كات بۆ كۆنگرێس دائەنێ و شوێنی بۆ ئامادە دەكات بەو چەشنە كە لە مادەی سی و سێیەمدا نوسراوە كۆنگرێس پێك ئەهێنێ وە هەموو ئەو دەسەڵات و فرمانانەی بۆ كۆكردنەوەی كۆنگرێس دراوە بە كۆمیتەی ناوەندی تا گرتنی كۆنگرێس بەكاری ئەهێنێت. ئەگەر كۆمیتەی ناوەندی نیسبەتێكی دانەنا بۆ نوێنەران لەسەر نیسبەتی كۆنگرێسی پێشو نوێنەران بانگ دەكات بۆ كۆنگرێس، هەموو كۆنەكردنەوەی كۆنگرێس و بەهانەی كۆمیتەی ناوەندی هەرچی دەبێ ببێت ئەتوانرێت بەپێی ئەو مادەیە كۆنگرێس بكرێت.

**مادەی سی و پێنجەم. دەسەڵات و فرمانی كۆنگرێس.**

أ. بەپێی پێویست پرۆگرام و پێڕەوی پارتی ئەگۆڕێت یا ڕاستی دەكاتەوە، هەمووی یا ئەوەندەی پێویست بێت.

ب. هەموو قۆناغەكانی گەشەكردنی بزووتنەوەی ڕزگاری پرۆلیتاری، بە ئامانجی پارتی دائەنێت. تاكتیكی پارتی بە هەریەكێ لەم قۆناغانە لەلە (تحدید) دەكات.

ج. تاكتیكی پارتی مەسەلە گرنگەكانی سیاسەتی ئەو كاتە دائەنێ لەگەڵ نیشاندانی وەزعی سیاسی عالەم و كوردستان و عێراق وە زروفی چینە نیشتمانییەكان و مەوقیفیان،

هەروەها مەوقیفی پارتی بەرامبەر وەزعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی عیلاقەدار.

د. دانانی سیاسەتێکی گشتی بۆ هەر مەیدانە لە مەیدانەکانی چالاکییان و خەباتی سیاسی نیشتمانی، بزووتنەوەی چینی پرۆلیتاری، بزووتنەوەی دیموکراتی، بزووتنەوەی جوتیاران، ئیشکردن لە ناویاندا، ئیشکردن لەناو سەربازاندا، لەناو لاواندا، لەناو ئافرەتاندا، لەناو ئاشوری و تورکمان و ئەرمەنییەکانی کوردستاندا، ڕێوشوێن دانان بۆ پڕۆپاگەندە و هاندان و زانستی شۆڕشگێڕی بڵاوکردنەوە لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا، ئیشکردن لەناو ڕێکخراوە نا ـ پارتییەکاندا، پارێزگاریکردنی سەرەتا شۆڕشگێڕییەکان لە هێرشی کۆنەپەرستی و هەڵمەتەکاسەیی.

ە. ڕێوشوێن دانان بۆ بەستنەوەی خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی عێراق بە سەرکردەیی پارتیمان بە بزووتنەوەی خەڵکی عێراقەوە بە سەرکردەیی ڕێکخراوە پێشکەوتووە شۆڕشگێڕەکانی و یەکخستنی خەباتی کورد و عەرەب لەڕێگەی ڕزگارکردنی هەردووکیاندا و هەروەها هی کوردستان ــ عێراق بە کوردستانی کەوە ئەویش بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی دونیاوە.

و. لە کاروباری فرمانەکانی کۆمیتەی ناوەندی و لە حساباتی ئەکۆڵێتەوە، جگە لەوانەی کە زروفی نهێنێتی پارتی ماوەی دەربڕینی نادەن.

ز. تەماشای ئیعتزازی ئەو کەسانە دەکات کە لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە یا لەسەر موافەقەتی ئەو دەرکراون و ڕەتی کۆنگرێس بەرامبەریان نیهائییە. هەروەها تەماشای ناکۆکییەکانی بەینی کۆمیتەی ناوەندی و ڕێکخراوەکانی کەی پارتی دەکات.

ح. هەر دەسەڵاتێك لەم پێڕەوەدا نووسراوە و نەنووسراوە بۆی هەیە بەکاری بهێنێت، وە هەر فرمانێك بیەوێت دەتوانێ بڕیاری لەسەر بدات وە بڕیارەکانی جێبەجێ ئەکرێت بەسەر هەموو ڕێکخراوەکان و ئەندامەکانی پارتیدا.

ط. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی نوێ هەڵئەبژێرێت.

**شوباتی ١٩٥٣**

## سەرچاوە و پەراوێز

١ - حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني ـ العراق (في محطات رئيسية) ١٩٤٦ ـ ١٩٩٣، (دهوك ـ مطبعة خەبات ـ ١٩٩٨م)، ص ٤٩.

٢ - علی عبدالله، مێژووی پارتی دیموكراتی كوردستان ـ عێراق تا بەستنی كۆنگرەی سێ یەمی، (شوێن نادیار ـ ١٩٦٨ز)، ل ل ٨٨-٨٩؛ محمد كريم، المصدر السابق، ص ص ٤٩، ٥٠؛ نامەی جەلال تاڵەبانی (پیرۆت) بۆ: سەركردە جەنەراڵ مستەفا بارزانی و هاوڕێی خۆشەویست میرحاج ئەحمەد، (١٩٥٥/١٠/٥ – پەكین)، مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی كورد، ١٩٣١-١٩٥٨، بەرگی یەكەم، (هەولێر ـ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ ٢٠٠٤ز)، بەڵگەنامەی ژمارە ٧، ل ٤٤٧.

٣ - بڕوانە دەقی: پەیڕەوی ناوەوەی كۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموكراتی كوردستان ـ عێراق.

٤ - حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص ٤٩؛ علی عبدالله، سەرچاوەی پێشو، ل ل ٨٩، ٩٠؛ نامەی جەلال تاڵەبانی (پیرۆت) بۆ جەنەراڵ مستەفا بارزانی.. سەرچاوەی پێشوو.

٥ - بڕوانە دەقی: پەیڕەوی ناوەوەی كۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموكراتی كوردستان ـ عێراق.

٦ - حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص ٥٠.

٧ - نامەی جەلال تاڵەبانی (پیرۆت) بۆ جەنەراڵ مستەفا بارزانی.. سەرچاوەی پێشوو.

*- ئەم دەقە لەلایەن ئیبراهیم ئەحمەدەوە نووسراوە و وەك خۆی بەبێ دەستكاری دانراوەتەوە.

# كۆنگرەی چوارەمی پارتی دیموكراتی كوردستان ـ عێراق

## تشرینی یەكەمی ١٩٥٩

لە ماوەی نێوان كۆنگرەی سێیەمی ساڵی ١٩٥٣ و كۆنگرەی چوارەمی ساڵی ١٩٥٩ی پارتیدا چەند ڕووداو و گۆڕانكارییەكی گرنگ بەسەر حزبدا هاتن كە بوونە هۆی گۆڕینی ناوی پارتی و تەنانەت ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی و مەكتەبی سیاسی، بەبێ ئەوەی كۆنگرە یان كۆنفرانس بڕیاریان لەبارەوە بدات.

ساڵی ١٩٥٥ جەلال تاڵەبانی وەك نوێنەری "یەكێتی لاوانی دیموكراتی كوردستان" لەگەڵ ڕێكخراوی "لاوانی دیموكراتی عێراق"ی سەر بە حزبی كۆمۆنیستی عێراق، بەشداریی لە كۆنگرەی لاوانی جیهانی لە وارشۆی پایتەختی پۆڵەندا كرد، دواتر وەك نوێنەری "یەكێتی لاوانی دیموكراتی كوردستان" پاش بانگێشتكردنی چووە پەكینی پایتەختی وڵاتی چین، بەمەبەستی بەشداریكردن لە ڤیستیڤاڵێكی لاوان. جەلال تاڵەبانی لە ڕێگای گەڕانەوەی بە یەكێتی سۆڤیەتدا، لە مۆسكۆی پایتەخت توانی دوو جار بە ڕێگەی تەلەفۆنەوە پەیوەندی بە سەرۆك مستەفا بارزانییەوە بكات لە بارەی حزبەوە ئامۆژگاری لێ وەربگرێت، پێشتریش بارزانی لە لایەن جەلال تاڵەبانییەوە بە نامەیەك لە كێشەكان و بارودۆخی حزب ئاگاداركرابووەوە، لەم پەیوەندییانەدا سەرۆك بارزانی داوای كرد، كۆتایی بە كێشەكانی نێوان هەمزە عەبدوڵا و ئیبراهیم ئەحمەد بهێنرێت و یەكبگرنەوە[١].

لەسەر داواكاری سەرۆك مستەفا بارزانی، چەندین دیدار لە نێوان هەمزە عەبدوڵا و ئیبراهیم ئەحمەد، بە مەبەستی یەكگرتن و بەلاوەنانی ناكۆكییەكان ڕێكخران. دواجار بەیاننامەیەك لەلایەن "بەرەی پێشكەوتووی پارتی دیموكراتی كورد"ەوە كە هەمزە عەبدوڵا سەرپەرشتی دەكرد، بە مەبەستی خۆهەڵوەشاندنەوە و گەڕانەوە بۆ ڕیزەكانی پارتی بڵاوكرایەوە[٢].

دوای گەڕانەوەی باڵی هەمزە عەبدوڵا بۆ ناو پارتی، لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٦، دەستەیەك لە كوردە ماركسییەكانی ئەندام لە حزبی شیوعی عێراقی، پاش ئەنجامدانی چەندین گفتوگۆ، بە مەرج هاتنە ڕیزی پارتییەوە. بە گەڕانەوەی باڵی هەمزە عەبدوڵا و پەیوەندیكردنی دەستەیەك لە ئەندامە كوردەكانی حزبی شیوعی عێراقی كە دیارترینیان نەژاد ئەحمەد عەزیز و خەسرەو تۆفیق فەتحوڵا بوون، لە كۆبوونەوەی كۆمیتەی ناوەندیدا ناوی حزب لە "پارتی دیموكراتی كوردستان – عێراق" گۆڕدرا بۆ "پارتی دیموكراتی یەكگرتووی كوردستان – عێراق" و سەركردایەتییەكی نوێ بۆ حزب دەستنیشانكرا، هەڵبەتە ئەم گۆڕانكارییانە

پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆی حزب بوون و دەبوایە لە کۆنگرە، یان کۆنفرانسی گشتی بڕیاریان لە بارەوە بدرێت.

کۆمیتەی ناوەندی نوێ پێکهاتبوون لە:

١ - ئیبراهیم ئەحمەد، سکرتێری گشتی
٢ - هەمزە عەبدوڵا
٣ - عەلی عەبدوڵا
٤ - نوری ئەحمەد تەها
٥ - عومەر مستەفا
٦ - جەلال تاڵەبانی
٧ - حەبیب محەمەد کەریم
٨ - نەژاد ئەحمەد عەزیز
٩ - خەسرەو تۆفیق فەتحوڵا

دواتر مەکتەبی سیاسیش لە چوار ئەندام پێکهێنرا کە بریتیبوون لە: ئیبراهیم ئەحمەد، عومەر مستەفا، هەمزە عەبدوڵا و جەلال تاڵەبانی.

لە ئەنجامی ئەم یەکگرتنەدا، گۆڕانکاری لە ناوی ئۆرگانەکانی پارتیشدا کرا و ئۆرگانی پارتی بە ناوی "خەباتی کوردستان"ەوە چاپ کرا و بڵاو کرایەوە.[٣]

دوا بەدوای ئەم گۆڕانکارییانە، ساڵی ١٩٥٧، سەرکردایەتی لقی کوردستانی حزبی شیوعی عێراقی کە بریتیبوون لە ساڵح حەیدەری، حەمید عوسمان[١] و کەمال فوئاد هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کورد دەبێت هەموویان لە یەك حزبدا کۆببنەوە، بۆ ئەم مەبەستە لقی حزبی شیوعی کوردستان خۆیان هەڵوەشاندەوە و هاتنە نێو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان – عێراق، ئەوە بوو جارێکیتر گۆڕانکاری لە سەرکردایەتی حزبدا کرا و هەریەك لە ساڵح حەیدەری و حەمید عوسمان زیادکرانە سەر ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی. مەکتەبی سیاسیش پێکهێنرا کە بریتیبوون لە: ئیبراهیم ئەحمەد، ساڵح حەیدەری، هەمزە عەبدوڵا، حەمید عوسمان و جەلال تاڵەبانی[٤].

دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨، کۆتایی بە دەسەڵاتی پاشایەتی "مەلەکی" لە عێراق هات و سیستەمی کۆماری شوێنی گرتەوە، بەمەش کۆماری عێراق بەرەو قۆناغێکی نوێ هەنگاوی نا و گەلێك گۆڕانکاری بەرچاو هاتنە کایەوە. کۆماری عێراق لە ڕێکەوتی ٢٤ی ئاداری ١٩٥٩ لە پەیماننامەی بەغدا و دواتر لە ڕێکەوتی ٣٠ی ئایاری ١٩٥٩ لە

ڕێککەوتننامـەی ئـانگلۆ - عێراقـی کشـایەوە. لـە ڕێکـەوتی ٤ی نیسـانی ١٩٥٩دا دوا یەکـە سەربازییەکانی سوپای بەریتانیا لە خاکی عێراق کشانەوە و لـە سـەرەتای مـانگی حـوزەیران، کۆماری عێراق لە دراوی پاوەنی ئێستەرلینی دەرچوو[٥].

شۆڕشی ١٤ی تەمووز و گۆڕانکارییەکانی دوای شۆڕش، کەشـێکی لـەباری بـۆ ڕێکخسـتنە نهێنییەکان هێنایە کایەوە، حزب سەرلەنوێ دەستیکرد بە ڕێکخستنەوەی پەیکەری ڕێکخـراوە جەماوەری و پیشەییەکان، هاوکات گەڕانـەوەی سـەرۆك مسـتەفا بـارزانی و هەڤاڵانیشـی لـە یەکێتی سۆڤیەت لە ڕێکەوتی ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨، کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لـە خرۆشانی جەماوەر و هاتنەڕیزی پارتیدا[٦].

باڵادەستی شیوعییەکان لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسـمدا، کاریگـەریی کردبـووە سـەر پارتی و پەیتا پەیتا حزبی بەرەو لەتبوون دەبرد، بەتایبەت لە ڕێگـەی ئـەو کادیرانـەی حزبـی شـیوعی، کـە لـە ماوەکـانی پێشـوودا پەیوەنـدییان بـە ڕیزەکـانی پارتییـەوە کردبـوو، پەیوەندیکردنی شـیوعییەکان بـە پـارتی و کاریگـەریان لەسـەر هـەمزە عەبـدوڵا، وایکـرد لـە ماوەیەکی کەمدا دەست بەسەر حزبـدا بگـرن. لـە هـەنگاوی یەکەمـدا ئیبراهـیم ئەحمـەدی سکرتێر بە تۆمەتی ڕاستڕەوی لادرا و هـەمزە عەبـدوڵا لـە شـوێنی کـرا بـە سـکرتێری حـزب، جەلال تاڵەبانیش کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو هەر بەم بیانۆیـە سـڕکرا. پەیوەندییـەکی نهێنـیش لـەنێوان مەکتـەبی سیاسـی و حزبـی شـیوعی دروسـتکرا، پـارتی کرابـووە لقێـك لـە لقەکانی حزبی شیوعی. ئەم پشتگیری و لایەنگرییە بۆ حزبی شیوعی پەیتا پەیتا بەرەو بنکـە و ئەنـدامانی حـزبیش پـەلی دەهاوێشـت، لەسـەر ئـەم بارودۆخـە لەلایـەن ڕێکخسـتن و ئەنـدامانی حزبـەوە سـکاڵایەکی زۆر دەگەیشـتە دەسـت سـەرۆك مسـتەفا بـارزانی و داوای لێدەکرا بۆ کۆتایهێنان بـە کێشـەکان لـە بەسـتنی کـۆنگرەدا پەلـە بکرێـت، لـە بەرامبەریشـدا مەکتەبی سیاسی بەردەوام تەگەرەی دەخستە بەردەم بەستنی کۆنگرە و هـەوڵی دواخسـتنی دەدا[٧].

بەمەبەسـتی کۆتایهێنـان بـە کێشـەکان و بنبڕکردنیـان، سـەرۆك مسـتەفا بـارزانی، داوای کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی کرد[٨]. لـە ڕێکـەوتی ٣٠ حـوزەیرانی ١٩٥٩ تـەواوی کۆمیتـەی ناوەندی پارتی لە ماڵی سەرۆك مستەفا بارزانی لە شاری بەغدا کۆبوونـەوە، بـەڵام سـکرتێری حزب و مەکتەبی سیاسی ئامادەی کۆبوونەوەکە نـەبوون، دوای ئەنجامـدانی کۆبوونـەوە، لـە لایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە بڕیاری سڕکردنی سکرتێری حزب هەمزە عەبدوڵا و هەریـەك لـە خەسرەو تۆفیـق، نـەژاد ئەحمـەد، سـاڵح ڕۆشـدی، حەمیـد عوسـمان و سـاڵح حەیـدەری درا، بڕیاریشدرا ئامادەکاریی بۆ بەسـتنی کـۆنگرەی چـوارەمی پـارتی بکرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لێژنەیەکی ئامادەکاریی کۆنگرە پێکهێنرا[٩].

دوای ئامادەکاری تەواو، کۆنگرە لە ڕێکەوتی ٤ تا ٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٩، بە ئامادەبوونی ١٢٠ نوێنەر لە ماڵی کاکەزیادی کۆیە، لە شاری بەغدا، لە کەشێکی ئارام و ئاشتەواییدا بە شێوەیەکی ئاشکرا بەسترا. لەم کۆنگرەیەدا پرۆگرام و پەیڕەوێکی ناوخۆی نوێ پەسند کرا و ژمارەیەک بڕیاردران کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوە بوون:

- سەرانی دەستەگەری لە ڕیزی حزب دەرکران.
- پارتی گەڕێندرایەوە سەر ڕێبازی بنەڕەتی نەتەوەیی و لە بری تەبەنی کردنی مارکسی، گۆڕا بۆ سوود وەرگرتن لێی.
- ناوی پارتی کرایەوە بە پارتی دیموکراتی کوردستان - عێراق.
- بۆ یەکەمجار بڕیار لە دروستکردنی لێژنەی چاودێری و پشکنینی باڵا درا.

سەرۆك مستەفا بارزانی بۆ جاری یەکەم بەشداری لە کۆنگرەی پارتیدا کرد و بە ئامادەبوونی خۆی بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرایەوە. لە کۆتایشدا بە دەنگی نوێنەرانی کۆنگرە سەرکردایەتییەکی نوێ هەڵبژێردرا، کە بریتیبوون لە:

١ - مستەفا بارزانی، سەرۆك
٢ - ئیبراهیم ئەحمەد، سکرتێر
٣ - نوری شاوەیس
٤ - عەلی عەبدوڵا
٥ - عومەر مستەفا
٦ - جەلال شوانی (مامۆستا جەلال عەبدولڕەحمان ئەمین)
٧ - ئەحمەد ئامێدی (ئەحمەد عەبدوڵا محەمەد)
٨ - عەونی یوسف
٩ - سەید عەزیز شەمزینی (عەزیز عەبدوڵا عەبدولقادر)
١٠ - نوری ئەحمەد تەها
١١ - دکتۆر موراد عەزیز (موراد ڕەزم ئاوەر)
١٢ - مەلا ماتۆڕ (عەبدوڵا ئیسماعیل ئەحمەد)
١٣ - جەلال تاڵەبانی

هەروەها نەعمان عیسا بە ئەندامی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.

لێژنەی چاودێری و پشکنینی باڵا بۆ یەکەمجار پێکهێنرا، لێژنەکە لە پێنج ئەندام پێکهات

و بریتیبوون لە: شەمسەدین موفتی، حەبیب محەمەد کەریم، عەلی عەسکەری، یەدوڵا فەیلی و زەکیە ئیسماعیل حەقی میرزا.

لەم کۆنگرەیەدا هەریەکە لە: هەمزە عەبدوڵا، حەمید عوسمان، ساڵح حەیدەری، نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا، خەسرەو تۆفیق فەتحوڵا، حەمە کەریم فەتحوڵا و ساڵح ڕوشدی، بە لایەنگرەکانیانەوە لە ڕیزەکانی حزب دەرکران[١٠].

# پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی چوارەمی پارتی دیموکراتی کوردستان

## پرۆگرام

پارتی دیموکراتی کوردستان بەڵێن دەدات پارێزگاری لە سەربەخۆیی کۆماری عێراق بکات و دۆستایەتی کورد و عەرەب پتەو بکات.
لە بەندی یەکەمی پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستاندا هاتووە پارتی دیموکراتی کوردستان پارتێکی پێشڕەوی شۆڕشگێڕە، هەوڵ دەدات بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی کرێکاران، جوتیاران، کرێگرتە و خاوەن پیشەکان، ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان لە کوردستانی عێراقدا. پارتی لە خەباتی سیاسی خۆی و لە ڕاڤەکردنی پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەکانیدا، سوود لە تیۆری زانستی مارکسی لینینی وەردەگرێت. پارتی دیموکراتی کوردستان، خەبات دەکات بۆ پاراستنی کۆماری دیموکراتی عێراق و پتەوکردن و چاندنی گیانی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئازادییەکانی تاك و کۆمەڵ دابین دەکات وەك: ئازادی بیروڕا، ئازادی ڕۆژنامەگەری، ئازادی ڕێکخراوە پارتییەکان و سەندیکاکان، ئازادی بۆ گشت هاووڵاتییان، دانانی دەستووری هەمیشەیی لەگەڵ گەرەنتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ڕاستەوخۆی دیموکراتییانە،تیایدا گشت هاووڵاتییەك کە تەمەنی دەگاتە (١٨) ساڵ لە ڕەگەزی نێر و مێ بەشداری دەکات، بەکارهێنانی هەموو شێوازێکی کرداری یەکلاکەرەوە و بەهێز دژ بە دوژمنانی کۆمار و ڕێکخراوە سەربازی و مەدەنییەکانی دەوڵەت لەوان پاك بکرێنەوە، بەرگری هێزە چەکدارەکان بەهێز بکرێ بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی گەل.هەروەها لە پرۆگرامدا باس لەوە دەکرێت پارتی دیموکراتی کوردستان خەبات دەکات لە پێناو پاراستنی ئاشتی لە گشت جیهاندا، لە پێناو هێورکردنەوەی بارگرژی نێودەوڵەتی و پابەندبوون بە ڕێبازی بڕیارەکانی کۆنفرانسی باندونگ و پاکەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە مەبەستی هێنانەدی پرەنسیپەکانی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان بە ڕێگای ئاشتی و وتوویژەوە و قەدەغەکردنی (چەکی ئەتۆمی) و تاقیکردنەوەی، بەپێی ڕێکەوتننامە هەمەلایەنە نێودەوڵەتییەکان.

پارتی، خەبات دەکات بۆ بەردەوامبوونی هێنانەدی سیاسەتی نەتەوەیی دژ بە ئیمپریالیست، کە ئیمپریالیزم گەورەترین مەترسییە و هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر عێراق و نەتەوەی کورد. پارتی دیموکراتی کوردستان درێژە بە خەبات دەدات دژ بە ئاسەوارەکانی ئەو ڕێکەوتننامانەی سەروەری و سەربەخۆیی عێراق پێشێل دەکەن و خەبات دەکات لە پێناو پتەوکردنی پەیوەندییە دۆستایەتییەکان لەگەڵ وڵاتانی جیهاندا لەسەر بنەمای سوودی هاوبەش، بە تایبەتی لەگەڵ وڵاتانی کەمپی سۆشیالیستیدا.
پارتی لەگەڵ پەیڕەوکردنی سیاسەتی برایانە لەگەڵ کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی (عصبة الدول العربية) و وڵاتانی ئافرۆئاسیاویدایە.
پارتی دیموکراتی کوردستان خەبات دەکات بۆ پشتیوانیکردن لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی ئەو گەلانەی لە پێناو سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنوسیندا تێ دەکۆشن.
بەردەوام لە پرۆگرامدا هاتووە پارتی خەبات دەکات لە پێناو پتەوکردنی پەیوەندی برایانە و دۆستانەی نێوان گەلانی کورد و عەرەب و گشت کەمە نەتەوایەتییەکان وەك ئاشووری، تورکمان، ئەرمەنی. پارتی درێژە بە خەباتی دەدات لە پێناو پتەوکردنی یەکێتی نەتەوەیی و لە پێناو فراوانکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی ناوخۆیی لە عێراقێکی یەکگرتوو و چەسپاندنی ئەوەش لە دەستووری هەمیشەییدا و خەبات دەکات دژ بە ئایدیا شۆڤێنیزمەکان، کۆسمۆپۆلیتییەکان و جوداخوازەکان. پارتی دیموکراتی کوردستان، هەوڵ دەدات بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە برایەتی و دۆستایەتی و هاوکارییەکانی لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقی و لەگەڵ ڕێکخراوە دیموکراتییە پێشکەوتنخوازەکانی تری عێراقدا. پارتی، هەوڵ دەدات بۆ بنیادنانی برایەتییەکی پتەو لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پارت و ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی گشت پارچەکانی تری کوردستاندا. هەوڵ دەدات بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە دۆستایەتییەکانی لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە دیموکراتییە پێشکەوتووخوازەکانی هەموو جیهان. پارتی دیموکراتی کوردستان، خەبات دەکات لە پێناو ئەوەی گەلی کورد مافی نوێنەرایەتیکردن بەدەست بهێنێ و بەدەستهێنانی پۆست لە گشت ئۆرگانەکانی دەوڵەت لە دامەزراوە ڕەسمی و نیمچە ڕەسمییەکاندا بە شێوەیەك کە گونجاو بێت لەگەڵ گیانی کوردەکانی عێراق و لەگەڵ مافە مەدەنییەکانی کەمایەتییەکانی کوردستان. پارتی، تێ دەکۆشێت بۆ پێشخستنی ئابوری و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی گەل لە هەموو ڕوویەکەوە لە ڕێگای سوودوەرگرتن لە پرەنسیپی پلاندانانی ئابوری کورت و درێژخایەن لە گشت لایەنەکانی ژیانی ئابوری و ئامادەکردنی کادیرانی کارگێڕی و تەکنیکی

کە پێویستن بۆ ئەو مەبەستە. پارتی دیموکراتی کوردستان، وای لێك دەداتەوە پیشەسازییە قورسەکان کۆڵەگەی سەربەخۆیی ئابوری و ڕامیارییە، لەبەر ئەوە ئەو یارمەتی وڵات دەدات لە دەستەبەرکردنی پیشەسازی قورس و سووك لەسەر ڕۆشنایی و ئاکامی دیراسەتکردنی دەرهێنانی سامانە سروشتییەکان و بایەخدان بە نەوت و پیشەسازی گۆگرد (کبریت) و هەوڵدان بۆ گەیاندنی کارەبا بۆ گشت شوێنێکی وڵات، ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ بوژاندنەوەی پیشەسازی نەتەوەیی و پاراستنی لەبەربەرەکانێی بیانی، فراوانکردنی بەکارهێنانی سەرمایەی نەتەوەیی لە پیشەسازیدا لەگەڵ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی بەکاربەر.

پارتی، هەوڵ دەدات بۆ جێبەجێکردنی بەپەلەی ڕێکەوتننامە ئابورییەکەی نێوان عێراق و سۆڤێت کە گەرەنتی پێشخستنی پیشەسازی نەتەوەیی گشت عێراق بە کوردستانیشەوە دەکات. پارتی، ئەو بەشە پیشەسازییانە لە کوردستاندا پەرە پێ دەدا: پیشەسازی شەکر، کاغەز، بەرهەمەکانی شیر، پێستە، چیمەنتۆ، توتن و جۆرەکانی تری پیشەسازی.

پارتی، پشتگیری لە گۆڕینی باج دەکات لەسەر ئامێر و کەلوپەلی کارگەکان کە بۆ پتەوکردنی پیشەسازی نەتەوەیی عێراق دەهێنرێن. پارتی دیموکراتی کوردستان، خەبات دەکات بۆ لەڕەگهەڵکێشانی ڕیشەیی بێکاری و دەرکردنی یاسای پێشکەوتووخواز بۆ گەرەنتی بەرژەوەندییەکانی کرێکار و کارمەندان لە ڕێگای دابەشکردنی کەمترین کرێ کە گەرەنتی ژیانێکی گونجاو بۆ کرێکاران و خێزانەکانیان دەکات و خەبات دەکات بۆ گۆڕینی کاتژمێرەکانی کاری زیاد و کاری بارکردن کە لە سەروو توانای کرێکاردایە. خەبات دەکات بۆ قەدەغەکردنی کاری مێرمنداڵان، دەرکردنی یاسایەکی پێشکەوتوو سەبارەت بە خانەنشینان و گەرەنتی گشت لایەنی کۆمەڵایەتی، خەبات دەکات بۆ ئازادی سەندیکاکان بەو شێوەیەی بەرژەوەندییەکانی کرێکار و فەرمانبەران بپارێزێ، ناردنی شاندی کرێکاران بۆ دەرەوەی وڵات، زیادکردنی قوتابخانە پیشەسازییەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تەکنیکی.

پارتی دیموکراتی کوردستان، تێ دەکۆشێت بۆ زیادکردنی باجە حکومییەکان لەسەر نەوت، ئەمەش بە چاوپیاخشاندنەوە بە ڕێکەوتننامەکانی ئەم بوارە و دیاریکردنی چوارچێوەی کاری ئەو کۆمپانیایانەی ئێستا شوێنە نەوتییەکانیان لەژێر دەستدایە، هەروەها پارتی خەبات دەکات بۆ ئەوەی دەبێ حکوومەت بیرە نەوتەکان و شوێنەکانی تری دەرهێنانی نەوت هەروەها پاڵاوتنی نەوت و ناردنە دەرەوەی بگرێتە دەست، پارتی پشتیوانی لە گەرەنتی کۆنترۆڵکردن لەسەر چۆنێتی دەرهێنان و نرخدانان دەکات، خەبات دەکات بۆ جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەکان، خەبات دەکات بۆ داماڵینی کۆمپانیا بیانییەکان لە مافی دەستخستنە ناو

کاروباری عێراقەوە، هەروەها خەبات دەکات بۆ دامەزراندنی پیشەسازی دەوڵەتیی نەوت لـە ناوچە نەوتییەکاندا، بە شێوەیەك کە گونجاو بێت لەگەڵ هەلومەرجی ناوچەکـەدا، هـەروەها تێ دەکۆشێت بۆ ئامادەکردنی کادیری کارگێڕی و تەکنیکی بۆ ئەوەی لە داهاتوودا گـەرەنتی خۆماڵیکردنی نەوت بکات.

لە ڕووی سیاسەتی کشتوکاڵییەوە پارتی ئەم پرۆگرامەی خوارەوەی خستە ڕوو:

کێشەی زەوی لە کوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیە کە لە یاسای تایبەت بە چاکسـازی زەوی ئاماژەی بۆ نەکراوە، پارتی، خەبات دەکات بۆ گۆڕینی ئەو یاسایە بـۆ شـێوازێك کـە گـەرەنتی ئـەوە بکـات گشـت جوتیـارێکی کـورد بەلایـەنی کەمـەوە پارچەیـەك زەوی وەربگرێـت و گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بکرێت لە پێکهاتەی پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکاندا. بۆ باشترکردنی بارودۆخی جوتیـاران، پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، پێشـنیار دەکـات ئـەم کردارانـە ئـەنجام بدرێت:

بـە خـاوەنکردن و ئـاوەدانی ئـەو زەوییانـەی بـەکارناهێنرێت، دابەشـکردنیان بەسـەر ئـەو جوتیارانەی زەویان وەرنەگرتووە یان زەوییان هەیە، بـەڵام زۆر کـەمترە لـەوەی یاسـا داینـاوە. پەلەکردن لە ئاوەدانی زەوییەکان و دروستکردنی چەندین کەناڵی نـوێ و بیـری ئیرتیـوازی و دروستکردنی بەربەست و بەنداو لەسەر ڕووبارەکان بۆ ئاودانی زەوی. جوتیاران ئـەو مافـەیان پێ بدرێت کە پرۆژەکانی دەوڵەت بۆ ئاودان بەکاربهێنن، هاوکاریکردنی جوتیاران لـە ڕێگـای دابەشکردنی تـۆ و پـەین بەسـەریاندا، قـەرزی درێژخایـەن بـە جوتیـاران بـدرێت، بـەڵام بـە ڕێژەیەکی زۆر نـەبێت بـۆ ئـەوەی ڕزگاریـان ببێـت لـە دەسـت سـووخۆرەکان. دامەزرانـدنی کۆمەڵەی هەرەوەزی جوتیاران بۆ فرۆشتنی بەرهەمە کشـتوکاڵییەکانیان تـا جوتیـاران بتـوانن کـاڵا و کەلوپـەلی پێویسـت و کەرەسـەی پێویسـت بـۆ بەرهـەمهێنان بکـڕن. بڵاوکردنـەوە و ئاسـانکردنی بـەکارهێنانی ئـامێر و هۆکارەکـانی سـەردەم بـۆ چانـدن و کشـتوکاڵکردن، فراوانکردنی کارکردنی بە کۆمەڵ (هەرەوەزی) لە ناوچە کشتوکاڵییەکاندا لە نێوان جوتیاراندا. پارتی، وای بۆ دەچێ مەسەلەی ئاژەڵداری گەورە یان بچوك بریتییە لە یەك لـەو دوو شـێوازە گرنگەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لە کوردستاندا بە پلەیەکی گرنگ دەرامەتی جوتیـارانی لـێ دابین دەکرێت، لەبەر ئەوە پارتی دیموکراتی کوردستان، خەبات دەکات بۆ گـۆڕینی هـەموو سنووردانان و باڵادەستییەك کـە پەیوەسـتە بـە ئاژەڵدارییـەوە، بـۆ نمونـە : بـەرتیل و دیـاریی دەرەبەگەکان ... هتد.

نیشـتەجێکردنی هـۆزە خێڵەکییـەکان لەسـەر زەوییـەکان لەگـەڵ ڕەچـاوکردنی تایبەتمەنـدی

بەرهەمــەکانیان و زەوییــان بەســەردا دابــەش بکرێــت لەگــەڵ دابینکردنــی لەوەڕگــە و بڵاوکردنەوەی دەزگا پزیشکییەکان لە هەموو شـوێنەکاندا بـۆ ئاگـاداربوون و چارەسـەرکردنی ئاژەڵــە نەخۆشــەکان و چــاککردنی ڕەگــەزیان و بایەخــدان بــە بەرهەمــە ئاژەڵییــەکان و پەیڕەوکردنی مێتۆدی زانستی لەم بوارە.

پارتی دیموکراتی کوردستان، بەردەوامە لە خەبات بۆ گۆڕینی یاسای مۆنۆپـۆڵی لەسـەر تـوتن بۆ ئەوەی ئەو یاسایە گونجاو بێت لەگەڵ بەرژەوەندییـەکانی جوتیـاران و چـاککردنی جـۆری توتن بە تایبەتی ئەوەی کە پەیوەستە بە سنووردانان لەسەر بەرهەمەکان و لەسەر گەیانـدنی ئەو بەرهەمانە و جۆرە جیاجیاکانی توتن و نرخەکانیان. بە قەرز پـارە بـە جوتیـاران بـدرێ و تۆوی باشیان بە مەرجێکی ئاسان پێ بدەن بۆ ئـەوەی بواریـان بـۆ بڕەخسـێنرێت لەسـەرەتای وەرزی ساڵدا دەست بە کارەکانیان بکەن، ئامادەکردنی شارەزایان و ڕاوێژکاران بۆ چـاککردنی جۆری توتن و دروستکردنی کۆگای هاوچەرخ بۆ هـەڵگرتن و پاراسـتنی تـوتن لـە خراپبـوون. چاککردن و فراوانکردنی پیشەسازی توتن و دروستکردنی تاقیگە و ناوەنـدی توێژینـەوە لـەو ناوچانەی کە توتنی لێ بەرهەم دەهێنرێت بـۆ ئـەوەی عێـراق ببێتـە وڵاتێکـی هەناردەکـەری توتن.

پارتی دیموکراتی کوردستان، پشتیوانی دەکات لەوەی ئەو دامەزراوە و ڕێکخـراوە بیانییانـەی دەستیان بەسەر بازرگانی دەرەوەی عێراق ڕادەگەیشت بدرێنـە دەوڵـەت، پـارتی دیمـوکراتی کوردستان، دژ بە مۆنۆپۆڵکردن و قاچـاخچێتی و ئەوانـەی یـاری بـە خێـر و خۆشـی میللـەت دەکەن، تێ دەکۆشـێت. هـەروەها پشـتیوانی لـە دروسـتکردنی پەیوەنـدی بازرگـانی لەگـەڵ وڵاتانی تردا دەکات لەسەر بنەمای سوودی هاوبەش و ڕێزگرتن لە سەروەری نەتەوەیی.

پارتی دیموکراتی کوردستان، هاوکاری حکوومەت دەکـات لـە ڕێکخسـتنی بـواری دارایـی کـە ئاراستە دەکرێت بۆ دەستگرتن بە خەرجییەکانی دەوڵەت و دابینکردنـی هۆکـاری تـەواو بـۆ پلانەکانی حکوومەت و چاودێریکردنی هاوسەنگی لـە نێـوان داهـات و سـەرفکردندا. پـارتی، هــەوڵی دانــانی سیســتمێکی دادپەروەرانــەی بــاج دەدات کــە پەیوەســتە بــە وەرگرتنــی پێشکەوتووانە و ڕاستەوخۆی باجی سەر دەرامەت و میرات، هەروەها هەوڵی کەمکردنەوەی باجە ناڕاستەوخۆکان دەدات کە ئەرکێکی گرانە لەسەر شـانی چینـی زەحمەتکێشـانی. پـارتی دیموکراتی کوردستان، پشتگیری لـە خۆمـاڵیکردنی بانکـەکان دەکـات بـە ڕێگـای زیـادکردنی سەرمایەکانیانەوە، کردنەوەی ژمارەیـەکی تـەواوی لقـەکانی و هـەروەها دیـاریکردنی نرخـی جۆراوجـۆری ڕێـژەی لەسـەر گشـت جۆرەکـانی توێژینـەوە، هـەموو جـۆرە ئۆپەراسـیۆنێکی

بانکەکان کە تایبەتن بە گواستنەوەکانی دەرەوە کۆ بکرێنەوە و بخرێنـە بانکـەکانی وڵاتـەوە، واتـە بانکـە نیشـتیمانییەکان و پتـەوکردن و فراوانکردنـی، بـانکی ناوەنـدیی عێراقـی گشـت پێداویستییەکی بەکارهێنانی کرداری ڕاستەقینە بۆ ئەو بانکە دابـین بکـات بـۆ دژایـەتیکردنی قاچاخچیـانی دراو و ئـاڵتون، هـەروەها بـەهێزکردنی دراوی عێراقـی و لـە بەرامبەریـدا بـڕی تەواوی زێڕ و دراوی بیـانی هـەبێت، خۆمـاڵیکردنی بانکـە بیانییـەکان، دەرکردنـی یاسـاکانی گـومرگ و تەعریفـەی گـومرگی بـە شـێوەیەك بـە ڕەوەنـدی گشـتی گـەل مسـۆگەر بکـات و پارێزگاری لە ئابوری و پیشەسازی نەتەوەیی بکات. ڕێکخسـتنی هۆکارەکـانی پەیوەنـدیکردن لە کوردستانی عێراقدا و فراوانکردن و کردنـەوەو قیرتـاوکردنی ڕێگاوبانـەکان و دامەزرانـدنی تۆڕی هێڵی ئاسنین.

هەروەها بەدەستهێنانی چەندین تانکەر کە پێویسـتن بـۆ ناردنـە دەرەوەی نـەوتی عێراقـی و دامەزرانـدنی هۆکـاری گواسـتنەوەی دەریـایی نەتـەوەیی و بـەهێزکردنی و فراوانکردنـی ڕێگاکانی وشکانی و ئاسمانی و ڕووبارییەکان و هۆکـارە تـەلی و بێتەلییـەکان لەگـەڵ وڵاتـانی تردا دەکات لەسەر بنەمای سوودی هاوبەش و ڕێزگرتن لە سەروەری نەتەوەیی.

پارتی دیموکراتی کوردستان، هاوکاری کاری حکوومەت دەکات لە ڕێکخسـتنی بـواری دارایـی کە ئاراستە دەکرێت بۆ دەستگرتن بە خەرجییەکانی دەوڵـەت و دابینکردنـی هۆکـاری تـەواو بۆ پلانەکانی حکوومەت و چاودێریکردنی هاوسەنگی لە نێوان داهات و سەرفکردندا.

پارتی، هەوڵی دانانی سیستەمێکی دادپەروەرانەی بـاج دەدات کـە پەیوەسـتە بـە وەرگرتنـی پێشکەوتووانە و ڕاستەوخۆی بـاجی سـەر دەرامـەت و میراتـەوە، هـەروەها هـەوڵی گونجـاو بێت لەگەڵ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکاندا.

پارتی دیموکراتی کوردستان، هـەنگاو دەنـێ بـۆ چـاککردنی بـاروگوزەرانی سـوپای عێراقـی و بەرزکردنەوەی ئاستی مادی و کولتوری دابینکردنی پێداویستی پزیشـکی و پـەروەردەکردنیان بــە گیــانی دیمــوکراتی و نیشــتمانپەروەری لــە پێنــاو بــەرگریکردن لــە ســەروەری وڵات و دەســکەوتە شۆڕشــگێڕییەکانی گــەل. پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان، پشــتگیری دەکــات لــە بەرزکردنـەوەی ئاسـتی پاراسـتنی تەندروسـتی گـەل و فراوانکردنـی تێکۆشـان دژ بـە پـەتا و نەخۆشییە درمەکان و ڕیشەکێشکردنیان و دابینکردنی ئاوی پاکی خواردنـەوەو پـەیڕەوکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بە خۆڕایی و دابینکردنی کادیرانی تەندروستی لێهاتوو بۆ وڵات لە ڕێگای کردنەوەی پەیمانگە و قوتابخانەی پزیشـکی و زیـادکردنی ژمـارەی نەخۆشـخانەکان و دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ گشت شوێنەکان، بە دانانی پلانـی هەمەلایەنـە بـۆ

دابینکردنی داوودەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکان بۆ دانیشتوان و بەکارهێنانیان.
پارتی، هەوڵ دەدات بۆ دامەزراندنی پیشەسازی دەرمانی خۆماڵی و تەکنۆلۆژیا و ئامێری هاوچەرخی بۆ دابین بکرێت و ئەو دەرمانانەش نرخەکانیان گونجاو بێت. پارتی دیموکراتی کوردستان، تێ دەکۆشێت بۆ دەستەبەرکردنی مافی تەواوی رامیاری و ئابوری بۆ ئافرەتان و هەروەها دەرکردنی ئەو یاسایانەی پێویستن بۆ پاراستنی مافەکانی ئافرەتان لەکار لە پێش و پاش و کاتی منداڵبووندا و پاراستنی خێزان و بەرگریکردن لە مافەکانی ئافرەتان لە کاتی شووکردندا و لە کاتی جیابوونەوەیان و میرات و گۆڕینی یاساکانی تایبەت بە پەیوەندییەکانی تاکەوە لەگەڵ ئەوانەی لە سەرەوە باس کراون، دەرکردنی یاسا بۆ پاراستنی مافەکانی دایك و کۆرپەکان.
پارتی دیموکراتی کوردستان، خەبات دەکات بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری و تاریکی و پەروەردەکردن و فێرکردنی نەوەی داهاتوو بە گیانی دیموکراتی ـ نەتەوەیی و خەبات دەکات دژ بە بۆچوون و پرۆگرامی فاشیی کۆنەپەرستی. پارتی دیموکراتی کوردستان، تێ دەکۆشێت بۆ زیندووکردنەوەی کولتوری و مێژوو و هونەری کوردی و دەوڵەمەندکردنیان بەهۆی کەلەپوری جیهانی و پەیکەرەکانی کولتوری گەلانی ترەوە بۆ پاراستنی پەیکەرە مێژووییەکانی کوردستان.
پارتی، لەگەڵ کردنەوەی کۆلێژ و پەیمانگەدایە لە کوردستاندا، دەستپێکی بە کردنەوەی زانکۆ دەبێت لە کوردستانی عێراق، هەروەك ئەو زانکۆیانەی کە لە بەغدا هەن و کارکردن بۆ ئامادەکردنی کادیری کارگێری و زانستی بۆ مەبەستی بەرەوپێشبردن و ئاوەدانکردنەوەی کۆماری عێراق.
کردنەوەی بەشی زمانی کوردی و مێژوو و گوتنەوەی وانەی زمانی کوردی لە هەموو پارچەکانی عێراقدا و دامەزراندنی ئینیستیتۆتی زانستی و توێژینەوەی زمانی کوردی و دامەزراندنی ئێزگەی ڕادیۆ لە کوردستاندا و پەیڕەوکردنی خوێندنی سەرەتایی بەزۆر بۆ هەر دوو ڕەگەزی (نێر و مێ) و کردنەوەی قوتابخانەی ئێواران بۆ کرێکاران و جوتیاران لە هەموو کوردستاندا و زیادکردنی ژمارەی پەرتوکخانە گشتییەکان و تاقیگە زانستییەکان.
پارتی، هەوڵ دەدات بۆ زامنکردنی مافە کولتوری و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کەمە نەتەوایەتییانەی لە کوردستاندا دەژین واتە، ئاشووری، تورکمان و ئەرمەنی و هەروەها بوژاندنەوەی کەلەپووری نەتەوایەتی پێشکەوتوویان بە ڕێگای کردنەوەی قوتابخانەی تایبەتییەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان، هەوڵ دەدات بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و زامنکردنی یەکسانییان لەگەڵ کورددا لە ژیانی ڕامیاری و ئابوری و کولتوریاندا.
پارتی دیموکراتی کوردستان، پشتیوانی لە گەلی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان دەکات لە خەباتیاندا بۆ ڕزگاربوون لە زوڵم و زۆری ئیمپریالیست و کۆنەپەرستان. پارتی دیموکراتی کوردستان، خەبات دەکات بۆ مافەکانی نەتەوەی کورد کە مافی چارەی خۆنوسینە.

# پەیڕەوی ناوخۆ

## بەشی یەکەم

**بەندی (١):**

**پارتی**

پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان، پارتێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕە و لە یەکگرتنی ئارەزوومەندانەی ئەو کەسە دیموکراتانە پێکهاتووە کە هاوئامانجن و ئەو پڕۆگرامەیان قبوڵ کردووە، بە گوێرەی پەیڕەوەکەی بەڕێوە دەچن و لە ڕیزەکانی پێشەوەی خەڵکدا بەگوێرەی تاکتیک، نەخشە و ڕێنمایی حزب لەبەر ڕونایی تیۆری شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە خەبات دەکەن.

**بەندی (٢):**

لە ئامانجەکانی پارتیماندا بەرگریکردن لە کۆماری عێراق و پاراستنی پرۆگرامە دیموکراتییەکەی، بەهێزکردنی برایەتی کورد و عەرەب و هەموو کەمایەتییەکانە و خەبات دەکات لە پێناوی سەربەخۆیی ئابوری و سیاسی و مافی ڕەوای نەتەوەی کورد و مافی کولتووری بۆ کەمایەتییەکان لەناو یەکێتی عێراقدا، هەروەها کاردەکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وریایی سیاسیی ئەندامانی لە ڕێگەی کادیرە هۆشیارەکانیەوە.

## بەشی دووهەم

**بەندی (٣):**

**ئەندامی پارتی**

هەرکەس ئەو مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێ بە ئەندام دەژمێردرێ:

١. پڕۆگرام و پێڕەوی ناوەوەی پارتی بە نوسین بسەلمێنێ و بەپێی بەندەکانی کار بکا.
٢. لە ڕێکخراوێکی پارتیدا ئیش بکا.
٣. هەقی ئەندامێتی بەپێی ڕێژەی خوارەوە بدا:

-هەرئەندامێک یا پاڵاوتەیەک داهاتی لە مانگدا بگاتە (١٠) دینار١%.

-هەرئەندامێک یا پاڵاوتەیەک داهاتی لە مانگدا بگاتە (١٠-٢٥) دینار٣%.

–هەرئەندامێک یا پاڵاوتەیەک داهاتی لە مانگدا بگاتە (٢٥-٤٠) دینار٤%.

–هەرئەندامێک یا پاڵاوتەیەک داهاتی لە مانگدا بگاتە (٤٠-٦٠) دینار٥%.

–هەرئەندامێک یا پاڵاوتەیەک داهاتی لە مانگدا بگاتە (٦٠-١٠٠) دینار ٦%.

ئەگەر داهاتی ئەندام لە ١٠٠ دینار زیاتر بوو، ڕێژەی ١% بۆ هەر ٢٥ دینار بۆ ڕێژەی دیارکراو زیاد دەکرێت.

**تێبینی (١):** ئەو ئەندام و پاڵێوراوانەی مانگانە دەدەن بە دامەزراوەیێک کە پارتی پەسەندی دەکا و هاوبەش بن تێدا، لە نیوەی ئەو ڕێژە دەبەخشرێت هەروەها ئەوانەی چوار کەس بەخێو دەکەن، نابێت لە ٥٠ فلس زیاتر بێت.

**تێبینی (٢):** ئەو پاڵێوراوانەی دەبن بە ئەندام پێویستە هەقی ئەندامێتی مانگێک بە ناوی (دخولیة) بدەن بە یارمەتی.

٤. تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێ.

٥. لانی کەمی وریایی سیاسی و نیشتمانی گشتی هەبێ.

٦. کردەوەی باش بێ و لەناو خەڵکدا ناوی بەچاکە ڕۆیشتبێ.

**بەندی (٤):**

**ئەوانەی بە ئەندام لە پارتیمان وەرناگیرێن، هەر یەک لە:**

١. هەرکەسێک دژایەتی ئاشتی و ئازادبوون و دیموکراسی و مەسەلەی کورد بێت.

٢. هەرکەس پیاو و سیخوڕی ئیمپریالیزم یاخود ئەندامی کۆمەڵێکی تێکدەر بێت.

٣. هەرکەس ببێتە ئەندامی حزب یا ڕێکخراوێکی تر بەبێ ئاگاداری حزب.

**بەندی (٥):**

**لەسەر ئەندامی پارتی پێویستە:**

١. بە هەموو توانایەوە بە گوێرەی پرۆگرام و پەیڕەو و نەخشە و تاکتیکەکانی پارتی بۆ بەدیهێنانی ئامانج و بڕیار و ڕاسپێرەکانی پارتی تێ بکۆشێت.

٢. بە هەموو توانایەوە یەکێتی پارتی (یەکێتی بیر و کار و دیسیپلینی پارتی) بپارێزێت.

٣. بەردەوام کار بکات بۆ دەوڵەمەندند کردن و بەرزکردنەوەی هۆشیاری شۆڕشگێڕی و ڕۆشنبیرییەکەی و هەزمکردنی تیۆری و پرەنسیپی شۆڕشگێڕی زانستی دروست.

٤. بەهەر نرخێک بێ نهێنییەکانی پارتی بپارێزێت.

٥. بە گوێرەی سەرەتای ڕەخنە و ڕەخنەلەخۆگرتن بەڕێوە بچێ و هیچ شتێک لە پارتی نەشارێتەوە و بەگژ باییبوون (غرور)دا بچێ و بە سەرکەوتن غرور نەبێت.

٦. خۆی لە جەماهیری گەل نێزیک بکاتەوە و گوێ بداتە بیروباوەڕ و داواکانیان و بۆ حەلی

موشـكیلەكانیان (چ بـۆ خـۆی و چ بە هـۆی پـارتییەوە) یارمەتییـان بـدا و داواكانیـان بگەیـەنێتە پـارتی، هەروەهـا لە سـەری پێویسـتە سیاسـەت و وەجـهەی نەزەری پـارتی دەربارەی قەزایای جۆربەجۆر دە خەڵك بگەیەنێ و بۆشیان لێك بداتەوە.

٧. شار و ئیش و ڕێكخراوی خۆی بەبێ ئاگاداری پارتی بەجێ نەهێڵێ و قسەلەڕو و ڕاسـت و دروست، ئازاد و ئازا بێت، قازانجی پارتی بخاتە پێش هەموو قازانجێكی تر.

بێ ڕەزامەندی حزب نە بێتە فەرمانەر و كارگوزار.

**بەندی (٦):**

**پاڵاوتن و قبوڵی ئەندامێتی:**

**ئەوانەی داوای هاتنە ریزی پـارتیمان دەكەن، دەبێـت بە مـاوەی تـاقیكردنەوە و پـاڵێوراوی تێپەڕن كە پێی دەگوترێت، پاڵێوراو:**

١. پاڵێوراو: ئەو كەسەیە هەموو مەرجەكانی ئەندامێتی تێدایە و نابێـت تەمەنـی لە ١٦ سـاڵ كەمتر بێت و ئەركەكانی ئەندامێتی جێبەجێ دەكات، بەڵام هێشتا ماوەی ئەزمـوونی تەواو نەكردووە. پاڵێوراو بێجگە لە هەڵبژاردن و هەڵبژێران هەموو مافێكی ئەندامێتی هەیە.

٢. ماوەی ئەزموون بە گوێرەی زرووفی پـاڵێوراو و نەوعیـیەتی لەلایەن كـۆمیتەی مەحەلـیەوە دادەنرێ.

٣. ماوەی ئەزموون بۆ كرێكاران و جوتیاران نابێت لە ٣ مانگ كەمتر دەبێ.

٤. بـۆ پـاڵاوتنی ئەنـدامێتی پـارتی پێویسـتە دوو ئەنـدامی كـۆن كە سـاڵێك زیـاتر بەسـەر ئەندامەتیانـدا تێـپەڕی بـێ و زۆر لەنێـزیكەوە ئەو كەسـەی دەیپـاڵێون بیناسـن. لە كۆبوونەوەی (شانە)دا قسە لە داخوازی هاتنە ریزەكەی دەكرێت كە پالیوراو بە فۆرمێكی تایبەتی پێشكەشی دەكات.

٥. داخوازی ئەندامێتی ئەو كەسانەی ئەندامی پارتێكی سیاسی تر بن بە ڕەزامەندی كۆمیتەی ناوەنـدی قبـوڵ دەكـرێ و كـۆمیتەی ناوەنـدی مەسـئولی هەمـوو شـتێكە كە لە ئەنجـامی قبوڵكردنی ئەم جۆرە كەسانە پەیدا دەبێ.

٦. كۆمیتەی ناوەندی داخوازی هاتنەوەی ڕیزی ئەنـدامانی پـارتی دیراسـە دەكـات و بڕیـاری لەبارەوە دەدا.

**بەندی (٧):**

**دەركردنی ئەندامی پارتی:**

كۆمیتەی ناوەندی مافی دەركردنی هەر ئەندامێكی هەیە، دوای تەئیدكردنی لێژنەكانی باڵای پشكنین بۆ ئەو داوایەی لە لایەن لێژنەكانی خوارەی چاودێری و پشكنین و لێـژەی مەحەلـی پێشكەشیان كردووە، هەروەها لێـژنەی مەحەلـیش دەتـوانێ لە پـاش لێكـۆڵینەوەیەكی عـادل

لەلایەن لێژنەی چاودێری و پشکنین هەمـوو پاڵێوراوێـک دەر بکـات و ئەنـدام تەجمیـد بکـا ئەگەر یەکێک لەو ئیشانەی خوارەوەی کردبێ:

١. نهێنی پارتی ئاشکرا کرد بێت.
٢. یەکێتی پارتی تێک بدا.
٣. پارتی بۆ قازانجی خۆی ئیستغلال بکا.
٤. دیسیپلینی پارتی بپشکێنێ دوای دووەم هۆشداری.
٥. لە ڕێبازی پارتی لابدا و بە پێچەوانەی ئامانجەکانی و ئایدیۆلۆجی پارتی ئیش بکا.
٦. بەبێ ڕازیبوونی پارتی ببێتە ئەندامی پارتی یا ڕێکخراوێکی تر.
٧. لە سێ کۆبوونەوەی پارتیدا دوابەدوای یەک و بەبێ عوزری مەشروع حازر نەبێت.
٨. سێ مانگ لەسەر یەک هەقی ئەندامێتی نەدا.
٩. ئەگەر یەکێک لە مەرجەکانی ئەندامێتی لەدەست بدا.

**بەندی (٨):**

**مافی ئەندامی پارتی، هەر ئەندامێک ئەم مافانەی هەیە:**

١. بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ، مافی ڕەخنە و پرسیار و پێشنیازی هەیە.
٢. بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ، مافی هەڵبژاردن و خۆ هەڵبژاردنی لە دەستەکانی پارتی هەیە.
٣. لە کاتی پێویستدا داوای یەرمەتی لە پارتی بکات.
٤. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم پێڕەوە مافی پێشکەش کردنی سکاڵای هەیە.
٥. هەموو ئەوانەی لە ئەنجامی تێکۆشانی حزبی دووچـاری زینـدانیکردن و دوورخسـتنەوە هاتبێت، مافی هەیە بە پێی توانا یارمەتی بدرێت.

## بەشی سێیەم

## پێکهاتەی حزب و ئەو پرەنسیپانەی لەسەری دامەزراوە

**بەندی (٩):**

پەیکەری پارتی لە خوارەوە بۆ سەرەوە پێك دێت لە شانە، لێژنـەی ڕێکخـراو، لێژنـەی نـاوخۆ، لێژنەی ناوچە، کۆمیتەی ناوەندی، کۆنفرانس، کۆنگرە.

**بەندی (١٠):**

پارتی لە ڕێکخستندا لەسەر ئەم پرەنسیپانە دامەزراوە:

١. دیموکراتیی ناوەندی.

٢. لێژنەکانی پارتی لە ڕێگەی هەڵبژاردن و دەنگدانی نهێنییەوە پێك دەهێنرێت.

٣. دیسیپلینی پارتایەتی گشت ئەندامان دەگرێتەوە و ئەوان یەکسانن لە ئەرك و مافەکانیاندا.

٤. هەموو ئۆرگانێکی پارتی ڕاپۆرتی خۆی سەبارەت بە چالاکییەکانی پێشکەش بە ڕێکخراوی سەرووی خۆیەوە دەکات.

٥. ڕێکخراوەکانی خوارەوە ئەو مەسەلانەی کە پێویستیان بە بڕیاری دەستەی باڵاتر هەیە لە کاتێکی گونجاودا دەخەنە بەردەم ئەو دەستانە و داوای ڕێنمایی و بۆچوونیان لەو بارەیەوە دەکەن.

٦. دەستەی حزبی بە گشت پلەکانیەوە پرەنسیپی سەرکردایەتی بەکۆمەڵ جێبەجێ دەکەن کە دژایەتی نییە بەرامبەر بە بەرپرسیارێتی تاکەکەسی و پێویستە بەکۆمەڵ چارەسەری گشت مەسەلە گشتییەکان بکەن و دەرفەت بدەن بە گشت ئەندامێك کە دەستپێشخەری بکات و ڕۆڵی خۆی ببینێت و ڕێنمایی دەستەی حزبی بە پلە جۆراوجۆرەکانیەوە بکات. لە گشت مەسەلەکاندا بڕیار بە زۆرینەی دەنگ دەبێ و کەمینە ملکەچی زۆرینە دەبێت و لە خوارەوە بۆ سەرەوە.

**بەندی (١١):**

ڕێکخراوە حزبییەکان بۆیان هەیە دەستپێشخەری بکەن و بڕیاری ناوخۆیی بدەن لە چوارچێوەی دەسەڵاتیاندا بە مەرجێك دژ بە بڕیارەکانی حزب و سیاسەتی گشتی نەبێت.

**بەندی (١٢):**

لەسەر دەستە حزبییەکانی خوارووتر پێویستە بڕیارەکانی دەستەکانی حزبی سەرووتر جێبەجێ بکەن و ئەگەر دەستەی حزبی خوارووتر زانی ئەو بڕیارانە ناگونجێت لەگەڵ بارودۆخی ناوچەکە لەسەریانە جێبەجێ بکەن و پاشان تێبینییەکانی خۆیان بخەنە ڕوو سەبارەت بە بڕیاری ناوبراو.

## بەشی چوارەم

## ڕێکخراوە حزبییەکان ئەرك و دەسەڵاتەکانیان

**بەندی (١٣):**

أ. شانە:

بریتییە لە ڕێکخراوی بنەڕەتی پارتی و بنکەی جەماوەرییە و سەرچاوەی ئەو شەرعییەت و دەسەڵاتەیە کە دەدرێت بە ڕێکخراوەکانی سەرووتر لە خۆی. شانە لە ٣ ـ ٧ ئەندام پێك دێت کە لە نێوانیان ڕێکخەری شانە لەلایەن لێژنەی ناوچە یان لێژنەی ناوخۆوە دادەنرێت.

ب. دەسەڵاتی شانە و ئەرکەکانی:

**یەکەم:** خەبات دەکات بە پێی سیاسەت و پلانی پرۆگرامی پارتی بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی حزب و ئەو فەرمان و ئەرك و ڕێنماییانەی کە پارتی بۆی دەستنیشان کردووە.

**دووەم:** سەرپەرشتی ئەندامەکانی دەکات و چاودێری دەکات لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان و بەکارهێنانی مافەکانیان.

**سێیەم:** بەلایەنی کەمەوە لە هەفتەیەکدا جارێك کۆبوونەوە بە سەرۆکایەتی ڕێکخەر یان یاریدەدەرەکەی دەکات کە لەلایەن شانەوە هەڵدەبژێردرێت.

**چوارەم:** ئەرك دابەش دەکات بەسەر ئەندامەکانی و لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکات لە سەر کاری هەفتانەیان کە لە ماوەی ئەو هەفتەیەدا جێبەجێیان کردووە و پڕوپاگەندە بۆ پارتی و پرەنسیپەکانی دەکات و بڵاوکراوەکانی لە سنووری چالاکی خۆیدا بڵاو دەکاتەوە.

**پێنجەم:** سەرپەرشتی شانەکانی پاڵێوراوان و دۆستان دەکات و ڕۆشنبیریان دەکات بە ڕۆشنبیریی پارتایەتی و چاودێری کارەکانیان دەکات و سەرۆکایەتییان دەکات لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانیان و سەرپەرشتییان دەکات.

**شەشەم:** ئابوونەی ئەندامان و پاڵێوراوان و کۆمەکی دۆستان و نرخی چاپەمەنییەکان کۆ دەکاتەوە.

**حەوتەم:** ئەندامانی شانە، ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی پارتی دەخوێننەوە و ئازادانە وتووێژی لەسەر دەکەن و بیروبۆچوونی خۆیان ئاراستەی دەستەی سەرووتر دەکەن.

**هەشتەم:** شانە هەوڵ دەدات هۆشیاری ڕامیاری گشتی و تیۆری و پارتایەتی لە نێوان ئەندام و پاڵێوراوان و دۆستاندا زیاد بکات.

**نۆیەم:** لێکۆڵینەوە لە فۆڕمی پاڵێوراوان دەکات و داوای بەخشینی پلەی ئەندامێتی بۆ

پاڵێوراوان و دۆستان دەکات.

دەیەم: نامە و وتاری ئەندامان و دەنگوباس و زانیارییە پێویستییەکان دەنێرێت بۆ لێژنەکانی سەروو خۆیەوە.

**یانزەهەم:** ڕاپۆرتی مانگانە دەنێرێت بۆ لێژنەی ڕێکخراو یان بۆ لێژنەی ناوچە سەبارەت بە کارو چالاکییەکانی و ئەوەی کە لەلایەن ئەوانەوە جێبەجێ کراوە یان جێبەجێ نەکراوە.

**دوانزەهەم:** سەرپەرشتی خەباتی جەماوەری لە ناوچەکەی دەکات بەپێی پلانی پارتی و ڕاهێنانیان لەسەر خەباتی شۆڕشگێڕی ڕێکوپێك و بەستنی پەیوەندی تونوتۆڵ لەگەڵ جەماوەر بۆ زانینی داخوازییەکانیان و گەیاندنی بە پارتی.

**سیانزەهەم:** هەموو ئەندامان بەرپرسیارن لە بەڕێوەبردنی کاروباری شانەکە.

چواردەهەم: ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ پتەوکردن و بەردەوامبوونی پەیوەندییەکان لە نێوان ئەندامانی شانەکە لەلایەکەوە لەنێوان شانە و ڕێکخراوی سەرووتردا لەلایەکی ترەوە.

**بەندی (١٤):**

أ. لێژنەی ناوخۆ: ئەو لێژنەیەیە کە نوێنەرایەتی پارتی دەکات و سەرپەرشتی ڕێنماییەکانی ئەندامانی دەکات لەو ناوچەیەدا کە کۆمیتەی ناوەندی دیاری دەکات و ئەو بەرپرسیاری ڕاستەوخۆیە لە چالاکی و بەڕێوەبردنی کاروباری پارتی و بە ئەنجامگەیاندنی پرەنسیپەکانی و جێبەجێکردنی ڕێنمایی و بڕیارەکانی لە ناوچەی ئاماژەپێکراودا. ئەندامانی لێژنەی ناوخۆ لەلایەن ئەندامانی پارتییەوە لە بازنەی چالاکی لێژنەکەدا هەڵدەبژێردرێت و ژمارەی ئەندامانی لە ٣ ـ ٧ ئەندام دەبێت.

ب. ئەرك و دەسەڵاتەکانی:

١. بەڕێوەبردن و ڕێنمایی و هاندانی ئەندامانی شانە و ڕێکخراوەکان بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانیان بە پێی پەیڕەو و پرۆگرام و ڕێنمایی و بڕیارەکانی پارتی.

٢. هەڵبژاردنی لێپرسراوی لێژنە و دوو یاریدەدەری کە ئەرکەکانیان بەڕێوەبردن و ڕێکخستن و سەرۆکایەتی لێژنەی ناوخۆ دەبێت، یەك لە ئەندامانی لێژنەی ناوخۆ بە لایەنی کەمەوە دەبێت پیشەی کاری پارتایەتی بێت.

٣. کۆمیتەی ناوەندی ڕەزامەندی خۆی دەردەبڕێ لەسەر هەڵبژاردنی لێپرسراوی لێژنەی ناوخۆ، هەروەها کۆمیتەی ناوەندی بۆی هەیە یەك جار ناڕەزایی دەرببڕێت لەسەر ئەو هەڵبژاردنە لەگەڵ دیاریکردنی هۆیەکەی و ئەگەر لێژنەی ناوخۆ سوور بوو لەسەر ڕای پێشووی ئەوا ڕاکەی ئەو وەردەگیرێت.

٤. بە لایەنی کەمەوە هەر ١٥ ڕۆژ جارێك کۆ دەبنەوە بۆ تاوتوێکردنی ئەو بڕیارانەی جێبەجێ کراون و لێپێچینەوەی ئەندامان و شانە و ڕێکخراوەکان لەسەر کاری پارتایەتی.

٥. بڕیاری کۆتایی دەدات لەسەر داواکارییەکانی هاتنەناو ڕیزەکانی پارتییەوە، هەروەها هەڵدەستێ بە وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەندامان و شانە و ڕێکخراوەکان و هەروەها ڕەخنە و پێشنیار و نامەکانیان.

٦. خەبات دەکات لە پێناو فراوانکردنی بزووتنەوەی کرێکاران و جوتیاران و قوتابیان و خاوەن پیشەکان و لاوان و ئاشتیخوازان.

٧. هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی ئابوونەی ئەندامان و کۆمەك و نرخی چاپەمەنییە حزبییەکان و ناردنی بۆ لێژنەی سەروو خۆی.

٨. بەشداریکردنی کاریگەر لەسەر سەرکردایەتیکردنی جیاجیای جۆرەکانی خەباتی جەماوەری لە ناوچەکەدا.

٩. مافی دەرکردنی بەیاننامەی هەیە سەبارەت بە ڕووداوەکانی ناوچەکەی خۆی و دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بەو ڕووداوانە لەسەر ڕۆشنایی سیاسەتی گشتی پارتی و تەنیا لە سنووری دەسەڵاتی خۆی.

١٠. سزادان بە سەرنجراکێشان و ئاگادارکردنەوەو دەرکردنی کاتیی کە لە شەش مانگ تێنەپەڕێت بە زۆرینەی ٢/٣ی دەنگی ئەندامانی لێژنەی ناوخۆ.

١١. هەڵبژاردنی نوێنەریان بۆ لێژنەی ناوچەی کۆنفرانس.

١٢. بۆ فراوانکردنی کاری پارتایەتی و چوونەناو ڕیزەکانی جەماوەر، لێژنەی ناوخۆ مافی پێکهێنانی چەند لێژنەیەکی پیشەیی هەیە بە پێی پێویست و دەبێ ئەرك و دەسەڵاتی هەریەك لەم لێژنانە دیاری بکرێت.

١٣. دیاریکردنی شوێن و کات و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکان و گرتنی کۆنووس و ڕێکخستنی ڕاپۆرتی مانگانە و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی دەستەی باڵا و ڕێکخستنی دارایی.

١٤. لێپرسراوی لێژنە ڕاستەوخۆ لەبەردەم لێژنەکانی سەرووی خۆیەوە بەرپرسیارە.

١٥. ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ بەردەوامبوونی پەیوەندییەکان، لەگەڵ تەواوی شانەکانی ناوچەکە لە هەموو بارودۆخێکدا.

**بەندی (١٥):**

لێژنەی ناوچە: لێژنەی ناوچە لەو شوێنەدا پێك دێت کە کۆمیتەی ناوەندی دیاری دەکات و لێژنە لە ٧-١١ ئەندام پێك دێت کە لەلایەن ئەندامانی لێژنەی ناوخۆوە هەڵدەبژێردرێن بەو ڕێژەیەی کۆمیتەی ناوەندی دیاری دەکات، لەسەر بنەمای ژمارەی ئەندامانی هەر لێژنەیەك و ئەرك و دەسەڵاتەکانی کاریان پێ دەکرێت لەو سنوورەدا کە بۆی دیاری دەکرێت بە پێی ئەوەی کە ئەو دەستەی باڵایە لە ناوچەکەدا و دەسەڵاتی بەسەر لێژنە ناوخۆییەکاندا هەیە و لێژنە ناوخۆییەکانیش بەرامبەر بە شانەکان دەسەڵاتیان هەیە و ئەو ئەرکەی لەسەر شانە کە لە ئەستۆی لێژنەی ناوخۆیە لە سنووری ئەو ناوچەیەی بۆی تەرخان کراوە. لێژنەی ناوچە لە نێوان ئەندامەکانیدا ٣ ئەندام هەڵدەبژێردرێت و لە نێوان ئەو سێیانەدا بەرپرسی یەکەم دیاری دەکرێ و لێژنەی کارگێڕی پێك دەهێنن و لێژنەی کارگێڕیش دەسەڵاتی لێژنەی ناوچەی هەیە لە ماوەی دوو کۆبوونەوەدا. لێژنەی ناوچە مافی دەرکردنی گۆڤاری تایبەتی هەیە پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی کۆمیتەی ناوەندی و لەسەر ڕۆشنایی ئەو سیاسەتەی پارتی کە بڕیاری لەسەر دراوە، لێژنەی ناوچە هەر دوو مانگ جارێك کۆبوونەوەی خۆی دەکات.

**بەندی (١٦):**

أ. کۆمیتەی ناوەندی: پاش کۆنگرە بە بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێکردن دادەنرێت لە پارتیدا، چالاکییەکانی گشت ڕێکخراوە سیاسییە حزبیەکان بەڕێوە دەبات و سەرپەرشتییان دەکات و ڕابەرێتیان دەکات لە خەباتدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پارتی بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا.

ب. کۆمیتەی ناوەندی ئەندامانی لە ٩ ـ ١٥ ئەندام هەڵدەبژێردرێت لەگەڵ ژمارەیەك لە پاڵێوراوان کە ژمارەیان لە نێوان ٥ ـ ٩ دەبێت بۆ ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندی کە دەبێت لەلایەن کۆنگرەوە بە ڕێگای پاڵاوتنەوە هەڵبژێردرێن.

ج. ئەگەر یەك لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی نەیتوانی ئەرکەکانی بەجێ بگەیەنێت ئەوا یەك لە ئەندامە یەدەگەکان کە زۆرترین دەنگی لە کۆنگرەدا هێناوە لە جێگای ئەو دادەنرێت.

د. مەرجەکانی بوون بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی:

١. تەمەنی لە ٢٥ ساڵ کەمتر نەبێت.

٢. نابێ لە ٣ سال کەمتر تێپەڕی بێت بەسەر هاتنی بۆ ناو پارتی.

٣. ڕابردوویەکی شۆڕشگێڕانەی هەبێت.

٤. ئەگەر یەك لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ئامادە نەبوو، ئەو کەسە لە ئەندامە

یەدەگەکان زۆرترین دەنگی لە هەڵبژاردنی کۆنگرەدا بەدەست هێناوە جێگەی دەگرێتەوە.

ه. لە کاتی بەندکردن و ئامادەنەبوون و ئاوارەبوونی ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی بە هۆی خەبات و کاری پارتایەتییەوە، مافی ئەندامێتی نافەوتێت و وەك ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دەمێنێتەوە.

**بەندی (١٧):**

ئەرك و دەسەڵاتەکانی کۆمیتەی ناوەندی بریتییە لە:

١. سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێت لەگەڵ چوار ئەندام کە مەکتەبی سیاسی پێك دەهێنن بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان و ڕێنماییکردنی چالاکی حزبی، مافی ئەوەی هەیە کە لە نێوان ئەندامەکانیدا چەند لێژنەی جیا جیا پێك بهێنێت.

٢. خەباتکردن بۆ گەیشتن بە ئامانجە دوور و نزیکەکانی پارتی و دانانی پلان و تاکتیکی پێویست و دیاریکردنی سیاسەتی پارتی بەرامبەر بە گشت ڕووداوەکان.

٣. چاودێری و سەرپەرشتی جێبەجێکردنی پەیرەوی ناوخۆ و پرۆگرامی پارتی و بڕیارەکانی کۆنفرانس و کۆنگرە.

٤. پاراستنی ئامانج و پرەنسیپە شۆڕشگێڕییەکانی پارتی لە هێرشەکان و پاراستنی یەکێتی (یەکێتی بیر و کار و بەڕێوەبردن و دیسیپلین) و پاراستنی نهێنییەکانی حزب.

٥. پاراستنی کەلوپەلی حزب و پەرەپێدانی و ڕێکخستنی داهاتی حزب و خەرجییەکانی بە شێوەیەك کە ڕێگا لە خەرجکردنی ناپێویست بگرێت.

٦. دیاریکردنی هەڵوێستی پارتی بەرامبەر بە ڕووداوە ڕامیاری و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان و بزووتنەوەی کرێکاران و جوتیاران و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی و بارودۆخە نێودەوڵەتییەکان.

٧. دانانی پلان و ڕێگای پێویست بۆ بەهێزکردنی چالاکییەکانی حزب لە گشت بوارەکاندا.

٨. پەروەردەکردن و ئامادەکردنی کادیرانی حزب و بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیارییان لە ڕووی تیۆری و ڕامیارییەوە و مەشقپێکردنی ئەندامان و جەماوەر لەسەر تێکۆشانی شۆڕشگێڕی، چونکە ئەمە بە ئەرکی سەرەکی ئەو کۆمیتەیە دادەنرێت.

٩. بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کرێکار و جوتیاران و جەماوەری گەلی کوردستان.

١٠. وەڵامدانەوەی ڕەخنە و پێشنیار و پرسیار و سکاڵای ئەندامان و کارکردن بۆ

چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

١١. دیاریکردنی کات و شوێنی کۆنفرانس و کۆنگرێس و بانگێشتیان بە شێوەیەکی دەوری لەگەڵ دیاریکردنی ڕێژەی نوێنەران لەو کۆنفرانس و کۆنگرانەدا.

١٢. گشت ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ڕاستەوخۆ چ وەك تاك یان وەك دەستە بەرپرسیارن بەرامبەر کۆنگرە لەو کارانەی ئەنجامیان داوە.

١٣. کۆمیتەی ناوەندی ڕاپۆرتی گشتی بۆ کۆنگرە ئامادە دەکات هەروەها بۆ کۆنفرانسیش.

١٤. مافی هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی لێژنەی خوار خۆی هەیە.

١٥. بڕیاری دروستکردنی لێژنە ناوخۆییەکان و لێژنەی ناوچەی تری نوێ و ڕێکخراوە تایبەتەکان بدات.

١٦. دەبێ داوای کۆنفرانس یان کۆنگرەی نائاسایی بکات لەسەر داخوازی زۆربەی ئەندامانی پارتی لە ڕێگای ڕێکخراوەکانیەوە.

١٧. پێویستە بڕیارەکانی لەلایەن گشت ڕێکخراوە حزبییەکانەوە جێبەجێ بکرێت و کۆنفرانس و کۆنگرە دەتوانن ئەم بڕیارانە هەڵبوەشێننەوە.

١٨. لە مەکتەبی سیاسی دەپێچێتەوە و ئەرك و فەرمانی بۆ دیاری دەکات.

١٩. کۆمیتەی ناوەندی هەموو ڕێوشوێنێکی لەبار بۆ پاکڕاگرتنی ڕیزەکانی پارتی پەیڕەو دەکات بە مەرجێ پێشوەخت لەلایەن دەستەی ناوەندی پشکنین و چاودێری و لێکۆڵینەوەی لەمەڕ کرابێ. هەموو ئەوانەی ئەو ڕێوشوێنانە دەیانگرێتەوە مافی ئەوەیان هەیە لەلای کۆبوونەوەی فراوانی کۆمیتەی ناوەندی سکاڵای خۆیان بکەن.

٢٠. کۆمیتەی ناوەندی بە مەبەستی بەهێزکردنی ڕێکخستن و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و لە پێناو ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی تری پارتیدا، بۆی هەیە نوێنەری خۆی بۆ لێژنەی ناوخۆی (لق) و لێژنە جیاجیاکانی ناوچە بنێرێ و کادیری بۆ ڕاگوێزێ.

٢١. ئەگەر ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی هەڵەیەکی وای کرد شایانی دەرکردن بێت لە پارتی، ئەوا کۆمیتەی ناوەندی دەشێ بەزۆر بە ٢/٣ی دەنگ هەموو لێپرسراویەتییەکی لێ بستێنێتەوە و بیخاتە بەردەم پلینۆم تا بە پێی پێویست سزای بدات.

**بەندی (١٨):**

أ. کۆمیتەی ناوەندی بە شێوەیەکی دەوری و ئۆتۆماتیکی هەردوو مانگ جارێك کۆ دەبێتەوە.

ب. پلنیۆمی پارتی کە پێك دێت لە کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی لێژنەی باڵای پشکنین و

چـاودێری و ئەندامـە یەدەگـەکانی کۆمیتـەی ناوەنـدی، هـەر چـوار مانـگ جارێـك کـۆ دەبێتەوە بۆ لێپێچینەوە لە کردار و چالاکییەکانی سەرکردایەتی و دانـانی پلانـی پێویسـت بۆ ماوەی داهاتوو.

ج. کۆمیتەی ناوەندی مافی ئەوەی هەیە کە ڕێکخراوی پارتی لە دەرەوەی عێـراق پێـك بهێنـێ لە ئەندامانی پارتی بۆ کارکردنیان بە پێی پەیڕەو و پرۆگرامی پارتی.

**بەندی (١٩):**

أ. مەکتەبی سیاسی: پارتی پێك دێت لـە سـکرتێری کۆمیتـەی ناوەنـدی و چـوار ئەنـدام کـە کۆمیتەی ناوەندی لە نێوان ئەندامەکانیدا هەڵیدەبژێرێت.

ب. مەکتەبی سیاسی بڕیارەکـانی کۆمیتـەی ناوەنـدی لـە نێـوان دوو کۆبوونـەوەدا جێبـەجێ دەکـات و ئەگـەر شـتێك ڕووی دا پێویسـتی بـە گۆڕانکـاری بـوو لـە سیاسـەتدا ئەوکاتـە کۆمیتەی ناوەندی بە پەلە داوای کۆبوونەوە دەکات.

## بەشی پێنجەم

## دەستەی پشکنین و چاودێری

**بەندی (٢٠):**

لە کۆنگرەدا یان لە کۆنفرانسدا لێژنەیەك هەڵدەبژێردرێت کە ژمارەی ئەندامانی لـە (٣ ــ ٥) ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگ دەبێت و لە نێوانیانـدا بەرپرسـی یەکـەم هەڵـدەبژێردرێت ك پێی دەڵێن لێژنەی باڵای پشکنین و چاودێری پارتی و بەرپرسیار دەبێت لە بەردەم کـۆنگرە و هەروەها لە سنووری کاری لێژنە ناوخۆییەکاندا بە هۆی کۆنفرانسە ناوخۆییەکانـەوە لێژنـەی لەو جۆرانە هەڵدەبژێردرێت کە پێك دێت لە (٣ ـ ٥) ئەندام.

**بەندی (٢١):**

فەرمان و دەسەڵاتەکانی لێژنەی پشکنین و چاودێری ئەمانەن:

١. هاوکـاریکردنی لێژنــە ناوخۆییــەکان و لێژنــەی ناوچــەکان و کۆمیتــەی ناوەنــدی لــە کارەکانیاندا و ئەنجامدانی کاری پشکنین کە پێی سپێردراوە لەلایەن لێژنە تایبەتییـەکانی سەرکردایەتییەوە.

٢. چــاودێریکردنی کاروبــاری دارایــی حــزب و چۆنیــەتی خــەرجکردن و چــاودێریکردنی جێبەجێکردنی پەیڕەو و پرۆگرامی پارتی و بڕیارەکانی لێژنە باڵاکان بە شێوەیەکی ڕاسـت

و دروست و بەرزکردنـەوەی ڕاپـۆرت دەربـارەی کارەکـانی بـۆ لێژنـەی حزبـی و لێژنـەی پشـکنینی بـاڵاتر، هـەروەها لێژنـەکانی پشـکنینی بـاڵا مـافی ئـەوەیان هەیـە ڕێنمایـی لێژنەکانی خوار خۆیان بکەن سەبارەت بەو ئەرکانەی پەیوەستن بە کاری پشکنینەوە.

٣. لێکۆڵینەوە لە سکاڵای ئەندامان (کەسێتی و حزبی) و بەرزکردنەوەی ڕاپـۆرت لـەم ڕووەوە بۆ لێژنەی تایبەتی لەگەڵ ڕادەربڕین لەو بارەیەوە.

٤. تاوتوێکردنی ئەو ڕاپۆرتانەی هـاتوون سـەبارەت بـە کەمتەرخـەمی ئەنـدامان و ناکۆکییـە حزبیەکان و پێشکەشکردنی ڕێنمایی پێویست بۆ لێژنەی تایبەت و لێژنەکانی پشـکنین و حزبی باڵا بۆ بینین و ئەنجامدانی کاری پێویست.

٥. دەستەی چاودێری و پشکنین خەسڵەتی سەرکردایەتی نییە.

٦. لە کاتی ڕوودانی ناکۆکی لە نێوان چاودێری و پشکنینی باڵا و کۆمیتەی ناوەندیدا بابـەتی ئەو ناکۆکییە دەخرێتە بەردەم پلینۆم و ئەگەر دەرکەوت یـەك لـەو لێژنانـە کەمتەرخـەم بووە ئەو کەمتەرخەمییەش شایستەی دەرکردنی ئەندامانی ئەو لێژنە بێت، ئەوا پێویستە پلینۆم داوای کۆنفڕانس بکات بۆ چارەسەری ئەو ناکۆکییە.

**بەندی (٢٣):**

ئەو سزایانەی کە لێژنەکانی پشکنین دەیسەپێنن بەسەر:

أ. لەبارەی ئەندامەکانیەوە:

١. سەرنجڕاکێشانی نووسراو یان زارەکی.

٢. ئاگادارکردنەوەی تاکی یان بە کۆمەڵ لە ناو ڕێکخراودا.

٣. داماڵینی لە ئەرکی بەرپرسیارێتی.

٤. دەرکردنی لە پارتی بە شێوەی کاتی.

٥. دەرکردن کە ئەوە توندترین سزایە.

ب. لەبارەی دەستە و ڕێکخراوە حزبییەکاندا:

١. وریاکردنەوەی ئاگادارکردنەوە.

٢. هەڵوەشاندنەوەی لێژنە و دەستنیشانکردنی لێژنەیەکی کاتیی تا کاتی هەڵبژاردن.

٣. هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراو و دابەشکردنی ئەندامانی بەسەر لێژنەکانی تردا.

**بەندی (٢٣):**

**سەرۆکی حزب**

بریتییە لە سەرۆکی حزب و کۆمیتەی ناوەندی و مافی ئەوەی هەیە ڕێنمایی و ڕوونکردنەوە بداتە کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی و پلینۆم و کۆنفرانس و کۆنگرە، مافی ئامادەبوونی هەیە لە کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی کاتێك کە دەنگ دەدرێت و دەنگەکان یەکسان بوو ئەوا ئەو لایەی کە دەنگی سەرۆکی لەگەڵدا دەبێت بە زۆری دەنگ دادەنرێت.

**بەندی (٢٤):**

**سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی**

ئەو کەسەیە کە بە هاوکاری باقی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بەرپرسیارە لە کاروباری کارگێڕی حزب، گشت نووسراوی حزبی و ڕێنماییەکان بە ئیمزای ئەو دەبێت (یان ئیمزای یەك لە یاریدەدەرە دەسەڵات پێدراوەکانی) لە گشت کاروباری ڕامیاری، ڕێکخستن و چالاکییەکانی پارتی ئاگادار دەکرێت، ڕاپۆرتی گشتی بۆ کۆنگرە یان کۆنفرانس یان پلینۆم پێشکەش دەکات، بەڵام ڕاپۆرتی دوورو درێژ سەبارەت بە گشت کاروبارەکانی پارتی دەکەوێتە ئەستۆی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەریەك بە پێی پسپۆڕی خۆی. سکرتێر بەرپرسیارە لە ئاگادارکردنی مەکتەبی سیاسی لە تەواوی کاروبار و بڕیارەکانی حزب، هەرچەندە بەرپرسیاریەتی سکرتێر ترسناکە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو دەتوانێت بڕیاری سەربەخۆ واتا تاکلایەنە بدات، دەبێ گشت بڕیارەکان بە شێوەیەکی بە کۆمەڵ بدرێت.

دەبێت مەکتەبی سیاسی کاری پێویست و زامن ئەنجام بدات بۆ بەردەوامبوونی چالاکییە حزبییەکان لە کاتێکدا ئەگەر ناکۆکی لە نێوان ئەندامەکانیدا هەبوو و نەتوانرا کۆ بکرێنەوە.

**بەشی شەشەم**

**بەندی (٢٥):**

**کۆنگرێس**

١. کۆنگرێس یان (کۆنگرەی نیشتمانی) بەرزترین دەسەڵاتە لە حزبدا.
٢. کۆنگرە پێك دێت لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، لیژنەی باڵای پشکنین و چاودێری،

ئەندامانی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی کە لە کۆنگرەدا هەڵبژێردراون، ئەو نوێنەرانەی کە لەلایەن سەرجەم ڕێکخراوەکانی پارتییەوە بە پێی ئەو ڕێژەیەی کۆمیتەی ناوەندی دیاری دەکات هەڵبژێردراون، کۆمیسیۆنی پشکنین و چاودێری و ئەندامە یەدەگەکانی.

٣. کۆنگرێس هەردوو ساڵ جارێك دەبەسترێت، کۆمیتەی ناوەندی لەسەر خواستی ٢/٣ی ئەندامانی دەبێت داوای بەستنی کۆنگرەی نائاسایی بکات بە پێی بەندی (٧) و برگەی (١٩ ب).

**بەندی (٢٦):**

**ئەرك و دەسەڵاتەکانی کۆنگرێس**

١. ڕاستکردنەوە و گۆڕینی پەیڕەوی ناوخۆ و پرۆگرام.

٢. گوێ لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی و لێژنەی باڵای چاودێری و پشکنین و گفتوگۆ لەسەر کارەکانی کۆمیتە دەکات و هەڵی دەسەنگێنێت.

٣. داڕشتنی سیاسەتی گشتی و دانانی پلان و تاکتیکی حزبی بۆ ئەو مەسەلە ڕامیارییانەی کە ڕووبەڕووی پارتی دەبێتەوە.

٤. شیکردنەوەی بارودۆخی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی و دانانی پلانی بەڕێوەچوونی کاری حزبی.

٥. دانانی ستراتیژیەتی پارتی.

٦. لە سکاڵای ئەندامان دەڕوانێ و بڕیاریان لە بارەوە دەدات.

٧. لێپرسینەوە لە کۆمیتەی ناوەندی و لێژنەی باڵای چاودێری و پشکنین و سزادانی ئەندامە کەمتەرخەمەکانی.

٨. هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی یەدەگی، هەروەها ئەندامانی لێژنەی باڵای چاودێری و پشکنین و ئەندامانی یەدەگی هەڵدەبژێرێ.

٩. تەنها کۆنگرێس مافی هەڵوەشاندنەوەی حزب و گۆڕینی ناوی و هەڵپەساردنی چالاکییەکانی یان تێکەڵی پارتێکی تر ببێت و یان گۆڕینی ئایدیۆلۆژیەتی هەیە.

## بەشی حەوتەم

**بەندی (٢٧):**

**کۆنفرانس**

١. لە کاتی ڕوودانی گۆڕانکاری ڕامیاریی گرنگ یان ناکۆکی لە ناو کۆمیتەی ناوەندیدا بە شێوەیەك کە یەکڕیزی پارتی بخاتە مەترسییەوە، یان حاڵاتی پێویست بە بەستنی کۆنگرێس بێت و لەسەر داوای پتر لە نیوەی ئەندامانی حزب یان ٢/٣ی لێژنەی ناوچەکان و ئەگەر لەو کۆنگرێسە نەتوانرێت ئەنجام بدرێت ئەوا کۆنفرانس دەبەسترێت. کۆنفرانس پێك دێت لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و لێژنەی باڵای چاودێری و پشکنین و ئەندامە یەدەگەکانیان و نوێنەرانی لێژنە ناوچەکان و ڕێکخراوەکانیان و نوێنەرانی ئەو ڕێکخراوانەی کە بەستراون بە کۆمیتەی ناوەندییەوە و کادیرانی پێشکەوتووی حزب کە کۆمیتەی ناوەندی بە ٢/٣ی دەنگ دیاری دەکەن.

٢. کۆنفرانس گشت دەسەڵاتەکانی کۆنگرێسی هەیە جگە لە گۆڕینی پەیڕەو و پرۆگرامی پارتی و گۆڕینی کۆمیتەی ناوەندی و دیاریکردنی چارەنوسی پارتی و دەرکردن و داماڵینی سەرۆك لە دەسەڵاتەکانی و بڕیارەکانی هەمان هێزی بڕیارەکانی کۆنگرێسی هەیە.

٣. ئەرکی یەکەمی کۆنفرانس ڕەخساندنی بارودۆخی پێویستە بۆ بەستنی کۆنگرە لە زووترین کاتدا.

٤. لە کاتی لێپێچینەوەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و لێژنەی باڵای چاودێری و پشکنین کۆنفرانس مافی ئەوەی هەیە ئەندامانی ئەو دوو لێژنەیە دەر بکات، بە مەرجێك ژمارەی دەرکراوەکان بە یەکجاری یان چەند جارێك لە نیوە تێپەڕ نەکات.

# سەرچاوە و پەراوێز

١ - سەڵاح رەشید، مام جەلال دیداری تەمەن لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری، (سلێمانی – چاپخانەی کاردۆ – ٢٠١٧)، ل ل ٨٨ – ٨٩.

٢ - حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني ـ العراق (في محطات رئيسية) ١٩٤٦ ـ ١٩٩٣، (دهوك ـ مطبعة خەبات ـ ١٩٩٨م)، ص ٥٦.

٣ - بڕوانە: نامەی جەلال تاڵەبانی بۆ هاوڕێی پێشەوا مستەفا بارزانی، (١٩٥٧/٧/٣٠)، مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، ١٩٣١-١٩٥٨، بەرگی یەکەم، (هەولێر ـ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ ٢٠٠٤ز)، بەڵگەنامەی ژمارە ٨، ل ٤٣٢؛ حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص ٥٧.

*- حەمید عوسمان لە ڕێکەوتی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٥٤ تا حوزەیرانی ١٩٥٥ سکرتێری حزبی شیوعی عێراقی بووە.

٤ - دکتۆر شێرکۆ فەتحوڵا عومەر، پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد ١٩٤٦ – ١٩٥٧، و. سوارە قەڵادزەیی، (چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی - ٢٠١٣)، ل ١٣٩؛ حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص ٥٧.

٥ - دکتۆر شێرکۆ فەتحوڵا عومەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٥١ - ١٥٧.

٦ - مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، ١٩٥٨-١٩٦١، بەرگی دووەم، (٢٠١٢)، ل ٥١.

٧ - حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص ص ٥٩ – ٦٠؛ مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٧٠ – ٧١.

٨ - ئەم کۆبوونەوەیەی کۆمیتەی ناوەندی پارتی، لە چەند سەرچاوەیەك و بە تایبەت پەرتووکی "حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني ـ العراق (في محطات رئيسية) ١٩٤٦-١٩٩٣"، وەك کۆنفرانسی حزب ئاماژەی پێکراوە، بەڵام لە پەرتووکی "مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، ١٩٥٨-١٩٦١، بەرگی دووەم"، وە لەو بەڵگەنامانەی لە پەرتووکەکەدا تایبەت بەم ماوەیە بڵاوکراونەتەوە ئاماژە بە ناوی کۆنفرانس نەکراوە و وەك کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حزب ناوی هاتووە.

٩ - مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١.

١٠ حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص ص ٦١، ٦٢؛ دکتۆر شێرکۆ فەتحوڵا عومەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٦٧، ٦٨.

## کۆنگرەی پێنجەمی پارتی دیموکراتی کوردستان – عێراق

## ئایاری ١٩٦٠ "قۆناغی کاری ئاشکرا"

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨، حزبە سیاسییەکانی بەرەی یەکێتی نیشتیمانی عێراقی بەوپەڕی ئازادییەوە دەستیان بە چالاکی و کاری سیاسی کرد، سەرکردایەتی شۆڕش بەڵێنیدا پاش کۆتایی هاتن بە قۆناغی گواستنەوە، مۆڵەتی فەرمی بۆ کارکردنی حزبە عێراقییەکان دەربکات، بەڵام ئەم مۆڵەت پێدانە تا مانگی کانوونی دووەمی ١٩٦٠ دواکەوت[١].

لە ڕێکەوتی ٦ی کانونی دووەمی ١٩٦٠، یاسای ژمارە یەکی کۆمەڵەکان، بە مەبەستی مۆڵەتدان بە حزبە سیاسییەکان، لە ٤٦ ماددەدا لەلایەن ئەنجوومەنی سەروەریی کۆماری عێراقەوە جاڕدرا[٢]. ئەم یاسایە حزبەکانی وا دەناساند، کە کار دەکەن بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵێك ئامانجی سیاسی، بە چەند مەرجێك، لەوانە: دەبێت تەواوی ئەندامانی حزب هاووڵاتی عێراقی بن و هێزە چەکدارەکان و کاربەدەستانی دەوڵەت لە بەشی دیپلۆماسی و قوتابی سەرەتایی و ناوەندیی بۆیان نییە ببن بە ئەندامی حزب[٣].

دوای دەرچوونی ئەم یاسایە، سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان - عێراق، دەستەیەکی دە کەسی بە سەرۆکایەتی سەرۆك مستەفا بارزانی و دەستەیەکی پەنجا کەسی پشتگیرانی کردە پاشکۆی نووسراوێکی فەرمی و پێشکەشی وەزارەتی ناوخۆی عێراقی کرد[٤]، ئەوەبوو لە ڕێکەوتی ٦ی شوباتی ١٩٦٠ لە لایەن وەزارەتی ناوخۆی عێراقەوە بە شێوەیەکی فەرمی و یاسایی مۆڵەتی کارکردن بە پارتی دیموکراتی کوردستان - عێراق درا و ڕێگەی پێدرا ڕۆژنامەی ناوەندی خۆی بە ناوی "خەبات" دەربکات[٥].

ئەندامانی دەستەی دامەزراندنی قۆناغی کاری ئاشکرا پێکهاتبوو لە:

١ - مستەفا بارزانی، سەرۆك

٢ - ئیبراهیم ئەحمەد، سکرتێر

٣ - نوری شاوەیس

٤ - عومەر مستەفا

٥ - عەلی عەبدوڵا ئەمین

٦ - عەلی عەبدوڵا ڕەزا

٧ - مەلا عەبدوڵا ئیسماعیل

٨ - حیلمی عەلی شەریف

٩ - ئیسماعیل عارف

١٠ - شەمسەدین موفتی[٦].

لیستی لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ وەزارەتی ناوخۆی عێراق پێکهاتبوو لە: دکتۆر عومەر دزەیی - پزیشك، دکتۆر دارا ئەحمەد تۆفیق – پزیشك، یاسین محەمەد کەریم - فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتی تاقیگەی کیمیاوی بەغدا، محەمەد حەسەن برزۆ - بازرگان لە بازاڕی شۆریجە، عەبدولحسێن عەلی عەبوش – کاسب، یەدوڵا فەیلی - فەرمانبەر لە کۆمپانیای کەرەستەی بیناسازی، حەبیب محەمەد کەریم - فەرمانبەر لە بانکی ڕەهن لە شاری بەغدا، عەبدولسەمەد محەمەد - ژمێریار لە وەزارەتی کشتوکاڵ، ڕەشید باجەلان - پارێزەر، عەزیز پشتیوان – مامۆستا، عەباس حسێن – مامۆستا، عەلی حەمدی موسا - یاریدەدەری بەڕێوەبەری تاپۆ، مەلا ئەحمەد – کرێکار، سەید عەبدولمەجید حسێن مورسیل زەمان – جوتیار، کەمال عەبدولقادر - مامۆستای ئامادەیی، مەجید ئاسنگەر - مامۆستای ئامادەیی، ساڵح شێرە - کرێکار، ئیسماعیل حسێن - مامۆستای ئامادەیی، بەگۆك عەزیز خۆشناو – مامۆستا، ئیبراهیم ئەحمەد لاو – کاسب، محەمەد سەعید فەرەج – کرێکار، بەکر عوسمان جەرجیس – جوتیار، کەریم عەباس پیرۆت - هەلاج، محەمەد حاجی تاهیر – کاسب، وەستا شەفیق - بەراد، محەمەد مامەند - ددانساز، محەمەد شاڵی - پارێزەر، سەعید شێخ مستەفا - عەتتار، جەمال سەعید خەفاف – پێڵاودرو، محەمەد ڕەشید میهری – سکاڵانووس، عەلی مام ڕەزا – کرێکار، عەبدوڵا مام ئەحمەد – کاسب، تۆفیق سدیق – کاسب، شەفیق تاهیر – کاسب، سەبغەتوڵا ئەمین حەسەن مزوری - فەرمانبەر لە ئیعاشەی موسڵ، نوری خەلیل – کرێکار، ڕەمەزان ئاکرەیی - فەرمانبەری نەخشەڕێژ، هورمز نیسان هورمز – مامۆستا، ئەسعەد خالید عەبدولقادر – مامۆستا، مەعسوم ئەنوەر مایی – مامۆستا، جەمیل تۆفیق بامەڕنی – مامۆستا، نەعمان عیسا شەریف - یاریدەدەری نووسەر، محەمەد ڕەشید – جوتیار، مەلا ساڵح حاجی حەسەن - پیاوی ئایینی، شەوکەت حاجی تاهیر - نووسەری لێژنەی کارەبا، ئەحمەد عەبدوڵا محەمەد - مامۆستای ئامادەیی، زیا قستۆ داوود – کاسب، غەفور ساڵح تەها – کاسب، تەها مەلا محەمەد تەها – جوتیار، عەلی عەسکەری - کرێکار[٧].

دوای ئەوەی وەزارەتی ناوخۆی عێراق دانی نا بە پارتی دیموکراتی کوردستان، وەك قەوارەیەکی سیاسی کە مافی چالاکی ئاشکرای هەیە لە سەرانسەری عێراقدا، لە لایەن

سەرکردایەتی پارتییەوە کار بۆ بەستنی کۆنگرەی نوێی حزب کرا، هەرچەندە پارتی لە ساڵی ١٩٥٩ کۆنگرەی خۆی بەستبوو.

دوای بەستنی کۆنفرانسە ناوخۆییەکان لە گشت لێژنە لق، لێژنە ناوچە و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، بە شێوەیەکی یاسایی و بە دەنگدانی ئاشکرا نوێنەرانی کۆنگرە دەستنیشان کران. دواتر بە ئامادەبوونی سەرۆك مستەفا بارزانی، لە کاتژمێر ١٠ی بەیانی ڕۆژی ٥ی ئایاری ١٩٦٠ کۆنگرەی پێنجەم، بە ئامادەبوونی ١٦٨ نوێنەر لە بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان لە گەڕەکی سەعدونی شاری بەغدا بە شێوەیەکی ئاشکرا بەسترا[٨].

سەرەتا ئیبراهیم ئەحمەد ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی پێشووتری خوێندەوە، دواتر نوری شاوەیس ڕاپۆرتی دارایی و عومەر مستەفا ڕاپۆرتی ڕێکخستنیان خوێندەوە[٣]. هەروەها ڕاپۆرتی دەستەی چاودێری و پشکنینی باڵا خوێندرایەوە. دواتر کۆنگرە بڕیاری پێکهێنانی چەندین لێژنەی بۆ پێداچوونەوە بە ڕاپۆرتی سکاڵا و پەیڕەو و پرۆگرام دا، لێژنەکان بریتیبوون لە: لێژنەی پرۆگرام و پەیڕەو، لێژنەی لێکۆڵینەوەی ڕاپۆرتەکان، لێژنەی دارایی و ئۆرگانەکان و لێژنەی سکاڵا[٩].

بە هۆی مۆڵەت وەرگرتن و گۆڕانکاریی سیاسی ئەوکاتی عێراق، کۆنگرەی پێنجەم هەندێك گۆڕانکاری لە پرۆگرامدا کرد، وەك لابردنی مادەی سێیەم، کە باس لە سوودوەرگرتن لە بیردۆزی مارکسی - لینینی کرابوو، هەروەها دەستکاری ئەو بڕگەیەش کرا کە پەیوەست بوو بە مافی سەربەخۆیی کوردستان لە هەموو پارچەکانی کوردستان و بڕگەکە کرا بە "تێکۆشان بۆ پشتیوانی برایانی کوردمان لە هەر شوێنێك بن لەو خەباتەدا کە دەیکەن لە پێناوی تەواوکردنی ئازادی و مافە نەتەوایەتییەکانیاندا و دەستەبەرکردنی پشتیوانی کۆماری عێراق وێڕای یارمەتیدانیان لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە"[١٠].

پەیکەری پارتی دیموکراتی کوردستان، بە پشتبەستن بە پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی پێنجەم، بریتی بووە لە: شانە، لێژنەی ڕێکخراو، لێژنەی ناوچە، لێژنەی لق، کۆمیتەی ناوەندی، مەکتەبی سیاسی، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و سەرۆك[١١].

هەر لە ئامادەکارییەکانەوە تا کۆتایی، کۆنگرە لە کەشێکی دیموکراتیانە بەڕێوەچوو و بە کۆی دەنگ سەرۆک مستەفا بارزانی بە سەرۆک هەڵبژێردرایەوە، دواتر لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە سەرکردایەتییەك هەڵبژێردرا و بۆ یەکەمینجار ئافرەتێک گەیشتە سەرکردایەتی:

١ - مستەفا بارزانی، سەرۆك

٢ - ئیبراهیم ئەحمەد، سکرتێر

٣ - نوری شاوەیس

٤ - عومەر مستەفا

٥ - دکتۆر موراد عەزیز

٦ - عەلی عەبدوڵا

٧ - ساڵح یوسفی

٨ - عەلی عەسکەری

٩ - هاشم ئاکرەیی

١٠ - جەلال شوانی

١١ - ناهیدە شێخ سەلام

١٢ - عەبدوڵا ئیسماعیل ئەحمەد

١٣ - ئەحمەد عەبدوڵا ئامێدی

١٤ - عەلی حەمدی موسا

١٥ - عەبدولحسێن فەیلی

١٦ - سەید عەزیز شەمزینی

١٧ - نوری ئەحمەد تەها.

١٨ - جەلال تاڵەبانی[١٢*].

هەر یەک لە سەید عەزیز شەمزینی، نوری ئەحمەد تەها و جەلال تاڵەبانی ناویان وەك ئەندامی سەرکردایەتی ئاشکرا نەکرا، چونکە ئەفسەری سوپای عێراق بوون و ئەفسەران بۆیان نەبوو ببنە ئەندامی هیچ حزبێکی سیاسی[١٣].

یەدەگی کۆمیتەی ناوەندیش بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١ - نەعمان بارزانی

٢ - حیلمی عەلی شەریف

٣ - حەیدەر محەمەد ئەمین

٤ - محەمەد حاجی تاهیر[١٤].

ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حزب لە لایەن ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندییەوە هەڵبژێردران، کە پیکهاتوون لە: ئیبراهیم ئەحمەد، نوری شاوەیس، عەلی عەبدوڵا، دکتۆر موراد عەزیز، عومەر مستەفا[١٥].

دەستەی چاودێری و پشکنینی باڵا "چاودێری بەرز"، ڕاستەوخۆ لەلایەن نوێنەرانی

کـۆنگرەوە هەڵـدەبژێردران، ئـەوانیش پێکهـاتبوون لـە: حـەبیب محەمـەد کـەریم، زەکیـە ئیسماعیل حەقی، هورمز نیسان، خالید حەسەن یوسفی، عومەر حەسەن بامەڕنی[١٦]. یـەدەگی لێژنەی پشکنینی باڵایش بریتیبوون لە: عەباس حسێن و یەدوڵا فەیلی[١٧].

یەکێکیتر لە بڕیارەکانی کۆنگرە بریتی بوو لە پشـتگیری کردنـی حکـوومەتی عێراقـی لـە بەرامبەر نەیارانەکانیـدا، چونکـە پـارتی بـۆ یەکـەمین جـار خـاوەنی مۆڵـەتی فـەرمی بـوو و دەیتوانی بە ئازادی چالاکی بنوێنێت[١٨]. بارودۆخی ئاشتی و کـاری ئاشـکرای ڕامیـاری وایکـرد، هەواڵی کۆنگرە بگاتە ڕاگەیاندنی عێراقی و بە گرنگییەوە هەواڵەکانی بڵاوبکەنەوە[١٩].

# پرۆگرام و پەیڕەوی ناوەوەی کۆنگرەی پێنجەمی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق

## پرۆگرام

**مادەی (١):**

ناوی پارتی: پارتی دیموکراتی کوردستان - عێراق.

**مادەی (٢):**

پارتیمان پارتییەکی دیموکراتی پێشڕەوە نوێنەرایەتی قازانجی کرێکار و جوتیار و کەسەبە و سەنعەتکار و ڕۆشنبیرانی کوردستانە لە عێراق.

**مادەی (٣):**

تێکۆشان لە پێناوی پاراستنی کۆماری دیموکراتی عێراق و چەسپاندن و پەرەپێدان و قوولکردنی ڕێبازە دیموکراتییەکەی بە شێوەی دیموکراتی ئاراستەکراو کە دەستەبەری بەرەلاکردنی ئازادی فەردی و گشتی دەکات، وەکو سەربەستی دین و و بیروباوەڕ و سەربەستی ڕۆژنامەنووسی و ڕێکخستنی پارتایەتی و نەقابی بۆ هەموو هاونیشتمانان و، دانانی دەستوورێکی هەمیشەیی لەگەڵ دەستەبەری پێکهێنانی هەڵبژاردنێکی دیموکراتی ڕاستەوخۆ کە هاونیشتمانیانی نێر و مێ ئەوانەی تەمەنیان گەیشتبێتە هەژدە ساڵی تێیدا بەشدار بن و ئەوپەڕی حەزم و توندوتیژی بەرامبەر دوژمنانی کۆمار بە کار بهێنرێت و دامەزراوەکانی دەوڵەتیان لێ پاك بکرێتەوە و توانای پارێزگاری هێزە چەکدارەکان بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی گەل بەهێزتر بکرێت.

**مادەی (٤):**

أ. تێکۆشان بۆ پاراستنی ئاشتی لە جیهاندا و سووککردنی باری گرژی نێودەوڵەتان و بەڕێوەچوون لە بەر ڕۆشنایی بڕیارەکانی کۆنگرەی باندونگ و پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرەتاکانی هاوژیانی بە ئاشتی و چارەکردنی گیروگرفتەکانی نێودەوڵەتان لە ڕێگەی وتوویژەوە (المفاوضات) یاساغکردنی چەکی ئەتۆمی و تاقیکردنەوەی بەپێی ڕێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتان کە هەموو لایەك بگرێتەوە.

ب. ڕۆیشتن لەسەر پەیڕەویکردنی سیاسەتێکی نیشتمانی دژی ئیمپریالیزم کە گەورەترین مەترسییە هەڕەشە لە کیان و یەکێتی عێراق دەکات و ڕامالینی پاشماوەی ئەو ڕێکەوتننامە و پەیمانانەی کە سەربەخۆیی و دەسەلاتی عێراق کەم دەکەنەوە.

بەهێزكردنی پێوەندی دۆستایەتی لەگەڵ هەموو دەوڵەتەكانی دونیا لەسەر بنچینەی قازانجی هەردوولا بە تایبەتی لەگەڵ دەوڵەتانی كامپی سۆشیالیستی و گرتنەبەری سیاسەتی برایانە لەگەڵ دەوڵەتانی جامیعەی عەرەبی و بلۆكی دەوڵەتانی ئاسیا ـ ئەفریقا و پشتیوانی بزووتنەوەی ئازادیی نیشتمانی كەوا گەلە تێكۆشەرەكان بۆ دەستخستنی سەربەخۆیی و حەقی دانانی چارەنوسی خۆیان دەیگێڕن.

**مادەی (٥):**

تێكۆشان بۆ پتەوكردنی پەیوەندی برایەتی و دۆستایەتی لە نێوان دوو نەتەوەی عەرەب و كورد و كەمایەتییە نەتەوەییەكاندا كەوا گەلی عێراقیان لێ پێك دێ و پەرەپێدانی خۆشەویستی و برایەتی لە نێوان هەموو ڕۆڵەكانی گەلدا و بەهێزكردنی یەكێتیی نیشتمانی تەواو لەسەر بناغەی وەكیەكی ڕەبەق لە نێوانیاندا لە ماف و فەرماندا و لەسەر بنچینەی جێبەجێكردنی مادەی (٣)ی دەستوور بە چەشنێكی تەواو و بە جۆرێك كە بگونجێ لەگەڵ ئاواتە مەشروعەكانی نەتەوەی كورد لە نێوانی یەكێتییەكی ڕاستەقینەی عێراقیدا و بەگژداچوونی بیرەكانی شۆڤێنایەتی و جیابوونەوەخوازی و كۆسمۆپۆلیتایەتی.

**مادەی (٦):**

تێكۆشان لە پێناوی دەستخستنی حەقی بوونەكاربەدەست و نوێنەر لە هەموو دەزگایەكی دەوڵەتی و دامەزراوی ڕەسمی و نیمچە ڕەسمیدا بۆ كورد و هاونیشتمانیانی تر و دەستەبەری حقوقی گەل لە كۆماری عێراقدا بۆ هەمووان وەك یەك بە بێ جیاوازی.

**مادەی (٧):**

تێكۆشان بۆ گەشەپێدانی ئابوریی نیشتمانی و بەرزكردنەوەی ئاستی ژیانی گەل لە هەموو ڕوویەكەوە بە پەیڕەویكردنی سەرەتای پیلاندانانی ئابوری نوێ كە بنچینەكەی بریتییە لە لێكۆڵینەوەی تەواوی هەموو لایەنێكی ژیانی ئابوریمان و سازدانی پرۆژەی كورت و درێژ و ئامادەكردنی كادری ئیداری تەكنیكی كە بۆ ئەم ئیشە پێویستن.

**مادەی (٨):**

پارتیمان باوەڕی وایە كە پیشەسازی قورس نیرگەی سەربەخۆیی ئابوری و سیاسییە بۆیە هەوڵ دەدەین بۆ دامەزراندنی پیشەسازی قورس و سووك لە وڵاتدا لەبەر تیشكی ئەنجامی پشكنینی جیۆلۆجی و ئەهەمیەتدان بە پیشەسازی نەوت و گۆگرد و تێكۆشان بۆ كارەباییكردنی وڵات و بۆ گەشەپێدانی پیشەسازییە نیشتمانییەكان و پاراستنیان لە ڕقەبەری بێگانە و هاندانی سەرمایەی خۆماڵی بۆ كەوتنەگەڕ لە پیشەسازیدا بە جۆرێك كە قازانجی (مستهلك)ی تێدا ڕەچاو بكرێت و زوو جێبەجێكردنی ڕێكەوتننامە ئابورییەكانی عێراق ـ

سۆڤێت کە دەستەبەری گەورەیە بۆ گەشەپێکردنی پیشەسازی نیشتمانیان و هاندانی پیشەسازی سووك وەکو شەکر، کاغەز، شیرەمەنی، پێستە، خواردنی قوتو، چیمەنتۆ، جگەرە و شتی تر و لابردنی باج لەسەر هێنانی ماکینە و ئامراز و فابریقە بۆ پشتیوانی پیشەسازی نیشتمانیمان.

**مادەی (٩):**

تێکۆشان بۆ بنبڕکردنی بێکاری و دانانی قانونی پێشکەوتووانە بۆ دەستەبەرکردنی قازانجی کرێکار و موستەخدەمەکان بە دیاریکردنی لانی هەرەکەمی مزە (الاجرة) بە جۆرێکی وا کە ژیانێکی لایەق بۆ کرێکار و خێزانەکەی پێك بهێنێت و کەمکردنەوەی ساعەتی کاری زیادە و لەبر (العمل بالقطعة) و یاساغکردنی ئیشکردن بە منداڵان و دانانی یاسای پێشکەوتووانەی پێویست بۆ تەقاویتی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی (الضمان الاجتماعي) تەواو و دەستەبەری سەربەستی نەقابی بە چەشنێکی ئەوتۆ قازانجی کرێکار و موستەخدمان بپارێزێت و ناردنی میسیۆنی (البعثات) کرێکاری و زۆرکردنی قوتابخانەی پیشەسازی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تەکنیکیی کرێکاران.

**مادەی (١٠):**

تێکۆشان بۆ زیادکردنی بەشی حکوومەت لە داهات (عائدات)ی نەوت بە چاوپیاخشاندنەوەی ڕێکەوتننامەکان و قەدەغەکردنی ئەو بیرانەی ئێستا کەڵکیان لێ وەردەگیرێت بۆ کۆمپانیاکان و وەرگرتنەوەی بیر و شوێنەکانی تر لەلایەن حکوومەتەوە بۆ دەرهێنانی نەوت و نەوتەمەنی و پاڵاوتن و ناردنیان بۆ فرۆشتن لە دەرەوە و دەستەبەری چاودێری جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەکان و چۆنێتی بەرهەمهێنان و نرخی نەوت و بەربەستکردنی کۆمپانیاکان لە دەستخستنە کاروباری ناوەوەی عێراق و دامەزراندنی پیشەسازی نەوتەمەنی لەو شوێنانەی نەوتیان لێ دەردەهێنرێت بە چەشنێکی وا لەگەڵ (ظروف)ی ناوچەکە بگونجێت و ئامادەکردنی کادری هەڵسوڕێنەری و تەکنیکی بۆ دەستەبەری (تأميم) لە دواڕۆژدا.

**مادەی (١١):**

لەبەر ئەوەی هاووڵاتان زەوی تەواویان دەست ناکەوێ بۆ کشتوکاڵ لە کوردستان لەبەر تەبیعەتی (سروشتی) ئەرز و جیاوازییە تایبەتییەکانی لەو شوێنانەدا پێویستە کە هەوڵ بدرێ بۆ چاککردنی زەوی تازە لەگەڵ چارەکردنی قانونی چاککردنەوەی کشتوکاڵی بە چەشنێکی وا کە لە سەرێکەوە دەستەبەری ئەوە بکا کە جوتیارەکان لایەنێکی هەرەکەمی بەجێ زەوییان بەسەردا دابەش بکرێ و لە سەرێکی کەوە پەیوەندی دەرەبەگییەکانیش بنەبڕ بکا، جا بۆیە و

بۆ باشکردنی حاڵی جوتیاران و زیادکردنی دەستکەوتیان، پارتیمان بۆ جێبەجێکردنی ئەم داخوازییانەی خوارەوە تێ دەکۆشێ:

**یەکەم:**

أ. لابەلاکردنی گیروگرفتەکانی ئاوداشتن بە هەڵکەندنی جۆگە و بیری ئیرتیوازی و دروستکردنی بەند و ئەستێڵ لەسەر ڕووبارەکان بۆ ئاودانی ئەو زەوییانەی بە کەڵکی کشتوکاڵ دێن و ماوەدان بە جوتیاران بۆ کەڵکوەرگرتن لە پرۆژەکانی ئاودێری حکوومەتی.

ب. چاککردنی و بەراوکردنی ئەو زەوییە بەیارانەی کەڵکیان لێ وەرنەگیراوە و دابەشکردنی بەسەر ئەو جوتیارانەدا کە زەوییان بەر ناکەوێت و یا ئەوەی بەریان کەوتووە کەمترە لە لانی هەرەکەمی قانونی.

ج. یارمەتیدانی جوتیاران بە کووتی کیمیایی و تۆو تا بتوانن چاندەمەنی ئێستایان باشتر بکەن و چەشنی کەشی بخەنە سەر دەستگرتنیان بە پارە بۆ ماوەی زۆر و بە سوودی کەم تا لە چنگ سووخۆران ڕزگار بکرێن.

د. دامەزراندنی کۆمەڵی هاریکاری بۆ جوتیاران بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانیان و کڕینی پێداویستی خۆیان و ئامرازی بەرهەمهێنان.

ه. برەوپێدان و ئاسانکردنی بەکارهێنانی مەکینە و شێوازی تازەی کشتوکاڵ و هاندانی هەرەوەز لە نێو جوتیاراندا.

و. بڵاوکردنەوەی ئامۆژگاری تەکنیکی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری کشتوکاڵ و ناردنی میسیۆن لە جوتیارانی کورد و هاونیشتمانیانی تر بۆ وڵاتانی بێگانە.

**دووەم:**

چونکو مەسەلەی پەروەردەکردنی ئاژەڵ و مەڕوماڵات یەکێکە لە دوو گیروگرفتە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنانی گوندی و بەشێکی زۆری داهاتی جوتیارانی کورد لێ پێک دێت بۆیە ئێمە تێ دەکۆشین لە پێناوی:

أ. لەناوبردنی هەموو ئەو بەندوکۆت و ئیمتیاز و پەیوەندییانەی کە بەندیواری بە ئاژەڵ و مەڕوماڵات بەخێوکردنەوە هەیە وەکو پووشانە و سەرانە و ئاغایانەی تر.

ب. نیشتەجێکردنی خێڵە کۆچەرەکان لەگەڵ بەرچاوخستنی زروفی بەرهەمییان بە دابەشکردنی زەوی بە سەریاندا و دیاریکردنی لەوەڕ بۆ ئاژەڵەکانیان.

ج. گشتیکردنی دامەزراوەکانی بەیتاری بۆ پاراستن و چارەکردنی دەردی ئاژەڵ و باشکردنی ڕەسەنییان بۆ ئەوەی بە پەیڕەویکردنی ڕێوشوێنی زانستی ڕاستگۆیی بدرێتە بەروبوومی ئاژەڵ.

**سێیەم:**

أ. گۆڕینی قانونی ئینحساریی توتن لە ڕووی ئەو بەندوکۆتانەی خراونە بەر تووتنکردن و دەرەجە و نرخی بە جۆرێك کە لەگەڵ قازانجی تووتنەوان و باشکردنی چۆنێتی تووتن بگونجێ.
ب. دەستگرتنی تووتنەوانان بە دراو و تۆوی چاك بە مەرجی هاسان تا بتوانن لە سەرەتای کەشدا دەست بکەن بە تووتنکردن.
ج. ئامادەکردنی پسپۆڕ و ئامۆژگاریکەران بۆ باشکردنی چەشنی تووتن و دروستکردنی عەماری نوێ بۆ پارێزگاری تووتن لەناوچوون بە تایبەتی لەو هەرێمانەدا کە لێی دێنرێتە بەرهەم.
د. باشکردن و پەرەپێدانی پیشەسازی جگەرە و تووتن و دروستکردنی کارگە و لابراتۆر (مختبر) لەو شوێنانەدا کە تووتنیان لێ دەکرێ و بازاڕی بازرگانی بۆ بدۆزرێتەوە بە جۆرێك کە عێراق ببێتە وڵاتێك لەوانەی تووتن بە دەرەوە دەفرۆشن.

**چوارەم:**

أ. ئاگاداریکردنی دارستانەکان و دانانی قانون بۆ پاراستنیان بەپێی قازانجی نیشتمانی.
ب. هاندانی ناشتن و موتوربەکردنی دارودرەخت و زۆرکردنی شەتڵگەی عەسری بۆ پەرەپێدانی سامانی نەباتی.

**مادەی (١٢):**

دامەزراوە بێگانەکان کە دەستیان بەسەر بازرگانی دەرەوەماندا گرتووە بدرێنە دەستی خۆماڵی، یارمەتیدانی بازرگانییە خۆماڵییەکان بۆ پەرەپێدانی بازرگانی دەرەوە و ژوورەوەمان و بەگژاچوونی ئیحتیکار و موزارەبە و یاریکردن بە ئازووخەی گەل و دامەزراندنی پەیوەندی بازرگانیمان لەگەڵ دەوڵەتانی تر لەسەر بناغەی قازانجی هەردوولا و ڕێزگرتنی دەسەڵاتی نیشتمانی.

**مادەی (١٣):**

أ. تێکۆشان بۆ ڕێکخستنی کاروباری مالییەی کۆماری عێراق بە چەشنێکی وەها مەسرەف کەم بکاتەوە، پول و پارەش بەشی پڕۆژەی بەرهەمهێنان پاشەکەوت بکا وێڕای ئاگالێبوونی بەرانبەری نێوان مەسرەف و دەرامەت.
ب. دانانی پێڕەوێکی عادیلانە بۆ باج لەسەر بناغەی وەرگرتنی باجی ڕاستەوخۆ و سەربەرەوژوور (التصاعدیە) لە دەرامەت و میرات و سووککردنی باری باجی ناڕاستەوخۆ کە قورسایی دەکەوێتە سەر شانی چینە ڕەنجبەرەکان.
ج. بەزاتکردنی بانکە نیشتمانییەکان بە هۆی زۆرکردنی سەرمایەیانەوە و کردنەوەی لقی کافی و دیاریکردنی نرخی جیاجیا بۆ سوودی (الفائدە) هەموو چەشنە بارمتەکارییەك و هەموو فەرمانێکی بانککاری (الصیرفە) کە پەیوەندی بە پارە گۆڕینەوەی دەرەوە

(التحويل الخارجي) هەیە بۆ بانکە نیشتمانییەکان قەدەغە بکرێت.

د. پشتیوانی و فراوانکردنی بانکی ناوەندی عێراق و تواناکردنی بۆ بەگژاچوونی قاچاغی دراو (العملە) و زێڕ و بەهێزکردنی دراوی عێراق و داپۆشینی بە ئەندازەیەکی کافی زێڕ و دراوی بێگانەی هەمەجۆر.

ه. تەئمیمی بانکە بێگانەکان.

و. دانانی قانون و تاریفەی گومرکی بە جۆرێك دەستکەوتی گشت گەل بەجێ بگەیەنێ و ئابوری و پیشەسازی نیشتمانی بپارێزێ.

**مادەی (١٤):**

أ. ڕێکخستنی ڕێگاوبان بۆ ئەوەی کوردەکان و هەموو گەل کەڵکی لێ وەرگرن بە پانکردن و کردنەوەی ڕێگای تازە و قیرتاوکردنیان و زۆرکردنی ڕێگای ئاسن، هەروەها پێکەوەنانی کەشتیی نەوتکێش ئەوەندەی بۆ ناردنە دەرەوەی نەوتی عێراق پێویستە. دامەزراندنی دەزگایەکی نیشتمانی بۆ گواستنەوەی دەریایی پەرەپێدانی هۆیەکانی پەیوەندی وشکانی و هەوایی و ئاوی و تەلدار و بێتەل لەگەڵ دەوڵەتەکانی تر بە پێی دەستکەوتی نیشتمانی.

ب. چاودێریکردنی هاوینەهەوارەکانی عێراق و پەرەپێدانی و ڕێکخستنیان بە شێوەیەکی تازە لەلایەکەوە و ڕاکێشانی ڕێگاوبان بۆ ئاسانکردنی هاتوچۆ بەستنەوەی هاوینەهەوارەکان بە هەموو شوێنێکی وڵاتەوە لەلایەکی ترەوە هاندانی گەشت و سەیران و زیادکردنی داهاتی نیشتمانی لە هاوینەهەوارەکانی عێراق.

**مادەی (١٥):**

مشورخواردنی پڕچەککردنی سوپا لە ڕووی مادی و مەعنەوییەوە و کردنی بە سوپایەکی مودێرن (العصري) کە بە گیانێکی دڵسۆزی و نیشتمانی ڕاست لە پێناوی پارێزگاری کۆماری عێراقدا خۆی بەخت کات لەگەڵ تێکۆشان بۆ باشکردنی حاڵی پۆلیس و هێزە چەکدارەکانی تر بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی شۆڕش و زیادکردنی هێز و توانایان بۆ خزمەتی گەل و نیشتمان بەسەر ڕاستی و دڵسۆزی.

**مادەی (١٦):**

زۆرکردنی کادری سیحی بە کردنەوەی زانستگا و قوتابخانەی سیحی و زۆر ناردنی میسیۆن بۆ دەرەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی سیحی (تەندروستی) گەل بە دانانی پلانێکی دوورودرێژ بۆ پاراستنی لە نەخۆشییە بنجداکوتاوەکان (الأمراض المتوطنة) و (درم)ەکان و لەناوبردنیان و بەهێزکردنی دەزگای پڕۆپاگەندە و ئامۆژگاری سیحی بە هۆی ئیستگەی ڕادیۆ و بڵاوکردنەوە و هەوڵدان بۆ ئەوەی ئاوی پاکی خواردنەوە و دەرمانی خۆڕایی لە هەموو شوێنەکانی عێراق

بۆ ڕۆڵـەكانی گـەل جێبـەجێ بكرێـت. زۆركردنـی خەسـتەخانە و تیمارخانـە (المستوصـف) و دامەزراوەكانی تری چـارەكردن. بڵاوكردنـەوەی خزمـەتی پزیشـكی لـە شـوێنە دوورەكـان بـە تایبـەتی لـە دێهاتەكانـدا دانـانی پلانێكـی فـراوان بـۆ فرەكردنـی دەرمـان و دامەزرانـدن و پێشخستنی دروستكردنی لە ناوخۆدا و زۆركردنی كەلوپەل و ئـامرازی فـەنیی نـوێ و دانـانی نرخی بەجێ بۆ دەرمان.

**مادەی (١٧):**

وەرگرتنـــی شـــێوەی هـــەڵبژاردنی دیمـــوكراتی ڕاســـتەوخۆ بـــۆ هـــەڵبژاردنی ســـەرۆك و ئەنجومەنەكانی شارەوانی و ئەنجومەنەكانی هەڵسوڕاندن (مجالس الادارە) و دانانی پلانێكی گشتی بۆ شارەوانییەكان لە بـارەی ئاوەدانكردنـەوەی مەحـەلی وەك دروسـتكردنی باخچـە و سەیرانگە و شەقام و شوێنی دیاری و مەیدانی گشتی.

**مادەی (١٨):**

تێكۆشان بۆ شادبوونی ئافرەت بـە هـەموو مـافێكی سیاسـی و ئـابوری خـۆی و دانـانی ئـەو قانونانـەی بـۆ پاراسـتنی مافـەكانی ژن پێویسـتن لـە بـارەی كـاركردنی كـات و بـەرودوای زەیستانییەوە و بۆ پاراستنی خێزان و پارێزگاری مافی ئافرەت لە ڕووی شـووكردن و تـەڵاق و میراتەوە و ڕاستكردنەوەی قانونی (ئەحوالی شەخسی) لەبـەر ڕۆشـنایی ئەوانـەی سـەرەوە و دانانی قانون بۆ پارێزگاری مافی منداڵەبەری و ساوایی.

**مادەی (١٩):**

أ. تێكۆشان بـۆ دەركێشـانی ڕەگـی نەخوێنـدەواری و لـەناوبردنی نـەزانی و ئاراسـتەكردنی پێگەیانـدن و فێركـردن بـەرەو نیشـتمانێتی و دیمـوكراتێتی و بـەگژاچوونی پرۆگـرام و ڕووكـار(اتجـاە)ە كۆنەپەرسـتی و فاشیسـتییەكان و پێكەوەبەسـتنی تیـۆری (نەزەرییـە) و پراكتیك (تطبیق)

ب. تێكۆشان لە پێناوی بووژاندنـەوەی وێـژە و مێـژوو و هونـەری كـورددا و پەرەپێـدانی بـە هۆی سامانی مرۆڤایەتییەوە لە بەرهەمی نەتەوەكانی تر و پاراستنی ئاساری مێژوویی لە هەموو شوێنێكی عێراقدا بە گشتی و لە كوردستاندا بە تایبەتی.

ج. هێنانەجێی نیزامی بەڕێوەبەرایەتی زانیاری كوردی بە چەشنێكی فراوان و گەشەپێكردنی تا دەبێ بە دامەزراویەكی كەڵك تەواوتر بە جـۆرێكی وا كـە خزمـەتی كولتـوری كـوردی بگرێتە ئەستۆ لە هەموو شوێنێكی عێراقدا.

د. مشورخواردنی جامیعەی عێراقی و پاراستنی سەربەخۆیی و كردنـی مەڵبەنـدێكی گرنـگ بۆ كۆڵینەوە و لەدووگەڕانی زانستنی و تێكۆشان بۆ كردنەوەی كۆلێژ (كلیە) و مەعهەدی بەرز و جامیعەی تر لە شوێنەكانی كە نیشتمانەكەمان وێڕای جامیعەیەك لە كوردسـتاندا

کەوا شانبەشانی یەك تێکۆشن بۆ پێگەیاندنی کادر لە ڕابەری و زانستدا بۆ پێراگەیاندنی پێویستەکانی گەشەکردن و خەملین بۆ کۆماری عێراق.

ه. تەرخانکردنی کورسییەك لە جامیعەی بەغدا بۆ گوتنەوەی زمانی کوردی و خوێندنی زمانی کوردی لە شوێنەکانی تری عێراق و دامەزراندنی کۆ ـ زمانێکی زانستی کوردی و زۆرکردنی کاتی بڵاوکردنەوە لە ئێستگەی بێتەلەکانی کۆماری عێراقەوە.

و. خوێندنی سەرەتاییکردن ـ بەزۆر بۆ نێر و مێ و کردنەوەی قوتابخانەی ئێواران بۆ کرێکار و جوتیار و ڕەنجدەرانی تر و زۆرکردنی کتێبخانەی گشتی و لابراتۆر (مختبر)ی زانستی و یانە و موحازەرەدان و (مناظرە) بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کولتوری لە نێو ڕۆڵەکانی گەلدا.

ز. گەشەپێکردنی وێژە و هونەری کورد و بەرزکردنەوەی ئاستیان بە تایبەتی و کەڵکوەرگرتن لە تواناکانیان بۆ خزمەتی گەلی عێراق بە گشتی و هاندانی چالاکی وێژەیی و هونەری و زیادکردنی (زەمالە) و میسیۆن بۆ قوتابییانی کورد لەگەڵ پێشچاوخستنی نیسبەتی ژمارەی کورد و زۆرکردنی شانۆ دروستکردن و ئاڵوگۆڕی وەفدی شانۆیی و موسیقی.

**مادەی (٢٠):**

تێکۆشان بۆ چەسپاندنی مادەی (١٩)ی دەستووری کاتی لە دەستووری هەمیشەییدا و جێبەجێکردنی بەرامبەر پەنابەرە سیاسییەکانی کورد و ئەو نیشتمانپەروەرانەی تر کە وا پەنا بۆ عێراق دەهێنن سەبارەت بە خەباتی نیشتمانییان و پێشکەشکردنی ئەو یارمەتییەی پێویستیان بێ لەلایەن کۆماری عێراقەوە.

**مادەی (٢١):**

تێکۆشان بۆ پشتیوانی برا کوردەکانمان لە هەر شوێنێك بن لەو خەباتەدا کە دەیکەن لە پێناوی تەواوکردنی ئازادی و مافە نەتەوایەتییەکانیاندا و دەستەبەریکردنی پشتیوانی کۆماری عێراق وێڕای یارمەتیدانیان لە ڕووی مادی و مەعنەوییەوە.

**مادەی (٢٢):**

تێکۆشان بۆ دەستەبەری مافی کولتوری و ئابوری و کۆمەڵایەتی بۆ هاونیشتمانەکان لە کەمایەتییە نەتەوەییەکان وەك برا ئاشووری و تورکمان و ئەرمەنی و ئەوانی ترمان ئەویش بە کردنەوەی قوتابخانەی تایبەتی و ژیاندنەوەی کولەپوری پێشکەوتووانەی نەتەوایەتییان و دەستەبەری وەکیەکی تەواویان لەگەڵ ڕۆڵەکانی هەر دوو نەتەوە ـ عەرەب و کورد لە هەموو ڕوویەکەوە.

**مادەی (٢٣):**

تێکۆشان بۆ ئەوەی کە جنسییەتی عێراقی بدرێ بە بـرا فـەیلی و گۆیـانی و ئۆمەرانییـەکانمان کـە وا زۆر لـە مـاوەی قـانونی پێویسـت زیـاترە عێراقیـان کـردووە بـە نیشـتمانی خۆیـان و ڕاستکردنەوەی قانونی جنسییەتی عێراقی بە چەشنێك کـە بـە یـەکجار ئـەم ئامانجـە بهێنێتـە دی.

# پەیڕەوی ناوەوە

## بەشی یەکەم

**مادەی یەکەم:**

پارتی دیموکراتی کوردستان پارتییەکی دیموکراتی پێشکەوتووانەیە لە یەکگرتنی بە ئارەزوی کەسانێکی دیموکرات و هاوئامانج پێك هاتووە کە وا پرۆگرامی پارتی قبوڵ دەکەن و لەسەر پێڕەوی ناوەوەی دەڕۆن و لە ڕیزەکانی پێشەوەی کۆمەڵانی خەڵکدا بەپێی تاکتیك و پیلان و ئامۆژگارییەکانی تێ دەکۆشن.

**مادەی دووەم:**

لە ئامانجەکانی پارتیمان پارێزگاریکردنی کۆماری عێراقە لەگەڵ پاراستنی شەقامە دیموکراتییەکەی و پشتگرتنی سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری و پتەوکردنی برایەتی عەرەب و کورد و گشت کەمایەتییەکان وێڕای پارێزگاری مافەکانی نەتەوەیی و کولتوری (الثقافي) کورد لە نێو یەکێتی عێراقیدا و تێکۆشان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری سیاسی پارتی لە ڕێگەی ئامادەکردنی کادرانی پیشەیی هۆشیارەوە.

## بەشی دووەم

## ئەندامی پارتی

**مادەی سێیەم:**

هەرکەسێ ئەم مەرجانەی (شرط) خوارەوەی تێدابێ، بە ئەندام دادەنرێ:

١. پرۆگرام و پێڕەوی ناوەوەی پارتی بە نوسین بسەلمێنێ و بەپێی بەندەکانی کار بکا.
٢. لە یەکێك لە شانەکانی پارتیدا کار بکا.
٣. مزەی ئەندامانەی بدات، بەو مەرجەی لەم نیسبەتانەی لای خواروو کەمتر نەبێ:

هەر ئەندام یا پاڵێوراوێك داهاتی مانگی تا ١٠ دینار بێ ١٪

هەر ئەندام یا پاڵێوراوێك داهاتی مانگی لە ١٠ پتر تا ٢٠ دینار بێ ٢٪

هەر ئەندام یا پاڵێوراوێك داهاتی مانگی لە ٢٠ پتر تا ٣٠ دینار بێ ٣٪

هەر ئەندام یا پاڵێوراوێك داهاتی مانگی لە ٣٠ پتر تا ٤٠ دینار بێ ٤٪

هەر ئەندام یا پاڵێوراوێك داهاتی مانگی لە ٤٠ پتر تا ٥٠ دینار بێ ٥٪

هەر ئەندام یا پاڵێوراوێك داهاتی مانگی لە ٥٠ پتر تا ٧٠ دینار بێ ٦٪

هەر ئەندام یا پاڵێوراوێك داهاتی مانگی لە ٧٠ پتر تا ١٠٠ دینار بێ ٧٪

ئەوەی لە ١٠٠ زیاتر بێت ٨٪ دەدا.

تێبینی (١): ئەو ئەندام و پاڵێوراوانەی ئابوونە دەدەن بە دامەزراوێك کەوا بە ڕەزای پارتی تێی چوون و ئەو ئەندامانەی چوار سەر خێزانیان بە ملەوەیە دەبەخشرێن لەوەندەی کە لە نیوەی ئەو نیسبەتانە تێپەڕ نەبێ بەو مەرجەی ئەوەی دەیدەن مانگێ لە پەنجا فلس کەمتر نەبێ.

تێبینی (٢): کە پاڵێوراو دەکرێ بە ئەندام مانگانەی مانگێك دەدا بە ناوی چوونەپارتییانەوە.

تێبینی (٣): لێژنەی ناوچە بۆی هەیە مزەی ئەندامانە بۆ ئەوانە دابنێ کە داهاتی دیار و دانراویان نییە، ئەم کارە، ئەندام بۆی هەیە ڕەخنەی لێ بگرێ لای لێژنەی لق کە وا بڕیاری ئەو یەکجارەکییە.

٤. تەمەنی لە (١٨) ساڵ کەمتر نەبێ.
٥. لانی کەمی هۆشیاری گشتی سیاسی و نیشتمانی هەبێ.
٦. لەناو خەڵکدا ڕەوشت و خو و ناوبانگی باش بێ.
٧. بێبەش نەکرابێ لە مافەکانی شارستانێتی.
٨. حوکم نەدرابێ بە تاوانێك کە شەرەفی کەل کا.
٩. ئەهلییەتی تەواو بێ.

**مادەی چوارەم:**

**بە ئەندام وەرناگیرێ لە پارتیدا هەرکەسێ:**

١. دوژمنایەتی ئاشتی و ڕزگاری و دیموکراتیایەتی بکا.
٢. نۆکەر بووبێ یا جاسوس یا ئەندام لە ڕێکخراوێکی کاولکاردا.
٣. بووبێ بە ئەندامی پارتی یا ڕێکخراوێکی تر بەبێ ڕەزامەندی پارتی.

**مادەی پێنجەم:**

**پێویستە لەسەر ئەندامی پارتی:**

١. تێ کۆشێ بە هەموو هێزی خۆی بۆ هێنانەدی ئامانج و بڕیار و ئامۆژگارییەکانی پارتی بەپێی پرۆگرام و پەیڕەو و پیلان و تاکتیکەکانی.
٢. بە هەموو هێزی یەکێتی پارتی بپارێزێ: یەکێتی بیر و کار و دیسیپلین (الضبط)ی پارتایەتی.
٣. نهێنییەکانی پارتی بپارێزێ بە هەموو نرخێك.

٤. هەمیشە هەوڵ بدات بۆ زۆرکردنی هۆش و کولتوری خۆی و بەرزکردنەوەی ئاستیان.
٥. بەپێی سەرەتای ڕەخنە و ڕەخنەلەخۆگرتن بجوڵێتەوە ڕاستی لە پارتی نەشارێتەوە، بچێ بەگژ باییبوون و مەستی سەرکەوتندا.
٦. پەیوەندی خۆی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵك توند کا و گوێ بداتە ئەو ڕەئی و داخوازییانەی پێشانی دەدەن و یارمەتییان بدا بۆ چارەکردنی گیروگرفتەکانیان خۆی یان لە ڕێگەی پارتییەوە و پارتی ئاگادار بکاتەوە لە ڕەئی و داخوازییەکانیان، هەروەها پێویستە لە سەری کە سیاسەت و باری سەرنجی پارتیش لە هەموو بابەتێکەوە بۆ ئەم خەڵکە بگێڕێتەوە و بۆیانی یەکلا بکاتەوە.
٧. پێویستە سەربەست و ڕاست و ڕاستبێژ و سەرفراز و ئازا و دڵسۆز بێ، تێ کۆشێ بۆ قازانجی کۆماری عێراق.
٨. ئاگاداری پارتی بکات لە کاتی بوونە مەئمور یا موستەخدمدا.

**مادەی شەشەم:**

ئەوانەی گەرەکیانە بێنە ڕێزی پارتیمان پێویستە لە سەریان کە بە ماوەی تاقیکردنەوە و پاڵاوتندا تێپەڕ کەن کە پێیان دەگوترێ پاڵێوراو.

١. پاڵێوراو ئەوەیە کە شەرتەکانی ئەندامێتی تیایە تەمەنی نابێ لە (١٨)ساڵ کەمتر بێ بە هەموو فەرمانێکی ئەندامێتی هەڵدەستێ بەڵام هێشتا ماوەی تاقیکردنەوەی نەبڕاندۆتەوە، جگە لە مافی هەڵبژاردن ـ واتە ئەوەی کە هەڵبژێرێ و هەڵبژێردرێ ـ هەموو مافێکی ئەندامێتی هەیە.
٢. ماوەی تاقیکردنەوە لەلایەن لێژنەی ناوچەوە دادەنرێ بەپێی زروف و چۆنێتی پاڵێوراوەکە.
٣. ماوەی پاڵاوتن نابێ لە شەش مانگ کەمتر بێ و بۆ کرێکار و جوتیاریش لە سێ (٣) مانگ.
٤. پاڵاوتن بۆ ئەندامێتی پارتی دوای پەسەندکردنی دەبێ لەلایەن دوو ئەندامەوە کە یەکێ شەش مانگ یا زیاتر بەسەر ئەندامێتییاندا تێپەڕ بووبێ و پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ پاڵێوراوەکە هەبێ. ئەو داخوازییەی پاڵێوراو لەسەر ئەنکێتی تایبەت پێشکەشی دەکا لە کۆبوونەوەی شانەدا باسی لێ دەکرێ.
٥. داخوازی هاتنە ناوی ئەوانەی ئەندامبوون لە پارتییە سیاسییەکانی تردا لەسەر موافەقەتی کۆمیتەی ناوەندی قبوڵ دەکرێ و هەرشتێك لە قبوڵکردنە بکەوێتەوە خۆی لێپرسراویەتی.
٦. کۆمیتەی ناوەندی لە داخوازی گەڕانەوەی ئەو ئەندامانە دەکۆڵێتەوە کەوا ماوەیەك پارتییان بەجێ هێشتووە و باسی گەڕانەوەیان بەلایەکدا دەخا.

**مادەی حەوتەم:**

**دەرکردنی ئەندامی پارتی:**

کۆمیتەی ناوەندی بۆی هەیە هەموو ئەندامێك دەرکا دوای ئەوەی لێژنەی سەرەوەی پشکنین ئەو داواکردنە پەسند دەکا کە لەم ڕووەوە لەلایەن لێژنەکانی خوارووی چاودێری و پشکنینەوە پێشکەش کراون، لێژنەی ناوچەش بۆی هەیە دوای لێکۆڵینەوەیەکی عادیلانە لەلایەن لێژنەی چاودێری و پشکنینەوە هەموو پاڵێوراوێك دەر بکا و هەموو ئەندامێکیش لە پرسینەوە ڕووت کاتەوە، هاتو یەکێك لەم ئاکارانەی لای خوارووی کرد :

١. درکاندنی نهێنی پارتی.
٢. لێککردنەوەی یەکێتی پارتی یا دەستپێکردنی یان خڕکردنەوە دژی ئەو یەکێتییە.
٣. بەکارهێنانی پارتی بۆ دەستکەوتی خۆی یا هی یەکێکی دی.
٤. تێکدانی دیسیپلینی پارتی بۆ دووەمجار پاش ئاگادارکردن.
٥. سووربوون لەسەر لادان لە ڕێبازی پارتی و لەسەر کارکردن دژی ئامانج و ئایدیۆلۆجی (بیروباوەڕی) پارتی.
٦. ئەگەر چووە پارتی یا ڕێکخراوێکی کەوە بەبێ ڕەزای پارتی.
٧. ئەگەر لەسەریەك لە سێ کۆبوونەوەدا نەهات بەبێ بیانوویەکی بەجێ.
٨. ئەگەر سێ مانگ لەسەریەك مانگانەی نەدا بەبێ بەهانەیەکی بەجێ.
٩. ئەگەر یەکێك لە مەرجەکانی ئەندامێتی بزر کرد.

**مادەی هەشتەم:**

**هەموو ئەندامێك ئەم مافانەی خوارەوەی هەیە:**

١. ئاراستەکردنی ڕەخنە و پرسیار و پێشنیاز بەپێی پێڕەوی ناوەوە.
٢. هەڵبژاردن و هەڵبژێردران بۆ هەموو دەزگایەکی پارتی بەپێی پێڕەوی ناوەوە.
٣. داوای یارمەتیکردن لە پارتی لە ناچاریدا.
٤. بۆی هەیە شکات (سکاڵا) پێشکەش بکا بەپێی ئەم پێڕەوە.
٥. پێویستە لەسەر پارتی سەیری یارمەتیدانی ئەندامە لێقەوماوەکانی بکات لە کاتێکدا کە زۆر ئیحتیاج دەبن.

## بەشی سێیەم

## بینای پارتی و ئەو سەرەتایانەی لە سەری دامەزراوە

**مادەی نۆیەم:**

بینای پارتی لە نزمییەوە دەچێ بۆ بەرزی، ئەندام، شانە، لێژنەی ڕێکخراو، لێژنەی ناوچە، لێژنەی لق، کۆمیتەی ناوەندی، کۆنفرانس و کۆنگرێس (واتە موئتەمەری گشتی).

**مادەی دەیەم:**

**پارتی لەسەر ئەم سەرەتای ڕێکخستنانەی لای خواروو دامەزراوە:**

١. ناوەندێتی دیموکراتی.
٢. دروستکردنی لێژنەکانی لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە بە دەنگدانی نهێنی.
٣. دیسیپلینی پارتایەتی هەموو ئەندامێك دەگرێتەوە و گشتیان وەك یەکن لە ماف و فەرماندا (حقوق و واجبات).
٤. هەموو دەزگایەکی پارتی ڕاپۆری دەوری لە سەر چالاکی خۆی دەداتە ڕێکخراوی سەرووی.
٥. ئەو مەسەلانەی پێویستیان بە بڕیاری دەزگای سەروو هەیە، دەزگاکانی خواروو لە کاتی خۆیدا دەیانخەنە بەر دەمی ڕەئی و ئاراستەکردنی لێ داوا دەکەن.
٦. دەزگاکانی پارتی لە گشت پلەیەکیاندا پەیڕەوی سەرەتای سەرکردەیی کۆمەڵی دەکەن کە وا لێپرسینەوەی فەردیش لا نابا و دەبێ باسکردن و چارەکردنی هەموو مەسەلەیەکی گشتی بە جۆرێکی کۆمەڵی پێك بێت لەگەڵ ڕێگەدان بە هەر ئەندامێك کە دەستپێشکەری خۆی بنوێنێ و بەو دەورە هەڵسێ کە هی خۆیەتی و دەزگاکانی پارتی لە گشت پلەیاندا هەموو مەسەلەیەك بە زۆربەیی دەنگ دەبڕنەوە و کەمیەتی بۆ زۆریەتی و دەزگای خواروو بۆ سەروو سەر دادەنەوێنێ.

**مادەی یانزەیەم:**

هەر مەسەلەیەك کەوا پەیوەندی بە سیاسەتی پارتییەوە هەبێ لە کۆبوونەوەکانی دەزگاکانی خوارووی پارتیدا بە ئاشکرا دەخرێتە کۆڕی باسکردنەوە بۆیان هەیە لەم بابەتەوە پێشنیاز پێشکەش بکەن بە سەرکردەیی بەڵام پاش بڕیاردان لەلایەن سەرکردەییەوە پێویستە لەسەر دەزگاکانی خواروو جێبەجێ بکەن و کە دەزگایەکی خواروو دێ بڕیاری پارتی لەگەڵ زروفی ئەو ناوچەیە ناگونجێ کە خۆی ئیشی تیا دەکا دەبێ داوای ڕاستکردنەوەی بکا و هاتو دەزگای سەروو لەسەر بڕیاری خۆی سوور بوو جێبەجێکردنی بەبێ هیچ شەرتێك پێویستە.

## بەشی چوارەم

## ڕێکخراوەکانی حزب - ئەرك و دەسەڵاتیان

**مادەی دوانزەیەم:**

أ. شانە:

ڕێکخراوی بناغەیی پارتی و بنکە جەماهیرییەکەیەتی و سەرچاوەی ڕەوایی و هی ئەو دەسەڵاتانەیە کە دەدرێ بە دەزگاکانی سەروو بەپێی ڕێکخستنی ئێستا لە (٣ ـ ٢١) پێك دێ کە یەکێکیان ڕێکخەرە یا لێژنەی ڕێکخراو دایدەنێ یا لێژنەی ناوچە.

ب. دەسەڵات و فەرمانی شانە :

١. تێ دەکوشێ بەپێی سیاسەت و پیلان و پڕۆگرامی پارتی بۆ جێبەجێکردنی ئامانج و ئەو فەرمان و کار و تەعلیماتەی پارتی بۆی دادەنێ.

٢. سەرپەرشتی ئەندامەکانی دەکا و لە جێبەجێکردنی فەرمان و بەکارهێنانی مافەکانیاندا سەرکردەیی و چاودێرییان دەکا.

٣. لای کەمی هەفتەی جارێك کۆ دەبێتەوە بە سەرۆکایەتی ڕێکخەر یا یاریدەدەرەکەی کە وا لەلایەن شانەوە هەڵدەبژێردرێ.

٤. فەرمان دابەش دەکا بەسەر ئەندامەکانیدا و لەو کارانەیان دەپرسێتەوە کە هەفتەی پێشوو بۆیان دانرابوو.

٥. پڕۆپاگەندە دەکات بۆ پارتی و سەرەتاکانی و چاپکراوەکانی بڵاو دەکاتەوە لە دەور و پشتی خۆیدا.

٦. شانەکانی پاڵێوراوان و یاریدەدەران و کولتوری پارتایەتی فێرکردنیان سەرپەرشتی دەکات، چاودێری کار و فێری فەرمان جێبەجێکردنیان دەکا.

٧. ئەندامانە لە ئەندام و پاڵێوران و پیتاك لە یاریدەدەران و نرخی چاپەمەنییەکان کۆ دەکاتەوە.

٨. ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی پارتی دەخوێنێ و بە سەربەستی لێیان دەکۆڵێتەوە و ڕەئییەك هەبێ لە سەریان دەینێرێت بۆ دەزگاکانی سەرەوە.

٩. تێ دەکۆشێ بۆ زۆرکردنی هۆشیاریی گشتی سیاسی و نەزەری پارتایەتی لە نێو ئەندام و پاڵێوراو و یاریدەدەراندا.

١٠. لە ئەنکێتی پاڵاوتن دەکۆڵێتەوە و داوای ئەندامێتی دەکا بۆ پاڵێوراوان لە دەزگاکانی سەروو.

١١. نووسراو و وتاری ئەندامان و دەنگوباس و مەعلوماتی پێویست دەنێرێت بۆ لێژنەکانی سەرەوەی خۆی.

١٢. ڕاپۆرتێکی مانگی دەنێرێ بۆ لێژنەی ڕێکخراو یان لێژنەی ناوچە لەسەر چالاکی و کاری خۆی و چی بەجێ هێنا و چی بەجێ نەهێناوە.

١٣. سەرپەرشتی جوڵانەوەی خەڵکی ناوچەکە دەکات بەپێی تاکتیکی پارتی و توندترین پەیوەندی لەگەڵ خەڵك دروست دەکات بۆ ئەوەی داخوازییەکانی بزانێ و بیانگەیەنێتە پارتی.
١٤. گشت ئەندامەکانی لێپرسراوی هەڵسوڕاندنی کاروباری شانەن.
١٥. ڕێوشوێن دادەنێ بۆ پەیوەندیکردن و ڕاگرتنی پەیوەندی لە نێوان ئەندامەکانی شانەکەدا لەلایەکەوە و لە نێوان و شانە و ڕێکخراوەکانی سەرووەدا لەلایەکی کەوە.

**مادەی سیانزەیەم:**

١. **ڕێکخراو:** لێژنەی ناوچە بۆی هەیە لەسەر ڕەزای لێژنەی لق، ڕێکخراوانی پارتایەتی دابمەزرێنێ لەو شوێنانەدا کە وا لە شانەیی زیاتریان تێدا هەیە و گرانە ئەندامەکانی ڕاستەوخۆ ببەستێ بە لێژنەی ناوچەکەیەوە و لەبەر کەمی ژمارەی ئەندام یا بچووکی هەرێمەکە یا تازەیی ئەندامەکانی هەڵیش ناگرێ کە لێژنەی ناوچەی تایبەتییان بۆ دابمەزرێنێ.
٢. لێژنەی ڕێکخراو هەموو ئەو فەرمان و دەسەڵاتانەی هەیە کە دراوە بە لێژنەی ناوچە جگە لەو بەشەی کە تەرخان کراوە بۆ بڕیاردان لەسەر داخوازی هاتنەناو پارتی لە بڕگەی (٥) و بڕگەکانی (٩، ١٠ و ١١) لە بەندی (د)ی مادەی (١٤) لە پێڕەوی ناوەوە.

**مادەی چواردەیەم:**

أ. **لێژنەی ناوچە**

نوێنەری پارتی و سەرپەرشتیکەری ئاراستەکردنی ئەندامانە لەو ناوچەیەدا کە کۆمیتەی ناوەندی بۆی دیاری دەکا و ڕاستەوخۆ ئەوە لێپرسراوی چالاکی و هەڵسوڕاندنی کاروباری پارتی و بەجێهێنانی سەرەتاکانی و جێبەجێکردنی تەعلیمات و بڕیارەکانی لە ئەو ناوچە دیاریکراوەدا؟ ئەندامەکانی لێژنەی ناوچە لە ڕێگەی کۆنفرانسێکی ناوچەییەوە لەلایەن ئەندامانی پارتی مەیدانی چالاکی لێژنەکەوە هەڵدەبژێردرێن لە ڕێگەی پاڵاوتنەوە و ژمارەشیان لە (٣ ـ ١١) ئەندام پێکدێت.

**ب. شەرتەکانی ئەندامێتی لێژنەی ناوچە:**

١. ئەوی پاکانەی کردبێت لەسەر ڕەزای مەکتەبی سیاسی نەبێت نابێ بە ئەندامی لێژنەی ناوچە.
٢. پێویستە ئامادەبێ بۆ کادرێتی پیشەیی بەپێی ئەو مەرجانەی کۆمیتەی ناوەندی بۆی دادەنێ لەگەڵ ئامادەکردنی لانی هەرەکەمی بەجێ بۆ ژیاندنی بەپێی حاڵ.
٣. پێویستە ئەندامی لێژنەی ناوچە خوێندن و نوسین شارەزا بێت مەگەر ئەم شەرتە لە جێبەجێکردن نەیەت و دەبێ خاوەنی ئەندازەیەکی باش و هۆش و تێگەیشتنی

سیاسیشی بێ.

**ج. فەرمان و دەسەڵاتی:**

١. بەڕێوەبردن و ئاراستەکردن و هاندانی ئەندام و شانە و ڕێکخراوەکان لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانیاندا بەپێی پرۆگرام و پەیرەوی ناوەوە و تەعلیمات و بڕیارەکانی پارتی.

٢. هەڵبژاردنی لێپرسراوی لێژنە و دوو یاریدەدەری کەوا لێژنەی کارگێڕیان لێ پێك دێت فەرمانیان بەڕێوەبردن و ڕێکخستن و سەرکردەییکردنی لێژنەی ناوچەیە، دەبێ هیچ نەبێ یەکێ لە ئەندامەکانی لێژنەی ناوچەی کادری پیشەیی بێ.

٣. کۆمیتەی ناوەندی موافەقەت لەسەر هەڵبژاردنی لێپرسراوی لێژنەی ناوچە دەکات و بۆشی هەیە کە تاقە یەکجار ناڕەزایی پێشان بدا لەگەڵ دەرخستنی هۆیەکانی، بەڵام ئەگەر لێژنەی ناوچە هەر سوور بوو لەسەر ڕەئیی پێشووی خۆی ئەوا ئەو ڕەئییە دەخوا.

٤. لێژنەی ناوچە دەبێ لای کەمی پانزە ڕۆژ جارێك کۆ ببێتەوە بۆ قسەکردن لەو بڕیارانەی جێبەجێ کراون و بۆ پرسینەوەی کاری پارتایەتی ئەندام و شانە و ڕێکخراوەکان.

٥. بڕیاری یەکجارەکی دەدات لەسەر داخوازییەکانی ئەندامێتی و وەڵامی پرسیار و ڕەخنە و پێشنیاز و نووسراوی ئەندام و شانە و ڕێکخراوەکان دەداتەوە.

٦. تێ دەکۆشێ لە پێناوی پەرەپێدانی بزووتنەوەی کرێکاران و جوتیاران و قوتابیان و پیشەکاران و لاوان و ئافرەتان و ئاشتیخوازاندا.

٧. هەڵسان بە کۆکردنەوەی ئەندامانە و پیتاك و نرخی چاپەمەنییەکانی پارتی و ناردنی بۆ لێژنەکانی سەرووی خۆی.

٨. هاوبەشیکردنێکی بەکار لە هەموو چەشنە خەباتێکی ناوچەکەیدا.

٩. بۆی هەیە بەیاننامە دەربکات تەنیا لەسەر ڕووداوەکانی ناوچەکە، هەروەها تەعلیماتی تایبەتیش لەبەر تیشکی سیاسەتی گشتی پارتی.

١٠. دانی سزای، سەرنجراکێشان و ئاگادارکردن و فەسڵی کاتی کە ماوەی لە شەش مانگ زیاتر نەبێ ئەویش بە دووسێیەکی دەنگی ئەندامانی لێژنەی ناوچە.

١١. هەڵبژاردنی نوێنەری خۆی بۆ لێژنەی لق و کۆنفرانس.

١٢. بۆ فراوانکردنی کاری پارتایەتی و چوونەناو خەڵکەوە بۆی هەیە بەپێی پێویست لێژنەی پیشەیی دروست بکات و دەسەڵات و فەرمانیش بۆ هەریەکیان دیاری بکات.

١٣. ئامادەکردنی شوێن و دانانی کات و بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکان و گرتنی تۆمار و ڕێکخستنی ڕاپۆرتی مانگانە و وەڵامدانەوەی پرسیاری دەزگاکانی سەروو و ڕاگرتنی حیسابات.

١٤. لێپرسراوی لێژنە، ڕاستەوخۆ بەرامبەر بە لێژنەی سەرووی خۆی مەسئوولە.
١٥. دانانی ڕێوشوێن بۆ ڕاگرتنی پەیوەندی لە نێوان گشت شانەکانی ناوچەکەدا لە هەموو زروف و حاڵێکدا.

**مادەی پانزەیەم:**

**لێژنەی لق**

لەو هەرێمەدا کە کۆمیتەی ناوەندی دیاری دەکات، لێژنەی لق پێك دێت لە (٧ـ١١) ئەندام کە وا لەلایەن ئەندامانی لێژنەی ناوچە هەڵدەبژێردرێن بەو نیسبەتەی کۆمیتەی ناوەندی دایدەنێ.

فەرمان و دەسەڵاتی خۆی دەگرێتە دەست لەو سنوورەدا کە بۆی کێشراوە، بەو ناوەوە کە دەزگای سەرووی هەرێمەکەیە بەرامبەر بە لێژنەی ناوچەکان ئەو دەسەڵاتانەی هەیە کە ئەمان هەیانە بەرامبەر بە شانەکان و بە پێودانگی هەرێم ئەو فەرمانەشی لەسەر کە لە ئەستۆی لێژنەی ناوچەکاندان، سیان لە ئەندامەکانی خۆی هەڵدەبژێرێ بە لێژنەی (کارگێڕ) کە یەکێکیان لێپرسراوی یەکەمە. لێژنەی کارگێڕ دەسەڵاتەکانی لێژنەی لق بەکار دێنێ لە ماوەی دوو کۆبوونەوە. لێژنەی لق بۆی هەیە گۆڤاری تایبەتی خۆی دەرکا لە دوای پەسندکردنی کۆمیتەی ناوەندی و لەبەر ڕۆشنایی سیاسەتی بڕیارلەسەردراوی پارتی، پێویستە لەسەر لێژنەی لق کە لای کەمی هەر دوو مانگ جارێك کۆ ببێتەوە.

**مادەی شانزەیەم:**

أ. **کۆمیتەی ناوەندی:** دوای کۆنگرێس بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێکەر دەنوێنێ لە پارتیدا، سەرپەرشتیی چالاکی هەموو ڕێکخراوەکانی سیاسی و ڕێکخستنی پارتی دەکا، و سەرکردەییان دەکات لە خەباتدا بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی پارتی بە پێی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوەوە لە ماوەی نێوانی دوو کۆنگرێسدا.
ب. کۆمیتەی ناوەندی لە (٩ بۆ ١٩) ئەندام پێك دێ لەگەڵ چەند ئەندامێکی جێگر کە ژمارەیان لە (٥ بۆ ٩) ئەندامە لەلایەن کۆنگرێسەوە هەڵدەبژێردرێن بەو شەرتەی هەڵبژاردنیان لە ڕێگەی پاڵاوتنەوە بێ.
ج. ئەگەر ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی پێی نەکرا بە فەرمانی خۆی هەڵسێ لە جێگرەکانی کامیان لە هەڵبژاردنی کۆنگرێسدا دەنگی زیاتر وەرگرتبوو ئەوەیان دەچێتە جێگەی.
د. شەرتەکانی ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندی و جێگر:
   ١. تەمەنی لە (٢٥) ساڵ کەمتر نەبێ.
   ٢. لای کەمی سێ ساڵ تێپەڕی بێ بەسەر هاتنەناو پارتیدا.
   ٣. خاوەنی ڕابردوویەکی سەربەرزانە بێ لە خەباتدا.

٤. لەوانە نەبێ کە پاکانەیان کردووە.
٥. ئامادە بێ کە ببێ بە کادری پیشەیی بەپێی ئەو شەرتانەی کۆمیتەی ناوەندی بۆی دادەنێ، هەر کاتێ داوای لێ کرا لەگەڵ تەئمینی لایەنی هەرەکەمی بەجێ بۆ ژیاندنی بەپێی حاڵ.

ﻫ. ئەگەر یەکێ لە ئەندامەکانی کۆمیتەی ناوەندی دیار نەما، کێ لە جێگرەکان لە هەڵبژاردنی کۆنگرێسدا دەنگی زۆرتر وەرگرتبێ جێگەی دەگرێتەوە مەگەر بە زۆری دووسێیەکی دەنگی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی یەکێکی تر هەڵبژێردرێ.

و. لەکاتی گیران و بزربوون و دەربەدەری ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندیدا سەبارەت بە خەبات و کاری پارتایەتی ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی لەسەری لاناچێ.

**مادەی هەڤدەیەم:**

**فەرمان و دەسەڵاتەکانی کۆمیتەی ناوەندی ئەم کارانەی خوارەوە دەگرێتەوە:**

١. هەڵبژاردنی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و چوار ئەندام کە مەکتەبی سیاسییان لێ پێك دێ.
٢. تێکۆشان بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی نزیك و دووری پارتی و دانانی پلان و تاکتیکی پێویست و دیارکردنی سیاسەتی پارتی بەرامبەر بە گشت ڕووداوێك.
٣. چاودێری و سەرپەرشتیکردنی پێڕەوەی ناوەوە و پڕۆگرامی پارتی و بڕیارەکانی کۆنفڕانس و کۆنگرێس.
٤. پاراستنی ئامانج و سەرەتا شۆڕشگێڕییەکانی پارتی لە پەلاماردان و پاراستنی یەکێتی پارتی (یەکێتی بیر و کار و هەڵسوڕاندن و دیسیپلین) و پاراستنی نهێنییەکانی پارتی.
٥. پارێزگاریکردنی دارایی پارتی و پەرەپێدانی ڕێکخستنی داهات و مەسرەف بە چەشنێك کە پارە بە فیڕۆ و سەرفکردن پەك خا.
٦. دیاریکردنی هەڵوێستی پارتی بەرامبەر بە پارتییەکان و ڕێکخراوەکان و دەزگاکان و بەرە نیشتمانییەکان لەبەر تیشکی پڕۆگرام و بڕیارەکانی کۆنفڕانس و کۆنگرێس.
٧. دەربڕینی هەڵوێستی پارتی بەرامبەر بە هەموو ڕووداوێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و بزووتنەوەی کرێکاری و جوتیاری و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی و باری دەوڵەتان.
٨. دانانی هەموو تاکتیك و کێشانی هەموو پلانێك بۆ بەهێزکردنی چالاکی پارتی لە هەموو مەیدانێکدا.
٩. پێگەیاندن و ئامادەکردنی کادرانی پیشەیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنی نەزەری و سیاسییان و ئەندامان و خەڵك فێرکردنی خەباتی شۆڕشگێڕانە و مەشق پێکردنیان بەو ئیعتیبارەی کە ئەمە لە سەرەك فەرمانەکانیەتی.
١٠. بڵاوکردنەوەی وریایی و هۆش بە گشتی لەنێو کرێکار و جوتیار و ڕەنجدەرانی خەڵکی

کوردستان بەپێی پڕۆگرام و پێڕەوەی ناوەوەی پارتی.
١١. ئامادەکردنی ئامرازی چاپکردن و بڵاوکردنی ڕۆژنامەی ناوەندی و بەیاننامە و نامیلکەی کولتوری و دانانی دەستەی نوسەرانی ڕۆژنامەی ناوەندی و سەرپەرشتیکردنی.
١٢. وەڵامدانەوەی ڕەخنە و پێشنیاز و پرسیار و شکاتەکانی ئەندامان و هەوڵدان بۆ چارەکردنی گیروگرفتەکانیان.
١٣. هەڵسان بە هەموو فەرمانێکی سەرکردەیی لە مەیدانی سیاسی و ڕێکخستندا و سەرکردەییکردنی پارتی لەو ماوەیەدا کە دەکەوێتە نێوانی دوو کۆنگرێس.
١٤. دیاریکردنی کات و شوێنی کۆنفرانس و کۆنگرێس و بانگکردنیان بۆ کۆبوونەوە بە دەوری لەگەڵ دانانی نیسبەی نواندن تیایاندا.
١٥. هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ڕاستەوخۆ چ بە تاکی و چ بە گردی مەسئوولن بەرامبەر بە کۆنگرێس لە ڕووی ئەو کارانەوە کردوویانە یا لەسەر ئەو پلان و سیاسەتانەی جێبەجێیان کردووە.
١٦. ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی گشتی بۆ کۆنگرێس و ئەگەر پێویست بوو بۆ کۆنفرانسیش.
١٧. حەقی لەغوکردنی بڕیاری لێژنەکانی خوارووی هەیە لەگەڵ پیشاندانی هۆ.
١٨. بڕیار دەدات لەسەر دروستکردنی لێژنەی تازەی ناوچە و لق و ڕێکخراوی تایبەتی.
١٩. کۆنفرانس و کۆنگرێس بۆ کۆبوونەوەی [نا]ئاسایی (استثنائی) بانگ دەکات لەسەر:
أ. داواکردنی زۆربەی ئەندامانی پارتی بەهۆی ڕێکخراوەکانیانەوە.
ب. داواکردنی دووسێیەکی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی.
ج. داواکردنی دووسێیەکی ئەندامەکانی پلنیۆم.
٢٠. بڕیارەکانی پێویستە لەلایەن گشت ڕێکخراوەکانی پارتییەوە جێبەجێ بکرێن، کۆنفرانس و کۆنگرێس دەتوانن ئەو بڕیارانە لەغو بکەن.
٢١. لە مەکتەبی سیاسی دەتوێژێتەوە و فەرمان و تاکتیکی پێویستی بۆ دادەنێ.
٢٢. کۆمیتەی ناوەندی بۆی هەیە هەموو ئەو کردارانە بکات کە پاکردنەوەی پارتی دەیانکا بە پێویست بە شەرتەی کە پێشەکی لەلایەن لێژنەی سەرەوەی چاودێری و پشکنینەوە لێکۆڵینەوەیەك بەجێ بهێنرێ، ئەوەی ئەم کردارانەی دەیگرێتەوە دەتوانێ لای پلنیۆم گازەندەی لە دژ پێشکەش بکات.
٢٣. پێویستە لەسەر کۆمیتەی ناوەندی یاریدەری خۆی بنێرێ یا کادیرانی پیشەیی بگوێزێتەوە بۆ لق و لێژنەی ناوچەکان بۆ بەهێزکردنی ڕێکخستن و پەرەپێدانی هۆشیاری و بەجێهێنانی کاروبارەکەی پارتی بە جۆرێك کە لە ناوەندی هەر لقێکدا لای کەمی ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی کادیری پیشەیی هەمیشەیی هەبێت و لێپرسراوی یەکەمی لق بێ.
٢٤. ئەگەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی سنێکی ئەوتۆی کرد کە بهێنێ لەسەر دەرکرێ لە پارتی، کۆمیتەی ناوەندی بۆی هەیە بە دووسێیەکی دەنگ لێپرسینەوە ڕووتی کاتەوە و

پێشکەشی پلنیۆمی کا بۆ سزادانی بەپێی پێویست.

٢٥. کۆمیتەی ناوەندی بۆی هەیە ئەندامانی لێژنەی ناوچە لێ بخا لەسەر داواکردنی دووسێیەکی ئەندامانی لێژنەی ناوچەکە بە مەرجێك ژمارەی لێخراوەکان لە ژمارەی جێگرەکانی لێژنە زیاتر نەبێ، ئەگینا پێویستە کۆنفرانسی ناوچەیی کۆ ببێتەوە بۆ هەڵبژاردنەوەی ئەندامانی لێژنەی ناوچە.

**مادەی هەژدەیەم:**

أ. کۆمیتەی ناوەندی هەر دوو مانگ جارێك لە خۆیەوە و لەسەر یەك کۆ دەبێتەوە.

ب. پلنیۆم کە لە کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی لێژنەی سەرەوەی چاودێری و پشکنین و جێگرەکانی کۆمیتەی ناوەندی پێك دێت لای کەمی هەر بە چوار مانگ جارێك کۆ دەبێتەوە بۆ توێژینەوەی کار و چالاکی سەرکردانە لەگەڵ دانانی تاکتیکی پێویست بۆ ماوەی هاتوو، پلنیۆم بۆی هەیە بە سێچواریەکی دەنگی ئەندامانی هاتووی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ببورێ لە فەرمانەکانی خۆی، ئەگەر کەموکورتی و کەمتەرخەمی لێ دیاری دا لە بەجێهێنانی فەرمانەکانی ئەستۆیدا پاش دوو جار ئاگادارکردنیش لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە.

ج. پلنیۆمی فراوان لە سەر داواکردنی پلنیۆمی ئاسایی کۆ دەبێتەوە، لە پلنیۆم و لێپرساوی لێژنەی لقەکان و ئەو ئەندامانە پێك دێت کە کۆمیتەی ناوەندی لە نێو ئەندامانی لێژنەی کارگێڕەکاندا هەڵیدەبژێرێ.

**مادەی نۆزدەیەم:**

١. مەکتەبی سیاسیی پارتی لە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و چوار ئەندام پێك دێت کەوا کۆمیتەی ناوەندی لە نێو ئەندامەکانیان هەڵیدەبژێرێ.

٢. مەکتەبی سیاسی تەنیا بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندی جێبەجێ دەکا لە نێوانی دوو کۆبوونەوەدا و ئەگەر شتێکی وا ڕووی دا کە پێویست بە گۆڕینێك بکات لە سیاسەتە بڕیارلەسەردراوەکەدا، دەمودەست کۆمیتەی ناوەندی بانگ دەکات بۆ کۆبوونەوە.

٣. هەموو ئەندامی مەکتەبی سیاسی کادری پیشەیی دەبن لە پارتیدا.

## بەشی پێنجەم

## دەستەی چاودێری و پشکنین

**مادەی بیستەم:**

لە کۆنگرێس یا کۆنفرانسدا لێژنەیەك هەڵدەبژێردرێ ژمارەی ئەندامەکانی لە (٣ـ٧) بێ و

دوو ئەندامی جێگریش، لە ناو خۆیاندا لێپرسراوی یەکەم هەڵدەبژێرن، ئەم لێژنەیە پێ دەگوترێ "لێژنەی سەرەوەی چاودێری و پشکنینی پارتی" و مەسئوول دەبێ بەرامبەر بە کۆنگرێس و هەروەها لە مەیدانی کاری لێژنەی ناوچەییەکانیشدا بەهۆی کۆنفرانسی ناوچەییەوە لێژنەی وەك ئەمە هەڵدەبژێردرێ، یەکێ لە (٣ بۆ ٥) ئەندام پێك دێن.

**مادەی بیست و یەکەم:**

**فەرمان و دەسەڵاتەکانی لێژنەی سەرەوەی چاودێری و پشکنین ئەمانەن:**

١. لێوردبوونەوەی مالییەی پارتی و جۆری سەرفکردن و داهات.
٢. چاودێری جێبەجێکردنی پرۆگرام و پێڕەوەی ناوەوە و بڕیاری لێژنەکان، جگە لە کۆمیتەی ناوەندی و پێشکەشکردنی ڕاپۆرت لە بارەیانەوە بۆ کۆمیتەی ناوەندی.
٣. کۆڵینەوە لە شکاتەکانی ئەندامان (خۆییانە بێ یا پارتییانە) و پێشکەشکردنی ڕاپۆرت لەم بابەتەوە بۆ لێژنەی تایبەتی خۆی.
٤. توێژانەوە لەو ڕاپۆرتانەی بۆی دێ لە بارەی کەموکورتی ئەندام و ڕێکخراوەکان و موخالفەکانیانەوە و ڕاسپێری پێویست پێشکەشکردن بە لێژنەی تایبەتی لەگەڵ ڕەئی خۆی بۆ ئاگاداربوون و بەجێهێنانی ئەوەی پێویست بێ.
٥. پێویستە لەسەر کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی وێنەی بڕیار و فەرمان و تەعلیمات و ئەو شتانەی تری کەوا پەیوەندی بە کاروباری ڕێکخستن و پشکنینەوە هەیە بدات بە لێژنەی سەرەوەی چاودێری و پشکنین، هەروەها گەرەکە لێژنەی ناوچەکانیش بەم فەرمانە هەڵسن بەرامبەر بە ڕێکخراوەکانی چاودێری و پشکنینی ناوچەکانیان.
٦. لێژنەی سەرەوەی چاودێری و پشکنین بۆی هەیە گشت یا هەندێ لە دەسەڵاتەکانی خۆی لە بابەتی چاودێری و پشکنینی لێژنەی ناوچەکانەوە بدا بە لێژنەکانی ژێردەستی، هەروەها دەتوانێ ئەم دەسەڵاتانەی بدا بە ئەندامەکانیشی، ئەوەندەی پەیوەندی بە چاودێری و پشکنینی لێژنە ناوچەکانەوە هەیە.
٧. پێویستە لەسەر کۆمیتەی ناوەندی کە پارەی پێویست بدات بە لێژنەی سەرەوەی چاودێری و پشکنین تاوەکو بتوانێ بە فەرمانەکانی خۆی هەستێ.
٨. هاتو ناڕێکییەك کەوتە نێوان لێژنەی سەرەوەی چاودێری و پشکنین و کۆمیتەی ناوەندییەوە، یەکێکیان باسەکە دەخاتە بەردەمی پلنیۆم و ئەگەر کەموکورتییەك لەوانە بوو کە ئەندامانیانی لە سەر فەسڵ بکرێ ئەوا پێویستە لەسەر پلنیۆم کە کۆنفرانس بانگ کا بۆ لابەلاکردنی ناڕێکییەکە.

**مادەی بیست و دووەم:**

**لێژنەی سەرەوەی چاودێری و پشکنین بۆی هەیە لەکاتی هەڵسانیدا بە فەرمانی خۆی ڕاسپێری بکا بۆ ئەم سزایانەی لای خوارەوە:**

أ. **بەرامبەر بە ئەندامان:**

١. سەرنجڕاکێشانی نووسراو یا بەزار.
٢. ئاگادارکردنی تاکە یا بە گردی.
٣. ڕووتکردنەوە لە دەسەڵاتی پرسینەوە.
٤. فەسڵکردنی کاتیی لە پارتی.

**ب. بەرامبەر دەزگا و ڕێکخراوانی پارتی:**

١. سەرنجڕاکێشان و ئاگادارکردن.
٢. هەڵوەشاندنەوەی لێژنە و دانانی لێژنەیەکی کاتیی تاکو هەڵبژاردن پێك دێت.
٣. هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوەکە و دابەشکردنی ئەندامەکانی بەسەر لێژنەکانی کەی پارتیدا.

**مادەی بیست و سێیەم:**

**سەرۆکی پارتی**

سەرۆکی پارتی و کۆمیتەی ناوەندییە، بۆی هەیە ئامۆژگاری و ڕێپێشاندەری کۆمیتەی ناوەندی یا مەکتەبی سیاسی یا پلینیۆم بکا. بە سەرۆکایەتی ئەو کۆمیتەی ناوەندی و پلنیۆم و کۆنفرانس و کۆنگرێس دەگیرێن. حەقی حازربوونی کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی هەیە و لە کاتی وەکیەکی دەنگدا، ئەو لایەی سەرۆکی لەگەڵ بێت بە زۆربە دادەنرێ.

**مادەی بیست و چوارەم:**

**سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی**

بە یەکێتی لەگەڵ ئەندامەکانی کەی مەکتەبی سیاسی لێپرسراوی کاروباری بەڕێوەبردنی پارتییە.

هەموو نامەنووسییەکی پارتایەتی و ئاراستەکردنێك بە ئیمزای ئەو یا ئیمزای یەکێك لە دوو یاریدەدەرە تایبەتییە لێپرسراوەکەی دەبێ. لە سەریەتی کە ئاگاداری هەموو کاروبارێکی سیاسی و ڕێکخستنی و چالاکی پارتی بێ و لە سەریەتی کە ڕاپۆرتێکی گشتی پێشکەش بە کۆنگرێس یا کۆنفرانس یا پلینۆم بکات، بەڵام ڕاپۆرتی درێژ لەسەر هەموو بابەتە کاروبارێکی پارتی دەکەوێتە ئەستۆی مەکتەبی سیاسی، هەر یەکەیان بەپێی کاری تایبەتی خۆی. سکرتێر لێپرسراوی ئەوەیە کە مەکتەبی سیاسی ئاگادار بکات لە هەموو کاروبار و بڕیارێکی پارتی و

پاش وەرگرتنی ڕەئییان بڕیارەکان بە ڕێکخراوەکان ڕادەگەیەنێ و لەگەڵ ئەوەشدا کە سکرتێر لێپرسینەوەیەکی گرنگی هەیە بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە بە تەنیا دەتوانێ بڕیار بدات بگرە پێویستە کە هەموو بڕیارێك بە کۆمەڵی وەربگیرێت. پێویستە لەسەر مەکتەبی سیاسی کە ڕێوشوێن دابنێ بۆ لەسەر ڕۆیشتنی چالاکی پارتایەتی لە حاڵێکدا کە ئەندامان بڵاوە دەبنەوە و یا کۆکردنەوەیان لە وزەدا نابێ.

## بەشی شەشەم

## کۆنگرێس ـ موئتەمەری نیشتمانی

**مادەی بیست و پێنجەم:**

١. کۆنگرێس (موئتەمەری نیشتمانی) بە بەرزترین دەسەڵات دادەنرێ لە پارتیدا.
٢. لە ئەندامانی لێژنەی ناوەندی و لێژنەی سەرەوەی چاودێری و پشکنین و ئەندامە جێگرەکانی لەلایەن کۆنگرێسەوە هەڵبژێردراون و نوێنەرانی هەڵبژێردراو لەلایەن هەموو ئەندامانی ڕێکخراوەکانی پارتییەوە بەو نیسبەتەی کە لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی و لێژنەی چاودێری و پشکنین و ئەندامە جێگرەکانەوە دادەنرێ، پێك دێ.
٣. کۆنگرێس بە چەشنی ئاسایی ساڵێ یەکجار کۆ دەبێتەوە بەڵام کۆمیتەی ناوەندی بۆی هەیە بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی بانگی بکا لەسەر داواکردنی دووسێیەکی ئەندامەکانی بەپێی مادەی (١٧) بەندی (١٩-ب) لە فەرمان و دەسەڵات.

**مادەی بیست و شەشەم:**

**فەرمان دەسەڵاتی کۆنگرێس**

١. ڕاستکردنەوە و گۆڕینی پرۆگرام و پێرەوی ناوەوە.
٢. گوێڕاگرتن لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی و لێژنەی سەرەوەی چاودێری و پشکنین و لێکۆڵینەوەی و هەڵسەنگاندنی کردەوەکانیان.
٣. کێشانی سیاسەتی گشتی و دانانی پلان و تاکتیکی پارتی بۆ ئەو مەسەلە سیاسییانەی بەرەنگاری پارتین.
٤. لێکدانەوەی حاڵی دەوڵەتان و ناوخۆ و کێشانی ڕێبازی بەڕێوەچوونی پارتی و بڕیاردان لەسەر چارەنوسی .
٥. دانانی ستراتیژی بۆ پارتی.
٦. سەیرکردنی بڕینەوەی شکاتی ئەندامەکان.
٧. توێژینەوە لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی و لێژنەی سەرەوەی چاودێری و پشکنین و سزادانی ئەوانەیان کە کەموکوڕییان هەیە.

٨. هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و جێگرەکانیان و ئەندامانی لێژنەی سەرەوەی چاودێری و پشکنین و جێگرەکانی.
٩. هەر کۆنگرێس حەقی هەیە کە پارتی هەڵوەشێنێ یا ناوی بگۆڕێ یا چالاکی ببەستێنێ یا تێکەڵاوی پارتییەکی کەی بکا یا ئایدیۆلۆجی (بیروباوەڕی) بگۆڕێ.

## بەشی حەوتەم

**مادەی بیست و حەوتەم:**

### أ. کۆنفڕانس

١. لەکاتی ڕوودانی گۆڕینێکی سیاسی گرنگ یا نارێکییەکی ناوخۆیی وا لە کۆمیتەی ناوەندیدا کە یەکێتیی پارتی بخاتە مەترسییەوە یان لە کاتی وادا کە پێویست بە گرتنی کۆنگرێس دەکا بەڵام ناتوانرێ بگیرێت، لەم حاڵانەدا لەسەر داواکردنی پتر لە نیوەی ئەندامانی پارتی یا دووسێیەکی لێژنە ناوچەکان کۆنفڕانس دەبەسترێ.
کۆنفڕانس لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و لێژنەی سەرەوەی چاودێری و پشکنین و جێگرەکان و نوێنەرانی لێژنە ناوچەکان و لێپرسراوانی ڕێکخراوەکانیان و نوێنەری ئەو ڕێکخراوانەی بەستراون بە کۆمیتەی ناوەندییەوە و ئەو کادرە پیشەییانە پێك دێ کە لە پێشەوە باسکران و کەوا کۆمیتەی ناوەندی بە دووسێیەکی دەنگ دایاندەنێ.
٢. کۆنفڕانس هەموو دەسەڵاتەکانی کۆنگرێسی هەیە جگە لە گۆڕینی پرۆگرام و پێڕەوی ناوەوە و گۆڕینی کۆمیتەی ناوەندی و بڕیاردان لە چارەنوسی پارتی. بڕیارەکانی کۆنفڕانس هێزی بڕیاری کۆنگرێسی هەیە.
٣. لە یەکەم فەرمانەکانی کۆنفڕانس ئەوەیە کە زروف ئامادە کا بۆ گرتنی کۆنگرێس لە نزیکترین هەلدا کە هەڵبکەوێ.
٤. لە کاتی موحاکەمەکردنی ئەو ئەندامانەی کۆمیتەی ناوەندی و لێژنەی سەرەوەی چاودێری و پشکنیندا کە لەلایەن پلنیۆمی فراوانەوە بۆی نێردراون، کۆنفڕانس حەقی فەسڵی ئەندامانی هەر دوولایەنی هەیە بەو شەرتەی ژمارەی فەسڵکراوان نەگاتە نیوەی ئەندامەکانیان نە بە یەکجار و نە بە چەند جارێکیش.

### ب. کۆنفڕانسی ناوچەیی:

کۆنفڕانسی ناوچەیی لە سەر داخوازیی نیوەی ئەندامانی پارتی لە هەرێمەکەدا یا دووسێیەکی ژمارەی لێژنە ناوچەکان و دووسێیەکی ئەندامانی لێژنەی ناوچە لەسەر ڕەزای مەکتەبی سیاسی دەبەسترێ، کۆنفڕانسی ناوچەیی لە ئەندامانی لێژنەی ناوچە و جێگر و ئەندامی لێژنە پیشەییەکان پێك دێ، کاری ئەم کۆنفڕانسە چارکردنی گیروگرفت و نارێکی و ناکۆکی هەرێمەکەیە بەپێی پەیڕەوەی ناوەوە.

## بەشی هەشتەم

### مادەی بیست و هەشتەم:

### مالییەی پارتی

أ. مالییەی پارتی پێك دێ لە:
١. ئەندامانە کە ئەندام و پاڵێوراوان دەیدەن و، لە دخولییە.
٢. لە پیتاکی ئەندامان و پاڵێوراوان و یاریدەدەران و لایەنگران.
٣. نرخی چاپکراوەکانی پارتی.
٤. دەستکەوتی ئەو حەفلە کولتوری و کۆمەڵایەتییانەی کە پارتی پێی هەڵدەستێ.

ب. ئەندامانە و نرخی چاپەمەنی هەموو مانگێك لەلایەن شانەوە کۆ دەکرێتەوە و بەهۆی لێژنەی لقەوە دەنێردرێ بۆ کۆمیتەی ناوەندی (مەکتەبی سیاسی) و ئەو لێژنە و ڕێکخراوانەی کە بە لێژنەی ناوەندییەوە بەستراون، ڕاستەوخۆ پارەکانیانی بۆ دەنێرن.

ج. پێویستە لەسەر کۆمیتەی ناوەندی لێژنەی ناوچەکان ئاگادار بکا لە گەیشتنی هەر پارەیەك کە بۆی دێت.

ح. پێویستە لەسەر لێژنەی ناوچەکان و کۆمیتەی ناوەندی کە تۆماری تایبەتی ڕێك خەن بوجە (میزانیە) پیشان بدات و چۆنێتی سەرفکردنی و داهاتی تێدا بنووسرێت.

خ. کۆمیسیۆنی مالیی سەر بە کۆمیتەی ناوەندی بۆی هەیە ماوەی سەرفکردنی لێژنەی ناوچەکان و ڕێکخراوەکانی تری پارتی دیاری بکا، لێژنەکانی ناوچەکان و ڕێکخراوەکان ناتوانن لە خۆیانەوە دەست بخەنە داهاتی پارتییەوە.

# بڕیارە سیاسییەكانی كۆنگرەی پێنجەمی پارتی دیموكراتی كوردستان

لەكاتی گفتوگۆكردنی رەشنووسی پەیرەو و پرۆگرامی ناوخۆیی لەلایەن ئەندامانی كۆنگرەوە، هەندێ هەموار لە پەیرەوی ناوخۆ ئەنجامدرا بێ لە پرۆگرام، ئەندامانی كۆنگرە نەیانتوانی بەئازادانە بیروڕاكانیان بخەنەڕوو، بەتایبەت لەهەندێ بابەت و كێشەی گرنگ و هەستیاری ناو پرۆگرامدا، بەهۆی مەرجەكانی عەبدولكەریم قاسم لەسەر مۆڵەتدانی بە حزب، پاش لابردنی چەند بەندێكی نێو پرۆگرامەكە، لەنێو ئەو بڕگانەدا وشەی (كورد) بگۆڕدرێ بە كوردستانی عێراق، مەبەستیش لەمە ئەوە بوو حزبلە رێكخستنەكانیدا سنووری ناوچەی كوردستانی عێراق نەبەزێنێ ئینجا لەدەرەوە یا ناوخۆی عێراقدا بێ، لەگەڵ لابردنی ماددەی سێیەمی پەیرەو و پرۆگرامی حزب، كە جەخت لە پابەندی حزب دەكاتەوە بەرێنوێنییەكانی ماركسی- لینینی، لەشیكردنەوەی كێشەكانی كۆمەڵگەی كوردیدا، هەروەها لابردنی وشەی (خەبات دەكەین) و گۆڕینی بەوشەی (هەوڵدەدەین)، لەهەر شوێنێكی پەیرەو و پرۆگرامی ناوخۆیدا هەبێ.

لە دانیشتنی كۆتاییدا، كۆنگرە لە ئاستی ناوەخۆ، عەرەبی و جیهانیدا، چەندین بڕیاری سیاسیدا، گرنگترین بڕیارەكانیش ئەمانەی خوارەوە بوون:

١- تێكۆشان و خەباتكردن بۆ پتەوكردنی كۆڵەگەی كۆمار و فراوانكردن و بەجۆشكردنی پەیرەوە دیموكراتییەكەی و پێویستی ئاگایی و وریایی بەرامبەر دوژمنەكان و پتەوكردنی خەبات دژی هەر كۆنگرە و پرۆژەیێكی ئیمپریالیزم.

٢- دركردنی بانگەوازێك بۆ گەلی عێراق، بە هەموو نەتەوە و كەمەنەتەوەییە براكان تا ریزی خۆیان بەكبخەن و كار بكەن لەپێناو پتەوكردنێكی راستگۆیانەی یەكێتی عێراق و پتەوكردنی ئەم یەكێتییە، بەپێی بنەماكانی : یەكسانی راستەقینە لەنێوان هەردوو نەتەوەدا و رێزگرتنی هاوبەش بۆ مافە نەتەوەییەكانیان و بڕواردان بە پراكتیزەكردنی ئەو مافانە بەقسە و بەكردەیی.

٣- داوا لەهەموو هێزە نیشتمانییەكان بكرێ تا یەك ریزبن، لەپێناو پێكهێنانی بەرەیەكی نیشتمانی یەكگرتوو.

٤- داوا لەدەسەڵاتی نیشتمانی بكرێ، بەتایبەت وەزارەتی (المعارف) پەروەردە تا گرنگییەكەی تەواو بە بەڕێوەبەرایەتی (المعارف) پەروەردەی گشتی بۆ خوێندنی كوردی بدرێ و بەخێرایی كار بكرێ تا بێتە بوون.

٥- داوا لــە حکــوومەتی نیشــتمانی دەکــەین زیــاتر گرنگــی بــە پەناهەنــدە سیاســییەکان بە شێوەیەکی گشتی و پەناهەندە سیاسیسەکانی کورد بەشـێوەیەکی تایبـەت بـدات، بـەخێرایش کار لەسەر تەواوکردنی مامەڵەکانیان بکرێ.

٦- داوا لە حکوومەتی نیشتمانی دەکەین، بڕی پرۆژەی پلانی ئابووری کاتی بـۆ کوردسـتان زیـاتر بکات.

٧- داوا لەحکوومەتی نیشتمانی دەکەین رەگەزنامەی عێراقی بداتە کوردە فەیلییەکان و گۆیـان و ئۆمەریان.

٨- داوا دەکەین گرنگییەکی زیاتر بە ئێزگەی کوردی بدرێ وبەرنامەکانی باش و پێشـکەوتووتر بێ، لەتەك زیاترکردنی کاتژمێرەکانی پەخشکردن تێیدا.

٩- سڵاو و پشتگیریکردنێکی تەواو لەتێکۆشانی نەتەوەی کوردی تێکۆشەر و پارت و رێکخـراوە پێشەنگ و رۆڵە تێکۆشەرەکانی بکرێ دژ بە ئیمپریالیزم و کرێگرتە ناپاکەکانی، لـەپێناو ئامـانج و ئاواتــە دادپەروەرییــەکانی گــەلی کــوردی قارەمــان، لەتــەك رەتکردنــەوەی سیاســەتی چەوساندنەوەی دڕاندانەی نەتەوەیی، کە لەلایەن دەسەڵاتە کۆنەپەرسـتەکانی تورکیـا و ئێـران و سووریا دژ بەگەلی کورد ئەنجام دەدرێ.

١٠- سڵاو و پشتگیریکردنی تێکۆشان و خەباتی نەتەوەی عەرەب دژ بە ئیمپریـالیزم و زایـۆنیزم و کۆنەپەرستی، بەتایبەتی خەبات و تێکۆشـانی گـەلی جـەزائیری قارەمـان و گـەلی فەلەسـتینی عەرەبی، لەپێناو هێنادی مافی چارەنووس و گەڕانەوەی هەموو ئەو مافانـەی لێیـان زەوتکـراوە لەگەڵ مافیگەڕانەوەیان بۆ وڵاتەکەیان، هەروەها پشتگیریگردنی خەبات و تێکۆشانی باشووری عەرەبی و عەمان لەپێناو رزگاریبوون لە ئیمپریالیزم.

١١- پشتگیریکردنی بزووتنەوە نیشتمانییەکانی ئاسیا و ئەفەریقا و ئەمریکای لاتینـی لەهـەموو جیهاندا، لەپێناو نەهێشتنی سیستەمی ئیمپریالیزم.

١٢- رەتکردنەوەی سیاسـەتی رەگەزپەرسـتی، کـە لەلایـەن حکوومەتـەکانی باشـووری ئـەفریقا پەیڕەو دەکرێ، شەرمەزارکردنی چەوسـاندنەوەی دوو ملیـۆن کـەس، هاوکـات پشـتگیریکردنی خەباتی دادپەروەرانەی هەردوو ملیۆنەکە، لەپێناو مافەکانیان.

١٣- پشتگیریکردنی بزاڤی ئاشتی جیهـانی و بەشـداریکردنێکی کـارای بزاڤـی ئاشـتی عێراقـی و خـەباتکردن لـەپێاو کەمکردنـەوەی ئاڵۆزییـەکانی نێودەوڵـەتی و هەوڵـدان بـۆ سـەرکەوتنی کۆنگرەی جەمسەرەکان و تێکۆشان دژ بەتەقاندنەوەی ئەتۆمی لـەپێناو قەدەغەکـردنی چـەکی ئەتۆمی و هایدرۆجینی.

١٤- ناردنی رێز و سڵاو بۆ کۆمەڵەی خوێنـدکارانی کـورد لەئـەوڕووپا و رێزگـرتن لـە بەرامـبەر

ڕۆڵیان لە ئاشکراکردنی ڕاستی کێشە و هەڵوێستی گەلی کوردمان و ناساندنی بە گەلانی ئەورووپا بەتایبەت و بەجیهان بەگشتی و پێناسەکردن و پیشاندانی رووی پرشنگداری کۆمارە دیموکراتییە ئازادیخوازەکەی، کۆماری عەرەب و کورد.

١٥- پەیڕەو کردنی ئەو ڕاپۆرتە سیاسییەی، لەلایەن سکرتێری لێژنەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی پێنجەمی پارتیمان پێشکەش کراوە.

١٦- دەستخۆشی و ڕەزامەندی دەربڕین بەرامبەر بەهەڵوێستەکانی دەستەی دامەزراندنی پارتی، تا مۆڵەت وەربگیرێ بۆ ئەوەی پارتیمان بەئاشکرا دەربکەوێ.

١٧- چەند هەموارکردنێك بکرێ بۆ پەیڕەو و پرۆگرامی پارتی، تا بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی بخرێتە بەردەم وەزارەتی ناوخۆ.

١٨- دەرکردنی ڕاسپاردە و بڕیار سەبارەت بە هەڵوێستی پارتیمان بەرامبەر بە بزووتنەوەی جوتیاران و بزووتنەوەی لاوان و ئافرەتان و ڕێکخراوە دیموکراتییەکان.

# سەرچاوە و پەراوێز


١ - مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی كورد، ١٩٥٨-١٩٦١، بەرگی دووەم، (٢٠١٢)، ل ٨٨.

٢ - قانون الجمعيات، مجلة الوقايع العراقية، وزارة الارشاد في العراق، العدد ٢٨٣، بغداد، السبت، ٢ كانون الثاني ١٩٦٠م، ص ص ١ ـ ٦.

٣ - مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٨.

٤ - تهية اجازة الحزب الديمقراطي لكوردستان العراق، جريدة خەبات (النضال)، العدد ١٤١، بغداد، الأحد، ٩ كانون الثاني ١٩٦٠م، ص ص ١، ٥، ٨؛ حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص ٦٧.

٥ - دكتۆر شێركۆ فەتحوڵا عومەر، پارتی دیموكراتی كوردستان و بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی كورد ١٩٤٦ – ١٩٥٧، و. سوارە قەڵادزەیی، (چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی - ٢٠١٣)، ل ١٦٩؛ مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٩.

٦ - حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني ـ العراق (في محطات رئيسية) ١٩٤٦ ـ ١٩٩٣، (دهوك ـ مطبعة خەبات ـ ١٩٩٨م)، ص ٦٧.

٧ - تهية اجازة الحزب الديمقراطي لكوردستان العراق، المصدر السابق، ص ص ١، ٥، ٩.

٨ - كۆنگرەی پێنجەمی پارتی دیموكراتی كوردستان، گۆڤاری ڕۆژی نوێ، ژمارە ٣، ساڵی یەكەم، سلەیمانی، چاپخانەی كامەران، حوزەیران ١٩٦٠ز، ل ٥٥ ؛ عبدالستار طاهر شريف، تاريخ الحزب الثوري الكردستاني، الطبعة الثانية، (بغداد ـ منشورات الثوري ـ ١٩٧٩م)، ص ص ٦٩، ٧٠ ـ ٧١ ؛ حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص ٦٨.

٩ - المؤتمر العام للحزب الديمقراطي الكوردستاني، جريدة اتحاد الشعب، العدد ٨٨، السنة الثانية، بغداد، الأثنين، ٩ مايس ١٩٦٠م، ص ٤؛ كۆنگرەی پێنجەمی پارتی دیموكراتی كوردستان، گۆڤاری ڕۆژی نوێ، سەرچاوەی پێشو، ل٥٥.

١٠ - بڕوانە دەقی پڕۆگرامی پارتی دیموكراتی كوردستان – عێراق، كۆنگرەی پێنجەم، مادەی ٢١؛ دكتۆر شێركۆ فەتحوڵا عومەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٠.

١١ - بڕوانە دەقی پەیڕەوی ناوخۆی پارتی دیموكراتی كوردستان – عێراق، كۆنگرەی پێنجەم، بەشی سێیەم، بینای پارتی و ئەو سەرەتایانەی لەسەری دامەزراوە.

١٢ - كۆنگرەی پێنجەمی پارتی دیموكراتی كوردستان، گۆڤاری ڕۆژی نوێ، سەرچاوەی پێشو، ل٥٥؛ حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص ٦٨.

* تێبینی: لەو دوو سەرچاوەیەی پشتمان پێ بەستووە بۆ نووسینەوەی ناوی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی پێنجەم، حەبیب محەمەد کەریم لە کتێبەکەیدا لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ناوی عەبدولحسێن فەیلی و لە یەدەگەکانی کۆمیتەی ناوەندیش ناوی محەمەد حاجی تاهێری نەهێناوە.

١٣ - حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص ٦٨.

١٤ - کۆنگرەی پێنجەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، گۆڤاری ڕۆژی نوێ، سەرچاوەی پێشو، ل٥٦.

١٥ - عبدالستار طاهر شريف، المصدر السابق، ص ١٤٢.

١٦ - کۆنگرەی پێنجەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، گۆڤاری ڕۆژی نوێ، سەرچاوەی پێشو، ل٥٦.

١٧ - عبدالستار طاهر شريف، المصدر السابق، ص ١٤٢.

١٨ - حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص ص ٦٨ ـ ٦٩.

١٩ -مؤتمر الحزبين الوطنيين الوطني الديمقراطي والديمقراطي الكوردستاني، جريدة اتحاد الشعب، العدد ٨٦، بغداد، الجمعة، ٦ مايس ١٩٦٠م، ص ٤.

## هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول - ١٩٦١

دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ گۆڕانکاری گەورە بەسەر بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی عێراقدا هات کە لە بەرژەوەندی تەواوی گەلانی عێراقدا بوو، لە گرنگترین دەستکەوتەکانی شۆڕش بۆ کورد، جێگیرکردنی بەندی (٣)ی دەستوور بوو، کە تێیدا هاتبوو "کورد و عەرەب هاوبەشن لە عێراقدا، مافە نەتەوەییەکانیشیان لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا دانپێدانراوە لە لایەن دەستوورەوە". لە ڕووی ئازادی کاری سیاسی و ڕێکخراوەیشەوە، دوای گەڕانەوەی سەرۆك مستەفا بارزانی، پاش ١٢ ساڵ ئاوارەیی، مۆڵەتی فەرمی کارکردن بە پارتی دیموکراتی کوردستان وەك تاکە حزبی کوردی لە عێراق درا.

هاوبەشی کورد و عەرەب لە عێراقدا ماوەیەکی کورتی خایەند و بەندی سێیەمی دەستوور هەرگیز جێبەجێ نەکرا، بارودۆخی سیاسی تا دەهات ڕووی لە گرژی دەکرد، حکوومەت لەو بەڵێنانەی بە کوردی دابوو پاشگەزبووەوە، دەستکرا بە دەرکردنی ئەفسەر و فەرمانبەرانی کورد لە سوپا و فەرمانبەرانی کورد لە فەرمانگەکانیان بە تایبەت لە پارێزگا کوردییەکان، خوێندنی کوردی لە ناوچە کوردییەکان ڕاگیرا و دەرچوونی پەرتووکی سیاسی و ئەدەبی لە کوردستان قەدەغەکرا و دەسەڵات بۆ ڕازیکردنی دڵی دەرەبەگەکان کەوتە گیانی جوتیاران[1].

پارتی دیموکراتی کوردستان دژی ئەو سیاسەتەی حکوومەت وەستایەوە، بەتایبەتی دوای ڕاگەیاندنی دەستووری کاتی عێراق و جێگیرکردنی بەندی (٢)ی دەستوور کە تێیدا هاتبوو "عێراق بەشێکە لە ئوممەی عەرەبی". لەسەر ئەم بابەتە و بارودۆخەکە بە گشتی، ڕۆژنامەی خەبات بابەتێکی لە ڕێکەوتی ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٦١ بڵاوکردەوە، لە بابەتەکەدا هاوکات لەگەڵ خستنەڕووی بەندەکانی (٢) و (٣)ی دەستوور، داوای کۆتایهێنان بە فەرمانە عورفییەکان و ماوەی گواستنەوە "الفترە الانتقالیە"، ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد و دیموکراتی و ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی و دەستهەڵگرتن لە ڕاونانی ئەندامانی حزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوە سەندیکایی و جوتیارییەکان کرد. لە بەرامبەردا حکوومەت ڕۆژنامەی خەباتی داخست و سەرنووسەرەکەی دادگایی کرد، بەتایبەت دوای دەرکردنی ژمارە (٤٦٢) لە ڕێکەوتی ٢٨ی ئاداری ١٩٦١، کە بابەتێکی بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە بڵاوکردەوە و تێیدا بە فراوانی پەسنی سەرۆك مستەفا بارزانی کرابوو و هێرشی توندیش کرابووە سەر کاربەدەستانی حکوومەت. دواتر لە لایەن حکوومەتەوە دەستکرا بە گرتنی ژمارەیەك لە کادیر و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی، بەمەش جارێکیتر بارودۆخی حزب

گەڕایەوە وەك ئەوەی پێش شۆڕشی ١٤ی تەمووز و دەستی بە چالاکی و خەباتی نهێنی کردەوە[٢].

سەرۆك مستەفا بارزانی لەسەر بانگێشتی حکوومەتی سۆڤیەت بە مەبەستی بەشداریکردن لە ئاهەنگەکانی ئۆکتۆبەر، لە ڕێکەوتی ٥ی تشرینی دووەمی ١٩٦٠ سەردانی مۆسکۆی کرد، لەکاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ کاربەدەستە باڵاکانی سۆڤیەت داوای لێکردن یارمەتی ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حکوومەتی عێراق بدەن، هەر لەو کۆبوونەوانەشدا زۆرێك لە کێشەکانی نێوان پارتی و حزبی شیوعی عێراق چارەسەرکران[٣].

لە ڕێکەوتی ١٣ی کانوونی دووەمی ١٩٦١ سەرۆك مستەفا بارزانی گەڕایەوە بەغدا و پاش ماوەیەك چاوەڕوانی لە مانگی شوبات چاوی بە عەبدولکەریم قاسم کەوت. لە دیدارەکەدا سەرۆك بارزانی هەوڵی ڕەواندنەوەی گومانەکانی دا و تەواوی بەڵگەکانی نیازپاکی کورد بەرامبەر بە حکوومەتی بۆ عەبدولکەریم قاسم خستەڕوو، بەڵام هیچ ئاکامێکی نەبوو، ئەوەبوو سەرۆك بارزانی لە سەرەتای مانگی ئاداری ١٩٦١ بە یەکجاری بەغدای پایتەختی جێهێشت و گەڕایەوە بارزان. بەمەش تا دەهات بارودۆخی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حکوومەتی عێراق بەرەو خراپتر دەچوو. حکوومەت دەستیکرد بە پڕچەککردنی ئەو هۆزانەی کاری جاشایەتییان کردبووە پیشە، لە بەرامبەردا سەرۆك بارزانیش هەوڵی دەستخستنی چەکیدا بۆئەوەی ئامادەی هەر جۆرە پەلامارێکی لە ناکاوی حکوومەت بێت[٤].

لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی ١٩٦١ کۆمیتەی ناوەندی پارتی بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە بارودۆخەکە کۆبووەوە و لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا یاداشتێك بە عەبدولکەریم قاسم بدرێت، لە ڕێکەوتی ٣٠ی تەمووزی ١٩٦١ یاداشتەکە ڕەوانەکرا. لە یاداشتەکە داوا کرا ناکۆکی و ئاڵۆزی نێوان پارتی و عەبدولکەریم قاسم کۆتایی پێ بهێنرێت و ئارامی بۆ ناوچەکانی کوردستان بگەڕێنرێتەوە و ڕێگە لە خراپبوونی بارودۆخەکە بگیرێت، بەڵام عەبدولکەریم قاسم گوێی نەدایە یاداشتەکەی کۆمیتەی ناوەندی پارتی و بارودۆخەکە زیاتر بەرەو خراپی چوو. پێش ڕەوانەکردنی یاداشتەکە و لە ڕێکەوتی ١٢ی تەمووزی ١٩٦١ جەلال تاڵەبانی لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی حزبەوە نێردرایە بارزان و دوا بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندی بۆ سەرۆك بارزانی خستەڕوو. تاڵەبانی ئامادەیی مەکتەبی سیاسی نیشاندا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر پێشهاتێکی لە ناکاو. سەرۆك مستەفا بارزانی بۆچوونی وابوو جارێ هیچ نەکرێت و بەردەوام بن لە خۆ ئامادەکردن، دواتر جەلال تاڵەبانی بە چەند شیرەتێکی

سەرۆك بارزانییەوە گەڕایەوە سلێمانی[٥].

سیاسەتی شۆڤێنی حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم بەرامبەر بە گەلی کورد درێژەی هەبوو، تا دەهات بارودۆخ لە تەقینەوە نزیکتر دەبووەوە. بەمەبەستی بەرگرتن لە شەڕ و وەك ناڕەزایەتیی بەرامبەر سیاسەتی حکوومەت، لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، لە ڕێکەوتی ٦ی ئەیلوولی ١٩٦١ مانگرتنی گشتی لە سەرانسەری کوردستان ڕێکخرا، مانگرتنەکە تەواوی ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە، ئەمەش دەرخەری سەنگ و هێزی پارتی بوو، مەبەست لە مانگرتنەکە ئەوەبوو ڕێگری لە حکوومەت بکرێت لەوەی هێز بنێرێتە سەر ناوچەکانی کوردستان[٦].

سەرەڕای تەواوی هەوڵەکانی پارتی بۆ لێکنزیکبوونەوە لەگەڵ حکوومەت و بەرگرتن لە شەڕ، کەچی لەلایەن عەبدولکەریم قاسمەوە تەواوی هەوڵەکان پشتگوێ خران و لە ڕێکەوتی ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ هێزەکانی سوپا دەستیانکرد بە بۆردومانی ئاسمانیی دەربەندی بازیان، دۆڵی خەلەکان و دەوروپشتی دهۆك، لە بەرامبەردا لە ڕێکەوتی ١٩ی ئەیلوولی ١٩٦١ مەکتەبی سیاسی پارتی بڕیاری ڕووبەڕووبونەوەی حکوومەتیدا، بەمەش جارێکیتر گەلی کورد ناچارکرا بۆ بەرگری کردن لەخۆی، پەنا بۆ خەباتی چەکداریی ببات[٧].

دوای چەندین شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە، تا ٢٣ی ئەیلوولی ١٩٦١ حکوومەت جگە لە چەند ناوچەیەکی بازران، توانی دەست بەسەر تەواوی ناوچەکانی کوردستاندا بگرێت. لە ڕێکەوتی ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٦١ هەریەك لە عومەر دەبابە و عەلی عەبدوڵا ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی خۆیان گەیاندە بارزان و لەگەڵ سەرۆك مستەفا بارزانی کۆبوونەوە، لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاری خۆ ڕێکخستنەوە درا و بڕیاردرا هەماهەنگی لە نێوان هێزی بارزان، هیزی چەکداری پارتی و هێزە چەکدارەکانی ئەو خێڵانەی هێشتا مەیدانی شەڕیان چۆڵنەکردبوو، دروستبکرێت[٨].

دوای خۆڕێکخستنەوە و چەندین سەرکەوتن بەسەر سوپای عێراقدا، لە مانگی شوباتی ١٩٦٢، کۆبوونەوەیەکی فراوان لە لایەن ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حزبەوە لە گوندی عەواڵان (عەوداڵان)ی سەر بە پارێزگای سلێمانی ئەنجامدرا. لەو کۆبوونەوەیەدا ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی یاداشتێکیان بۆ عەبدولکەریم قاسم نارد و ڕایانگەیاند، ئەو شەڕەی ئەوان دەیکەن، شەڕی خۆپاراستن و داکۆکیکردنە، نەك شەڕی پەلاماردان. هەروەها لە یاداشتەکەیاندا ناوی "پێشمەرگە"یان بۆ چەکدارەکانیان هەڵبژارد و دروشمی "دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان" بەرزکرایەوە. بەشێك لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە بریتیبوون

له: ئیبراهیم ئەحمەد، عەلی عەسکەری، ئەحمەد عەبدولڵا، عومەر دەبابە، عەلی عەبدولڵا، مەلا عەبدولڵا ئیسماعیل، شەمسەدین موفتی، عەبدولڕەحمان زەبیحی و نوری ئەحمەد تەها، دەستەی پاسەوانی ئەم کۆبوونەویەش هێزێکی ١٥ کەسی پۆلیسی هەولێر بوون، کە تازە ببوون بە پێشمەرگە. کۆبوونەوەکە بە زۆرینەی دەنگ بڕیاریدا بەردەوامی بە بەرگری بدرێت[٩].

سەرکەوتنەکانی سوپای عێراق کاتی بوون و لە ماوەیەکی کەمدا هێزەکانی پێشمەرگە توانیان خۆیان ڕێکبخەنەوە و "لەشکری ڕزگاری کوردستان" دابمەزرێنن کە نزیکەی بیست هەزار پێشمەرگە دەبوون، ئەم هێزە توانی تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٢ بەشی هەرە زۆری خاکی کوردستان جگە لە ناوەندیی شارە گەورەکان ڕزگاربکاتەوە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٣ حکوومەت ناچار بە ئاگربەس کرا و بۆ چەند جارێکیش درێژکرایەوە تا کەوتنی یەکجارەکی حکوومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ لەو ماوەیەدا لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە هەوڵی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەکانی لەگەڵ حکوومەت درا و هەوڵەکانی لەلایەن ڕای گشتی عێراقەوە پێشوازیان لێکرا[١٠].

شۆڕشی ئەیلوول ڕێخۆشکەربوو بۆ ئەنجامدانی کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بەسەر حکوومەتەکەی عەبدولکەریم قاسمدا. ئەم کودەتایە بەرهەمی ڕێککەوتنی نێوان حزبی بەعس و ئەفسەرە نەتەوەییەکان بوو، ئەمانە لەکاتی ئامادەکارییەکانیان بۆ کودەتا پەیوەندییان بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کرد و گفتیاندا سەرجەم داخوازییە سیاسی و نەتەوەییەکانی شۆڕشی کورد جێبەجێ بکەن و لە ڕێگەی ساڵح یوسفییەوە بەڵێن بە سەرۆك مستەفا بارزانی درا پاش سەرکەوتنی کودەتا، جاڕی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد بدرێت، لە بەرامبەردا سەرکردایەتی شۆڕش بەڵێنیدا، شەڕ لە دژی حکوومەت ڕابگرێت[١١].

دوای سەرکەوتنی کودەتای ٨ی شوبات، لەلایەن حزبی بەعسەوە نامەیەك بۆ ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێری پارتی نێردرا و داوای لێکرا ناوی چەند کەسێکی کورد دەستنیشان بکرێن بۆ ئەوەی بخرێنە نێو حکوومەتی نوێیەوە، مەکتەبی سیاسیش دوای ڕەزامەندی سەرۆك مستەفا بارزانی، وەڵامی حزبی بەعسی بەم شێوەیە دایەوە: "دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، سیاسەتی پارتیمانە، ناوە پێشنیار کراوەکانیشمان ئەمانەن: بابە عەلی شێخ مەحموود، فوئاد عارف، بەکر عەبدولکەریم، عومەر مستەفا، جەلال تاڵەبانی و عەلی عەسکەری"[١٢].

لە ڕێکەوتی ١٨ی شوباتی ١٩٦٣ هەر بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەگەڵ حکوومەتی نوێ،

وەفدێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی و ساڵح یوسفی نێردرانە بەغدا، بۆ ڕۆژی دواتر وەفدەکە لەگەڵ کاربەدەستانی حکوومەت کۆبوونەوە. بەعسییەکان هەوڵیاندەدا خۆیان لەو بەڵێنانەی پێش کودەتا بە کوردیان دابوو، بدزنەوە. هەر لەو کۆبوونەوانەدا بڕیاردرا جەلال تاڵەبانی بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرۆکی پارتی و مەکتەبی سیاسی، لەگەڵ وەفدێکی حکوومەت بە مەبەستی گفتوگۆکردن و خستنەڕووی کێشەی کورد سەردانی هەردوو وڵاتی میسر و جەزائیر بکات، لەو سەفەرەیدا جەلال تاڵەبانی چاوی بە جەمال عەبدولناسر سەرۆکی میسر و ئەحمەد بن بیللا سەرۆکی جەزائیر کەوت و هەردوو وڵات لە گفتوگۆکانیاندا پشتگیریی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کوردیان کرد[١٣].

## سەرچاوە و پەراوێز

١ - مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٥٨ـ ١٩٦١، بەرگی دووەم، (هەولێر ـ ٢٠١٢)، ل ١٢٣.

٢ - دکتۆر شێرکۆ فەتحوڵا عومەر، پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد ١٩٤٦ – ١٩٥٧، و. سوارە قەڵادزەیی، (چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی - ٢٠١٣)، ل ١٧١؛ صلاح الخرسان، التيارات السياسية في كردستان العراق، قراءة في ملفات الحركات و الأحزاب الكردية في العراق ١٩٤٦-٢٠٠١، (بيروت – مطبعة البلاغ – ٢٠٠١م)، ص ص ٩١ ، ٩٣.

٣ - مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٢٣، ١٢٤.

٤ - مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٦١ـ ١٩٧٥، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، (هەولێر ـ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ ٢٠٠٤ز)، ل ٣٠.

٥ - دکتۆر شێرکۆ فەتحوڵا عومەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٤؛ مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٥٨ـ ١٩٦١، بەرگی دووەم، (هەولێر ـ ٢٠١٢)، ل ١٢٥؛ صلاح الخرسان، المصدر السابق، ص ٩٥.

٦ - حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني ـ العراق (في محطات رئيسية) ١٩٤٦ ـ ١٩٩٣، (دهوك ـ مطبعة خەبات ـ ١٩٩٨م)، ص ٧٤؛ مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٦١ـ ١٩٧٥، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، (هەولێر ـ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ ٢٠٠٤ز)، ل ل ٣٤، ٣٥.

٧ - هەمان سەرچاوە، ل ل ٣٥-٣٦؛ دکتۆر شێرکۆ فەتحوڵا عومەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٦.

٨ - مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٩، ٤٠.

٩ - مام جەلال، برایم ئەحمەد سەرکردەیەکی بلیمەت و ژیری سەردەمێکی نوێی کوردایەتی، گۆڤاری خاك، ژمارە ٥٨، ساڵی پێنجەم، سلێمانی، چاپخانەی ئۆفسێتی دلێر، ١٠ نیسانی ٢٠٠٢ز، ل ٨؛ مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٨؛ عەریف سلێمان، لە دەنکەوە بۆ گوڵەگەنمەکان، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، (هەولێر ـ چاپخانەی هاوسەر ـ ٢٠٠٧ز)، ل ل ١٩٨ - ٢٠٨.

١٠ -دکتۆر شێرکۆ فەتحوڵا عومەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٧٨-١٨٠.

١١ -مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠١.

١٢ -هەمان سەرچاوە، ل ١٠٤.

١٣ سەلاح رەشید، مام جەلال دیداری تەمەن لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری، (سلێمانی – چاپخانەی کاردۆ – ٢٠١٧)، ل ل ٢٢٧ تا ٢٣٧.

# کۆنگرەی گشتی کۆیە - ئاداری ١٩٦٣

دوای سەرکەوتنی کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ و دەسەڵات گرتنەدەستی حزبی بەعس لە عێراق، چەند گەڕێکی دانوستان لە نێوان نوێنەرانی سەرکردایەتی شۆڕش و حکوومەتی نوێی عێراق سەبارەت بەو بەڵێنانەی کودەتاچییەکان پێش گرتنە دەستی دەسەڵات بە سەرکردایەتی شۆڕشیان دابوو، ئەنجامدران کە دواترینیان چوونی وەفدی شۆڕش بوو بۆ بەغدا و هەردوو وڵاتی میسر و جەزائیر.

بەشێوەیەکی گشتی دانوستانەکان ئەنجامێکی ئەوتۆیان نەبوو، حکوومەت ئەمجارە هەوڵیدا لە ڕێگەی ناردنی چەند وەفدێکی فەرمی بۆ لای سەرۆك مستەفا بارزانی درێژە بە گفتوگۆکان بدات، بۆ ئەم مەبەستە یەکەم وەفد بە سەرۆکایەتی تاهیر یەحیا سەرۆك ئەرکانی سوپا و ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، لە چوارقوڕنە لەگەڵ سەرۆك بارزانی کۆبوونەوە. سەرۆك بارزانی پرۆژەی ئۆتۆنۆمی و داواکارییەکانی شۆڕشی دایە دەست وەفدەکە و هەڕەشەی ئەوەی لێکردن ئەگەر تا کۆتایی وەرزی بەهار داخوازییەکان جێبەجێ نەکرێن ئەوا شەڕ دەستپێدەکاتەوە، پرۆژەکە خرایە بەردەم ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، ئەوانیش لە لایەن خۆیانەوە هەوڵی کەمکردنەوەی داخوازییەکانیاندا، بۆ ئەم مەبەستە و گۆڕینی هەڵوێستی سەرکردایەتی شۆڕش، وەفدێکی تر نێردرایەوە چوارقورنە و لەوێ جارێکیتر چاویان بە سەرۆك بارزانی کەوتەوە و بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر چەند خاڵێك ڕێککەوتن. لە ڕێکەوتی ١١ی ئاداری ١٩٦٣ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە کە پرسی کورد و داخوازییەکانی تێدا یەکلاکردبووەوە[١].

بەیانەکەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش شتێکی ئەوتۆی بۆ کورد تێدا نەبوو، دانوستانەکانیش ئەنجامێکی ئەوتۆیان لێ نەکەوتەوە، لەسەر ئەم بابەتە سەرۆك مستەفا بارزانی بە پێویستی زانی بۆ پرسێکی نیشتیمانی لەم شێوەیە، پرس و ڕاوێژ بە مەکتەبی سیاسی و سەرکردە نیشتیمانپەروەرەکان بکات و کۆنگرەیەکی گشتی سازبدات. بۆ ئەم مەبەستە نێردەی تایبەتی خۆی ناردە هەموو سوچێکی کوردستان، بۆئەوەی نوێنەری خۆیان بنێرنە کۆنگرە. دوای تەواوبوونی ئامادەکارییەکان، لە ڕێکەوتی ١٦ی ئاداری ١٩٦٣ نوێنەرانی تەواوی چین و توێژە جیاکانی کۆمەڵگا، بە نەتەوە و ئاینە جیاوازەکانەوە، سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، فەرماندەی یەکەکانی هێزی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و سەرۆك هۆزە شۆڕشگێڕەکان گەیشتنە شاری کۆیە[٢].

کۆنگره له ڕۆژانی ١٨ تا ٢٢ی ئاداری ١٩٦٣، به سەرۆکایەتی سەرۆك مستەفا بارزانی، لـه ژێر چەتری هێـزی پێشـمەرگەی شۆڕشـی ئـەیلوول و لـه مـاڵی کاکـه زیـاد ئاغـای کۆیـه، بـه ئامادەبوونی ٢٥٠٠ کەس ساز درا که ٢٠٠ کەسیان مافی دەنگدانیان هەبووە. مەبەسـتی ئـەم کۆنگرەیه گەڵاڵەکردنی داخوازییەکانی کورد بوو له حکوومەتی عێراقی. له ئەنجامدا شاندێك به سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی پێکهێنرا که بریتیبوون له: ساڵح یوسـفی، مەسـعود محەمـەد، حسێن خانەقا، سەمەد محەمەد، حبیب محەمـەد کـەریم، عەگیـد سـدیق، شـاخەوان نـامیق، بابەکر ڕەسول، مستەفا عەزیز و ئیحسان شێرزاد، له مـانگی ئـاداری سـاڵی ١٩٦٣دا شـاندەکه ڕەوانەی بەغدا کرا[٣].

هەموو دانوستاندنەکان بێ ئەنجام بوون، لایەنی دەسەڵاتداری کودەتاچیی بەغـدا بیـری له یەکگرتنی لەگەڵ کۆماری میسر و کۆماری سوریا دەکردەوە، بۆ ئەوەی ببنـه یـەك کۆمـاری یەکگرتووی عەرەبی. هەروەها شاندی کوردی به سەرۆکایەتی جەلال تاڵـەبانی بـه مەبەسـتی بەدەستهێنانی پشتگیری جەمال عەبدولناسر، بۆ جـاری دووەم لەگـەڵ شـاندێکی حکـوومەتی عێراقدا سەردانی قاهیرەی پایتەختی کۆماری عەرەبی یەکگرتووی کرد[٤].

بەڵام دانوستاندنەکان بێ ئاکام بوون و لـه سـەرەتای مـانگی حـوزەیرانی سـاڵی ١٩٦٣دا، شەڕی یەکلایەنه و کتوپڕ لەلایەن سوپای عێراقـەوە بـۆ سـەر کوردسـتان دەسـتی پێکـردەوە. بەشـێك لـه شـاندەکه لـه شـوێنی نێشـتەجێبوونیان هـەڵاتن و ئـەوانیتر لـه ڕێکـەوتی ٩ی حـوزەیرانی ١٩٦٣ لــه کــاتی گەڕانــەوەیان بــۆ کوردســتان لــه فڕۆکەخانــەی کەرکــووک دەستبەسەرکران[٥].

## سەرچاوە و پەراوێز

١ - مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٦١ـ ١٩٧٥، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، (هەولێر ـ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ ٢٠٠٤ز)، ل ل ١٠٥-١٠٦.

٢ - هەمان سەرچاوە، ل ل ١٠٧-١٠٨.

٣ - محمود الدرة، القضية الكردية والقومية العربية في معركة العراق، (بيروت ـ منشورات دار الطليعة ـ ١٩٦٣م)، ص ١٨١؛ ئەحمەد دڵزار، بیرەوەری ڕۆژانی ژیانم، (هەولێر - وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان - چاپخانەی شەهاب - ٢٠١٩ز)، ل ٦٢٠؛ مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٨؛ کریس کوچرا، جنبش ملی کرد، ترجمەی ابراهیم یونسی، چاپ دوم، (تهران ــ موسسه انتشارات نگاه ـ ١٣٧٧هـ . ش)، ص ص ٢٩١ ـ ٢٩٢؛ حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني ـ العراق (في محطات رئيسية) ١٩٤٦ ـ ١٩٩٣، (دهوك ـ مطبعة خەبات ـ ١٩٩٨م)، ص ٨٥؛ صلاح الخرسان، التيارات السياسية في كردستان العراق، قراءة في ملفات الحركات و الأحزاب الكردية في العراق ١٩٤٦-٢٠٠١، (بيروت – مطبعة البلاغ – ٢٠٠١م)، ص ص ١٠٨، ١٠٩.

٤ - سەلاح رەشید، مام جەلال دیداری تەمەن لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری، (سلێمانی – چاپخانەی کاردۆ – ٢٠١٧)، ل ل ٢٣٨ تا ٢٥١؛ صلاح الخرسان، المصدر السابق، ص ص ١١٠، ١١١، ١١٢.

٥ –حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص ٨٦.

# کۆنفرانسی ماوەتی پارتی دیموکراتی کوردستان

# نیسانی ١٩٦٤ "مەکتەبی سیاسی"

دوای سەرنەکەوتنی دانوستانەکان، حکوومەتی بەعس لە ڕێکەوتی ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣ هێرشی بۆسەر کوردستان دەستپێکردەوە و ڕژێم هەرچی هێزی چەکدار هەبوو ناردیە مەیدانەکانی شەڕ، بە مەبەستی لەناوبردنی یەکجارەکی شۆڕش. لەم هێرشانەدا ڕژێم یارمەتی لە هێزە هەرێمییەکانی ناوچەکەش وەرگرت، هێزی ئاسمانیی تورکیا و ئێران کە ئەندامی "پەیمانتامەی سەنتۆ" بوون، ڕێگەیان پێدرا سنووری عێراق ببەزێنن و بنکەکانی پێشمەرگە بۆردومان بکەن، سوپای سوریاش لە ڕێگای وشکانییەوە هاتە نێو خاکی عێراق و لە ناوچەکانی بادینان یارمەتی سوپای عێراقیدا، هەرچی هێزە نێودەوڵەتییەکان بوون وەك یەکێتی سۆڤیەت و بەریتانیا، ئەوانیش لە لایەن خۆیانەوە دەستیانکرد بە یارمەتیدانی سوپای عێراق لە دژی شۆڕشی کورد[١].

لەکاتێکدا تەواوی ناوچەکانی کوردستان بە دڕندانەترین شێوە پەلامار دەدران، لەشکری کوردستان بەمەبەستی داکۆکیکردن و بەرگریکردن لەخۆ، چەندین بەرەی جەنگی کردەوە و بەرپەرچی پەلامارەکان درایەوە. لەو ماوەیەدا لە لایەن سەرۆك مستەفا بارزانییەوە چەند بروسکەیەك بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی نێردران و داوا لە ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێری حزب و مەکتەبی سیاسی کرا لەلایەن خۆیانەوە چەند هێرشێك لە ناوچەکانی خۆیان بۆسەر سوپا ئەنجام بدەن، بەڵام مەکتەبی سیاسی و بەتایبەتی ئیبراهیم ئەحمەد، گوێیان بە بروسکەکانی سەرۆك بارزانی نەدا و وەڵامی داواکارییەکانیان نەدایەوە، تەنانەت ڕێگریشیان لەو فەرماندانە کرد کە بێ پرسی ئەوان هێرشیان دەکردە سەر هێزەکانی حکوومەت. سەرۆك بارزانی لە هەڵسوکەوتەکانی مەکتەبی سیاسی کەوتە گومانەوە، (سەرەتا گومانەکە ئەوەبوو ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ حکوومەتی بەعس ڕێککەوتبێت، بەڵام دواتر دەرکەوت لە ڕێگەی عەقید عیسا پێژمانەوە پەیوەندی ژێر بەژێری لەگەڵ حکوومەتی شاهەنشای ئێران دروستکردووە و شا بەڵێنی بە ئیبراهیم ئەحمەد دابوو، ئەگەر بارزانی لەنێو ببات، ئەوا دەکەوێتە نێوان ئەوان و حکوومەتی بەعسەوە و کێشەکانیان بۆ چارەسەر دەکات)، ئەم هەڵسوکەوتانە وایانکرد ساردییەك لە نێوان سەرۆك مستەفا بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد دروست ببێت، بەشێوەیەك دوای زۆربوونی شکستەکانی حکوومەت، وەستانی شەڕ و کشانەوەی سوپا لە ناوچەکانی کوردستان، ئیبراهیم ئەحمەد کەوتە ناردنی بروسکە بۆ

سەرۆك بارزانی، بەڵام لەلایەن سەرۆك بارزانییەوە وەڵام نەدرانەوە[٢].

لـە ڕێکـەوتی ١٨ی تشرـینی دووەمـی ١٩٦٣ حکوومەتـەکـەی بـەعس لەلایـەن سـوپاوە کودەتای بەسەردا کرا و ڕووخا. دوای کودەتا، عەبدولسەلام عارف دەسەڵاتی گرتـە دەسـت و ڕاستەوخۆ داوای دانوستانی لە سەرکردایەتی شۆڕش کرد. لە مـانگی کـانوونی یەکـەمی ١٩٦٣ دوای ڕاوێژی سەرۆك بارزانی لەگەڵ مەکتەبی سیاسی دانوسـتانەکان دەسـتیانپێکرد و عەقیـد عەبدولڕەزاق مەحموود پارێزگاری سلێمانی وەك نوێنـەری حکوومـەت هـاوڕێ لەگـەڵ شـێخ ئەحمەد بارزانی (کـە تـا ئـەوکات لـە بەغـدا دەستبەسـەربوو) هاتنـە شـاری ڕانیـە و لەگـەڵ سەرۆك مسـتەفا بـارزانی، جـەلال تاڵـەبانی و نـوری شـاوەیس ئەنـدامانی مەکتـەبی سیاسـی کۆبـووەوە و گفتوگۆکـان ڕێککەوتنامـەی نێـوان هـەردوو لای لێکەوتـەوە و بەیاننامـەی ڕێککەوتن لە ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ لەلایەن حکوومەتەوە ڕاگەیەنرا کە تێیدا هاتبوو "دەوڵـەت دان بە مافە نەتەوەییەکانی کورددا دەنێت"[٣].

کاتێك ڕێککەوتنەکەی ١٠ی شوبات کرا، ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری حزب لە ئێـران بـوو، دوای گەڕانـەوەی ئەگـەرچی ڕێککەوتنەکـە لـە لایـەن نـوری شـاوەیس و جـەلال تاڵـەبانی ئەندامانی مەکتەبی سیاسـییەوە ئامـادەکرابوو، کـەچی کەوتـە بڵاوکردنـەوەی شـك و گومـان لەسەر ڕێککەوتنەکە و بەدناوکردنی سەرۆك بارزانی، (لەلایەن ئێرانییەکانەوە بەڵێنی ئەوە بە ئیبراهیم ئەحمەد درابوو ئەگەر ڕێککەوتنامەکەی شوبات هەڵوەشـێنێتەوە و پێگـەی بـارزانی لەق بکات، ئەوا لەلایەن ئێرانەوە یارمەتی دەدرێت)[٤].

لە ڕێکەوتی ١٧ی شوباتی ١٩٦٤ ئیبراهیم ئەحمەد، عـەزیز شـەمزینی و عومـەر مسـتەفا دەبابە هاتنە سەنگەسەر و لەگەڵ سەرۆك بارزانی کۆبوونەوە، ئـەنجامی کۆبوونەوەکـە ڕازی بـوونی هـەموو لایـەك بـوو لەسـەر ڕێککەوتنەکـەی شـوبات. دوای حەفتەیـەك مانـەوە لـە سەنگەسەر، ئیبراهیم ئەحمەد و هەڤاڵانی گەڕانـەوە مـاوەت، لـەوێ جـارێکیتر دەسـتیان بـە دژایەتییەکانیان کردەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری فەرمانـدە و پێشـمەرگە ماوەت جێبهێڵن و بچنە لای سەرۆك بارزانی لە سەنگەسەر و پلانەکەی مەکتەبی سیاسـی بـۆ سـەرۆك بـارزانی ئاشـکرا بکـەن. دوای هـاتنی فەرمانـدەکانی پێشـمەرگە، سـەرۆك بـارزانی کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ کردن و دوای ڕاوێژکردن، بڕیاریدا تەواوی ئەو فەرماندانە لابدات کـە دوای مەکتەبی سیاسی کەوتوون و لـە جیـاتی ئـەوان چەنـد فەرماندەیـەکی تـر دابنێـت کـە جێگای متمانەبن. فەرماندە لابراوەکان بریتیبوون لە: جەلال تاڵەبانی، عومەر مستەفا دەبابـە، عـەلی عەسـکەری و کـەمال مـوفتی. ئـەوەبوو وەك کاردانەوەیـەك، ئیبراهـیم ئەحمـەد و

مەکتەبی سیاسی پەنایان بردە بەر ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی گشتی و جاڕی بەستنی کۆنفرانسێکی بە پەلەیان دا لە ماوەت[٥].

پاش گەیشتنی نوێنەرە بانگهێشتکراوەکان لە شوێنە جیاوازەکانەوە، لە ڕێکەوتی ٤ی نیسانی ١٩٦٤ تاکو ڕێکەوتی ٩ی نیسانی ١٩٦٤، کۆنفرانس لە قوتابخانەی سەرەتایی شارەدێی ماوەت دەستی بەکار کرد. سەرەتا بڕیار بووە لە ڕێکەوتی ١ی نیسانی ١٩٦٤، لە گوندی مالومە کۆنفرانس بکرێت، بەڵام دواتر گواسترایەوە ماوەت[٦]، چونکە مەکتەبی سیاسی لە بروسکەکەیدا بە نوێنەرە بانگهێشتکراوەکان دەڵێت لە ڕێکەوتی ١ی نیسانی ١٩٦٤دا کۆنفرانسێك دەبەسترێت، بەڵام دوای سێ ڕۆژ لە وادەی خۆی ڕێکخرا. ڕاپۆرتی مەکتەبی سیاسی لە لایەن ئیبراهیم ئەحمەدەوە خوێندرایەوە[٧]. لە کۆی ١٦ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، کۆبوونەوە بە ئامادەبوونی دە ئەندام و بەرپرسانی هەر پێنج لقەکانی یەکی موسڵ، لقی دووی هەولێر، لقی سێی کەرکووک، لقی چواری سلێمانی و لقی پێنجی بەغدا بەسترا[٨]. بەڕێوەبەرانی کۆبوونەوەکە بریتیبوون لە: نوری شاوەیس، عەلی عەبدوڵا، سەید عەزیز شەمزینی و ئیبراهیم ئەحمەد. هەریەك لە جەلال تاڵەبانی، عومەر مستەفا، ساڵح یوسفی، شەمسەدین موفتی، عەبدولحسێن فەیلی، هاشم ئاکرەیی و ناهیدە شێخ سەلام بەهۆکاری جیاوازەوە بەشدارییان لە کۆنفرانسەکەدا نەکرد. عەقید عیسا پێژمان نوێنەری دەزگای هەواڵگری ساواکی ئێران لەکاتی کۆنفرانسەکە لە ماوەت بوو[٩].

مەبەستی سەرەکی ئیبراهیم ئەحمەد فەتاح لە کۆبوونەوەی ماوەت، دژایەتیکردنی مستەفا بارزانی و لادانی بوو لە سەرۆکایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان. هەر لە کۆنفرانسەکەدا وەفدێك پێکهێنرا، بۆئەوەی بکەوێتە نێوان مەکتەبی سیاسی و سەرۆك مستەفا بارزانی، بۆ ئەم مەبەستە وەفدەکە چووە لای سەرۆك بارزانی و بڕیاردرا، تا گەڕانەوەی وەفدەکە، کۆنفرانس کۆتایی پێ نەهێنرێت. وەفدەکە لەگەڵ سەرۆك بارزانی گەیشتنە ئەنجامێکی هاوبەش و گەڕایەوە ماوەت، کاتێك وەفدەکە گەڕایەوە کۆنفرانس کۆتایی پێهاتبوو و بەیاننامەیەکیان لە دژی سەرۆك بارزانی لەلایەن مەکتەبی سیاسی دەرکردبوو، بە ناونیشانی (ڕێککەوتنەکەی بارزانی و موشیر ئاشتییە یان خۆبەدەستەوەدانە؟)[١٠]، هەر بەپێی ئەو بەرنامەی کار و مەرامەی کە دانرابوو لە دوا ڕۆژی کۆبوونەوەکەدا بڕیاری سڕکردنی سەرۆك بارزانی درا[١١]. دوای ئەم بڕیارە، ئەو پێشمەرگانەی ئەرکی پاراستنی کۆنفرانسیان پێ سپێردرابوو، بە سەرپەرشتی محەمەد سەید عەلی حافز ڕاستەوخۆ ماوەتیان جێهێشت و چوونە پاڵ سەرۆك بارزانی، ئەمە جگە لەوەی ژمارەیەکیتر

لە ئەندامانی کۆنفرانس ناڕازیبوونی خۆیان لە بەرامبەر بڕیارەکان دەربڕی[12].

بەهۆی بڕیاری سڕکردنی سەرۆک مستەفا بارزانی، هێزەکانی پێشمەرگە بەسەر دوو بەرەدا دابەش بوون. لێژنەی باڵای چاودێری و پشکنینیش بۆ پاراستنی یەکڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشنیاری سازدانی کۆنگرەی شەشەمیان کرد. بۆ ئەم مەبەستە سەردانی ماوەت، بارەگای مەکتەبی سیاسی و سەنگەسەر، بارەگای سەرۆکیان کرد. لە وەڵامدا سەرۆک مستەفا بارزانی ڕەزامەندی سازدانی کۆنگرەیدا، بەڵام مەکتەبی سیاسی لەگەڵ سازدانی کۆنگرەدا نەبوو، هەر بۆیەش سەرۆک مستەفا بارزانی لە پێناوی ئامانجەکانی پارتی و شۆڕشدا بڕیاری دامەزراندنی لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی شەشەم واژوو دەکات[13].

# سەرچاوە و پەراوێز

١ - بڕوانە: مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٦١ ـ ١٩٧٥، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، (هەولێر ـ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ ٢٠٠٤ز)، ل ل ١٢٠ - ١٢٥.

٢ - هەمان سەرچاوە، ل ل ١٤٧ تا ١٥٠.

٣ - صلاح الخرسان، التيارات السياسية في كردستان العراق، قراءة في ملفات الحركات و الأحزاب الكردية في العراق ١٩٤٦-٢٠٠١، (بيروت – مطبعة البلاغ – ٢٠٠١م)، ص ١٢٣.

٤ - مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٥.

٥ - هامان سەرچاوە، ل ل ١٦٧، ١٦٨، ١٦٩.

٦ - نزار خەیلانی، ئەسعەد خەیلانی دەفتەری بیرەوەریەکانی هەڵدەداتەوە، (هەولێر ـ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان ـ چاپخانەی هێڤی ـ ٢٠١٤ز)، ل ٧٣.

٧ - عبدالستار تاهر شەریف، ململانی لەگەڵ ژیاندا یادداشت ١٩٧١ ـ ١٩٣٥، بەرگی یەکەم، (کەرکووك ـ چاپخانەی ئارابخا ـ ٢٠٠٥ز)، ل ٩٩-١٠٢.

٨ - شكيب عقراوي، سنوات المحنة في كوردستان اهم الحوادث السياسية و العسكرية في كوردستان و العراق من ١٩٥٨ الى ١٩٨٠، الطبعة الثانية، (اربيل ـ مطبعة منارة ـ ٢٠٠٧م)، ص ١٥٥.

٩ - مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٧٢، ١٧٣.

١٠ - هەمان سەرچاوە، ل ١٧١؛ حوسێن محەمەد عەزیز، پێنج کاتژمێر لەگەڵ (برایم ئەحمەد)دا، (سولەیمانی ـ چاپخانەی سیما ـ چاپی سێیەم ـ ٢٠٠٢ز)، ل ل ٤٥، ٤٦.

١١ - نزار خەیلانی، سەرچاوەی پێشو، ل ٧٣.

١٢ - مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٢.

١٣ -حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني ـ العراق (في محطات رئيسية) ١٩٤٦ ـ ١٩٩٣، (دهوك ـ مطبعة خەبات ـ ١٩٩٨م)، ص ص ٩٠، ٩١؛ صلاح الخرسان، المصدر السابق، ص ١٢٨.

# کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان

## تەمووزی ١٩٦٤

لە دوای شکستی هەوڵەکانی لیژنەی باڵای چاودێری و پشکنینی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ نزیکترکردنەوەی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی حزب بۆ سازدانی کۆنگرەی شەشەم، بە ڕەزامەندی لیژنەی باڵای چاودێری و پشکنین و ڕەزامەندی سەرۆکی حزب، لیژنەی ئامادەکاریی کۆنگرە بۆ هەڵبژاردنی نوێنەران لە نێوان ئەندامانی لیژنەی ناوچە و لیژنەی لقەکاندا دەستنیشان کرا[١].

کۆنگرە لە ڕێکەوتی ١ تا ٧ی تەموزی ١٩٦٤، لە شارۆچکەی قەڵادزێ بە ئامادەبوونی ٦٣٩ نوێنەر بەسترا[٢]. هەر لە سەرەتای دەستپێکی کۆنگرەوە لە ١ی تەمووز بە بڕیاری سەرۆك مستەفا بارزانی، شاندێکی دوازدە کەسی لە نوێنەرانی کۆنگرە، کە پێکهاتبوون لە: ئیسماعیل مەلا عەزیز، عەلی هەژار، مەجید ئەترۆشی، ئەحمەد ئەترۆشی، فاتح محەمەد ئەمین، جەلا مەحموود بەگ، ...هتد[٣]، سەردانی ماوەتیان کرد بۆئەوەی گرووپی کۆبوونەوەی ماوەت ئامادەی کۆنگرە بن و کێشەکانیان لە کۆنگرەدا بخەنەڕوو، بەڵام ئەوان نەك تەنیا ئامادە نەبوون، بەڵکو بەردەوام بوون لە دژایەتیکردنی ویستی زۆرینە[٤].

هەرچەند کۆنگرە چەند ڕۆژێك دواکەوت، بەڵام دەستی بە کارەکانی خۆی کرد و چەند بڕیارێکی دەرکرد کە گرنگترینیان: دامەزراندنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، ڕەتکردنەوەی بڕیارەکانی کۆنفرانسی ماوەت و دەرکردنی چوارده ئەندام لە کۆی هەژدە ئەندامی مەکتەبی سیاسی لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە بریتیبوون لە: ئیبراهیم ئحمەد، نوری شاوەیس، عومەر مستەفا دەبابە، سەید عەزیز سەید عەبدولا شەمزینی، جەلال تاڵەبانی، عەلی حەمدی، عەبدولڕەحمان زەبێحی، عەلی عەسکەری، ئەحمەد عەبدوڵا، حیلمی عەلی شەریف، محەمەد حاجی تاهیر، مەلا عەبدوڵا ئیسماعیل "مەلا ماتۆر"، نوری ئەحمەد تەها و عەلی عەبدوڵا[٥].

سەرۆک مستەفا بارزانی بە کۆی دەنگ بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرایەوە و کۆمیتەی ناوەندی نوێی حزبیش هەڵبژێردران، لەوانە چوارده کەس لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە ڕاستەوخۆ هەڵبژێردران، سێ کەسیش لە لایەن سەرۆکەوە پاڵێوران بۆ ئەندامی سەرکردایەتی، کە بریتیبوون لە: مستەفا قەرەداغی، محەمەد ئەمین محەمەد عەلی و عومەر شەریف. نوێنەرانی کۆنگرە سەرۆکیان سەرپشك کردبوو، لە هەڵبژاردنی ئەو ئەندامانە.

کۆمیتەی ناوەندی نوێ پێکهاتبوو لە:

١ - مستەفا بارزانی، سەرۆك
٢ - حەبیب محەمەد کەریم، سکرتێر
٣ - دکتۆر مەحمود عوسمان
٤ - ساڵح یوسفی
٥ - عەزیز ئاکرەیی
٦ - دکتۆر فوئاد جەلال
٧ - یەدوڵا فەیلی
٨ - عەلی قاسم شنگالی
٩ - نەعمان عیسا شەریف
١٠ - ئیسماعیل عارف
١١ - هاشم حەسەن ئاکرەیی
١٢ - ئیسماعیل مەلا عەزیز
١٣ - شێخ محەمەد هەرسین
١٤ - مستەفا قەرەداغی
١٥ - محەمەد ئەمین محەمەد عەلی
١٦ - عومەر شەریف
١٧ - ڕەمەزان ئاکرەیی
١٨ - فاتیح محەمەد ئەمین[٦].

دواتر کۆمیتەی ناوەندی بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سکرتێریان هەڵبژارد، کە پێکهاتبوون لە: حەبیب محەمەد کەریم، سکرتێر، دکتۆر مەحمود عوسمان، مستەفا قەرەداغی، ئیسماعیل عارف غەفور و هاشم ئاکرەیی. لێژنەی باڵای چاودێری و پشکنین لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە ڕاستەوخۆ هەڵبژێردران کە بریتیبوون لە: شەوکەت حاجی عەلی، فارس کۆرەمارکی، محەمەد مەلا قادر، سەبری بۆتانی، مەلا ساڵح حاجی و مەلا حەیدەر محەمەد حسێن[٧].

هەروەها کۆنگرە سەرکردایەتییەکی نوێی هەڵبژارد و پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پەسند کرد.

# پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی
# پارتی دیموکراتی کوردستان
# کە کۆنگرەی شەشەمی پارتی بڕیاری لێداوە*

## پێشەکی

کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ١ ی تەمموزی ١٩٦٤ تا ٧ ی تەمموزی ١٩٦٤ بەسترا، بەو پرۆگرامەی حزب و پەیڕەوە ناوخۆییەدا چووەوە کە کۆنگرەی پێنجەمی حزب بڕیاری لێدابوو، دوای گفتوگۆ و وردبوونەوە و تێبینی، لەبەر ڕۆشنایی ئەو هەلومەرجەی کە لەدوای شۆڕشی کورد لە ئەیلوولی ١٩٦١ دا هاتبووە ئارا، هەندێک هەمواركردنەوە کە لەگەڵ بارودۆخی ئێستادا دەگونجێ، بە پێویست زانرا، کۆنگرە ئەم پرۆگرام و پەیڕەوە ناوخۆییەی چەسپاند.

## پرۆگرام

**ماددەی (١) ناوی پارت** - پارتی دیموکراتی کوردستان.

**ماددەی (٢)** پارتیمان، پارتێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕی پێشڕەوە، نوێنەرایەتی بەرژەوەندی کرێکاران و جووتیار و خاوەنکار و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕ دەکات لە کوردستان.

**ماددەی (٣)** لە پێناو ڕزگاربوون و وەدەستهێنانی حوکمی زاتی(ئۆتۆنۆمی) بۆ کوردستانی عێراق، لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا، تێدەکۆشین.

**ماددەی (٤)** لە ئەگەری یەکگرتنی کۆماری عێراق و هەر وڵاتێکی دیکەی عەرەبی، گەلی کورد خۆی بڕیار لە چارەنووسی خۆی دەدات.

**ماددەی (٥)** لە خەباتی سیاسی و شیکردنەوە کۆمەڵایەتییەکانیدا حزب سوود لە تیۆرە زانستییە پێشکەوتنخوازەکان وەردەگرێت کە لەگەڵ واقیعی گەلی کوردمان دێتەوە.

**ماددەی (٦)** خەبات دەکەین لە پێناو دەسەڵاتێکی دیموکراسی پەرلەمانی بۆ عێراق، لەسەر بنەمای دانان بە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق و دەستەبەرکردنی ئازادیی ئاینیی و تێڕوانین و بیروباوەڕ و ڕۆژنامەگەری و بڵاوکراوە و ڕێکخستنە سەندیکایی و حزبییەکان بۆ تەواوی هاووڵاتیان.

**ماددەی (٧)**-

أ - خەبات دەکەین لە پێناو پتەوکردنی پەیوەندیی برایانەی نێوان هەردوو گەلی برا (عەرەب و کورد).

ب - لەسەر ئاستی کۆماری عێراق، خەبات دەکەین لە پێناو پاڵپشتیکردنی برایەتی (عەرەب – کورد) و یەکێتی نیشتیمانی لە عێراق.

ج - خەبات دەکەین لە پێناو پشتگیریکردن و پەیوەندیی دۆستایەتی گەلی کوردمان و هەموو گەلانی جیهان.

د - دانان بە مافی کەمایەتییە نەتەوەییەکانی دانیشتووی کوردستان.

**ماددەی (٨)**-

أ - خەبات دەکەین لە پێناو پاراستنی ئاشتی لە جیهاندا و کەمکردنەوەی تەنگژە نێودەوڵەتییەکان و پابەندبوون بە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و بڕیارەکانی کۆنگرەی باندونغ و بنەماکانی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان بە ڕێگای دانوستاندن و قەدەغەکردنی چەکی ناوکی و بەرگرتن لە تاقیکردنەوەی.

ب -بەردەوام بوون لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی نیشتیمانی دژە ئیمپریالیزم، بەو پێیەی هەڕەشەیە بۆ سەر خەڵک و پتەوکردنی دۆستایەتی لەگەڵ هەموو گەلانی جیهان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش و پشتیوانیکردن لە بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نەتەوەییەکانی گەلان کە خەبات بۆ سەربەخۆیی و دیاریکردنی چارەنووسیان دەکەن.

**ماددەی (٩)** پتەوکردنی دۆستایەتی و هەماهەنگی نێوان پارتیمان و پارت و ڕێکخراوە عێراقییەکانی دیکە کە باوەڕیان بە ڕەوایی پرسی کورد هەیە، هەروەها پشتگیری و پشتیوانی خەباتی برایانەی نێوان پارت و ڕێکخراوە دیموکراتیەکانمان لە پارچەکانی تری کوردستان دەکەین، لەگەڵ پتەوکردنی دۆستایەتی لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی دیکە لە هەموو

جیهاندا.

**ماددەی (١٠)** خەبات دەکەین بۆ پێشخستنی ئابووری نیشتیمانیمان و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی خەڵک لەهەموو ڕوویێکەوە، بە جێبەجێکردنی بنەماکانی پلانی ئابووری و ڕاگەیاندنی پرۆژەی کورتخایەن و درێژخایەن و دەستەبەرکردنی کادیری کارگێڕی و تەکنیکی پێویست بۆی.

**ماددەی (١١)** پارتیمان پێیوایە، پیشەسازییە قورسەکان سەرەکیترین کۆڵەگەی سەربەخۆیی ئابووری و سیاسین، بۆیە کار دەکەین بۆ بنیاتنان و گەشەپێدانی وڵات لە ڕێی پیشەسازی قورس و سوک، لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامی ئاماری سامانی کانزایی و بایەخدان بە پیشەسازی نەوت و گۆگرد و بەرەو پێشبردن و ڕووناککردنەوەی وڵات و گرتنەبەری ئەوەی پێویستە بۆ گەشەکردنی پیشەسازیی نیشتیمانی و پاراستنی لە کێبڕکێی کاڵای دەرەکی و هاندانی وەبەرهێنانی سەرمایەی نیشتیمانی لە پیشەسازیدا، بە لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندی بەکاربەر و پێشکەوتنی پیشەسازییە نیشتیمانیەکانمان و هاندانی پیشەسازییەکانی وەک شەکر، کاغەز، شیر، چەرم، قوتوبەندی، چیمەنتۆ، جگەرە و ئەوانی تر، نەهێشتنی باج لەسەر هاوردەکردنی ئامێر و کارگە بۆ پاڵپشتی لە پیشەسازییە نیشتیمانییەکانماندا.

**ماددەی (١٢)** خەبات دەکەین لە پێناو ڕیشەکێشکردنی بێکاری و دەرکردنی یاسای پێشکەوتوو، بۆ پاراستنی بەرژەوەندی کرێکاران و کارمەندان، بە دیاریکردنی ئاستێك بۆدەستەبەر بە شێوەیەک کە کرێکار و خێزانەکەی ژیانێکی شایستەیان هەبێت و کاتژمێرەکانی کارکردن دیاربکرێن و ڕێگری بکرێت لە کارکردنی نەوجەوانان، هەروەها یاسای پێشکەوتووی پێویست بۆ خانەنشینان و بیمەی گشتگیر دەربکرێت، ئازادی سەندیکایی مسۆگەربکرێت کە بەشێوەیەك بێت بەرژەوەندی کرێکار و بەکارهێنەرەکان بپارێزێت، ناردنی کرێکاران بۆ دەرەوەی وڵات و زیادکردنی قوتابخانە پیشەییەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تەکنیکیی کرێکاران.

**ماددەی (١٣)** خەبات دەکەین بۆ زیادکردنی داهاتی نەوتیی حکوومەت و تەرخانکردنی بەشێکی ئەو داهاتە بۆ خەرجی پرۆژەکانی بیناسازی و پیشەسازی و کشتوکاڵ لە کوردستان بەپێی ڕێژەی دانیشتوان، هەروەها بۆ هەوڵدان لە

پێناو دڵنیابوون لە چاودێریکردنی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان و ڕەوتی بەرهەمهێنان و نرخەکانی و پاڵپشتیکردنی کۆمپانیای نەوتی نیشتیمانی و کارکردن بۆ ڕێگرتن لە دەستتێوەردانی کۆمپانیا بیانییەکانی نەوت لە کاروباری ناوخۆی عێراق و دامەزراندنی پیشەسازیی پێکهاتەکانی نەوت لەلایەن حکوومەتەوە، لەو شوێنانەی کە نەوتیان لێ دەردەهێنرێ، بەشێوەیەك کە بگونجێ لەگەڵ بارودۆخی ناوچەکە و ئامادەکردنی کادیری کارگێڕی و تەکنیکی بۆ مسۆگەرکردن و خۆماڵیکردنی نەوت لە داهاتوودا.

**ماددەی (١٤)** لەگەڵ ئەوەی کێشەی زەویوزار لە کوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام ئەمە لە یاسای چاکسازیی زەویدا لەبەرچاونەگیراوە، بۆیە ئێمە خەبات دەکەین بۆ هەموارکردنەوەی بە شێوەیەک کە هەموو جووتیارانی کورد لایەنی کەم پارچە زەوییەکییان دەستبکەوێت، هەروەها ڕیشەکێشکردنی پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکان لە لایەکی دیکە، بۆئەوەی ڕەوشی جووتیاران باشتر بکرێت و داهاتیان زیاد بکرێت، لەم ڕووەوە پارتیمان لە هەوڵی بەدەستهێنانی ئەم داواکارییانەی خوارەوەیە:

**یەکەم:-**

أ - چاککردن و بەراوکردنی ئەو زەوییانەی کەڵکیان لێ وەرنەگیراوە و دابەشکردنی بەسەر جووتیاران و ئەوانەشدا کە زەوییان لەو ڕێژەیە کەمتر هەیە کە بە کەمترین بڕ دیاریکراوە لە یاساکەدا.

ب - چارەسەرکردنی کێشەی ئاودێری بە هەڵکەندنی جۆگە و بیری ئیرتیوازی و دروستکردنی بەنداو لەسەر ڕووبارەکان و گلدانەوەی ئاو، بۆ ئەو زەوییانەی بۆ کشتوکاڵ بەکاردێن، ڕێگەدان بە جووتیاران بۆ ئەوەی سوود لە پرۆژەکانی ئاودێریی حکوومەت وەربگرن.

ج - یارمەتیی جووتیاران بدرێت، بە پێدانی تۆو و پەینی کیمیایی، بۆ ئەوەی بتوانن بەروبوومەکان باشتر بکەن و جۆرەکانیشی ـ زیاتر بکەن و قەرزی درێژخایەنیان بە قازانجی کەمتر پێ بدرێت، تا لە دەستی سووخۆران ڕزگاریان بێ.

د - دامەزراندنی کۆمەڵەی هەرەوەزی بۆ جووتیاران، لە پێناو ساغکردنەوەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان و کڕینی ئەو شتومەکانەی بەکاریدێنن و ئەو ئامرازانەی بۆ بەرهەمهێنان پێویستیانە.

ه - ڕەواجــدان و ئاســانکاریی بــۆ بەکارهێنــانی ئــامێر و شــێوازی کشــتوکاڵی هاوچەرخ، هاندانی کاری بەکۆمەڵ و هەرەوەزی لەناوچـە کشـتوکاڵیەکان لـە نێوان جووتیاراندا.

و - پێـدانی ڕێنمایـی تەکنیکـی بـۆ بەرزکـردنەوەی ئاسـتی تەکنیکـی کشـتوکاڵی، هاندان و ناردنی جووتیارانی کوردستان بۆ وڵاتانی دەرەوە.

**دووەم:-**

بەخێــوکردنی ڕەشــەوڵاغ و مەڕداری، یەکــێکە لە دوو شــێوە ســەرەکییەکەی بەرهەمهێنــان لــە لادێکــانی کوردســتاندا، ڕێژەیەکــی زۆری داهــاتی جووتیــاران پێکدەهێنێت، بۆیە ئێمە خەبات دەکەین لە پێناو:

أ - هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو کۆت و بەندانەی پەیوەندییان بە بـەخێوکردنی مەڕ و مــاڵاتەوە هەیە، وەک پاوانــانە و دیــاری و ســەرانەی دیــکەی دەرەبەگایەتی.

ب -نیشــتەجێکردنی هــۆزە کۆچەرییــەکان و ڕەچــاوکردنی بــارودۆخی بەرهـەمهێنانیان و دابەشـکردنی زەوی بەسـەریان و دابینکردنـی لەوەڕگـا بـۆ ئاژەڵەکانیان.

ج - ڕەخساندنی دامەزراوەی پزیشکیی بۆ پاراستن و چارەسەری ئەو نەخۆشییانەی تــووشی ئــاژەڵ دەبــن و باشــترکردنی وەچــە و چــاودێریکردنی بەرهەمــە ئاژەڵییەکانیان، بە پەیڕەوکردنی ڕێگای زانستی دروست.

**سێیەم:-**

أ - هەموارکردنەوەی یاسای لە چوارچێوەدانی توتنکاری، بە شێوەیەک کە لەگەڵ بەرژەوەنـدی جووتیـاران و باشـترکردنی جـۆرایەتی بەرهەمەکـان بگونجێـت، سەبارەت بە کۆتە داسەپاوەکانی سەر چاندن و پۆلێنکردنی پلەبەندیی تووتن و نرخەکەی.

ب -پێدانی پارە و تۆی باش بە جووتیاران بە مەرجی ئاسان، بـۆ ئەوەی بتـوانن لە سەرەتای وەرزدا دەست بە کارە کشتوکاڵییەکانیان بکەن.

ج - ئامــادەکردنی پســپۆڕ و ڕێنیشــاندەر بــۆ چــاککردنی جۆرەکــانی تــووتن و دامەزراندنی کۆگای هاوچەرخ بۆ پاراستنی تووتن لە تێکچوون.

د - فراوانکردن و باشترکردنی پیشەسازیی جگەرە و تووتن و دامەزرانـدنی کارگـە

و تاقیگە لە ناوچەكانی بەرهەمهێنان، بۆ ئەوەی عێراق ببێتە یەكێك لە وڵاتە هەناردەكارەكان.

**چوارەم:-**

أ - گرنگیدان بە دارستان و هەمواركردنەوەی یاسا، بۆ پاراستنیان بەپێی بەرژەوەندی ئابوریی نیشتیمانی.

ب -هاندان بۆ دارچاندن و موتربەكردنی درەختەكان، بۆ زیادكردنی سامانی ڕووەك.

**ماددەی(١٥)** گواستنەوەی ئەو دامەزراوە و بەرژەوەندیە دەرەكییە زاڵانەی لەسەر بازرگانیی دەرەكیی وڵات هەن، بۆ دەستی نێوخۆیی نیشتیمانی، هاوكاریكردنی بازرگانە نێوخۆییەكان بۆ گەشەپێدانی بازرگانی نێوخۆیی و دەرەكی، دژایەتیكردنی قۆرخكاری و فێڵ و یاریكردن بە قوتی خەڵك و بنیاتنانی پەیوەندیی بازرگانی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی دوولایەنە و ڕێزگرتن لە سەروەریی نیشتیمان.

**ماددەی (١٦) :-**

أ - كاركردن بۆ ڕێكخستنەوەی كاروباری دارایی، بە شێوەیەك كە ئامانجی ئابووری لە خەرجییەكان و پارە بهێنێتەدی، بە ڕەچاوكردنی هاوسەنگی نێوان خەرجی و داهات، پارەی پێویست بۆ تەواوی پڕۆژەكانی بەرهەمهێنان دابینبكات.

ب -دۆزینەوەی سیستەمێكی دادپەروەرانەی باج، كە پشت بە باجی ڕاستەوخۆ و چەسپاو لەسەر داهات و میرات ببەستێت، سوككردنی باجی ناڕاستەوخۆ كە بارگرانییەكەی دەكەوێتە سەر شانی چینی زەحمەتكێش.

ج - هاندانی بانكە نیشتیمانییەكان، ئەمەش بە زیادكردنی سەرمایەكانیان و كردنەوەی لقی پێویست، دیاریكردنی نرخی سوی جیاواز بە جیاوازی لقە متمانەدارەكان و كۆكردنەوەی ئەو مامەڵە دەرەكییە بانكییانەی پەیوەستن بە حەواڵەكردنی پارە، بە تەنیا لە دەستی بانكە حكوومییەكان.

د - پاڵپشتی و فراوانكردنی بانكی ناوەندیی عێراقی و سەرپشككردنی لە گرتنەبەری هەموو ڕێوشوێنە دەستەبەرییەكان، بۆ ڕێگریكردن لە قاچاخچییەتیكردن بە دراو و زێڕ و بەهێزكردنی دراوی عێراقی و پارسەنگكردنی بە بری پێویست لە زێڕ و دراوی بیانیی هەمەجۆر.

ه - خۆماڵیكردنی بانكە بیانییەكان.

و - دەرکردنی یاسا و پێناسە گومرگییەکان بە شێوەیەک بێت کە بەرژەوەندی گشتیی گەل بپارێزێت و پارێزگاری لە ئابووری و بازرگانیی نیشتیمان بکات.

**ماددەی (١٧)-**

أ - ڕێکخستنی ڕێگاکانی گواستنەوە لە کوردستانی عێراق، بە فراوانکردنیان و کردنەوە و قیرتاوکردنی ڕێگای سەردەمی و دامەزراندنی هێڵی ئاسنین، هەروەها دابینکردنی تانکەری نەوت کە بۆ هەناردەکردنی نەوتی عێراق پێویستن، دامەزراندنی نووسینگەی گواستنەوەی نیشتیمانی و فراوانکردنی تۆڕی وشکانی و ئاسمانی و ئاوی و بەتەل و بێتەل لەگەڵ وڵاتانی تر بەپێی پێویست و بەرژەوەندی نیشتمانی.

**ب** -بایەخدان و فراوانکردن و ڕێکخستنی شوێنە گەشتیارییەکان، ڕێکخستنێکی سەردەمی و ئاسانکردنی ڕێگاکانی هاتوچۆ و بەیەکگەیشتنیان، دروستکردنی ڕێگایەک کە لە لایەک لە سلێمانییەوە تا زاخۆ بەیەکەوە ببەستێتەوە و لە لایەکی دیکەش بیبەستێتەوە بە تەواوی ناوچەکانی دیکەی عێراق.

**ماددەی (١٨)** - خەبات دەکەین بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی گەلی کوردمان، بۆ ئەوەی گرووپە پشتیوانییە نیشتیمانییەکان بکەین بە هێزێکی سیستەماتیکی تەیارکراو بە نوێترین چەك و بەرزکردنەوەی ئاستیان لە لایەنی تەندروستی و ڕۆشنبیری و بژێوی، جۆشدانی ئەندامان بە گیانی دیموکراسی ڕاستەقینە و نیشتیمانپەروەریی ڕاستگۆیانە، لەگەڵ دەستەبەرکردنی چاودێری بۆ خانەوادەی شەهیدان و پەککەوتووان، بە هۆکاری بەشداریکردنیان لە شۆڕشی کوردستان.

**ماددەی (١٩)** - دابینکردنی کارمەندی تەندروستی، بەکردنەوەی کۆلێژ و قوتابخانەی تەندروستی و زیادکردنی ڕێژەی ناردنە دەرەوەیان، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی خەڵک، بەدانانی پلانێکی ورد بۆ خۆپاراستن و بنبڕکردنی نەخۆشییە درم و گوازراوەکان، بەهێزکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕێنمایی تەندروستی لەڕێگەی پەخش و بڵاوکردنەوە و ڕادیۆوە. بایەخدان بە زیادکردنی ئەو ئاوەی خەڵک بۆ خواردنەوە بەکاریدێنن، چارەسەرکردنی نەخۆشی بە بێبەرامبەر لەهەموو کوردستان، زیادکردنی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان، لەگەڵ چەند دامەزراوەیەکی دیکەی چارەسەر، دابینکردنی

خزمەتگوزاریی پزیشکی بۆ گوند و شوێنە دوورەکان، دانانی پلانێکی گشتگیر بۆ بەرهەمهێنانی دەرمان و دانان و پەرەپێدانی پیشەسازییە خۆماڵییەکان و ئاسانکاری بۆ هێنانی ئامێر و کەرەستە هونەرییە هاوچەرخەکان، دانانی نرخی گونجاو بۆ داودەرمان.

**ماددەی (٢٠)** - گرتنەبەری شێوازی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی دیموکراسی بۆ سەرۆک شارەوانییەکان و ئەنجومەنی شارەوانییەکان و ئەنجومەنی بەڕێوەبەرەکان و دانانی پلانێکی گشتگیر بۆ شارەوانییەکان سەبارەت بە ئاوەدانکردنەوەی ناوچە دیاریکراوەکان بۆ دروستکردنی پارک و هاوینەهەوارە گشتییەکان و شەقام و یاریگا و گۆڕەپان لەکوردستان و عێراق.

**ماددەی (٢١)** - کاربکرێت بۆ ئەوەی ئافرەتان پراکتیزەی تەواوی مافە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان بکەن، دانانی یاسای پێویست بۆ پاراستنی مافی کارکردنی ئافرەتان لە پێش و لە کاتی منداڵبوون و پاش منداڵبوون و دروستکردنی خێزان، دانانی یاسا بۆ پارێزگاریکردن لە مافی دایکایەتی و منداڵ.

**ماددەی (٢٢)** -

أ - تیدەکۆشین لە پێناو دەستەبەرکردنی مافی قوتابیانی کورد و نەهێشتنی نەخوێندەواری و ڕیشەکێشکردنی نەزانی، ئاڕاستەکردنی پەروەردە و فێرکردن بۆ ئەوەی ئاڕاستەیەکی نیشتیمانی و دیموکراتی وەربگرێت، بۆ بەرەنگاربوونەوەی پرۆگرامی خوێندن بە ئاڕاستەی کۆنەپەرستی و فاشیستی و نەژادپەرستی و بەیەکەوە بەستنەوەی تیۆر و پراکتیک:.

ب -خەبات دەکەین بۆ زیندووکردنەوەی ئەدەب و مێژوو و هونەری کوردی و دەوڵەمەندکردنی بە کەلەپووری مرۆیی شوێنەواری گەلانی دیکە و پارێزگاریکردن و چاککردنەوەی شوێنەوارە مێژووییەکانی کوردستان.

ج - خەبات دەکەین بۆ دامەزراندنی زانکۆیەکی فەرمی لە کوردستانی عێراق کە شان بەشانی زانکۆکانی عێراق کاربکات و پارێزگاری لەسەربەخۆیی خۆی بکات و ببێتە ناوەندێکی گرنگی توێژینەوە و بەدواداچوونی زانستی.

ە - تێدەکۆشین لە پێناو خوێندنی زمان و ئەدەب و مێژووی کورد لە بەشی کوردی زانکۆی بەغدا و بڵاوکردنەوەی خوێندنی زمانی کوردی لە تەواوی

عێراقـدا، دامەزرانـدنی كـۆڕی زانسـتی زمـانەوانیی كـوردی، هـەروەها دامەزراندنی تۆڕی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لە كوردستان.

و - خوێنـدنی سـەرەتایی بـۆ هەردوو ڕەگەز بكرێتـە بە خـورتی، كـردنەوەی قوتابخانەی ئێواران بۆ كرێكاران و جووتیـاران و خەڵكـی زەحمەتكێشـی تـر، كـردنەوەی نووسـینگەی گشـتی و تـاقیگەی زانسـتی و یـانەی زیـاتر، بـۆ پێشكەشكردنی وتار و دیبەیتـی زیـاتر بـۆ بەرزكـردنەوەی ئاسـتی ڕۆشـنبیری لەناو خەڵكیدا.

ز - پێشخستنی ئەدەب و هونەری كـوردی و قۆسـتنەوەی وزە شۆڕشـگێڕییەكەی لە خزمەتی مرۆڤایەتی بە گشتی و خواست و ئامانجـە ڕەواكـانی گەلـی كـورد بەتایبەتی، هاندانی چالاكییە ئەدەبـی و هونەرییەكـان، زیـادكردنی زەمالـەی خوێنـدن و ناردنـە دەرەوەی قوتابیـانی كـورد بەپێـی ڕێـژەی دانیشـتوان و زیادكردنی بنیاتنانی شانۆ و گۆڕینەوەی شاندی شانۆكاران و مۆزیكژەنان.

**ماددەی (٢٣)** - پشتیوانی لە خەباتی گەلی كورد لەپارچە جیاجیاكانی كوردستان دەكەین، بـۆ ئەوەی لە ژێـر چـەپۆكی كۆڵۆنیـالیزم و كۆنەپەرسـتان ئـازاد بێـت، خەبـات دەكەین لە پێناو مافی گەلی كورد لە دیاریكردنی چارەنووسی خۆی.

**ماددەی (٢٤)** - هەوڵدەدەین ڕەگەزنامەی عێراقی بدرێتە ئەو كـوردانەی كە ئـاواتەخوازن لە عێراقدا بژین، ئەوانەی بە لای كەمەوە پێنج ساڵە ناسـنامەی نیشـتەجێبوونیان پێدراوە، وەک فەیلی و گۆیان و ئۆمریان و ئەوانی دیكە.

# پەیڕەوی ناوخۆ

## بەشی یەکەم

**ماددەی یەکەم:-** پارتی دیموکراتی کوردستان: پارتێکی دیموکراتیی پێشکەوتنخوازی پێشڕەوە، لەیەکێتییەکی لەخۆوەی خەڵکی دیموکراتیخوازی ئامانج هاوبەش پێکهاتووە کە پڕۆگرامی پارتی قبوڵ دەکەن و لەسەر پەیڕەوی ناوخۆی پارتی دەڕۆن و لە ڕیزەکانی پێشەوەی جەماوەر، بەپێی تاکتیك و پلان و ڕێنماییەکانی پارتی لە ژێر ڕۆشنایی بیردۆزی زانستی و شۆڕشگێڕی دروست، خەبات دەکەن.

ماددەی **دووەم:-** یەکێک لە ئامانجەکانی پارتیمان بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمیە بۆ کوردستانی عێراق لە چوارچێوەی کۆماری عێراق، خەباتکردن لە پێناو سەربەخۆیی ئابووری و سیاسی بۆ عێراق، مسۆگەرکردنی مافی ئەو کەمایەتییانەی کە لە کوردستان دەژین، و کاردەکەین بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری سیاسی ئەندامانی پارتیمان، لەڕێگای دروستکردنی کادیری هۆشیار بۆ حزب و چەسپاندنی برایەتی نێوان عەرەب و کورد.

## بەشی دووەم

## ئەندامی حزب

**ماددەی سێیەم:-** هەر کەسێک ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا هەبن، بە ئەندام هەژمار دەکرێت:

١ - بە پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی ڕازی بێت و بە گوێرەی مەرجەکان کاربکات.
٢ - لە یەکێك لە ئۆرگانەکانی حزب کار بکات.
٣ - ئابوونە بدات کە بەلایەنی کەم نابێت لەم ڕێژانەی خوارەوە کەمتر بێت:
- هەر ئەندام یان پاڵێوراوێک داهاتی (١٠) دینار بێت (١٪)
- هەر ئەندام یان پاڵێوراوێک داهاتی (١٠-٢٠) دینار بێت (٣٪)
- هەر ئەندام یان پاڵێوراوێک داهاتی (٢٥-٤٠) دینار بێت (٤٪)
- هەر ئەندام یان پاڵێوراوێک داهاتی (٤٠-٦٠) دینار بێت (٥٪)

- هەر ئەندام یان پاڵێوراوێک داهاتی (٦٠-١٠٠) دینار بێت (٦٪)
- ئەگەر داهاتی ئەندام ١٠٠ دینار بوو، ئەوا بۆ هەر ٢٥ دینارێك ڕێژەی (١٪) زیاد دەکرێت.

تێبینی١- ئەو ئەندام و پاڵێوراوانەی ئابوونە دەدەنە ئەو دامەزراوانەی کە حزب پەسندیکردووە تێیاندا بەشداربن، لە بەشێکی ئابوونەکە خۆشدەبێ کە نابێت ڕێژەکەی بگاتە نیوەی ڕێژەی دیاریکراو. هەروەها بۆ ئەو کەسانەی ڕاسپێردراون (٤) کەس ڕەوانە بکەن، بە مەرجێک ئەو پارەی دەیبەخشن مانگانە لە (٥٠) فلوس کەمتر نەبێت، ئەوا لە نیوەی ئەو ڕێژەیە خۆشدەبێ کە دیاریکراوە.

تێبینی ٢- کۆمیتەی ناوەندیی سەرپشککراوە، تا بەپێی هەلومەرج ڕێژەی هاوبەشی سەرەوە زیاد بکات.

تێبینی٣- کاتێک پاڵێوراوێک دەبێتە ئەندامی پارتی، ئەوا لە بری ئەندامێتییەکەی، دەبێت ئابوونەی مانگێک بدات.

٤ - نابێت تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر بێت.
٥ - لانیکەم دەبێت هۆشیاریی سیاسی و نیشتیمانیی گشتی هەبێت.
٦ - ڕەفتار و ناووناوبانگی لەناو خەڵک باش بێت.

**ماددەی چوارەم:-** لە پارتی وەرناگیرێت هەر کەسێک:

١ - دژایەتی ئاشتی و ڕزگاری، دیموکراتی و دۆزی کورد بکات.
٢ - نۆکەر یان سیخوڕ یان ئەندامی ڕێکخراوێکی تێکدەر بووبێت.
٣ - بەبێ ڕەزامەندی پارتی، چووبێتە ناو پارتێك یان ڕێکخراوێکی دیکە.

**ماددەی پێنجەم:-** لەسەر ئەندامی پارتی پێویستە:

١ - بەهەموو هێز و توانایەوە، بەپێی پلان و سیستەم و تاکتیەکەکانی پارتی خەبات بکات، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان و بڕیار و ڕاسپاردەکان.
٢ - بەهەموو هێزو توانایەکییەوە یەکڕیزی حزب، یەکێتی هزر و کارکردن و دیسیپلینی پارتی بپارێزێت.
٣ - پاراستنی نهێنییەکانی حزب، بەهەر نرخێک بێت.
٤ - بەردەوام کار بۆ دەوڵەمەندکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی شۆڕشگێڕانە و

کەلتووری بکات و تیۆر و بنەمای شۆڕشگێڕیی زانستیی دروست وەربگرێت.

٥ - بنەمای ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتن پەیڕەوبکات و ڕاستییەکان لەحزب نەشارێتەوە و بەرەنگاریی لوتبەرزی و لەخۆبایی بوون بەهۆی سەرکەوتن ببێتەوە.

٦ - پەیوەندییەکانی لەگەڵ خەڵک پتەوبکات، بەگرنگییەوە گوێ لە ڕاو بۆچوون و داواکاریەکانیان بگرێت، یارمەتییان بدات بۆ چارەسەرکردنی کێشە کەسیەکانیان لە ڕێگەی حزبەوە، یاخود وابکات حزب زانیاری هەبێت لەسەر داواکاری و ڕایەکانیان، هەروەها دەبێت سیاسەت و ئاڕاستەی حزب لە بوارە جیاجیاکاندا بۆ جەماوەر بگوازێتەوە و ڕوونیبکاتەوە.

٧ - نابێت شار و کارەکەی یان ڕێکخراوەکەی بە بێ ڕەزامەندی پارتی بەجێ بهێڵێت، دەبێت ڕاشکاو و ڕاستگۆ بێت، ئازادیخواز و ئازا بێت، بەرژەوەندی حزب لەسەرووی هەر بەرژەوەندیەکی ترەوە دابنێت.

٨ - نابێت بەبێ ڕەزامەندی حزب دابمەزرێت یان کاربکات.

**ماددەی شەشەم:-** پێویستە لەسەر ئەو کەسەی داواکاری هاتنەناو ڕیزەکانی پارتەکەمانە، بە قۆناغی پاڵێوراوی و تاقیکردنەوە تێپەڕێت و ناوی پاڵێوراوی لێدەنرێت:

١ - پاڵێوراو ئەوەیە هەموو مەرجەکانی ئەندامێتی دەیگرێتەوە، نابێت تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر بێت، ئەرکەکانی ئەندامێتی جێبەجێ بکات، بەڵام هێشتا ماوەی ئەزموونی تەواو نەکردووە و هەموو مافەکانی ئەندامێتی هەیە، جگە لە مافی هەڵبژاردن (نە هەڵدەبژێردرێت و نە دەتوانێت هەڵبژێرێت).

٢ - ماوەی ئەزموونی، بەپێی بارودۆخ و جۆری پاڵێوراو دەبێت، لەلایەن لێژنەی ناوچەوە دیاردەکرێت.

٣ - ماوەی پاڵاوتن نابێت لە شەش مانگ کەمتر بێت، بەڵام بۆ کرێکاران و جووتیاران ماوەکە سێ مانگە.

٤ - پاڵاوتن بۆ ئەندامیەتی حزب دەست پێدەکات، دوای ئەوەی لەلایەن دوو ئەندامی حزب پشتگیری دەکرێ کە ساڵێک یان زیاتر بەسەر ماوەی ئەندامیەتییان تێپەڕیوە و لە نزیکەوە پاڵێوراو دەناسن، لە کۆبوونەوەی شانە لە داواکاریی پاڵێوراو دەکۆڵدرێتەوە کە بەپێی فۆڕمی تایبەت داوای ئەندامیەتی کردووە.

٥ - داوای ئەندامیەتی هەر کەسێک کە ئەندامی لایەنە سیاسییەکانی دیکە بوو بە ڕەزامەندی کۆمیتەی ناوەندیی دەبێت و بەرپرسیار دەبێت لە هەموو ئەو جیاوکانەی لێی دەکەونەوە.

٦ - لێژنەی ناوەندیی کار لەسەر داواکاریی دووبارە گەڕانەوەی ئەو ئەندامانە دەکات

که بۆ ماوەیەک دەستبەرداری خەبات بوون لە حزب و لە فەرمانەکەی ئاماژە بە گەڕانەوەی دەکرێت.

**ماددەی حەوتەم:**- دەرکردنی ئەندامی حزب

لیژنەی ناوەندیی مافی دەرکردنی هەر ئەندامێکی هەیە، دوای ئەوەی لێژنەکانی باڵای بەدواداچوون پشتگیری لەداواکاریی لێژنەکانی چاودێری و پشکنینی خوارەوە دەکەن و لێژنەی ناوچەش مافی ئەوەی هەیە هەر پاڵێوراوێك دەربکات و بەرپرسیاریەتیش لە هەر ئەندامێک بستێنێتەوە دوای لێکۆڵینەوەی بەپەلە لەلایەن لێژنەی چاودێری و بەدواداچوون، ئەمەش دوای ئەوەی یەکێک لەو کارانەی ئەنجامدا

١ - ئاشکراکردنی نهێنیەکانی حزب.
٢ - درزخستنە ناو حزب، یان دەستکردن بە پارچەکردنی یان کوتلەکاری لە دژی.
٣ - بەکارهێنانی حزب بۆ بەرژەوەندی کەسیی، یان کەسانی تر.
٤ - پێشێلکردنی ڕێکارە حزبییەکان بۆ جاری دووەم، دوای ئاگادارکردنەوە.
٥ - پێداگیری بکات لەسەر لادان لە سەر ڕێگای حزب و کارکردن لە دژی ئامانج و ئایدۆلۆژیاکانی حزب.
٦ - ئەگەر بەبێ ڕەزامەندی حزب، پەیوەندی بە هەر حزبێکی تر یان ناوچەیەکی تر کرد.
٧ - ئەگەر بەبێ پاساو لە سێ کۆبوونەوەی یەک لەدوای یەک ئامادە نەبوو.
٨ - ئەگەر بەبێ پاساو بۆ ماوەی سێ مانگی بەدوای یەک ئابوونەی ئەندامێتی نەدا.
٩ - ئەگەر یەکێک لە مەرجەکانی ئەندامێتی لەدەستدا.

**ماددەی هەشتەم: مافەکانی ئەندامی حزب**- هەموو ئەندامێکی حزب ئەم مافانەی هەیە.

١ - ئاڕاستەکردنی ڕەخنە و پرسیار بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ.
٢ - بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ بۆ هەر دەستەیەکی حزبی هەڵبژێری یان هەڵبژێردرێ.
٣ - داواکردنی هاوکاری لە حزب لەکاتی پێویست.
٤ - بە لەبەر چاوگرتنی ئەم پەیڕەوە، مافی تۆمارکردنی سکاڵای هەیە.
٥ - هەر کەسێک بەهۆی خەباتی حزبی زیندانی و دووربخرێتەوە، لەسەر حزب پێویستە بەپێی توانا هاوکاری بکات.

## بەشی سێیەم

## دامەزراندنی پارتی و ئەو بنەمایانەی لەسەری دامەزراوە

**ماددەی نۆیەم:-** دامەزراندنی حزب لەخوارەوە بۆ سەرەوە لە شانە، لێژنەی ڕێکخراو، لێژنەی ناوخۆ، لێژنەی ناوچە، کۆمیتەی ناوەندیی، کۆنفرانس، کۆنگرە پێکدێت.

**ماددەی دەیەم:-** دامەزراندنی پارتی لەسەر بنەمای ئەم ڕێکخستنانەی خوارەوەیە:

١ - مەرکەزیبوونێکی دیموکراسی.
٢ - لێژنەکانی پارتی بەڕێگای هەڵبژاردن و دەنگدانی نهێنی پێکدێن.
٣ - ڕێکارەکانی حزب بەسەر هەموو ئەندامان‌دا جێبەجێ دەکرێت و هەموویان لە ماف و ئەرکدا یەکسانن.
٤ - هەموو لێژنەیەکی حزبی دەبێت راپۆرتی خوولی لەسەر کار و چالاکییەکان پێشکەش بە دامەزراوەی سەرووتری خۆی بکات.
٥ - لێژنەکانی خوارەوە دەبێت ئەوکێشانەی پێویستیان بە چارەسەرکردن و بڕیاری سەرووی خۆیان هەیە، بنێرن بۆ لێژنەی سەرووی خۆیان، داوا لەو لێژنەیە بکەن کە لەکاتێکی گونجاو ڕێنمایی و ڕاسپاردە سەبارەت بە بابەتەکە بنێرن.
٦ - لێژنەکانی حزب بە جیاوازی ئاستەکانیان دەبێت سەکردایەتی بە کۆمەڵ پەیڕەو بکەن، کە نکۆڵی لە بەرپرسیاریەتی تاکەکەسی ناکات، پێویستە بە یەکەوە چارەسەری هەموو کێشە و گرفتە گشتییەکان بکەن، لەگەڵ ئەوەی دەبێت دەرفەت بدرێتە ئەندامان، بۆ ئەوەی دەستپێشخەریی خۆی ڕوونبکاتەوە و ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، دەبێت لێژنەکان چارەسەری بیروڕا ناکۆکەکانیان لە هەموو پرسێك بە زۆرینەی دەنگ یەکلابکەنەوە، کەمینە ملکەچی زۆرینە ببێت و لێژنەی خوارەوەش ملکەچی لێژنەی سەرووی خۆی بێت.

**ماددەی یازدە:-** ڕێکخراوەکانی پارتی مافی ئەوەیان هەیە دەستپێشخەری و بڕیاری ناوچەیی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆیان پێشکەش بکەن، بەمەرجێك ناکۆک نەبێت لەگەڵ بڕیاری حزب و سیاسەتی گشتی.

**ماددەی دوازدە:-** لێژنە حزبییەکانی خوارەوە پابەندن بڕیارەکانی لێژنە حزبیەکانی سەرووی خۆیان جێبەجێ بکەن، بەڵام کاتێک لێژنە حزبیەکانی خوارەوەی بۆیان ئاشکرا دەبێت کە

بڕیارەکە لەگەڵ بارودۆخی ناوچەکەیان ناگونجێت و ناتوانن جێبەجێی بکەن، دەتوانن تێبینیی خۆیان لەسەر بڕیاری ناوبراو بدەن.

## بەشی چوارەم

## ڕێکخراوە حزبییەکان و ئەرک و دەسەڵاتیان

**مادەی سێزدەم:-**

١ - شانە: دامەزراوەی سەرەکیی حزبە و بنکەی جەماوەریی و سەرچاوەی یاسایی و دەسەڵاتەکانیەتی کە دەدرێت بە ڕێکخراوە باڵاکانی، شانە بەپێی ڕێکخستنی هەنووکەییی لە(٣ – ٧) ئەندام پێکدێت کە لە نێوانیاندا ڕێکخەر هەیە، لەلایەن لێژنە ڕێکخراو یاخود لێژنە ناوچە دادەمەزرێندرێت.

٢ - دەسەڵات و ئەرکەکانی شانە:

١ - لە چوارچێوەی سیاسەت و پلان و پڕۆگرامی حزب تێدەکۆشێت بۆ جێبەجێکردنی ئامانج و ئەرک و کارەکانی حزب و ئەو ڕێنماییانەی کە حزب پێدەدات.

٢ - سەرپەرشتیی ئەندامەکانی دەکات و ئاڕاستە و چاودێرییان دەکات، بۆ ئەوەی ئەرکەکانیان جێبەجێبکەن و مافەکانیان بەکاربهێنن.

٣ - بەلایەنی کەمەوە هەفتەی جارێک بە سەرۆکایەتی ڕێکخەر، یان یاریدەدەری ڕێکخەر کە لەلایەن شانە هەڵبژێردراوە، کۆدەبێتەوە.

٤ - ئەرکەکان بەسەر ئەندامانیدا دابەش دەکات، چاودێریی کارەکانی هەفتانەیان دەکات کە ڕایدەپەڕێنن.

٥ - بانگەشە بۆ حزب و بنەماکانی دەکات و بڵاوکراوەکانی لە سنووری چالاکی خۆی بڵاودەکاتەوە.

٦ - چاودێریی شانەی پاڵێوراوان و لایەنگران دەکات، لەسەر بنەمای ڕۆشنبیریی حزبی پەروەردەیان دەکات و چاودێریی کارەکانیان دەکات و ڕابەرایەتی و سەرپەرشتییان دەکات، بۆ ئەوەی ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن.

٧ - ئابوونەی ئەندامبوون لەئەندامان و پاڵێوراوان و ئەوەی لایەنگران دەیبەخشن کۆدەکاتەوە و نرخ بۆ بڵاوکراوەکان دیاردەکات.

٨ - ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی حزب دەخوێنێتەوە و بە ئازادی گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت و بۆچوونەکانیان بۆ لێژنە باڵاکان دەنێردرێت.

٩ - کار دەکات بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاریی سیاسیی گشتی و تیۆری و حزبایەتی لە نێوان ئەندام و پاڵێوراو و لایەنگران.
١٠ -لە فۆرمەکانی پاڵاوتن دەکۆڵێتەوە و داوای ئەندامیەتی بۆ پاڵێوراوان لە لێژنەی باڵا دەکات.
١١ -پەیام و نووسراو و نامەی ئەندام و هەواڵ و زانیاریی پێویست بۆ لێژنەی باڵای سەرووی خۆی دەنێرێت.
١٢ -ڕاپۆرتی مانگانە بۆ لێژنەی ڕێکخراو، یان لێژنەی ناوچە دەنێرێت لە بارەی کار و چالاکییەکانی، سەبارەت بەوەی جێبەجێی کردووە، یاخود جێبەجێی نەکردووە.
١٣ - بەپێی پلانی حزب سەرپەرشتیی خەباتی جەماوەری لە ناوچەکەی خۆی دەکات و لەسەر خەباتی شۆڕشگێڕیی ڕێکخراو ڕایان دەهێنێت، نزیکترین و ڕاستگۆترین پەیوەندیی لەگەڵ جەماوەر دروست دەکات، بۆ ئەوەی داواکاریەکانیان بزانێت و بیانگەیەنێتە حزب.
١٤ -هەموو ئەندامان بەرپرسن لە بەڕێوەبردنی کاروباری شانە.
١٥ -گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ پشتڕاستکردن و بەردەوامبوونی پەیوەندیی نێوان ئەندامانی بنکە لەلایەك و بنکە و لێژنە ڕێکخراوی سەرووی خۆی لەلایەکەی دیکەوە.

**ماددەی چواردەم**- ١- لێژنە ناوخۆیی- نوێنەرایەتی پارتی دەکات و سەرپەرشتیی ئاڕاستەکردنی ئەندامانی دەڤەرەکە دەکات، کە لێژنەی ناوەندیی دیاریکردووە، ڕاستەوخۆ بەرپرسە لە سەر چالاکی و کاروباری پارتی و بەدیهێنانی پرەنسیپەکان و جێبەجێکردنی ڕێنمایی و بڕیارەکان لە ناوچەی دیاریکراو، ئەندامانی لێژنەی ناوچە لەلایەن ئەندامانی پارتی لە چوارچێوەی چالاکییەکانی لێژنە ناوچە هەڵدەبژێردرێن، ژمارەی ئەندامانی لە(٣-٩) ئەندام دەبێت.

٢- ئەرک و دەسەڵاتەکانی:-

١ - بەڕێوەبردن و ڕێنمایی و هاندانی ئەندام و شانە و ڕێکخراوەکان، بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان بەپێی پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆ و ڕێنمایی و بڕیارەکانی پارتی.
٢ - هەڵبژاردنی بەرپرسی لێژنە و هەردوو جێگرەکانی کە ئەرکیان بەڕێوەبردن و ڕێکخستن و سەرکردایەتیکردنی لێژنەی ناوچەیە، دەبێت بەلانیکەم یەکێك لە ئەندامی لێژنەی ناوچە پارتییەکی پیشەیی بێت.
٣ - لێژنەی ناوەندیی هەڵبژاردنی بەرپرسی لێژنەی ناوچە پەسنددەکات و لێژنەی

ناوەندیش بۆی هەیە یەک جار ڕەتیبکاتەوە، لەگەڵ خستنەڕووی هۆکارەکان، ئەگەر لێژنەی ناوچە دووبارە دەنگی بە ڕایەکەی پێشووی دایەوە، ئەوا ڕایەکەی پەسەند دەکرێت.

٤ - بەلایەنی کەم کۆبوونەوە هەر پازدە ڕۆژ جارێك دەبێت، بۆ تاوتوێکردنی ئەو بڕیارانەی کە جێبەجێ کراون و، لێپرسینەوە لە ئەندام و شانە و ڕێکخراوەکان لەسەر کاری پارتایەتیان.

٥ - بڕیاری کۆتایی لەبارەی داواکارییەکانی بوونە ئەندام دەردەکات و وەڵامی پرسیاری ئەندامان و شانە و ڕێکخراوەکان و ڕەخنە و پێشنیاز و پەیامەکانیان دەداتەوە.

٦ - خەباتکردن لە پێناو فراوانکردنی بزووتنەوە کرێکاری و جووتیاری و قوتابیان و پیشەوەران و لاوان و ئافرەتان و ئەوانەی پشتیوانی لە ئاشتی دەکەن.

٧ - کۆکردنەوەی ئابوونەی ئەندامیەتی و بەخشین و دیارکردنی نرخی بڵاوکراوە حزبییەکان و ناردنیان بۆ لێژنەی سەرووتری خۆیان.

٨ - بەشداریی کاریگەرانە لە سەرکردایەتیکردنی هەموو جۆرە خەباتێکی جەماوەریی لە ناوچەکە.

٩ - مافی ئەوەی هەیە، بەیاننامە تەنیا لەبارەی ڕووداوەکانی ناوچەکەی دەربکات، لەگەڵ دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بە تیشکخستنەسەر سیاسەتی گشتیی پارتی.

١٠ -سەپاندنی سزا و ڕاکێشانی سەرنج و ئاگادارکردنەوە و دەرکردنی کاتیی بۆ ماوەیەک کە لە شەش مانگ زیاتر نەبێت، بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی لێژنە ناوچە.

١١ -هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی بۆ لێژنەی ڕێکخراو و کۆنفرانس.

١٢ -لە پێناو فراوانکردنی کاری حزبی و چوونە ناو جەماوەر، مافی پێکهێنانی لیژنەی پیشەیی هەیە بە پێی پێویستی و دیاریکردنی ئەرکەکان و دەسەڵاتی هەموو لێژنەیەك.

١٣ -ئامادەکردنی شوێنی کۆبوونەوە و دانانی کات و بەڕێوەبردن و ئامادەکردنی قسەکەر و ڕێکخستنی ڕاپۆرتی مانگانە، وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی لێژنە باڵاکان و ڕێکخستنەوەی هەژماری مانگانە.

١٤ -بەرپرسی لێژنە ڕاستەوخۆ بەرپرسە بەرامبەر لیژنەی باڵاترەکان لە خۆی.

١٥ -گرتنەبەری ڕێوشوێن، بۆ بەردەوامبوونی پەیوەندیی لەگەڵ هەموو شانەکان لە ناوچەی خۆی لە هەر بارودۆخێکدا.

**ماددەی پازدەم:- لێژنەی ناوچە** - لەو ناوچەیەی کە لێژنەی ناوەندیی دەستنیشانی دەکات، لیژنەی ناوچە پێکدێت لە (٧-١١) ئەندام، کە لەلایەن ئەندامانی لیژنە ناوچەکانەوە

هەڵدەبژێردرێن، بەو ڕێژەیەی كە لە لایەن لێژنەی ناوەندییەوە دیاریكراوە لەسەر بنەمای ژمارەی ئەندامانی هەر لێژنەیەك و ئەرك و دەسەڵاتەكانی خۆی لەو سنوورەدا جێبەجێ دەكات كە وەك دەستەی باڵا لە ناوچەكە دامەزراوە و دەسەڵاتی هەیە بەسەر لێژنە خۆجێییەكان و بەرامبەر بە شانەكان و ئەو ئەركانەی لە لێژنە ناوچەكانی سەرانسەری ناوچە دانراوە و سێ ئەندامیان هەڵدەبژێردرێن، كە یەكێكیان بەرپرسی یەكەمە، هەروەها لێژنەیەكی كاركردن پێكدێت و لێژنەی كار لەماوەی دوو كۆبوونەوەدا دەسەڵاتەكانی لێژنەی ناوچە بەكاردەهێنێت، لێژنەی ناوچە مافی خۆیەتی دوای پەسەندكرانی لە لایەن لێژنەی ناوەندیی لەژێر ڕۆشنایی سیاسەتی بەرنامە بۆ داڕێژراوی حزب، گۆڤاری تایبەت بەخۆی دەربكات، پێویستە لێژنە ناوچە بە لایەنی كەمەوە دوو مانگ جارێك كۆببێتەوە.

**ماددەی شازدەم:-**

أ - كۆمیتەی ناوەندیی: لە حزبدا نوێنەرایەتی بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێكردن دەكات لە دوای كۆنفرانس، چالاكی هەموو دامەزراوە حزبی و سیاسی و ڕێكخراوەییەكان بەڕێوەدەبات و سەرپەرشتییان دەكات بۆ خەباتكردن لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەكانی حزب، بەپێی پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆیی، لەنێوان دوو كۆنگرەدا.

ب -ئەندامانی لێژنەی ناوەندیی لە(١٣-١٧)ئەندام هەڵدەبژێردرێن، لەگەڵ ژمارەیەك پاڵێوراو كە ژمارەیان لە نێوان (٥-٩) ئەندام دایە، بۆ ئەندامیەتی لێژنەی ناوەندیی لەلایەن كۆنگرەوە، بە مەرجێك بە شێوازی خۆپاڵاوتن هەڵبژێردرێن.

ج - ئەگەر ئەندامێكی كۆمیتەی ناوەندیی نەیتوانی ئەركەكانی خۆی جێبەجێ بكات، ئەندامێكی یەدەگ كە زۆرترین دەنگی لە كۆنگرەدا بەدەستهێناوە، شوێنی دەگرێتەوە.

د - **مەرجەكانی ئەندامێتی كۆمیتەی ناوەندیی: -**

١ - نابێت تەمەنی لە بیست و پێنج ساڵ كەمتر بێت.

٢ - نابێت ئەندامیەتی لەحزب لە سێ ساڵ كەمتر بێت.

٣ - ڕابردوویەكی شەرەفمەندانەی لە خەباتدا هەبێت.

٤ - نابێت لە بەرهەڵستكارانی پارتی بێت.

٥ - ئەگەر یەكێك لە ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندیی ئامادەنەبوو، ئەوا ئەو ئەندامە یەدەگەی زۆرترین دەنگی لە هەڵبژاردنی كۆنگرە هێناوە، جێگەی دەگرێتەوە.

٦ - لە كاتی زیندانیكران و ئامادەنەبوون و ئاوارەیی ئەندامێكی كۆمیتەی ناوەندیی بەهۆی خەبات و كاری حزبییەوە، ئەندامیەتی كۆمیتەی ناوەندیی لێ ناسەندرێتەوە.

**ماددەی حەڤدەم:-**

ئەرک و دەسەڵاتەکانی کۆمیتەی ناوەندیی ئەم کارانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:

١ - هەڵبژاردنی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی و چوار ئەندام کە مەکتەبی سیاسی پێکدەهێنن و کارەکانی بەڕێوەدەبەن و چالاکییە حزبییەکان ئاڕاستە دەکەن، مافی ئەوەی هەیە کە لە نێوان ئەندامەکانیدا لێژنەی جیا جیا پێک بهێنێت.

٢ - خەبات دەکات بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نزیک و دوورەکانی حزب و دانانی پلان و تاکتیکی پێویست و دیارکردنی سیاسەتی حزب بەرامبەر بە هەموو ڕووداوەکان.

٣ - چاودێری و سەرپەرشتیکردنی جێبەجێکردنی پەیڕەوی ناوخۆی حزب و پرۆگرام و بڕیارەکانی کۆنگرە و کۆنفرانس.

٤ - پاراستنی ئامانج و پرەنسیپە شۆڕشگێڕییەکانی حزب لە هێرش و پەلامارەکان و پاراستنی یەکەی حزب (یەکەی فیکر و کار و بۆچوون و ڕێکارەکان) و پاراستنی نهێنییەکانی حزب.

٥ - پاراستنی ماڵی حزب و پەرەپێدان و ڕێکخستنی داهاتەکانی پارتی و خەرجییەکانی بەشێوەیەك کە لە شتە ناپێویستەکان خەرج نەکرێت.

٦ - دیارکردنی هەڵوێستی حزب بەرامبەر بە حزب و ڕێکخراو و دەستە و بەرە یەکگرتووەکان لە بەر ڕۆشنایی بەرنامە و بڕیارەکانی کۆنفرانس و کۆنگرە.

٧ - ڕاگەیاندنی هەڵوێستی حزب لەبەرامبەر هەموو ڕووداوە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان و بزووتنەوە کرێکاری و جووتیارییەکان و بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان و بارودۆخی نێودەوڵەتی.

٨ - دانانی پلان و کێشانی نەخشە ڕێگا بۆ بەهێزکردنی چالاکی حزب لە هەموو بوارەکاندا.

٩ - پەروەردەکردن و ئامادەکردنی کادیری حزبی، بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنە تیۆریی و سیاسییەکان، ڕاهێنانی ئەندامان و جەماوەر لەسەر خەباتی شۆڕشگێڕانە، بەو شێوەیەی کە ئەمە یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانیان.

١٠ - بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە ناو کرێکاران و جووتیاران و جەماوەری کورد و کوردستان بەگشتی بەپێی پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی پارتی.

١١ - ڕەخساندنی هۆکارەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی ناوەندیی و بڵاوکردنەوەی داتا و نامیلکەی پەروەردەیی و دەستنیشانکردنی دەستەی دەرکردنی ڕۆژنامەی ناوەندیی و سەرپەرشتیکردنی.

١٢ - وەڵامــدانەوەی ڕەخــنە و پێشــنیاز و پرســیار و گلەیــی ئەنــدامان و کــارکردن بــۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.
١٣ - ڕاپەڕاندنی تەواوی ئەرکەکــانی ســەرکردایەتی لە بــواری سیاســی و ڕێکخراوەییــدا و سەرکردایەتیکردنی حزب لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا .
١٤ - دیــارکردنی کــات و شــوێنی کــۆنگرە و کــۆنفرانس، لەگــەڵ دیــارکردنی ڕێــژەی نوێنەرایەتیکردن.
١٥ - ئامادەکردنی ڕاپۆرتی گشتی بۆ کۆنگرە و لەکاتی پێویستدا بۆ کۆنفرانسیش.
١٦ - هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی ڕاستەوخۆ لە بەردەم کـۆنگرە بەرپرسـن، چ وەك تاك یان وەك لێژنە، بۆ کار و کردەوەکانیان یان بۆ پلان و سیاسەتەکانیان.
١٧ - مافی هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری لێژنەکانی خوارەوەی خۆی هەیە.
١٨ - بڕیار لەسەر ڕووداوی لێژنە ناوچەکان و لێژنەی ناوچە نوێیەکان و ڕێکخراوە گشـتییەکان دەدەن.
١٩ - داوای بەستنی کۆبوونەوەی نائاسایی کۆنفرانس یان کۆنگرە دەکات لەسەر بنەمای:-
أ - داواکاریی زۆرینەی ئەندامانی حزب لەڕێگەی ڕێکخراوەکانیانەوە.
ب -داواکاریی دوو لەسەر سێی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی.
٢٠ - بڕیارەکــانی دەبێــت لەلایەن هەمــوو ڕێکخراوەکــانی حــزب جێبەجێبکرێــت و کــۆنگرە و کۆنفرانس دەتوانن ئەم بڕیارانە هەڵبوەشێننەوە.
٢١ - لە مەکتەبی سیاسی دەپێچێتەوە و ئەرک و پلانی پێویستی بۆ دادەنێت.
٢٢ - کــۆمیتەی ناوەنــدی مــافی ئەوەی هەیە هەمــوو ئەو ڕێوشــوێنانە بگــرێتەبەر کە بــۆ پاككردنەوە لە ناو پارتی پێویستن، بە مەرجێک ئەو لێکۆڵینەوەیە لەلایەن دەزگـای بـاڵای چاودێری و بەدواداچوون ئەنجام بدرێت و ئەوەی ئەم ڕێکارانە دەیگرێتەوە، دەتوانێـت لە پلنیۆمی پارتی پەڵپی لێ بگرێت.
٢٣ - لەسەر کـۆمیتەی ناوەندییـە نوێنەرەکـانی بنێرێـت، یـان کـادیری حزبـی بگـوازێتەوە بـۆ ناوچەکانی دیکە و لێژنـە ناوچـە جۆراوجـۆرە ناوخۆییـەکان، بە مەبەسـتی بەهێزکردنـی ڕێکخستنەکان و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و لە پێناو ڕاپەڕاندنی کارەکانی دیکەی پارتی.
٢٤ - ئەگەر ئەنـدامێکی کـۆمیتەی ناوەنـدیی کارێـک بکـات کە پێویسـت بکـات دەربکرێـت، کۆمیتەی ناوەندیی بۆ هەیە بە زۆرینەی دوو لەسـەر سـێی دەنگەکـان لە بەرپرسـیارێتی دووریبخاتەوە و بیخاتە بەردەم پلینۆمی گەورە، تا سزای پێویست بدرێت.

**ماددەی هەژدەم:**

أ - پێویستە لێژنەی ناوەندیی بە شێوەی خولی و لەخۆوە هەر دوو مانگ جارێک کۆببێتەوە.
ب -پلنیۆمی حزبی کە پێکدێت لە لێژنەی ناوەندیی و ئەندامانی لێژنەی بالای چاودێری و بەدواداچوون و ئەندامە یەدەگەکانی لێژنەی ناوەندیی، بۆ هەڵسەنگاندنی کار و چالاکییەکانی سەرکردایەتی و دانانی پلانی پێویست بۆ ماوەی داهاتوو، هەموو چوار مانگ جارێک کۆدەبێتەوە.
ج - (پلنیۆمی فراوان) لەسەر داواکاریی پلنیۆمی ئاسایی دەبەسترێت و پێکدێت لە نوێنەری پلنیۆمی ئاسایی و نوێنەری لێژنە ناوچەکان و لێژنەی ناوخۆیی و پیشەیی، لە ڕێگەی هەڵبژاردن لە هەر لێژنەیەک ئەندامێک هەڵدەبژێردرێت.
د - کۆمیتەی ناوەندیی مافی ئەوەی هەیە، ڕێکخراوی حزبی لە دەرەوەی عێراق لە ئەندامانی حزب بەپێی پەیڕەو و پڕۆگرامی ناوخۆی پارتی دامەزرێنێت.

**ماددەی نۆزدەم:- أ- مەکتەبی سیاسی-**

١ - مەکتەبی سیاسیی حزب لەسکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی و چوار ئەندام پێکدێت کە کۆمیتەی ناوەندیی لەنێو ئەندامەکانی هەڵیاندەبژێرێت.
٢ - مەکتەبی سیاسی بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندیی تەنیا لەنێوان دوو کۆبوونەوەدا جێبەجێ دەکات، ئەگەر پێویست بێت گۆڕانکاریی لەسیاسەتی بڕیار لێدراو بکرێت، کۆمیتەی ناوەندیی دەستبەجێ داوای کۆبنەوە دەکات.

## بەشی پێنجەم

## دەستەی چاودێری و بەدواداچوون

**ماددەی بیستەم:-** لە کۆنفرانس یان لە کۆنگرە لێژنەیەك کە ژمارەی ئەندامانی لە نێوان ( ٥ - ٧ ) دەبێت، هەڵدەبژێردرێت، لەگەڵ دوو ئەندامی یەدەگ کە بەرپرسی یەکەم لەنێوخۆیان هەڵدەبژێرن، لێژنەی بالای چاودێری و بەدواداچوونی پارتی بەرپرسیارە بەرامبەر کۆنگرە، هەروەها لەناو بازنەی کارکردنی لێژنە ناوچەکان بەهەمان شێوە هاوشێوەی هەیە کە لە ڕێگای کۆنفرانسی ناوخۆیی هەڵدەبژێردرێن، لە (٣-٥) ئەندام پێکدێت.

**ماددەی بیست و یەکەم:-** ئەرک و دەسەڵاتەکانی لێژنەکانی چاودێری و بەدواداچوون ئەمانەن:

١ - هاوکاریکردنی لێژنە خۆجێییەکان و لێژنەی ناوچەکان و لیژنەی ناوەندیی لە کارەکانیان و کاروباری بەدواداچوون کە لەلایەن لێژنە تایبەتمەندەکان ڕاسپێردراون.
٢ - لە کاروباری دارایی و خەرجیی پارتی دەکۆڵێتەوە، بەشێوەیەکی ڕاست و دروست چاودێری پەیڕە و پرۆگرامی ناوخۆ و بڕیارەکانی لێژنەی باڵا دەکات، ڕاپۆرت لەسەر کارەکانیان بۆ لێژنەی حزبی و لێژنەی باڵای بەدواداچوون بەرزدەکاتەوە، لێژنەی باڵای بەدواداچوون مافی ئاڕاستەکردنی لێژنەکانی خوارەوەی خۆی هەیە لە بابەت و کێشەکانی پەیوەست بە بەدواداچوون.
٣ - لە سکاڵای (کەسی و حزبی) دەکۆڵێتەوە، ڕاپۆرت سەبارەت بە بابەتەکە بۆ لێژنەی تایبەتمەند بەرزدەکاتەوە لەگەڵ ڕاو بۆچوونی خۆی لە بارەی بابەتەکە.
٤ - لەو ڕاپۆرتانە دەکۆڵێتەوە کە سەبارەت بە کەمتەرخەمیی ئەندامان و سەرپێچییە حزبییەکانیان نێردراون، و پێشکەشکردنی ڕاسپاردەی پێویست بۆ لێژنەی تایبەتمەند و لێژنەی باڵای بەدواداچوون و حزبی بۆ ئاگاداربوون و دەرکردنی بڕیاری پێویست.
٥ - لێژنەکانی چاودێریکردن و بەدواداچوون تایبەتمەندیی سەکردایەتییان نییە.
٦ - لە کاتی هەبوونی ناکۆکی لەنێوان لێژنەی باڵای چاودێری و بەدواداچوون و کۆمیتەی ناوەندیی، بابەتی ناکۆکی لەسەر دەخرێتە بەردەم پلینۆم، لە کاتی سەلماندنی کەمتەرخەمی هەریەکێك لە لێژنەکان، دەبێت ئەندامانی لە پلینۆم دووربخرێنەوە، کۆنگرە ببەسترێت بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو ناکۆکییە.

**ماددەی بیست و دووەم:-** ئەو سزایانەی لێژنەکانی بەدواداچوون دەیدەن، ئەمانەن:

أ- بۆ ئەندامان.

١ - ڕاکێشانی سەرنج بە نووسین بێت یان زارەکی.
٢ - ئاگادارکردنەوەی کەسی یان بە کۆمەڵ لەناو ڕێکخراوەکە.
٣ - دوورخستنەوە لە ئەرکی بەرپرسیاریەتی.
٤ - دوورخستنەوەی کاتیی لە پارتی.
٥ - دەرکردن کە توندترین سزایە.

ب- سەبارەت بە لێژنە و دامەزراوە حزبییەکان:

١ - ڕاکێشانی سەرنج یان ئاگادارکردنەوە.
٢ - هەڵوەشاندنەوەی لێژنەکە و دانانی لێژنەی کاتی، تا هەڵبژاردن دەکرێت.
٣ - هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراو و دابەشکردنی ئەندامەکانی بەسەر لێژنەکانی دیکەی پارتی.

**مادەی بیست و سێ:-**

أ - سەرۆکی حزب:
سەرۆکی پارتی و کۆمیتەی ناوەندییە و ڕاستەوخۆ لە لایەن کۆنگرەوە هەڵبژێردراوە و مافی ئەوەی هەیە ڕێنمایی دەربکات و ڕێنوینی بدات بە کۆمیتەی ناوەندیی یان مەکتەبی سیاسی یان پلنیۆم، بە سەرۆکایەتی سەرۆك کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی و پلنیۆم و کۆنگرە و کۆنفرانس ئەنجام بدات، مافی ئەوەی هەیە ئامادەی کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی بێت و ئەگەر لە دەنگداندا دەنگەکان بەرانبەر بوون، ئەوا دەنگی زۆرینە بۆ ئەولایە دەبێت کە سەرۆک دەنگی لەگەڵ داوە.

ب -دەسەڵاتەکانی سەرۆک: سەرۆک مافی ئەوەی هەیە، داوای بەستنی کۆنگرە بکات لەسەر داوای زۆرینەی ئەندامانی پارتی لەم بارودۆخانەی خوارەوەدا:
١ - بارودۆخی نائاسایی.
٢ - پاش تێپەڕبوونی ماوەیەك بەسەر وادەی بەستنی کۆنگرە کە کۆمیتەی ناوەندیی ڕەزامەندی بەستنی نادات.

**ماددەی بیست و چوارەم:- سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی** - بە هاوئاهەنگی لەگەڵ تەواوی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە کاروباری کارگێڕی حزب بەرپرسە، هەموو نێردراو و ڕێنوێنیەکانی و پارتی بە واژۆی ئەو (یان واژۆی یەکێک لە یاریدەدەرەکانی کە پسپۆر و بەرپرس بێ) دەبێ و دەبێت ئاگاداری هەموو کاروبارە سیاسی و ڕێکخراوەییەکانی ناو حزب و چالاکییەکانی بێت، دەبێت راپۆرتێکی گشتی پێشکەش بە کۆنگرە یان کۆنفرانس یاخود پلنیۆم بکات، هەرچی ڕاپۆرتی وردە لەبارەی کاروبارە جیاوازەکانی حزب، ئەوا نووسینی لە ئەستۆی ئەندامانی مەکتەبی سیاسییە، هەر ئەندامێک بەپێی پسپۆڕی خۆی. سکرتێر بەرپرسە لەوەی مەکتەبی سیاسی لە هەموو کاروبار و بریارێکی حزب ئاگاداربکاتەوە و دوای وەرگرتنی بۆچوونی ئەوان بڕیارەکان بۆ ڕێکخراوەکان دەنێرێت، هەرچەندە سکرتێر بەرپرسیاریەتییەکی هەستیاری هەیە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە دەتوانێت تاکڕەوانە بڕیار بدات، بەڵکو هەر بڕیارێک کە دەیدات، دەبێت بە کۆمەڵ بێت، دەبێت مەکتەبی سیاسی ڕێوشوێنێک بگرێتەبەر بۆ دڵنیابوون لەبەردەوامبوونی چالاکی حزب لە ئەگەری

جیابوونەوەی ئەندامان یان ئەگەری دەست لەکارکێشانەوەیان.

## بەشی شەشەم

**ماددەی بیست و پێنجەم:-** کۆنگرە (کۆنگرەی نیشتمانی)

١ - کۆنگرە (کۆنگرەی نیشتیمانی) باڵاترین دەسەڵاتی پارتییە.
٢ - لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و لیژنەی باڵای چاودێری و پشکنین و ئەندامە یەدەگە هەڵبژێردراوەکان پێکدێت کە لەلایەن کۆنگرە و نوێنەران و لەلایەن سەرجەم ئەندامانی ڕێکخراوە حزبییەکان هەڵبژێردراوە، بە گوێرەی ئەو ڕێژەیەی کە لەلایەن لێژنەی ناوەندی و لێژنەی چاودێری و بەدواداچوون و ئەندامانی یەدەگ دیاریکراون.
٣ - کۆنگرە دوو ساڵ جارێک بە ئاسایی دەبەسترێت، کۆمیتەی ناوەندی دەتوانێت داوای بەستنی کۆنگرەی نائاسایی بکات، لەسەر داوای سێیەکی ئەندامان، بەپێی ماددەی حەڤدەیەم، بڕگەی ١٩.
أ - لە ئەرک و دەسەڵاتەکانی کۆمیتەی ناوەندیی دایە، هەروەك چۆن سەرۆکیش بە پێی ماددەی بیست و یەکەم دەسەڵاتی بەستنی کۆنگرەی هەیە.

**ماددەی بیست و شەشەم:**

١ - هەموارکردنەوە یان گۆڕینی پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆ.
٢ - گوێگرتن لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی و لیژنەی باڵای چاودێری و بەدواداچوون و گفتوگۆکردن و بایەخدان بە کارەکانیان.
٣ - داڕشتنی سیاسەتی گشتی و دانانی پلان و تاکتیکی حزبی بۆ ئەو پرسە سیاسییانەی کە ڕووبەڕووی حزب دەبنەوە.
٤ - شیکردنەوەی بارودۆخی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی و نەخشەکێشانی پلانی حزب و دیاریکردنی چارەنووس.
٥ - دانانی ستراتیژ بۆ پارتی.
٦ - تەماشاکردن و بڕیاردان لەبارەی سکاڵای ئەندامان.
٧ - لێپێچینەوە لە کۆمیتەی ناوەندیی و لێژنەی باڵای چاودێری و بەدواداچوون، لێپرسینەوە لەوانەی کەم تەرخەمن.

٨ - هەڵبژاردنی سەرۆکی حزب و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی و یەدەگەکان و ئەندامانی لێژنەی باڵای چاودێری و بەدواداچوون و یەدەگەکانی.
٩ - تەنیا کۆنگرە مافی هەڵوەشاندنەوەی حزب و گۆڕینی ناوی حزب، سڕکردنی چالاکییەکانی و تێکەڵکردنی حزب بە حزبێکی دیکە، یان گۆڕینی ئایدۆلۆژیای حزبی هەیە.

## بەشی حەوتەم

**ماددەی بیست و حەوتەم:- کۆنفرانس.**

١ - لەکاتی ڕوودانی گۆڕانکاریی سیاسی گرنگ، یان ناکۆکی ناوخۆیی کۆمیتەی ناوەندیی کە لە ئاستێکدا بێت، هەڕەشە لە یەکگرتوویی حزب بکات، یان بارودۆخێکی پێویست کە پێویستی بە کۆنگرە هەیە و لەسەر داوای زیاتر لە نیوەی ئەندامانی حزب، یان دوو لەسەر سێی لێژنە ناوچەکان و لە ئەگەری نەبوونی توانای بەستنی کۆنگرە، ئەوا کۆنفرانس لەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی و لێژنەی باڵای چاودێری و پشکنین و یەدەگەکانی و نوێنەرانی لێژنە ناوچەکان و ڕێکخراوەکانی سەر بەو لێژنانە و نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی سەر بەکۆمیتەی ناوەندی و کادیرانی پێشکەوتووی حزب پێکدێت کە لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە بەدوو لەسەر سێی دەنگەکان دامەزرێنراون.
٢ - کۆنفرانس- هەموو دەسەڵاتەکانی کۆنگرەی هەیە، جگە لە گۆڕینی پەیڕە و پڕۆگرامی ناوخۆ و گۆڕینی کۆمیتەی ناوەندیی و دیارکردنی چارەنووسی حزب، جیاکردنەوە و لێسەندنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆک. بڕیارەکانیشی هەمان هێزی بڕیارەکانی کۆنگرەیان هەیە.
٣ - یەکێک لە ئەرکە لە پێشینەکانی کۆنفرانس، ڕەخساندنی بارودۆخە بۆ بەستنی کۆنگرە لە نزیکترین دەرفەتدا.
٤ - لەکاتی دادگاییکردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی و ئەندامانی لێژنەی باڵای چاودێری و بەدواداچوون، کۆنفرانس بەر لە بەستنی پلنیۆمی فراوان بۆ کۆنفرانس، مافی دەرکردنی ئەندامانی هەردوو لێژنەی هەیە، بە مەرجێک ژمارەی ئەندامە دەرکراوەکان بە جارێک یان چەند جارێک، نەگاتە نیوەی ئەندامان.
٥ - کۆنفرانسی ناوخۆیی- دوای داوای زیاتر لە نیوەی ئەندامانی حزب لە ناوچەکە، یان لەسەر داوای دوو لەسەر سێی ئەندامانی لێژنەی ناوچە و بە ڕەزامەندی مەکتەبی

سیاسی دەبەسترێت.
کۆنفرانسی ناوخۆیی پێکدێت لەئەندامانی لیژنەی ناوچە و یەدەگەکان و ئەندامانی لێژنە پەیوەندیدارەکان، کۆنفرانس کار دەکات بۆ ئەوەی کێشە و لێکترازانەگەیشتنەکان بەپێی پرگرامی ناوخۆ چارەسەر بکات.

## بەشی هەشتەم

## دارایی حزب

أ - دارایی حزب پێکدێت لە:-

١- ئابوونەی ئەندامیەتی کە ئەندام و پاڵێوراو و ئەوانەی لە نوێوە دێنە ناو حزب دەیدەن.

٢- ئەو بەخشینەی ئەندام و پاڵێوراو و دۆستان و لایەنگران دەیدەن.

٣- ئەوەی لە چاپکراوەکانی حزب دەستدەکەوێت.

٤- لە قازانجی ئەو ئاهەنگە رۆشنبیری و هونەری و کۆمەڵایەتییانەی حزب دەیانگێرێت.

٥- ئەو پرۆژانەی حزب خاوەنیانە.

٦- هاوکارییە گشتییەکان دوای رەزامەندیی لێژنەی مەرکەزیی.

ب - ئابوونەی ئەندامێتی و پارەی بڵاوکراوەکان مانگانە و لەرێی شانەکان کۆدەکرێتەوە و دەنێردرێت بۆ ئەو لێژنە ناوچەیەی شانەکە بەشێکە لێی و دواتر لەرێی لێژنەی ناوچەوە بۆ لێژنەی مەرکەزیی مەکتەبی سیاسی دەنێردرێت، و ئەو دامەزراوانەی راستەوخۆ سەر بە لێژنەی مەرکەزی، راستەوخۆ پارەکەی بۆ دەنێرن.
٢- ئابۆنەی مانگانەی ئەندامێتی و چاپکراوەکان و ئەوانەی دیکە بەپێی ئەو قەبالانە دەبێت کە لە کۆمیتەی ناوەندی دەرکراون.
ج- پێویستە کۆمیتەی ناوەندی، لێژنە ناوخۆییەکان لە وەرگرتنی گوژمەکان ئاگاداربکاتەوە.
د- پێویستە لێژنە ناوخۆییەکان و ناوچەییەکان و کۆمیتەی ناوەندی تۆمارێکی تایبەت دروستبکەن، بودجە و لایەنەکانی داهات و خەرجی تێدا دیاری بکەن.
ه- لێژنەی دارایی سەربە کۆمیتەی ناوەندی بری خەرجییەکانی لێژنەکانی ناوخۆ و رێکخراوە حزبییەکانی دیکە دیاری دەکات، لیژنەی ناوخۆی و رێکخراوەکان مافی خەرجکردنی داهاتەکانی حزبیان نییە.

## پاشکۆی بەشی سێیەم

ڕێکخراو – ١- لێژنەی ناوچە مافی دروستکردنی لێژنە ڕێکخراوی هەیە لە کاتێك ڕەزامەندی لێژنە لقی لەسەربێت، لەو شوێنانەی زیاتر لە شانەیەکی لێیە و بەستنەوەی ڕاستەوخۆیی ئەندامانی بە لێژنە ناوچە کارێکی سەختە یان ناکرێت لێژنە ناوچەیەی تێدا دامەزرێت بە هۆی کەمی ژمارەی ئەندام یان هۆکاری دیکە.

٢- لێژنەی ڕێکخراو گشت دەسەڵاتێکی لێژنە ناوچەی تایبەت بە قبوڵ کردنی ئەندام لە حزبی هەیە، بەپێی بڕگەی ٥ و ٩ و ١٠ و ١١ لە بڕگەی (ب) لە ماددەی (١٤)ی پەیڕەوی ناوخۆ.

## بڕیارەکانی کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان
## یەکێتی ـ کوردایەتی ـ پارتایەتی ـ ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان

هەڤاڵانی بەڕێز، لایەنگران، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی تێکۆشەر:

لە پاش ئەوەی کە ماوەیەکی زۆر کۆمیتەی ناوەندی کۆن تەگەرەیان خستە [بەردەم] گرتنی کۆنگرەی شەشەمی پارتیمان، زۆربەی ئەندامانی پارتی لەبەر زروفی ئێستای شۆڕش وە بۆ ئەوەی یەکیەتی پارتی بپارێزن و ڕیزەکانی پتەو بکەن، داوایان لە سەرۆکی پارتی کرد کە پێویستە کۆنگرە بگیرێت و هەموو جۆرە کەموکوڕییەکی تێدا چارە بکرێت، وە بۆ ئەوەی لەسەر ڕۆشنایی زروفی ئێستای گەلەکەمان پیلان دابنرێت بۆ گەیشتن بە ئامانجی شۆڕشەکەمان کە ئۆتۆنۆمییە بۆ کوردستان، وە دیسان بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی ڕاستمان بەرامبەر بە "میری" وە جۆری گفتوگۆکردن لەگەڵیا بۆ سەندنی مافی گەلەکەمان.

وە لەسەر ئەو داوایانە کۆنگرە گیرا، وە لە ڕۆژی ١ی تەموزی ١٩٦٤ ـ ٩تەموزی ١٩٦٤ بەردەوام بووە، لە ئەنجامدا ئەم بڕیارانەی خوارەوەی دا :

### دەربارەی سیاسەتی ناوخۆ

١. پتەوکردن و ڕێکخستنەوەی پارتایەتی لە نێوان کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان وە لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان.

٢. بڕیار درا کە ڕێگا نەدرێ بە میری بۆ گەڕانەوەی ئیداراتی مەحەلی بۆ ناوچە ڕزگارکراوەکان بەبێ دانی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد.

٣. بڕیار درا بە پێکهێنانی "ئەنجوومەنی فەرماندەیی شۆڕش" (مجلس قيادة الثورة) لە سەرۆك و نوێنەرایەتی پارتی و لەشکر و گەل بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری شۆڕش.

٤. بڕیار درا لە کاتی هەڵگیرساندنەوەی شەڕ، ئەنجوومەنی فەرماندەیی شۆڕش ئیعلانی حوکمی زاتی بۆ کوردستانی عێراق بکات.

٥. مانەوەی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان بە چەکداری پێش و پاش سەندنی حوکمی زاتی بۆ پارێزگاری مافی نەتەوایەتی گەلی کورد و قەدەغەکردنی گەڕانەوەی کادر و پێشمەرگە بۆ سەر وەزیفەی میری بەبێ پەسەندکردنی ئەنجوومەنی فەرماندەی شۆڕش و کۆمیتەی ناوەندی.

٦. لابردنی حوکمی عورفی، وە بەرەڵاکردنی هەموو بەند و گیراوە سیاسییەکان، وە بەرەڵاکردنی سەربەستی دیموکراسی لە عێراقدا.

٧. بڕیار درا کە حوکمی زاتی دروشمی شۆڕشەکەمانە، وە بۆ ئەم ئامانجە بیرخەرەوەیەك بدرێت بە میری وە داوای حوکمی زاتی لێ بکرێت و پیشانی بدرێت کە وا گەلەکەمان سورە لە سەری.

٨. بڕیار درا کە هەوڵ بدرێت بۆ دوورخستنەوەی ئەو عەرەبانەی کە لەسەر دێهاتی کوردستان بە زۆر جێنشین کراون و گەڕانەوەی دانیشتوانی ئەو دێهاتانە بۆ جێی خۆیان.

٩. بڕیار درا بە دامەزراندنی ئیدارە لە ناوچە ڕزگارکراوەکان بە هاوکاری لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان.

١٠. بڕیار درا کە یارمەتی خێزانی پێشمەرگە شەهیدەکان بدرێت بەپێی توانا وە هەروەها ئەوانەی کە لە شۆڕشدا زەرەریان هێناوە و یارمەتی هەموو پێشمەرگەکان بە گشتی.

١١. بڕیار درا بە پێکهێنانی لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەو شکایەتانەی کە لە لادراوەکان لە ڕیزی پارتی دەکرێت.

١٢. بڕیار درا کە لێژنەیەك بە هاوکاری لەشکر پێك بێت بۆ لێکۆڵینەوە لەو چەك و پارە و شتومەکەی شۆڕش کە دیار نییە.

١٣. بڕیار درا بە دەرکردنی ١٤ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنی پارتیمان لەبەر ئەو هۆیانەی خوارەوە :

أ. هەوڵدان بۆ دروستکردنی دووبەرەکی لە ڕیزەکانی پارتی و لەشکردا ـ بەڵگە بۆ ئەمە کۆنفرانسی (ماوەت)ە کە جگە لەوەی سەرۆك و زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی تێدا بەشدار نەبوون، ئەم کۆنفرانسە مەبەستی ئەوەیە کە کۆمەك بکات لە نێو پارتیدا دژی ئەندامانی دڵسۆز و سەرۆك، ئەمەش لادانە لە پەیڕەوی ناوەوەی پارتیمان.

ب. هەڵسانیان بە جۆرە کردارێکی زەرەربەخش کە لەگەڵ خووڕەوشتی پارتایەتی ناگونجێت وە بوونی هەندێکیان بە داردەستی بێگانە وە پەیوەندیکردنی هەندێکیان بە جاشەکانەوە بۆ بەربەرەکانی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان و بارزانی.

ج. نانەوەی ئاژاوە لە ناوچە ڕزگاربووەکانی کوردستان بە ناردنی ئاژاوەچی بۆ سەر بارەگاکانی (ل.ش.ك) بۆ هەڵگیرساندنی شەڕی براکوژی لە نێوان ئەو پێشمەرگانەی کە تا چەند مانگێك لەمەوبەر لە یەك سەنگەردا، بە یەك دڵ و دلێرانە لە ژێر دروشمی "کوردستان یان نەمان" لە بەرامبەر دوژمن شەڕیان دەکرد.

د. دەرکردنی هێندێك بەیاننامە کە هێرشێکی ناپاکی ڕاستەوخۆی دەبردە سەر لەشکر و فەرماندەکانی وە هەروەها بۆ سەر سەرۆکی پارتی و ئەندامانی دڵسۆزی. ئەم هێرشانە پڕ بوون لە ژەهری ناکۆکی و خزمەتکردنی دوژمن و بێگانە، وە بووە هۆی بێهێزکردنی

پارتی.

٥. لەبەر ئەم کارە ناپەسەندانەی سەرەوە و گەلێك کاری خراپتری فەقەرەی ٢، ٣، ٥، ٩ لە مادەی ٧ لە نیزامی داخلی بە سەریانا تەتبیق دەبێ لەبەر ئەمە بڕیاری دەرکردنیان درا.

**دەربارەی سیاسەتی دەرەوە**

١. داوا لە هەموو گەلانی جیهان دەکەین کە یارمەتی و پاڵپشتی تێکۆشانی گەلی کوردمان لە کوردستاندا بکات بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوایەتی.

٢. گەلی کوردمان پاڵپشتی تێکۆشانی گەلی عەرەب دەکات لە عەمان و جنوبی عەرەبی و فەلەستین بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی نەتەوایەتییان.

٣. پاڵپشتی تێکۆشانی کۆماری گەلیی جەزایر دەکەین بۆ چەسپاندنی سەربەخۆیی وپێکەوتنی.

٤. پیرۆزبایی و پاڵپشتی ئەو هەنگاوە گرنگانە دەکەین کە سەرۆك عەبدولناسر دەینێت بۆ پێشکەوتنی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو وە پاراستنی ئاشتیی جیهان و یارمەتیدانی گەلە ژێردەستەکانی ئاسیا و ئەفریقا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان.

٥. پاڵپشتی خەباتی گەلانی عەرەب دەکەین لە ڕێگەی یەکیەتی و نەتەوایەتی و ئازادیدا.

٦. ناڕەزایەتی خۆمان دەردەبڕین بەرامبەر حکوومەتی بەعس لە سوریا کە بەربەرەکانی سەربەستیی گەلی کورد و عەرەب دەکات.

٧. گەلی کوردمان پاڵپشتی تێکۆشانی گەلانی ئەفریقا و ئاسیا دەکات لە ڕێگای ڕزگاری و دیموکراتیدا.

٨. دۆزینەوەی چارەکردنێکی ڕاست بۆ کێشەی قوبرس بە جۆرێك کە سەربەخۆیی ئەم وڵاتە بپارێزێت.

٩. پاڵپشتی تێکۆشانی گەلی ئەنگۆلا دەکەین بۆ سەربەخۆیی ڕزگاربوونی لە ژێردەستیی ئیمپریالیزمی پورتوگال.

١٠. پاڵپشتی تێکۆشانی گەلی کوبا دەکەین بۆ پاراستنی سەربەخۆیی وڵاتەکەی.

١١. پاڵپشتی یەکگرتنی هەردوو پارچەکەی ئەڵمانیا دەکەین بە مەرجێك لەگەڵ سوودی گەلی ئەڵمانیادا بگونجێت.

١٢. تێکۆشان دژی هەڵگیرساندنی شەڕی جیهان وە هەوڵدان بۆ کەمکردنی وە نەهێشتنی چەکی ئەتۆمی شانبەشانی گەلانی جیهان.

١٣. پاڵپشتی کۆنگرەی دەوڵەتە بێلایەنەکان دەکەین کە هۆیەکی گرنگە بۆ نەهێشتنی گرژی نێوان دەوڵەتان.

١٤. داوا دەکەین کە هەرێمی خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ببێت بە هەرێمێکی بێلایەن و ناڕەزایەتی خۆمان دەردەبڕین بەرامبەر دەستکێشانە ناو ئیشوکاری ناوخۆی ڤێتنامی خوارووو و لاوس.

١٥. پیرۆزبایی هەنگاوە سەرکەوتووەکانی هێزە دیموکراتییەکانی ئەمریکا دەکەین کە بوو بەهۆی دانانی یاسای مافی شارستانێتی کە دژی جیاوازی ڕەگەزییە، وە ناڕەزایەتی خۆمان دەردەبڕین دەربارەی جیاوازی ڕەگەزایەتی لە کۆماری خوارووی ئەفریقادا.

١٦. پیرۆزبایی هاوکاری یەکێتی شورەوی و ئەمریکا دەکەین لە پێناوی پێشکەوتنی زانیاری بە تایبەتی لە مەیدانی بۆشایی دەرەوەدا وە لە ڕێی پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا.

١٧. لایەنگریی پەیمانی مۆسکۆ دەکەین بۆ قەدەغەکردنی تاقیکردنەوەی چەکی ئەتۆمیی لە سەر زەمین و ئاسمان و ئاودا.

١٨. داوا لە دەوڵەتە گەورەکان دەکەین کە میزانییەی عەسکەری کەم بکرێتەوە وە ئەو پارەیە تەرخان بکرێت بۆ یارمەتی دەوڵەتە تازەپێگەیشتووەکان لە هەموو ڕوویەکەوە.

١٩. تێدەکۆشین لە ڕێگای ژیان بە ئاشتی وە دۆستایەتی گەلان وە پیرۆزبایی هەنگاوێك دەکەین لەم ڕووەوە.

**کۆمیتەی ناوەندی**

**پارتی دیموکراتی کوردستان**

**سەرەتای تەموزی ١٩٦٤**

## سەرچاوە و پەراوێز

١ - حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني ـ العراق (في محطات رئيسية) ١٩٤٦ ـ ١٩٩٣، (دهوك ـ مطبعة خەبات ـ ١٩٩٨م)، ص ص ٩٠، ٩١.

٢ - علي سنجاري، القضية الكوردية وحزب البعث العربي الاشتراكي في العـراق، الجـزء الثالـث، (دهوك ـ مطبعة خاني ـ ٢٠١٢م)، ص ص ١٧٨، ١٧٩.

٣ - حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص ص ٩١، ٩٢.

٤ - مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٦١ ـ ١٩٧٥، بەرگی سـێیەم، بەشی یەکەم، (هەولێر ـ چاپخانەی وەزارەتـی پـەروەردە ـ ٢٠٠٤ز)، ل ١٧٨؛ صـلاح الخرسـان، التيارات السياسية في كردستان العراق، قراءة في ملفات الحركات و الأحزاب الكردية في العـراق ١٩٤٦-٢٠٠١، (بيروت – مطبعة البلاغ – ٢٠٠١م)، ص ١٣٠.

٥ - مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٩.

٦ - حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص ص ٩١، ٩٢.

٧ - المصدر نفسه، ص ٩٢.

*- ئەم دەقە لە لایەن دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیا، لـە زمـانی عەرەبییـەوە وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمانی کوردی.

# دامەزراندنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

# تشرینی یەکەم - ١٩٦٤

دوای کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، باڵی مەکتەبی سیاسی بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەد ئامادەنەبوون دان بە بڕیارەکانی کۆنگرەدا بنێن و خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە ئامادە کرد، هەر بۆ ئەم مەبەستە و کۆتایهێنان بە کێشەکان، سەرۆک مستەفا بارزانی لە ڕێکەوتی ١٢ی تەمووزی ١٩٦٤ بە هێزێکەوە بەرەو ماوەت کەوتە ڕێ و لە ڕێکەوتی ١٨ی تەمووز گەیشتە ماوەت، کاتێك سەرۆك بارزانی گەیشت، ئیبراهیم ئەحمەد و دارودەستەی گرووپی مەکتەبی سیاسی لە سنوور پەڕیبوونەوە و خۆیان دابووە دەست حکوومەتی ئێران، دوای چەند وردە شەڕێك لە ڕێکەوتی ٢٢ی ئاب تەواوی هێزەکانی گرووپی مەکتەبی سیاسی کوردستانیان جێهێشت و چوونە ئێران[١].

دوای گەڕانەوەی سەرۆك مستەفا بارزانی، چەند کۆبوونەوەیەکی حزبی و سوپایی ڕێکخران. لە ڕۆژانی ٢٨ تا ٢٩ی ئەیلوولی ١٩٦٤ لە شارۆچکەی قەڵادزێ، بە ئامادەبوونی سەرۆك مستەفا بارزانی و کۆمەڵێك لە کادیرانی پێشکەوتووی پارتی دیموکراتی کوردستان، فەرماندە سەربازییەکان و کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکانی سەر بە هۆز و بنەماڵەکان، بە مەبەستی ڕێکخستنی کاروبارەکانی شۆڕش و دانانی دەستورێك و چۆنیەتی دانوستان لەگەڵ بەغدا، کۆبوونەوەیەك گرێ درا. سەرۆك مستەفا بارزانی بە وتەیەك کۆنگرەکەی کردەوە و تێیدا باسی لە دانوستانەکان و ڕێکخستنی ڕیزەکانی شۆڕش کرد و داوای کرد بە هەڵبژاردنێکی ئازاد "ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستانی عێراق" بۆ ڕایکردنی کارەکان بێتە هەڵبژاردن[٢].

لە کۆتایی مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٤دا، سەرۆك مستەفا بارزانی و مەکتەبی سیاسی لەسەر بنەمای بڕیاری کۆنگرەی شەشەم و کۆبوونەوەی قەلادزێ، لەسەر دیاری کردنی ڕۆژی ٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ بۆ دامەزراندنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی ڕێککەوتن، بەمەبەستی بەڕێوەبردنی ناوچە ئازادکراوەکان. سەرەتا گوندی بۆسکین وەك شوێنی کۆبوونەوەکە دیاری کرا، بەڵام دواتر کۆبوونەوەکە برایە گوندی گردەسپی لە دەڤەری پشدەر و ماوەی دە ڕۆژ لە گفتوگۆدا بوون. ٦٣ کەس لە کۆبوونەوەکە ئامادە بوون، لەوانە ١٧ ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، ١٧ فەرماندەی هێزەکان، ٢٩ لە پیاوانی ئاینی ئیسلام، مەسیحی و ئێزیدی و کەسایەتی کۆمەڵایەتی و سەرۆك هۆز و کەسایەتی

بنەماڵەکان[3].

پێشتر سەرۆك هۆزەکان لە نێوان خۆیاندا ڕێککەوتبوون لەسەر دەستبژاریان و بە ژمارە زۆریان دەرچوون، هەروەها ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی و فەرماندەی هێزەکانیش خرانە سەر ئەنجوومەن[4]. دواتر لە ڕێکەوتی ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ لە گوندی بۆسکین دەستووری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستانی عێراق لە ١١ ماددەدا واژووی لەسەر کرا. لە ڕێکەوتی ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤یش بڕیار و ڕاسپاردەکانی لێژنەی دادوەری ویلایەتی کوردستان لە ١٣ بڕگەدا واژووی لەسەر کرا. دواتر یاسا و ڕێساکانی کارگێڕی لە ١٢ ماددەدا ئامادە کران و یاسا و ڕێساکانی دارایی لە سێ بەشی دارایی شۆڕش و باجەکان و گومرگەکاندا ڕێکخران[5].

بە بڕیاری ئەنجوومەنیش مەکتەبێکی تەنفیزی یازدە کەسی پێکهات کە مستەفا قەرەداغی سکرتێری بوو، دواتر گۆڕدرا بۆ مەحموود عوسمان. لە سەر ئاستی کەمە نەتەوەکانیش، تورکمانەکان لەبەر بارودۆخی تایبەتییان نەهاتنە ناو ئەم ئەنجوومەنەوە، هەرچەندە سەرۆك مستەفا بارزانی هەوڵی زۆری لەمبارەوە لەگەڵدان[6]. بۆ ئەوەیش کەسێك لە ئەورووپا نوێنەرایەتی ئەنجوومەن بکات، ئەندامی ئەنجوومەن دکتۆر عیسمەت شەریف وانلییان بۆ ئەم ئەرکە دەستنیشان کرد، کە خۆی بەشداریی کۆنگرەی دووەمی گەل و کۆبوونەوەکانی دامەزراندنی ئەنجوومەنی کردبوو. ئەم ئەنجوومەنە پێنج لێژنەی دامەزراند، کە بریتیبوون لە:

١ - لێژنەی دەستوور

٢ - لێژنەی دادوەری

٣ - لێژنەی سەربازی

٤ - لێژنەی کارگێڕی

٥ - لێژنەی ئابووری[7].

سەرەنجام لە سێ ئاستدا بە سەرۆکایەتی سەرۆك مستەفا بارزانی، ئەندام بۆ ئەم لێژنانە هەڵبژێردران کە بریتیبوون لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، فەرماندەکانی شۆڕشی ئەیلوول و سەرۆك هۆز و کەسایەتییە ئاینی و نیشتمانییەکان.

ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان بریتیبوون لە: مستەفا بارزانی، حەبیب محەمەد کەریم، دکتۆر مەحمود عوسمان، ساڵح یوسفی، عەزیز ئاکرەیی، دکتۆر فوئاد جەلال، عەبدولکەریم موراد، عەلی قاسم شنگالی، نەعمان عیسا، ئیسماعیل عارف،

هاشم حەسەن ئاکرەیی، ئیسماعیل مەلا عەزیز، شێخ محەمەد هەرسین، مستەفا قەرەداغی، محەمەد ئەمین محەمەد عەلی، عومەر شەریف و ڕەمەزان ئاکرەیی.

فەرماندەکانی شۆڕشی ئەیلوول بریتیبوون لە: عەقید عەبدولڕەحمان قازی، عەقید نوری مەلا مەعروف، عەقید ڕوکن عەبدولکافی نەبەوی، عەقید شێخ سالّح شێخ محەمەد، موقەدەم نافیز جەلال حەوێزی، موقەدەم نوری مەلا حەکیم، نەقیب بەکر عەبدولکەریم حەوێزی، نەقیب یوسف جەمیل میران، نەقیب شێخ ڕەزا گوڵانی، مولازم ڕەشید سندی، مولازمی پۆلیس عەبدولوەهاب ئەتروشی، ئەسعەد خۆشەوی، عیسا سوار، حەسۆ میرخان دۆلەمەری، عەلی خەلیل، عەبدوڵا ئاغا پشدەری و حاجی شێخ قادر.

سەرۆك هۆز، کەسایەتییە ئاینی و نیشتمانییەکان بریتیبوون لە: دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی، دکتۆر کەمال فوئاد، شێخ لەتیفی حەفید، کاکەزیاد غەفوری، موحسین دزەیی، شێخ حسێنی بۆسکین، باپیر بابەکر ئاغا، شێخ محەمەد بالیسانی، وەهاب ئاغا جندیانی، عەباس مامەند ئاغا، ئیسماعیل سوارە ئاغا، سالّح بەگی میران، سلێمان حاجی بەدری سندی، ئەحمەد محەمەدئەمین دزەیی، مەحمود بەگی گوڵەیی، مستەفا بەگی جاف، شێخ کەوکەسی سەید تەهای نەهری، کوێخا ئیسماعیلی تەلان، حاجی ئاغای هێرۆ، مەجید حەمەڕەشید خان، مەحمود عەباس ئاغا، عەبدولڕەحمان ئاغای نۆڕەك، شێخ ڕەئوفی هەنجیرە، حاجی ئیبراهیمی چەرمەگا، شێخ محێدینی سەندوڵان، مەتران ماریۆ واڵا، قەشە پۆڵس بێداری، گۆرگیس مەلك چەکۆ و تەحسین بەگ سەعید بەگ.[٨]

دامەزراندنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش هەنگاوێکی گرنگبوو لە کاری ڕێکخستن و بەڕێوەبردندا، ئەم ئەنجوومەنە لە بەرزترین ئاستدا هەڵدەستا بە دەستنیشانکردنی کاربەدەستانی بەڕێوەبەرایەتی ناحیە و قایمقام ...هتد، دانان و دابەشکاریی پلە و ناونیشان بۆ سەرکردایەتییە جۆراوجۆرەکانی لەشکری شۆڕش، ڕاسپاردنی مەکتەبی سیاسی بۆ کاری حزبایەتی و هەڵبژاردنی سکرتێر بۆ خۆی، پێکهێنانی مەکتەبی تەنفیزی کە کاری بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی بڕیارە تایبەتەکانی کاروباری ناوخۆ و سەرپەرشتی دەستە حکوومیەکانی لە ناوچە ئازادکراوەکان پێ سپێردرابوو. ئەم ئەنجوومەنە ڕاستەوخۆ لە لایەن سەرۆك مستەفا بارزنییەوە بەڕێوەدەبرا، بەم شێوەیە ئەو کەلێنە پڕکرایەوە کە جیابوونەوەی گرووپی مەکتەبی سیاسی دروستی کردبوو و کوردستان کەوتەوە ژێر یەك سەرکردایەتی و متمانەی گەلی کوردستان بە شۆڕش گەڕایەوە[٩].

لەشکری شۆڕشیش بەم شێوەیە ڕێکخرا:

- سەرۆکی گشتی: سەرۆك مستەفا بارزانی
- سەرۆکی ئەرکان: نوری مەلا مەعروف
- لەشکری یەك لە بادینان: ئەسعەد خۆشەوی، هێزەکانی پێکدێن لە:
  - هێزی زاخۆ: عیسا سوار
  - هێزی دهۆك: عەلی خەلیل
  - هێزی شێخان و ئاکرێ: حەسۆ میرخان دۆڵەمەری
- لەشکری دوو لە هەولێر: ڕەشید سندی، هێزەکانی پێکدێن لە:
  - هیزی سەفین: تاهیر عەلی والی
  - هێزی کاوە لە پشدەر: حەسۆ میرخان ژاژووکی
  - هێزی بێتواتە: عەلی شەعبان
- لەشکری سێ لە سلێمانی و کەرکووك: موقەدەم عەزیز ئاکرەیی، هێزەکانی پێکدێن لە:
  - هێزی خەبات: عەبدولوەهاب ئەترۆشی
  - هێزی قەرەداغ: فازل تاڵەبانی
  - هێزی ڕزگاری: تاریق ئەحمەد[١٠].

# سەرچاوە و پەراوێز


١ - مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٦١ ـ ١٩٧٥، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، (هەولێر ـ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ ٢٠٠٤ز)، ل ل ١٨٠ - ١٨٥.

٢ - شەوکەت مەلا اسماعیل حسن، ڕۆژانی لە مێژووی شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ ـ ١٩٧٥، (هەولێر ـ نووسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن ـ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ ٢٠٠٧ز)، ل ٢١٥؛ عصمت شريف وانلي، كردستان العراقية هوية وطنية (دراسة في ثورة ١٩٦١)، ترجمة سعاد محمد خضر، (السليمانية ـ مؤسسة ژين ـ مطبعة شڤان ـ ٢٠١٢م)، ص ص ٣١٦، ٣١٧.

٣ - حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني ـ العراق (في محطات رئيسية) ١٩٤٦ ـ ١٩٩٣، (دهوك ـ مطبعة خەبات ـ ١٩٩٨م)، ص ص ١٠٣ ـ ١٠٦.

٤ - شيرزاد زكريا محمد، مجلس قيادة الثورة في كوردستان ـ العراق ١٩٦٤ ـ ١٩٧٠ دراسة تاريخية سياسية عامة، (دهوك ـ مركز الدراسات الكوردية و حفظ الوثائق ـ جامعة دهوك ـ مطبعة جامعة دهوك ـ ٢٠١٠م)، ص ٦٤.

٥ - المصدر نفسه، ص ص ٣٠٨ ـ ٣٢٨.

٦ - حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص ١٠٣.

٧ - عصمت شريف وانلي، المصدر السابق، ص ٣٧.

٨ - شورای فرماندهی انقلاب عشایر تشکیل شد کمیته دفاع از حقوق عشایر، روزنامه اطلاعات، شماره ١١٥٣٣، تهران، شنبه، ١٦ آبان ١٣٤٣هـ . ش، ص ١٦؛ به دنبال صدور اعلامیه عشایر عراق درباره خودمختاری، روزنامه اطلاعات، شماره ١١٥٣٤، تهران، یکشنبه، ١٧ آبان ١٣٤٣هـ . ش، ص ٤.

٩ - مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٦.

١٠ - هەمان سەرچاوە، ل ١٨٧.

## کۆنگرەی حەوتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان

## تشرینی دووەمی ١٩٦٦

بەشێوەیەکی گشتی لە دوو ساڵی نێوان کۆنگرەی شەشەم و حەفتەمی حزبدا، چەند گۆڕانکارییەکی گرنگ ڕوویاندا کە کاریگەریی گەورەیان لەسەر پارتی و شۆڕش هەبوو. دوای وەستانی گفتوگۆ و دانوستانەکان لە مانگی شوباتی ١٩٦٥ شەڕ لەنێوان کورد و حکومەتی عێراقی دەستی پێکردەوە و دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ، سەرکردایەتی شۆڕش بارەگای سەرکردایەتی لە ناوچەی پشدەرەوە گواستەوە بۆ ناوچەی باڵەك. حکوومەتی ئێران کە تەواو لە ئیبراهیم ئەحمەد و داروودەستەکەی بێ هیوا ببوو، هەوڵیدا پەیوەندی بە سەرکردایەتی شۆڕشەوە بکات و لەگەڵی ڕێکبکەوێت، ئەنجامی ئەو هەوڵانە یارمەتیدانی فراوانی حکوومەتی شاهەنشایی ئێران بوو بۆ شۆڕش لە دژی ڕژێمی دەسەڵاتدار لە عێراق. هەر لە سەروبەندی شەڕی ڕژێمدا، ژمارەیەك کەسایەتی و ڕۆشنبیری کوردپەروەر لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان کەوتنە نێوان سەرۆك مستەفا بارزانی و گرووپی مەکتەبی سیاسی کۆن کە لە ئێران ئاوارەبوون و داوایان لە سەرۆك بارزانی کرد، لێبووردنێکیان بۆ دەربکات، ئەوەبوو بارزانی بەبێ مەرج لێی بوورین و لە ڕێکەوتی ٦ی تەمووزی ١٩٦٥ گشتیان گەڕانەوە کوردستان، جگە لە ئیبراهیم ئەحمەد کە داوایکرد لە تاران بمێنێتەوە. دوای گەڕانەوەی تاخمەکەی ئیبراهیم ئەحمەد، بە بڕیاری سەرۆك مستەفا بارزانی، پێشمەرگەکان پەیوەندییان بە ڕیزەکانی شۆڕشەوە کرد و سەرکردەکانیشیان بە سەرپەرشتی جەلال تاڵەبانی لە دۆڵە ڕەقە نیشتەجێ کران. پاش ماوەیەك لە دۆڵە ڕەقەوە بە نهێنی پەیوەندییان بە حکوومەتی عێراقەوە کرد، بۆ ئەوەی یارمەتییان بدات لە دژی شۆڕش بوەستنەوە[1].

هەرچی بارودۆخی سیاسی عێراق بوو، دوای کوژرانی عەبدولسەلام عارفی سەرۆك کۆماری عێراق، عەبدولڕەحمان عارفی برای شوێنی گرتەوە، ئەویش ڕاستەخۆ پەیوەندی بە سەرکردایەتی شۆڕشەوە کرد و داوای گفتوگۆی کرد، بۆئەوەی کۆتایی بە شەڕ بهێنرێت، بۆ ئەم مەبەستە حکوومەت وەفدێکی ناردە گەڵاڵە و لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕش کۆبوونەوە، بەڵام چوونی ئەندامانی گرووپی مەکتەبی سیاسی کۆن بۆ پاڵ حکوومەت دانوستانەکانی پەکخست، بەمەش شەڕ دەستی پێکردەوە و حکوومەت بە یارمەتی گرووپی مەکتەبی سیاسی کۆن نەخشەی هێرشێکی بەرفراوانی دارشت و و ڕێکەوتی ٢ی ئایاری ١٩٦٦ هێرشەکانی حکوومەت دەستی پێکردەوە، بەڵام حکوومەت لەو گەڕەی شەڕیش شکستی

خوارد و له كۆتایدا هیچ هیوایەكی بە سەركەوتن نەما، لە ڕێكـەوتی ١٥ی حـوزەیرانی ١٩٦٦ بەمەبەستی ئاگربەست وەفدی خۆی نارده گەلاڵە كـە بارەگـای سـەرۆك بـارزانی لێبـوو و لـە ١٨ی مانگ لەگەڵ سەرۆك بارزانی كۆبوونـەوە، وا ڕێككـەوتن كـە سـەركردایەتی شـۆڕش بـە مەبەستی گفتوگۆ و ڕێككـەوتن وەفـدێك بنێرێتـە بەغـدا، ڕێكـەوتی ٢٢ی حـوزەیران وەفـدی سەركردایەتی شۆڕش گەیشتە بەغدا و لە ٢٩ی حـوزەیران بەیاننامـەی ڕێككـەوتن ئیمزاكـرا و ڕاگەیەندرا. ڕێكەوتی ٢٨ی تشرینی یەكەمی ١٩٦٦ عەبدولڕەحمان عارفی سەرۆك كۆمار هاتە بەرزێوە و لەگەڵ سەرۆك مستەفا بارزانی كۆبووەوە[٢].

دوای ڕێككەوتننامەكەی ٢٩ی حوزەیران و ئاسایی بوونەوەی بارودۆخ لـە كوردسـتان، بـە مەبەسـتی ڕێكخسـتنەوەی ڕیزەكـانی حـزب لەلایـەن سـەركردایەتی پارتییـەوە، بڕیـاری ئامادەكـاریی بـۆ بەسـتنی كـۆنگرەی نـوێی حـزب درا، دوای تـەواوبوونی ئامادەكارییـەكان، كۆنگرەی حەوتەمی پارتی دیموكراتی كوردستان لە گەلاڵە بەسترا.

كۆنگرەی حەوتەم لە ماوەی نێوان ١٥ تا ٢١ی تشرینی دووەمـی ١٩٦٦، بـە ئامـادەبوونی ٤٢٥ نوێنەر، كە نوێنەرایەتیی سی هەزار ئەندامی پارتی دیموكراتی كوردستانیان دەكـرد[٣]، لـە قوتابخانەی ناوەندیی شارەدێی گەلاڵەی سەر بە پارێزگای هەولێر بەسـترا. مەكتـەبی سیاسـی ڕاپـۆرتی ڕامیـاری خـۆی پێشكەشـی نوێنـەرانی كـۆنگرە كـرد و تیشـكی خسـتە سـەر گشـت ڕووداوەكانی كوردستان، عێـراق و ناوچەكـە بـە تایبـەتی چاكسـازی كشـتوكاڵ و بیمـەكردنی كۆمپانیاكان لەلایەن حكومەتی بەغدا و داتەپینی ئابووری عێراق[٤].

لەم كـۆنگرەیەدا ژمـارەیەک بڕیـاری گرنـگ لەبـارەی ڕێكخسـتن و بەڕێـوەبردنی نـاوچە ئازادكراوەكان دران و دەستوورێكیش بۆ ئەنجوومەنی سەركردایەتی شـۆڕش دانـرا، هەروەهـا كۆنگرە بڕیاریدا سەرۆک مستەفا بارزانی یاداشتێک بە ئاراسـتەی جێبەجێكردنـی بەیاننـامەی ٢٩ی حوزەیران بۆ سەرۆكایەتی كۆمار و سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بنێرێ[٥].

لە كۆنگرەكەدا، هەریەك لە عـەلی عەبـدوڵا و نـوری شـاوەیس وەك دوو لـە ئەنـدامانی مەكتـەبی سیاسـی كـۆنگرەی پێنجـەم، كـە چووبوونـە ڕیـزی هـەوادارانی كۆبوونەوەكـەی ماوەتەوە و لەبـەر پشـتگیری نـەكردنیان لـە گرووپـی جـەلال ـ ئیبراهـیم، بوونـەوە ئەنـدامی مەكتەبی سیاسی. هەروەها ناوی پارتی وەك خـۆی مایـەوە و سـەرۆك مسـتەفا بـارزانی وەك سەرۆكی حزب هەڵبژێردرایەوە[٦] و بۆ یەكەمینجار هەر یەک لە ئیـدریس بـارزانی و مەسـعود بارزانی لە كردنەوەی كۆنگرەدا بەشدار بوون.

ئەندامانی هەڵبژێردراوی سەرکردایەتی لە کۆنگرە حەوتەمدا:

١ - مستەفا بارزانی، سەرۆك
٢ - حەبیب محەمەد کەریم
٣ - دکتۆر مەحمود عوسمان
٤ - ساڵح یوسفی
٥ - نوری شاوەیس
٦ - عەلی عەبدوڵا
٧ - سامی عەبدولڕەحمان
٨ - شەوکەت ئاکرەیی
٩ - ئەحمەد ئەتروشی
١٠ -یەدوڵا فەیلی
١١ -مەجید ئەتروشی
١٢ -عەزیز ئاکرەیی
١٣ -ئیسماعیل مەلا عەزیز
١٤ -عەلی شنگالی
١٥ -نەعمان عیسا[٧].

ئەندامانی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی:

١ - هاشم ئاکرەیی
٢ - شەفیق ئەمین ئاغا
٣ - فاتح محەمەد ئەمین[٨].

ئەندامانی مەکتەبی سیاسیش لە پێنج ئەندامەوە کران بە حەوت ئەندام و لەلایەن ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندییەوە بەم شێوەیە هەڵبژێردران:

١ - حەبیب محەمەد کەریم، سکرتێر
٢ - دکتۆر مەحمود عوسمان، ئەندام
٣ - ساڵح یوسفی، ئەندام
٤ - نوری شاوەیس، ئەندام
٥ - عەلی عەبدوڵا، ئەندام
٦ - سامی عەبدولڕەحمان، ئەندام

٧ - عەزیز ئاکرەیی، ئەندام[٩].

لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە حەوت ئەندام و دوو یەدەگ بۆ دەستەی چاودێری و بەدواداچوون هەڵبژێردران:

١ - ڕەشید عارف، سەرۆك

٢ - نەجمەدین یوسفی، ئەندام

٣ - مەلا حەیدەر محەمەد حسێن، ئەندام

٤ - سەبری بۆتانی، ئەندام

٥ - مەلا ساڵح حاجی حەسەن، ئەندام[١٠].

دوای کۆتایهاتنی کۆنگرە، ئەرکە گرنگەکان لە لایەن سەرۆك مستەفا بارزانییەوە بە ژمارەیەك لە ئەندامانی سەرکردایەتی سپێردران، لەوانە مەحموود عوسمان کاری پەیوەندییەکانی دەرەوەی پێ سپێردرا، سامی عەبدولڕەحمان چەند ئەرکێکی سیاسی و ئەمنی پێ سپێردرا، ئیدریس بارزانی کرایە سەرپەرشتی مەکتەبی سەربازی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، مەسعود بارزانی بەڕێوەبردنی مەکتەبی پاراستنی پێ سپێردرا[١١].

یەکێك لە دەستکەوتە گرنگەکانی تری کۆنگرە، دووبارە دەرچوونی ڕۆژنامەی خەباتی زمانحاڵی حزب بوو، پاش ئەوەی مەسعود بارزانی سەردانی بەغدای کرد، هەلەکەی قۆستەوە و توانی فەرمانێك وەربگرێت بۆ ئازادکردنی گیراوەکانی ساڵی ١٩٦٥ و وەرگرتنەوەی مۆڵەتی کارکردنی ڕۆژنامەی خەبات، ئەوەبوو ژمارەی نوێی ڕۆژنامەی خەبات لە ١٦ی نیسانی ١٩٦٧ بەسەرپەرشتی ساڵح یوسفی دەرکرا[١٢].

# ڕاپۆرتی سیاسی کۆنگرەی حەوتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان - ١٩٦٦

**میوانە بەڕێزەکان.**

**تێکۆشەرە خۆشەویستەکان.**

**ئەندامانی کۆنگرەی حەوتەم.**

لەم ڕۆژە مێژووییەدا کۆبووینەتەوە بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بە دۆخی پارتی و گەل و شۆڕش و هەموو بوارەکانی دیکە، هەر لێرەدا ئەنجامی کارەکانمان دەخەینە ڕوو، هەر لەبەستنی کۆبوونەوەی شەشەمی تەمووزی ساڵی ١٩٦٤، لەم کاتەدا بەخێرهاتنێکی گەرمتان لێدەکەین، داواتان لێ دەکەین بەگیانێکی ئەرێنی بنیاتنەر لێکۆڵینەوە لەهەموو گرفتەکان بکەن، بەشێوەیەك دوور بێ لە سۆز، ئەمەش پێویستییەکە بۆ هەموو ئەو ئەندامانەی داواکارین پێشکەشکردووە بە پارتێکی شۆڕشگێڕ، کە لەم دۆخە مێژووییەدا سەرکردایەتی خەباتی گەلی کورد دەکات، زۆر دڵتەنگین بە ئامادەنەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە کادیر و تێکۆشەرانی پارتیمان، لەپێش هەموویانیش شەهیدی قارەمان عومەر شەریف ئەندامی لێژنەی ناوەندی، زۆر دڵتەنگ بووین لەو کاتەی بەدەستی چەتەکانی تاڵەبانی ناپاك کوژراوە...زۆرێك لەهەڤاڵانمان لەگۆڕەپانی شەرەف و کەرامەتدا لەتەك برا پێشمەرگە قارەمانەکان شەهید بوون، زۆرێکیش تا ئێستا لەپشت تەلبەندی زیندانەکان ماونەتەوە، هەموو ئەوانە لەنێو دڵمانن و نەمرن لەویژدانی پارتی و گەل، ئەوانەی دەستیان هەبووە لەو تاوانانە، ئەوا نەوەکان نەفرەتیان لێ دەکەن، تووڕەیی جەماوەر و مێژوو خسییێکی توندیان لەگەڵدا دەکەن.

**برا تێکۆشەرەکان**

لەپاش کۆنگرەی شەشەمدا لەدۆخێکی نالەبار لەڕووی سیاسی و ڕێکخستنن و حزربییەوە بەرپرسیارەتییەکی گەورەمان کەوتە سەر شان، هەتا هەندێك پێیانوابوو، دەستکردن بەکار جۆرێکە لە خۆکوشتن و سەرکێشی۔ بۆ داهاتووی سیاسیمان، بەڵام واقیع و پێشکەوتنی ڕووداوەکان، ئەوەی سەلماند ئەو بیروبۆچوونانە هەڵەن، لەکاتێکدا پارتیمان ئاڵای خەبات و تێکۆشانی بەرزکردەوە و بەرەو پێشەوە هەنگاوی نا، بەتایبەت لەدۆخەکانی ئاشتیدا، توانرا ڕۆڵی قارەمانییەتی بگێردرێ، هەروا لەسەرەتاکانی ساڵی ڕابردوو کاتێك دوژمنکاری بەرامبەر بەگەلی کوردمان کرا زۆر ئازایانە ڕێکخستنەکانمان چوونە نێو قووڵایی جەماوەر چ لەناوەوەی

نیشتمان یان لەدەرەوە بێ. ئەمڕۆش هێـزێکی شۆڕشـگێڕی سیاسی و سـەربازی گـەورە لـەنێو وڵاتدایە، کە خۆی لە دەیان هەزار تێکۆشەر دەبینێتەوە، کەچەکدارن بـە بـاوەڕ و هۆشـیار و توانای سەربازی، ڕۆڵێکی مەزن دەبینن بۆ چارەنووسی سیاسی گەلانی عێراق بەگشتی .

**برایان**

پارتیمان لەنێوەندی هەشت مانگی رابردوودا، لەپێش بەستنی کـۆنگرەی شەشـەم، تـوانی ئـەو گرفتانە لاببات، کە چەندین گرفت بوون ڕووبەڕووی پارتی دەبۆوە.

لەو کاتەدا کاری سەرەکیمان پاراستنی شۆڕش بوو بەرامبەر بەتەلەزگەکانی دوژمنـان، ئـەوکات پلانێـك دانرابـوو بـەناوی عـەزیزی چـەپڵ، ئێمـە تـوانیمان دووبـارە ڕێکخراوەکـانی پـارتی ڕێکبخەینەوە، لەتەك دووبارە ڕێکخستنەوەی دەسـتە و پێکهاتـەکانی شـۆڕش، لەگـەڵ ئـەوەی شوێنەواری خراپ هاتە ئاراوە لەو کاتەی زومرەی (ئیبراهیم-جـەلال)ی ناپـاك دژ بـە پـارتی و شۆڕش لەساڵی ١٩٦٤ یاخیبوون.

لەسەر ئاستی وڵاتی عێراقدا، ئێمـە هـەردەم خـەباتمان دەکـرد لـەپێناو دۆخـە نائاسـاییەکان و بەدیهاتنی ئازادی و دیموکراتییەت و دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ کێشەی کـورد لـە عێراقـدا، ئەمـەش لەڕێگـەی تـۆکمەکردنی پەیوەندییـەکانمان لەگـەڵ پارتـە نیشـتمانییەکان لەعێراق و لـەپێناو دامەزرانـدنی هاوپەیمانییـەکی نیشـتمانی یـان بەرەیـەکی یـەکێتی نیشـتمانی، یاخود هەر چۆنێك خاڵی لەیەکتر نزیکبوونەوە لەنێوان پارت و کۆمەڵە سیاسییەکان هەبێ.

پارتیمان هەنگاوێکی زۆری بڕیووە بۆ دۆزینەوەیەك ڕێگەچارەیەکی دروست بۆ ئـەو گرفـت و کێشانە، بەهۆی هۆشـیاری و درك پێکـردنی جـەماوەر بـە ئەرکـەکانی تـوانیمان پـارتی لـەرووی ڕێکخستنەوە لەهەموو شوێنێك بچەسپێنین، بۆ دووبـارە دەسـتەی ڕاگەیانـدن و بڵاوکردنـەوە لـەنێو پارتیـدا پێکبهێنینـەوە کە ڕۆڵـێکی بـەرچاوی هـەبووە لـە بەگەڕخسـتنی چالاکییـە سیاسییەکان و ڕاگەیاندن لەنێو شۆڕش و جەماوەری عەرەبی و کوردیدا لەیەك ئاستدا، بەهۆی جێبـەجێکردنی بڕیارەکـانی کـۆنگرەی شەشـەم و پشـتگیری و ڕێنوێنـەکانی جەنـابی بـارزانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شـۆڕش لەکوردسـتانی پێکبهێنـدرێ، لەمـەوەش مەکتـەبی ڕاپەڕانـدن هاتەکایەوە، لەدەرئەنجامی ئەو پێشکەوتنە گرنگانە چەندین دەستەی نوێ دروست بوون، چ لەرووی سەربازی یان کارگێڕی و دادوەری و داراییـدا، هـەروەها لەسـەر ئاسـتی پەیوەندییـە نیشتمانییەکاندا بەداخەوە هیچ هەنگاوێکی پێشکەوتوومان نەبڕیووە، ئەمەش بـەهۆی خـاڵی بەیەکترگەیشن لەنێوان پـارت و کۆمەڵـە سیاسـییەکاندا، بـەدەربڕینێکی وردتـر مـەحاڵ بـووە، هەمووان لەیەك مێزدا کۆبکرێتەوە، ئەمەش بەهۆی کێشە و ململانێیە سیاسییە ترسـناکەکان، کە لەپاش شۆڕشی چواردەی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ هاتـە هاتۆتەکایـەوە، بـەڵام سـەبارەت بـە

پەیوەندیمان لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا لەوماوەیەدا، ئەوا هەموو هەوڵەکانمان کە لەگەڵ حکومەتدا کارمان بۆی کردبوو، هەمووی پەرش وبڵاوبۆوە. چونکە هەنگاوە سیاسییەکانی بۆ ئەوە بوو بەهەر ئامرازی بەردەست و هەر ڕێگەیەك بێ شۆڕش لەناوبەری، هەموو کێشەکەشی خستە نێو چوارچێوەی کێشەی ئاوەدانکردنەوەی باکوور، کەچی هیچی ئاوەدان نەکردۆتەوە، کە بگونجێ لەگەڵ ناوەڕۆکی کێشەی کورد، بۆ ئەمەش چەندین ملیۆن دیناری تەرخانکردووە بۆ کڕینی ویژدان و پێدانی بەرتیل بەچەندین بەرپرسی شۆڕش، لەهەندێك شتدا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، لەلایەکی دیکەوە جبەخانەی خۆی ئامادە دەکات تا بۆ جارێکی دیکە دوژمنکاریمان بکاتەوە، لەپاش ساڵێکی تەواو لەگفتوگۆکردنێکی بێ بەرهەم، هێزی چەکداری حکومەت لەسەرەتای بەهاری ١٩٦٥ هێرشێکی دوژمنکاری کردینەوە، بەو خەیاڵەی لەماوەیەکی کەمدا دەتوانێ شۆڕشەکەمان لەناو ببات، هەموو بەڵگەکانیش ئەوەیان سەلماند دەسەڵاتدارانی عێراق کەوتوونەتەوە هەڵەوە، سەرەڕای دڕندایەتی ئەو دوژمنکارییە، نەیانتوانی شۆڕشەکەمان لەناوببات، بەڵکو ئاگری بڵێسەکان دژ بەخۆیان پێچەوانە بۆوە. گەلە قارەمانەکەمان و هێزی بەرگری نیشتمانی و پارتە شکۆدارەکەمان توانیان دژ بەو دوژمنکارییە بوەستنەوە و ئەو بەرگرییەش نموونەی نەبووە، لەپاشاندا هەموو هێرشە گەورەکانی دوژمن بوو بە شکست و دۆڕان، وەك چۆن لەپێنجوین و لەشەڕی باڵەکی ناودار و لە هندرێن بەشێوەیەکی تایبەتی هێزی دوژمن شکستیهێنا. شەڕەکە پانزدە مانگی خایاند، بۆ ئەمەش پارتی هەموو ئیمکانییەتێکی سیاسی و ماددی خستەگەڕ لەو شەڕەدا، تا بیخەنە نێو پێداویستییەکانی سەرکەوتنی پلانی جەنگی بەرگریکارانە، پارتی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر و ئامادەکردن و سەرکردایەتیکردنیان لەخەبات بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمن.

**دانوستاندن لەگەڵ حکومەت و ڕێککەوتن لەسەر ئاگربەست**

**برایان**

ئەو شکستەی هێزەکانی حکومەت ڕووبەڕووی بۆتەوە لەتەك زیانێکی زۆر لەو جەنگە زاڵمانەیە و خراپبوونی دۆخی ئابووری لەناوەوە لەتەك کەمبوونەوەی ئاستی حکومەتی عێراق لەنێو دەوڵەتاندا، بەو پێیەی جەنگێکی ڕەگەزپەرستی لەماوەیەکی درێژدا هێناوەتە ئاراوە دژ بەگەلەکەمان، جگە لەوەی گەلی عێراقی دژ بەهەموو ئەو جەنگە دوژمنکارییەیە، هەموو ئەو هۆیانەش دەسەڵاتدارانی عێراقی ناچارکرد تا هەنگاوی عاقڵانە بهاوێ و داوای ڕێککەوتن و هێنانەئارای ئاشتی بکات.... لەپێشتردا مەکتەبی سیاسی هەموو لقەکانی پارتی ئاگادارکردووە بۆ هەموو هەوڵە سەرەتاییەکان، کە حکومەت پێی هەڵساوە بەمەبەستی ڕێخۆشکردن بۆ دانوستاندن لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕش، بەڵام هەموو ئەمانە هیچ ئەنجامێکی ئەرێنی نەهێنا

ئارا لەو کاتەدا، ئەمەش بەهۆی بەرهەڵستی هەندێك چینی توندڕەو لەنێو حکومەتدا، بەڵام رووخانی هەڵمەتی سەربازی بەهار، وانەیەکی توند بوو بەرامبەر کەمایەتییەك، بەڵام ئەوانەی لەنێو دەسەڵاتدا داوای چارەسەری ئاشتییانەیان دەکرد هۆکارێك بوو تا دانوستاندن بگاتە کۆتایی، هەمووتان لە ٢٩ی حوزەیرانی پێشوو بەیانی دکتۆر عەبدولڕحمان بەزازی سەرۆك وەزیرانی پێشووتان لەدەزگاکانی راگەیاندن بیست، جگە لەو بەیاننامەیەی باسمان کرد، پابەندبوونی سێ خاڵی دیکە لەلایەن حکومەتەوە لەو کاتەدا بەنهێنی باسکرا، لەوێدا حکومەت بەڵێنی داوە بە دامەزراندنی پارێزگایەك بەناوی دهۆك، کە قەزا کوردییەکانی لیوای مووسڵ لەخۆ دەگرێ، هەروەها رازیبوون لەسەر دەرکردنی لێبوردنی گشتی بۆ هەموو مەحکوم و زیندانییە سیاسیەکانی عێراق بەشێوەیەك لەدوای یەکتردا بێ، لەپاشاندا رازیبوون بەپێدانی مۆڵەت بەپارتی تا چالاکییەکانی بەشێوەیەکی ئاشکرا بخاتە روو_ لەو کاتەی یاسای نوێی پارت و کۆمەڵەکان دەردەکرێ، سەرەڕای ئەوەی بەیانی حکومەت ئامانجی دروشمی شۆڕشی نەپێکاوە، کە ئۆتۆنۆمییە تا بەشێوەیەکی تەواو جێبەجێ بکرێ، بۆ نیەتی باشیش ئەم خاڵە بنەمای سەرەکییە بۆ پێشکەوتنی گەلی کورد لەعێراق و لە داهاتوودا.

**چەتەکانی (ئیبراهیم- جەلال)ی ناپاك**

زۆرێك لە رۆڵەکانی گەل و بەتایبەتیش برا عەرەبەکانمان پرسیاری جیاوازی سیاسی لەنێوان پارتی و شۆڕش – زومرەی ئیبراهیم- جەلالی ناپاك دەکەن، سەرەڕای روونی هۆکارەکان و رووخانی ئەو زومرەیە لە دیدی جەماوەر و ئیفلاسبوونیان، پێمانوایە بەسوودە ئەو بابەتە بۆ جارێکی دیکە روون بکەینەوە، تا روونییەك لەلای ئەو کەسانە هەبێ و بزانن ئەو زومرە گومڕایە چەند چەپەڵن.

هۆکاری راستەوخۆ لەگەڵ ئەوانەدا دەگەڕێتەوە بۆ رێککەوتن لەسەر ئاگربەست، کە لەنێوان بارزانی و عەبدولسەلام محەمەد عارف سەرۆك کۆماری عێراقی پێشوو لە ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ واژووکراوە، ئەمەو ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و بەشێکی دیکەی پارتی لەو کاتەدا دژ بەو رێککەوتنە بوون، لەو کاتەدا پێیانوابوو بابەتەکە رێککەوتن نییە، بەڵکو خۆ رادەستکردنە، بەرامبەر هیچ شتێك واژووی کردووە و گەلی کورد مکوڕە لەبەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی، بۆیە بەهیچ شێوەیەك رازی نابین بەو رێککەوتنە.

ئێمە لێرەدا بۆ راستی و مێژوو دەڵێین، ئەو چەتانەش نکۆڵی لەوە ناکەن، بەتایبەتیش ئیبراهیم ئەحمەد، کە ئەوانە لەلایەن بێگانەکانەوە ئاراستەکراون، لەسەرەتاشدا تاڵەبانی ئەو رێککەوتنەی واژوو کردووە، لەو کاتەدا ئیبراهیم ئەحمەد لەدەرەوەی عێراقدا بوو، لەپاش گەڕانەوەی هێرشی کردە سەر رێککەوتنەکە، بۆیە جەلال لەواژووەکەی پەشیمان بۆوە، وای نیشاندا وەکخۆی واژووی کردووە، نەك بەناوی پارتی، هەرچۆنێك بێت پێویستە لەکاتی

سەرهەڵدانی ململانێیە ترسناکەکانی ناو هەر پارتێك بۆ کێشە گشتییەکان، دەبێ بگەڕێنەوە بۆ پەیڕەو و پرۆگرامی پارتی ( بۆ گەیشتن بەچارسەرێکی لەبار، تا ململانێیەکان بنبڕبێت)، لەجیاتی ئەمە ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانی و بەشێك لە بەرپرسانی پارتی لەنیسانی ١٩٦٤ کۆنفرانسێکیان لە ماوەت سازکردووە و بازرانیان داوەت نەکردووە بۆ ئامادەبوون لەو کۆنفرانسەدا، بەو پێیەی سەرۆکی پارتەکەیە، هاوکات کۆمەڵێك لەبڕیاری منداڵکارانەیان داوە، لەنێوەندیان دەسەڵات وەرگرتنەوەیە لەبارزانی، لەمەوەش بارزانی و هەوادارانی پارتی بەرهەڵستی ئەمەیان کرد، بەو پێیەی کۆنفرانسەکە لەگەڵ پەیڕەو و پرۆگرامی پارتی ناگونجێ و داوایانکرد کۆنگرەیەك ببەسترێ بۆ یەکلاکردنەوە ململانێیەکان، کە لەو کاتەدا زۆر بەهێز بوو، ئەمەو ئەو زومرەیە بیرۆکەی کۆنگرەکەیان رەتکردەوە، بۆیە لەگەڵ کارەکانی نەبوون، سەرەڕای بەکردەیکردنی کارەکانی لەتەك دواخستنی تا لەدانیشتنەکاندا بگەنە شتێك، بەلام هیچ سوودی نەبوو، لەسەر ئەو بنەمایەش کۆنگرەی شەشەمی پارتی وەك پێویستییەکی مێژوویی گرنگ بەسترا، یەکێك لەو بڕیارانەی، کە تیایدا هاتووە، دەرکردنی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و بەشێك دیکەی بەرپرسانی پارتییە.

بەهەر شێوەیەك بێت ئەم بڕیارە جێگەی خۆشحاڵی دەرکراوەکان نەبوو، کاتێکیش سەرکردایەتی نوێ داوای لێکردن کەلوپەلەکانی پارتی بگەڕێننەوە ئامادە نەبوون بەدەم داواکاریەکەوە بێن، بیانووی ئەوەیان هێنایەوە کۆنگرەگە شەرعی نییە، یاخیبوونی خۆیان لە شۆڕش و پارتی راگەیاند، بۆ ئەوەی رادەیەك بۆ ئەم یاخیبوونە دابندرێ، سەرکردایەتی شۆڕش ناچاربوو هێزیان لەدژ بەکاربێنێ، تا کاروبارەکان بگەڕێندرێتەوە شوێنی خۆی، ئەوانیش نەیانتوانی رووبەڕووی هێزەکانی شۆڕش ببنەوە، تەنیا بەرگریەکی کەمیان کرد، لەدواتردا رایانکردە ناو خاکی ئێران، لەپاش ئەوەی زۆرێك لەکەرەستە و خۆراکیان لەناوچەی ماوەت سووتاند، لەتەك ئەوەی زۆرێك لەکەلوپەل و پارە و هەزاران پارچەی چەك و چەندین تەن لە جبەخانەیان برد، سەرەڕای هەموو ئەمانە بەهەندهەڵگرتنی نیشتمانی و مرۆیی، سەرۆکی شۆڕش لێبووردنی بۆ دەکردن تا بگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان و ئاساییانە کارەکانی خۆیان بکەن، لەجیاتی ئەوەی ئەوان بەدەم بڕیاری لێبوردنەوە بێن، جارێکی دیکە لەپاش سێ هەفتە هێرشیان کردە سەر چەند گوندێکی سەر سنووری عێراق-ئێرانی، تاوانەکانیان بووە هۆی چەندین پێشمەرگە و هاووڵاتی بکوژرێ و چەندین گوند بسووتێندرێ و تاڵان بکرێ، بۆیە جارێکی دیکە هێزەکانی پێشمەرگە ناچاری کردن، دووبارە پەنا ببنەوە بۆ ئێران، ئەمەو دەسەڵاتی ئێران لەهەمەدان نیشتەجێی کرد، لەوێشەوە نەوەستان چەندین بڵاوکراوەی هیچ و پووچیان دەرکرد، تیایدا درۆ و دەسەلەیان نووسیی بوو سەبارەت بەخۆبەدەستەوەدانی بارزانی و فرۆشتنی کورد و کوردستان دەکەن، کاتێك راستییەکان خرایە روو و لەپاش دووبارە

هاتنەکایەوەی دوژمنکاری بۆ سەر گەلەکەمان لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٦٥ بـەخێرایی داوایـان کرد بگەڕێنەوە کوردستان، تا رووی خۆیان سپی بکەنەوە، کـە دەبوایـە روونکردەنـەوەیان بـۆ رای گشتی بدابایە، لەپاش گەڕانەوەیان دەبوایە هەموو لایەنەکانی دووجار چەك هـەڵگرتنیان دژ بە هێزەکانی شۆڕش روونبکرادبوایەوە، تا پارتی و سەرکردایەتی شۆڕش و جەماوەر و هێـزی گەل بۆ دووبارە متمانـەی بـەوان بەخشـیبووبا، تـا ئـەو پۆسـتانەیان وەربگرتبـووایەتەوە، کـە شایستەیە بۆیان لە دامودەزگاکانی شۆڕش، بۆ دووبارە رەتی دانپیانانیان کردەوە، کە لەپێشـتردا چ هەڵەیـەکیان کـردووە، کـەچی درۆ و دەلەسـان دژ بەشـۆڕش و پـارتی دەکـرد، لەپاشـاندا دەستپێشـخەریان کـرد بـۆ پێکهێنـانی پەیوەنـدی ترسـناك لەگـەڵ دەسـەڵاتدارانی بەغـداد، لەدۆخێکدا شەڕ بەردەوام بوو، لەکۆتایشـدا بەشـێوەیەکی نهێنـی رایـانکردە بەغـداد، بـەهۆی بوونی ناپاکی و خیانەت، بۆیە زۆرێك لەبرایان کارەکانی ئەوانیان ریسوا کـرد وەك برایـان نـوری شـاوەیس و عـەلی عەبـدوڵلا و نـوری ئەحمـەد تـەها، هـەروا سـەدان کـادیری پـارتی هـەموو چالاکییەکانی خۆیان وەستاند بەتایبەت لەکاتی سەرهەڵدانی قەیرانی ١٩٦٤ بۆ راسـتیش دەڵێـین هەر سێ لەبراکانمان هەڵویستیان جیا بوو لە جەمسەرەکانی ئەو گرووپ و زومرەیـە، زۆریـش هەوڵیاندا تا بۆچوونەکان لەیەکتر نزیك بکەنەوە و بۆ دووبارە ناپاکـەکان بگەڕێنـەوە رێگـەی راسـت، ئەمـەش هـەر لەسـەرەتای هاتنەکایـەوە ململانێیەکانـدا، بـەڵام هۆکـاری جیـاوازی ناراستەوخۆی نێوان پـارتی و شـۆڕش و ناپاکـەکان ململانێیـەکی جەوهەرییـە بـۆ خـەونی کـۆنی ئیبراهـیم ئەحمـەد دەگەڕێتـەوە تـا بـارزانی لەسـەرکردایەتی پـارتی لاببـات، تـا خـۆی بکـات بـەدیکتاتۆرێك و سـەرکردەی گـەلی کـورد، چەنـد تارماییـەك لەنێوەنـدی بڕگـەکانی بـەیانی رێککـەوتنی ئاگربەسـتی سـاڵی ١٩٦٤ هـەبوو، ئەمـەش وەك بیانوویـەك تـا ململانییـەکان بەشێوەیەکی سیاسی بشاردرێتەوە، هەموو ئەوانـەی بـەدواچوون بـۆ پارتەکـەمان دەکـەن زۆر بەباشی دەزانن ئەوانە ئێسـتا سـەرکردایەتی چەتـەکان دەکـەن، لەپێشتریشـدا ئـەوان هۆکـاری سەرەکی بوون لەجیاکاری لەنێو پارتیدا، ئاسـتەنگێکی گـەورە بـوون تـا لەرێگـەی پێشـکەوتن و هەڵشکاندا بین لەرووی کارای سیاسی و رێکخستندا تا زیاتر بەرەو پێشەوەی دەبەین، تا ئـەو کاتەی مستەفا بارزانی دامەزرێنەری پارتی دەگەڕێتەوە خاکی نیشتمان، ئەمەش لەپاش شـۆڕشی تەمووزدا، هاوکات ئەندامانی پارتی ئەم راستییە باش دەزانن، لەکاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی کـورد لە ساڵی ١٩٦١ بووە جێگەی ترس لەلای ئەوان و ویستیان خۆیان لێـی بشـارنەوە، بـەهۆکاری چەپەڵیان، نەیاندەتوانی بەرگری قارەمانی گەل ببینن، نـەوەك هـەوادارانی پـارتی پاڵەپەسـتۆیان بخەنە سەریان تا پشتگیری لەسەرکردەی شۆڕش بکەن، بۆیە ناچار بوون پشتگیریان لەشۆڕش کــرد، لەمــەوەش رووداوەکــان زۆر بــوون، بــەڵام زۆری نــەبرد ئــەوان پێیــانوابوو هــەموو موعجیزەکانی گەلی قارەمان و هێزی چەکداری شۆڕش لەئـەنجامی بەرهـەمی هـزر و عـەقڵی ئەوان بووە، خەیاڵی ئەوەیان دەکرد ئەگەر مێشکی بەتاڵی ئەوان نەبێ ئـەو شۆڕشـە شکسـت

دەهێنێ، هەر ئەوانیش سەرکردەی دیاریکراوی ئەم گەلەن بۆ هەتا هەتایێ... خەونی ئەوەیان دەبینی هەر کەسێك لەگەڵ ئەواندا نەبێ ئەوا تاوانە، بەڵام کاتێك پێشمەرگەکانی دەوروبەریان ئەوانیان جێهێشت و پەیوەندیان بە بارزانی سەرۆکیان کرد، کەچی ئەوان تاوانباریان کردن بەسوپایەکی بەکرێگیراو، کاتێك سەکردایەتی پارتی کۆبوونەوە هەموو رایان وابوو لە کۆنگرەی شەشەم دەربکرێن، کەچی ئەوان بیانووی ئەوەیان هێنایەوە کۆنگرەکە شەرعی نییە، کاتێکیش گەل ریسوای کردن و لەتەك سەرکردایەتی شۆڕشدا بوون، نەیانتوانی هەموو گەلی کورد تۆماتبار بکەن، بەڵکو ئەوەیان بەستەوە بەوەی گەلی کورد خۆی بە بنەماڵەیەکی خۆپەرست بەستۆتەوە، لە ساڵی ١٩٦٤ چەکیان دژ بەشۆڕش هەڵگرت، کە لەپێناوی ئۆتۆنۆمیدا هەوڵی دەدا، ئەمرۆش تەنیا دژ بەسیاسەتی شۆڕش نەبوون کە بارزانی سەرکردایەتی دەکرد، بەڵکو شەڕیان کرد لەو پێناوەدا، لەو کاتەی کە بینیان شۆڕش بەهێزەوە هەنگاو دەنێ و توانا درۆیەکانیان پەراوێزخراوە و پارتیش کۆڵەگەکانی چەسپێندراون پێویستیان بە شێوەی ئەوان نییە، نەیانتوانی لەگەڵ ئەو دۆخەدا بژین و لەپێش چاوی گەلی کوردا بن، سەلیقەیان تێکچوو، بۆیە بۆ دووبارە گۆچانەکانیان هەڵگرت و رایانکردە بەغدا، لەوانەیە لەوێدا ئارەزووی زاڵبوون و سەرکردایەتی و شکۆداری بەدەست بێنن. لەمەوەش چوونە نێوەندی پیلانەکانی دژ بەشۆڕش، لەو کاتەی لە ناوچەی باڵەك لە بەهاری ئەو ساڵەدا گەورەترین دوژمنکاری سەربازی دژ بە گەلەمان لەئاراد بوو، لەو کاتەی سوپا شۆڕشگێرە ئازاکەمان بەرامبەر بەدوژمن دەبنەوە و شکستی پێدەهێنن، بەتایبەتی لەو کاتەدا بەهۆی فەرمانگەکانی ئاسایش و هەواڵگری حکومەت، خەنجەری ژەهراویان راوەشاند، ئەمەش بەهێنانەکایەوەی پشێویی و یاخیبوونی بچووك لەناو هەندێك لەهەواداران وهێزی گەل لەهەردوو لیوای کەرکووك و سلێمانی. بەڵام ئاگایی شۆڕشگێران و لەدەوری سەرکردایەتیاندا بوون، توانیان رەتیان بکەنەوە، تەنیاش لەپای ئەمەی ریسەواییان بۆ مایەوە، چیرۆکی ئەو خائینانە لەلای ئێمە نوێ نییە، لەپێشتریشدا پارتی خیانەتەکانیان و بەکرێگیراویان بۆ بەغدا و کەسانی دیکە خستۆتە روو و ئابڕوویانی بردووە، دڵپیسی کوێرانەیان گەشتۆتە ئەو رادەیەی کە راپۆرتی وەهمی بدەن سەبارەت بەپەیوەندییەکانی شۆڕش بەدەرەوە، دژ بە شۆڕشی کورد و سەرکردایەتییە دڵسۆزەکەی، بۆ ئەمەش تاڵەبانی دانەیەکی بۆ گەورەکانی لە بەڕێوەبەرایەتی (الامن)ی گشتی ناردووە و دانەیەکی دیکەی داوەتە یەکێك لە باڵیۆزخانە بیانییەکان لەبەغدا، هەروا حیلمی عەلی شەریفی هاوڕێی دانەیەکی داوەتە فەرمانگەکانی ئاسایشی- کۆماری عەرەبی یەکگرتوو و سوریا، ئەمەش وەك هەوڵێکی ترسنۆکانە ویستویانە لە گەورە و بەهای شۆڕش کەمبکەنەوە، گومان بخەنە سەر ئامانجە رزگاریخوازە دادپەروەرییەکان، تا خۆڵەمێش بخەنە ناوچاوان و هەموو شتەکان بەرەو گومرایی ببەن، کەچی ئەمە راستی ئەوانە، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ پەندە عەرەبییەکە "خۆی ئەو عەیبەی هەیە و بەمن دەڵی ئەو عەیبەت

هەیـە"، یاخبوونـە خیانەتکارەکـەیان، پەیوەندییـەکی هەرەمـەکی هەیـە بـەو زانیارییـە بـێ ئومیدانە، کە لایەنە عەرەبی و بیانییەکان هەوڵی بۆ دەدەن، دەیانەوێ سەرکردایەتییەکی نـوێ بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بهێننە ئارا، کە جیـا بـێ لەسـەرکردایەتی نیشـتمانی بـارزانی، ئێمە لەمێژە ئاگاداری ئەو هەولانەین بەتایبـەتی ئـەو کاتـەی تاڵـەبانی لەبـەهاری رابـردوو لـە لەنـدەن بـوو، لەوێـدا خـۆی بـە وتـەبێژی شـۆڕش لـەدەرەوەدا دەناسـاند، دیـارە هـەموو چالاکییەکانی ئەو گرووپ و زوومرەیە لەچەند مانگێکدا بۆ ئەو پیلانگێرییە پیسە بـووە، بـەڵام شکستێکی گەورەیان هێنا لەو کاتەی لەرووی سەربازیدا هەڵـدێران لەتـەك ئـەوەی گۆشـەگیر کران لەرووی سیاسییەوە لەلایەن هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر و بەشەرەف، بەمـەش ئـەو گرووپە بوونە بەشێك لەدەزگاکانی ئەمن و ئیستخباراتی حکومەت، لەم کاتەشدا ئەمە جێگـەی پێکەنینە، زۆر سەیرە ئەم گرووپە شانازی بەوەوە دەکا، کە گەیشـتۆتە ئـەو ئەنجامـە، پێیوایـە جوانترین شێوەی کوردایەتیان گرتۆتە بەر، دیارە لەناوبردنی پاشـماوەی ئـەو گرووپـە چەتەیـە لـەرووی سیاسـییەوە بەسـتراوەتەوە بـە ئاگـایی جـەماوەر و قووڵبوونـەوە لەسیاسـەت بـە بەردەوامی تا زیاتر ئابڕوو ببردرێن، تا دووربکەوینەوە لە کارەخراپـەکانیان، سـەرەڕای ئـەوەی بەسروشتی خۆیان لەرێگەی خیانەتکارین و بەرەو لەناوچوون دەڕۆن.

**دۆخی سیاسی لەعێراق و کێشە سەرەکییەکانی گەل**

گرفتە ساسییەکان، کە لەئێستادا لەعێراق  تیشکی خـراوەتـە سـەر، بەتایبـەت لـەپاش شـۆڕشی چواردەی تەمووز هەتا ئەمڕۆ، بەپێی بۆچوونی ئێمە سێ گرفتـە، وەك گرفتـی فـەرمانڕەوایی و کێشەی کورد و دەرهاوێشتەکانیەتی، هەروا بابەتی دیاریکردنی پەیوەندییـەکانی عێراقـە دەرەوە و دەوڵەتـە عەرەبییـەکانی دیکـە، لـە ئێسـتادا نامانـەوێ قسـە لـەهۆکار و دۆخـە خـودیی و بابەتەکان بکەین، کـە هۆکـارێکی سـەرەکی ئـەو گرفتـە ترسـناکانەیە، لەنێوەنـدی رۆژگاریشـدا کەڵەکـەبووە، کـە بۆتـە هـۆی ئـەوەی ببێتـە رێگـر و ئاسـتەنگ، نـاکرێ بـەبێ چارەسـەری زانستیانەی راست وڵات رزگار بکەین، کە لەئێستادا لەحاڵەتی تێکچرژاندایە، ئەمەش لەماوەی هەشـت سـاڵدا بۆتـە یـەکێك لەخەسـڵەتە دیارەکـانی، تـا بتـوانین وەرچـەرخان بـەو گەلـە لەخۆبردووە بدەین، کە زۆرێك لەنسکۆ و ئەشکەنجەی بینـووە، پێویسـتە دۆخـی دیکـەی بـۆ بهێنینە ئارا، تا هەلی سەقامگیری و دیموکراتی و پێشکەوتن لەهـەموو رووەکانـدا بـۆی بـەدی بێ.

**گرفتی ئۆتۆنۆمی**

**برایان**

گرفتـی ئۆتۆنـۆمی لـە عێراقـدا دەگەڕێتـەوە بـۆ مێژوویـەکی کـۆن، لـە دامەزرانـدنی دەوڵـەتی

عێراقەوە دەست پێدەکات واتە لەبیستەکانی ئەم سەدەیە، هەردەم حکومەتـە عێراقییـە یـەك لەدوای یەکەکان ویستویانە ئیرادەی گـەل قـەڵپ بکـەن تـا نـەتوانێ نوێنـەرە راسـتەقینەکانی هەڵبژێرێ و هەروا دژایەتی هەموو بزووتنەوە نیشتمانی و دیموکراتییەکانی کردووە، بۆیـە ئـەم حکومەتانە گۆشەگیر و جیان لە گەل، ئەمەش لەلایەن ئیمپریالیزمدا چەسـپێندراوە، لـەجیاتی ئەوەی سەرکردایەتی شۆڕش لەپاش ١٩٥٨ دەستپێشخەری بکات بۆ چارەسەرکردنی ئـەو دۆخـە نارێکە، لەرێگـەی خسـتنە رووی ئازادییـە دیموکراتییـەکان و دەسـتووردا بـۆ رۆڵـەکانی گـەل، ئەگەر ماوەیەکی کەم لە دەسەڵاتی قاسم، بەڵام ئێستا هەموو کارەکان پێچەوانە بۆتەوە، ئێسـتا دیکتاتۆریانە و چەوسەێنەرە، ئێستا ماف و ئازادییە سەرەتاییەکانی گەل، کە گەل لەسـەردەمی پاشایەتیدا هەیبوو نەماوە، حکومەتەکانی پاش شۆڕش تەنیا شکستیان نەهێناوە لەدەسـەڵات، بەڵکو چەندین داهێنان و چەمك و سیستەمی دیموکراتیان دانـاوە لـەهیچ شـوێنێك نییـە و هەموو خراوەتە پێش دەسەڵاتی یاسایی و راپەڕاندن لەیەککاتدا و هەمووشی خراوەتە دەست رێکخراوە دروستکراوەکان، بۆیە سروشتییە ئەو دەسەڵاتە پشتی نەبەسـتووە بەگـەل و ئیـرادە ئازادەکەی، بۆیە بەخێرایی بەرەو لەناوچوون دەڕوا، لەگەڵ ئەوەی زۆربەی پارتە عێراقییەکان بەچەنـد شـێوەیەك بەشـدار بوونـە لـەئاڵۆزکردنی دەسـەڵات لـەعێراق، بەتایبـەت ئـەو رێگـە تاریکانەی کـە هەنـدێك لـە حکومەتـە عێراقییـەکان گرتوویانەتەبـەر، هەنـدێکجاریش پـیلان دەگێڕن بۆ کودەتای سەربازی و هەندێکجاریش کۆمەڵێك دەسەڵات دەگرنە دەست لەوڵاتـدا و جەنگ لەدژی چین و پارت و هێزە سیاسییەکانی دیکە رادەگەیەنن، هـەموو ئـەو شـێوازانە دوورە لە سەرەتاترین بنەمای دیموکراتییەت، کە ئەو پارتانە پەیڕەویان کردووە، بەشـێوەیەکی گشتی تەنیاش بۆ گەلی عێراق نەبووە و بۆ خودی ئەو کۆمەڵانـەش سـوودی نـەبووە، تـەنیاش ناخۆشی و کارەساتیان هێناوەتە سەر شـانۆی سـیاسی، سـەرەڕای ئـەو برینانـەی روویانـداوە و هەسـتیارەکان بەجێیانهێشـتووە لەنێوەنـدی ئاسـۆی سـیاسی بـۆ زۆربـەی نێوەنـدە سیاسـییەکان،بۆیە واقیعـە هـەموو پێویسـتییەکانی هەسـتکردن بـە بەرپرسـیاریەتی نیشـتمانی مێـژووی لـەخۆ بگـرین، لەسـەر هـەموو پـارت و هێـزە سیاسـییەکان و کەسـایەتییە کۆمەڵاتییەکانە بەتایبەتی ئەوانـەی گرنگـە لایـان عێـراقێکی دیمـوکراتی و ئـازاد و گەشـەکردوو بنیـات بنردێتـەوە، بۆیـە دەبـێ ریزەکـانی یەکبخاتـەوە و هێزەکـانی یـەکگرتوو بـن، هـەمووان دەست لەناو دەست لەتەك یەکتردا خەبات بکەن، لەپێناو ئامانجێکی مێژوویی.

پارتی دیموکراتی کوردستان داوا لەهەمووان دەکا، گرفتە لاوەکییـەکانی رابـردوو بـەلاوە بخـەن، بەهەموو شێوەیەك چارەسەری کێشەکانی گەل بکەن، ئێمـە پێشـوازی لەچاوپێکـەوتنی هـەر لایەنێکی دیکەی نیشتمانی و نەتەوەیی و دیمـوکراتی دەکـەین، تـا توێژینـەوە لەهـەر بابـەتێك بکـەین بەتێروتەسـەلی و روون، رێکبکـەوین لەسـەر هـەموو خاڵـە هاوبەشـەکان، لـەپێناو

جێبەجێکردنێکی تۆکمە.

**یەکێتی نیشتمانی و کێشەی کورد لەعێراق**

گرفتە نەتەوەییەکان گرفتی ترسناکن، کە رووبەڕووی سیاسەتی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی بۆتە لەهەموو شوێنێکی جیهاندا، هەر لەو کاتەی نەتەوەکان هاتۆتەکایەوە، ئەمە بەپێی چەمکی نوێی سەردەمیانە، ئەم گرفتانە لەرۆژئاوای و رۆژهەڵاتی ئەورووپا و ئەمریکا و ئەفریقیا هەر بەشێوەیەك بەدەرکەوت، ئەمەش بەپێی دۆخ و دابونەریتی نەتەوە پەیوەست بەیەکەوەبووەکان و لەچوارچێوەی نێودەوڵەتی دەوروبەر، ئەمەش هۆکارێکە بۆ سکاڵا و سەرچاوەی نیگەرانی و نەمانی سەقامگیری و شێوەیەکە بۆ ململانێیەکان، تا ئەو کاتەی چارەسەری سەرکەوتووانە ئەنجام دەدرێ، ئەمەش جەوهەری مەسەلەی نەتەوەییە، لەبوونی نەتەوەیەکی چەوسێندراو و هەموو مافێکی پێشێلکراوە و لەلایەن چینی دەسەڵاتداری نەتەوەیەکی دیکەوە. دەست بەسەر هەموو خێر و بێرێکی نەتەوەیەکی دادەگرێ و رێگری لێدەکات تا مافەکانی بەئازادی و پێشکەوتنی خۆی دەستەبەر بکات. لەلایەکی دیکەوە کێشە نەتەوەییەکان بەشێوەیەکی نوێ و بۆ یەکەمجار لەنیوەی یەکەمی سەدەی رابردوو لە رۆژهەڵاتی ئەورووپا و وڵاتانی بەلکان خرایە روو، ئەو ناوچەیەش لە نەتەوە و گەلانی بچووك پێکدێ وەك گەلانی یوگسلافیا و مەکدۆنیا و سلاف و چیکی و چەندانی دیکە، ئەم گەلانەش لەلایەن سێ ئیمپراتۆریی دژ بەیەك دابەشکراوە وەك ئیمپراتۆریەکانی نەمسا و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئیمپراتۆریەتی رووسی، ئەم ئیمپراتۆریەتانەش ئەو گەلانەی لەنێو چوارچێوەی خۆیاندا وەك قەیسەر و ئیمپراتۆر و سوڵتاندا تواندۆتەوە، لەلایەن ئەوانەوەش هەر داواکاریەك وەك تاوانێك سەیر دەکرێ و خراپترین سزای دەدەن، لەکاتێکدا جەنگی جیهانی یەکەم و شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ تواندرا رژێمی قەیسەری بڕوخێندرێ، بەمەش ژمارەیەك لە گەلانی بچووك رزگاریان بوو لەرژێمی قەیسەری، هەروا جەنگی جیهانی دووە و ساڵانی دواتر چەندین رووداوی دیکە لە بەرژوەندی بزتنەوەی رزگاریخوای نیشتمانی بوو، بەشێوەیەك هاوکاری نەتەوە ژێر دەستەکان بوو، بەو هیوایەی بتواندرێ مافەکانی بسەنێ لەچەوسێنەران.

ئەمە بووە هۆی ئەوەی دەیان گەل لەپاش جەنگی جیهانی دووەم لەئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینی رزگاریان بێ و هەنگاویان نا تا دەوڵەتی نوێی خۆیان و حکومەتی سەربەخۆ دابمەزرێنن .. ئەگەر دۆخە نوێیەکە هۆکارێك بووە بۆ ئاسۆیەکی نوێ بەرامبەر گەلانی جیهان تا بە ئیرادەی خۆی پێشکەوتن بهێنێتە ئارا، لەلایەکی دیکەوە ئەم دۆخە بواری داوە پێشکەوتنی پەیوەندییەکان لەنێوان نەتەوە و گەلاندا، بەتایبەتی ئەوانەی لەنێوەندی یەك دەوڵەتدان، ئەمەش لەسەر بنەمای بەهای نیشتمانی و یەکسانی نەتەوەیی و هاوڕێیەکی

لەنێوان گەلاندا، لەراستیدا دوو ڕێگە هەیە بەرامبەر بە نەتەوەکان، ڕێگەی سێیەم نییە بەرامبەر بەکێشەی نەتەوەیی، یان ئەوەتا یەکێتی نیشتمانییەکی پتەو لەسەر بنەمای ڕەگ و ریشەیەکی بەهێز، یاخود ئەو دەوڵەتە لێکبترازێ و نەتەوەکان لەیەکتر جیا ببنەوە، تا هەریەکێکیان دەوڵەتی تایبەت بەخۆی هەبێ، بەپێی بۆچوونی ڕێگەی یەکێتی نیشتمانی راستەقینە هەنگاوێکە بەدانپیانان بە مافی گەلان و مافی چارەنووسی و پێدانی مافی دیاریکردنی چارەنووس لەلایەن نەتەوە بچووکەکان، لەتەك شێوەی ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ نەتەوە گەورەکەدا ئەنجامی دەدا، ئەگەر بەشێوەی یەکێتی فیدالی یان ئۆتۆنۆمی یاخود هەر سیستەمێکی دیکە و دانانی دەزگای حکومی و میللی بۆ جێبەجێکردنی، لەپراکتیکدا یەکسانی نەتەوەیی و دادپەروەری سیاسی و کۆمەڵایەتی و بوارەکانی گەشە و پێشکەوتنی ئابووری کارا، هاوکات بەشداریەکی کردەیی لە دەسەڵاتی ناوەندی، بواردان بەهەر نەتەوەیەك تا کاروباری رۆشنبیری و خۆجێیەتی بەرێوەببات، لەتەك بنبڕکردنی شۆڤینیەت و رەگەزپەرستی، هاوکات هەلی کارا بدرێ بۆ بوارەکانی گەشەپێدانی نەتەوەیی بەرامبەر بەهەمووان، یەکێتی نیشتمانی لەسەر بنەمایانە بەندە، ئەمەش یەکێتیەکی راستەقینە و بەهێزە و هیچ قەیران و نسکۆیەك جێی پێ لەق ناکات، چونکە لەسەر رەزامەندی لایەنەکان دانراوە و گونجاوە لەگەڵ وێناکان شەرعییەکان، ئەمجۆرە یەکێتییە هۆکارێکە بەرامبەر هەموو ترسناکییەك، هەموو لایەنەکانیش بەرامبەر هەموو ترسناکییەکان دەبنەوە، دەتوانین ئاماژە بەچەندین دەوڵەت بکەین، کە لەباوەشیدا چەندین نەتەوە و کۆمەڵە زمانێکی دیکەی تیادایە، ئەمەو گرفتە نەتەوەییەکانی بەو شێوەیە چارەسەر کردووە، بۆیە کۆڵەکانی پتەو بووە بەرامبەر بەهەر قەیرانێکی نەتەوەیی، لەو دەوڵەتانەی کە لەپێشەوەن بۆ ئەم مافانە سویسرا و یوگسلافیا و هیند، لەپێشتردا زۆرێك لەو وڵاتانەی چەندین نەتەوەی تیادا دەژیت، کاتێك چارەسەری کێشەی نەتەوەیی کرد توانی لەجەنگی جیهانی دووەمدا گەورەترین ترسناکی لەخۆی دوور بخاتەوە، بەمەش یەکێتی نیشتمانییەکەیان بەهیچ شێوەیەك نەلەقی، بەڵکو زیاتر لەیەکتر کۆبوونەوە و گەلەکان پێشبرکێیان کرد تا قوربانی پێشکەش بەدەوڵەت و نیشتمانەکەیان بکەن، بەڵام یەکێتی نیشتمانییەك لەسەر بنەمای چەوساندنەوە و هێزی نەتەوەی گەورە بۆ نەتەوەی بچووك دانرا و مافەکانی پێشتگوێ خرا و ئاواتە نەتەوەییەکانی پێشێلکرا، ئەوا ئەو یەکێتییە قەڵپە و بەرەو لێکترازانی بەردەوام دەچێ، لەم کاتەشدا نەتەوە بچووکەکە بەهەلی دەزانی تا زوڵم و زۆری لەسەر خۆی لاببات و رزگاری دەبێ لەزاڵبوونی نەتەوەی گەورە، هیچ هێزێك نییە نەتەوەیەك بخاتە ژێر رکێفی نەتەوەیەکی دیکە، بەهۆی چەوساندنەوە و زوڵم لەجیهاندا چەندین ئیمپراتۆریەتی مەزن بەرەو لێکترازان رۆیشتووە، یوگسلافییەکان دەڵێن کراواتییەکان هاوکاری دەوڵەتانی محەوەر دژ بەحکومەتی یوگسلافیا لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا، ئەمە بووە هۆی ئەوەی زیاتر لە ملیۆنێك سربی بکوژرێ، لەو کاتەشدا لەژێر رکێفی

سڕبییەکاندا بوو، بەڵام ئەمڕۆ هیچ ململانێیەك و دابەشبوونێك بوونی نییە لەنێو ئەو نەتەوانەی کە یوکسلافیای لێ پێکهاتووە، چونکە چەوساندنەوە و ڕەگەزپەرستی دژ بەنەتەوەکان بەتەواوەتی لەنێو وڵاتدا لابرا.

### تێکۆشەران

ئێمە پێمانوایە پێویست بەوە ناکات دووبارە بڵێین عەرەب و کورد لەعێراقدا هەردەم وەك برا ژیاون، هەر لەو کاتەی دەوڵەتی عێراق دامەزراوە و ئاڵای نیشتمان و ئاین و بەرژوەندی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە، بەڵام ئاستی هەردوو نەتەوەیی عەرەبی و کوردی و لەدەرەوەی چوارچێوەی عێراقدا، ئەوا پەیوەندییەکان لەدێرزەمانەوە لەسەر بنەمای پتەو دانراوە و هەردەم سۆز و و بەرگری لەبنەماکان و ڕێز و خۆشەویستیان بۆ یەکتر هەبووە، ئەمەش نموونەی باڵایە لەنێوان هەردوو نەتەوەیی هاوڕێیە، بەدرێژایی مێژوو ئەو پەیوەندییەی نێوانیان هیچ گەردێکی لەسەر نییە لەڕووی دوژمنکاری و لاوازکردنی یەکتر و بەچاوێکی دیکە سەیری یەکتر بکەن، سەرەڕایی ئەوەی بەدەستی دەسەڵاتدارانی عێراقەوە گەلی کورد تووشی چەوساندنەوە هاتووە، هەر لەدامەزراندنی دەوڵەتی عێراق تا ساڵی ١٩٥٨، بەڵام ئەو جۆرە پێشێلکارییە شتێکی وانەبوو تا خەسڵەتی پەیوەندی نێوان گەلی کورد و عەرەب تێکبدا لەعێراقدا، بۆیە یەکێتی نیشتمانی جێگەی ترس نەبوو بەرامبەر هەموو ترسناکییەکانی چەندین ساڵە، هاوکات ماددەی سێیەمی دەستووری کاتی، کە لەپاش شۆڕشی تەمووز دەرکرا، وایکرد بنەمای برایەتی عەرەبی و کوردی تۆکمەتر بکات، بەو پێیەی بەڕوونی دانی بە نەتەوەی کورد، یاداشتکردنی بنەمای هاوبەشیکردن لەنیشتمان لەچوارچێوەی یەکێتی عێراق، سەرەڕایی بوونی تارماییەك لەماددەی دووەم و سێیەم لە دەستووری ١٩٥٨، هەرچۆنێك بێ کارەکان بەرەو ڕوویەکی پێچەوانە هەنگاوی ناوە لەپاش هەڵچوونی قاسم بەرەو ڕووخان و چەوساندنەوە و دیکتاتۆریەت، تا وایلێهات هەنگاو بەرەو بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخواز لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ دوژمنکاری بکات، ئەم دوژمنکاریە لێدانێکی بەهێز بوو بۆ سەر یەکێتی نیشتمانی، گەورەترین هەڕەشەش بوو بۆ بەردەم برایەتی عەرەب و کورد لەو کاتەدا، هەروا ئەو حکومەتانەی لەدواتردا هاتن لەپاش قاسم، تا ڕاگرتنی ئاگربەستی ئەمساڵ هەردەم جەنگیان زیاتر توندتر دەکرد تا وایلێهات شێوازی جەنگ ڕەگەزپەرستی بەخۆیەوە گرت، ئەمەش زیانێکی گەورەی بەعەرەب و کورد گەیاند لەڕووی گیانی و ماڵییەوە، ئاساییە نموونەی حکومەتە دیکتاتۆرییە سەربازییە کۆنەپەرستەکان دژایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد بکەن، بەو پێیەی گەلی کورد بەشێکە لەگەلی عێراقی زوڵم لێکراو، هەروا بزووتنە ڕزگاریخوازەکەی بەشێکە لە بزووتنەوە دیموکراتییەکەی، کە هەردەم ڕووبەڕووی پێشلکاری بۆتەوە لەسەر دەستی ئەو دەسەڵاتدارانە، لەکاتێکدا کێشەی کورد پەیوەندییەکی

ئەندامی هەیە لەگەڵ دیموکراتییەدا، بۆیە هەردەم کێشەکان پەیوەستە بەچارەسەرکردنی قەیرانی دەسەڵات لەوڵاتدا.

کێشەی کورد لەعێراق لەرووی ناوەڕۆکەوە کێشەی هیوا و ئاوانی نەتەوەی کوردە تا بتوانێ مافە شەرعییەکانی بەدەست بێنێ لەم سەردەمەدا، لەکاتێکدا نەتەوەکان بەرەو پێشکەوتن هەنگاو دەنێن، لەکاتێکدا ئەم هیوا شەرعیانە دەبێتە پێکدادان بەدەسەڵاتی عەرەبی کۆنەپەرستی شۆڤینی، کە هیچ کاتێك نوێنەری ئیرادەی گەلی عەرەبی نەبووە لەعێراق، ئەم دەسەڵاتە دوور لەهەموو چەمکەکانی شارستانییەتی سەدەی بیستەم، مکوڕی لەوەش دەکات خۆی بکاتە وەکیلی گەلی کورد ئەمەش لەرێگەی ئاگر و ئاسن و دانانی چەند کلێشەیەکی دیاریکراو بۆ هیوا و ئاواتی گەلی کورد، کە لە عەقلیەتی دەسەڵاتێکی پاشکەوتوو وەرگیراوە، لەکاتێکدا مافی نەتەوەکان دەبێ بەپلەی یەکەم بەپێی ئیرادەی ئەو نەتەوانە بێ، بەپێی بنەماکانی ماف لە لەنەتەوە یەکگرتووە تا مافی چارەنووسی دیاریبکات، ئێستاش دانپیانراوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەپاش جەنگی یەکەمی جیهانیدا.

**برایان**

گلەیی و گازاندەما هەیە، لەسەرەمانە رووبەڕووی رێکخراو و پارتە سیاسییە عەرەبییەکان بکەین، ئەگەر لەعێراق بن یان لەوڵاتانی عەرەبی بێت، هەڵوێستەکانیان جێگەی داخە، سەبارەت بەوەرگرتنی ئەو هەڵوێستانەی داویانە لەو کاتەی گەلی کوردمان رووبەڕووی دوژمنکاری بۆوە. سیاسەتی پارتی بەعسی- عەرەبی ئیشتراکی سەبارەت بە کێشەی کورد زۆر خراپە بەتایبەتی لەعێراق و سووریا، خراپترین نموونەی لەوبارییەوە خستۆتە روو، ئەو کارەساتبارەی جەنگ، کە رایانگەیاند بۆ سەر گەلی کورد لە عێراق تا ئێستا لەدەروونمان ماوە، سەبارەت بەسووریاش، سەرەڕایی هەندێك هەنگاوی پێشکەوتووخوازانە کە دەسەڵاتی ئەوێ داویەتی، بەڵام سیاسەتی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و جیاکاری و رەگەزپەرستی بەرامبەر بەگەلی کورد لەسوریا ئەنجام دەدەن، ئەم سیاسەتە چەوتە وایکردووە سیاسەتی پشتێنی عەرەبی کۆنەپەرست لە پارێزگای حەسکە پەیڕەو بکەن، ئامانجیەتی کوردەکان ئاوارە بکات بەتایبەت لە ناوچەی سنووری تورکی و عێراقی هاوبەش، بەتایبەتیش ناوچەی پترۆلی ئەمەش بەپانی پانزدە کیلۆمەتر و دوورخستنەوەی دانیشتووانە کوردەکان لە خاکی باب و باپیرانی و نیشتەجێکردنیان لەناوچە دوورە دەستەکانی لەنێو بەدوەکاندا. پارتیمان ئەم سیاسەتە کۆنەپەرستییە ریسوا دەکا، کەدوورە لە بنەمای مرۆڤایەتی و دیموکراتی، بەمەش دەیەوێ کیانی کوردی و بوونی لەسووریا لەناوبەرێ، هەر لەو کاتەدا دەسەڵاتداران دەیانەوێ سەدان لە زیندانکراوەکانی کورد ئازاد بکات لەو وڵاتەدا، ئەگەر هێزە دیموکراتییە عەرەبییەکانمان جیا کردەوە، ئەوا شۆڕشەکەمان لەنێو هەموو پارت و کۆمەڵە سیاسییە عەرەبییەکان زۆر بەکەمی

پشتگیریان پێشکەش کردووین ( ئەگەر پێچەوانە نەبێ)، لەکاتێکدا گەلەکەمان پشتگیری و سۆزی هێزە ئازادیخوازەکانی لەخۆ گرتووە، بەهیچ شێوەیەك ناپیوری لەگەڵ پشتگیری کۆمەڵە سیاسییەکانی جیهانی عەرەبی. ئەو لایەنەی گفتوگۆی فەرمی لەنێوان یەکێتییە سۆسیالیستیەکان لە کۆماری عەرەبی یەکگرتوو و بەرەی رزگاریخوازی نیشتمانی جەزائیر، لە ژمارە ٥٠ گۆڤاری الکاتب المصریە بڵاو کردۆتەوە ئاماژە بەوە دەکات، کە بیرکردنەوەی زۆرترین رێکخراوە سیاسییەکانی نەتەوەی عەرەبی زۆر لەخوارەوەیە و بەشێوەیەکی گشتی کۆنەپەرستانەیە بەرامبەر بەکێشەی کورد، ئەمەش سەبارەت بە پارت و رێکخراوە شۆسیالیستانەیە لەجیهان کاتێك بەشێوەیەکی گشتی باس لەکێشەی نەتەوەیی دەکەن، بەتایبەتیش کاتێك باس لەمەسەلەی کورد دەکەن، ئەم هەڵوێستانە تەندروست نین، بەهەمان شێوە بزووتنەوەی نەتەوایەتی عەرەبی هەڵوێستی زۆر خراپە بەرامبەر بەشۆڕشی کورد، کەچی شۆڕشی کورد بەرهەڵست نییە بەرامبەر بەماف و دادپەروەری و جاڕی مافی مرۆڤ، بەڵکو هەردەم لەگەڵ سۆزی بەردەوامە و پشتگیری تەواوی بزتنەوەی نەتەوەیی کورد دەکات، لەکاتێکدا کێشەی برایە عەرەبەکانمان لەسەر ئاستی عێراقی و عەرەبیدا، سەرەڕایی ئەو هەموو کارەسات و زوڵمە کە گەلی کورد تووشی دەبێ بەتایبەت لەماوەی ئەو پێنج ساڵەی رابردوودا، کەچی دروشمان یەکێتی نیشتمانی و برایەتی عەرەب-کوردە، وەکچۆن لە ماددەی حەوتەم لەپەیڕەوی پارتی دانراوە، خەباتکردن لەپێناو پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو نەتەوەی عەرەبی و کوردی، لەسەر ئاستی کۆماری عێراقیشدا، بەردەوام خەبات دەکەین بۆ پشتگیریکردنی برایەتی عەرەبی کوردی پتەوکردنی یەکێتی نیشتمانی، هیواشمانوایە برایە عەرەبەکان لەو هەوڵەمان بەشدار بن.

### عێراق و یەکێتی عەرەبی

بەستنەوەی نەتەوەکانی عێراق بەدەوڵەتە عەرەبییەکانی دیکە هاوکار بووە بۆ یەکلایەنەی دۆخە سیاسییەکە، لەپاش شۆڕشی تەمووز، ئەمەش لەدەرئەنجامی شێوازێکی نادیموکراتی، کە داواکارانی یەکێتی عەرەبی کێشەکەیان خستە بەردەم رای گشتی لە عێراق، هەروا ئەم داواکارییە بووە هۆی بەرهەڵستییەکی بەهێز لەنێوان دوژمنانی لەناوەوە و دەرەوە و هەندێك دەوڵەتی دراوسێ، ئیمە پێمانوایە هۆکاری ئەو زیانە دەگەڕێتەوە بۆ دیاری نەکردنی پەیوەندییەکانی عێراق و عەرەب لەسەر بنەمای پتەو، هەروا هەموو ئەو خوێندنەوانەی بۆ بۆچوونی راستەقینەی گەل لەو بابەتەدا بووە هۆکارێك تا وەڵامی نەرێنی و ئەرێنی بەخۆیەوە بگرێ ئەمە بۆ چەند جارێك بووە جارێك لەدەستی دەسەڵاتداران و داواکارانی یەکێتی لەلایەن پارتەکان و چەند چینێکی نەتەوەیی عەرەبی بووە، هەر چۆنێك بێت، بەو پێیەی ئەم بابەتە بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە پسپۆڕی رۆڵەکانی نەتەوەی عەرەبییە لەعێراق،

بەشێکە لەمافی چارەی خۆنووسین بەو شێوەی خۆیان دەیانەوێ، بۆیە باسەکانی دیکە لێدەگەڕێن بۆ برا عەرەبەکانمان، بەو پێیەی ئێمە ڕۆڵەی نەتەوەیەکین لەگەڵیاندا دەژین، تەنیا دەتوانین هەڵوێستێکی ئەرێنی لەتەکیان بنوێنین بەرامبەر بە بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەبی بۆیە پشتگیری لەهەموو هەنگاوێك دەکەین، کاتێك دەیانەوێ بیهاوێژن تا تەواوکەر و ئامادەیی ئامانجە نەتەوەیی و ڕزگاریخوازەکانیانە بەپێی ئیرادە و هەنگاوەکانیان.

**بابەتی ئابووری عێراق**

**کێشەکانی خۆماڵیکردن و بڕیارە سۆسیالیستەکان**

لە تەمووزی ساڵی ١٩٦٤ حکومەتی عێراق دەستیکرد بە خۆماڵیکردنی چەندین پرۆژە و کۆمپانیا ئەهلییەکان، کە سەرمایەکەی گەیشتە بیست و پێنج ملیۆن دینار، چەند یاسایەکی دەرکرد بۆ دڵنیابوون لە دابەشکردنی قازانجەکانی ئەو دەزگایانە بۆ کرێکار و بەکارهێنەرانی، ئایا دەکرێ بەراستی ئەو بڕیارانە سۆسیالیستی بن، ئایا پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی عێراق لەم قوناغەدا پێویستی بەدانی ئەو بڕیارانەیە، هەروا هەڵوێستی پارتیمان بەرامبەر ئەمە چییە، ئەوەی زانراوە بیر و سیستەمی سۆسیالیستی بەپێی تێگەیشتنی نوێ، لەسەردەمەکانی پێشتر پراکتیکراوە، ئەگەر ڕێگەی سۆسیالیسی تەنیا ڕێگەیەکی دیاریکراو بێ لەماوەی رابردوودا، ئەوا لەم دە ساڵەی دواتر چەندین ڕێگە بۆ دەسکەوتی سۆسیالیستی جێبەجێکرا، ئەگەر پێکانی سۆسیالیستی تەنیا لەدەست یەك چیندا بێ، ئەوا ئێستا چەندین چین و توێژی دیکە لەنێو کۆمەڵگەدا هەیە، ئەویش بەرژەوەندی هەیە لەپێکانی سۆسیالیستی، لەکاتێکدا خەباتی جیهانی دانی بەوە ناوە هەر وڵاتێك بەپێی دۆخی و پێکهاتە و دابونەریتە تایبەتیەکان و هەموو شتێك بەهەند وەربگرێ، لەکاتی جێبەجێکردنی ئەو سیستەمە و سۆسیالیستی تەنیا خۆماڵیکردنی چەند پرۆژە و کۆمپانیایەك نییە، بەڵکو سیستەمێکی گشتگیرە و هەموو لایەنەکانی ژیانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی گشتی دەگرێتەوە.

ئەگەر مەبەست لەخۆماڵیکردن سەرەتایەك بێ بۆ سۆسیالیستی، ئەوا دەبێ لەتەکیدا گۆڕینێکی ڕەگ و ڕیشەی هەبێ لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا تیایدا سیستەم و یاسا و بەڵگەنامە و دەسەڵات و بەها و پێوەر و پەیوەندییەکان بگرێتەوە، کە هەموو چینەکانی گەل بەیەکتر دەبەستێتەوە و هەروا ئەم بنەمایە سۆسیالیستییە دەبێ ئامانجی یەکسانییەکی تەواو بێ لەنێوان هاوڵاتییان و هەموو هەڵپەرستییەك لەناو ببات، لەتەك کردنەوەی بوار بەرامبەر نەتەوە و کەمە نەتەوەییەکان تا مافە بنەرەتییەکانی وەربگرێ، تا ئەو بنەمایە بەرەو پێشەوە بچێ بە دەسشەڵاتێکی میللی، هەموو چین و توێژەکان پەیوەستەکان بەشداریەکی تەواویان هەبێ، تا هەست بەوە بکات خۆی دەسەڵاتی ڕاستەقینەی خۆیەتی، ئەوەی سەبارەت بە

خۆماڵیکردنە بنیاتنانێکی سەرووی سۆسیالیستی هەبێ بۆ ئەوانەی خۆماڵیکردن بەمەزن دەزانن بەمەبەستێکی سۆسیالیستی، بەڵام دەبێتە ئامرازێك بۆ دەسەڵاتە چەوسێنەرەکانی و دیکتاتۆریەکەی، هەروا خۆماڵیکردن خودی خۆی لەترسناکیدایە بۆ لەناوچوون، کەچی بنیاتنانی سەرووی سۆسیالیستی بنەمای ئابووری بەهێز دەکات، سووپایەك بەرگری لێدەکەن و چەندین پاساوی هزر و فەلسەفی پێدەبەخشن، زۆرێك لەسیستەم و یاساکان بەگورتری دەکەن، بەپێی بۆچوونی ئێمە سۆسیالیستی بەبێ دیموکراتی سیستەمێکە کەموکورتی هەیە، بەشێوەیەك مێژووی خەباتی مرۆڤایەتی نیشانماندەدا، ئەگەر مرۆڤ هەوڵی نەدا لەپێناوی پێویستییە ئابووریەکان، ئەوا دەبێ خەبات لە پێناوی دیموکراتییەکی سیاسی بکات و لەتەکیدا خەبات بکات، لەپێناو ژیانێکی ئابووری خۆشگوزەران، بەو پێیەش ئەو رێکارانەی دەسەڵاتە سەربازی دیکتاتۆری کۆنەپەرست لە ساڵی ١٩٦٤ گرتییەبەر، لەکاتێکدا وڵات لەنێوەندی چەندین گرفتی سەرەکی گەورە بۆتەوە، تا ئێستاش چاوەڕوانی چارەسەرکردنە، ناکرێ ئەمە رێکاری سۆسیالیستی بێ بەڵکو سەرەتایەك بێ بۆ ناو سۆسیالیستی، لەلایەکی دیکەوە حکومەتی عێراق لەپێش تەمووزی ساڵی ١٩٦٤ ژمارەیەکی زۆری پرۆژەی هەبووە، کە سەرمایەکەی زیاتر لەشەش ئەوەندەی سەرمای کۆمپانیاکانە، لەو کاتەدا پرۆژەی پاڵاوگە و کەنار و گواستنەوەی رێبواران و سکی شەمەندەفەر و ئاو و کارەبا و کێڵگە حکومییەکان و گارگەی رستن و چنین و چەمەنتۆ و هەندێك لەبانکەکان واتە زیاتر لە سەد و پەنجا ملیۆن دینار لەسەرمایەدایە، جگە لە رێککەوتنی عێراقی سۆفیەتی کە بەرهەمی نەوتە، کە خۆی لە سەد و بیست ملیۆن دینار دەدا لە ساڵێکدا، لەگەڵ ئەمەشدا هیچ حکومەتێکی عێراقی پێشتر سیفەتی سۆسیالیستی پێ نەبەخشی سەرەڕایی ئەوەی  هەموو سەرمایەی هەبووە، بۆچی لەشەو و رۆژێکدا دەبێتە سۆسیالیستی، کە دەست بەسەر پرۆژەی دیکە دادەگرێ، کە ناکاتە شەش لەسەدای ئەو برە، هەروا دابەشکردنی بەشێك لە قازانجەکان بەسەر کرێکار و بەکارهێنەرەکان لەو پرۆژە نادیارانە، لەکاتێکدا کرێکار و بەکارهێنەرەکانی هەر هەمووی بەشێکی کەمە لە زەحمەتکێشەکانی عێراقدا، کێن ئەوانەی داوای سۆسیالیستی کردووە تا لەناوەڕۆکەکەی بزانن، سەرەڕایی ئەوەی بەرهەڵستی بنەمای دابەشکردنی قازانجەکان ناکەین، پارتی دیموکراتی کوردستان بەرهەڵستی خۆماڵیکردن ناکات وەك بنەما ئەگەر خۆشی و خۆشگوزەرانی بە جەماوەری عەرەبی و کورد لەعێراقدا بگەیەنێت، هەروا ئێمە پێمانوایە ناوەڕۆك و خاڵە سەرەکییەکانی ئابووری عێراق لەم قوناغەدا گرفتی خۆماڵیکردن و ئیدارەی سۆسیالیستی نییە، بەڵکو پێکانی ئابووریەکی بەهێزە لەپاش ئەو لەرزینە ئابوورییە گشتییە، تا جوولەی پیشەسازی هەڵبسێتەوە، بەلەناوبردنی بێکاری و دیاردە دواکەوتووەکانی ئابووری، ئەمەش بەهەوڵ و هاوکارییە لەنێوان هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت و بواردان بەجوولەی گەشەکردن بەهەر شێوەیەکی بەردەست.

## چارەسەرکردنی کشتوکاڵ

### برایان

بێگومـان ئێـوە دەزانـن، گرفتـی زەوی یـەکێك لەگرفتـە سـەرەکییەکان تـا شـۆڕشی تـەمووز چارەسەری شۆڕشگێڕانەی بۆ بدۆزێتەوە، سەرەڕایی دەرچوونی چارەسەری کشتوکاڵ (الاصـلاح الزراعی) لەپێش هەشت ساڵدا، لەتەك ئەوەی چەندین کـەموکورتی تیادایـە، بـەڵام بەشـێوەی داواکـراو جێبـەجێ نـەکراو، بـەهۆی بۆچـوونی ئـەو دەسـەڵاتدارانە، ئەمـەش بـەهۆی لاوازی دەزگاکانی وەزارەتی کشتوکاڵ، کە لەو کاتـەدا بـۆ جێبـەجێکردنی یاسـاکە پێکهێنـدرا، هـەروەها سەبارەت بەناوچـە کوردییـەکان، یاسـاکە چەنـدین کـەموکورتی ترسـناکی تیادایـە، شـوێنەواری خراپ بەسەر ژیانی جوتیاراندا جێ دەهێلێ، چونکە یاسا بەگرنگییـەوە نەیڕوانییـە دوو خـاڵی سەرەکی پەیوەست بە ناوچە کوردیەکان، لەیاسای یەکەمدا کەمی بەرهەمی زەوی بەو پێیـەی چیا و زەوییەکانی نەشیاو بۆ کشـتوکاڵ، کـە بەزەحمـەت دەتوانـدرێ بەکاربهێنـدرێ، ئەمـەش لەناوچە کوردییەکان رووبەرێکی فراوانی لەخۆ گرتووە، هـەروا زۆربـەی زەوییـەکان پشـت بـە باران دەبەستێ، وەك مێرگێك وایە تەنیا چـارەنووس هۆیەکـە بـۆی بـەو شـێوەی ئـەو ئـاوەی لەئاسماندا دێتە خوارەوە، زۆربەی بەنداوەکانی ئاوە زۆرەکان لە عێـراق وەك دەربەنـدیخان و دۆکان دەکەوێتە کوردستان، وەك دەزاندرێ و چاوەڕوان دەکرا بەشداریەکی گـەورە بکـات لـە پێشکەوتنی کشتوکاڵ و پیشەسازی کارەبایی لەناوچەکە، ئەگـەر حکومـەتی عێراقـی چەنـدین پرۆژەی لاوەکی دیکەی لەو بەنداوە گەورانە بنیات بهێنایە، بەڵام رەگەندانەوەکەی پێچەوانـە بوو لەسەر ناوچەکە، بەتایبەت ئاو رووبەری فراوانی زەوییـەکانی ناوچـە کوردییـەکان داپـۆشی، هەروا نەبوونی پرۆژەکان وایکردووە ئەو بەنداوانە تەنیا ئامرازێکی میکانیکی بن بـۆ کۆگـاکردنی ئاو لەو ناوچەیەکە، تا لافاوەکان ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق نەگرێتەوە.

رەنگدانەوەی جەنگ دژ بە گەلەکەمان یاسای چارەسەری کشـتوکاڵی پەکخسـتووە، ئەمـەش بـەهۆی پێکهاتـە جاشـەکان و بـەشـێك لـە بەرپرسـەکانیان کـە سـەرۆکی عەشـایەر و گـەورە دەرەبەگەکانە، بەبوونی ئەوانـە تـا لەتـەك حکومەتـە عێراقییـەکان بـن، ئـەم حکومەتـە یـەك لەدوای یەکتردا، جێبەجێکردنی چارەسـەری کشـتوکاڵ-الاصـلاح الزراعـی لەسـەر زەوییـەکانیان دواخـرا، تـا ئەوانـە رازی بکـەن، بۆیـە داوا دەکـەین یاسـای چارەسـەری کشـتوکاڵ هـەموار بکرێتەوە، هەروا چەند بڕگەیەك بۆ بەندەکانی زیـاد بکـرێ تـا هـەموو جوتیـارانی کوردسـتان زەوی بۆیـان زامـین بێـت، بەشـێوەیەکی مـاقووڵ تـا زەوییـان بەدەسـت بکـەوێ و پـەرە بـە پەیوەندییە کشتوکاڵییەکانی ناوچەکە بدرێ.

**پیشەسازی و گرفتی نەوت-پەترۆل**

تا ئێستا لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە کۆمەڵێك لە پلانی پیشەسازی دەرکراوە، هەروا چەندین رێککەوتنامەی پیشەسازی لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوو واژوو کراوە بەمەبەستی پێشکەوتنی پیشەسازییەکان لەعێراق، ئەمەش بۆ خێراترکردنی ئابووری عێراق تا بەرەو پێشەوە بڕوات، ئەمەو رێککەوتنامەی ئابووری و تەکنیکی واژووکراو لەنێوان عێراق و یەکێتی سۆفیەت لەساڵی ١٩٥٩ ژمارەیەکم لە پرۆژەی پیشەسازی لەخۆ گرت، هەروا یاسای کاتی و بەردامبوونی پلانی ئابووری لەسەردەمی قاسمدا دەکرا، لەپاشاندا پەیڕەوی وەبەرهێنان لەسەردەمی حکومەتی تاهیر یەحیا دەرکرا، کە خۆی نواندبوو لە سەدان رێککەوتنامە و پلان بۆ پرۆژەی پیشەسازی. سەرەڕایی ئەوەی زۆربەی پرۆژەکان وەستان، یاخود لەبنەڕەتدا جێبەجێ نەکرا بەهۆی رووخانی دۆخی ئابووری و دارایی لە عێراقدا، یان بەهۆی شەڕە ناوخۆییەکان کاری بۆ نەکرا، بەڵام پشکی ناوچەی کوردی، سەبارەت بەو پرۆژانە کە جێبەجێ کرا، ئەوانەی کە جێبەجێ نەکراوە، وەك ئەوەی هەر نەبوو بێ وایە، ژمارەیەکی کەمی ئەو پرۆژانە دەبوایە لەناوچە کوردیەکاندا  بێتە ئاراوە، گوازرایەوە بۆ ناوچەکانی دیکە، ئەمەش وەك بەشێك لە سیاسەتی جیاکارییەن کە حکومەتە عێراقییەکانی پێشتر پەیڕەوی دەکەن، هاوکات لەو پێناوەدا پارتیمان لەخەبات بەردەوامە تا لەنێو وڵاتدا پیشەسازییە قورس و سووکەکان بەردەوام بێ، بەپێی هەموو ئەو سامانە کانزایانەی بوونی هەیە، پێویستە چی پێویستە ئەنجام بدرێ بۆ گەشەکردنی پیشەسازی نیشتمانی و پاراستنی لەهەموو تێڕوانینێکی بیانی و هاندانی وەبەرهێنانی سەرمایەی نیشتمانی بۆ پیشەسازی، لەگەڵ ئاگادار بوون لە بەرژەوەنجی بەکاربەران، داوا دەکەین هەموو جیاکارییەك رەتبکرێتەوە لەو ناوچانەی پرۆژەی پیشەسازی هاتۆتەئارا، ناوچەی کوردیش بگرێتەوە بەشێوەیەك دادپەروەری بۆ هەمووان بێت.

**برایان**

لاوازی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق لەئەنجامی دوورکەوتنەوەیە لە گەل و هێنانە ئارای گرفتی زۆری ناوخۆیی، هەمووی هۆیەك بووە لە بێ توانایی بەرامبەر بە کۆمپانیا نەوتییەکان، کە لەعێراقدا لەکاردان، نەیتوانیووە رووبەڕووبوونەوەیەکی جددی وکارا بکات، چونکە کۆڵگە و توانای ئەو حکومەتانە تەنیا بەبەردەوامبوونی جەنگە، کە لەسەرەتاوە تا کۆتایی پشت بە سامانی نەوت دەبەستێ، کە لەکۆمپانیاکاندا وەریدەگرێ، ئەوەی بەد بەختییە سامانی نەوت، زۆربەی پترۆڵەکە لەناوچەی کوردییە و دەبێتە بۆمب و بارووت کە هەموو شتێك  لەکوردستان دەسووتێنێ، بەتایبەت لەماوەی ساڵانی ئەو جەنگە کاولکارییە، لەجیاتی ئەوەی ئەو سامانە لەرەگ و ریشەوە بەشدار بۆ پێشکەوتنی عێراق بەگشتی و ژیانی ئابووری لەهەموو روویەکەوە بەرەو پێشکەوتن هەنگاو بنێ، لەکاتێکدا حکومەتی عێراقی

چەند جارێك نـەیتوانی بەرامبـەر کۆمپانیاکـانی نـەوت ببێتـەوە تـا یاسـای ژمـارە ٨٠ جێبـەجێ بکات.

پێداویسـتییەکانی وەرگرتنـی داواکارییـە دادپەروەرییـەکانی عێـراق بەرامبـەر ئـەو کۆمپانیانـە، پێویستە لەسەر دەسەڵاتداران بـەدەم داواکـاری گەلـەوە بـێن بەشـێوەیەکی دادپەروەریانـە و چارەسەرکردنی کێشەی کورد و هێنانە ئارای یەکێتی نیشتمانی، لەپاشـاندا داوا لـە کۆمپانیاکـان بکرێ سامانی نەوت زیاتر بگەڕێتەوە و یاسای ژمـارە ٨٠ بـۆ مـاوەی سـاڵێك جێبـەجێ بکـرێ لەگـەڵ چـاودێریکردنی جێبـەجێکردنی هـەموو رێککەوتنامـەکان لـەرووی بەرهـەم و نـرخ و پشـتگیریکردنی کۆمپانیـای نـەوتی نیشـتمانی و کـارکردن بـۆ رێگـەگرتن لـە کۆمپانیـا نەوتییـە بیانییەکان تـا دەسـت نەخەنـە نـاو کاروبـاری نـاوخۆیی عێـراق، لەتـەك ئامـادەکردنی کـادری کارگێڕی و تەکنیکی بۆ زامینکردنی خۆماڵیکردنی نەوت لەداهاتوودا.

**پەیوەندیەکانمان بە پارتە براکانمان و چالاکییەکانی پارتی لە دەرەوەی نیشتماندا**

ئیمڕۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان لەکوردسـتانی عێراقـدا وەك زنجیرەیـەکی بەیـەکتر بەسـتراوە و خـەباتی رزگـاریخوازی گـەلی کـورد لەهـەموو شـوێنێکە، لـەم قوناغـە مێژوویـەی خەبات و تێکۆشـان و ئـەو دۆخـەی تیایـدان وای لـەپارت و رێکخـراوە کوردییـەکان کـردووە چالاکییە سیاسییەکانی ئاراستە بکات، تا هەموو پێداویستییەکانی شۆڕشی لەکوردسـتانی عێراقـدا بەردەست بێت، براکانیشمان لەو راستییە گەیشتوون، تا وێنای سیاسەتەکانیان بکەن بـەدانانی ئامانجی دوور و نزیك، لەسـەر ئـەو بنەمایەشـدا و بـەبێ ئـاوەی ئاسـتەنگ بخەینـە بـەردەم شۆڕش، لەپێشـتردا پەیوەندییـەکانمان دیـاریکراو بـوو لەگـەڵ پارتـەکان و تـەنیاش بیروڕامـان ئاڵوگۆڕ دەکرد، زیاتریش جەخت لەو هەوڵانە دەکەینەوە تا ئەو پـارت و رێکخراوانـە داوەت بکەین و رادەیەك بۆ دابەشبوونە ناوخۆییەکان دابنێن و یەك ریزی بپارێزن و دوورکەوتنـەوە لەهـەر ململانێیـەکی کـەسی، بـەو هۆیـەوە پـارتیمان شـاندێکی نـاردووە، کـە ئەنـدامن لەسەرکردایەتی بۆ سووریا، ئەمەش بەپێی داواکاری براکانمان لەوێدا تا بتواندرێ بۆچوونـەکان لـە نێـوان ئـەو کوتلانـەی لـەنێو پـارتی دیمـوکراتی کـوردین ململانـێ دەکـەن لەیـەکتر نزیـك بکەنەوە، سیاسـەتە راسـتەکەمان رۆڵـی بینـی لەچاککردنـەوە ئـەو پارتانـە لەهـەر هێرشـێکی دەرەکی بەتایبەت، کە لەوڵاتانی دەوروبـەرمان دەکـرێ، لەلایـەکی دیکـەوە تـا دووربکەوینـەوە لەهەر ترسناکییەکی نەرێنی، کە هیچ پاساوێکی نییە لەنێو شوڕشی کوردستانی عێراقدا.

**برایان**

هەندێك لەکلکەکانی خیانەتکاران لەئەورووپا چەند کارێکی خـراپ ئـەنجام بـدەن بەتایبـەت لەنێو رێکخراوەکانی خوێندکاران و پارتی لە ئەورووپا، ئەوانەی ئـەو کارانـە دەکـەن هەوڵیانـدا

لـەو وڵاتانـدا قوتابییـان و خوێنـدکاران تیایـدان بـەکاریان بێـنن بـۆ چەنـد کـارێکی نالـەبار و دووریان بخەنەوە لەخاکی نیشتمان، بەمەش راسـتییەکانیان شـێواندووە تـا بـەهیچ شـێوەیەك لەنێوەندی خەبات لەپێناو گەل و پارتەکەیاندا نەمێنن، بەڵام بەبەردەوامبوونی رووداوەکـان و فراوانبوونی قووڵایی شۆڕش لەدەرەوەدا، لەتەك هەوڵە بەردەوامەکان لەم رووەوە، بووە هۆی ئەوەی رێگری لەو مشەخۆرانە بکرێ، دوا کاری کە هەوڵمان بـداوە نـاردنی چەنـد ئەنـدامێکی مەکتـەبی سیاسـیە بـۆ ئـەورووپا راسـتییەکان بـۆ قوتابییـان و خوێنـدکاران و کەسـانی دیکـە روونبکرێتەوە، ئەم سەردانەش ئەنجامی بەرهەمداری هەبوو، لـەمڕۆدا رێکخـراوێکی بـەهێزی پارتیمان لە ئەورووپادا هەیە، کە زۆرینەی قوتابییان و خوێندکاران لەدەوریدا کۆبوونەتەوە.

سیاسەتی دەرەکی شۆڕشمان لەسەر بێلایەنی بنیاتنراوە لەنێوان مۆڵگە و کوتلە نێودەوڵەتییە، کە لەنێوان خۆیاندا لەململانێدان، تـا زۆرتـرین هـاوڕێ لـەخۆمان نزیـك بکەینـەوە، بـەپێی توانـا کەمتر دژایەتی بکەین، تـا بنـەمای شـۆڕش زیـاتر بـەگوڕتر بکـەین تـا هـەموو ئـەو بڵاوکـراوە درۆیانـەی کـە حکومـەتی عێراقـی لەسـەر ئاسـتی نێـودە وڵـەتی، کـە بـەردەوام دژ بەشـۆڕش بڵاودەکاتەوە وەك تارمایی لایبەین، لەلایەکی دیکەوە هانی هاوڕێیـەکانمان دەدەیـن لەهـەموو جیهاندا تا دەستپێشخەری بکەن بە پێکهێنانی رێکخراو و کۆمەڵەی نێودەوڵەتی و نیشـتمانی تـا بەهەموو شێوەیەك پشـتگیری لـە کێشـە دادپەروەریەکـەی گەلەکـەمان بکـەین، لەزۆریـەی وڵاتان کار دەکـەین، بەتایبـەتیش لەفەرەنسـا و ئـەڵمانیا و سـوید و ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەموو بەڵگەکانیش ئەوە دەردەخەن ئەو رێکخراوانە لەداهاتوودا دێنە ئاراوە.

### کاری سیاسیمان لەدۆخی ئێستادا

لەم رۆژانەدا ناوچـەی عـەرەبی و رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت بـەقۆناغێکی مێژوویـی ورد و گرنگـدا تێپەڕ دەبێ، دەوڵەتە عەرەبییەکان لەنێوان خۆیاندا دابەشبوونە، چەنـدین تۆمـەت ئاراسـتەی یـەکتر دەکـەن، عێـراقیش بـەپێی پێکهاتـە مێژوویەکـەی و پەیوەندییـەکانی لـەگـەڵ دەوڵەتـە عەرەبییەکانی دیکە، بەشێوەیەکی بابەتیانە پەیوەندی بەو ململانێیانە هەیە و لایەنێکـە تیـادان بۆ ئەمـەش بەرژوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان دەسـتی تیـادا دەخـا یـان دەسـت دەخرێتـە نـاو کاروباری دەوڵەتێتر، ئەمەش هۆکارێکی نوێیە بۆ بـەردەوامبوونی ئـەو قەیرانانـە تـا ئاسـایش و سەماقیگری لەق بکەن.

سیاسـەتی ئێمـە سـەبارەت بـەو رووداوانـە و لـەم بەشـەی جیهانـدا و لەناوچـەکانی دیکـەدا، لـەدەرەوە بـەپێی پـەیڕەوی پـارتی و سیاسـەتی شـۆڕشی کـوردی دەجولێنـەوە، کـە پشـت بـە جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و بنەما مرۆڤایـەتی و بنـەمای یاسـای نێودەوڵـەتی دانپیـانراو

دەبەستی، لەسەر ئەو بنەمایەش پارتیمان بەپێی سیاسەتی نیشتمانی و دژ بەئیمپریالیزم هەنگاو دەنێ و کار بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیەکان دەبەستی لەگەڵ هەموو گەلانی جیهان ئەمەش بەپێی قازانجی هاوبەش و پشتگیریکردنی بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی نیشتمانی، دژ بەدوژمنکارییە، ئینجا سەرچاوەکەی لەهەر کۆییەك بێ و دژ بە دەست تێوەردانی بیانییە لەکاروباری دەوڵەتانی دیکە.

**برایان**

شاراوە نییە دەسەڵاتی عێراق لەدۆخێکی جیا و شازدایە، لەو کاتەی دوژمنکاری چەکداری دەکرێتە سەر گەلەکەمان و لەنەبوونی پەرلەمان و بەبێ ئەوەی بۆچوونی گەل وەربگیرێ، لەناکاو کارەکان بەرۆتینی بەڕێدەکرێ لەنێو دەوڵەتاندا، هەروا سروشتی دەسەڵاتی گوازراوە، کە لە دەستووری کاتیدا دیاریکراوە، ئەم راستییە دەسەلمێنێ، زۆریش ئاساییە ئەو جۆرە دەسەڵاتە بتوانێ رووبەڕووی گرفتە سەرەکانی وڵات ببێتەوە و کار بۆ چارسەری ئاشتییانە بدۆزێتەوە.

# پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان و دەستکاریکردنەکەی کۆنگرەی حەوتەمی حزب بڕیاری لێداوە ساڵی ١٩٦٦*

## پڕۆگرام

**ماددەی (١)** ناوی حزب- پارتی دیموکراتی کوردستان.

**ماددەی (٢)** پارتیمان، پارتێکی دیموکراتی شۆڕشگێری پێشڕەوە و نوێنەرایەتی بەرژەوەندی کرێکار و جووتیار و خاوەنکار و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕ دەکات لە کوردستان .

**ماددەی (٣)** لە پێناو ڕزگاربوون و دەستەبەرکردنی حوکمی زاتی(ئۆتۆنۆمی) بۆ کوردستانی عێراق لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا، تێدەکۆشین.

**ماددەی (٤)** لە حاڵەتی یەکگرتنی کۆماری عێراق و هەر وڵاتێکی دیکەی عەرەبی، گەلی کورد خۆی بڕیار لە چارەنووسی خۆی دەدات.

**ماددەی (٥)** لە خەباتی سیاسی و شیکردنەوە کۆمەڵایەتییەکانیدا حزب سوود لە تیۆری زانستی پێشکەوتنخواز وەردەگرێت کە لەگەڵ واقیعی گەلی کوردماندا دەگونجێت.

**ماددەی (٦)** خەبات دەکەین لە پێناو حوکمێکی دیموکراسی پەرلەمانی بۆ عێراق، لەسەر بنەمای دانان بە ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق و ئازادی ئایینی و بۆچوون و بیروباوەڕ و ڕۆژنامەگەری و بڵاوکراوە و ڕێکخستنی سەندیکایی و حزبی بۆ تەواوی هاووڵاتیان.

**ماددەی (٧)**

أ- خەبات دەکەین بۆ پتەوکردنی پەیوەندی برایانەی نێوان هەردوو گەلی برا ( عەرەب و کورد).

ب -لەسەر ئاستی کۆماری عێراقیش، خەبات دەکەین لە پێناو پاڵپشتی برایەتی (عەرەب – کورد) و یەکێتیی نیشتیمانی لە عێراق.

ج - خەبات دەکەین بۆ پشتگیریکردن و پەیوەندی دۆستایەتی گەلی کوردمان و هەموو

گەلانی جیهان.

د - دانانان بە مافی كەمایەتییە نەتەوەییەكانی دانیشتووی كوردستان.

**ماددەی (٨)**

أ - خەبات دەكەین لە پێناو پاراستنی ئاشتی لە جیهاندا و كەمكردنەوەی تەنگژە نێودەوڵەتییەكان و پابەندبوون بە پەیماننامەی نەتەوە یەكگرتووەكان و بڕیارەكانی كۆنگرەی باندونغ و بنەماكانی پێكەوەژیانی ئاشتییانە و چارەسەركردنی كێشە نێودەوڵەتییەكان بە ڕێگای دانوستاندن و قەدەغەكردنی چەكی ناوەكی و بەرگرتن لە تاقیكردنەوەی.

ب- بەردەوام بوون لە پەیڕەوكردنی سیاسەتی نیشتیمانی دژە ئیمپریالیزم، بەو پێیەی هەڕەشەیە بۆ سەر خەڵك و پتەوكردنی دۆستایەتی لەگەڵ هەموو گەلانی جیهان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش و پشتیوانیكردن لە بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نەتەوەییەكانی گەلان كە خەبات بۆ سەربەخۆیی و دیاركردنی چارەنووسیان دەكەن.

**ماددەی (٩)** پتەوكردنی دۆستایەتی و هەماهەنگی نێوان پارتیمان و پارت و ڕێكخراوە عیراقییەكانی دیكە كە باوەڕیان بە ڕەوایی پرسی كورد هەیە، هەروەها پشتگیری و پشتیوانیی خەباتی برایانەی نێوان پارت و ڕێكخراوە دیموكراتییەكانمان لە پارچەكانی تری كوردستان دەكەین، لەگەڵ پتەوكردنی دۆستایەتی لەگەڵ پارت و ڕێكخراوە دیموكراتییەكانی دیكە لە هەموو جیهان.

**مادەی (١٠)** خەبات دەكەین بۆ پێشخستنی ئابووریی نیشتمانیمان و بەرزكردنەوەی ئاستی بژێویی خەڵك لەهەموو ڕوویێكەوە، بە جێبەجێكردنی بنەماكانی پلانی ئابووری و ڕاگەیاندنی پرۆژەی كورتخایەن و درێژخایەن و ئامادەكردنی كادیری كارگێڕی و تەكنیكی پێویست بۆی.

**مادەی (١١)** پارتیمان پێیوایە، پیشەسازییە قورسەكان سەرەكیترین كۆڵەگەی سەربەخۆیی ئابووری و سیاسین، بۆیە كاردەكەین بۆ بنیاتنان و گەشەپێدانی وڵات لە ڕێی پیشەسازی قورس و سوك، لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامی ئاماری سامانی كانزایی و بایەخدان بە پیشەسازی نەوت و گۆگرد و بەرەوپێشبردن و ڕووناككردنەوەی وڵات و گرتنەبەری ئەوەی پێویستە بۆ گەشەكردنی پیشەسازیی نیشتیمانی و پاراستنی لە كێبڕكێی كاڵای دەرەكی و هاندانی وەبەرهێنانی سەرمایەی نیشتیمانی لە پیشەسازیدا، بە لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندی بەكاربەر و پێشكەوتنی پیشەسازییە نیشتیمانیەكانمان و هاندانی پیشەسازییەكانی وەك شەكر، كاغەز، شیر، چەرم، قوتوبەندی، چیمەنتۆ، جگەرە و ئەوانی تر، نەهێشتنی باج لەسەر هاوردەكردنی

ئامێر و کارگە بۆ پاڵپشتی لە پیشەسازییە نیشتمانییەکانمان.

**ماددەی (١٢)** خەبات دەکەین لە پێناو ڕیشەکێشکردنی بێکاری و دەرکردنی یاسای پێشکەوتوو بۆ پاراستنی بەرژەوەندی کرێکاران و کارمەندان، بە دیاریکردنی ئاستێك بۆدەستهەق بە شێوەیەک کە کرێکار و خێزانەکەی ژیانێکی شایستەیان هەبێت و کاتژمێرەکانی کارکردن دیاربکرێن و ڕێگری بکرێت لە کارکردنی نەوجەوانان، هەروەها یاسا پێشکەوتووی پێویست بۆ خانەنشینان و بیمەی گشتگیر دەربکرێت، ئازادی سەندیکایی مسۆگەربکرێت کە بەشێوەیەك بێت بەرژەوەندی کرێکار و بەکارهێنەرەکان بپارێزێت، ناردنی کرێکاران بۆ دەرەوەی وڵات و زیادکردنی قوتابخانە پیشەسازییەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هونەریی کرێکاران.

**ماددەی (١٣)** خەبات دەکەین بۆ زیادکردنی داهاتی نەوتی عێراق و تەرخانکردنی بەشێکی ئەو داهاتە بۆ خەرجیی پرۆژەکانی بیناسازی و پیشەسازی و کشتوکاڵ لە کوردستان بەپێی ڕێژەی دانیشتوان، هەروەها بۆ هەوڵدان لە پێناو دڵنیابوون لە چاودێریکردنی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان و ڕەوتی بەرهەمهێنان و نرخەکانی و و جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (٨٠)ی ساڵی ١٩٦١ و پاڵپشتیکردنی کۆمپانیای نەوتی نیشتیمانی و کارکردن بۆ ڕێگرتن لە دەستتێوەردانی کۆمپانیا بیانییەکانی نەوت لە کاروباری ناوخۆی عێراق و دامەزراندنی پیشەسازیی پێکهاتەکانی نەوت لەلایەن حکوومەتەوە لەو شوێنانەی کە نەوتیان لێ دەردەهێنرێت، بەشێوەیەك کە گونجاو بێت لەگەڵ بارودۆخی ناوچەکە و، ئامادەکردنی کادیری کارگێڕی و هونەری بۆ مسۆگەرکردن و خۆماڵیکردنی نەوت لە داهاتوودا.

**ماددەی (١٤)** لەگەڵ ئەوەی کێشەی زەویوزار لە کوردستان تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەڵام ئەمە لە یاسای چاکسازیی زەویدا لەبەرچاونەگیراوە، بۆیە ئێمە خەبات دەکەین بۆ هەموارکردنەوەی بە شێوەیەک کە هەموو جووتیارانی کورد لایەنی کەم پارچەیەک زەوییان دەستبکەوێت، هەروەها ڕیشەکێشکردنی پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکان لە لایەکی تر، بۆئەوەی ڕەوشی جووتیاران باشتر بکرێت و داهاتیان زیاد بکرێت، لەم ڕووەوە پارتیمان لە هەوڵی بەدەستهێنانی ئەم داواکارییانەی خوارەوەیە:

**یەکەم:**

أ - چاککردن و بەراوکردنی ئەو زەوییانەی کەڵکیان لێ وەرنەگیراوە و دابەشکردنی بەسەر جووتیاراندا، بەسەر ئەوانەشدا کە زەوییان لەو ڕێژەیە کەمتر هەیە کە بە کەمترین بڕ دیاریکراوە لە یاساکەدا.

ب -چارەسەرکردنی کێشەی ئاودێری بە هەڵکەندنی جۆگە و بیری ئیرتیوازی و

دروستکردنی بەنداو لەسەر ڕووبارەکان و گلدانەوەی ئاو، بۆ ئەو زەوییانەی بۆ کشتوکاڵ بەکاردێن، ڕێگەدان بە جووتیاران بۆ ئەوەی سوود لە پرۆژەکانی ئاودێریی حکوومەت وەربگرن.

ج - یارمەتیی جووتیاران بدرێت بە پێدانی تۆو و پەینی کیمیایی، بۆ ئەوەی بتوانن بەروبوومەکان باشتر بکەن و جۆرەکانیشی ـ زیاتر بکەن و قەرزی درێژخایەنیان بە قازانجی کەمتر پێ بدرێت، تا لە دەستی سووخۆران ڕزگاریان ببێ.

د - دامەزراندنی کۆمەڵەی هەرەوەزی بۆ جووتیاران، لە پێناو ساغکردنەوەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان و کڕینی ئەو شتومەکانەی بەکاریدێنن و ئەو ئامرازانەی بۆ بەرهەمهێنان پێویستیانە.

ە - ڕەواجدان و ئاسانکاریی بۆ بەکارهێنانی ئامێر و شێوازی کشتوکاڵیی هاوچەرخ، هاندانی کاری بەکۆمەڵ و هەرەوەزی لەناوچە کشتوکاڵیەکان لە نێوان جووتیاراندا.

و - پێدانی ڕێنمایی تەکنیکی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تەکنیکیی کشتوکاڵی، هاندان و ناردنی جووتیارانی کوردستان بۆ وڵاتانی دەرەوە.

**دووەم:-**

بەخێوکردنی ڕەشەوڵاغ و مەڕداری، یەکێکە لە دوو شێوە سەرەکییەکەی بەرهەمهێنان لە لادێکانی کوردستاندا، ڕێژەیەکی زۆری داهاتی جووتیاران پێکدەهێنێت، بۆیە ئێمە خەبات دەکەین لە پێناو:

أ - هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو کۆت و بەندانەی پەیوەندییان بە بەخێوکردنی مەڕ و ماڵاتەوە هەیە، وەک پاوانانە و دیاری و سەرانەی دیکەی دەرەبەگایەتی.

ب -نیشتەجێکردنی هۆزە کۆچەرییەکان و ڕەچاوکردنی بارودۆخی بەرهەمهێنانیان و دابەشکردنی زەوی بەسەریان و دابینکردنی لەوەڕگا بۆ ئاژەڵەکانیان.

ج - ڕەخساندنی دامەزراوەی پزیشکیی بۆ پاراستن و چارەسەریی ئەو نەخۆشییانەی تووشی ئاژەڵ دەبن و باشترکردنی وەچە و چاودێریکردنی بەرهەمە ئاژەڵییەکانیان، بە پەیڕەوکردنی ڕێگای زانستیی دروست.

**سێیەم:**

أ - هەموارکردنەوەی یاسای لە چوارچێوەدانی توتنکاری، بە شێوەیەک کە لەگەڵ بەرژەوەندی جووتیاران و باشترکردنی جۆرایەتی بەرهەمەکان بگونجێت، سەبارەت بە کۆتە داسەپاوەکانی سەر چاندن و پۆلێنکردنی پلەبەندیی تووتن و نرخەکەی.

ب -پێدانی پارە و تۆی باش بە جووتیاران بە مەرجی ئاسان، بۆ ئەوەی بتوانن لە سەرەتای وەرزدا دەست بە کارە کشتوکاڵییەکانیان بکەن.
ج - ئامادەکردنی پسپۆڕ و ڕێنیشاندەر بۆ چاککردنی جۆرەکانی تووتن و دامەزراندنی کۆگای هاوچەرخ بۆ پاراستنی تووتن لە تێکچوون.
د - فراوانکردن و باشترکردنی پیشەسازیی جگەرە و تووتن و دامەزراندنی کارگە و تاقیگە لە ناوچەکانی بەرهەمهێنان، بۆ ئەوەی عێراق ببێتە یەکێک لە وڵاتە هەناردەکارەکان.

**چوارەم:**

أ - گرنگیدان بە دارستان و هەمووارکردنەوەی یاسا، بۆ پاراستنیان بەپێی بەرژەوەندی ئابوریی نیشتیمانی.
ب -هاندانی دارچاندن و موتربەکردنی درەختەکان بۆ زیادکردنی سامانی ڕووەک.

**ماددەی(١٥)** گواستنەوەی ئەو دامەزراوە و بەرژەوەندیە دەرەکییە زاڵانەی لەسەر بازرگانیی دەرەکیی وڵات هەن، بۆ دەستی نێوخۆیی نیشتیمانی، هاوکاریکردنی بازرگانە نێوخۆییەکان بۆ گەشەپێدانی بازرگانی نێوخۆیی و دەرەکی، دژایەتیکردنی قۆرخکاری و فێڵ و یاریکردن بە قوتی خەڵك و بنیاتنانی پەیوەندیی بازرگانی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی دوولایەنە و ڕێزگرتن لەسەرووەری نیشتیمان.

**مادەی (١٦)**

أ - کارکردن بۆ ڕێکخستنەوەی کاروباری دارایی، بە شێوەیەك کە ئامانجی ئابووری لە خەرجییەکان و پارە بهێنێتەدی، بە ڕەچاوکردنی هاوسەنگی نێوان خەرجی و داهات، پارەی پێویست بۆ تەواوی پرۆژەکانی بەرهەمێنان دابین بکات.
ب -دۆزینەوەی سیستەمێکی دادپەروەرانەی باج، کە پشت بە باجی ڕاستەوخۆ و چەسپاو لەسەر داهات و میرات ببەستێت، سوککردنی باجی ناڕاستەوخۆ کە بارگرانییەکەی دەکەوێتە سەر شانی چینی زەحمەتکێش.
ج - هاندانی بانکە نیشتیمانییەکان، ئەمەش بە زیادکردنی سەرمایەکانیان و کردنەوەی لقی پێویست، دیاریکردنی نرخی سوی جیاواز بە جیاوازی لقە متمانەدارەکان و کۆکردنەوەی ئەو مامەڵە دەرەکییە بانکییانەی پەیوەستن بە حەواڵەکردنی پارە، بە تەنیا لە دەستی بانکە حکوومییەکان.
د - پاڵپشتی و فراوانکردنی بانکی ناوەندیی عێراقی و سەرپشککردنی لە وەرگرتنی

هەموو ڕێوشوێنە دەستەبەرییەکان بۆ ڕێگریکردن لە قاچاخچیەتیکردن بە دراو و زێڕ و بەهێزکردنی دراوی عێراقی و پارسەنگکردنی بە بڕی پێویست لە زێڕ و دراوی بیانیی هەمەجۆر.

ه - دەرکردنی یاسا و پێناسە گومرگییەکان بە شێوەیەک بێت کە بەرژەوەندی گشتیی گەل بپارێزێت و پارێزگاری لە ئابووری و بازرگانیی نیشتمان بکات.

**ماددەی (١٧)**

أ - ڕێکخستنی ڕێگاکانی گواستنەوە لە کوردستانی عێراق بە فراوانکردنیان و کردنەوە و قیرتاوکردنی ڕێگای سەردەمی و دامەزراندنی هێڵی ئاسنین، هەروەها دابینکردنی تانکەری نەوت کە بۆ هەناردەکردنی نەوتی عێراق پێویستن، دامەزراندنی نووسینگەی گواستنەوەی نیشتیمانی و فراوانکردنی تۆڕی وشکانی و ئاسمانی و ئاوی و بەتەل و بێتەل لەگەڵ وڵاتانی تر بەپێی پێویست و بەرژەوەندی نیشتمانی.

ب -بایەخدان و فراوانکردن و ڕێکخستنی شوێنە گەشتیارییەکان، ڕێکخستنێکی سەردەمی و ئاسانکردنی ڕێگاکانی هاتوچۆ و بەیەك گەیشتنیان، دروستکردنی ڕێگەیەک کە لە لایەک لە سلێمانییەوە تا زاخۆ بەیەکەوە ببەستێتەوە و لە لایەکی دیکەش ببەستێتەوە بە تەواوی ناوچەکانی دیکەی عێراق.

**ماددەی (١٨)** تا ئەو کاتەی بە شێوەیەکی دیموکراتیی دادپەروەرانە کێشەی کورد چارەسەردەکرێت، مانەوەی هێزی پێشمەرگە پێویستە و پێویستە ئاستی لە لایەنی تەندروستی و کەلتوری و ژیانی بەرزبکرێتەوە و ئەندامەکانی بە ڕۆحێکی دیموکراتیی دروست و نیشتمانی دڵسۆز پەروەردە بکرێن، لەگەڵ زامنکردنی ژیانی خانەوادەی شەهیدان و کەمئەندامان بەهۆی بەشدارییان لە شۆڕشی کورددا.

**مادەی (١٩)** دابینکردنی کارمەندی تەندروستی، بەکردنەوەی کۆلێژ و قوتابخانەی تەندروستی و زیادکردنی ڕێژەی ناردنە دەرەوەیان، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی خەڵک، بەدانانی پلانێکی ورد بۆ خۆپاراستن و بنبڕکردنی نەخۆشییە درم و گوازراوەکان، بەهێزکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕێنمایی تەندروستی لەڕێگەی پەخش و بڵاوکردنەوە و ڕادیۆوە. بایەخدان بە زیادکردنی ئەو ئاوەی خەڵک بۆ خواردنەوە بەکاریدێنن، چارەسەرکردنی نەخۆشی بێ بەرامبەر لەهەموو کوردستان، زیادکردنی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان، لەگەڵ چەند دامەزراوەیەکی دیکەی چارەسەر، دابینکردنی خزمەتگوزاریی پزیشکی بۆ گوند و شوێنە دوورەکان، دانانی پلانێکی گشتگیر بۆ بەرهەمهێنانی دەرمان و دانان و پەرەپێدانی پیشەسازییە خۆماڵییەکان و ئاسانکاری بۆ هێنانی ئامێر و کەرەستە تەکنیکییە هاوچەرخەکان،

دانانی نرخی گونجاو بۆ داوەدەرمان.

**ماددەی (٢٠)** گرتنەبەری شێوازی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی دیموکراسی بۆ سەرۆک شارەوانییەکان و ئەنجومەنی شارەوانییەکان و ئەنجومەنی بەڕێوەبەرەکان و دانانی پلانێکی گشتگیر بۆ شارەوانییەکان، سەبارەت بە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەیی پەیوەندیدار بە دروستکردنی پارک و هاوینەهەوارە گشتییەکان و شەقام و یاریگا و گۆڕەپان لەکوردستان و عێراق.

**ماددەی (٢١)** کار بکرێت بۆ ئەوەی ئافرەتان پراکتیزەی تەواوی مافە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان بکەن، دانانی یاسای پێویست بۆ پاراستنی مافی کارکردنی ئافرەتان لە پێش و لە کاتی منداڵبوون و پاش منداڵبوون و دروستکردنی خێزان، دانانی یاسا بۆ پارێزگاریکردن لە مافی دایکایەتی و منداڵ.

**مادەی (٢٢):-**

أ - تیدەکۆشین لە پێناو دەستەبەرکردنی مافی قوتابیانی کورد و نەهێشتنی نەخوێندەواری و ڕیشەکێشکردنی نەزانی، ئاڕاستەکردنی پەروەردە و فێرکردن، تا ئاڕاستەیەکی نیشتیمانی و دیموکراتی وەربگرێت، بۆ بەرەنگاربوونەوەی پرۆگرامی خوێندن بە ئاڕاستەی کۆنەپەرستی و فاشیستی و نەژادپەرستی و بەیەکەوە بەستنەوەی تیۆر و پراکتیک:

ب -خەبات دەکەین بۆ زیندووکردنەوەی ئەدەب و مێژوو و هونەری کوردی و دەوڵەمەندکردنی بە کەلەپووری مرۆیی شوێنەواری گەلانی دیکە و پارێزگاریکردن و چاککردنەوەی شوێنەوارە مێژووییەکانی کوردستان.

ج - خەبات دەکەین بۆ دامەزراندنی زانکۆیەکی فەرمی لە کوردستانی عێراق کە شان بەشانی زانکۆکانی عێراق کاربکات و پارێزگاری لەسەربەخۆیی خۆی بکات و ببێتە ناوەندێکی گرنگی توێژینەوە و بەدواداچوونی زانستی.

ه - تێدەکۆشین لە پێناو خوێندنی زمان و ئەدەب و مێژووی کورد لە بەشی کوردیی زانکۆی بەغدا و بڵاوکردنەوەی خوێندنی زمانی کوردی لە تەواوی عێراقدا، دامەزراندنی کۆڕی زانستی زمانەوانیی کوردی، هەروەها دامەزراندنی تۆڕی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لە کوردستان.

و - خوێندنی سەرەتایی بۆ هەردوو ڕەگەز بکرێتە بە خورتی، کردنەوەی قوتابخانەی ئێواران بۆ کرێکاران و جووتیاران و خەڵکی زەحمەتکێشی تر، کردنەوەی نووسینگەی

گشتی و تاقیگەی زانستی و یانە زیاتر، بـۆ پێشکەشـکردنی وتـار و دیبەیتـی زیـاتر بـۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری لەناو خەڵکیدا.

ز - پێشخســتنی ئەدەب و هــونەری کــوردی و قۆســتنەوەی وزە شۆڕشــگێڕییەکەی لە خزمەتی مرۆڤایەتی بە گشتی و خواست و ئامانجـە ڕەواکـانی گەلـی کـورد بەتـایبەتی، هاندانی چالاکییـە ئەدەبـی و هونەرییەکـان، زیـادکردنی زەمالـەی خوێنـدن و ناردنـە دەرەوەی قوتابیـانی کـورد بەپێـی ڕێـژەی دانیشـتوان و زیـادکردنی بنیاتنـانی شـانۆ و گۆڕینەوەی شاندی شانۆکاران و مۆزیکژەنان.

**ماددەی (٢٣)** پشتیوانی لە خەباتی گەلی کورد لەپارچە جیاجیاکـانی کوردسـتان دەکەیـن، لە پێناو گەیشتنی بە مافە نەتەوەییە ڕەواکانی.

**ماددەی (٢٤)** هەوڵدەدەین ڕەگەزنامەی عێراقـی بدرێتـە ئـەو کـوردانەی کە ئـاواتەخوازن لە عێراقدا بژین، ئەوانەی بە لای کەمەوە پێنج ساڵە ناسـنامەی نیشـتەجێبوونیان پێـدراوە، وەک فەیلی و گۆیان و ئۆمریان (تنە) و ئەوانی دیکە.

# پەیڕەوی ناوخۆ

## بەشی یەکەم

**ماددەی یەکەم:-** پارتی دیموکراتی کوردستان: پارتێکی دیموکراتیی پێشکەوتنخوازی پێشڕەوە، لەیەکێتییەکی لەخۆوەی خەڵکی دیموکراتیخوازی ئامانج هاوبەش پێکهاتووە کە پڕۆگرامی پارتی قبوول دەکەن و لەسەر پەیڕەوی ناوخۆی پارتی دەڕۆن و لە ڕیزەکانی پێشەوەی جەماوەر، بەپێی تاکتیك و پلان و ڕێنماییەکانی پارتی لە ژێر ڕۆشنایی بیردۆزی زانستی و شۆڕشگێڕی دروست، خەبات دەکەن.

**ماددەی دووەم:-** یەکێک لە ئامانجەکانی پارتیمان بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمیە بۆ کوردستانی عێراق لە چوارچێوەی کۆماری عێراق، خەباتکردن لە پێناو سەربەخۆیی ئابووری و سیاسی بۆ عێراق، مسۆگەرکردنی مافی ئەو کەمایەتییانەی کە لە کوردستان دەژین، و کاردەکەین بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری سیاسی ئەندامانی پارتیمان، لەڕێگای دروستکردنی کادیری هۆشیاری حزبی و چەسپاندنی برایەتی نێوان عەرەب و کورد.

## بەشی دووەم

## ئەندامی حزب

**ماددەی سێیەم:-** هەر کەسێک ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بن، بە ئەندام هەژمار دەکرێت:

١ - بە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی ڕازی بێت و بە گوێرەی مەرجەکان کار بکات.

٢ - لە یەکێك لە ئۆرگانەکانی حزب کار بکات.

٣ - ئابوونە بدات کە بەلایەنی کەم نابێت لەم ڕێژانەی خوارەوە کەمتر بێت:

- هەر ئەندام یان پاڵێوراوێک داهاتی (١٠) دینار بێت (١٪)
- هەر ئەندام یان پاڵێوراوێک داهاتی (١٠-٢٠) دینار بێت (٣٪)
- هەر ئەندام یان پاڵێوراوێک داهاتی (٢٥-٤٠) دینار بێت (٤٪)
- هەر ئەندام یان پاڵێوراوێک داهاتی (٤٠-٦٠) دینار بێت (٥٪)
- هەر ئەندام یان پاڵێوراوێک داهاتی (٦٠-١٠٠) دینار بێت (٦٪)

- ئەگەر داهاتی ئەندام ١٠٠ دینار زیاتربوو، ئەوا بۆ هەر ٢٥ دینارێك ڕێژەی (١٪) زیاد دەکرێت.

تێبینی١- ئەو ئەندام و پاڵێوراوانەی ئابوونە دەدەنە ئەو دامەزراوانەی کە حزب پەسندیکردووە تێیاندا بەشداربن، لە بەشێکی ئابوونەکە خۆشدەبێ کە نابێت ڕێژەکەی بگاتە نیوەی ڕێژەی دیاریکراو. هەروەها بۆ ئەو کەسانەی ڕاسپێردراون چاودێری (٤) کەس بکەن، بە مەرجێک ئەو پارەی دەیبەخشن مانگانە لە (٥٠) فلوس کەمتر نەبێت، ئەوا لە نیوەی ئەو ڕێژەیە خۆشدەبێ کە دیاریکراوە.

تێبینی ٢- کۆمیتەی ناوەندی سەرپشککراوە، تا بەپێی هەلومەرج ڕێژەی هاوبەشی سەرەوە زیاد بکات.

تێبینی٣- کاتێک پاڵێوراوێک دەبێتە ئەندامی پارتی، ئەوا لە بری ئەندامێتییەکەی، دەبێت ئابوونەی مانگێک بدات.

٤ - نابێت تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر بێت.

٥ - لانیکەم دەبێت هۆشیاریی سیاسی و نیشتیمانی گشتی هەبێت.

٦ - ڕەفتار و ناو و ناوبانگی لەناو خەڵک باش بێت.

**مادەی چوارەم:-** لە پارتی وەرناگیرێت هەر کەسێک کە:-

١ - دژایەتی ئاشتی و ڕزگاری، دیموکراتی و دۆزی کورد بکات.

٢ - نۆکەر یان سیخوڕ یان ئەندامی ڕێکخراوێکی تێکدەر بووبێت.

٣ - بەبێ ڕەزامەندی پارتی، چووبێتە ناو پارتێك یان ڕێکخراوێکی دیکە.

**ماددەی پێنجەم:-** لەسەر ئەندامی پارتی پێویستە:-

١ - بەهەموو هێز و توانایەوە، بەپێی پلان و سیستەم و تاکتیکەکانی پارتی خەبات بکات، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان و بریار و ڕاسپاردەکان.

٢ - بەهەموو هێزو توانایەکییەوە یەکریزی حزب، یەکیەتی هزر و کارکردن و ڕێکاری پارتی بپارێزێت.

٣ - بە هەر نرخێک بێت، نهێنیەکانی حزب بپارێزێت.

٤ - بەردەوام کار بۆ دەوڵەمەندکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری شۆڕشگێرانە و کەلتووری بکات و تیۆر و بنەماکانی شۆڕشی و زانستیی دروست وەربگرێت.

٥ - بنەمای ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتن پەیڕەو بکات و ڕاستییەکان لەحزب نەشارێتەوە و شەڕی لوتبەرزی و لەخۆبایی بوون لەکاتی سەرکەوتن بکات.

٦ - پەیوەنـدییەکانی لەگەڵ خەڵـک پـتەو بکـات، بەگرنگییـەوە گـوێ لە ڕاو بۆچـوون و داواکاریەکانیان بگرێت، یارمەتییان بـدات بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـە کەسـیەکانیان لە ڕێگەی حزبەوە، یاخود وابکات حزب زانیاری هـەبێت لەسـەر داواکـاری و ڕایـەکانیان، هەروەهـا دەبێـت سیاسـەت و ئاڕاسـتەی حـزب لە بـوارە جیاجیاکانـدا بـۆ جـەماوەر بگوازێتەوە و ڕوونی بکاتەوە.

٧ - نابێت شار و کارەکەی یـان ڕێکخـراوەکەی بە بـێ ڕەزامەنـدی پـارتی بەجـێ بهێڵێـت، دەبێت ڕاشکاو و ڕاستگۆ بێت، ئازادیخواز و ئازا بێت، بەرژەوەنـدی حـزب لەسـەرووی هەر بەرژەوەندیەکی ترەوە دابنێت.

٨ - نابێت بەبێ ڕەزامەندی حزب دامەزرێت یان کاربکات.

**ماددەی شەشەم:-** پێویستە لەسەر ئەو کەسەی داواکاری هاتنەناو ڕیزەکانی پارتەکەمانە، بـە قۆناغی پاڵێوراوی و تاقیکردنەوە تێپەڕێت و ناوی پاڵێوراوی لێدەنرێت:

١ - پاڵێوراو ئەوەیە هەموو مەرجەکانی ئەندامێتی دەیگرێتەوە، نابێت تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر بێت، ئەرکـەکانی ئەنـدامێتی جێبەجـێ بکـات، بەڵام هێشـتا مـاوەی ئەزمـوونی تەواو نەکردووە و هەموو مافەکانی ئەندامێتی هەیـە، جگـە لـە مـافی هەڵبـژاردن (نـە هەڵدەبژێردرێت و نە دەتوانێت هەڵبژێرێت).

٢ - ماوەی ئەزموونیی، بەپێی بارودۆخ و جۆری پاڵێوراو دەبێت، لەلایەن لیـژنەی ناوچـەوە دیاردەکرێت.

٣ - ماوەی پاڵاوتن نابێت لە شـەش مانـگ کەمـتر بێـت، بـەڵام بـۆ کرێکـاران و جووتیـاران ماوەکە سێ مانگە.

٤ - پاڵاوتن بۆ ئەندامیەتی حزب دەست پێ دەکـات، دوای ئـەوەی لەلایەن دوو ئەنـدامی حزب پشتگیری دەکرێت کە ساڵێک یان زیاتر بەسەر ماوەی ئەندامیەتییان تێپەڕیوە و لە نـزیکەوە پـاڵێوراو دەناسـن، لـە کۆبوونـەوەی شـانە لـە داواکـاریی پـاڵێوراو دەکۆڵدرێتەوە کە بەپێی فۆڕمی تایبەت داوای ئەندامیەتی کردووە.

٥ - داوای ئەنـدامێتی هەر کەسـێک کە ئەنـدامی لایەنە سیاسـییەکانی دیـکە بـوو بە ڕەزامەندی کۆمیتەی ناوەندیی دەبێت و بەرپرسیار دەبێت لە هەمـوو ئەو جیاوکـانەی لێی دەکەونەوە.

٦ - لێژنەی ناوەندی کار لەسەر داواکـاریی دووبـارە گەڕانەوەی ئەو ئەنـدامانە دەکـات کە بـۆ مـاوەیەک دەسـتبەرداری خەبـات بـوون لە حـزب و لە فەرمـانەکەدا ئامـاژەی بە

گەڕانەوە دەکرێت.

**ماددەی حەوتەم:- دەرکردنی ئەندامی حزب**

لێـژنەی ناوەنـدیی مـافی دەرکـردنی هەر ئەنـدامێکی هەیە، دوای ئەوەی لێـژنەی بـاڵای بەدواداچوون پشتگیری لەداواکاریی لێژنەکانی چاودێری و بەدواداچوونی خـوارەوە دەکەن و لێـژنەی نـاوچەش مـافی ئەوەی هەیە هەر پاڵێوراوێـك دەربکـات و بەرپرسـیارێتیش لە هەر ئەندامێک بستێنێتەوە، دوای لێکۆڵینەوەی بەپەلە لەلایەن لێژنەی چاودێری و بەدواداچـوون، ئەمەش دوای ئەوەی یەکێک لەو کارانەی ئەنجامدا:

١- ئاشکراکردنی نهێنیەکانی حزب.

٢- درزخستنە ناو حزب، یان دەستکردن بە پارچەکردنی یان کوتلەکردن لە دژی.

٣- بەکارهێنانی حزب بۆ بەرژەوەندی کەسیی، یان کەسانی تر.

٤- پێشێلکردنی ڕێکارە حزبییەکان بۆ جاری دووەم، دوای ئاگادارکردنەوە.

٥- پێـداگیری بکـات لەسـەر لادان لـە ڕێگـای حـزب و کـارکردن لە دژی ئامـانج و ئایدۆلۆژیاکانی حزب.

٦- ئەگەر بەبێ ڕەزامەندی حزب، پەیوەندی بە هەر حزبێکـی تـر، یـان ناوچەیـەکی دیـکە کرد.

٧- ئەگەر بەبێ پاساو لە سێ کۆبوونەوەی یەک لەدوای یەک ئامادەنەبوو.

٨- ئەگەر بەبێ پاساو بۆ ماوەی سێ مانگی بەدوای یەک ئابوونەی ئەندامێتی نەدا.

٩- ئەگەر یەکێک لە مەرجەکانی ئەندامیەتی لەدەستدا.

**ماددەی هەشتەم:- مافی ئەندامی پارتی-** هەموو ئەندامێك ئەومافانەی خوارەوە هەیە:

١ - ئاڕاستەکردنی ڕەخنە و پرسیار بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ.

٢ - بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ بۆ هەر دەستەیەکی حزبی هەڵبژێرێ یان هەڵبژێردرێ.

٣ - داواکردنی هاوکاری لە حزب لەکاتی پێویست.

٤ - بە لەبەر چاوگرتنی ئەم پەیڕەوە، مافی تۆمارکردنی سکاڵای هەیە.

٥ - هەر کەسێک بەهۆی خەباتی حزبی زیندانی و دووربخرێتەوە، لەسەر حزب پێویستە بەپێی توانا هاوکاری بکات.

## بەشی سێیەم

### دامەزراندنی پارتی و ئەو بنەمایانەی لەسەری دامەزراوە

**ماددەی نۆیەم:-** دامەزراندنی حزب لەخوارەوە بۆ سەرەوە لە شانە، لێژنەی ڕێکخراو، لێژنەی ناوخۆ، لێژنەی ناوچە، کۆمیتەی ناوەندیی ، کۆنفرانس، کۆنگرە پێکدێت.

**ماددەی دەیەم:-** دامەزراندنی پارتی لەسەر بنەمای ئەم ڕێکخستنانەی خوارەوەیە:

١ - مەرکەزیبوونی دیموکراسی.

٢ - لێژنەکانی پارتی بەڕێگای هەڵبژاردن و دەنگدانی نهێنی پێکدێن.

٣ - ڕێکارەکانی حزب بەسەر هەموو ئەندامانداندا جێبەجێ دەکرێت و هەموویان لە ماف و ئەرکدا یەکسانن.

٤ - هەموو لێژنەیەکی حزبی دەبێت ڕاپۆرتی خولی لەسەر کار و چالاکییەکان پێشکەش بە دامەزراوەی سەرووتری خۆی بکات.

٥ - لێژنەکانی خوارەوە دەبێت ئەوکێشانەی پێویستیان بە چارەسەرکردن و بڕیاری سەرووی خۆیان هەیە، بنێرن بۆ لێژنەی سەرووی خۆیان، داوا لەو لێژنەیە بکەن کە لەکاتێکی گونجاو ڕێنمایی و ڕاسپاردە سەبارەت بە بابەتەکە بنێرن.

٦ - لێژنەکانی حزب بە جیاوازی ئاستەکانیان دەبێت سەکردایەتی بە کۆمەڵ پەیڕەو بکەن، کە نکۆڵی لە بەرپرسیاریەتی تاکەکەسی ناکات، پێویستە بە یەکەوە چارەسەری هەموو کێشە و گرفتە گشتییەکان بکەن، لەگەڵ ئەوەی دەبێت دەرفەت بدرێتە ئەندامان، بۆ ئەوەی دەستپێشخەریی خۆی ڕوونبکاتەوە و ڕۆڵی خۆی بگێڕێ، دەبێت لێژنەکان چارەسەری بیروڕا ناکۆکەکانیان لە هەموو پرسێك بە زۆرینەی دەنگ یەکلابکەنەوە، کەمینە ملکەچی زۆرینە ببێت و لێژنەی خوارەوەش ملکەچی لێژنەی سەرووی خۆی بێت.

**ماددەی یازدەم:-** دامەزراوەکانی پارتی مافی ئەوەیان هەیە دەستپێشخەری و بڕیاری ناوچەیی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆیان پێشکەش بکەن، بەمەرجێك ناکۆک نەبێت لەگەڵ بڕیاری حزب و سیاسەتی گشتی.

**ماددەی دوازدەیەم:-** لێژنە حزبییەکانی خوارەوە پابەندن بڕیارەکانی لێژنە حزبیەکانی سەرووی خۆیان جێبەجێ بکەن، بەڵام کاتێک لێژنە حزبیەکانی خوارەوەی بۆیان ئاشکرا دەبێت کە بڕیارەکە لەگەڵ بارودۆخی ناوچەکەیان ناگونجێت و ناتوانن جێبەجێی بکەن،

دەتوانن  تێبینی خۆیان لەسەر بڕیاری ناوبراو بدەن.

## بەشی چوارەم

### ڕێکخراوە حزبییەکان و ئەرك و دەسەڵاتیان

**ماددەی سێزدەم:**

١ - شانە: دامەزراوەی سەرەکیی حزبە و بنکەی جەماوەریەتی و سەرچاوەی یاسایی و دەسەڵاتەکانیەتی کە دەدرێت بە ڕێکخراوە باڵاکانی، شانە بەپێی ڕێکخستنی هەنووکەییی پێك دێت لە(٣ – ٧) ئەندام لە نێوانیاندا ڕێکخەر هەیە کە لەلایەن لێژنە ڕێکخراو یاخود لێژنە ناوچە دادەمەزرێندرێت.

٢ - دەسەڵات و ئەرکەکانی شانە:

أ - لە چوارچێوەی سیاسەت و پلان و پرۆگرامی حزب تێدەکۆشێت بۆ جێبەجێکردنی ئامانج و ئەرک و کارەکانی حزب و ئەو ڕێنماییانەی کە حزب دەیداتێ.

ب -سەرپەرشتی ئەندامەکانی دەکات و ئاڕاستە و چاودێریان دەکات بۆ ئەوەی ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن و مافەکانیان بەکاربهێنن.

ج - بەلایەنی کەمەوە هەفتەی جارێک  بە سەرۆکایەتی ڕێکخەر یان یاریدەدەری ڕێکخەر کە لەلایەن شانە هەڵبژێردراوە، کۆدەبێتەوە.

د - ئەرکەکان بەسەر ئەندامانیدا دابەش دەکات، چاودێریی کارەکانی هەفتانەیان دەکات کە ڕایدەپەڕێنن.

ه - بانگەشە بۆ حزب و بنەماکانی دەکات و بڵاوکراوەکانی لە سنووری چالاکی خۆی بڵاودەکاتەوە.

و - چاودێریی شانەی پاڵێوراوان و لایەنگران دەکات،  لەسەر بنەمای ڕۆشنبیریی حزبی پەروەردەیان دەکات و چاودێریی کارەکانیان دەکات و ڕابەرایەتی و سەرپەرشتییان دەکات، بۆ ئەوەی ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن.

ز - ئابوونەی ئەندامبوون لەئەندامان و پاڵێوراوان و ئەوەی لایەنگران دەیبەخشن کۆدەکاتەوە و نرخ بۆ بڵاوکراوەکان دیاردەکات.

ح - ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی حزب دەخوێنرێنەوە و بە ئازادی گفتوگۆیان لەبارەوە

دەكرێت و بۆچوونەكانیان بۆ لێژنە باڵاكان دەنێردرێت.

ط -كار دەكات بۆ بەرزكردنەوەی هۆشیاریی سیاسیی گشتی و تیۆری و حزبایەتی لە نێوان ئەندام و پاڵێوراو و لایەنگرەكان.

ي - لە فۆڕمەكانی پاڵاوتن دەكۆڵێتەوە و داوای ئەندامیەتی بۆ پاڵێوراوان لە لێژنەی باڵا دەكات.

ك - پەیام و نووسراو و نامەی ئەندام و هەواڵ و زانیاریی پێویست بۆ لێژنەی باڵای سەرووی خۆی دەنێرێت.

ل - ڕاپۆرتی مانگانە بۆ لێژنەی ڕێكخراو، یان لێژنەی ناوچە دەنێرێت لە بارەی كار و چالاكییەكانی، سەبارەت بەوەی جێبەجێی كردووە، یاخود جێبەجێی نەكردووە.

م - بەپێی پلانی حزب سەرپەرشتی خەباتی جەماوەریی لە ناوچەكەی خۆی دەكات و ڕایان دەهێنێت لەسەر خەباتی شۆڕشگێڕی ڕێكخراو، نزیكترین و ڕاستگۆترین پەیوەندی لەگەڵ جەماوەر دروست دەكات، بۆ ئەوەی داواكاریەكانیان بزانێت و بیانگەیەنێتە حزب.

ن - هەموو ئەندامان بەرپرسن لە بەڕێوەبردنی كاروباری شانە.

س - گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ پشتڕاستكردن و بەردەوام بوونی پەیوەندی نێوان ئەندامانی بنكە لەلایەك و بنكە و لێژنە ڕێكخراوی سەرووی خۆی لەلایەكەی دیكە.

**ماددەی چواردەم:- ڕێكخراو**

١. لێژنە ناوچە مافی ئەوەی هەیە، لێژنەی ڕێكخراوەكان دابمەزرێنێت، پاش ئەوەی ڕەزامەندی لێژنەی لق وەردەگرێت لەو ناوچانەی لە شانەیەک زیاتریان لێیە و ئەستەمیشە ئەندامانی ناوچەكە ڕاستەوخۆ بە لێژنەی ناوخۆیی ببەسترێنەوە و ناشكرێ لێژنەیەكی ناوخۆی لێ بكرێتەوە بەهۆی كەمی ئەندام یان هۆكاری دیكە.

٢. لێژنە ڕێكخراو هەموو ئەرك و دەسەڵاتی لێژنە ناوچەی هەیە، تەنها ئەوانە نەبێت كە پەیوەندارن بە خاڵەكانی ه و ط و ي و ك لە بڕگەی (٢) لە ماددەی (١٥) لە پڕۆگرامی ناوخۆ.

**ماددەی پازدەم:-**

١- لێژنە ناوخۆ_ نوێنەرایەتی پارتی دەكات و سەرپەرشتیی ئاڕاستەكردنی ئەندامانی دەڤەرەكە دەكات، كە لێژنەی ناوەندیی دیاریكردووە، ڕاستەوخۆ بەرپرسە لە سەر چالاكی و كاروباری پارتی و بەدیهێنانی پرەنسیپەكان و جێبەجێكردنی ڕێنمایی و

بڕیارەکان لە ناوچەی دیاریکراو.

ئەندامانی لێژنەی ناوچە لەلایەن ئەندامانی پارتی لە چوارچێوەی چالاکییەکانی لێژنە ناوچە هەڵدەبژێردرێن، ژمارەی ئەندامانی لە(٣-٩) ئەندام دەبێت.

٢- ئەرک و دەسەڵاتەکانی:-

أ - بەڕێوەبردن و ڕێنمایی و هاندانی ئەندام و شانە و ڕێکخراوەکان، بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان بەپێی پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆ و ڕێنمایی و بڕیارەکانی پارتی.

ب - هەڵبژاردنی بەرپرسی لێژنە و هەردوو جێگرەکانی کە ئەرکیان بەڕێوەبردن و ڕێکخستن و سەرکردایەتیکردنی لێژنەی ناوخۆ، دەبێت بەلانیکەم یەکێك لە ئەندامی لێژنەی ناوخۆ پارتییەکی پیشەیی بێت.

ج - لێژنەی ناوەندیی هەڵبژاردنی بەرپرسی لێژنەی ناوخۆ پەسنددەکات و لێژنەی ناوەندیش بۆی هەیە یەک جار ڕەتیبکاتەوە لەگەڵ خستنەڕووی هۆکارەکان، ئەگەر لێژنەی ناوخۆ دووبارە دەنگی بە ڕایەکەی پێشووی دایەوە، ئەوا ڕایەکەی پەسەند دەکرێت.

د - بەلایەنی کەم کۆبوونەوە هەر پازدە ڕۆژ جارێك دەبەسترێت، بۆ تاوتوێکردنی ئەو بڕیارانەی کە جێبەجێ کراون و، لێپرسینەوە لە ئەندام و شانە و ڕێکخراوەکان لەسەر کاری پارتایەتیان.

ه - بڕیاری کۆتایی لەبارەی داواکارییەکانی بوونە ئەندام دەردەکات و وەڵامی پرسیاری ئەندامان و شانە و ڕێکخراوەکان و ڕەخنە و پێشنیاز و پەیامەکانیان دەداتەوە.

و - خەباتکردن لە پێناو فراوانکردنی بزووتنەوە کرێکاری و جووتیاری و قوتابیان و پیشەوەران و لاوان و ئافرەتان و ئەوانەی پشتیوانی لە ئاشتی دەکەن.

ز - کۆکردنەوەی ئابوونەی ئەندامیەتی و بەخشین و دیارکردنی نرخی بڵاوکراوە حزبییەکان و ناردنیان بۆ لێژنەی سەرووتری خۆیان.

ح - بەشداریی کاریگەرانە لە سەرکردایەتیکردنی هەموو جۆرە خەباتێکی جەماوەریی لە ناوچەکە.

ط -مافی ئەوەی هەیە بەیاننامە تەنیا لەبارەی ڕووداوەکانی ناوچەکەی دەربکات، لەگەڵ دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بە تیشك خستنەسەر سیاسەتی گشتیی پارتی.

ي - سەپاندنی سزا و ڕاکێشانی سەرنج و ئاگادارکردنەوە و دەرکردنی کاتیی بۆ ماوەیەک کە لە شەش مانگ زیاتر نەبێت، بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی لێژنە

ناوچە.

ك - هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی بۆ لێژنەی ڕێکخراو و کۆنفرانس.

ل - لە پێناو فراوانکردنی کاری حزبی و چوونە ناو جەماوەر، مافی پێکهێنانی لێژنەی پیشەیی هەیە بە پێی پێویستی و دیاریکردنی ئەرکەکان و دەسەڵاتی هەموو لێژنەیەك.

م - ئامادەکردنی شوێنی کۆبوونەوە و دانانی کات و بەڕێوەبردن و ئامادەکردنی قسەکەر و ڕێکخستنی راپۆرتی مانگانە، وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی لێژنە باڵاکان و ڕێکخستنەوەی هەژماری مانگانە.

ن- بەرپرسی لێژنە ڕاستەوخۆ بەرپرسە بەرامبەر لیژنەی باڵاترەکان لە خۆی.

س- گرتنەبەری ڕێوشوێن، بۆ بەردەوامبوونی پەیوەندیی لەگەڵ هەموو شانەکان لە ناوچەی خۆی لە هەر بارودۆخێکدا.

**ماددەی شازدەم:- لێژنەی ناوچە (المنطقة)**

لەو ناوچەیەی کە لەلایەن لێژنەی ناوەندییەوە دیاریکراوە، لێژنەی ناوچە پێکدێت لە (٧-١١) ئەندام، کە لەلایەن ئەندامانی لێژنە ناوچەکانەوە هەڵدەبژێردرێن، بەو ڕێژەیەی کە لەلایەن لێژنەی ناوەندییەوە دیاری کراوە لەسەر بنەمای ژمارەی ئەندامانی هەر لێژنەیەك و ئەرک و دەسەڵاتەکانی خۆی لەو سنوورەدا جێبەجێ دەکات کە وەک دەستەی باڵا لە ناوچەکە دامەزراوە و دەسەڵاتی هەیە بەرامبەر بە لێژنە خۆجێییەکان و بەرامبەر بە شانەکان و ئەو ئەرکانەی لە لێژنە ناوچەکانی سەرانسەری ناوچە دانراوە و سێ ئەندامیان هەڵدەبژێردرێن، کە یەکێکیان بەرپرسی یەکەمە، هەروەها لێژنەیەکی کارکردن پێکدێت و لێژنەی کار لەماوەی دوو کۆبوونەوەدا دەسەڵاتەکانی لێژنەی ناوچە بەکاردەهێنێت، لێژنەی ناوچە مافی خۆیەتی دوای پەسەندکرانی لە لایەن لێژنەی ناوەندیی لەژێر ڕۆشنایی سیاسەتی بەرنامە بۆ دارێژراوی حزب گۆڤاری تایبەت بەخۆی دەربکات، پێویستە لێژنە ناوچە بە لایەنی کەمەوە دوو مانگ جارێک کۆببێتەوە.

**ماددەی حەڤدەم:-**

١ - کۆمیتەی ناوەندیی: لە حزبدا نوێنەرایەتی بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەکات لە دوای کۆنفرانس، چالاکی هەموو دامەزراوە حزبی و سیاسی و ڕێکخراوەییەکان بەڕێوەدەبات و سەرپەرشتییان دەکات بۆ خەباتکردن لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی حزب بەپێی پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆیی، لەنێوان دوو کۆنگرەدا.

٢ - ئەنـدامانی لێژنـەی ناوەنـدیی لە(١٣-١٧)ئەنـدام هەڵـدەبژێردرێن، لەگەڵ ژمـارەیەک پاڵێوراو کە ژمارەیان لە نێـوان (٥-٩) ئەنـدام دایە، بـۆ ئەنـدامیەتی لێژنـەی ناوەنـدیی لەلایەن کۆنگرەوە، بە مەرجێک بە شێوازی پاڵاوتن هەڵبژێردرێن.

٣ - ئەگەر ئەنـدامێکی کـۆمیتەی ناوەنـدیی نـەیتوانی ئەرکەکـانی خـۆی جێبەجـێ بکـات، ئەندامێکی یەدەگ کە زیاترین دەنگی بەدەستهێناوە لە کۆنگرەدا، شوێنی دەگرێتەوە.

٤ - **مەرجەکانی ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندیی:**

أ - نابێت تەمەنی لە بیست و پێنج ساڵ کەمتر بێت.

ب -نابێت ئەندامیەتی لەحزب لە سێ ساڵ کەمتر بێت.

ج - ڕابردوویەکی شەرەفمەندانەی لە خەباتدا هەبێت.

د - نابێت لە بەرهەڵستکارانی پارتی بێت.

ه - ئەگەر یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی ئامادە نەبـوو، ئەوا ئەو ئەنـدامە یەدەگەی زۆرترین دەنگی لە هەڵبژاردنی کۆنگرە هێناوە، جێگەی دەگرێتەوە.

و - لە کاتی زیندانیکران و ئامادەنەبوون و ئاوارەیی ئەنـدامێکی کـۆمیتەی ناوەنـدیی بەهـۆی خەبـات و کـاری حـزبییەوە، ئەنـدامیەتی کۆمیتـەی ناوەنـدیی لـێ ناسەندرێتەوە.

**مـاددەی هـەژدەم:-** ئەرک و دەسـەڵاتەکانی کـۆمیتەی ناوەنـدیی ئەم کـارانەی خـوارەوە لەخۆدەگرێت:

١ - هەڵبژاردنـی سـکرتێری کـۆمیتەی ناوەنـدیی و چـوار ئەنـدام کە مەکتەبـی سیاسـی پێکدەهێنن و کارەکانی بەڕێوەدەبەن و چالاکییە حزبییەکـان ئاڕاسـتە دەکـەن، مـافی ئەوەی هەیە کە لە نێوان ئەندامەکانیدا لێژنەی جیا جیا پێک بهێنێت.

٢ - خەبات دەکات بۆ بەدیهێنـانی ئامـانجە نزیـک و دوورەکـانی حـزب و دانـانی پـلان و تاکتیکی پێویست و دیارکردنی سیاسەتی حزب بەرامبەر بە هەموو ڕووداوەکان.

٣ - چاودێری و سەرپەرشـتیکردنی جێبەجێکردنـی پەیـڕەوی نـاوخۆی حـزب و پرۆگـرام و بڕیارەکانی کۆنگرە و کۆنفرانس.

٤ - پاراسـتنی ئامـانج و پرەنسـیپە شۆڕشـگێرییەکانی حـزب لە هێـرش و پـەلامارەکان و پاراسـتنی یەکەی حـزب (یەکەی فیکـر و کـار و بۆچـوون و ڕێکارەکـان) و پاراسـتنی نهێنییەکانی حزب.

٥ - پاراستنی ماڵی حـزب و پەرەپێـدان و ڕێکخسـتنی داهاتـەکانی پـارتی و خـەرجییەکانی

بەشێوەیەك کە لە شتە ناپێویستەکان خەرج نەکرێت.

٦ - دیاریکردنی هەڵوێستی حزب بەرامبەر بە حزب و ڕێکخراو و دەستە و بەرە یەکگرتووەکان لە بەر ڕۆشنایی بەرنامە و بڕیارەکانی کۆنفرانس و کۆنگرە.

٧ - ڕاگەیاندنی هەڵوێستی حزب لەبەرامبەر هەموو ڕووداوە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان و بزووتنەوە کرێکاری و جووتیارییەکان و بزووتنەوە شۆڕشگێرییەکان و بارودۆخی نێودەوڵەتی.

٨ - دانانی پلان و کێشانی نەخشە ڕێگا بۆ بەهێزکردنی چالاکیی حزب لە هەموو بوارەکاندا.

٩ - پەروەردەکردن و ئامادەکردنی کادیری حزبی، بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنە تیۆریی و سیاسییەکان، ڕاهێنانی ئەندامان و جەماوەر لەسەر خەباتی شۆڕشگێڕانە، بەو شێوەیەی کە ئەمە یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانیان.

١٠ - بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە ناو کرێکاران و جووتیاران و جەماوەری کورد و کوردستان بەگشتی بەپێی پرۆگرام و پەیڕەی ناوخۆی پارتی.

١١ - ڕەخساندنی هۆکارەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی ناوەندیی و بڵاوکردنەوەی داتا و نامیلکەی پەروەردەیی و دەستنیشانکردنی دەستەی دەرکردنی ڕۆژنامەی ناوەندیی و سەرپەرشتیکردنی.

١٢ - وەڵامدانەوەی ڕەخنە و پێشنیاز و پرسیار و گلەیی ئەندامان و کارکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

١٣ - ڕاپەڕاندنی تەواوی ئەرکەکانی سەرکردایەتی لە بوارە سیاسی و ڕێکخراوەییدا و سەرکردایەتیکردنی حزب لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا .

١٤ - دیارکردنی کات و شوێنی کۆنگرە و کۆنفرانس، لەگەڵ دیاریکردنی ڕێژەی نوێنەرایەتیکردن.

١٥ - ئامادەکردنی ڕاپۆرتی گشتی بۆ کۆنگرە و لەکاتی پێویستدا بۆ کۆنفرانسیش.

١٦ - هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی ڕاستەوخۆ لە بەردەم کۆنگرە بەرپرسن چ وەك تاك یان وەك لێژنە بۆ کار و کردەوەکانیان یان بۆ پلان و سیاسەتەکانیان.

١٧ - مافی هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری لێژنەکانی خوارەوەی هەیە.

١٨ - بڕیار لەسەر ڕووداوی لێژنە ناوچەکان و لێژنەی ناوچە نوێیەکان و ڕێکخراوە گشتییەکان دەدەن.

١٩ - داوای بەستنی كۆبوونەوەی نائاسایی كۆنفرانس یان كۆنگرە دەكات لەسەر بنەمای:

أ- داواكاریی زۆرینەی ئەندامانی حزب لەڕێگەی ڕێكخراوەكانیانەوە.

ب- داواكاریی دوو لەسەر سێی ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی.

٢٠ - بڕیارەكانی دەبێت لەلایەن هەموو ڕێكخراوەكانی حزب جێبەجێبكرێت و كۆنگرە و كۆنفرانس دەتوانن ئەم بڕیارانە هەڵبوەشێننەوە.

٢١ - لە مەكتەبی سیاسی دەپێچێتەوە و ئەرك و پلانی پێویستی بۆ دادەنێت.

٢٢ - كۆمیتەی ناوەندیی مافی ئەوەی هەیە، هەموو ئەو ڕێوشوێنانە بگرێتەبەر كە بۆ پاككردنەوە لە ناو پارتی پێویستن، بە مەرجێك ئەو لێكۆڵینەوەیە لەلایەن دەزگای باڵای چاودێری و بەدواداچوونی ئەنجام بدرێت و ئەوەی ئەم ڕێكارانە دەیگرێتەوە دەتوانێت لە پلینۆمی پارتی پەڵپی لێ بگرێت.

٢٣ - لەسەر كۆمیتەی ناوەندییە نوێنەرەكانی بنێرێت یان كادیری حزبی بگوازێتەوە بۆ ناوچەكانی دیكە و لێژنە ناوچە جۆراوجۆرە ناوخۆییەكان، بە مەبەستی بەهێزكردنی ڕێكخستنەكان و بڵاوكردنەوەی هۆشیاری و لە پێناو ڕاپەڕاندنی كارەكانی دیكەی پارتی.

٢٤ - ئەگەر ئەندامێكی كۆمیتەی ناوەندیی كارێك بكات كە پێویست بكات دەربكرێت، كۆمیتەی ناوەندیی بۆ هەیە بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگەكان لە بەرپرسیارێتی دووری بخاتەوە و بیخاتە بەردەم پلینۆمی گەورە، تا سزای پێویست بدرێت.

**ماددەی نۆزدەم:-**

١ - لێژنەی ناوەندیی بە شێوەی خولی و لەخۆوە هەر دوو مانگ جارێك كۆببێتەوە.

٢ - پلینۆمی حزبی كە پێكدێت لە لێژنەی ناوەندیی و ئەندامانی لێژنەی باڵای چاودێری و بەدواداچوون و ئەندامە یەدەگەكانی لێژنەی ناوەندیی، بۆ هەڵسەنگاندنی كار و چالاكییەكانی سەركردایەتی و دانانی پلانی پێویست بۆ ماوەی داهاتوو، هەموو چوار مانگ جارێك كۆدەبێتەوە.

٣ - (پلینۆمی فراوان) لەسەر داواكاریی پلینۆمی ئاسایی دەبەسترێت و پێكدێت لە نوێنەری پلینۆمی ئاسایی و نوێنەری لێژنە ناوچەكان و لێژنەی ناوخۆیی و پیشەیی، لە ڕێگەی هەڵبژاردن لە هەر لێژنەیەك ئەندامێك هەڵدەبژێردرێت.

٤ - كۆمیتەی ناوەندیی مافی ئەوەی هەیە، ڕێكخراوی حزبی لە دەرەوەی عێراق لە ئەندامانی حزب بەپێی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی دابمەزرێنێت.

**ماددەی بیستەم:- مەکتەبی سیاسی**

١ - مەکتەبی سیاسیی حزب لەسکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی و چوار ئەندام پێکدێت کە کۆمیتەی ناوەندیی لەنێو ئەندامەکانی هەڵیاندەبژێرێت.

٢ - مەکتەبی سیاسی بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندیی تەنیا لەنێوان دوو کۆبوونەوەدا جێبەجێ دەکات، ئەگەر پێویست بێت گۆڕانکاریی لەسیاسەتی بڕیار لێدراو بکرێت، کۆمیتەی ناوەندی دەستبەجێ داوای کۆبنەوە دەکات.

## بەشی پێنجەم

### دەستەی چاودێری و بەدواداچوون

**ماددەی بیست و یەکەم:-** دەستەی چاودێری و بەدواداچوون لە لایەن کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێت و لێپرساو دەبێت لە بەرانبەری و ژمارەی ئەندامانی حەوتن لەگەڵ دوو ئەندامی یەدەگ کە لەناوخۆیان بەپرسی یەکەم هەڵدەبژێرن.

**ماددەی بیست و دووەم:-** ئەرک و دەسەڵاتەکانی لێژنەکانی چاودێری و بەدواداچوون ئەمانەن:

١ - هاوکاریکردنی لێژنەی ناوەندیی لە کارەکانیدا و ڕاپەڕاندنی کاری بەدواداچوونی خوولی کە لە لایەن مەکتەبی سیاسییەوە دیاردەکرێت.

٢ - لە کاروباری دارایی و خەرجیی پارتی دەکۆڵێتەوە، بەشێوەیەکی ڕاست و دروست چاودێری پرۆگرام و پەیڕەی ناوخۆ و بڕیارەکانی لێژنەی باڵا دەکات، ڕاپۆرت لەسەر کارەکانی بۆ مەکتەبی سیاسی بەرزدەکاتەوە.

٣ - لە سکاڵای ئەندامان دەکۆڵێتەوە، ڕاپۆرت سەبارەت بە بابەتەکە بۆ لێژنەی تایبەتمەند بەرزدەکاتەوە لەگەڵ ڕاو بۆچوونی خۆی لە بارەی بابەتەکە.

٤ - لەو ڕاپۆرتانە دەکۆڵێتەوە کە سەبارەت بە کەمتەرخەمی ئەندامان و سەرپێچیە حزبیەکانیان نێردراون و پێشکەشکردنی ڕاسپاردەی پێویست بۆ مەکتەبی سیاسی.

٥ - لێژنەکانی چاودێریکردن و بەدواداچوون تایبەتمەندیی سەکردایەتیان نییە.

٦ - لە کاتی هەبوونی ناکۆکی لەنێوان لێژنەی باڵای چاودێری و بەدواداچوون و کۆمیتەی ناوەندیی، بابەتی ناکۆکی لەسەر دەخرێتە بەردەم پلینۆم، لە کاتی سەلماندنی

کەمتەرخەمی هەریەکێك لە لێژنـەکان، دەبێـت ئەنـدامانی لـە پلنیـۆم دووربخرێنـەوە کۆنگرە ببەسترێت بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو ناکۆکییە.

**ماددەی بیست و سێیەم:-** ئەو سزایانەی لێژنەی پشکنین دەیدا، ئەمانەن:

١- بۆ ئەندامان:-

أ - ڕاکێشانی سەرنج بە نووسین بێت یان زارەکی.

ب -ئاگادارکردنەوەی کەسی یان بە کۆمەڵ لەناو ڕێکخراوەکە.

ج - دوورخستنەوە لە ئەرکی بەرپرسیاریەتی.

د - دوورخستنەوەی کاتیی لە پارتی.

ه - دەرکردن کە توندترین سزایە.

٢- سەبارەت بە لێژنە و دامەزراوە حزبییەکان:

أ - ڕاکێشانی سەرنج یان ئاگادارکردنەوە.

ب -هەڵوەشاندنەوەی لێژنەکە و دانانی لێژنەی کاتی، تا هەڵبژاردن دەکرێت.

ج - هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراو و دابەشکردنی ئەندامەکانی بەسـەر لێژنەکـانی دیـکەی پارتی.

**ماددەی بیست و چوارەم:-**

١ - سەرۆکی حزب: سەرۆکی پارتی و کۆمیتەی ناوەندییە و ڕاستەوخۆ لە لایەن کـۆنگرەوە هەڵبژێردراوە و مافی ئەوەی هەیە ڕێنمایی دەربکـات و ڕێنـوێنی بـدات بە کـۆمیتەی ناوەندی یـان مەکتەبـی سیاسـی یـان پلنیـۆم، بـە سـەرۆکایەتی سـەرۆك کۆبـوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی و پلنیۆم و کۆنگرە و کۆنفرانس ئـەنجام بـدات، مـافی ئەوەی هەیە ئامـادەی کۆبوونەوەکـانی مەکتەبـی سیاسـی بێـت و ئەگەر لە دەنگدانـدا دەنگەکـان بەرانبەر بوون، ئەوا دەنگی زۆرینە بۆ ئەولایە دەبێت کە سەرۆک دەنگی لەگەڵ داوە.

٢ - دەسەڵاتەکانی سەرۆک: سـەرۆک مـافی ئـەوەی هەیـە، داوای بەسـتنی کـۆنگرە بکـات لەسەر داوای زۆرینەی ئەندامانی پارتی لەم بارودۆخانەی خوارەوەدا:

أ - بارودۆخی نائاسایی.

ب -پاش تێپەڕبوونی ماوەیـەك بەسـەر وادەی بەسـتنی کـۆنگرە کە کـۆمیتەی ناوەنـدیی ڕەزامەندی بەستنی نادات.

**ماددەی بیست و پێنجەم:-** سکرتێری کۆمیتـەی ناوەنـدیی- بـە هاوئـاهەنگی لەگەڵ تەواوی ئەنـدامانی مەکتەبـی سیاسـی لە کاروبـاری کـارگێڕی حـزب بەرپرسـە، هەمـوو نێـردراو و

ڕێنوێنیـەكانی و پـارتی بە واژۆی ئەو (یـان واژۆی یەكێـك لە یاریـدەدەرەكانی كە پسـپۆر و بەرپرس بێ) دەبێ و دەبێت ئاگاداری هەموو كاروبارە سیاسی و ڕێكخراوەییەكانی ناو حـزب و چالاكییەكانی بێت، دەبێت راپـۆرتێكی گشـتی پێشـكەش بە كـۆنگرە یـان كـۆنفرانس یـاخود پلنیۆم بكات، هەرچی ڕاپـۆرتی وردە لەبـارەی كاروبـارە جیاوازەكـانی حـزب، ئەوا نووسـینی لە ئەستۆی ئەندامانی مەكتەبی سیاسییە، هەر ئەندامێك بەپێی پسپۆری خۆی، سـكرتێر بەرپرسـە لەوەی مەكتەبـی سیاسـی لە هەمـوو كاروبـار و بڕیـارێكی حـزب ئاگاداربكـاتەوە و دوای وەرگرتنـی بۆچـوونی ئەوان بڕیارەكـان بـۆ ڕێكخراوەكـان دەنێرێـت، هەرچەنـدە سـكرتێر بەرپرسیاریەتیەكی هەستیاری هەیە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە دەتوانێـت تـاكڕەوانە بڕیـار بدات، بەڵكو هەر بڕیارێك كە دەیدات دەبێت بە كۆمـەڵ بێـت، دەبێـت مەكتەبـی سیاسـی ڕێوشـوێنێك بگـرێتەبەر بـۆ دڵنیـابوون لەبەردەوامبـوونی چـالاكی حـزب لە ئەگەری جیابوونەوەی ئەندامان یان ئەگەری دەست لەكاركێشانەوەیان.

## بەشی شەشەم

## كۆنگرێس (كۆنگرەی نیشتمانی)

**ماددەی بیست و شەشەم:**

١ - كۆنگرە(كۆنگرەی نیشتمانی) باڵاترین دەسەڵاتی پارتییە.

٢ - لـە ئەنـدامانی كـۆمیتەی ناوەنـدیی و لیـژنەی چـاودێری و بەدواداچـوون و ئەنـدامە یەدەگە هەڵبژێردراوەكان پێكدێت كە لەلایەن كۆنگرە و نوێنەران و لەلایەن سـەرجەم ئەندامانی ڕێكخراوە حزبییەكان هەڵبژێردراون، بە گـوێرەی ئەو ڕێـژەیەی كە لەلایـەن لێژنەی ناوەندیی و لێژنەی چاودێری و بەدواداچوون و ئەندامانی یەدەگ دیاریكراون.

٣ - كۆنگرە دوو ساڵ جارێك بە ئاسایی دەبەسترێت، كۆمیتەی ناوەنـدی دەتوانێـت داوای بەستنی كۆنگرەی نائاسایی بكـات، لەسـەر داوای سێیەكی ئەنـدامان بەپێـی مـاددەی هەژدەم بـڕگەی (١٩-ب)، هەروەك سـەرۆكیش مـافی بەسـتنی كـۆنگرەی هەیە بەپێـی ماددەی بیست و چوارەم.

**مادەی بیست و حەوتەم:** ئەرك و دەسهەڵاتەكانی كۆنگرە.

١ - هەمواركردنەوە یان گۆڕینی پرۆگرام و پەیڕەی ناوخۆ.

٢ - گوێگرتن لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی و لێژنەی چاودێری و پشکنین و گفتوگۆکردن و هەڵسەنگاندنی کارەکانیان.

٣ - دارِشتنی سیاسەتی گشتی و دانانی پلان و تاکتیکی حزبی بۆ ئەو پرسە سیاسییانەی کە ڕووبەڕووی حزب دەبنەوە.

٤ - شیکردنەوەی بارودۆخی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی و نەخشەکێشانی پلانی حزب و دیاریکردنی چارەنووس.

٥ - دانانی ستراتیژ بۆ پارتی.

٦ - تەماشاکردن و بڕیاردان لەبارەی سکاڵای ئەندامان.

٧ - لێپێچینەوە لە کۆمیتەی ناوەندیی و لێژنەی چاودێری و بەدواداچوون، لێپرسینەوە لەوانەی کەم تەرخەمن.

٨ - هەڵبژاردنی سەرۆکی حزب و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی و یەدەگەکان و ئەندامانی لێژنەی چاودێری و پشکنین و یەدەگەکانی.

٩ - تەنیا کۆنگرە مافی هەڵوەشاندنەوەی حزب و گۆڕینی ناوی حزب، سڕکردنی چالاکییەکانی و تێکەڵکردنی حزب بە حزبێکی دیکە، یان گۆڕینی ئایدۆلۆژیای حزبی هەیە.

## بەشی حەوتەم

## کۆنفرانس

**مادەی بیست و هەشت:-**

١ - لەکاتی ڕوودانی گۆڕانکاریی سیاسیی گرنگ، یان ناکۆکی ناوخۆیی کۆمیتەی ناوەندیی کە لە ئاستێکدا بێت، هەڕەشە لە یەکگرتوویی حزب بکات، یان بارودۆخێکی پێویست کە پێویستی بە کۆنگرە هەیە و لەسەر داوای زیاتر لە نیوەی ئەندامانی حزب، یان دوو لەسەر سێی لێژنە ناوچەکان و لە ئەگەری نەبوونی توانای بەستنی کۆنگرە، ئەوا کۆنفرانس دەبەسترێت.

کۆنفرانس لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و لیژنەی چاودێری و بەدواداچوون و یەدەگەکانی و نوێنەرانی لێژنە ناوچەکان و دامەزراوەکانی سەر بەو لێژنانە و نوێنەرانی دامەزراوەکانی سەر بەکۆمیتەی ناوەندی و کادیرانی پێشکەوتووی حزب پێکدێت کە لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە بەدوو لەسەر سێی دەنگەکان دانراون.

٢ - کۆنفرانس هەموو دەسەڵاتەکانی کۆنگرەی هەیە، جگە لە گۆڕینی پرۆگرام و پەیڕەی ناوخۆ و گۆڕینی کۆمیتەی ناوەندی و دیارکردنی چارەنووسی حزب، جیاکردنەوە و لێسەندنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆک. بڕیارەکانیشی ـ هەمان هێزی بڕیارەکانی کۆنگرەیان هەیە.

٣ - یەکێک لە ئەرکە لە پێشینەکانی کۆنفرانس ڕەخساندنی بارودۆخە بۆ بەستنی کۆنگرە لە نزیکترین دەرفەتدا.

٤ - لەکاتی دادگاییکردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی و ئەندامانی لێژنەی چاودێری و بەدواداچوون، کۆنفرانس بەر لە بەستنی پلنیۆمی فراوان بۆ کۆنفرانس، مافی دەرکردنی ئەندامانی هەردوو لێژنەی هەیە، بە مەرجێک ژمارەی ئەندامە دەرکراوەکان بە جارێک یان چەند جارێک، نەگاتە نیوەی ئەندامان.

٥ - کۆنفرانسی ناوخۆیی: دوای داوای زیاتر لە نیوەی ئەندامانی حزب لە ناوچەکە، یان لەسەر داوای دوو لەسەر سێی ئەندامانی لێژنەی ناوچە و بە ڕەزامەندی مەکتەبی سیاسی دەبەسترێت.

کۆنفرانسی ناوخۆیی پێکدێت لەئەندامانی لێژنەی ناوچە و یەدەگەکان و ئەندامانی لێژنە پیشەییەکان، کۆنفرانس کار دەکات بۆ ئەوەی کێشە و لێکتێنەگەیشتنەکان بەپێی پەیڕەی ناوخۆ چارەسەر بکات.

## بەشی هەشتەم

### دارایی حزب

١- دارایی حزب پێکدێت لە:

أ –ئابوونەی ئەندامیەتی کە ئەندام و پاڵێوراو و ئەوانەی لە نوێوە دێنە ناو حزب دەیدەن.

ب – ئەو بەخشینەی ئەندام و پاڵێوراو و دۆستان و لایەنگران دەیدەن.

ج - ئەوەی لە چاپکراوەکانی حزب دەستدەکەوێت.

د- لە قازانجی ئەو ئاهەنگە ڕۆشنبیری و هونەری و کۆمەڵایەتییانەی حزب دەیانگێڕێ.

ه - ئەو پرۆژانەی حزب خاوەنیانە.

و - هاوکارییە گشتییەکان دوای ڕەزامەندیی لێژنەی مەرکەزیی.

٢- ئابوونەی ئەندامێتی و پارەی بڵاوکراوەکان مانگانە و لەڕێی شانەکان کۆدەکرێتەوە و دەنێردرێت بۆ ئەو لێژنە ناوچەیەی شانەکە بەشێکە لێی و دواتر لەڕێی لێژنەی ناوچەوە بۆ لێژنەی مەرکەزیی (مەکتەبی سیاسی) دەنێردرێت و ئەو دامەزراوانەی ڕاستەوخۆ سەر بە لێژنەی مەرکەزین، ڕاستەوخۆ پارەکەی بۆ دەنێرن.

٣- لەسەر لێژنەی ناوەندیی پێویستە لێژنە ناوخۆییەکان لە هەر بڕە پارەیەک کە لەوانەوە پێیگەیشتووە، ئاگاداریان بکاتەوە.

٤- لێژنەی ناوخۆیی و لێژنە ناوچەکان و لێژنەی ناوەندیی لەسەریانە تۆمارێک ڕێکبخەن کە خەرجیی و داهاتەکانی تێدا تۆماربکرێت.

٥- لێژنەی دارایی سەر بە لێژنەی ناوەندیی خەرجییەکانی لێژنە ناوخۆییەکان و دامەزراوە حزبییەکانی دیکە ڕێکدەخات و لێژنە ناوخۆییەکان و دامەزراوە حزبییەکان مافی ئەوەیان نییە لەخۆوە دەستکاری داهاتەکانی حزب بکەن.

## بەیانی کۆتاییهاتنی کۆنگرەی حەوتەمینی پارتی دیموکراتی کوردستان

ڕۆژی ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٦٦ کۆنگرەی پارتی لە گەڵاڵە بەسترا، باسی ئەو مەبەستانە کرا کە لیستەیان بۆ گیرابوو. ڕاپۆرتەکانی سیاسی کە ڕێکخستن و دارایی سەرکردایەتی پارتی ئامادەی کردبوون خوێندرانەوە و، نوێنەران بە وردی و بە دوورودرێژی و زۆر بە ئازادی و دیموکراسی و برایانە لێیان دوان و کۆڵینەوە. ٤٢٥ چوارسەد و بیست و پێنج نوێنەر کە لە جیاتی پتر لە ٣٠ سی هەزار ئەندام هاتبوون، لەو کۆنگرەدا بەشداربوون. جگە لەوانیش میوانێکی زۆر هاتبوون، وەك : نوێنەرانی پارتییە کوردستانییەکانی برامان و نوێنەری هێندێك لە حزبەکانی عێراق و سکرتێری لێژنەی پارێزگاری لە مافی گەلی کورد و نوێنەرانێك لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی کوردستان و یەکێتی مامۆستایانی کوردستان و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و کۆمەڵێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و نوێنەرێك لەلایەن ڕێکخراوی پارتیمان لە کۆماری عەرەبی یەکگرتوو و نوێنەرێك لەو برا عەرەبانە کە بەشدارن لە شۆڕشی کوردستان و مسیۆ جۆن پرادییە (کە باحسێکی فەڕەنسییە) لە دانیشگای تولوز، هەروەها کۆنگرە گەلێك نامە و تەلەگرافی پیرۆزبایی بۆ هاتبوو لەلایەن هێندێك لە حزبە دۆستەکانەوە و لە ڕێکخراوی پارتیمان لە ئەوروپا و لە یەکێتی ئافرەتانی کوردستانەوە. گەلێك تەلەگرافیش خوێندرایەوە کە هێزەکانی پێشمەرگە لە هەموو لایەکەوە بۆ کۆنگرەیان ناردبوو.

کۆبوونەوە و گفتوگۆی نوێنەرانی کۆنگرە شەش ڕۆژی خایاند و لە ئەنجامدا چەند بڕیارێکی گرنگ درا. ڕاپۆرتەکانی سەرکردایەتی پارتی و دووانی دەربارەی هەڵوێستی باری ناوخۆ و دەوڵەتان و پێشنیارەکانی لە بابەت بەهێزکردنی پارتی و بەرزکردنەوەی مەودای چالاکی لە هەموو ڕادەیەکەوە، لەلایەن کۆنگرەوە پەسەند کرا. هەروەها کۆنگرە سەرکردایەتیی نوێی بۆ پارتی هەڵبژارد و بە تێکڕایی مستەفا بارزانییان هەڵبژاردەوە بۆ سەرۆکایەتی پارتی.

کۆنگرە هێندێك دەستکاری لە پرۆگرام و پەیڕەودا کرد بە جۆرێك کە لەگەڵ باری ئێستایی گەلی کورددا ڕێك بکەوێت، هەروەها بڕیاری دا قوتابخانەیەکی تایبەتی بکاتەوە بۆ پەروەردەکردن و فێرکردنی کادیرە حزبییەکان.

دەربارەی چۆنێتی ناوخۆیی و هاوکاری نیشتمانی کۆنگرە ئەم بڕیارەی دا:

"ئەگەر چی بەیانەکەی ٢٩ی حوزەیران بەو بەندانەی کە بڵاوکرایەوە و ئەوانەش کە بڵاو نەکرانەوە، ئامانجی شۆڕشەکەمان ناگرێتەوە کە حوکمی زاتییە، بەڵام لەبەر ئەوە کە حەز دەکەین وڵات هێمن و ئارام بێت و خوێنڕێژی لە ناو برایانی عەرەب و کورددا نەمێنێ، کۆنگرە بەیانەکە پەسەند دەکات و داوا دەکات کە بەبێ کەموکورتی جێبەجێ بکرێت و داوا لە سەرکرادیەتیی شۆڕش دەکات یاداشتێك لەو بارەوە بدرێت بە حکومەت و کۆنگرە داوا لە کۆمیتەی ناوەندی دەکات کە هەر تێ بکۆشێ بۆ ڕێکەوتنێکی نیشتمانی لەگەڵ هەموو هێزە سیاسییە نیشتمانپەروەرەکان لە عێراقدا بۆ پێکهێنانی حوکمێکی پەرلەمانی و دیموکراتی ڕاست و پەرەپێدانی مافی گەلی کورد تا دەگاتە ڕادەی مادەی سێیەم لە پرۆگرامی پارتی کە ئەویش دەستکەوتی حوکمی زاتییە".

هەروەها کۆنگرە بڕیاری دا:

"کە تاقمی جەلال ـ برایم خیانەتی هەرە گەورەیان کردووە و داوایان لە کۆمیتەی ناوەندیی کرد لە ڕێگەی سیاسەتەوە بەربەرەکانییان بکات و پەردەی فێڵبازی و درۆیان لەسەر لا ببات و کۆمەڵانی خەڵکیان لێ دوورخاتەوە. هەروەها سیاسەتی لێبوردن بۆ ئەوانە وەکار بێنێت کە بەو تاقمە هەڵخەڵەتاون و چ ماوەیەکی بە پێویست دەزانرێت بۆیان دابنرێت".

بەڵام دەربارەی سیاسەتی کاربەدەستانی سوریا لەمەڕ گەلی کوردمان کۆنگرە ئەم بڕیارەی دا:

"ئەگەرچی کاربەدەستانی سوریا چەند هەنگاوێکی پێشکەوتووانەیان هەڵێناوە، بەڵام دەربارەی گەلی کوردمان سیاسەتی چەوساندنەوەی ڕەگەزایەتی وەکار دێنن. جنسییەی سوریی لە کوردەکان دەسێننەوە، سیاسەتی پشتێنەی عەرەبی کۆنەپەرستانە لە لیوای حەسەکە بەکار دەهێنن، واتە دەیانەوێت کوردەکانی سەر سنووری لای عێراق و تورکیا و بە تایبەتی لە مەڵبەندی نەوت، بە پانایی ١٥ کیلومەتر بگوێزنەوە بۆ ناو کۆچەرە عەرەبەکان و زەویوزاری کوردەکان بدەن بە عەرەب. کۆنگرە لە کاتێکدا کە ناڕەزایی توندی خۆی دەردەبڕێ بەرامبەر ئەو سیاسەتی ڕەگەزپەرستییە و دوور لە مرۆڤایەتی و دیموکراتییە، داوا لەو کاربەدەستانە دەکات کە دەست لەو سیاسەتە هەڵگرن و هەر کوردێکی لەسەر

سیاسەت گرتوویانە بەری بدەن و داخوازیی ئەوەیە یادداشتێك لەو بارەیەوە بدرێت بە حکومەتی سوریا".

دەربارەی کاروباری ناو دەوڵەتان:

"کۆنگرە هەموو ئەو ڕێوشوێنانە پەسەند دەکات کە بۆ پارێزگاریی ئاشتیی جیهانی و بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی نێوان دەوڵەتان تێ دەکۆشن و بە شوێنی پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڕۆن و دەیانەوێت هەموو کەس بە ئاشتی پێکەوە بژیت و گیروگرفتی نێوان دەوڵەتان لە ڕێگای گفتوگۆ چارەسەر بکرێت و چەکی ئەتۆمی دەکار نەکرێ و تاقیش نەکرێتەوە. هەروەها پشتیوانی دەکات لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی نیشتمانیی گەلان دژی ئیمپریالیزم بۆ سەربەستی و مافی چارەنووسی خۆیان و بە تایبەتی لە نیشتمانی عەرەبدا، هەروەها سیاسەتی ڕەگەزپەرستیی جنوبی ئەفریقیا و ڕۆدیسیا تاوانبار دەکات و داواش دەکات ئاشتی و هێمنی بکەوێتە ڤێتنامەوە و بێگانە دەس٩ت نەخاتە ئیشیەوە و لە گەلی ڤێتنام بگەڕێن کە بۆ خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات".

دەربارەی چالاکی شۆڕش لە دەرەوە:

"کۆنگرە سوپاسی هەموو گەلانی دۆست دەکات کە پشتیوانییان لە مافی ڕەوای گەلی کوردمان کردووە، هەروەها سوپاسی زۆرمان بۆ هەموو ئەو ڕێکخراو و کۆمەڵانە و پیاوماقوڵ و ڕۆژنامە و ڕادیۆ جیهانییانە هەیە کە لەسەر کورد وە جواب هاتوون و داوای مافی ڕەوایان بۆ کردووە. کۆنگرە داوا لە کۆمیتەی ناوەندیی دەکات چالاکی پارتی و شۆڕش لە دەرەوە پتر بکات لە هەموو بارێکەوە زۆرتر تێ بکۆشێت. دیسان کۆنگرە لە کۆمیتەی ناوەندیی دەخوازێ کە هۆی پڕۆپاگەندە و ئیعلامی شۆڕشی خۆی لە ناو گەلە عەرەبەکاندا پتر پەرە پێ بدات بۆ ئەوەی کە ئامانجی شۆڕش و ڕاستی مەسەلەی گەلەکەمانیان بۆ ڕوون بێتەوە و بزانن کە لەگەڵ ئامانجی بزووتنەوەی عەرەبدا ڕێك دەکەوێت".

کۆنگرە کۆمەڵێکی تر بڕیار و ڕاسپاردەی هەبوون دەربارەی چارەسەرکردنی کاروبار و گیروگرفتی شۆڕش، وەك بڕیاردان لەسەر یارمەتیدانی مانگانەی بەردەوام و بەپێی توانا بۆ خێزانی پێشمەرگە و شەهیدەکان و لێقەوماوانی شەڕ.

لە کۆتاییدا، پارتیمان سوپاسی هەموو ئەو حزبە عێراقییانە و دۆست و برا و ڕێکخراوە

دیموکراتیانه دەکات کە هەستی پاك و دۆستانە و برایانەی خۆیان بەرامبەر بەم کۆنگرەیە دەربڕیوە چ بە ئامادەبوون و چ بە نامە و بروسکەناردن لە هەمان کاتیشدا داوا لە کۆمەڵانی گەلی کوردی ئازاد و هێزە چەکدارە شۆڕشگێڕەکەی دەکات پتر یەکتر بگرن لە ژێر ئاڵای شەکاوەی پارتی نەبەزماندا بەرەو پێش بچین بۆ سەندنی مافی ڕەوای گەلی کوردمان لە چوارچێوەی عێراقێکی ئازاد و دیموکراسی و پڕ لەخۆشیدا.

**کۆمیتەی ناوەندی**

**پارتی دیموکراتی کوردستان**

**١٩٦٦/١١/٢٥**

## سەرچاوە و پەراوێز

١ - مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٦١ ـ ١٩٧٥، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، (هەولێر ـ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ ٢٠٠٤ز)، ل ل ل ١٩١ - ٢١٥.

٢ - بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل ل ٢١٦ - ٢٣١.

٣ - پارتی دیموکراتی کوردستان، کومیتەی ناوەندی، بەیانی کوتایی هاتنی کونگرەی حەوتەمینی پارتی دیموکراتی کوردستان، ٢٥ تشرینی دووەمی ١٩٦٦ز، ل ١؛ صلاح الخرسان، التيارات السياسية في كردستان العراق، قراءة في ملفات الحركات و الأحزاب الكردية في العراق ١٩٤٦-٢٠٠١، (بيروت – مطبعة البلاغ – ٢٠٠١م)، ص ١٤٨.

٤ - شيركو فتح الله عمر، الحزب الديمقراطي الكوردستاني و حركة التحرر القومي الكوردية في العراق ١٩٤٦ ـ ١٩٧٥، (السليمانية ـ وزارة الثقافة في حكومة اقليم كوردستان ـ مطبعة رون ـ ٢٠٠٤م)، ص ١٩٤؛ الحزب الديمقراطي الكردستاني، المكتب السياسي، التقرير السياسي الى المؤتمر السابع للحزب الديمقراطي الكردستاني، ١٩٦٦م، ص ص ١ ـ ١٤.

٥ - مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٢.

٦ - حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني ـ العراق (في محطات رئيسية) ١٩٤٦ ـ ١٩٩٣، (دهوك ـ مطبعة خەبات ـ ١٩٩٨م)، ص ص ١٠٩، ١١٠.

٧ - المصدر نفسه، ص ١١٠.

٨ - تنويه، جريدة خەبات، لسان حال الحزب الديمقراطي الكوردستاني، العدد ٦٧١، أربيل، الأربعاء، ١٤ نيسان ١٩٩٣م، ص ٧.

٩ - حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص ١١٠.

١٠ - المنهاج والنظام الداخلي للحزب الديموقراطي الكردستاني وتعديلاته، أقره المؤتمر السابع للحزب سنة ١٩٦٦، (بدون مكان ـ مطبعة خبات ـ ١٩٦٦م)، ص ٢٣؛ حامید گەوهەری، ئیدریس بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین، (هەولێر ـ چاپخانەی شەهاب ـ ٢٠١٤ز)، ل ١٤٦.

١١ - صلاح الخرسان، المصدر السابق، ص ١٤٩.

١٢ - مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٤.

*- ئەم دەقە لە لایەن دەستەی ئینسکلۆپیدیا، لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی.

# کۆنفرانسی سەربازی کانی سماق

# نیسانی ١٩٦٧

دوای کۆتایی هاتنی کۆنگرەی حەوتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرکردایەتی شۆڕش بۆ پتەوکردنی پایەکانی خۆی لە ڕووی حزبایەتی و سەربازییەوە، سوودی لە ئارامی بارودۆخی پاش ڕێککەوتن لەگەڵ حکوومەت بینی و لەو ماوەیەدا، توانی ژمارەیەکی زۆر خولی سەربازی لە بوارەکانی تۆپخانە و ئەندازیاری سەربازی بۆ پێشمەرگەکان بکاتەوە، وانەی چۆنیەتی بەکارهێنانی چەکیش بە بەشداربووان بدات. دواتر بەباش زانرا کۆبوونەوەیەکی سەربازیی بە ئامادەبوونی فەرماندەی هێز و بەتالیۆنەکان ئەنجام بدرێت[١].

دوای ئامادەکارییەکان، کۆنفرانس لە ڕێکەوتی ١٥ی نیسانی ١٩٦٧، لە کانی سماق، لە سنووری گوندی ڕێزانۆکی سەر بە پارێزگای هەولێر، لە بارەگای مەکتەبی تەنفیزیی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستانی عێراق ساز درا. بەشدارانی کۆنفرانس لە ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرکردەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستانی عێراق، کادیرانی پێشکەوتووی پارتی و فەرماندەکان پێک هاتبوون[٢].

کۆنفراس بە پێشکەشکردنی وتارێک لە لایەن سەرۆک مستەفا بارزانییەوە کرایەوە کە تێیدا باسی لە گرنگیدان بە ڕێکخستنی پارتایەتی لە نێو ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا کرد. دواتر نوری شاوەیس وەك نوێنەری مەکتەبی تەنفیزی و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان وتارێکی پێشکەش کرد[٣]. هەروەها خراپەکاری جاشەکان بە پشتگیری هەواڵگری سوپای عێراق و دواتر ڕێکخستنەوەی سەرلەنوێی پێشمەرگە وەك ئەرکێکی شۆڕشگێڕی خرایە بەرباس و چەندین بڕیاری گرنگ بۆ بەڕێوەبردنی ناوچە ئازادکراوەکان و پارتی و هێزی پێشمەرگە دەرکران[٤]. دەستوورێکیش دانرا، بۆئەوەی هێزەکان لەبەر ڕووناکی ئەو دەستوورە بجوڵێنەوە[٥].

## سەرچاوە و پەراوێز

١ - مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٦١ ـ ١٩٧٥، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، (هەولێر ـ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ ٢٠٠٤ز)، ل ٢٣٧.

٢ - محەمەد مەلا قادر، خەباتنامە کورتە مێژووی پارتی و کولتووری بارزانی نەمر، چاپی دووەم، (هەولێر ـ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ـ ٢٠٠٧ز)، ل ل ١٨، ١٩.

٣ - وتاری سەروك بارزانی لە کونفرانسی ئەفسەرانی پێشمەرگە و کاربەدەستانی پارتی دا، (بێ شوێن ـ چاپخانەی خەبات ـ ١٩٦٧ز)، ل ل ٢ ـ ٦، ١١ ـ ١٣، ١٦.

٤ - محەمەد مەلا قادر، سەرچاوەی پێشو، ل ١٩.

٥ -مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشو، ل ٢٣٧.

# کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان

## تەمووزی ١٩٧٠

لە ماوەی نێوان کۆنگرەی حەوت و هەشتی پارتی دیموکراتی کوردستاندا ڕووداوگەلی زۆر ڕوویاندا، لەوانە دانانی کۆسپ و تەگەرە لە بەردەم ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ لە لایەن ئەفسەرانی دەسەڵات، ئەم ئەفسەرانە، گرووپی مەکتەبی سیاسی پێشووی پارتی کە لە بەغدا نیشتەجێ ببوون لە دژی شۆڕش بەکارهێنا، ئەمەش بە پڕچەککردنی شوێنکەوتووانیان و دروستکردنی ناوەند و بارەگا بۆیان لە بەشێك لەو ناوچانەی هێزی پێشمەرگەی شۆڕشی لێ بوون[١]، هەروەها لابردنی عەبدەلڕەحمان بەزاز لە سەرۆکایەتی وەزیران و ڕاسپاردنی تاهیر یەحیا. سەرۆك وەزیرانی نوێ لە کۆتایی مانگی ئابی ١٩٦٧ بە وەفدێکی حکوومییەوە سەردانی سەرۆك مستەفا بارزانی کرد و لە بارەی جێبەجێکردنی بەیانی ٢٩ی حوزەیران و چەککردنی جاشەکان، بەتایبەت شوێنکەوتووانی گرووپی مەکتەبی سیاسی کۆن، گفتی زۆری بە سەرۆك بارزانی دا[٢].

دوای ماوەیەك دەرکەوت حکوومەت نیازی چەککردنی جاشەکانی نییە و بە پێچەوانەوە، لەلایەن ئەفسەرانی دەسەڵات و تەنانەت بەبێ ویستی سەرۆك وەزیران، پاڵپشتی زیاتر دەکرێن، ئەوەبوو شەڕ لە نێوان جاش و پێشمەرگە هەڵگیرسایەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لە سەرەتای ١٩٦٨ ساردی بکەوێتە نێوان پەیوەندییەکانی سەرکردایەتی شۆڕش و حکوومەت و دواتر هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە ١٥ی نیسانی ١٩٦٨[٣].

لە ڕێکەوتی ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ حزبی بەعس، کودەتای بەسەر دەسەڵاتدا کردەوە و ئەحمەد حەسەن بەکر بووە سەرۆك کۆمار[٤]، ڕژێم شەڕی ڕاستەوخۆی لەگەڵ کورددا کەم کردەوە و کەوتە زیاتر هاندان و پڕچەککردنی جاشەکان لە دژی شۆڕش، ئەوەبوو شەڕی جاشەکان پەرەی سەند. جاشەکانی حکوومەت پاش چەندین شەڕ و پێکدادان، سەرەنجام لە ڕێکەوتی ١٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨ بە تەواوەتی شکان و پەنایان بردە بەر مۆڵگەکانی حکوومەت لە کەرکووك[٥].

دوای شکستەکان، لە مانگی ئەیلوولی ١٩٦٩ حکوومەت دەستپێشخەری کرد بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕش و وەفدی خۆی نارده ناوپردان، ئەوەبوو دوای چەندین کۆبوونەوە لە بەغدا و ناوپردان، سەرەنجام دوای سەردانی سەدام حسێن جێگری سەرۆك کۆماری عێراق بۆ ناوپردان و بینینی سەرۆك مستەفا بارزانی لە ڕێکەوتی ١١ی

ئاداری ۱۹۷۰، ڕێککەوتننامەیەك لە نێوان حکومەتی بەعسی عێراقی و سەرکردایەتی شۆڕش واژووکرا و ئەنجامەکەی داننانبوو بەوەی کورد شۆڕشی لە پێناویدا دەست پێکردبوو، کە بریتی بوو لە دانانان بە مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە باشووری کوردستان[٦].

لە دوای ڕێکەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ۱۹۷۰ی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول بە ڕێبەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی کە نوێنەرایەتی حکوومەتی عێراقی دەکرد، لە هەلومەرجێکی مێژوویی ئەرێنیدا، کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕێکەوتی ۱ تا ٦ی تەموزی ۱۹۷۰، لە گوندی ناوپردان، بە ئامادەبوونی ٤٨٨ نوێنەر بەسترا. لەبەر کەشی لەبار و ئارام، ئەم کۆنگرەیە بە سێیەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان دادەنرێت کە بە ئاشکرا ساز دراوە[٧]. چەندین وەفدیش لە حزبە جیاجیاکانی عێراق تێیدا بەشداربوون، لەوانە: وەفدی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی، وەفدی حزبی شیوعی وەتەنی دیموکراتی، وەفدی بزووتنەوەی ئیشتیراکی عەرەبی، وەفدی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینی، وەفدی حزبە کوردییەکانی وڵاتانی دەوروبەر، وەفدی حزبی دیموکراتی کوردی لە لوبنان، وەفدی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکان و لە کەسایەتییەکانیش کامەران بەدرخان ئامادەی کۆنگرە بوو[٨].

کۆنگرە بە وتارێکی سەرۆك مستەفا بارزانی دەستپێکرا[٩]، دواتر ڕاپۆرتی ڕامیاری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەن حەبیب محەمەد کەریم، سکرتێری پارتییەوە بە زمانی عەرەبی خوێندرایەوە. پاشان کۆمیتەی ناوەندی لە کۆتایی کۆنگرەی هەشتەم و لە ڕێکەوتی ۱۰ی تەموزی ۱۹۷۰دا، بە دەرچواندنی بەیاننامەی کۆتایی بۆ ڕاگەیاندن و نوێنەرانی، کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا[١٠].

پەیکەری پارتی دیموکراتی کوردستان، بە پشتبەستن بە پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی هەشتەم، بەمشێوەیەی خوارەوە بوو: شانە، لێژنەی ڕێکخراو، لێژنەی ناوخۆ، لێژنەی لق، کۆمیتەی ناوەندی، مەکتەبی سیاسی، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی، سەرۆك. هەروەها دەستەی ناوەندیی پشکنین لە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی و دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پێکهات[١١].

لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ پەسند کرا و سەرۆك مستەفا بارزانی بە کۆی دەنگ بە سەرۆکی حزب هەڵبژێردایەوە و کۆمیتەی ناوەندی نوێ بۆ پارتی هەڵبژێردرا کە بریتیبوون لە:

١ - حەبیب محەمەد کەریم، سکرتێر
٢ - دکتۆر مەحمود عوسمان
٣ - ئیدریس بارزانی
٤ - مەسعود بارزانی
٥ - ساڵح یوسفی
٦ - عەلی عەبدوڵا
٧ - نوری شاوەیس
٨ - سامی عەبدولڕەحمان
٩ -هاشم حەسەن ئاکرەیی
١٠ - ئیسماعیل مەلا عەزیز
١١ - موقەدەم عەزیز ئاکرەیی
١٢ - فاخیر مێرگەسۆری
١٣ - فارس باوە
١٤ - ڕەشید سندی
١٥ - شەکیب ئاکرەیی
١٦ - عەبدولوەهاب ئەتروشی
١٧ - عەلی قاسم شنگالی
١٨ - دارا تۆفیق
١٩ - عەبدول قەرەنی
٢٠ - سدیق ئەفەندی
٢١ - زەکیە ئیسماعیل حەقی

ئەندامانی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی:

١ - ڕەشید عارف عەبدولڕەحمان
٢ - عەلی هەژار
٣ - نەعمان عیسا
٤ - شێخ ڕەزا گوڵانی
٥ - جەرجیس فەتحوڵا شەماس
٦ - محەمەد مەلا قادر

٧ - شەعبان سەعید محەمەد

٨ - حەمید بەرواری

٩ - قادر جەباری[١٢].

مەکتەبی سیاسیش لەم هەڤاڵانەی خوارەوە پێکهات:

١ - حەبیب محەمەد کەریم، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی

٢ - دکتۆر مەحمود عوسمان، بەرپرسی لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە

٣ - عەزیز عەقراوی

٤ - سامی عەبدولڕەحمان

٥ - ساڵح یوسفی، بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستنی جەماوەری

٦ - عەلی عەبدوڵا

٧ - نوری سدیق شاوەیس[١٣].

هەر لەو ماوەیەدا گرووپی مەکتەبی سیاسی کۆن، کە هێشتا بە ناوی پارتییەوە کاریان دەکرد کۆنگرەی حەوتەمی خۆیان لە بەغدا بەست، لە کۆنگرەدا باسی خۆهەڵوەشاندنەوە و هاتنەوە ڕیزی پارتییان هێنایە گۆڕێ، ئەوەبوو بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری خۆهەڵوەشاندنەوەیان دا[١٤]. دواتر لە ڕێگەی لقی چواری پارتییەوە پەیوەندییان بە مەسعود بارزانییەوە کرد و داوایان لێکرد داواکارییەکەیان بگەیەنێتە سەرۆك مستەفا بارزانی، دوای ئەوەی سەرۆك بارزانی لە ویستی ئەوان ئاگادار کرایەوە، ئەویش بڕیاری لێبووردنی بۆ دەرکردن و جەلال تاڵەبانی ٧ی ئابی ١٩٧٠ هاتە حاجی ئۆمەران و لەوێ سەرۆك بارزانی چاوی پێیکەوت، دواتر پاش چەند کۆبوونەوەیەك، لە ڕێکەوتی ١ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ بەکۆی دەنگ بڕیاری لێبووردنی گشتییان بۆ دەرکرا و گەڕانەوە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان[١٥].

## وتاری سەرۆك مستەفا بارزانی

گەلی هەڤاڵان، خوشکو برادەرێت خۆشتڤی...

سلاڤێت ڤەژاندی و برایەتی ژ من قەبووڵ کەن (بکن) هیڤیا من ئەوە کو هـن بـن یـەك دل و دەست، داکو یەکبوون و تفاقا وە بکـەڤیت د خزمـەتا مللـەتێ کـورد. گەلـەك پێتڤـی و گەرەکە ئەڤ کۆنگرا مە یا مێژوویی، بکەڤیت ژێر خزمەتا هەمی خەلکێ عێراقێ. ب تایبەتی مللەتێ کورد.

ئەڤ وەختا ئەم تێدا یا گەلەك نازکە، جا ژ مە دڤێتن ئەم ل زتـی یـەکودوو نـەبن، خـۆ د شەڕێ خۆ ب خۆدا مژول و خەریك نەکن، ئا باش ئەوە کو ئەم دلێت خـۆ ژ کـەرب و کینـان پاك بکن، ئو خۆ ژ یەکودوو نیزیك کن، یەکبوونك پات و مکوم پایـدار بکـن، ئـەڤ یـەکبوونا دبیت هێز و قوەتا مللەتێ مەئێ کورد، ب ڤێ ڕەنگی ئەم دشین پیلانگێت دژمنان بشکینن و پوچ بکن، ئو چارە ل گرفتارێت خۆ بکن، ئو دەردێت خۆ دەرمان کن.

گەلێ هەڤال و برادەران

وەختا بەرێ، مە شەڕێ یەکودوو دکر، چنکێ ئەو جهێت شوری و ژاری ژێ دەردکەڤت ژ مەڤە دیار و ئاشکەرە بوو. جا نوکا شەڕەکی تر ل سەر مەیە دا کـو مـە ژ سـەر ڕێکـا خزمـەتا مللەتێ مە تێك بدن وەك ژێکڤەبوون و جدابوونێ ب ئیخێت ناڤ ڕێـزا مـە ئـو شاشـبوون و خۆپاندنێ (خاپاندن) ل مە بێتە کـرن، ب ڕێکـا، هنـدەك پـارە و تایـان و شـەهەواتا و هنـدە پیلیت پیس. جا وەك ڤا زەرف و نیرێ ها، دڤیت ئەم هەمی هشیار بن و چاڤێت خـۆ ڤـەکن، کو ئەم ڕێك و مەجالێ نەدن دژمن و نەیارێت مللەتێ خۆ، زەرفـێ ئـەڤرۆ نـەچار دکیـت کـو ئەم، خۆ دوور کن ژ ئەنانیەت و خۆپەرستی، ئەم بکەڤن ڕێگا سەرفرازی و بەختیارییا مللەتێ کورد. "باوەرییا من ئەوە کو، داخواز و ڤیانا مللەتێ خۆ ب جهبینم ئو ژ بوونا قەوم و نەتـەوا خۆیا کورد، خۆ بکم قوربان و هـەمی ژیهـاتن و دەرفـەتێت خـۆ د خزمـەت و تـەرخانا ڕێکـا پێشکەڤتنا مللەتێ خۆ کم.

گەلێ مللەتێ کورد

نوکا دەم و وەختا شول و کارانە، وەختا ئاڤاکرنا کوردستانێ و سنعەت دانینیـە، و چێکرنـا هونەرییە. ب ڤێ هندێ ئەم دشین خزمەتا مللەتێ خۆ بکن، ئو ژیانێ ل ولاتێ خـۆدا خـۆش بکن ... دڤێ کۆنگریس و جڤاتا مـەدا، دیسـا ئـەز تکـرار دکـم کـو، دلڕەشـی و کـین و کـەربا

کەسایەتی د ناڤبەرا خۆدا نەهێلن یەکبوونا خۆ ئەم مکوم بکن و ڕێزا خـۆ پـاك و پیـك بکـن. ئەم خۆ بزانن کو هـەمی برایێـت یـەکن چ فـەرق و جـودا د ناڤبـەرا مـە نینـە، ئـەم برایێـت دلسۆزن، ژ بوونا مللەت و نەتەوا کورد. مەسلەحەت و بەرژەوەنـدا مللـەت و قـەومێ مـە، ژ مە دڤێتن ئەم دەستێت خۆ بدن یەکودوو، ئو بەر ناڤ و زەمیـرێ خـۆ ڕازی بکـن، چنکـی ب یەك دلی و دەستییا مە، مللەتێ کورد پێ سەرفراز و سەربەست دبت.

هەروەسا دڤێت ئەلەفەت و پەیوەندیێت مە د گەل خەلکی پاك بن دا کو ئیت خەلکی ژی دگەل مە پاك بن. مەرەم ئەم چاوا د گەل خـەلکی بـن هـەر دڤیـت خـەلکی ژی وەرگـی دگەل مە بیت.

گەلی هەڤال و برادەران

حەتا ژ وەبت هشیار بن نەهێلن فەرق و جودایی بکەڤیت ناڤ مە، ئەم هەمی کوڕێـت ڤی مللەتینە، نابیت ئەم بێژن ئەڤە ژ زاخۆیە ئو ئێدی ژ کۆیسنجەقە، یـان فـلان ژ سـلێمانییە ئو بێڤان ژ هەولێرییە. مادام ئەم خۆ کورد دزانن ئو کوڕێـت ڤـی مللەتینـە چ حـەوجی نینـە ئەم تەفریقەت و ژێکڤەبوونێ بێخین ناڤبەرا خۆ. دڤێت ئەم جهێ تەفریقەت و ژێکڤەبوونێ نەهێلن و مەجالێ نەدن دژمن و نەیارێت خـۆ کـو ب پیلانێـت خـۆ سـەرکەڤن. چنکـی ئـەم هەمی ڕێکەڤتینـە لەسـەر یـەك بـاوەری و ڕێـز و ئارمـانجێ، ئـەوژی ئاڤاکرنـا کوردسـتانێیە و سەرفەرازی و ئازادییا هەمی مللەتێ عێراقێیە، ب کورد و عەرەب و هەمی خەلکێ تر.

# دەقی ڕاپۆرتی سیاسیی کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان

**جەنابی سەرۆك مستەفا بارزانی بەڕێز:**

**میوانە بەڕێزەکان:**

**تێکۆشەرە خۆشەویستەکان، ئەندامانی "کۆنگرەی هەشتەم":**

زۆر پێخۆشحاڵین بە بۆنەی کۆبوونەوەتانەوە لەم شوێنەدا بەخێرهاتنێکی گەرمتان لێ بکەین، لەگەڵ هیوای سەرکەوتنی هەموو لایەکماندا لەو ڕەنجەماندا کە دەیدەین بۆ خزمەتکردنی پارتی و گەلەکەمان، زۆرمان لا گرانە ئەمڕۆ لێرەدا ئەو هەڤاڵە قارەمانانەمان نابینین کە لە مەیدانی خەبات و سەربەرزیدا سەریان دانا، قوربانیدان و لەخۆبووردنی ئەو هەڤاڵانە سەرچاوەی ئیلهامە بۆمان و ئێمە لە گیانی پاکی ئەوانەوە دەرسی بۆپێشەوەچوون و خۆڕاگرتن و لەخۆبووردن وەردەگرین.خوێنی پاکی ئەو هەڤاڵانە بوو کە ڕێگای سەرکەوتنە مەزنەکەی ڕۆژی (١١)ی مارس[ی] بۆ ڕوون کردینەوە و هۆیەکانی بەستنی ئەم کۆنگرەیەی فەراهەم هێنا و ئەم کۆبوونەوەیەی سەرکەوتن و ئاشتی و یەکێتی نیشتمانییەی هێنایە دی.

بەیانی (١١)ی مارس، دەسکەوتێکی گەورەی خستە دەستی نەتەوەکەمان چونکە ئەو بەیانە بوو دانی نا بە مافی ئۆتۆنۆمیدا بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا. سەرکەوتنێکی گەورەش بوو بۆ گەلی عێراق بە کورد و عەرەب و کەمایەتییە دۆستەکانییەوە و بەرهەمی قوربانیدان و یەکێتی خەباتی تێکڕایی هەموویان بوو لە دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی. هەروەها سەرکەوتنیش بوو بۆ پارتییەکەمان، پارتی دیموکراتی کوردستان و بۆ پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب و بۆ هەموو ئەو حزب و هێزە پێشکەوتنخوازانەی کە تێکۆشاون بۆ چارەکردنی مەسەلەی کورد بە شێوەیەکی دیموکراتی و ئاشتیپەروەری و تێکشکانێکی نابار بوو بۆ هەموو هەڵوێست و سیاسەتێکی شۆڤێنی و کۆنەپەرستی و بۆ ئەو جەنگی ڕەگەزپەرەستییەی کە بە درێژایی ساڵانی ناخۆشی شەڕ یەخەی میللەتەکەمانی گرتبوو.

**برایان:**

پتر لە سێ ساڵ و نیو بەسەر "کۆنگرەی حەوتەم"ی پارتییەکەماندا تێپەڕیوە، لە ماوەی ئەم

سێ ساڵ و نیوەدا ڕووداوی گرنگ بەسەر میللەتی کورد و بەسەر عێراق و وڵاتانی عەرەب و تێکڕای باری ناودەوڵەتان[دا] هاتووە.

ئەو حکوومەتانەی عێراق کە لە پاش ڕێکەوتنەکەی ٢٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ەوە، حوکمیان گرتووەتە دەست، تێکڕا سیاسەتێکی دژی دیموکراتییەتیان گرتووەتەبەر لە ئاستی میللەتی عێراقدا و سیاسەتێکی ناحەز بە میللەتی کورد و مافە نەتەوەیییەکانی ئەم میللەتەیان جێبەجێکردووە. وە نەبێ ئەوەش شتێکی سەیر بێ چونکە ئەو حکوومەتەی بوێرێ سەربەستی و ئازادی تێکڕای گەلی عێراق پێشێل بکا، دیارە هیچ سڵ ناکاتەوە لەوە کە بەرابەر بە نەتەوەی کوردیش سیاسەتی چەوساندنەوەی نەتەوەیی بگرێتە بەر، چونکە پەیوەندییەکی لێکئاڵاو هەیە لە نێوان دیموکراتیەت و مەسەلەی نەتەوەییدا، ئەو حکوومەتانە بە درێژایی ماوەی حوکمڕانییان، [ئەوە] نەبێ تەنها نەیانتوانیبێ چارەیەکی ڕاست بۆ یەکێك لە گیروگرفتەکانی گەل بدۆزنەوە، بەڵکو کەم تا بێش ئەو گیروگرفتانەیان زیاتر و ئاڵۆزتر کردووە، چونکە فریان بە سەر گەل و هێزە نیشتمانپەروەرەکانییەوە نەبووە و بەهۆی ئەوەشەوە زۆر لات و لاواز و بێکارە بوون و نەیانتوانیوە دەست بۆ چارەکردنی هیچ گیروگرفتێکی گەل درێژ بکەن و داوا و خواستە بەجێکانی کۆمەڵانی گەل بەجێ بێنن.

ئەگەر تەماشای مەسەلەی حوکمڕانی و ئازادییە دیموکراتییەکان و گرتنەبەری ڕێگای دواییهێنانی باری نائاسایی و دامەزراندنی ژیانی دەستووری دەکەین، دەبینین لەو بارەوە بە تەواوی لەژێرەوە بوون و سەرە دەزوویەکیان پێ هەڵنەگیراوە. خۆ لە بارەی ڕاستکردنەوەی باری ئابووری و چارەکردنی گرانی و بێکاریشەوە ئەوەتە هێشتا خەڵك و بە تایبەتی فەقیر و هەژار گرفتاری دەردی بێکاری و گرانین و لەگەڵ ئەوەشدا کە جەنگ لەبەینی تیمە و ئەو حکوومەتانەدا بە شێوەیەکی ڕەسمی وەستابوو، بەڵام لەملاولەولا شەڕ هەر ڕووی دەدا و هەمیشە تەق و تۆق هەر هەبوو.

ڕەوشتی ئەو حکوومەتانە وابوو هەمیشە لە بارەی مەسەلەی کوردەوە سیاسەتی پشتگوێخستن و ئەمڕۆ و سبەیکردن بگرنەبەر و بەندەکانی ڕێکەوتنەکەی حوزەیران جێبەجێ نەکەن و هەر هەوڵی ئەوەیان دەدا لە ڕێگەی بەرتیل و فروفێڵ و نۆکەرکڕینەوە کنەمان تێ بکەن و لە ناوەوە کرمێمان بکەن، پارە و پووڵێکی بێشوماریان هەڵ دەڕشت بۆ جاش و کرێگرتە و چڵکاوخۆرەکانیان و چەکیان دەدانە دەست و دەییان لێ ئەکردن بۆ ئەوەی لە هەر لایەکەوە بۆیان بکرێ قەڵاچۆ بخەنە نەتەوەکەمان و هێرش بەرنە سەر بنکەکانی پێشمەرگە و بۆ ئەم مەبەستە چەپەڵەیان پشت بە هێزەکانی میری ببەستن.

دەسـەڵاتێكی تەواویشـیان دابـوونێ تـا لـە نـاو شـارەكاندا ڕۆڵـە دڵسـۆزەكانی گەلەكـەمان تەفروتوونا بكەن و بیـانكوژن، ئێمـە لـەو بـاوەڕەداین ئـەو حكوومەتانـە بۆیـە وایـان دەكـرد چونكە كۆنەپەرست و شۆڤێنی بوون و نەیاندەتوانی بـە باشـی لـە مەسـەلەی كـورد بگـەن و دڵیان پاك و بیروباوەڕیان خاوێن نەبوو. پـارتی و دەزگـا سـەركردەییبیە تایبەتییـەكانی شـۆڕش هەموو جارێ ئەو حكوومەتانەیان ئاگادار دەكـردەوە لـە ئـەنجامی ئـەو سیاسـەتە چـەوت و چەویڵە و بۆیان ڕوون دەكردنەوە كە لە پاشا چی لێ دەوەشێتەوە و بۆ ئەم مەبەسـتە چەنـد یادداشتیان دانێ و چەند گفتوگۆیـان لەگـەڵ كاربەدەسـت و لێپرسراوەكانیـان كـرد. ئێمـە بـە درێژایی ئەو ماوەیە دانمان گرت بە خۆماندا و خۆمان ڕاگرت و دەمانویست لەوەی كە ڕژاوە زیاتر خوێن نەڕژێ و ڕۆڵەكانی گەلی عێراقمان لەوە پتر دەرد و مەینەتیان تووش نەبێ. ئێمـە ئاگامان لەوە بوو كە عێراق و نەتەوەی عەرەب پاش جەنگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧ تووشـی چ كارەساتێكی سامناك بوون، لە بەر ئەوە ئەو وەزعەمان پشتگوێ نەدەخست.

ئەم سیاسەتی دوژمنایەتیكردنە لەگـەڵ گـەلی كـورد، لـە نیـوەی دووهـەمی سـاڵی ڕابـردوودا گەیشتە چڵەپۆپەی و گەلی كورد و هێزی چەكداری شۆڕشگێڕمان ناچار بوون لە ئاسـتی ئـەو وەزعەدا، مافی دروست و بە جێـی خۆیـان بـە كـار بێـنن و دەسـت بكەنـەوە بـۆ پارێزگـاری خۆیان. لە ناو كۆڕی ئـەو ڕووداوە دڵگیرانەشـدا، پـارتیمان دەسـتبەرداری هەڵوێسـتی ڕاسـتی خۆی نەبوو سـەبارەت بـە مەسـەلەی كـورد و هـەر لـەو بـاوەڕەدا بـوو كـە تـا بكـرێ دەبـێ مەسەلەی كورد لە ڕێگای ئاشتییەوە چارە بكرێ و بۆ ئەوەی دووپاتی بكەینەوە كـە سـوورین لەسەر ئەم هەڵوێستە و دەستبەرداری نابین و بۆ بەدرۆخستنەوەی ساختە و بوختـانی هـاش و هووشكەران و لە پێناوی ئیشكردندا بۆ پتەوكردنی مەیدانی ناوخۆ، وەستان شان بـە شـانی هەموو دڵسۆزان لە خەباتدا بۆ پووچەڵكردنی پیلانەكانی ئیمپریالیزم و نۆكەر و لایەنگرەكانی لە عێراقدا، بارزانی لە ناوەڕاستی سـاڵی ڕابـردوودا لـە یادداشـتە بەناوبانگەكـەی خۆیـدا، بـە هەموو پارتی و دەستە و هێز و پیاوە ناودارە نیشـتمانپەروەرەكان پێشـنیاری كـرد، تیایـدا كـە مەسەلەی كورد بخرێتە بەردەم كۆنگرەیەكی نیشتمانییەوە كە نوێنەرانی هەموو ئەو پارتییانە و ئەو دەستە و تاقمانەی تیا بەشدار بـن و نوێنـەری میـرییش بەشـداری تیـا بكـا بـۆ ئـەوەی پێكەوە ئیش بكەین بۆ ڕزگاركردنی عێراق لەو حاڵەتە ناخۆشەی كە ئەو كاتـە تیـای بـوو، بـۆ ئـەوەی چارەیـەكی ڕاسـت بـۆ ئـەم مەسـەلەیە بدۆزینـەوە كـە لەگـەڵ سـوود و قازانجـە بنچینەیییەكانی تێكڕای گەلی عێراقدا بگونجێ، بەڵام داواكەمان لەو كاتـەدا نـەچوو بـە گـوێ ئەوانەدا كە سەرە دەزووی مەسەلەكەیان بە دەست بوو.

پاش چەند مانگی تر لـە شـەڕ و کێشـە و خوێنڕشـتن، دەرکـەوت بـۆ هـەموو لایـەك و کـەس گومانی نەما لەوەدا کە مەسەلەی کورد هەرگیز لە ڕێگـای بـەکارهێنانی زۆر و هێـزەوە چـارە ناکرێ و ئیسبات بوو کە وا تاقە ڕێگایەك بـۆ چـارەکردنی مەسـەلەی نەتـەوەیی لـە وڵاتێکـی فرەنەتـەوەی وەك عێراقـدا، لـەم چـەرخی ڕاپـەڕینی نەتەوەیییـەدا، تـەنها ڕێگـای ئاشـتی و دیموکراسییە، خۆڕاگرتن و دانبـەخۆداگرتنی نەتـەوەی کـورد لـە ئاسـتی ئـەو هـەموو دەرد و مەینەتـەدا کـە بـە سـەریان هـات و بڵاوبوونـەوەی بیـری پێشـکەوتنخوازی بـە عێراقـدا و یەککەوتنی ئارەزووی پارتی بەعسـی لەگـەڵ ئـارەزووی هەمیشـەیی ئێمـەدا بـۆ چـارەکردنی مەسەلەکە بە ئاشتی، هەموو ئەم هۆیانە بوون بە مایەی ئەوە کە لە (١١)ی مارسـدا، بـەیانی ئاشتی دەربچێ و ڕادەیـەك دابـنرێ بـۆ خـۆینڕژان و وێرانبـوونی ئـابووری گـەلی عێـراق کـە ساڵەهای ساڵ بـوو بـەردەوام بـوو. بـەیانی ئاشـتی بنچینەیـەکی ڕاسـت و دروسـتی دانـا بـۆ پەیوەندی برایانەی هەر دوو نەتەوەی کورد و عەرەب لە عێراقـدا، پـاش ئـەوەی کـە سـاڵانی جەنگ ئەو هەموو زەرەر و زیانـەیان پـێ گەیانـدن. ئێمـە لەمـەو پاشـیش هـەموو هـەوڵ و تەقەلایەکی خۆمان تەرخان دەکەین بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەیانە بە ناوك و توێکڵیەوە.

بۆ ئەوەی بە یەکجاری پەردە دابدرێتەوە بەسەر کارەساتی ساڵانی ڕابردوودا، بێگومـان پـارتی بەعسی و حکوومەتی نیشتمانپەروەریش لەم ئـارەزووەدا لەگـەڵمانن. نەتـەوەی عـەرەب لـە دەستدرێژییەکەی ساڵی ١٩٦٧دا، کۆستێکی گەورەی کەوت کە دیارە هەمووتان لە کاتی خۆیا پێیتان زانیوە، برا عەرەبەکانمان تا ئێستا چەند جـار لـە هۆیـەکانی ئـەو ڕووداوە ناخۆشـە ورد بوونەتەوە و ئەوەندەی کە پێویست بێ لێی دواون و ئێمە بـە پێویسـتی نـازانین سـەرلەنوێ بگەڕێینەوە سەری. نەتەوەی عەرەب لەو ڕۆژەوە کە پاش ئـەو کارەسـاتە هۆشـی هاتوەتـەوە بە خۆیدا و تا ئێستا گەلێ دەرس و ئامۆژگاری و پەندی لێ وەرگرتووە و شارەزای گەلێك لـەو هۆیانە بووە کە ئەو کسپەیان لە جگەری هەستاند.

بەیانی ئاشتی، بەشدارییەکی گەورەی کرد لە خڕکردنەوەی توانای سوپایی و ئابووری عێراقـدا و توانای گەلی کوردیشی خستە جێگای ڕاست و لەجێی خۆی، واتە خسـتییە پـاڵ توانـای بـرا عەرەبەکانی عێراقمان، بۆ ئەوەی وڵاتەکەی ئێمەیش دەوری کاریگەری خۆی ببینێ لە شـەڕی نێوان نەتـەوەی عـەرەب و دوژمنەکانیـدا و خـەباتی هـەموو لایـەکی یەکخسـت لـە پێنـاوی سەندنەوەی مافی عەرەبی فەڵەستین و ڕزگارکردنی پارچەکانی تری وڵاتی عەرەبدا کە هێشتا لە ژێر باری جەور و ستەم و چەوساندنەوەی ئیمپریالیستیدا، دەناڵێنن.

سەرچاوەی بیری ئێمە لەم بارەیەوە ئەوەیە کە بەشێکین لە گەلی عێراق و هاوبەشی خۆشـی

و ناخۆشی ئەم گەلەین و پەیوەندییەکی مێژوویی پتەو هەیە لە بەینی هەر دوو نەتەوەی عەرەب و کورددا. بە درێژایی مێژوو [بەهۆی]ئەم پەیوەندییە بووە [کە]پێکەوە تێکۆشاوین لە ڕووی دوژمندا. هەروەها سەرچاوەیەکی تری ئەم هەڵوێستەمان ئەوەیە کە ئێمە پارتییەکی دیموکراتی و پێشڕەو و شۆڕشگێڕین، هەمیشە پشتی هەموو جووڵانەوەیەکی ڕزگاریخوازیمان گرتووە، هی هەر گەلێك بووبێ و لە هەر کوێ ڕووی دابێ.

**برایانی تێکۆشەر:**

مرۆڤایەتی لەم چەرخەدا گەلێ هەنگاوی گرنگی ناوە بۆ پێشەوە لە مەیدانی پێشکەوتنی زانست و شارستانیەتی و لە مەیدانی فەزاشناسیدا، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا بەشێکی زۆر لە گەلانی جیهان گرفتاری دەرد و ئازاری کۆیلەیەتی و دواکەوتن و ڕەگەزپەرستین. بەردەوامی هێنانە بەرهەمی چەکی ئەتۆم لەلایەن هەر دوو ئۆردوگا گەورەکەی دەوڵەتانەوە، دڵنیایی لە وێرانبوونی جیهان ئەگەر بێت و جەنگ ڕوویدا لە نێوان ئەم دوو ئۆردوگایەدا، تا ڕادەیەکی دوور بووە بە هۆی سووکبوونی توندوتیژی ناکوکی نێوان ئەو دوو ئۆردوگایە. ئەنجامی ئەوەش ئەوەتە کە شەڕی سوپایی لەم چەرخەدا تەنها (وردە شەڕ)ە، کە نمونەی لە شەڕی ڤیتنام وکەمبۆدیا و لاوس وفەلەستین و وڵاتانی ترا دەبینین. ئێمە لە کاتێکا کە دەنگی هاوکاری و پشتیوانی خۆمان دەردەبڕین بۆ خەباتی ڕاست و بە جێی ئەم گەلانە لە پێناوی مافی سروشتکردیان کە ئازادی و دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانە بە دەستی خۆیان و لە کاتێکا کە بێزاری خۆمان دەردەبڕین لە ئیمپریالیزم و خۆتێهەڵقورتاندنی بێگانە لە کاروباری گەلان و لە هەموو جۆرێکی ڕەگەزپەرستی، لە هەمان کاتا دژی ئەم وردە شەڕەیش دەوەستین، چونکە بە هیچ جۆرێ ئاشتییان پێ مسۆگەر ناکرێ لە جیهاندا، بەڵکو لە وانەیە ببن بە هۆی تێوەگلانی دەوڵەتە گەورەکان لە جەنگێکی جیهانی، هەرچەندیش ئەو دەوڵەتانە سوور بن لەسەرخۆپاراستن لەو جەنگە. هەتا وەکو ئەگەر نەشهێڵن ئەم شەڕە وردانە ببن بە جەنگی جیهانی خۆ دیارە زۆربوونیان تەنها یەك ئەنجامی هەیە کە ڕوودانی جەنگی جیهانی و ئەو وێرانییە سامناکەیە کە بە هۆی ئەتۆمەوە پەیدا دەبێ.

ئێمە تێ دەکۆشین بۆ پاراستنی ئاسایشی جیهان و سووککردنی ناکۆکی نێوان دەوڵەتان و لەبەر ڕووناکی پەیمانی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێوە دەچین و بەپێی بیروباوەڕی پێکەوەژیانی بە ئاشتی دەجووڵێینەوە و دەمانەوێ گیروگرفتی نێوان دەوڵەتان لە ڕێگای گفتوگۆوە چارە بکرێ و چەکی ئەتۆم قەدەغە بکرێ و نەهێڵرێ کەس تاقی بکاتەوە و لەسەر سیاسەتی دوژمنایەتیکردن لەگەڵ ئیمپریالیزم دەڕۆین و دەمانەوێ پەیوەندیمان لەگەڵ

هەموو گەلانی جیهان بەهێز بکرێ بەپێی سوودی هەموو لایەکمان و لایەنی پشتگرتنی جوولانەوەی ڕزگاریبەخشی گەلان دەگرین کە تێ دەکۆشن بۆ سەربەخۆیی و مافی دیاریکردنی چارەنووسیان.

**تێکۆشەرە خۆشەویستەکان:**

ئەم باری تازەی ئاشتییە، سێ ئەرکی بنچینەیی لە پێشمانا داناوە. جێبەجێکردنی بەیانی (١١)ی مارس و مەسەلەی حوکمڕانی و بەرەی نیشتمانی پێشکەوتنخواز و چارەکردنی باری ئابووری. بەیانی (١١)ی مارس، چەپۆکێکی توند بوو درا بە سەر دوژمنانی چارەکردنی مەسەلەی کورددا لە ڕێگای ئاشتییەوە لە دەرەوە و ناو وڵات. ئەو لێشاوە بە گوژمەی گەل کە لەگەڵ دەرچوونی بەیانەکەدا پەیدا بوو، ناحەزان و دڵپیسانی لە جووڵە خست و مەودایەکی بۆ نەهێشتنەوە لووتی خۆیانی تێ ژەنن و لەوە زیاتریان پێ نەکرا کە واتەوات بڵاو بکەنەوە و گومان و دوودڵی پەیدا بکەن، بەڵام بەبێ هیچ ئەنجام و سوودێك. لەگەڵ ئەوەشا پێویستە لەسەرمان بە هیچ جۆری گاڵتە بە هێزی دوژمن نەکەین، چونکە هەموو جۆرە ڕەگەزێکیان تیایە و توانایەکی زۆریان هەیە بۆ وێرانکاری و شارەزاییەکی زۆریان هەیە لە فڕوفێڵ و ساختەچییەتیدا. وەرامی جەرگبڕی ئەم ڕەگەزە کینەلەدڵانە ئەوەتە هاوکاری نێوان پارتیمان و پارتی بەعسی و حکوومەتی نیشتمانپەروەر بەهێزتر بکرێ بۆ پەلەپەلکردن لە جێبەجێکردنی بەیانەکەی (١١)ی مارسدا، لەگەڵ ئەو هەموو ئەرکە لەئەستۆگیراوانەدا کە هەر دوولا گفتیان [بە یەکتر داوە و چەند لایەنێکی]گرنگی ئەم بەیانە جێبەجێ کراوە، ئێمە چاوەڕوانی ئەوەین ئەوەی تریشی بە هەموو توندوتیژییەك جێبەجێ بکرێ لە پێناوی پتەوکردنی یەکێتی نیشتمانی و دامەزراندنیا لەسەر بنچینەیەکی زۆر پتەو، بۆ ئەوەی ئاسایشێکی پایەداری نیشتمانی بۆ ئەم وڵاتە فەراهەم بکەین.

برایان:

لەسەرەتای ساڵانی چلەوە پارتییە نیشتمانپەروەرەکانی عێراق دروشمی بەرەی نیشتمانی یەکگرتوویان هەڵگرتووە و داوای دامەزراندنی دەکەن چونکە هۆیەکی سیاسی کاریگەرە بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکانی قۆناغی ئازادبوونی نیشتمانی و دیموکراتی و وەرگەڕانی کۆمەڵایەتی و بە هۆی ئەوەوە کە ئەو پارتییانە تێگەیشتوون لەوە کە عێراق بە چ وەزعێکدا تێپەڕیوە و وڵاتێکی وا کە تووشی چەند جۆرە گیروگرفت بووبێ و تەوژمی زۆری ناوخۆ و دەرەوەی بە سەرەوە بێ لە عۆدەی ئەو ئەرکانە نایەت ئەگەر هەموو هێزە نیشتمانپەروەرەکانی لەگەڵ جیاوازی بیروباوەڕی سیاسی و بنەچەی نەتەوەییشیان یەك نەگرن. ئەم پارتییانە هەموو

باوەڕیان بووە بەوە كە هیچ پارتییەك و هیچ تاقمێك بە تەنها خۆی ئەو ئەركانەی پێ جێبەجێ ناكرێ. كەچی لەگەڵ ئەوەش و لەگەڵ ئەوەشدا كە بە درێژایی ئەم ساڵانە هەر داوای بەرەی نیشتمانی كراوە، ئەو پارتییانەی نەیانتوانیوە بگەنە ئەوە كە بەرەیەكی ڕاستەقینە پێكەوە بنێن بۆ جێبەجێكردنی ئەركەكانی ئەم قۆناغە مێژووییە. ئەو سەرنەكەوتنەش دیارە هۆی ڕیشەداكوتاوی زۆری هەیە لە مێژووی تازەی عێراقدا كە گرنگتری ئەو هۆیانە نەبوونی حزبایەتییەكی بێگەردە لە زۆربەی ساڵانی حوكمی خۆماڵیدا بەهۆی نەبوونی ئازادییە دیموكراتییەكانەوە كە ئەوە بوو زۆر لە پارتییەكان ناچار دەبوون بە نهێنی ئیش بكەن و هەڵسوڕێن و، نەبوونی ژیانی دەستوورییە كە مەیدانی هەموو بیروباوەڕ و ڕیبازێك بدا بە ئاشكرا سەرنجی سیاسی خۆیان دەرببڕن و لەو ڕێگایەوە بەشداری بكەن لە گەڵاڵەكردنی ئامانجە نیشتمانییەكانی وڵاتەكەماندا و بیخەنە پەیمانێكی فراوانی نیشتمانییەوە و جاڕی بدەن.

هۆیەكی تریش هەیە بۆ ئەم سەرنەكەوتنی دانانی بەرەی نیشتمانییە كە ئەوەش لەڕولاوازی هەندێكە لە حزبە سیاسییەكانی عێراق و زۆری ڕوودانی دووكەرتی و دووبەرەكییە لە ناو هەندێكی تریاندا، جگە لەو ناحەزی و تۆڵەسەندن و كێشە خوێناوییەی كە لە نێوان هەندێ لە پارتییەكانی عێراقدا ڕووی داوە و بە تایبەتی لە ساڵانی پاش شۆڕشی تەموزدا.

سەرنەكەوتنی ئەو هەموو هەوڵ و تەقەلایەی كە درا بۆ پێكهێنانی بەرەی نیشتمانی یارمەتی ئەوەی داوە، كە باری گشتی عێراق ڕۆژبەڕۆژ خراپتر و ئاڵۆزتر ببێ ودەماری زۆر و زۆرداری باڵی بكێشێ بەسەر وڵاتدا و بیری خودپەرستی و گوێبەكەسنەدان لە دڵی ئەو تاقمانەدا بچەسپێ كە لەمەو پێش حوكمی عێراقیان گرتووە دەست. ئەمەش بەش بە حاڵی خۆی بووە بە هۆی پارچەپارچەبوونی هێزەكانی گەل و پارتییە نیشتمانپەروەرەكانی. ئەنجامی ئەمەش ئەوە بوو عێراق بە دواكەوتوویی بمێنێتەوە و ببێ بە مەیدانی ئاڵوگۆڕی بەردەوامی وا كە نە لەسەر بنچینەیەكی میللی و نە بەپێی خواستی گەل ڕوویدا. بەهۆی ئەمەشەوە باری گشتی وڵات ئاڵۆز بووە و هەر دەمێ بە جۆرێك شیرازەی هێمنی و ئارامی تێكچووە و وڵاتەكەی خواردووە و یەك لە پاش یەك ڕووداوی تازەی تیا قەوماوە كە هەموو ئەمانەش تێكڕا گیروگرفتی ناوخۆیان چەند قات زیاتر كردووە.

ئێمە وەنەبێ هەر ئەمڕۆ داوای بەرەی نیشتمانیمان كردبێ، بەرەی نیشتمانی بەپێی بیروباوەڕی ئێمە تەكتیكی سیاسی نییە كە بۆ ئێستا ئیشمان پێی هەبێ، ئێمە لامان وایە بەرەی نیشتمانی پێویستییەكی دوانەخراوی نیشتمانییە و بۆیەش پارتی دیموكراتی كوردستان

شانبەشانی جووڵانەوەی دیمـوکراتی عێـراق ڕۆیشـتووە و بەشـدارییەکی کاریگـەر و گـەرمی کردووە. لە دوای پێکهێنان و هاوبەشی هەموو پارتی و تاقمە سیاسـییەکانی عێـراق بـووە لـە هەموو هەڵسووڕان و ئیشێکی نیشتمانپەروەریدا و لەگەڵ کۆمەڵانی گەلی عێراقـدا چووەتـە هـەموو ڕاپـەڕین و قەڵـەمباز و شۆڕشـەکانی گەلـەوە لـە سـاڵانی (١٩٤٨، ١٩٥٢، ١٩٥٦)وە، بەشدار بووە لە پێکەوەنانی پێویسـتییەکانی سـەرکەوتنی شۆڕشـی (١٤)ی تـەموزی پیـرۆزدا. ئێستاش لای وایە لە تواناد‌ا هەیە و پێویسـتە بەرەیـەکی پـانوپۆڕی نیشـتمانی پێکـەوە بـنرێ. پارتییەکەمان لە ئاخر و ئۆخری ساڵی ١٩٦٨دا، پرۆژەی پەیمانێکی بەرەی نیشتمانی پێشکەش کرد بە هەموو حزب و تاقمە نیشتمانپەروەرەکانی عێراق، بەڵام بە داخەوە وەرامێکی ئاشـکرا و بێپێچوپەنامان لە پەیوەندیدارەکانی ترەوە دەستگیر نەبوو. ئەمڕۆ لە هەر کـاتێکی ڕابـردوو زیاتر پێویستمان بە بەرەی نیشتمانی هەیە.

ئێمە لامان وایە بەرەی نیشتمانی واتە یەککەوتنی چەند پارتی و تاقمێك بۆ جێهێنـانی چەنـد ئەرکێکی نیشتمانی یا نەتەوەیی لە قۆناغێکی تایبەتیدا و دەبێ هەرکام لەو پـارتی و تاقمانـە بیری سیاسـی و بـاوەڕ و ڕیبـازی خـۆی هـەبێ کـە لەسـەری بـڕوا و لـە چوارچێـوەی بـەرەی نیشتمانیدا بۆی هەیە ئەو بیروباوەڕ و ڕێبازەی خۆی بپـارێزێ. دیـارە ئەمـە بـەهیچ کلۆجێـك واناگەیەنێ هێزی ساختە داتاشین و قوتی کەینەوە، بەڵکو مەعنای ئەوەیـە مـەودای هـەموو هێزەکانی بەرەی نیشتمانی بدرێ بۆ ئەوەی هەر کامیان بەشدار بن لە هەڵسـووڕانی بـەرەی نیشتمانیدا بەپێی ئەندازەی ڕاستەقینە و توانای سیاسییان، کە بە دەستیانەوەیە.

دەسـتکردن بـە ئیشـی خـۆ ئامـادەکردن بـۆ پێکهێنـانی بـەرەی نیشـتمانی پێویسـتی بـە دروستکردنی باری گونجاوی ئەو پێکهێنانەیە، ئەوەش بەوە دەبێ کە میریی پەیوەندی خـۆی بەتین بکا لەگەڵ هەموو پارتییە نیشتمانپەروەرەکان و ڕێگای هەڵسـووڕانی ئازادییـان بـداتێ لە ژێر سایەی فەرمانڕەوایی قانوندا.

خاڵێکی تریش هەیە سەبارەت بە پارتییەکانی عێراق شایانی باسلێکردنە، ئەویش ئەوەیە لـەم چەند سـاڵەی ڕابـردوودا گـۆڕانێکی بـاش هـاتووە بەسـەر سـەرنجی هەندێکیانـدا لـە بـارەی مەسـەلەی کـوردەوە. نامەرکەزییـەتی بـەڕێوەبردنی لیواکـان و بەیانەکـەی ٢٩ی حـوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ لای هەندێ لەو پارتییانە بە جیابوونەوە دادەنرا. بەڵام ئـەمڕۆ دەبینـین زۆربـەی ئەو پارتییانە دان دەنێن بە مافی ئۆتۆنۆمیدا بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی کۆمـاری عێراقـدا. ئێمە بێگومان قەدری ئەم گۆڕانە باش دەزانین و بە شتێکی بە نرخی دادەنێین و لامـان وایـە لە بنچینەدا هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە داخوازییە نەتەوەیییەکانمان داخـوازی ڕاسـت

و بەجێن و ئێمەش پیاوانە سوور بووین لەسەریان و دەستبەردار نەبووین لێیان. هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە ئەم پارتییانە بە باشی لە ناوەڕۆکی مەسەلەی کورد گەیشتوون و بیروباوەڕی پێشکەوتوویش بە هەموو لایەکی جیهاندا بڵاو بووەتەوە و کاری کردووتە هەموو لایەك، ئەم گۆڕانەی کە باسمان کرد تا ڕادەیەکی دوور کار دەکاتە سەر مەسەلەی پەیدابوونی توانای هاوکاری و پێکهێنانی بەرەی یەکگرتوو لە نێوان ئێمە و پارتییەکانی تر.

وەزعی تایبەتی ئەوسا بوو بە هۆی پەیدابوونی چەند کۆمەڵ و تاقمێکی کارتۆنی و ساختە. وەختی خۆی مەبەست لە دامەزراندنی ئەو کۆمەڵ و تاقمانە ئەوە بوو بیانکەن بە ڕواڵەت و دیمەن لە بەرابەر پارتییە دیموکراتییە کوردستانییەکەمان و جووڵانەوەی نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەکەماندا. ئەمانە تەنها چەند کلك و پەلوپۆیەکیان نەبێ هەموویان بە دەرچوونی بەیانی ئاشتی داتەپین و توانەوە. بێگومان ئەو کلك و پەلوپۆیانەشیان بەڕێوەن بمرن و ناویان کوێر ببێتەوە، وەك هەر دەستەیەکی داتاشراوی ساختە و شل و شەق کە پشتی بە ڕاستی و دروستی نەبەستبێ. ئێمە دڵنیاین لەوە کە باری ئەمڕۆی عێراق پێویستی بە دەستبردنە بۆ دانانی بەرەی یەکگرتوو. هاوسوێنی ئێمە و پارتی بەعسی لەسەر بنچینەی بەیانەکەی (١١)ی مارس بەردی بنەڕەتی بەرەی چاوەڕوانکراوی داناوە و ئێمە بە هیواین ئەم بنەڕەتە پانتر و گەورەتر ببێ تا هەموو ئەو پارتی و دەستە و تاقمانە بگرێتەوە کە باوەڕیان بە ئامانجە باسکراوەکان هەیە. بۆ ئەوەی بەرەیەکی نیشتمانی و پێشکەوتنخواز دامەزرێ لە عێراق، چونکە تەنها ئەو بەرەیە جێبەجێبوونی ئامانجەکانی گەلمان بۆ مسۆگەر دەکا لەم قۆناغە گرنگەی ژیانی وڵات و گەلەکەماندا.

**برایانی بەڕێز:**

لەم ڕۆژانەدا هەندێ کۆڕ و کۆمەڵ هەن خەریکی تەقەلا دانن بۆ دروستکردنی هەستێکی دژ بە گەلی کوردمان لە ناو کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کوردستاندا و بە تایبەتی لە ناو تورکمان و عیساییەکاندا. ئەوەتە برایەتی پتەوی نەتەوەکانی گەلی عێراق تێك بدەن و بەینی عەرەب و کورد و تورکمان و کەمایەتییە براکانی تر بشێوێنن. لە ناو تورکمانەکاندا چەند کەسێك خەریکی ئەم ئیشەن کە لە وەختی خۆیان شۆڕشی ١٤ی تەموز تەخت و بەختی وەرگێڕان.

پارتییەکەمان، وەك ئاشکرایە لە هەموو کەس، سیاسەتێکی ڕاست و جێگرتووی هەیە بەرابەر بە مەسەلەی کەمایەتییەکان و ئەم سیاسەتە لە پرۆگرامی پارتیماندا نووسراوە و بریتییە لە پشتگرتن و یارمەتیدانی ماف و خواستە ڕاست و دروستەکانی کەمایەتییەکان لە هەموو

مەیدانێكـدا. ئـەم سیاسـەتەی ئێمـە لەوەیـە كـە لـەو بـاوەڕەداین مـاف و خواسـتەكانی كەمایەتییەكان لەسەرەتاوە شتێكی ڕاست و بـەجێ بـووە و پارتییەكـەی ئێمـەش پارتییەكـەی كوردسـتانییە، تـێ دەكۆشـێ بـۆ پاراسـتنی ئـازادی و مـافی نەتـەوەیی و دیمـوكراتی تێكـڕای دانیشتووانی كوردستان. ئەم سیاسەتەی ئێمە بـووە بـە هـۆی بـەهێزكردنی پەیوەنـدی نێـوان هەموو دانیشتووانی كوردستان و پایە و قەدری پارتییەكـەمانی لەبـەر چـاوی كەمایەتییـەكان پەرە پێ داوە. دەبێ ئێمە بێ هیچ جۆرە دوودڵییەك، پشتی هەر دەسكەوتێكی بەجێ بگرین كە كەمایەتییەكانی كوردستان دەستی دەخەن و بە توندی لـە ڕووی ئەوانـەدا ڕاوەسـتین كـە ئاژاوە و دووبەرەكی دەنێنەوە و دەیانـەوێ كونوكەلەبـەر بخەنـە بـەینی گـەلی كـورد و ئـەم كەمایەتییانە و تێكڕای ڕۆڵەكانی تری گەل لە هەر سووچێكی كۆماری عێراقدا.

ئێمە داوا لەوانە دەكەین كە لەو دیـوی پـەردەوە ئـاگری ئـەم جـۆرە هـەوڵ و تەقـەلا گـڵاوە خۆش دەكەن، لە جێ خۆیان داكەون و دەستبەرداری ئەم كردارە چەپەڵەیان بن كە ئامانجی بنچینەیی بریتییە لە پارچەپارچەكردنی كوردستانی عێراق، هەر چەنـد بیشـیانەوێ خۆیـان وا پیشان بدەن كە بۆ مافی كەمایەتییەكان ڕەنج دەدەن. ئەوانە دەبـێ بـزانن كـە وا دوژمنـان و ناحەزان و ئەو كەسانەی لە بیانو دەگەڕێن، ئامـادەن بـۆ كـەڵكوەرگرتن لـەم جـۆرە هـەوڵ و تەقـەلا ناپاكـە بـۆ ئـەوەی ئـەمانیش هـەمان ئـاواز لـێ بـدەن كـە تـاقمێكی تـر لـە ناوچـە عەرەبییەكانی عێراق لێیدەدەن كـە ئـەویش چەنـد كەمایـەتی و هـۆز و دەسەبەشـی ئـایینی تیایە.

**تێكۆشەران:**

باسی بەرەی نیشتمانی بە ناچاری ڕامان دەكێشێ بۆ باسی گیروگرفتی حوكمڕانی لـە عێراقـدا، ئـەوەی تەماشـای مێـژووی سیاسـی تـازەی عێـراق بكـا لەسـەرەتای دامەزرانـدنی دەوڵـەتی عێراقەوە لە ساڵەكانی بیستی ئەم سەدەیەدا، سەرسام دەبێ و خەم و پەژارە دای دەگرێ كـە دەبینـێ زۆربـەی ئەوانـەی جڵـەوی كاروباریـان گرتوەتـە دەس لـە عێراقـدا بـە مـردن یـا بـە لەسـێدارەدان نـەبێ دەسـتبەرداری كورسـییەكە نـەبوون. حكوومەتـە یەكلـەدوای یەكـەكانی عێراق لە ماوەی حوكمی پاشایەتیدا كردبوویان بە خو [تـا]خواسـتی گـەل بخەنـە ژێـر پـێ و نەهێڵن نوێنەری ڕاستەقینەی خۆی بنێرێتە پەرلەمان و نوێنەری ساختەی بۆ ڕاسـت كەنـەوە، هەمیشە لە جەنگدا بوون بەرابەر بە جووڵانەوەی نیشتمانی و دیموكراتی، بەم هۆیـەوە ئـەو حكوومەتانە هەمیشە بە زۆری ئیمپریالیزم و كۆنەپەرستی داسەپێنرا بوون بە سەر وڵاتـدا. لـە ساڵانی حوكمی جمهورییشدا، تەنها ماوەیەكی زۆر كەمی نەبێ گـەلی عێـراق دیلـی دەسـتی

ماوەکانی یەکلەدوای یەکی (گواستنەوە) و دەستووره وەختییەکان و قانون و دەزگا و دادگا بێ ئوسوولەکان بووە و بە هۆی ئەوەی بێبەش بووە لە هەموو جۆرە ئازادییەکی دیموکراتی و لە هەر سازمانێکی دەستووری کە بتوانێ دەنگی خۆی لێوە دەرببڕێ و حوکمی خۆی لێوە بکا بە دەستی خۆی. بەیانە مێژووییەکەی ١١ی مارس ئاسۆیەکی تازەی کردەوە بەرەو چارەکردنی ئەم گیروگرفتەیش. چارەی ئەم گیروگرفتە پێویستی بە ئیشکردنە بۆ دوایی‌هێنان بە ماوەی گواستنەوە و هەڵپێچانی سازمانە ئازادی زەوتکەرەکان و دەستکردن بە هەڵبژاردنی حکوومەتێکی وا کە لەناو جەرگەی میللەتەوە هەڵقووڵێت و خواست و ئارەزووی ئازادی ئەو دەرببڕێ.

**برایان:**

ئەو ئیسڵاحی زەراعییەی کە شۆڕشی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ داینا، یەکەمین کوتەك بوو سرەوێنرایە دەرەبەگی لە عێراقدا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو قانونە کۆسپی زۆری هاتەبەر چونکە ناتەواوی و کەموکورتی زۆری تیا بوو، چونکە دەزگای وا نەبوو کە دەست بدا بۆ جێبەجێکردنی. لە ناوچەی کوردەواریشدا، ڕووداوە ناخۆشەکانی کوردستان بوون بە هۆی ئەوە کە خاوەنموڵکە گەورەکان بتوانن زۆر لە کاربەدەستان بکەن و داگیرکردنی زەویوزارەکانیان پێ دوابخەن و بەردەوام بن لە چەوساندنەوەی جووتیارەکان و وزەیان لە بەر ببڕن. ئەمە سەرەڕای ئەوەش کە قانونی پێشووی ئیسڵاحی زەراعی گوێی نەدابوو بە باری ناوچەی کوردەواری و خاسیەتی زەوییە شاخاوییەکان کە بۆ کشتوکاڵ دەست نادەن و جووتیارێکی زۆریشیان تیایە و تەماشای ئەوەی نەکردبوو کە ڕادەی ئەوپەڕی زەویوزارداری لەگەڵ خاسیەتی زەویوزاری کوردستاندا ناگونجێ. ئەوەش هەموو بوو بە هۆی ئەوە کە هەتاوەکو ئەگەر قانونەکەش جێبەجێ بکرێ و زەویوزاری دەرەبەگەکان بە شێوەیەکی ئاسایی داگیر بکرێ. هێشتا هەزاران جووتیاری کورد بێبەش دەبن لە زەوی.

بۆیە پارتیمان هەر لەسەرەتاوە ئاگاداری دا کە وا پێویستە چاو بە قانونە کۆنەکەدا بگێڕدرێتەوە و کارێکی وا بکرێ کە جووتیارانی کوردستان هەموویان زەوییان دەست بکەوێ و دوایی بە چەوساندنەوە و خوێنمژین بهێنرێ لە دێهاتی کوردەواریدا.

لە کاتی گفتوگۆی بەینی پارتی و پارتی بەعسیشدا کە بەر لە دەرچوونی بەیانی ئاشتی ڕوویدا، هەردوولا ڕێکەوتین لەسەر ئەوە کە ئیسڵاحی زەراعییەکی قووڵ جێبەجێ بکرێ لە کوردستاندا. حکوومەتی عێراق پاش شۆڕشی ١٧ی تەموزی ساڵی ١٩٦٨ ڕیزە دەسکەوتێکی یەکلەدوای یەکی بۆ فەلاحەکان جێبەجێکرد. مافی دیاریکردنی زەوی لە دەرەبەگەکان

سەندەوە، مافی بژاردنـەوەی زەوی داگیرکـراوی هەڵوەشـاندەوە، زەوی کـرد بـە خـۆڕایی بـۆ جووتیار، ترومپا و مەکینە و ئالەت و کەلوپەلە کشتوکاڵییەکانی وەزارەتـی ئیسـڵاحی زەراعـی دا بە جووتیارەکـان. هـەروەها گـەلێ دەسـکەوتی تریشـی بـۆ پەیـداکردن کـە دواییەکـەیان دەرچوونی قانونە تازەکەی ئیسڵاحی زەراعی بـوو، کـە کـەموکورتی و ناتەواوییـەکانی قانونـە کۆنەکەی تیا ڕاست کراوەتەوە و ڕادەی لای سەرووی دارایی زەوی هێناوەتە خوارو جیـاوازی خستووەتە بەینی زەویوزاری دێمی و سەرو خواری خەتی بارانبارین. هەروەها بە یـەك چـاو تەماشای پیت و بەرهەمی زەوی دێم و بەراوو بەمەکینە ئاودراوی نـەکردووە. بـەپێی جـۆری بەرهەم و کەمی و زۆری دەسکەوتی زەوی دیـاری کـردووە، بـۆ ئـەوەی دابەشـکردنی پارچـە زەوی بەسەر جووتیاران بە شێوەیەکی ڕاست و دادپەروەرانەی بێ و بە گوێرەی دەسـکەوتی زەوییەکە بێ. چاری ناکۆکی و گیروگرفتی زەویوزاریشی داوەتە دەست لێژنەی کشتوکاڵ و لە دادگای سەندوەتەوە و دوایی بە کاری ڕۆتینی دادگاکان هێناوە. ئـەم ئیشـانە هـەموو مایـەی جێبەجێبوونی ئامانج و ئاواتی جووتیارەکانن و هێنانەدی بەندێکی گرنگی بەندەکانی بەیانـە مێژووییەکەی ١١ی مارسن.

بەپێی بیروباوەڕی ئێمە کۆسپی هەرە گەورەی جێبەجێکردنی ئەم قانونە تـازەیـەی ئیسـڵاحی زەراعی بریتییە لە ئامادەکردنی دەستە و دەزگـای بەڕێوەبـەری و هونـەری کـە پێویسـتن بـۆ جێبەجێکردنی قانونەکە.

هـەروەها ئێمـە لامـان وایـە پێویسـتە بەڕێوەبەرایەتییـەکی گشـتی ئیسـڵاحی زەراعـی لـە کوردستاندا دابنرێ و لقێك بۆ ئەنجوومەنی بـەرزی کشـتوکاڵ بکرێتـەوە لـە کوردەواریـدا بـۆ یارمەتیدانی میری لـە جێبـەجێکردنی زووبـەزووی قانونەکـەدا. ئێمـە سەرنجێکیشـمان هەیـە بەرابەر بەو زەویوزارەی لەمەوپێش داگیر کراوە و دابەش کـراوە بـە سـەر جووتیارەکانـدا لـە هەموو لایەکی عێراق. بەپێی ژمارە وەزارەتی ئیسڵاحی زەراعـی لـە ڕۆژی دەرچـوونی قانونـە کۆنەکەوە تا ئەمڕۆ پتر لە حەوت ملیۆن دۆنم زەوی داگیـر کـردووە، بـەڵام بـە درێژایـی ئـەم ماوەیە تەنها دوو ملیۆن و حـەوت سـەدو پـەنجا هـەزار دۆنـم زەوی دابـەش کـراوە بەسـەر جووتیاراندا، واتە هێشتا زیاتر لـە سـێ ملیـۆن و پێـنج سـەد هـەزار دۆنـم زیـاتر بـە دەسـت وەزارەتـی ئیسـڵاحی زەراعییەوەیـە و بەڕێوەبەرایـەتی وەختیـی بـەڕێوەی دەبـا. سـوودی جووتیاران و پێویستی زیادکردنی بەروبووم و قـازانجی ئـابووری نیشـتمانی هـەموو بـەسراوە بەوەوە کە هەماهەنگی پێویست بنرێ بۆ دابەشکردنی ئەم زەویوزارە بە سەر جووتیاراندا.

پارتییە دیموکراتییە کوردستانییەکەمان، لە کاتێکـدا کـە جـاری پشـتگیری خـۆی دەدا بـۆ ئـەو

پەیڕەوانەی کە لەم قانونە تازەیەدا هەن، ڕای دەگەیەنێتەوە کەوا سوورە لەسەر هاوکاری لەگەڵ پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب و حکوومەتی نیشتمانپەروەر بۆ جێبەجێکردنی ئەم قانونە لە کوردستان و ئامادەیە بۆ بەشداربوون لەسەرپانکردنەوەی هەر تەقەلایەکدا کە بدرێ بۆ کۆسپ هێنانە[بەردەم] جێبەجێکردنی ئەم قانونە.

**تێکۆشەران:**

حکوومەتە یەکلەدوای یەکەکانی عێراق لە ساڵی ١٩٤٦ەوە، کۆمەڵێك بانك و کۆمپانی و سازمانی ئابووریيان کردووە بە موڵکی گەل (تأميم) و چەند هەنگاوێکی سۆشیالیستییانەی لێنەکوڵراوەیان ناوە کە ئامانجەکەی ئەوە بووە زیانێکی زۆری گەیاندووە بە ئابووری عێراق کەوا ئێستاش هێشتا وڵاتەکەمان بە دەست ئەنجامە نابارەکانییەوە دەناڵێنێ.

وڵاتێکی دواکەوتووی وەك عێراق پێویستی بەوەیە هەموو توانایەکی گشتی و تایبەتی خۆی بخاتە کار بۆ بەجێهێشتنی دواکەوتوویی ئێستای و بۆ دانانی پیشەسازییەکی پێشکەوتووی نیشتمانی. زۆربەی ئەو سازمان و کۆمپانییانەیش کە کران بە هی گەل، کۆمپانی و سازمانی بچووك بچووك بوون و بەشێکی کەمی ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆڵەکانی گەلیان پێوەبوو، جگە لەوە کە حکوومەت خۆیشی، کەم و زۆر بەشدار بوو لە زۆربەیان و بانکی پیشەسازی قەرزی دەدا بە زۆربەیان و سەرچاوەی پارەدارکردنیان لە ڕێگای ئەو بانقەوە بوو. لەبەر ئەوە هیچ بیانوویەك نەبوو بۆ گواستنەوەیان لە برگەی تایبەتی و برگەی تێکەڵەوە بۆ برگەی گشتی، بەر لە دڵنیابوون لە سوود و قازانجی ئەو گواستنەوەیە. بەڵکو ئەنجامێکی پێچەوانەی بوو، کە ئەوەبوو سەرمایەی نیشتمانی کشایەوە لە بازاڕ و چووەوە قاوغی خۆی و کاری پیشەسازکردنی وڵات بە جۆرێکی وا ڕاوەستا کە هەموو کەس هەستی پێ بکا، ئەمە لە کاتێکدا کە ئەو کۆمپانییە میللیکراوانە دەورێکی ڕاستەقینەی وایان نەبوو لە مەسەلەی نەخشەکێشانی ئابووری و ئامانجەکانی نەخشەدا. میللیکردنی هۆیەکانی هێنانەبەرهەم کاتێك پێویست و بە کەڵك دەبێ کە برگە پێشەنگەکانی پێشخستنی ئابووری بگرێتەوە. ئەوەش بزانین کە ئەمڕۆ پایەی پێشەنگایەتی لە دەسکەوتی میللی و پێشخستنی ئابووری عێراق بە دەست بەروبوومی نەوت وکانە نەهێنراوە بەرهەمەکانەوەیە، کە هی دەوڵەتن. ئەمڕۆ لە هەرچی زیاتر بەروبوومی نەوتە کار دەکاتە سەر مەسەلەی پێشخستنی ئابووری بەروبوومی نەوتیش بە دەست کۆمپانییە ئیحتیکارییەکانی بێگانەوەیە. دەوری برگەی پیشەسازی تایبەتی دەورێکی بچووك و کەمە لە مەسەلەی پێشخستنی ئابووری وڵاتدا و بە هیچ کلۆجێك ناتوانێ دەوری دەستپێشخەری و پێشەنگایەتی لە برگەی میللینەکراوی نەوت

وەربگرێ.

بە شێوەیەکی ئاشکرا دەرکەوتووە کە زۆربەی کۆمپانییە میللیکراوەکان لەوکاتەوە کە خراونەتە سەر بڕگەی گشتی و وەك دائیرەکانی میری بوون بە جێی بیروکراتییەت و فەرماندەرکردن، هیچ قازانجێکیان نەبووە و بە ئاشکرا پلەی بەرهەمیان تێدا کەم بووتەوە و توانای ئیشیان تێدا ئیفلیج بووە چونکە پڕکراون لە خەڵکی وا کە هەر دەخۆن و هیچ دەورێکیان نییە لە مەسەلەی هێنانەبەرهەمدا.

دەشتوانرا چارێك بۆ ئەو خەڵکە بدۆزرێتەوە و بخرێنە سەر ئیش لە پڕۆژە پیشەسازییە تازەکانی حکوومەت و پڕۆژەکانی بڕگەی تایبەتی و تێکەڵدا، کە بە هۆی بەڕێوەبردنی پاش میللیکردنەوە و کشانەوە و چوونەوە قاوغی خۆیان. بۆ بەڵگەهێنانەوە لەسەر ئەوە کە ئەو میللیکردنانە چەند بە پەلەپەل و بێ لێکۆڵینەوە بوون و لە ساڵی ١٩٦٤ەوە، تا ئێستا چەندیان زیان بە ئابووری نیشتمانی گەیاندووە، ئەوە بەسە، کە تەماشایەکی ئەو ژمارانە بکەین کە لە بودجەی گشتی درێژەپێدراوی ساڵی ١٩٦٩ـ١٩٧٠دا نووسراون کە بە ئاشکرا ئیسپاتی دەکەن پڕۆژەکانی میری چەند زیانیان تووش بووە بە هۆی وردنەبوونەوە و بەڕێوەبردنی بەدەوە. خۆ ئەگەر تەماشای بڕگەی بەرهەمە بازرگانییەکانیش بکەین دەبینین میلیۆنەها دینار تەرخان کراوە بۆ خستنە کار لەو بڕگانەدا و میری خۆی بازرگانییان پێوە دەکا و خۆی نرخ دادەنێ بۆیان کە گوایە دەبێ بەپێی قازانجی خەڵکی داینێ، کەچی تەماشا دەکەین کەلوپەلەکانیان بێکەڵك و نرخیشیان گرانە و سەرەڕای ئەوە دەستیش ناکەون و زۆر جار لە بازاڕ نین. سەرژمێرییەکانی وەزارەتی پیشەسازی و ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەوڵەتان لە ڤیەنا وا دەگەیەنن کە هەر لە پاش میللیکردنە سەرپێیەکانی ساڵی ١٩٦٤ەوە، ئابووری عێراق بۆ خوارەوە هاتووە بە هۆی پاشەکشە گەورەکەی بڕگەی تایبەتی و بێدەسەڵاتی بڕگەی گشتییەوە، کە نەیتوانی ئەرکی پێشخستنی پیشەسازی بگرێتە ئەستۆ و پڕۆژەکانی ئێستا گەورەتر و بەکارتر بکات.

ئێمە لەو ڕووەوە کە زۆر مەبەستمانە ئابووری نیشتمانیمان لەکەدار نەبێ و بۆ ئەوە کە پێویستییەکانی سەنعاتدارکردنی وڵات و پێشخستنی ئابووری بگەیەنرێتە ئەنجام، لامان وایە مەسەڵەحەتی نیشتمانیمان بەسراوە بە پشتگرتن و بەهێزکردنی بڕگەی پیشەسازی و ماوەدانەوە بە سەرمایەی تایبەتی کە دەوری خۆی ببینێ لە دامەزراندنی عێراقێکی پێشکەوتوودا و دەبێ میری دەست بکا بە دانانی پڕۆژەی تێکەڵ لە بەینی خۆی و سەرمایەی تایبەتیدا، بۆ ئەوەی پاڵ بە سەرمایەی تایبەتییەوە بنێ بۆ کەوتنە ئیش و بۆ هاوسانیکردن لە

نێوان بڕگەی تایبەتی و بڕگەی گشتیدا و دەبێ میری خۆی تەرخان بکا بۆ دامەزراندنی ئەو پڕۆژە گەورانە، کە بڕگەی تایبەتی ناتوانێ دایانمەزرێنێ و بۆ کەڵکوەرگرتن لە کانە کاڵەکانی وڵات بە دەستی خۆمان و بۆ دانانی سەنعاتی پترۆکیمیاوی و گۆگرد و فۆسفات و پڕۆژە گەورەکانی پیشەسازی قورس و چاو بگێڕێتەوە بە بڕگەکانی تردا و چ دەورێك دەتوانن ببینن لە پێشخستنی ئابووریدا و بە مەرجێ کە دەوری سەرکردەیی و ڕێپێشاندان بە دەست بڕگەی گشتییەوە بێ.

بەم بۆنەیەوە بە پێویستی دەزانین باسی ئەو هەوڵ و تەقەلا دڵسۆزانەیە بکەین کە حکوومەتی عێراق پاش شۆڕشی ١٧ی تەموز داویەتی بۆ دامەزراندنی پیشەسازییەکی خۆماڵی بۆ دەرهێنانی نەوت و کەڵکوەرگرتنی ڕاستەوخۆ لە گۆگرد کە بێگومان کارێکی گەورە دەکاتە سەر پشتگرتنی ئابووری نیشتمانیمان و کەمکردنەوەی پشتبەستنی گەنجینەی عێراق بە دەسکەوتی نەوتەوە کەوا بە دەست کۆمپانییە ئیحتیکارییەکانی بێگانەوە.

**برایانی بەڕێز:**

پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە دڵسۆز بووە بۆ مەسەلەحەتی ئەم وڵاتە و زانیویەتی عێراق پێویستی بە چییەو باوەڕی بە زانست و نەخشەکێشان بووە و دژی هەر کارێکی پەلەپەل و سەرپێیی بووە و ناڕازی بووە لە هەڵخستنەوە بە دوای دروشمی قەبە و بریقەدار و لە هەموو ئەم هەڵوێستانەیدا تەماشای باری کۆمەڵ و پێویستییەکانی ئەوی کردووە و سەرەڕای ئەوەش کەڵکی لە تاقیکردنەوە و تەجروبەی گەلانی تر وەرگرتووە.

ئەم گۆڕانە گرنگانەی لەم ساڵانەدا بە سەر باری ناودەوڵەتان هاتوون، نیشانەی خۆیان بە جووڵانەوەی ئازادیبەخشی نیشتمانییەوە بەجێ هێشتووە لە هەموو لایەکی جیهان، ئەوەتە ڕزگاربوونی سیاسی بەسراوە بە ڕزگاربوونی ئابوورییەوە و شۆڕشی سیاسی موتوربە کراوە لەگەڵ شۆڕشی کۆمەڵایەتی کە مەبەستی گۆڕینی باری کۆمەڵە لەڕیشەوە. ئێمە ئامانجمان ئەوەیە، ڕژێمێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی پێشکەوتوو دامەزرێنین لە عێراقدا کە لە خواست و فەرمانڕەوایی گەلەوە هەڵقووڵابێ و پشتی هەر هەنگاوێك دەگرین کە مەبەستی هێنانەدی گۆڕانێکی قووڵ بێ لە کۆمەڵگای عێراقدا و بۆ بەختیاری و کامەرانی گەل بکرێ و بەونیازە کە دادی کۆمەڵایەتی بهێنرێتەدی و جیاوازی نێوان چینەکانی کۆمەڵ بتوێنرێتەوە.

**برایان:**

بەم بۆنەیەوە بەپێویستی دەزانین باسی ئەو تەنگ و چەڵەمەی ئابووری و گوزەرانە بکەین

کە بینەقاقەی هاونیشتمانانی گرتووە لە تێکڕای عێراق و بە تایبەتی لە ناوچەی کوردەواریـدا. کوردەواری لە ساڵانی ڕابردوودا تووشی چەوساندنەوەی سیاسی و جیاوازی خستنی ئـابووری و ئـاوەدانی بـوو. ڕۆژە ناخۆشـەکانی شـەڕ وەزعێکـی یـەجگار ناخۆشـیان لـەم ناوچەیـەدا بەجێهێشتووە. پتر لە دووسەدهەزار کەسی بێ خانە و لانە هەیە و دەیان هەزار کەس بێکـار و بێئیشن و گرفتـاری هـەژاری و برسـییەتی و هـەموو جـۆرە دەردێکـی کۆمەڵایـەتین. کـاری میللی هەرچەند شـتێکی گرنگـە لـە ناوچـەکانی تـری عێراقـدا، بـەڵام لـە کوردسـتان بـارێکی ئەوتۆی سەرشـانی خـەڵك سـووك ناکـا و چـارەی ئـەم گیروگرفتـە پڕمەترسـییەی پـێ نـاکرێ. کوردستان پێویستی بە جێبەجێکردنی بەندە ئابوورییەکانی بەیانی ١١ی مارسە، پێویسـتی بـە دانانی پڕۆژەی لێکۆڵراوەی ئابوورییە، پێویستی بە پڕۆژەی دەسـتبەجێ ڕێگاکردنـەوە و خـانو دروستکردن و ئاوەدانکردنەوەی ناوچە وێرانەکانە. بۆ ئەوەی ئیش بۆ ئـەم هـەموو بێئیشـانە بدۆزرێتەوە نەخوازەڵا کە کوردەواری پڕە لە کانی سـامانی جۆربـەجۆری سروشـتکرد، کـە بـۆ ئەوە دەست دەدەن چەند جۆرە پیشەسازیی پێی دامەزرێنرێ، پـڕۆژەی وا نـەك تـەنها دەبـێ بە هۆی ئاوەدانبوونەوەی کوردستان، بەڵکو دەورێکی کاریگەریشی دەبێ بـۆ بووژانـدنـەوەی تێکڕای ئابووری نیشتمانی و خستنەجووڵەی لە هەموو لایەکی عێراقدا.

**برایانی خۆشەویست:**

لقی پارتی لە ئەورووپا لە کاتی بەستنی "کۆنگرەی حەوتەم"ەوە تا ئێستا، پێشکەوتنی گـەورەی دەستگیر بووە و بۆ یـەگجاری کـەڵك و پاشـماوەی خائینـەکانی میللـەتی کـورد لـە دەرەوەی کوردستان تێك شکێنراون. ژمارەی ئەندامانی پارتیمان لـە ئـەورووپا نزیکـەی دووقـاتی جـارانی لێهاتووە و ئەمڕۆ لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپادا چڵی لێ بووەتـەوە. هـەروەها پێشـکەوتنێکی هەسـتپێکراویش لـە ڕێکخسـتنی پەیوەنـدی نێـوان سـەرکردایەتی پـارتی و لقـی ئـەورووپادا دەستگیر بووە. ئەم وەزعـە کـاری کردووەتـە کۆمـەڵی خوێنـدکارانی کـوردیش لـە ئـەورووپا و لایەنگرانی شۆڕش لەناو ئەو حکوومەتی عێراق بدەن بۆ نـاوەدان کۆمەڵـەدا[٩] سـەرکەوتنێکی یــەجگارییان دەســتگیر بــوو لــە کۆنگرەیەکلــەدوای یەکــەکانی کۆمەڵــەدا و نوێنــەرانی خائینەکانیان بۆ یەجگاری لە سەرکردایەتی کۆمەڵ کردە دەرەوە. بـەڵام لەگـەڵ ئـەم هـەموو سەرکەوتنانەشدا پێیویستمان بەوەیە نوێنەرێك لەلایـەن سـەرکردایەتی پارتییـەوە بنێـرین بـۆ ئەورووپا بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵسووڕانی لقی پارتی و کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد.

جووڵانەوەی نیشتمانی کورد، دۆست و بـرادەری زۆری بـۆ خـۆی پەیـدا کـردووە لـە دەرەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئـەو هـەموو هـەوڵ و تەقەڵایـە کـە پـارتی و سـەرکردایەتی شـۆڕش

داویانە لە جیهان. چەند لێژنەی پشتگیری و هاوکاری لەگەڵ گەلی کوردمان دامەزرێنراوە لە دەرەوە وەك لێژنەی هاوکاری لەگەڵ شۆڕشی کورد لە فەڕەنسە و لێژنەی پشتگرتنی گەلی کورد لە سوید و لێژنەی هاوکاری لەگەڵ گەلی کورد لە فەنلەندە و لێژنەی کورد و ئیسلەندە و لێژنەی کوردستان لە ئەڵمانیای فیدراڵی و لێژنەی دەوڵەتان و کوردستان لە هۆڵەندە و لێژنەی پێشکەوتنی کوردستان لە بەریتانیا و لێژنەی پێشکەوتنی کوردستان لە ئەمەریکا. ئەمە هەموو بێجگە لەو یارمەتییە بە نرخانەی کە چەند دەستە و سازمان پێشکەشیان کردووە لە وڵاتانی ئۆردوگای سۆشیالیستیدا. ئەم لێژنە و کۆمەڵانە لە ڕۆژانی جەنگدا بەشدارییەکی باشیان کرد لە بەرگریدا لە گەلی کورد و داخوازییە ڕاست و دروستەکانی ئەمڕۆیش کە ئاشتی باڵی کێشاوە بەسەر عێراقدا پێویستی سەرشانیان ئەوەیە یارمەتی [ئاوەدان]کردنەوەی کوردستان و هەر یارمەتییەکی تریان پێ بدرێ لەم ڕووەوە بیدەن.

لە ماوەی بەینی دوو کۆنگرەدا پەیوەندییەکی باشمان بووە لەگەڵ پارتییە کوردستانییەکانی براماندا. هەمیشە دەمەتەقێ و گفتوگۆمان لە نێوان بووە لە بارەی بابەتە تێکەڵاوەکانی هەموومانەوە و هەمیشە داوامان لێ کردوون، کە لە ناوخۆیان یەك بن و یەکێتییان پتەوتر بکەن و پەیوەند و خەباتی پێکەوەیان بەتینتر بکەن لەگەڵ پارتی و هێزە نیشتمانپەروەرو پێشکەوتنخوازەکانی وڵاتەکانیان لە پێناوی دەستخستنی مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانیان. بێگومان ئێمە شادمانین بە هەر سەرکەوتنێکیان لەم خەباتە بەداد و ڕاست و دروستە یا نە.

**برایان:**

لێحاڵیبوونی هەموو ئەم ئەرکانە ئیشکردن بۆ جێبەجێکردنیان بە شێوەیەکی جوان و شایان، بەر لە هەرچی وەستاوە لەسەر توانا و لێهاتوویی پارتی. ئەگەر ئێمە لەو باوەڕەدابین کە پاشەڕۆژی نەتەوەکەمان و پاراستنی دەسکەوتەکانی و مسۆگەرکردنی هێنانەدی ئامانجەکانی و بۆ پێشەوەبردنی ئەو ئامانجە هەموو لە ئەستۆی پارتیدایە، ئەوە ئەو ڕاستییە پێویستی دەکا لەسەرمان کەوا ئیش بکەین بۆ ئامادەکردنی پارتییەکەمان بە شێوەیەکی باش و تەواو لە هەموو سەرێکەوە، چ لە بارەی سیاسەت و چ لە بارەی ڕێکوپێیکی و چ لە بارەی بیرەوە، بۆ ئەوەی شایانی ئەو ئەرکانە بێ کە خراونەتە سەرشانی. پێویستە بزانین باشی و خراپیی و تەواوی ناتەواوی ئیشی پارتییەکەمان لە چیدایە و بزانین کوێ زەدەو دەردەدارە و چی پێویست بێ بۆ چارەکردنی بیکەین، لە بەر ڕووناکی بیروباوەڕی پارتی و پەیڕەوە ڕوونەکانی و لەسەر تاقیکردنەوەکانی پارتییە شۆڕشگێڕەکانی تر کە باری ناو کۆمەڵەکانیان وەك باری ناو کۆمەڵی ئێمە وایە و لە یەك دەچن.

پارتیمان پێویستی بە چاوپێداگێڕانەوەی هەندێ لە بەندەکانی پەیمان و پەیڕەوی ناوخۆی و دارشتنەوەیانە سەرلەنوێ. هەروەها دەبێ چاو بە شێوەی ڕێکخراوەکان بگێڕینەوە و تەماشای شێوەی سەرکردایەتی بکەینەوە بە جۆرێکی وا کە لەگەڵ باری ئیشکردنی ئاشکرادا بگونجێ. پێویستە دەستوبرد بکەین بۆ بەهێزکردنی ڕێکخراوە کوردستانییە دیموکراتییەکان و دامەزراندنیان لەسەر بنچینەی پتەو و ئامادەکردنی هەموو هۆیەکی گەشەکردن و بژێوی بۆیان بۆ ئەوەی بتوانن تەیمانێکی گەورە و ئەستوور بە دەوری پارتیماندا دروست بکەن لە خەڵکی وا کە لە ناو پارتیدا نین.

**برایان:**

گیروگرفتی ئامادەکردنی کادری باشی پارتی و بەهێزکردنی یەکێتی خواست و بیروکار، یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی پارتیمان. ئێمە لە ڕاستیدا گلەییمان لە کەمیەتی کادر نییە، ئەوەندەی کە گلەییمان لە لاوازی کادرەکانمانە لە بارەی پلەی سیاسەتزانی و خاوەن بیرییەوە. ئەمڕۆ پارتیمان سەدان کادری وای هەیە کە تەرخانکراون بۆ ئیشی پارتییانە لە هەموو لقەکان و لە هەموو جۆرە پلە و پایەیەك. ئێمە پێویستمان بە کادری وریا و تێگەیشتووە بۆ پارتی، خوێندنگای ئامادەکردنی کادر بەشدارییەکی باشی کرد بۆ زاڵبوون بە سەر ئەم کۆسپەدا، بەڵام هێشتا پێویستە دەورەی تازەتر بکەینەوە بۆ ئەم خوێندنگایە و کادری زۆرتر وەربگرین بۆ ئەم دەورانە. لە باری ئەوسادا کە بارێکی نائاسایی بوو ئیشی کادرەکانمان تەنها لە لادێکان بوو. بەڵام ئەمڕۆ دەبێ شانبەشانی ئیشی لادێ قورسایی ئیشی پارتی بخەینە سەرشارەکانیش. سەردەمی جەنگ و پێویستی دەزگا جۆر بە جۆرەکانی شۆڕش بەشێکی زۆری کادرەکانمان هەڵوشاوە کە لە وەختی خۆی تەرخان کرابوون بۆ کاروباری سەرکردایەتی سوپایی و بەڕێوەبەری و دادگایی. بەڵام ئەمڕۆ کە باری کوردستان هێدی بووەتەوە و بە دەرچوونی بەیانی ئاشتی هەرکارێك گەڕاوەتەوە شوێنی خۆی، دەبێ ئەم کادرانەش بگەڕێنەوە بۆ ئیشوکاری پارتییانەیان لە ناو ڕیزەکانی پارتی و ڕێکخراوەکانیدا. بێگومان ئەمانە، شانبەشانی دەرچووانی دەورەکانی خوێندنگای ئامادەکردنی کادر، بەشدارییەکی گەورە دەکەن لە بەهێزکردنی ڕێکوپێکێ و جێگیرکردنی بنچینەی هاوبیری و هاوکاری لە ناو پارتیدا.

لێپرسینەوەی ئەو بۆشاییەی کە هەستی پێ دەکەین لە بیری سیاسی و نەتەوەییماندا دیارە و نابێ تەنها لە ئەستۆی پارتیماندا بێ، بەڵکو ڕیشەیەکی کۆنی هەیە لە مێژووی گەلی کوردماندا. مێژووی گەلەکەمان وەك هەمووتان شارەزان، هەمیشە لەلایەن دوژمنانەوە

دەستی پێیدا هێنراوە و هەڵگێڕاوەتەوە و ئاوەژوو کراوە. دانان و بڵاوکردنەوەی کتێبی سیاسی و مێژوویی و نەتەوەیی هەمیشە لە ژێر باری چەرمەسەری و چەوساندنەوەدا بووە. لەوانەیە بڵێین لەم جیهانەدا تاقە دەزگایەکی ڕاگەیاندن نییە کە تەرخان کرابێ بۆ خزمەتکردنی گەلی کورد، وەزعی وا شتێکی بێ هاوتایە و لای هیچ گەل و نەتەوەیەکی تر وێنەی لەوانەیە نەبێ. ئەم ڕاستییە دڵبریندارکەرە ئەرکێکی خەباتکارانەی زۆرمان دەخاتە سەرشان و دەبێ پاڵمان پێوە بنێ بۆ ئەوە کە بێوچان هەوڵ بدەین بۆ کەڵکوەرگرتن لە هەر هەلێك کە بۆمان بلوێ بە نیازی ئاگادارکردنی گەلەکەمان لە باری ژیانی خۆی و لەو کەلەپوورە مێژووییە کە باو باپیر بۆیان بەجێهێشتووین و بۆ دەوڵەمەندکردنی بیری پێشکەوتووی نەتەوەییمان و گەیاندنی مەسەلەی ڕاست و دروستمان بە هەموو گەلانی جیهان و کۆڕ و کۆمەڵەکانی ناودەوڵەتان.

**برایانی خۆشەویست:**

بێگومان هەمووتان هەست بەوە دەکەن کە لە هەر لایەکی کوردستانی عێراقدا کۆمەڵانی گەل چۆن ڕوویان کردووەتە پارتیمان. دیارە ئەم ڕووتێکردنە لەمەوپاشیش زیاتر پەرە دەسێنی، ئەم ڕووتێکردنی خەڵکە لە پارتیمان گەلێ هۆی هەیە و سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەرەسەندنەی بزووتنەوەی نیشتمانی کورد کە ئەمڕۆ هەیە. هۆی هەرە گەورەی بەسترانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە پارتیمانەوە ئەوەیە کە پارتیمان دڵسۆزە بۆ مەسەلەی گەلەکەمان.

بێگومان دیارە مەبەستی تایبەتی و هەلپەرستی و خودپەرستیش لە ناوا هەیە و گەلێ کەس هەن هەر یەك لە بەر هۆیەك دەیانەوێ خۆیان بهاوێنە ناو سازمانەکانی پارتیمانەوە. بەم بۆنەیەوە دەبێ لەو پەڕی ئاگاداری و وریاییدا بین لە ئاستی وەرگرتنی ئەم جۆرە کەسانەدا و لە وەرگرتنی هەر ئەندامێکی نوێدا زۆر وردبینەوە و لێبکۆڵینەوە تا نەهێڵین پیاوی بەدکار ڕێی بکەوێتە ناو پارتیمان، چونکە بە درێژایی ژیانی سیاسی پارتیمان گەلێ جار تووشی ئەم جۆرە کەسانە بووین کە بەداخەوە گەیشتوونەتە پلەی سەرکردایەتی و زیانێکی زۆریان بە پارتیمان گەیاندووە.

**خەباتکاران:**

ئەندازەی پێشکەوتن و سەرکەوتنمان بەسراوە بەوەوە کە تا چ ڕادەیەك باش ورد دەبینەوە لە باری ژیانی گەل و پارتیمان و جووڵانەوەی نیشتمانی عێراق دەگەین. هەروەها

بەسراوە بە ڕاستی و دروستی بڕیارەکانی ئـەم کۆنگرەیـەوە. بـەو پـەڕی دڵسـۆزییەوە هیـوای سەرکەوتنمان هەیە لە ئیش و کارمان، ئیتر هەر خۆش بن.

# دەقی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی
# پارتی دیموکراتی کوردستان

## بڕیاری لەسەر دراوە
## لە کۆنگرەی هەشتەمی پارتیدا
## کە لە یەکی تەمووزی ١٩٧٠دا بەسرا*

## پرۆگرام

**بەندی یەکەم-**

ناوی پارتی- پارتی دیموکراتی کوردستانە.

**بەندی دووەم-**

پارتیمان پارتێکی دیموکراتی و پێشڕەوی شۆڕشگێڕانەیە و نوێنەری سوودی کرێکاران و جووتیاران و کاسبکاران و خاوەنپیشەکان و ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکانی ناو کوردستانی عێراقە.

**بەندی سێیەم-**

تێ ئەکۆشین لەڕێی ڕزگاری و بەجێهێنانی بەیانی (١١ی مارت)دا بە شێوەی قووڵی بنەڕەتی و گەشەکردن و پێشخستنی کوردستان لە ناو کۆماری عێراقدا.

**بەندی چوارەم-**

لەبەر ئەو پەیوەندییە یەکدیگیرییەی کە هەیە لە نێوان بزووتنەوەی هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد وە لە ڕێی پێوستی تێکۆشانی هاوبەشی هەقی چارەنووسی هەردوو لایاندا وە لە ڕێگای ئازابوون و پێشکەوتنیاندا ئێمە وای دەبینین کە هەموو گەشە و پێشکەوتنێك کە ڕوو دەدات لە بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەبدا لە عێراق، دەبێت هەر بەو پێودانگ و شێوازە حقوقی نەتەوەیی گەلی کوردیش گەشە بکات و پێش بکەوێت.

**بەندی پێنجەم-**

پـارتیمان لـە تێکۆشـانی ڕامیـاری  ـ سیاسـی وە لـە یەکالآکردنـەوە و تـاووتوێی بـاری کۆمەڵایەتیـدا سـوود وەردەگرێـت لـە تیـۆری ـ نظریـة ـ زانسـتییە پێشـکەوتنخوازەکان و لـە بەسەرهات و تەجروبەی گەلان بەو پێودانگ و ڕێیـەی کـە بگـونجێ لەگـەڵ سـوودی گـەلی کوردستاندا.

**بەندی شەشەم-**

تێ دەکۆشین لە ڕێی حوکمڕانییەکی دیمـوکراتی شۆڕشـگێڕی کـە هـەڵبژێردرابێ لەلایـەن گەلەوە بۆ قووڵترین و کاریگەرترین گۆڕانی کۆمەڵایـەتی و ئـابووری "اقتصـادي" لـە هـەموو بارێکەوە، هەروەها لە ڕێی زامنی ئازادی ئـاین و بـاوەڕ و بـڕوا و ڕۆژنامەگـەری و پـەخش و ڕێکخستنی پارتایەتی بۆ هەموو هاووڵاتییەکان.

**بەندی حەوتەم-**

أ.  تێ دەکۆشین لە ڕێی پتەوکردنی برایـەتی لـە نێـوان هـەردوو میللـەتی برابـەش کـە عەرەب و کوردن.

ب.وە لە سەویەی هەموو کۆماری عێراقیشدا خەبات دەکـەین بـۆ پشـتگرتنی برایـەتی نێـوان عـەرەب و کـورد و کەمایەتییـەکان وە لـە ڕێـی چەسـپکردنی یـەکێتی نیشـتمانی لـە سەرانسەری عێراقدا.

ج. تێ دەکۆشین لە ڕێی بەهێزکردنی پەیوەندی دۆستایەتی لە نێوان گەلی کوردمـان و هەموو گەلانی دنیا بە تێکڕایی.

**بەندی هەشتەم-**

أ.   خەبات دەکەین لە ڕێی پاراستنی ئاشتی لە عالەمدا وە لە ڕێی ڕەواندنەوەی تونـدی گرژبوونی ناودەوڵەتاندا، وە یەکگرتووەکان و بڕیارەکانی کۆنگرەی بانـدۆنگ و سـەرەتاکانی ـ مبادئی ـ هاوژیانی ئاسایشانە و چارەسەرکردنی گیروگرفتە دەوڵەتییـەکان لـە ڕێـی وتـووێژ و گفتوگۆوە و قەدەغەکردنی چەکی ئەتۆمی و تاقیکردنەوەی ئەو جۆرە چەکانە.

ب.  بەردەوامبوون لە سـەر ڕێـڕەوی سیاسـەتێکی نیشـتمانی دژ بـە ئیمپریـالیزم چونکـە ئیسـتعمار مەترسـییەکە هەڕەشـە لـە گـەلان دەکـات. وە بـەردەوامین لـە سـەر پتـەوکردنی پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ هەموو گەلاندا لەسەر بناغەی سوودی گشتی هەموو لایەکمان،

هەروەها پشتگیری بزووتنەوە ئازادیخوازە نیشتمانییەکانی ئەو گەلانە دەکەین کە وان لە خەباتدا لە ڕێی سەربەستی و هەقی چارەنووسیاندا.

**بەندی نۆیەم-**

پتەوکردنی پەیوەندی دۆستایەتی و هاریکاری لە نێوان پارتیمان و هەموو پارت و ڕێکخراوەکانی کەی عێراقدا کە ئیمانیان هەیە بە عەدالەتی کێشەی کورد و پاڵپشتمانن.

هەروەها پشتگیری تەواوی برایانە و خەباتگێڕانەی هەموو پارت و ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی ناو هەموو بەشەکانی کەی کوردستان دەکەین لەگەڵ پتەوترکردنی دۆستایەتی لەگەڵ هەموو پارت و ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی تری هەموو گۆشەیەکی جیهان.

**بەندی دەیەم-**

پشتگیری خەباتی گەلی کوردمان دەکەین لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا لە ڕێی ڕزگاربوون و بەهەقگەیشتنی نەتەوەیی ڕەوادا.

**بەندی یازدەهەم-**

تێ ئەکۆشین لە ڕێی چەسبکردنی هەقی وەرگرتنی جنسیەی عێراقی بۆ ئەو کوردانەی ڕەغبەتیان هەیە و ماوەی پێنج ساڵ زیاترە نیشتەجێی عێراقن وەکو فەیلییەکان و گۆیان و ئۆمەریان و ئەوانی کەش.

**بەندی دوازدەهەم-**

خەبات دەکەین لە ڕێی گەشەپێدانی ئابووری نیشتمانی و بەرزترکردنەوەی ئاست و ڕادەی ژیانی گەل لە هەموو ڕوویەکەوە و بەپێی سەرەتایەکی نەخشەیی زانستی ئابووری و کۆمەڵایەتی گشتی لەبەر ڕۆشنایی زانیارییەکی بەدەستهێنراوی کەرەسە و بەروبوومی سروشتی و بەشەری و دارایی وڵاتەکەمان و ئامادەکردنی هەموو پێویستییەکی شیاو بۆ گەشەپێدان و پێشخستنی ئابووری لە ژێر چاودێری برگە "قطاع"ی گشتیدا.

**بەندی سێزدەهە-**

پارتیمان بڕوای وایە کە پیشەسازی وە بە تایبەتی پیشەسازی قورس نیرگە "عماد"ی سەربەستی نیشتمانییە و پاڵپشتی سەربەستیی ڕامیارییە، لەبەرئەوە تێ دەکۆشین بۆ پڕکارسازیکردنی وڵات بە هەردوو بەشە قورسەکەی و سوکەکەیەوە لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامی

وەدەستهێنانی زانیاری لە بارەی سامانی مەعدەنییەوە و ئیهتیمامدان بە کارسازی نەوت و گۆگرد "کبریت" وە هەوڵدان بۆ گەیاندنی کارەبا بە هەموو شوێنێکی وڵات وە گەشەدان و پێشخستنی کارسازی نیشتمانی و پاراستنی لە (تەنگپێهەڵچنینی) بێگانە و هاندانی خستنەکاری دەسمایەی نیشتمانی لە کارسازی و پیشەسازیدا لەگەڵ پاراستنی سوودی گەل. هەروەها پارتیمان پشتی پێشخستن و گەشەپێدانی کارسازی کشتوکاڵ دەگرێت لە ڕێی زیادبوون و جۆربەجۆربوونی "تنویع" بە شێوەیەك کە بگونجێ لەگەڵ پێشکەوتنی کارسازیدا و پووکاندنەوە و نەهێشتنی باج "ضريبة" لەسەر هێنانی کارگە و ماشێنئالات بۆ پشتگیری کارسازییە نیشتمانییەکانمان.

**بەندی چواردەهەم-**

تێ دەکۆشین لە ڕێی قەڵاچۆی بنەڕەتی بێکاریدا و دانانی قانونی پێشکەوتوو بۆ زامنی سوودی کرێکاران و کارگوزاران "مستخدم" لە ڕێی سنووردانان بۆ ڕادەی هەرە کەمی مووچە و کرێ بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە زامن بێت بۆ ژیانێکی شیاو بۆ خۆیان و خێزانەکانیان. هەروەها سنووردانان بۆ خستنەئیشی منداڵان و قانونی پێشکەوتووی پێویست بۆ تەقاعد و زامنی کۆمەڵایەتی گشتی و زامنی سەربەستیيە نەقابییەکان بە شێوەیەك سوودی کرێکاران و کارگوزارانی تیا بێ و ناردنی کرێکاران بۆ زیاتر فێربوون لە دەرەوەی وڵات و زیاترکردنی قوتابخانە پیشەسازییەکان لە ڕێی بەرزکردنەوەی ئاستی تەکنیکی کرێکاراندا.

**بەندی پانزەهەم-**

خەبات دەکەین لە ڕێی زیاترکردنی دەستکەوتی عێراق لە نەوتدا وە بڕیاردان لەسەر بەشێکی ئەو دەستکەوتە بۆ خەرجکردنی لە پرۆژەکانی ئاوەدانکاری و کارسازی و کشتوکاڵی لە کوردستانا بە نیسبەتی ژمارەی دانیشتووانی، وە هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی زامنی و چاودێرییەکی تەواو لەسەر جێبەجێکردنی ئیتیفاقیاتەکان و ئینتاج کەمنەکردنەوەی نەوت و پارەکەمنەکردنەوەی و بەجێهێنانی قانونی ژمارە (٨٠)ی ساڵی ١٩٦١ بە خۆی و تەعدیلاتەکانییەوە و قانونی ژمارە (٩٧)ی ساڵی ١٩٦٧. وە پشتگرتنی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی وە هەوڵدان بۆ مەنعکردنی شیرکەتە نەوتینە بێگانەکان لە دەستخستنە کاروباری ناوخۆی عێراق. وە دروستکردنی کارسازی ئەو بابەتانەی لە نەوتەوە پەیدا دەبن "مشتقات" لەلایەن حکوومەتەوە و لەو شوێنانەدا کە کانگای دەرهێنانی نەوتن وە بە شێوەیەك کە ڕێك بکەوێت لەگەڵ باری ناوچەکەدا، هەروەها هەوڵ بدرێ بۆ ئامادەکردنی کادری بەڕێوەبردن و هونەروەری تا بتوانرێ لە پاشەڕۆژدا نەوتەکە بکرێ بە خۆماڵی "تەئمیم".

**بەندی شازدەهەم-**

پشتگیری قانونی چاکترکردنی زەویوزاری تازەی ژمارە (٣٧)ی ساڵی ١٩٧٠ دەکەین بە شێوەیەك کە زامن بێت بۆ ئەوەی هەموو جووتیارانی کوردستان زەوی وەربگرن، وە ڕیشەی پەیوەندی دەرەبەگایەتی لە بنج و بێخ دەربهێنێ. وە لە ڕێی باشترکردنی باری جووتیاران و زیاترکردنی دەستکەوتیان. پارتیمان بۆ پێکهێنانی ئەم خاڵانە هەوڵ دەدات بۆ :

**یەکەم:-**

أ. چاککردن و بەبەراوکردنی ئەو زەوییانەی کە هەتا ئێستا بەیار بوون وە دابەشکردنیان بەسەر ئەو جووتیارانەدا کە زەوییان بەرناکەوێ یان ئەوەی کە هەیانە کەمترە لەوەی قانون بڕیاری لەسەر داوە.

ب. چارەسەرکردنی ئاودێری "ري" بە دروستکردنی جۆگاو هەڵکەندنی بیری ئیرتوازی و بە دروستکردنی بەست "سد" وە ئەستێرك "خزان" لەسەر چەمەکان بۆ ئاودێری و ئاودانی ئەو زەوییانەی لەبارن بۆ کشتوکاڵ وە ڕیگەدان بە جووتیاران کە سوود وەربگرن لە پرۆژە ئاودێرییەکانی میری.

ج. یارمەتیدانی جووتیاران بە تۆو و بە پەینی کیمیایی و بە ماشێن و ئالاتی کشتوکاڵ تا بتوانن بەروبومیان زیاتر بکەن. وە هەروەها دەستیان بگیرێ بە جۆرە قەرزێکی ماوەدرێژ وە بە کەمترین سوود تا جووتیاران ڕزگاریان ببێ لە چنگی سووخۆرەکان.

د. دامەزراندنی کۆمەڵانی هەرەوەزی هاریکاری بۆ جووتیاران لە ڕێی کڕینی ئەو پێویستییانەیانا بە نرخێکی هەرزان وە بۆ فرۆشتنی بەروبوومەکەیان.

ه. ڕێئاسانکردن بۆ بەکارهێنانی ماشێنە کشتوکاڵییەکان و ڕێپێشاندانیان بۆ باشترکردنی شێوەی کشتوکاڵ و هاندان و پشتگرتنیان و بڵاوکردنەوەی گیانی هەرەوەزی لە ناویانا بە شێوەیەکی تازە و شیاو و لەبار لە ناوچە کشتوکاڵییەکانا.

و. ڕابەری هونەری بکرێن بۆ بەرزترکردنەوەی سەویەی کشتوکاڵ وە ناردنی بیعسەی جووتیارانی کوردستان بۆ وڵاتە بێگانە پێشکەوتووەکانی کشتوکاڵ.

ز. ئیهتیمامدان بە کردنەوەی قوتابخانە و دەزگای کشتوکاڵی لە کوردستانا.

ح. بەهێزکردنی کۆمەڵەکانی جووتیاران لە کوردستانا وە ماوەپێدانیان بۆ ئەوەی بتوانن بە تەواوی ئیش بکەن و قانونی چاککردنی زەویوزار بچەسپێنن و هەڵسن بەو کاروبارانەی

خۆیان كه له سەرەوە باسمان كردون.

**دووەم-** مەسەلەی بەخێوكردنی مەڕومالآت یەكێكه له دوو شێوە سەرەكییەكەی بەروبوومی لادێ له كوردستانا، وه ئەمیان نیسبەتێكی گەورەی دەرامەتی جووتیارە، لەبەر ئەوە هەوڵ دەدەین له ڕێی :

أ. پووكاندنەوەی هەموو ئیمتیاز و پەیوەندی و قەیدێك كه دێته ڕێی بەخێوكردن و زۆرتركردن و گەشەی ئەم مەڕومالآته وەكو هەقی سەندنی سەرانەی پاوان و لەوەڕگا و دیاری و هەر جۆرە بەندوباوێك كه لەمەوبەر دەرەبەگەكان خستویانەته سەر جووتیارەكان.

ب. نیشتەجێكردنی هەموو كۆچەر و ڕەوەندەكان لەگەڵ موراعاتی باری بەروبوومیان وه دابەشكردنی زەوی بەسەریانا و تەئمینی لەوەڕگا و پاوان بۆ ئاژەڵەكانیان.

ج. زۆركردنی دەزگای بەیتاڵی و زۆركردنی دەرمان بۆ نەهێشتنی نەخۆشییەكانی ئاژەڵ و تووشنەبوونیان و پاراستنیان و باشتركردنی نەوەیان و فێركردن و بەكارهێنانی تازەترین شێوەی لەشساغی و زانستی بۆ بەروبوومی ئاژەڵ.

د. دامەزراندنی كۆمەڵگای هەرەوەزی بۆ بەخێوكردن و پەروەردەكردنی فڕندەی ماڵی "دەواجن" له ڕێی سوودەوەرگرتن له بەروبوومیان لەبارەی ئابوورییەوە.

**سێیەم-**

أ. ڕاستكردنەوەی قانونی ئینحیساریی توتن بەو شێوەیەی ڕێك بكەوێ لەگەڵ سوودی زوراعەكانی توتندا وه له ڕێی چاكتركردنی جۆری توتن وه نەهێشتنی ئەو قەیدانەی سەپێنراوە بەسەر زەراعەتی توتندا و جیاكردنەوە جۆرەكانی و ئەو نرخانەی بۆیان دانراوە.

ب. دەستگرتنی زوراعەكانی توتن به پارە و به تۆوی باش وه به مەرجێكی شیاو تا بتوانن توتنێكی باش بهێننه بەرهەم له هەموو ساڵێكدا.

ج. ئامادەكردنی پسپۆر "اختصاصی" و ڕابەری شارەزا بۆ چاكتركردنی جۆرەكانی توتن وه دروستكردنی كۆگای شیاو بۆ پاراستنی توتن له خراپبوون.

د. چاكتركردن و زۆرتركردنی كارسازی جگەرە و توتن وه دروستكردنی كارگه و موختەبەر له ناوچەكانی توتن خۆیدا به شێوەیەك كه عێراق ببێته یەكێك لەو وڵاتانەی توتن دەنێرنه دەرەوە و بۆ ئەوەش كه ئینتاجی ئەو جۆرە توتنانه بكات كه عێراق له دەرەوە دەیانهێنێت.

ه. زۆرترکردنی کارسازی توتن وەکو تـەنقیح "بژارکـردن"، جگـەرەی عێراقـی بگاتـە ئـەو ڕادەیەی لە بازاڕەکانی عالەمدا جێی ببێتەوە.

و. ئینحیسار بچەسپێنرێ بەسەر زەراعەت و کارسازی و بازرگانی توتندا، ئەویش بـەوەی هەموو کارگەکانی توتن ببەسترێتەوە بە دەزگای بەڕێوەبەرایەتی ئینحیساریی توتنەوە.

**چوارەم-**

أ. ئیهتیمامدان بە جەنگەڵستان و دانانی ئەو قانونانەی دەبنە زامنی پاراستنی لـە ڕێـی سوودی ئابووری نیشتیمانیدا.

ب. هاندان بۆ دارڕواندن و بۆ موتوربـەکردنی داری بێیـەر و بـەردار و بەشـی باخـەکان "بەستەنە"ی میوە بخرێتە سەر پرۆژەکانی زۆرترکردنی دارسـتان لـە ناوچـە شـاخاوییەکان لـە ڕێی زۆرترکردن و باشترکردنی دەستکەوتی ئابووری و بۆ پێشخستنی سامانی نەباتی.

**بەندی حەڤدەهەم-**

ڕێکخستنی کاروباری بازرگانیەتی ناوخۆ و دەرەوە و، یارمەتیدانی بازرگانە نیشـتمانییەکان لە ڕێی گەشەپێدانی بازرگانیدا و موراعاتی هەردوو برگەی گشتی و تایبـەتی بـەپێی سـوودی وڵاتەکەمان و بـەرگریکردن و بـەگژاچوونی ئیحتیکـار و دەستبەسـەراگرتن و نرخزیـادکردن و یـاریکردن بـە خـۆراکی گـەل. هـەروەها هـەوڵ دەدەیـن پەیوەنـدی بازرگـانیمان لەگـەڵ دەوڵەتەکانی تردا لەسەر بناغەی سوودی وەکیەکی بێـت وە هـانی ئـەوە دەدەیـن شـتومەك ڕەوانە بکرێت بۆ دەرەوە تا بتوانرێ تەنیا کەرەسەی پێویست بهێنرێ بۆ عێراق.

**بەندی هەژدەهەم-**

أ. ڕێکخستنی کاروباری دارایی بە جۆرێکی وا کە دەستمان بگـرین لـە خەرجکردنـدا و هەتا دەتوانرێ پـارەی پێویسـت تـەرخان بکـرێ بـۆ ئـەو پرۆژانـەی بـەروبوومیان هەیـە و کارێکی وا بکرێ کە خەرجکردن و واریدات لاسەنگیان تیا نەبێ.

ب.ڕژێمێکی دادپەروەرانە دابنرێ بۆ باجسەندن کە لە پلەی یەکەمدا متمانە بکاتە سەر باجی ڕاستەوخۆ وە باجی سەربەرەوژووری "الضريبة التصاعدية" بەرامبەر بـە دەسـتکەوت و میراتـی، وە بـاجی لابـەلایش "غیـر مبـاشر" کـەم بکرێتـەوە لەسـەر شـانی چینـە زەحمەتکێشەکان.

ج. گەشەدان و پێشخستنی ڕژێمی بانقە عێراقییەکان بەوەی سەرمایەیان زیـاد بکـرێ و

لقی تەواویان بۆ بکرێتەوە و کاروباری مەسرەفییان بۆ ئاسانتر بکرێ تا بتوانن ئەرکی خۆیان بە تەواوی بەجێ بهێنن و گەشە بە ئابووری نیشتمانی بدەن.

د. پشتگرتن و پەرەپێدانی بانقی ناوەندی "مەرکەزی" عێراقی وە وای لێ بکرێ کە بتوانێ قەڵاچۆی قاچاخچیەتی پارە و ئاڵتون بنێت وە پارەی عێراقی پتەو و بەنرخ بکات وە داپپۆشێ بە میقدارێکی پێویست لە ئاڵتون و لە پارە و نەختینەی هەمەجۆری بێگانە.

ە. دانانی ئەو قانون و تەعریفە گومرکییانە بە شێوەیەك کە سوودی هەموو گەل تەئمین بکات و ئابووری و کارسازی نیشتمانی بپارێزێت.

**بەندی نۆزدەهەم-**

أ. ڕێکخستنی ڕێگەوبان لە کوردستانی عێراقدا بەوەی ڕێی تازە بکرێتەوە و تۆڕێکی ڕێگەوبانی شەمەندەفەریشی تیا دروست بکرێت.

ب. تەئمینکردنی پاپۆڕی نەوتگوێزەرەوەی پێویست بۆ گواستنەوەی نەوتی عێراق، وە گەشەدان و پەرەدان بە دەزگای گواستنەوەی دەریایی، وە زۆرترکردنی تۆڕی ڕێگەوبانی زەوی و ئاسمانی و دەریایی بێتەل و تەلدار لەگەڵ هەموو دەوڵەتاندا بەپێی پێویستی و سوودی نیشتمانی.

ج. ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و ئیهتیمامدان بە پرۆژەکانی و دێی تازە دروستکردن و خانووبەرە زۆرکردن.

د. دروستکردنی دەزگایەتی تایبەتی بۆ هاوینەهەوارەکان وە پەرەپێدان و ڕێکخستنی لە شێوەیەکی عەسری و گەیاندنی ئەو هاوینەهەوارانە بە یەك و بەستنیان بە یەکەوە بە ڕێگەوبان و ئاسانکردنی گەیشتنە ئەو شوێنانە و کردنەوەی چەند ڕێگەوبانێك کە سلێمانی ببەستێت بە زاخۆوە و بەناو هەموو هاوینەهەوارەکاندا بڕوات و لە هەموو شوێنێکی عێراقیشەوە خەڵقی بتوانن بە ئاسانی بگەنە ئەو ڕێوبانانە.

**بەندی بیستهەم-**

ئامادەکردن و زۆرکردنی میلاکی کادری لەشساغی خاوەنتوانا لە ڕێی کردنەوەی کۆلێج و قوتابخانەی سحییەوە و زۆرترکردنی ناردنی بیعسە بۆ دەرەوەی عێراق و بەرزکردنەوەی ئاستی لەشساغی گەل بە دانانی نەخشەیەکی فراوان بۆ پاراستنی گەل لە نەخۆشییە نیشتەجێییەکان و نەخۆشییە پەتاکان "ساری" وە دەرکێشانی ڕەگ و ڕیشەیان وە بەهێزکردنی دەزگای پرۆپاگەندە و ڕابەرایەتی لەشساغی لە ڕێی هۆ جیاجیاکانی دەزگای

پڕۆپاگەندەوە و ئیهتیمامدان بە پڕۆژەی دروستکردنی ئاوی پاك بۆ گەل و زۆرترکردنی موعالەجەی خۆڕایی لە هەموو سوچێکی کوردستاندا و زۆرترکردنی نەخۆشخانە و موستەوسەف و ئەو شوێنانەی کە پێویستن بۆ ئەو ئامانجانە، وە هەروەها پێویستە ئەم نەخشەیە هەموو شوێنە هەرە دوورەکانیش بگرێتەوە و نەخشەیەکی گەورە دابنرێت بۆ زۆرکردنی دەرمان و دروستکردن و گەشەپێدان بە کارسازی دەرماندروستکردن لە عێراقدا و هێنانی هەموو پێویستییەکی فەننی لەشساغی و نرخدانانیش لەسەر دەرمان.

**بەندی بیست و یەك-**

بەکارهێنانی شێوەی هەڵبژاردنی دیموکراتی ڕاستەوخۆ بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوەبەرانی شارەوانییەکان و ئەنجومەنەکانی شارەوانی و ئەنجومەنە بەڕێوەبەرایەتییەکان. وە دانانی نەخشەیەکی تێکڕایی بۆ شارەوانییەکان لە بارەی ئاوەدانکاری ناوخۆ وە دروستکردنی باخچە و سەیرانگا گشتییەکان و ڕێگەوبان و کۆڵان و یاریگا و کۆڕە گشتییەکان لە کوردستانی عێراقدا بە مەرجێك نەخشەی تازە چاودێری بکرێ لە ڕەنگڕشتنی شارەکاندا.

**بەندی بیست و دوو-**

کارکردن لەو ڕێیەدا کە ئافرەت هەموو هەقێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و زانیاریی خۆی بەکار بهێنێ و بۆ ئەو ئامانجانە قانونی پێویست دەربچێ و ببێتە پارێزەری هەموو هەقێکی ئافرەت لە کارکردندا پێش وە لە دوای منداڵبوونیش، وە خێزان پارێزراو بێت و بەپێی قانون هەموو هەقێکی دایکان و منالان بپارێزرێت.

**بەندی بیست و سێ-**

أ. تێ دەکۆشین لە ڕێی زامنیەتی هەموو هەقێکی قوتابیانی کورد وە لە ڕێی قەلاچۆ و لەڕیشەدەرهێنانی نەخوێندەواری و لەناوبردنی دەردی نەخوێندەواری و ئاراستەکردنی پەروەردە و فێرکردن ڕووەو ڕێیەکی نیشتمانی و دیموکراتی و موکافەحەکرنی پڕۆگرام و هەڵوێستی کۆنەپەرستانە و فاشیستانە و ڕەگەزپەرستانە و بەستنەوە و ئاوێتەکردنی تیۆری بە کردەوە و چەسپاندنەوە "نظرية و تطبيق".

ب. خەبات دەکەین لە ڕێی بووژاندنەوە و زیندوکردنەوە و پێشخستنی ئەدەب و مێژوو و هونەری کورد و دەوڵەمەندکردنی بە کەلەپوری مرۆڤایەتی نەتەوەکانی کە پاراستنی جێماوە دێرینییە مێژووییەکان لە کوردستانا و ڕازاندنەوەیان لە ناو شوێنگای ئەنتیکەخانەی تایبەتیدا "مۆزەخانە".

ج. هەوڵ دەدەین بۆ گەشەپێدان و بەرزترکردنەوە و پەرەپێدانی زانستگای سلێمانی وە پاراستنی سەربەستییەکەی و کردنی بە بنکەیەکی باس و لێکۆڵینەوە و لێوردبوونەوە و بەدواداڕۆیشتنی ئەکادیمی و زیندوکردنەوەی کەلەپوری نەتەوەیی کورد.

د. پشتگیری خوێندن دەکەین بە وتنەوەی زمان و ئەدەب و مێژووی کورد لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا و گەشەدان بە خوێندنی زمانی کوردی و وتنەوەی لە هەموو گۆشەیەکی عێراقدا و دروستکردنی زانکۆیەکی زانستی کوردی و دامەزراندنی دەزگایەکی چاپەمەنی و پەخش و دروستکردن و پێکهێنانی دامودەزگای تایبەتی تێزگە و تەلەڤیزیۆن لە کوردستاندا.

ه. خوێندن لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا بۆ کوڕ و کچ ئیلزامی بێت وە قوتابخانەی زانستی ئێواران بکرێتەوە بۆ کرێکاران و جووتیاران و هەموو زەحمەتکێشان، هەروەها کتێبخانەی گشتی زۆر بکرێن لەگەڵ موختەبەراتی زانستی و یانە و ئەم شوێنانەدا، وتە و دەمەتەقێ و نەدوە بۆ میللەت بڵاو بکەنەوە لە ڕێی بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاریدا لە ناو ڕۆڵەکانی گەلەکەماندا.

و. گەشەدان بە ئەدەب و هونەری کوردی وە ئاراستەکردنی وزەی شۆڕشگێڕییان لە ڕێی خزمەتی مرۆڤایەتیدا بە گشتی و لە ڕێی ئامانجە دادپەروەرانەکانی گەلی کورددا بە شێوەیەکی تایبەتی.

وە پشتگرتن و هاندانی بزووتنەوە و چالاکی ئەدەبی و هونەروەری و زیاترکردنی زەمالە و بیعسە بە نیسبەت قوتابییەکانی کوردەوە بە مەرجێك موراعاتی نیسبەتی دانیشتووان بکرێ و هەروەها دامەزراندن و زۆرترکردنی شانۆ وە یانەی وەرزشی.

ز. ئیهتیماندان بە پیاوانی ئاین و بەرزکردنەوەی سەویەی ژیان و زانیارییان و کردنەوەی دەزگای دینی بۆ فەقێکان و پەرەدان بەم دەزگایانە و ڕێکخستنی کاروباری وەقف لە کوردستاندا.

ح. تێ دەکۆشین لە ڕێی زامنیەتی هەموو هەقێکی مامۆستایانی کوردستاندا وە هەوڵ دەدەین بۆ بەرزترکردنەوەی مستەوایان لە هەموو ڕوویەکەوە و تەئمینی بەشێکی باش لە زەمالاتی خوێندن بۆ مامۆستایان.

**بەندی بیست و چوار-**

أ. ئیهتیمامدان بە پێشمەرگە، بە ڕێکخستنی کاروبار و ئیدارەیان بەپێی ڕێکەوتنەکەی

١١ی مارت وه هەوڵدان بۆ بەرزترکردنەوەی سەویەی ڕێکخراوەکانیان لە بـارەی لەشسـاغی و زانیاری و دارایی و سەربازییەوە و پێگەیاندن و پەروەردەکردنیان بە گیانێکی دیموکراتییانەی نیشتمانپەروەرانەی ڕاستەقینە و زامنیەتی پاراستنی هەموو حقوقێکی ڕەوایان بە تەواوی.

ب. زامنیەتی بەخێوکردنی خێزانی شـەهیدان و ئـەو پەککەوتووانـەی بـەهۆی شۆڕشـی کوردســتانەوە دووچــار بــوون. لەبــەر ڕووونــاکی بیروبــاوەڕە پێشــکەوتووەکان و زانســتی و تاقیکردنەوەی گەلانی تردا.

## پەیڕەوی ناوخۆ:

## بەشی یەكەم

**بەندی یەكەم :**

پارتی دیموكراتی كوردستان، پارتییەكی دیموكراتی پێشڕەوی شۆڕشگێڕە، پێكهاتووە لە یەكگرتنی سەربەستی كەسانێكی دیموكرات كە ئامانجیان یەكە و، قایلن بە پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی و ، لە ڕیزەكانی پێشەوەی كۆمەڵانی خەڵكدا تێ دەكۆشن، بەپێی تەكتیك و پلان و ئامۆژگارییەكانی پارتی، وە لەبەر ڕووناكی بیروباوەڕە پێشكەوتووە زانستییەكان و تاقیكردنەوەی گەلاندا.

**بەندی دووهەم :**

یەكێك لە ئامانجەكانی پارتیمان جێگیركردن و بۆپێشەوەبردنی حوكمی ئۆتۆنۆمیی كوردستانی عێراقە لە چوارچێوەی كۆماری عێراقدا لەگەڵ خەبات بۆ سەربەخۆیی ئابووری و سیاسیی عێراق و، دابینكردنی مافی ئەو كەمایەتییانەی لە عێراقدا دەژین و، هەوڵدان بۆ بەرزكردنەوەی پلەی تێگەیشتنی سیاسیی ئەو كەسانەی سەر بە پارتین، لە ڕێگای ئامادەكردنی كادری تێگەیشتووی پارتی و پتەوكردنی برایەتیی كورد و عەرەبەوە.

## بەشی دووهەم

**بەندی سێهەم: ((ئەندامی پارتی))**

أ. هەركەس ئەم مەرجانەی خوارەوەی تیا بێ بە ئەندام وەردەگیرێ :

١. قایل بێ بە پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی و، بەپێی بەندەكانی بجووڵێتەوە.

٢. لە یەكێ لە شانەكانی پارتیدا ئیش بكا.

٣. تەمەنی لە ١٨ ساڵ كەمتر نەبێ.

٤. لای كەمی تێگەیشتنی سیاسیی نیشتمانپەروەریی گشتیی هەبێ.

٥. ناوبانگی لە ناو خەڵكا باش بێ.

٦. ئابوونەی ئەندامەتی بدا، بە مەرجێك كە لەم ئەندازانەی خوارەوە کەمتر نەبێ:

هەر ئەندامێك و هەر پاڵێوراوێك كە دەسكەوتی مانگانـەی لـە بـەینی ١٠ ـ ١٥ دینـارا بێ ١٪.

هەر ئەندامێك و هەر پاڵێوراوێك كە دەسكەوتی مانگانـەی لـە بـەینی ٢٥ ـ ٤٠ دینـارا بێ ٤٪.

هەر ئەندامێك و هەر پاڵێوراوێك كە دەسكەوتی مانگانـەی لـە بـەینی ٤٠ ـ ٦٠ دینـارا بێ ٥٪.

هەر ئەندامێك و هەر پاڵێوراوێك كە دەسكەوتی مانگانەی لە بـەینی ٦٠ ـ ١٠٠ دینـارا بێ ٦٪.

ئەگەر دەسـتكەوتی ئەنـدام لـە ١٠٠ دینـار تێپـەڕی، بەرابـەر بـە هـەر دینارێـك ١٪ی ئەندازەی پێشووی دەخرێتە سەر.

ب. كۆمیتەی ناوەندی بۆی هەیە ئەندازەی ئابوونە زیاد بكا بەپێی پێویستی ڕۆژ.

ج. كاتێك كە پاڵێوراو وەردەگیرێ بە ئەندام لە پارتیدا، ئابوونەی مانگێك دەدا بەرامبـەر بە هاتنەناوی پارتی.

**بەندی چوارەم:**

**بە ئەندام وەرناگیرێ لە ناو پارتیماندا، هەركەس كە:**

١. دوژمنی ئاشتی و ئازادی و دیموٚكراسی و مەسەلەی كورد بێ.

٢. نۆكەری بێگانە بێ یا خەفیە بێ یا ئەندامی سازمانێكی وێرانكاری بێ.

٣. ئەندامی پارتییەك یا ڕێكخراوێكی تر بێ بەبێ ئاگاداریی پارتیمان.

**بەندی پێنجەم:**

**پێویستە لەسەر ئەندامی پارتی:**

١. بە هەموو هێزی خۆی تێ بكۆشێ بەپێی پرۆگـرام و پـەیڕەو و پـلان و تاكتیكـەكانی پارتی بۆ هێنانەدیی ئامانج و بڕیار و ڕاسپێرییەكانی پارتی.

٢. بە هەموو هێزی خۆی یەكێتیی پارتی و یەكێتیی كردار و بیری بپارێزێ و، دەرنـەچێ لە سنووری گوێڕایەڵی بۆ فەرمانەكانی پارتی.

٣. به هەر نرخێك بووه نهێنییەکانی پارتی بپارێزێ.

٤. هەمیشه هەوڵ بدا بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانست و تێگەیشتنی شۆڕشگێڕیی خۆی و بۆ فێربوونی بیروباوەڕ و ڕێوشوێنی ڕاستی زانستی شۆڕشگێڕی.

٥. لەسەر ڕێوشوێنی ڕەخنەگرتن و ڕەخنەلەخۆگرتن بڕوا بەڕێوه و، ڕاستی نەشارێتەوه له پارتی و، بابی نەبێ به سەرکەوتن و خۆی لی نەگۆڕێ.

٦. پەیوەندی خۆی بەهێز بکا لەگەڵ کۆمەڵانی گەلدا و، زۆر باش گوێ شل بکا بۆ بیروڕا و داخوازییەکانیان و، یارمەتییان بدا بۆ چارکردنی گیروگرفتەکانیان، به دەستی خۆی و چ له ڕێگای پارتییەوه، وه پارتی ئاگادار بکا لەو بیروڕا و داخوازییانە. هەروەها سیاسیەتی پارتی و باری سەرنجی پارتییش بگەیەنێ به خەڵك و تێیان بگەیەنێ کە ڕای پارتی لە هەر مەسەلەیەکدا چییه.

٧. دەبێ شارەکەی و ئیشەکەی و ڕێکخراوه پارتییەکەی خۆی بەبێ ڕەزامەندیی پارتی بەجێ نەهێڵێ، وه دەبێ بێ پێچوپەنا و، ڕاست و به زات و بێ سوودی پارتی لە پێش هەر سوودێکی ترەوه دانێ.

٨. بەبێ ڕەزامەندیی پارتی هیچ وەزیفەیەکی میری وەرنەگرێ.

**بەندی شەشەم:**

پێویسته لەسەر ئەوانەی دەیانەوێ بێنه پارتییەوه بە ماوەیەکی تاقیکردنەوه و پاڵاوتندا تێپەڕن. ئەمانه پێیان دەوترێ پاڵێوراو.

١. پاڵێوراو ئەو کەسەیه که مەرجەکانی ئەندامەتیی تیا بێ و تەمەنی له ١٨ ساڵ کەمتر نەبێ. پاڵێوراو ئەرکەکانی سەرشانی ئەندام جێبەجێ دەکا، بەڵام ئەوەندە هەیە هێشتا ماوەی تاقیکردنەوەی تەواو نەکردووه، وه هەموو مافێکی ئەندامی هەیە جگە لە مافی هەڵبژاردن، واته نه دەنگ دەدا، نه هەڵدەبژێرێ.

٢. ماوەی تاقیکردنەوەی لەلایەن کۆمیتەی ناوخۆوه دیاری دەکرێ بەپێی جۆری باری پاڵێوراوەکه.

٣. دەبێ ماوەی پاڵاوتن له شەش مانگ کەمتر نەبێ.

٤. ئەو کەسەی که دەپاڵێورێ بۆ ئەندامەتیی پارتی دەبێ دوو ئەندامی پارتی که یەکی ساڵێك یا زیاتر بەسەر ئەندامەتییاندا تێپەڕ بووبێ و پاڵێوراوەکە زۆرباش بناسن و شارەزای

هەڵسان و دانیشتنی بن، لەسەر ئیستیمارەکەی بنووسن ئینسانێکی چاکە و شایانی ئەندامەتییە، ئەوجا لەو شانەیەدا کە داواکە لە ڕێگایەوە هاتووە باسی پاڵاوتنەکە دەکرێ و ڕای تیا دەدرێ.

٥. هەرکەس کە ئەندام بووبێ لە پارتییەکی سیاسیی تردا و داوای ئەندامەتی بکا لە پارتیماندا، دەبێ کۆمیتەی ناوەندی داواکەی تەماشا بکا و وەری بگرێ، وە ئەو خۆی ئەرکی ئەنجامی وەرگرتنی ئەو کەسانە دەگرێتە ئەستۆ.

٦. کۆمیتەی ناوەندی تەماشای وەرگرتنەوەی ئەو ئەندامانە دەکا کە ماوەیەك دەستیان لە تێکۆشان هەڵگرتووە و، ئەو خۆی بڕیار دەدا لە بارەی وەرگرتنەوە و وەرنەگرتنەوەیانەوە.

٧. هەر پێشمەرگەیەك داوای ئەندامەتی پارتی بکا و هەموو مەرجەکانی ئەندامەتی تیا بێ، بەبێ تێپەڕبوونی ماوەی پاڵاوتن وەردەگیرێ.

**بەندی حەوتەم:**

کۆمیتەی ناوەندی بۆی هەیە هەر ئەندامێکی پارتی دەر بکا یا بێئیشی بکا، پاش لێکۆڵینەوەیەکی دادپەروەرانە لەلایەن دەستەی ناوەندی لێکۆڵینەوەوە، لەسەر داوای یەکێك لە لێژنەی ناوخۆیش مافی دەرکردن و لەکارکردنی هەر پاڵێوراوێکی هەیە و بۆی هەیە هەر ئەندامێك ڕووت بکاتەوە لە لێپرسینەوە پاش لێکۆڵینەوەیەکی دادپەروەرانە.

**بڕبڕەی یەکەم ـ دەرکردن:**

هەر ئەندامێکی پارتی کە ئیسپات ببێ لە سەری یەکێ لەم کارانەی خوارەوەی کردووە، دەردەکرێ لە پارتی :

أ. خەفیەیی و، وێرانکارییەکی وا کە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ زیان بە پارتی و بە سازمانەکانی بگەیەنێ.

ب. دەرخستنی نهێنییەکانی پارتی بۆ هەر لایەك وە بە هەر جۆرێك.

ج. ئیشکردن بۆ کەرتکردنی یەکێتیی پارتی، یا دەسکردن بەوە، یا دەسەبەش دروستکردن لە ناو ڕیزەکانی پارتی و لێژنەکانیان لە دژی ئەو یەکێتییە.

د. کردنی پارتی و ناوبانگی پارتی بە داردەس بۆ ئامانجی تایبەتیی خۆی یا کەسێکی تر.

ە. سووربوون لەسەر لادان لە ڕێبازی پارتی و ئیشکردن لە دژی پارتی و ئامانجەکانی و

ئایدیۆلۆجیەتی و وە هەرچەند ئاگاداریش بکرێ کە وا نەکا، هەر دەسبەردار نەبێ.

و. بچێتە پارتییەك یا سازمانێکی تر بەبێ ڕەزامەندیی پارتی، وە هەرچەند پێی بووترێ بێتە دەرەوە هەر سوور بێ لەسەر مانەوە لە ناویا.

**بڕبڕەی دووەم ـ لەکارخستن:**

ئەندامی پارتی ئەگەر یەکێك لەم ئیشانەی خوارەوە بکا، لە کار دەخرێ :

أ. ئەگەر بەبێ هۆیەکی بەجێ سێ کەڕەتی یەکلەداوی یەك بەشدار نەبێ لە کۆبوونەوەدا.

ب. ئەگەر یەکێك لە مەرجەکانی ئەندامەتی تیا نەما.

ج. ئەگەر بەبێ هۆیەکی بەجێ سێ مانگی یەکلەدوای یەك ئابوونەی نەدا.

د. ئەگەر ڕێکخراوەکەی ئیشێکی پارتییانەی پێ سپارد و بە بێ هۆیەکی بەجێ لە جارێك زیاتر بێگوێیی کرد و، ئاگاداریشیان کردەوە و گوێی نەدایە.

**بەندی هەشتەم: مافەکانی ئەندامەتی:**

١. ڕەخنەگرتن و پرسیارکردن و پێشنیاردان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ.

٢. هەڵبژاردن و هەڵبژێران بۆ هەموو دەستەیەکی پارتی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ.

٣. داوای یارمەتی لە کاتی پێویستیدا.

٤. مافی سکاڵاکردن لەگەڵ ئاگاداریکردنی پەیڕەودا.

٥. یارمەتیدانی لەلایەن پارتییەوە بەپێی توانا، ئەگەر بەهۆی خەباتەوە تووشی بەندیخانە و دوورخستنەوە ببێ و پێویستی بە یارمەتی بێ.

٦. پارتی مانگانەیەك دادەنێ بۆ ئەو کادرانەی کە خەریکی ئیشوکاری پارتین و، ئەو مانگانەیە کۆمیتەی ناوەندی ئەندازەکەی دیاری دەکا. وە ئەگەر ئەو کادرە لێ کەوت یان پیر بوو، پارتی مانگانەکەی هەر دەداتێ. وە ئەگەر مرد دەیدا بە ماڵ ومناڵەکەی.

## بەشی سێیەم

### دروستبوونی پارتی و ئەو پەیڕەوانەی لەسەریان دامەزراوە

**بەندی نۆهەم:**

دروستبوونی پارتی لە خوارەوەیە بۆ سەرەوە، لە شانەوە بۆ شانەی سەرەکی و لێژنەی ڕێکخراو و بۆ لێژنەی ناوچە و لێژنەی هەرێم و کۆمیتەی ناوەند و کۆنفرانس و کۆنگرە.

**بەندی دەهەم:**

پارتی لەسەر ئەم بنچینە ڕێکوپێکیانەی خوارەوە دروست بووە :

١. مەرکەزیەتی دیموکراتی.

٢. لێژنەکانی پارتی لە ڕێگای هەڵبژاردن و دەنگدانی نهێنییەوە پێك دێن.

٣. گوێڕایەڵی و لەفەرماندەرنەچوونی پارتی هەموو ئەندامێك دەگرێتەوە و هەموویان لە ماف و ئەرکی سەرشاندا چون یەکن.

٤. هەموو دەستەیەکی پارتی بەیناوبەین ڕاپۆرت دەدا بە ڕێکخراوی ژوور خۆی لە بابەت هەڵسووڕانیەوە.

٥. دەستەکانی خوارەوە لە وەختی خۆیدا ئەو مەسەلانە دەخەنە بەردەمی دەستەکانی سەرەوە، کە پێویستە دەستەکانی سەرەوە لە بارەیانەوە ڕا بدەن.

٦. هەموو دەستەیەکی گەورە و بچووکی پارتی لەسەر پەیڕەوی سەرکردایەتی بەکۆمەڵ دەڕۆن بەڕێوە. ئەم پەیڕەوەش وا ناگەیەنێ کە (تاك) لێی ناپرسرێتەوە دەربارەی هەڵەی. دەبێ هەموو مەسەلەیەکی گشتی بەشێوەیەکی تێکڕایی چاری بکرێ و مەیدانی هەموو ئەندامێك بدرێ دەسپێشخەریی خۆی بکا و چی لە توانادایە بیکا. وە دەبێ بۆ چارەکردنی هەر مەسەلەیەك زۆرترینی ئەندامانی ئەو دەستەیە کە باسی ئەو مەسەلەیە دەکەن ڕای تیا بدەن و، دەبێ لای کەم سەر دانەوێنێ بۆ لای زۆر و لای خوارەوە سەر دانەوێنێ بۆ لای سەرەوە.

**بەندی یازدەهەم:**

سازمانەکانی پارتی بۆیان هەیە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆیانا دەسپێشخەری بکەن و

بڕیار بدەن، بە مەرجێ کە دەسپێشخەری و بڕیارەکانیان پێچەوانەی بڕیارەکانی پارتی و سیاسەتی گشتی پارتی نەبێ.

**بەندی دوازدەهەم:**

دەستەکانی بنەوەی پارتی دەبێ بڕیارەکانی دەستەکانی سەرەوە جێبەجێ بکەن، وە ئەگەر هاتو دەستەیەکی بنەوە وای هەست کرد کە فلانە بڕیار لەگەڵ باری ناوچەکەی ئەودا ناگونجێ، دەبێ لە پێشانا بڕیارەکە جێبەجێ بکا، ئەوجا سەرنجی خۆی دەربڕێ لەبارەی ئەو بڕیارەوە.

## بەشی چوارەم

## ڕێکخراوەکانی پارتی و ئەرکی سەرشانیان و دەسەڵاتیان

**بەندی سیانزەهەم:**

١. شانە: شانە ڕێکخراوی بنچینەیی پارتییە و بنکەیەتی لە ناو خەڵکدا و، سەرچاوەی دروستی و دەسەڵاتی سازمانەکانی ژوور خۆیەتی. شانە بەپێی شێوەی ئێستای ڕێکوپێکی لە ٣ ـ ٧ ئەندام پێك دێ کە یەکێکیان ڕێکخەرەکەیە و لێژنەی ناوخۆ دیاریی دەکا.

٢. دەسەڵاتی شانە و ئەرکەکانی سەرشانی:

أ. شانە تێ دەکۆشێ بەپێی سیاسەت و نەخشە و پرۆگرام و ئامۆژگارییەکانی پارتی بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی پارتی و ئەرکەکانی سەرشانی.

ب. سەرپەرشتیی ئەندامەکانی دەکا و سەرکردەییان دەکا و ئاگای لێیان دەبێ تا ئەرکی سەرشانی خۆیان جێبەجێ بکەن و مافی خۆیان بەکار بهێنن.

ج. لای کەمی حەفتەی جارێك کۆ دەبێتەوە بە سەرۆکایەتیی ڕێکخەرەکەی یا بەردەسەکەی کە شانەکە خۆی هەڵی دەبژێرێ.

د. ئیش دابەش دەکا بەسەر ئەندامەکانیا و لێ دەکۆڵێتەوە کە چۆن ئەرکی هەفتانەی سەرشانی خۆیان جێبەجێ کردووە.

ه. پرۆپاگاندە دەکا بۆ پارتی و بیروباوەڕی و چاپەمەنییەکانی دابەش دەکا بەسەر دەوروبەریا.

و. سەرپەرشتیی شانەی پاڵێوراوەکان و لایەنگرەکانیا دەکا و بیری پارتییان فێر دەکا و ورد دەبێتەوە لە کار و فرمانیان و سەرکردەییان دەکا بۆ ئەوەی ئیشی خۆیان جێبەجێ بکەن و سەرپەرشتیی ئەو کار و فرمانەیان دەکا.

ز. ئابوونەی ئەندامان و پاڵێوراوان و یارمەتی لایەنگران و پارەی چاپەمەنییەکان کۆ دەکاتەوە.

ح. دەکۆڵێتەوە لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی پارتی و بە ئازادی گفتوگۆی لێوە دەکا و ڕای خۆی دەدا بە دەستەکانی سەرەوە.

ط. هەوڵ دەدا بۆ بڵاوکردنەوەی تێگەیشتنی سیاسی پارتییانە و بیروباوەڕ ل نێوان ئەندامان و پاڵێوراوان و لایەنگراندا.

ي. ورد دەبێتەوە لە ئیستیمارەی پاڵاوتن و داوای دانی ئەندامەتی دەکا لە دەستەکانی ژوور خۆی بەوانەی کە پاڵێوراون بۆ ئەندامەتی.

ك. نامە و وتاری ئەندامان و دەنگوباس و کاروباری پێویست دەنێرێ بۆ لێژنەکانی بەرزتر لە خۆی.

ل. ڕاپۆرتی مانگانە دەدا بە لێژنەی سازمان یا بە لێژنەی ناوخۆ لە بارەی هەڵسووڕان و کاروباریەوە و چی کردووە و چی نەکردووە.

م. سەرپەرشتی خەباتی کۆمەڵانی خەڵك دەکا لە ناوچەکەی خۆیدا بەپێی نەخشەی پارتی و مەشقی خەباتی شۆڕشگێڕیی ڕێکوپێکیان پێ دەکا و پەیوەندییەکی بەتین دادەمەزرێنێ لەگەڵ کۆمەڵانی گەل بۆ زانینی داخوازییەکانیان و گەیاندنی بە پارتی.

ن. هەموو ئەندامانی شانە لێپرساون لە بارەی بەڕێوەبردنی کاروباری شانەکەیانەوە.

س. شانە چی پێویست بێ دەیکا بۆ بەردەوامیی پەیوەندی لە نێوان ئەندامانی شانە و ڕێکخراوی لە خۆی بەرزتردا.

**بەندی چواردەهەم- ڕێکخراو :**

١. لێژنەی ناوخۆ بۆی هەیە، پاش وەرگرتنی ڕای لێژنەی لق، لە هەر ناوچەیەکدا کە زیاتر لە یەك شانەی گەورەی تیابێ و زەحمەت بێ ئەندامانی ناوچەکە ڕاستەوخۆ ببەسترێنەوە بە لێژنەی ناوخۆوە و لەبەر کەمییان یا لەبەر هەر هۆیەکی تر لێژنەیەکی ناوخۆ لەو ناوچەیەدا پێکەوە نەنرێ ـ لێژنەی ڕێکخراو لەو ناوچەیەدا دادەمەزرێنێ.

٢. لێژنەی ڕێکخراو هەموو ئەرك و دەسەڵاتەکانی لێژنەی ناوخۆی هەیە جگە لە نوختەی (ج، هـ ط، ی، ك) لە بڕبڕی دووهەمی بەندی پێنجەمی پەیڕەوی ناوخۆ.

**بەندی پانزەهەم- لێژنەی ناوخۆ:**

لێژنەی ناوخۆ ئەوەیە کە نوێنەریی پارتی و سەرپەرشتیی ئەندامەکانی پارتی دەکا لەو ناوچەیەدا کە کۆمیتەی ناوەندی دیاریی دەکا، وە لێپرسراوی ڕاستەوخۆیە لە بارەی هەڵسووڕان و بەڕێوەبردنی کاروباری پارتی و هێنانەدیی بیروباوەڕ و جێبەجێکردنی بڕیار و ئامۆژگارییەکانیەوە لەو ناوچەیەدا.

ئەندامانی لێژنەی ناوخۆ لەلایەن ئەندامانی پارتییەوە هەڵدەبژێردرێن لەو ناوچەیەدا کە لێژنەکە ئیشی تێدا دەکا، و ژمارەی ئەندامەکانی لە بەینی پێنج و یازدە کەسدا دەبێ لەگەڵ سێ کەسی ئیحتیاتدا.

**١. ئەرکەکانی سەرشانی لێژنەی ناوخۆ و دەسەڵاتی:**

أ. بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردن و هاندانی ئەندامانی پارتی و شانەکان و ڕێکخراوەکان لەسەر جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانیان بەپێی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ و بڕیار و ئامۆژگارییەکانی پارتی.

ب. هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری لێژنە و دوو بەردەس کە ئەرکی سەرشانیان ئەوەیە لێژنەی ناوخۆ ڕێك بخەن و بەڕێوەی بەرن و سەرکردەیی بکەن. دەبێ لای کەمی یەکێك لە ئەندامانی لێژنەی ناوخۆ پارتایەتیی کردبێ بە پیشەی خۆی.

ج. کۆمیتەی ناوەندی ڕەزامەندیی خۆی پیشان دەدا لە هەڵبژاردنی بەڕێوەبەری لێژنەی ناوخۆ و بۆی هەیە یەکجار ناڕەزایی خۆی پیشان بدا و هۆیەکەشی ڕوون بکاتەوە. وە ئەگەر لێژنەی ناوخۆ سوور بوو لەسەر ڕای خۆی، قسەی ئەو دەخوا.

د. لای کەمی مانگی جارێك کۆ دەبێتەوە.

ە. ڕای یەکجاری دەدا لە مەسەلەی وەرگرتنی ئەوانەدا کە داوای هاتنەناو پارتییان کردووە و، وەرامی پرسیاری ئەندامان و شانەکان و ڕێکخراوەکان و ڕەخنە و پێشنیار و نامەکانیان دەداتەوە.

و. تێ دەکۆشێ بۆ گەرموگوڕکردنی بزووتنەوەی کرێکاران و جووتیاران و قوتابییان و پیشەوەران و لاوان و ئافرەتان و ئاشتیخوازان.

ز. ئابوونه و پیتاكی ئەندامان و لایەنگران و نرخی چاپكراوەكانی پارتی كۆ دەكاتەوە و دەینێرێ بۆ لێژنەی سەروو خۆی.

ح. بەشدارییەكی كاریگەر دەكا لە سەركردەیی هەموو جۆرە خەباتێكی كۆمەڵانی خەڵكدا لە ناوچەكەدا.

ط. بۆی هەیە بەیان دەركا دەربارەی ڕووداوەكانی تەنها ناوچەكەی خۆی، وە لەبەر ڕووناكایی سیاسەتی گشتیی پارتیدا ئامۆژگاریی تایبەتیی خۆی دەركا.

ي. بۆی هەیە سزای سەرنجراكێشان و ئاگاداركردن و دەركردنی تا شەش مانگ بدا بەسەر ئەندامانی ژێردەستەیا بە مەرجێ كە دوو سێیەكی ئەندامەكانی خۆی قابل بن بەو سزایە.

ك. بۆی هەیە نوێنەری خۆی هەڵبژێرێ بۆ لێژنەی ناوچە و كۆنفرانس.

ل. بۆ ئەوەی كە ئیشی پارتی پەرە بسێنێ لەناو كۆمەڵانی خەڵكدا، بۆی هەیە بەگوێرەی پێویست لێژنەی پیشەیی پێكەوە بنێ و ئەرك و دەسەڵاتی هەر لێژنەیەك دیاری بكا.

م. شوێنی كۆبوونەوە ئامادە دەكا و كاتەكەی دیاری دەكا و كۆبوونەوەكە بەڕێوە دەبا و مەحزەری كۆبوونەوە و ڕاپۆرتی مانگانە ئامادە دەكا و وەرامی پرسیارەكانی دەستەكانی لە خۆی بەرزتر دەداتەوە و حیساب ڕادەگرێ.

ن. لێپرسراوە لە بەردەمی لێژنەكانی سەرەوەدا بە هاودەنگی لەگەڵ ئەندامەكانی تری دەستەی ئیشكەراندا.

**بەندی شانزەهەم- لێژنەی ناوچە ـ لق: -**

لە ناوچەیەكدا كە كۆمیتەی ناوەندی سنوورەكەی دیاری دەكا، لێژنەی لق ـ ناوچە پێك دێ لە چەند كەسێك لە بەینی ٧ و ١٥ كەسدا كە لە ناو ئەندامانی لێژنە ناوخۆییەكاندا هەڵدەبژێردرێن. ئەمانەش لە ناو خۆیاندا پێنج كەس هەڵدەبژێرن یەكێكیان لێپرسراوی یەكەمە، ئەگەر نوێنەری كۆمیتەی ناوەندییان تیا نەبوو ئەم پێنج كەسە لێژنەی ئیشكەر "كارگێڕ"یان لێ پێك دێ و دەسەڵاتی لێژنەی ناوچەیان بە دەستەوە دەبێ لە ماوەی بەینی دوو كۆبوونەوەدا. لێژنەی ناوچە بۆیە هەیە پاش ڕەزامەندی كۆمیتەی ناوەندی گۆڤارێكی تایبەتی بۆ خۆی دەركا لەبەر ڕووناكیی سیاسەتی بریاردراوی پارتیدا، وە پێویستە لەسەر لێژنەی ناوچە ـ لق لای كەمی هەر سێ مانگ جارێك كۆ ببێتەوە.

**بەندی حەڤدەهەم:**

١. کۆمیتەی ناوەندی گەورەترین دەسەڵاتێکی جێبەجێکەرە لە پاش کۆنگرە، وە سەرپەرشتیی هەڵسووڕانی هەموو ڕێکخراوە سیاسی و ڕێکوپێکییەکانی پارتی دەکا و سەرکردەییان دەکا لە خەباتا بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی پارتی، بە گوێرەی پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ لە ماوەی نێوانی دوو کۆنگرەدا.

٢. کۆمیتەی ناوەندی پێك دێ لە ٢١ ئەندام و نۆ ئەندامی ئیحتیات کە کۆنگرە لە ڕێگای پاڵاوتنەوە هەڵیان دەبژێرێ.

٣. ئەگەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی نەیتوانی ئەرکی سەرشانی خۆی جێبەجێ بکا، ئەندامێکی ئیحتیات کە زۆرترین دەنگی وەرگرتبێ لە کۆنگرەدا، جێگەکەی دەگرێتەوە.

**٤. مەرج و مافی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی:**

أ. دەبێ لای کەمی سێ ساڵ بێ، بووبێ بە ئەندامی پارتی.

ب. دەبێ ڕابردوویەکی خاوێنی هەبێ لە خەباتا.

ج. دەبێ پاکانەی نەدابێ لە پارتی.

د. ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دیار نەبوو، یەکێك لە ئیحتیاتەکان کە دەنگی لە هەمووان زیاتر بووبێ جێگەی دەگرێتەوە.

ە. ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی گیرا یا بە هۆی خەبات و ئیشی پارتییەوە ون بوو، ئەندامەتییەکەی لە کۆمیتەی ناوەندیدا نافەوتێ.

**بەندی هەژدەهەم:-**

**ئەرك و دەسەڵاتی کۆمیتەی ناوەندی ئەم ئیشانە دەگرێتەوە:**

١. سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێرێ لەگەڵ شەش ئەندام کە دەبن بە مەکتەبی سیاسی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی و ڕێگادانان بۆ هەڵسووڕانی پارتی بەو شەرتە کە سکرتێر و زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی دەسیان بەتاڵ بێ بۆ ئیشوکاری پارتی. مەکتەبی سیاسی بۆی هەیە چەند وردە لێژنەیەکیش لە ئەندامەکانی خۆی پێك بهێنێ.

٢. خەبات بۆ جێبەجێکردنی ئامانجی دوور و نزیکی پارتی و دانانی پلان و تاکتیکی پێویست و دیاریکردنی سیاسەتی پارتی لە بارەی ڕووداوەکانەوە.

٣. ئاگادریکردن و سەرپەرشتیی جێبەجێکردنی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی و بڕیارەکانی کۆنفرانس و کۆنگرە.

٤. پاراستنی ئامانج و بنچینە شۆڕشگێڕییەکانی پارتی لە بیروباوەڕی لابەلایی و ناحەز، وە پاراستنی یەکێتیی پارتی (یەکێتی بیر و کردار و خواست و گوێڕایەڵی) و پاراستنی نهێنییەکانی پارتی.

٥. پاراستنی پارە و دارایی پارتی و زیادکردنی و ڕێکخستنی دەسکەوت و خەرجیی پارتی بە جۆرێکی وا کە نەیەڵێ پارە و دارایی بە خۆڕایی بڕوا.

٦. دیاریکردنی هەڵوێستی پارتی دەربارەی پارتییەکانی تر و ڕێکخراو و دەستە و بەرە یەکگرتووەکان لەبەر ڕووناکیی پرۆگرام و بڕیارەکانی کۆنفرانس و کۆنگرێسدا.

٧. دەرخستنی هەڵوێستی پارتی دەربارەی ڕووداوە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و جووڵانەوەی کرێکاران و جووتیاران و جووڵانەوەی شۆڕشگێڕی و باری ناودەوڵەتان.

٨. دانانی نەخشە و ڕەنگڕشتنی ڕێگای بەهێزکردنی هەڵسووڕانی پارتی لە هەموو مەیدانێکدا.

٩. پێگەیاندن و ئامادەکردنی کادری پارتی و بەرزکردنەوەی پلەی وریایی و تێگەیشتنی ئایدیۆلۆجی و سیاسییان و مەشقکردن بە ئەندامانی خۆی و بە کۆمەڵانی خەڵك لەسەر خەباتی شۆڕشگێڕی، چونکە ئەوە یەکێکە لە ئەرکە گەورەکانی سەرشانی.

١٠. بڵاوکردنەوەی وریایی و تێگەیشتن لە ناو کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵکی کورد و کوردستانا بە تێکڕایی بە گوێرەی پرۆگرامی پارتی و پەیڕەوی ناوخۆی.

١١. ئامادەکردنی هۆیەکانی لەچاپدان و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی ناوەندی و بەیاننامە و نامیلکەی ڕۆشنبیری و دیاریکردنی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی ناوەندی و سەرپەرشتیکردنی.

١٢. وەرامدانەوەی ڕەخنە و پیشنیار و پرسیار و سکاڵای ئەندامان و هەوڵدان بۆ چارکردنی گیروگرفتەکانیان.

١٣. جێبەجێکردنی ئەرکی سەرکردەیی لە مەیدانی سیاسی و ڕێکیوپێکیدا، وە سەرکردەییکردنی پارتی لە ماوەی نێوانی دوو کۆنگرەدا.

١٤. دیاریکردنی شوێن و کاتی کۆنفرانس و کۆنگرێس و بانگکردنیان بۆ کۆبوونەوەی بەیناوبەین و دیاریکردنی ئەندازەی نواندن لە هەردوولایانا.

١٥. ئامادەکردنی ڕاپۆرتی گشتی بۆ کۆنگرێس، وە ئەگەر پێویست بوو بۆ کۆنفرانس.

١٦. هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی یەکەیەکە و بە کۆمەڵ لێپرسراون لە بەردەمی کۆنگرێسدا لەو ئیشانەی کردوویانە و ئەو نەخشە و سیاسەتانەی بەدییان هێناوە.

١٧. کۆمیتەی ناوەندی بۆی هەیە بڕیارەکانی لێژنەکانی بنەوە هەڵوەشێنێتەوە.

١٨. بڕیاری دامەزراندنی لێژنەی ناوخۆ و لێژنەی ناوچە و ڕێکخراوی تازە دەدا.

١٩. داوای بەستنی کۆنفرانس و کۆنگرێسی ناوەخت "استثنائي" دەکا لەسەر:

أ. داوای زۆربەی ئەندامانی پارتی لە ڕێگای ڕێکخراوەکانیانەوە.

ب. داوای دووسێیەکی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی.

٢٠. پێویستە هەموو ڕێکخراوەکانی پارتی بڕیارەکانی جێبەجێ بکەن و کۆنفرانس و کۆنگرێس دەتوانن ئەو بڕیارانە هەڵوەشێننەوە.

٢١. لە مەکتەبی سیاسی دەپرسێتەوە و ئەرك و پلانی پێویستی بۆ دادەنێ.

٢٢. کۆمیتەی ناوەندی بۆی هەیە چی پێویست بێ بیکا بۆ پاککردنەوەی ڕیزی پارتی، بە مەرجێ کە بەر لەوە دەستەی ناوەندیی پشکنین کۆڵیبێتییەوە لە باری ناوخۆی پارتی. هەرکەسیش کە بەر ئەم هێرشی پاککردنەوەیە کەوت، بۆی هەیە لە بەردەم کۆبوونەوەی گوشادی کۆمیتەی ناوەندی و دەستەکانی لەوبەرزتردا سکاڵا بکا و ڕەخنە بگرێ.

٢٣. پێویستە لەسەر کۆمیتەی ناوەندی نوێنەری خۆی بنێرێ یا کادر بگوێزێتەوە بۆ ناوچە و لێژنە ناوخۆکان بۆ بەهێزکردنی ڕێکوپێکی تیایاندا و بۆ بڵاوکردنەوەی وریایی و تێگەیشتن، وە لە پێناوی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی تری سەرشانی پارتیدا.

٢٤. ئەگەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی شتێکی وای کرد کە پێویستی بکا دەربکرێ لە پارتی، ئیشوکاری لێ ئەستێنرێتەوە بە دووسێیەکی دەنگی ئەندامانی کۆمیتە و دەدرێ بە کۆنگرێس یا کۆنفرانس بۆ سزادانی بەپێی پێویست.

٢٥. کۆمیتەی ناوەندی مەکتەبێکی سەرکردەیی و مەکتەبی لقەکان دروست دەکا بۆ کاروباری کرێکاران و جووتیاران، وە ئەم مەکتەبانە لەلایەن مەکتەبی سیاسیی پارتییەوە سەرپەرشتی دەکرێن و بەڕێوە دەبرێن.

**بەندی نۆزدەهەم:**

١. کۆمیتەی ناوەندی هەر چوار مانگ جارێك لە خۆیەوە کۆ دەبێتەوە.

٢. کۆمیتەی ناوەندی لای کەمی ساڵی جارێك کۆبوونەوەیەکی گوشاد دەکا، وە جگە لە ئەندامە ئیحتیاتەکانی ئەندامانی دەستە ئیشکەرەکانی پارتییش تیا بەشدار دەبن.

٣. کۆمیتەی ناوەندی بۆی هەیە ڕێکخراوی پارتی پێکەوە بنێ لەو ئەندامانەی کە وان لە دەرەوەی عێراق بۆ ئەوەی بەپێی پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆی پارتی ئیش بکەن.

**بەندی بیستەم:**

١. مەکتەبی سیاسیی پارتی پێك دێ لە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و شەش ئەندام کە لێژنەی ناوەندی هەڵیان دەبژێرێ لە ناو ئەندامەکانی خۆیدا.

٢. مەکتەبی سیاسی بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندی جێبەجێ دەکا لە بەینی دوو کۆبوونەوەیدا، وە ئەگەر شتێکی وا ڕووی دا کە ببێ بە هۆی گۆڕینی سیاسەتی پارتی، کۆمیتەی ناوەندی بانگ دەکا بۆ کۆبوونەوە.

## بەشی پێنجەم

## دەستەی ناوەندیی پشکنین

**بەندی بیست و یەکەم:**

أ. دەستەی ناوەندیی پشکنین پێك دێت لە یەکێك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و دووان لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کە کۆمیتەی ناوەندی خۆی لە هەموو کۆبوونەوەیەکیدا هەڵیان دەبژێرێ.

ب. کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی دەسەڵات و ئەرکی کۆمیتەی ناوەندی دیاری دەکەن.

**بەندی بیست و دووهەم:**

١. ئەو سزایانەی کە دەستەی ناوەندیی پشکنین دەسپێرێ کە بدرێن بە سەر ئەندامی

پارتیدا ئەمانەن :

أ. سەرنجڕاکێشان بە دەم یا بە نووسین.

ب. ئاگادارکردنەوە بە تەنها یا بە کۆمەڵ لە ناو سازمانەکەیدا.

ج. لێسەندنەوەی ئەو ئەرك و لێپرسینەوانەی کە بەسەر شانیەوەیەتی.

د. دەرکردن بۆ ماوەیەك لە پارتی.

ە. دەرکردنی یەکجاری کە گەورەترین سزایە.

**٢. دەستە و سازمانەکانی پارتی مافی دانانی ئەم سزایانەیان هەیە:**

أ. سەرنجڕاکێشان.

ب. ئاگادارکردنەوە.

ج. هەڵوەشاندنەوەی لێژنە و دانانی لێژنەیەکی وەختی تا کاتی هەڵبژاردن.

د. هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراو و دابەشکردنی ئەندامەکانی بەسەر لێژنە پارتییەکانی ترا.

**بەندی بیست و سێهەم:**

**١- سەرۆکی پارتی:** سەرۆکی پارتی و کۆمیتەی ناوەندییەکەیەتی، وە ڕاستەوخۆ لەلایەن کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێ و مافی دەربڕینی ئامۆژگاری و ڕێبەدێیی هەیە بۆ کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی و کۆبوونەوەی گوشادی کۆمیتەی ناوەندی. کۆمیتەی ناوەندی و پلنیۆم و کۆنفرانس و کۆنگرێس بە سەرۆکایەتیی ئەم دەکرێن و مافی بەشداربوونی هەیە لە کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسیدا. وە لە کاتێکا کە دەنگەکان ئەوەی یەك بن، سەرۆك لەگەڵ چ لایەك بێ قسەی ئەو لایە دەخوا. وە ئەگەر زۆربەی ئەندامانی پارتی داوای کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندییان کرد لە کاتی پێویستدا، سەرۆك بلاوکراوەیەك ڕیکوپێکی خۆی دەبێ.

**بەندی بیست و چوارەم:**

**سکرتێری کۆمیتەی ناوندی:** بە هاوکاری لەگەڵ ئەندامانی تری مەکتەبی سیاسیدا لێپرسراوە لەبارەی کاروباری بەڕێوەبردنی پارتییەوە. هەموو نامەیەکی پارتی و

ئامۆژگارییەکانی بە مۆری ئەم (یا مۆری یەکێ لە بەردەسە تایبەتییە لێپرسراوەکانی) دەبێ. پێویستە سکرتێر ئاگای لە هەموو کاروبارێکی سیاسی و ڕێکوپێکیی ناو پارتی و لە هەموو هەڵسووڕانێکی بێ و، ڕاپۆرتی گشتی بدا بە کۆنگرە و کۆنفرانس. ڕاپۆرتی درێژیش کە باسی هەموو سەرێکی کاروباری پارتی بکا ئەوە لە ئەستۆی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیدایە هەرکەس بەپێی ئیشی تایبەتیی خۆی. سکرتێر لەسەریەتی مەکتەبی سیاسی ئاگادار بکا لە هەموو ئیشوکار و بڕیارێکی پارتی و پاش وەرگرتنی بیروڕایان ئەو بڕیارانە بگەیەنێ بە ڕێکخراوەکانی پارتی. سکرتێر، هەرچەند لێپرسینەوەیەکی گەورەی هەیە، بەڵام ئەمە وا ناگەیەنێ دەتوانێ لە خۆیەوە بڕیار دەرکا، بەڵکو دەبێ هەموو بڕیارێك بە شێوەیەکی تێکڕایی دەرچێ. پێویستە لەسەر مەکتەبی سیاسی لە کاتێکا کە ئەندامانی پەرتەوازە بووبن و کۆ نەکرێنەوە، بڕیاری پێویست دەرکا بۆ بەردەوامبوونی هەڵسووڕانی پارتی.

## بەشی شەشەم

## فێرکردن لەناو پارتیدا

**بەندی بیست و پێنجەم:**

پارتی ڕۆژنامەیەکی تایبەتی و هەموو جۆرە چاپەمەنییەکی ڕێکوپێك و بەیناوبەینی دەبێ بۆ فێرکردنی ئەندامەکانی. هەروەها هەموو لقەکانی چاپەمەنی ڕێکوپێکیان دەبێ. جگە لەوە کادری فێرکردنی سەر بە کۆمیتەی ناوەندییش بڵاوکراوەیەکی ڕێکوپێکی خۆی دەبێ.

**بەندی بیست و شەشەم:**

پارتی سوورە لەسەر پێگەیاندنی کادری ڕۆشنبیر و بەرچاوڕوون بۆ هەموو برگەکانی، لە ڕێگای کردنەوەی خوێندنگا و ئامادەکردنی دەورەی فێرکردنی بەردەوامەوە. مەکتەبی سیاسی سەرپەرشتیی ئەم خوێندنگا و دەورانە بڵاوکراوەیەکی ڕێکوپێکی خۆی دەبێ.

**بەندی بیست و حەوتەم:**

**ئامانجی بڵاوکراوەکانی پارتی بریتییە لە:**

أ. ناساندنی گەلی کورد و خەبات و مێژوو خاسیەتە نەتەوەییەکانی.

ب. لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی ئامانج و مرازەکانی پارتی.

ج. دەربڕینــی بیــروڕا لــە بــارەی هــەموو ئــەو مەســەلانەوە کــە لــە ڕووی پــارتی و جووڵانەوەی نیشتمانیی کورددا هەن.

د. وریاکردنەوەی کۆمەڵانی گەلی کـورد لـە ڕێگـای لێکدانـەوەی گیروگرفتـە سیاسـی و ئـابووری و کۆمەڵایەتییـەکان و گیروگرفتـەکانی تریـەوە، لەگـەڵ ئەهمیەتـدان بـە کاروبـاری جووتیاران و کرێکاران پیشەوەران و بڕگەکانی تری کۆمەڵ و، لێکدانەوەی گیروگرفتـەکانیان و دۆزینەوەی چارەی ڕاست بۆ ئەو گیروگرفتانە بە جۆرێکی وا کـە پـارتی بتـوانێ دەوری خـۆی ببینێ بۆ سەرکردەیی و ڕێپێشاندان لە هەموو ئەم مەیدانانەدا.

## بەشی حەوتەم

### کۆنفرانس

**بەندی بیست و هەشتەم:**

١. کۆنفرانس لە کاتێکا دەگیرێ کە گۆڕانێکی گرنگی سیاسی ڕووی دابێ، یا ناکۆکییەکی وا لە ناو کۆمیتەی ناوەندیدا پەیدا بـووبێ کـە یـەکێتیی پـارتی بخاتـە مەترسـییەوە، یـا هـەر شتێکی تری وا ڕوو بدا کە پێویستی بکا کۆنگرێس بگیرێ و زیاتر لە نیوی ئەندامانی پارتی یـا دووسێیەکی لێژنە ناوخۆکان داوای گرتنی کۆنگرە بکەن، بەڵام گرتنی کۆنگرە لە تواناداا نەبێ.

٢. کـۆنفڕانس پێـك دێ لـە ئەنـدامانی کۆمیتـەی ناوەنـدی و ئەندامـە ئیحتیاتـەکانی و ئەنــدامانی دەســتە ئیشــکەرەکانی لقــەکانی پــارتی و نوێنــەرانی لێژنــە ناوخۆییــەکان و ڕێکخراوەکان و کادرە پێشکەوتووەکانی پارتی کە کۆمیتەی ناوەندی بە زۆربـەی دووسـێیەکی دەنگاکانی دیارییان دەکا.

٣. کـۆنفڕانس هـەموو دەسـەڵاتێکی کۆنگرێسـی هەیـە جگـە لـە گـۆڕینی پڕۆگـرام و پەیڕەوی ناوخۆ و گۆڕینی کۆمیتەی ناوەندی و دیاریکردنی چارەنووسی پـارتی و دەرکـردن و ڕووتکردنـەوەی سـەرۆك لـە دەسـەڵاتەکانی. بڕیارەکـانی کـۆنفڕانس هێـزی بڕیارەکـانی کۆنگرێسیان هەیە.

٤. ئەرکی یەکەمی سەرشانی کۆنفڕانس ئەوەیە بـاری پێویسـت ئامـادە بکـا بـۆ گرتنـی کۆنگرێس لە نزیکترین هەلێکی گونجاودا.

٥. لە کاتی مەحکەمەکردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیدا کە لەلایەن کۆبوونەوەی گوشادی کۆمیتەی ناوەندییەوە درابن بە کۆنفرانس بۆ مەحکەمەکردنیان، کۆنفرانس مافی دەرکردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی هەیە، بە مەرجێ ژمارەی دەرکراوەکان نەگاتە نیوە بە جارێك یا بە چەند جار.

٦. کۆنفرانسی ناوخۆ : ئەگەر زیاتر لە نیوەی ئەندامانی پارتی لە ناوچەیەکدا، یا دووسێیەکی ئەندامانی لێژنەی ناوخۆ داوایان کرد و مەکتەبی سیاسی ڕای لێ بوو، کۆنفرانسی ناوخۆ دەگیرێ.

کۆنفرانسی ناوخۆ پێك دێ لە ئەندامانی لێژنەی ناوخۆ و ئیحتیاتییەکانی و ئەندامانی لێژنە پیشەییەکان. کۆنفرانس هەوڵ دەدا بۆ چارکردنی ئەو گیروگرفت و ناکۆکییەکانەی لە ناوچەکەدا هەن، بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ.

## بەشی هەشتەم

## کۆنگرێس (ئەنجوومەنی نیشتمانی)

**بەندی بیست و نۆهەم:**

١. کۆنگرێس بەرزترین دەسەڵاتێکە لە پارتیدا.

٢. کۆنگرێس پێك دێ لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی ئیحتیات کە لەلایەن کۆنگرێسی پێشووەوە هەڵبژێرراون، وە لە نوێنەرانی هەڵبژاردەی هەموو ئەندامانی ڕێکخراوەکانی پارتی بەپێی ئەو نیسبەتەی کە کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامە ئیحتیاتەکانی دیاریی دەکەن.

٣. کۆنگرێس بەپێی عادەت هەر دوو ساڵ جارێك دەبەسترێ : کۆمیتەی ناوەندی بۆی هەیە لەسەر داوای دووسێیەکی ئەندامەکانی بانگ بکا بۆ کۆبوونەوەیەکی ناوەخت بەپێی بڕبڕەی نۆزدەی بەندی هەژدەهەم. هەروەها سەرۆك بۆی هەیە بەپێی بەندی بیست و سێ

كۆنگرێس بگرێ.

**بەندی سیهەم:**

**ئەرك و دەسەڵاتی كۆنگرێس:**

١. دەسلێدان یا گۆڕینی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ.

٢. گوێڕاگرتن بۆ ڕاپۆرتی كۆمیتەی ناوەندی و گفتوگۆلێكردنی و نرخدانانی كردار و ڕەفتاری.

٣. لێكدانەوەی باری ناوخۆ و باری ناودەوڵەتان و، نەخشەكێشانی سیاسەتی گشتی و دانانی ستراتیژ و تاكتیكی پارتی بەرابەر بە هەموو ئەو مەسەلانەی ڕوویان داوە لە دەرەوە و ناوەوە.

٤. تەماشاكردنی سكاڵای ئەندامان و ڕادان لەبارەیەوە.

٥. لێپرسینەوەی ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی و سزادانی خەتابارەكانیان.

٦. هەڵبژاردنی سەرۆكی پارتی و ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی و ئیحتیات.

٧. كۆنگرێس بە تەنها خۆی حەقی ئەوەی هەیە پارتی هەڵوەشێنێتەوە و ناوی بگۆڕێ و ئیشی ڕاوەستێنێ، یا لەگەڵ پارتییەكی ترا بیكا بە یەك یا ئایدیۆلۆجیەتی بگۆڕێ.

## بەشی نۆهەم

## دارایی پارتی

**بەندی سی و یەك:**

**١. دارایی پارتی پێك دێ لە:**

أ. ئابوونەی ئەندامان و پاڵێوراوان و ڕەسمی هاتنە پارتییەوە.

ب. پیتاكی ئەندامان و پاڵێوراوان و لایەنگران و پشتگران.

ج. نرخی چاپەمەنییەكانی پارتی.

د. بەرهەمی ئاهەنگی زانستی و هونەری و كۆمەڵایەتی كە پارتی بەرپای دەكا.

ه. پڕۆژەکانی پارتی.

و. پیتاککۆکردنەوە پاش ڕەزامەندیی کۆمیتەی ناوەندی.

٢. ئابوونە و نرخی چاپەمەنی هەموو مانگێ لە ڕێگای شانەکانەوە کۆ دەکرێتەوە و دەنێردرێ بۆ ئەو لێژنە ناوخۆییانەی کە شانەکانیان پێوە بەسراوە. لەوێشەوە بەهۆی لێژنەی ناوچەوە دەنێررێ بۆ کۆمیتەی ناوەندی (مەکتەبی سیاسی) پارەی لێژنە و ڕێکخراوەکانی سەر بە کۆمیتەی ناوەندییش ڕاستەوخۆ دەنێررێ بۆ کۆمیتەی ناوەندی.

ئابوونە و نرخی چاپەمەنی و پیتاك و شتی تر بەپێی وەسڵی کۆمیتەی ناوەندی کۆ دەکرێتەوە.

٣. پێویستە لەسەر کۆمیتەی ناوەندی هەموو کۆمیتە ناوخۆییەکان ئاگادار بکا لە وەرگرتنی هەر پارەیەك کە بۆی چووە.

٤. پێویستە لەسەر لێژنەکانی ناوچەکان و کۆمیتەی ناوەندی لیستەی بووجەی خۆیان بگرن و ڕوونی کەنەوە چییان دەس کەوتووە و چییان خەرج کردووە.

٥. لێژنەی دارایی سەر بە کۆمیتەی ناوەندی، ئەندازەی خەرجکردنی لێژنە ناوخۆییەکان و ڕێکخراوەکانی تری پارتی دیاری دەکا. لێژنە ناوخۆکان و سازمانەکان ناتوانن لە خۆیانەوە پارەی پارتی خەرج بکەن.

## دوابەیانی "کۆنگرەی هەشتەم"ی پارتی دیموکراتی کوردستان

**پاش کۆتایهاتنی "کۆنگرەی هەشتەم"ی پارتی دیموکراتی کوردستان، کۆمیتەی ناوەندی پارتی ئەم بەیانەی دەرکرد:**

لە ١٩٧٠/٧/١دا، "کۆنگرەی هەشتەم"ی پارتی کۆبووەوە لە ناوپردان و (٤٨٨)کەس، کە نوێنەری دەیان هەزار ئەندامی پارتی بوون لە هەموو لق و بڕگەکانەوە، بەشداربوون لەو کۆنگرەیەدا. بێجگە لەم ئەندامانەی کۆنگرەیە میوانێکی زۆریش هاتبوون کە نوێنەری حزبە نیشتمانپەروەرەکانی عێراق و ڕێکخراوە میللییەکان و ئاژانسەکانی دەنگوباسبوون.

ئەمانەوەفدی پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب، نوێنەرانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق، حزبی نیشتمانپەروەری دیموکرات، بزووتنەوەی سۆشیالیستی عەرەب، بەرەی ئازادیبەخشی فەڵەستین، دیموکراتییە سەربەخۆکان، حزبە کوردستانییەکان، نوێنەرانی کوردەکانی لوبنان، سازمانی پارتی لە ئەورووپا، کۆمەڵی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا، یەکێتی قوتابیانی کوردستان، یەکێتی لاوانی کوردستان، یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و دکتۆر **کامەران عالی بەدرخان** و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی شۆڕش و سەرکردەکانی پێشمەرگە) بوون.

کۆنگرە نامە و تەلەگرافێکی زۆریشی بۆ هات لە حزبە دۆستەکان و پیاوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئەوانە تەلەگرافی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت،کۆمیتەی ناوەندی پارتی سۆشیالیستی کارگەرانی هەنگاریا، واڵتەر ئۆڵبرێخت سکرتێری یەکەمی پارتی یەکگرتووی سۆشیالیستی کارگەرانی ئەڵمانیای دیموکرات،کۆمیتەی ناوەندی پارتی یەکگرتووی کارگەرانی پۆڵۆنیا، ئەنجوومەنی نیشتمانی بەرەی سۆشیالیستی یەکگرتووی کۆماری ڕۆمانیای سۆشیالیستی، ئەنجوومەنی نیشتمانی بەرەی نیشتمانپەروەری کۆماری بوڵگاریای میللی، سازمانی ئازادیبەخشی فەڵەستین و مامۆستا **عەزیز شەریف** و پیاوانی ناوداری تر بوون.

کاروباری کۆنگرە شەش ڕۆژی خشتی خایاند، لەو شەش ڕۆژەدا ئەندامانی کۆنگرە ورد بوونەوە و کۆڵینەوە لە بەرنامەی کار و گوێیان شل کرد بۆ ڕاپۆرتی سیاسی و ڕاپۆرتی کاروباری شۆڕش و ڕاپۆرتێك لە بارەی پەیوەندی نێوان ئێمە و حکوومەتی نیشتمانپەروەر و

ڕاپۆرتێك لە بارەی کاروباری دیموکراتی و برایانە لە ناو لێژنە جۆربەجۆرەکانی کۆنگرەدا لەم ڕاپۆرتانە کۆڵینەوە و پاش هەندێ وردە دەستپێهێنانی هەندێك لەو ڕاپۆرتانە ڕایان لەسەر دان.

هەروەها کۆنگرە هەندێ بابەتی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی گۆڕی بە جۆرێکی وا کە لەگەڵ باری سیاسی ئەمڕۆ و گۆڕانی ژیانی ناوخۆی پارتیدا بگونجێ. کۆنگرە چەند بریار و ڕاسپێرییەکی گرنگیشی دەرکرد، کە دەبن بە هۆی بەهێزکردنی پارتی و بەرزکردنەوەی پلەی لێهاتوویی پارتی لە هەموو سەرێکەوە. سەرکردایەتییەکی تازەشی هەڵبژارد بۆ پارتی و بە ڕەزامەندی تێکرای نوێنەرەکانی، خەباتکەری مەزن مستەفا بارزانی هەڵبژاردەوە بۆ سەرۆکایەتی پارتی. کۆمیتەی ناوەندیش باوەڕی خۆی دایەوە بە مەکتەبی سیاسی و سکرتێری پێشووی حزب. کۆنگرە، ڕیزە بڕیارێکی دەرکرد لە بارەی باری ناوخۆی عێراق و باری نێوان دەوڵەتانەوە. ئەوە بوو بێزاری خۆی دەربڕی لە ئیمپریالیزم و خۆتێهەڵقورتاندنی لە کاروباری ناوخۆی گەلاندا و لە هەموو جۆرە جیاوازیخستنێك لە نێوان گەلاندا و پشتیوانی خۆی دەربڕی بۆ خەباتی ڕاست و دروستی هەموو گەلانی چەوساوە کە بۆ مافی سروشتکردی خۆیان تێ دەکۆشن و هەوڵی ئەوە دەدەن ئازادی وەدەست بێنن و بە دەستی خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن و بە تایبەتی گەلانی ڤێتنام و کامبۆدیا و لاوس و گەلانی خەباتکەری تر. هەروەها کۆنگرە دەری بڕیکە پارتی سوورە لەسەر ئەوە بەردەوام بێ لە خەبات بۆ پاراستنی ئاشتی لە جیهان و بۆ سووککردنی توندوتیژی نێوان دەوڵەتان و ڕێکردن لەبەر ڕووناکی پەیڕەوەکانی کۆمەڵی نەتەوەیەکگرتووەکان و پەیڕەوەکانی پێکەوە ژیانی گەلان بە ئاشتی و بۆ چارەکردنی گیروگرفتەکانی نێوان دەوڵەتان لە ڕێگای گفتوگۆوە و بۆ یاساغکردنی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆم و تاقیکردنەوەی و بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ هەموو گەلانی جیهان لەسەر بنچینەی سوودی تێکەڵاویان.

کۆنگرە جاڕی پشتگیری و یارمەتی خۆیدا بۆ خەباتی نەتەوەی عەرەب لە دژی ئیمپریالیزم و سەهیۆنیزم و بۆ لە چنگی دوژمن دەرهێنانی مافی عەرەبی فەڵەستین، و داوای لە هەموو ئەو دەوڵەتانە کرد کە بەشێکی گەلی کوردیان تیایە، کە وا دەستبەرداری سیاسەتی چەوساندنەوەی نەتەوەیی بن لە دژی نەتەوەکەمان و گوێڕایەڵ بن بۆ داخوازییە نەتەوەیی و دیموکراتییە بەجێکانی.

کۆنگرە دووپاتی کردەوە کەوا پارتی سوورە لەسەر پتەوکردنی ئەو هاوسوێنییەی لە نێوان ئەو و پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبدا هەیە، بە نیازی جێبەجێکردنی زووبەزووی

بەشە جێبەجێنەکراوەکانی بەیانە مێژوویی یەکەی (١١)ی مارس، لە پێناوی پتەوکردنی یەکێتی نیشتمانی و برایەتی کورد و عەرەبدا و بۆ ئەوەی ئەم یەکێتی و برایەتییە لەسەر بنچینەیەکی پتەو جێگیر ببێ و ئاسایشێکی بەهێزی نیشتمانی دابمەزرێ.

پارتی بەستنی کۆنگرەی بە هەلێکی لەبار زانی بۆ گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕکردنی بیروباوەڕ لە بارەی کاروبارە جۆربەجۆرەکانی عێراقەوە لەگەڵ نوێنەرانی حزبە نیشتمانپەروەرکانی عێراقدا، کە هاتبوونە ئاهەنگی دەستپێکرانی کۆنگرە، کە ئەوانەش نوێنەرانی پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب و پارتی کۆمۆنیستی عێراق و پارتی نیشتمانپەروەری دیموکرات و بزووتنەوەی سۆشیالیستی عەرەب و دیموکراتییە سەربەخۆکانن. وە بە ڕەزامەندی هەموو لایەك بڕیار درا، کە هەوڵ بدرێ بۆ بەهێزکردن و بەدەرەتانکردنی ئەو هاوپەیمانییەی لە نێوان پارتی و بەعسدا هەیە تا وای لێ بێ هەموو حزبە نیشتمانپەروەر و پێشکەوتووەکانی عێراق بگرێتەوە تا بەرەی نیشتمانپەرەوەری پێشکەوتنخواز چ لە ناو کۆمەڵانی گەل و چ لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتیشدا پێك بێت، بۆ ئەوەی بەرەی ناوخۆ پتەو بێ و هەمیشە تای ترازووی هێزەکانی گەل قورستر بێ لە تای ترازووی هێزەکانی دوژمن لە دەرەوە و لە ناوەوە و بۆ ئەوەی عێراقێکی نوێ بێتە ڕوو، کە گەلەکەی لە سایەی ڕژێمێکی دیموکراتی و شۆڕشگێردا بژی. هەروەها کۆنگرە داوای لە حکوومەتی نیشتمانپەروەر کرد کە وەزعێکی لەبار فەراهەم بکا بۆ ئەوەی ئەو جۆرە عێراقەی کە باسمان کرد، ئەوەش لە ڕێگای دامەزراندنی پەیوەندی برایەتی و دۆستایەتییەوە لەگەڵ ئەم حزبانەدا و لەگەڵ هەموو هێزە دڵسۆزەکانی وڵاتدا.

کۆنگرە داوای بەهێزکردنی برایەتی و خەباتی پێکەوەیی ڕۆڵەکانی گەلی عێراقی کرد بە عەرەب و کورد و تورکمان و کەمایەتییەکانەوە و داوای کرد کە تەقەلایەکی زیاتر بدرێ بۆ بەهێزکردنی دۆستایەتی و برایەتی لە نێوان هەموو دانیشتووانی کوردستان و بۆ وەستان بە توندی لەڕووی هەوڵ و تەقەلای ئەوانەدا کە دەیانەوێ ناحەزی بۆ گەلی کوردمان پەیدا بکەن لە ناو کەمایەتییەکان.

کۆنگرە بە پێویستی زانی کە باسی ئەو گرانی و بێئیشی و نەخۆشییە لە ڕادەبەدەرەیش بکا کە کوردستانی عێراق گرفتاری بووە و داوای لە حکوومەتی نیشتمانپەروەر کرد، کە دەستبەجێ بکەوێتە ئیشکردن بۆ سووککردنی باری ئەو ژیانە ناخۆشەی خەڵکی کوردستان لە ڕێگای جێبەجێکردنی بەندە ئابوورییەکانی بەیانە مێژووییەکەی (١١)ی مارسەوە و بە دانانی پرۆژەی ئابووری و کردنەوەی خەستەخانە و دەرمانخانە و تیمارخانە لە کوردستان.

هەروەها كۆنگرە قەدرزانین و سوپاسی گەرمی گەلی كوردی نارد بـۆ هـەموو لێژنـەكانی هاوكاری لەگـەڵ گـەلی كـورد لـە وڵاتـانی دەرەوەدا و بـۆ هـەموو دۆسـتانی گەلەكـەمان لـە دەرەوەی كوردستاندا، بەرامبەر بە هەڵوێستی پیاوانەیان، كە ڕاستبوونەوە بۆ بەرگریكردن لـە گەلەكەمان لە ڕۆژە ڕەشەكانی ژیان و داوای لێكردن ئەمرۆش یارمەتی ئەو هەوڵ و تەقەلایـە بدەن كە حكوومەتی عێراق دەیدا بـۆ ئاوەدانكردنـەوەی كوردسـتان. پاشـانیش پارتییەكـەمان سوپاسی هـەموو ئەوانـە دەكـا كـە هەسـتی برایـەتی و دۆسـتایەتییان دەربڕیـوە لـە ئاسـتی كۆنگرەكەماندا و داوا لە هەموو خەڵكی كوردستان دەكا و بە تایبەتی لە خەباتكارانی پـارتی، كەوا بەوردی لەسەر بڕیار و ڕاسپێرییەكانی كۆنگرە بڕۆن بـۆ ئـەوەی بتـوانن دەسـكەوتەكانی گەلەكەمان بپارێزن و یەكێتی نیشتمانی بەهێز بكەن و برایەتی ڕاستەقینەی نێوان عـەرەب و كـورد و ڕۆڵـەكانی تـری گـەل پتـەوتر بكـەن، تـا تێكـڕا بـەرەو پێشـەوە بـڕۆین بـە ڕێگـای دروستكردنی عێراقێكی ئازاد و دیموكراتی و ئاوەداندا كـە ئـاڵای برایـەتی و خۆشەویسـتی و ئاشتی باڵی خۆی بەسەرا كێشابێ.

**كۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموكراتی كوردستان**

**١٩٧٠/٧/١٠**

## لیستی ناوی میوانانی کۆنگره

١ - محەمەد سلێمان ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی بە نوێنەرایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی.
٢ - پارێزەر سەلمان عەزاوی، یوسف حاج ئەلیاس، عەبدوڵا عەباس، دکتۆر ڕەزا حەلاوی و ڕەسمی ئەلعامل کە شاندی حزبی نیشتمانی دیموکراتی بوون.
٣ - دکتۆر سەڵاح بەدرەدین سکرتێری پارتی دیموکراتی کورد/ سوریا و محەمەد نیو.
٤ - کەریم ئەحمەد نوێنەری حزبی شیوعی عێراقی،
٥ - دکتۆر محەمەد سەلمان حەسەن نوێنەری دیموکراتە سەربەخۆکان،
٦ - دکتۆر عەسام سخنینی سەرۆکی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینی لە عێراق،
٧ - دادوەر زەکیە ئیسماعیل حەقی سەرۆکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان،
٨ - مامۆستا هادی خدر نوێنەری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان،
٩ - عەبدولقادر محەمەد ئەمین نوێنەری یەکێتی قوتابیانی کوردستان،
١٠ -ئەحمەد نەقیب نوێنەری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان،
١١ -نوێنەری لێژنەی ناوچەی لوبنانی پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا،
١٢ -دکتۆر جەمال عەلەمدار نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەوروپا،
١٣ -سەردار ئارارات نوێنەری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا،
١٤ -جەمیل محۆ نوێنەری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کورد لە سوریا و لوبنان،
١٥ -دکتۆر شەفیق قەزاز نوێنەری قوتابیانی کورد لە ئەمریکا.
١٦ -عەبدولئیلا نەسراوی نوێنەری بزووتنەوەی عەرەبی سۆسیالیستی.
١٧ -نوێنەری حزبی لیبراڵی عێراقی،
١٨ -نوێنەری حزبی ئاسوری دیموکراتی کوردستان.
١٩ -دکتۆر کامێران بەدرخان .
٢٠ -قەشە ئێلۆن ئالبێك نوێنەری حزبی سۆسیال دیموکراتی سوید.
٢١ -عەقید تەها بامەڕنی،
٢٢ -ئەندازیار نەجمەدین عەونی و دکتۆر عیزەت ئەستەرئابادی.

هەروەها بروسکەی زۆر لە لایەنەکانەوە گەیشتە کۆنگرە، لەوانەش :

١ - حزبی شیوعی سۆڤیتی.
٢ - حزبی کرێکارانی سۆسالیستی هەنگاریا،
٣ - بەرەی نیشتمانی بولگاری.
٤ - بەرەی سۆسیالیستی یەکگرتوو لە ڕومانیا.
٥ - حزبی سۆسیالیستی ئەڵمانیی یەکگرتوو.

ئەمە جگە لە بەشدارانی ئاژانسەکانی ڕاگەیاندن کە بریتی بوون لە :

١ - ئیلون ئەلبیك، ڕۆژنامەنووسی سویدی،
٢ - ئاناتول مایتوشین لە دەزگای ڕۆژنامەنووسی تاسی سۆڤیتی،
٣ - ویلهێلم نیرجز لە دەزگای ڕۆژنامەنووسی ئادن ئەڵمانیای دیموکرات.
٤ - هەروەها ڕۆژنامەی *پراڤدا* بە گرنگییەوە باسی لەم کۆنگرەیە کردووە.
٥ - پەیامنێری (TASS) و (ADN) ڕوماڵی کۆنگرەکەیان کردووە.

## سەرچاوە و پەراوێز

١ - دكتۆر عەبدولخالق ناسرِ ئەلعامری، بارزانی مستەفا و دۆزی كورد لـە عێـراق، و. ئـەركان شارباژێری، ل ٣٨٩.
٢ - مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد ١٩٦١ ـ ١٩٧٥، بەرگی سـێیەم، بەشی یەكەم، (هەولێر ـ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ ٢٠٠٤ز)، ل ٢٤٢.
٣ - بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل ل ٢٤٣ - ٢٥١.
٤ - حازم صاغیە، بەعسی عێراق دەسەڵاتی سەدام لە دروستبوونیەوە تا ڕووخانی، و. بورهان عەطار، (چاپخانەی روون- ٢٠١٣)، ل ل ٧١،٧٤-٧٥.
٥ - مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشو، ل ل ٢٥١ - ٢٥٦.
٦ - موحسین دزەیی، وێستگەكانی ژیانم، و. ئیسـماعیل بـەرزنجی، بەشـی دووەم، (هـەولێر- دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس- ٢٠٠٩)، ل ل ٢١٣ - ٢٢٥.
٧ - حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني ـ العراق (في محطات رئيسية) ١٩٤٦ ـ ١٩٩٣، (دهوك ـ مطبعة خەبات ـ ١٩٩٨م)، ص ص ١١١ - ١١٦.
٨ - صـلاح الخرسـان، التيـارات السياسـية في كردسـتان العـراق، قـراءة في ملفـات الحركـات و الأحزاب الكردية في العراق ١٩٤٦-٢٠٠١، (بيروت – مطبعة البلاغ – ٢٠٠١م)، ص ١٤٨.
٩ - المصدر نفسه، ص ١٨٦.
١٠ -التقرير السياسي الخاص بالمؤتمر الوطني الثامن للحزب الـديمقراطي الكردسـتاني، جريـدة التآخي، العدد ٤٨١، بغداد، مطبعة دار الجاحظ، الثلاثاء، ٧ تموز ١٩٧٠م، ص ١، ٣٣٦، ٣٧٠.
١١ -پارتی دیموكراتی كوردستان، پرۆگرام و پـەیڕەوی نـاوخۆی كـۆنگرەی هەشـتەم، (بەغـدا ـ چاپخانەی (بەغدا ـ چاپخانەی (دار الجاحظ) ـ ١٩٧١ز)، ل ل ٣١، ٣٤، ٣٧، ٣٨، ٤٣، ٤٥.
١٢ -مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد ١٩٦١ ـ ١٩٧٥، بەرگی سـێیەم، بەشی دووەم، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ٢٠٠٤ز)، ل ٥٧.
١٣ -شەعبان عەلی شەعبان، هەندێك زانیاری سیاسی و مێژوویـی، چـاپی سـێیەم، (هـەولێر ـ چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات ـ ٢٠١٣ز)، ل ١١٧؛ محەمـەد مـەلا قـادر، خەباتنامـە، چـاپی دووەم، (هاولێر-چاپخانـەی دەزگـای ئـاراس-٢٠٠٧)، ل ٦٩؛ صـلاح الخرسـان، المصـدر السـابق، ص ص ١٨٧، ١٨٩.
١٤ -دكتۆر عەبدولخالق ناسرِ ئەلعامری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩٠.
١٥ - مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشو، ل ل ٥٨، ٥٩.

*- پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان، بریاری لەسەر دراوە لە کۆنگرەی هەشتەمی پارتیدا کە لە یەکی تەمووزی ١٩٧٠ دا بەسرا، چاپی یەکەم، (بەغدا - چاپخانەی دار الحافظ - ١٩٧١).

# کۆنفرانسی ڕامیاری ـ لەشکریی چۆمانی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ ١٩٧٣

لە ڕۆژانی ٢٧ تا ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٧٣دا، کۆنفرانسی ڕامیاری - لەشکریی چۆمان بە سەرپەرشتی سەرۆك مستەفا بارزانی و ئامادەبوونی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، ئەندامانی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەندامانی نووسینگەی سەربازی، سەرلەشکری هێزەکانی پێشمەرگە، فەرماندەی هێزەکان، فەرماندەی بەتالیۆنەکانی پاسەوانانی سنوور و بەرپرسی دەزگاکانی شۆڕشی ئەیلوول، لە شارۆچکەی چۆمان سەر بە پارێزگای هەولێر بەسترا.

کۆنفرانسەکە بە وتارێکی سەرۆك مستەفا بارزانی دەستی پێ کرد. مەبەست لە گرێدانی کۆنفرانسەکە تاوتوێکردنی بارودۆخی باشووری کوردستان، پەیوەندییەکانی نێوان سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی بوو. هەروەها تێیدا باسی دوائەنجامەکانی جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمی کرا[١].

## سەرچاوە و پەراوێز

١ - عقد اجتماع موسع، للحزب الديمقراطي الكردستاني، المكتب السياسي، جهاز النشر-والاعلام، جريدة أخبار كردستان، العدد ٢٠، كانون الأول، ١٩٧٣م، ص ص ٦، ٧.

# نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول - ئاداری ١٩٧٥

## "کۆبوونەوەکان"

ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، وەك ئەوەی ڕێککەوتنی لەسەر کرابوو، لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە هەرگیز جێبەجێ نەکرا، بەمەش بارودۆخ لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕش و حکومەتی عێراق تێکچوو. لە ڕێکەوتی ٢٦ی ئاداری ١٩٧٤ ڕژێمی بەعس ڕاگرتنی وتووێژی لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی ڕاگەیاند. دواتر گشت فەوجەکانی پاسەوانی سنووری هەڵوەشاندەوە و شەڕ دووبارە لە نێوان هەردوو لایەن دەستی پێکردەوە. تۆپخانەکانی ڕژێم لەو مانگەدا دەستیان بە تۆپباران کردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش کرد[٢] و تا کۆتایی مانگی ئەیلوولی ١٩٧٤ دەستی بەسەر زۆربەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا گرت. سەرکەوتنەکانی سوپا درێژەیان نەکێشا و لەلایەن لەشکری شۆڕشەوە لەو ناوچانەی داگیریان کردبوو ناچار بە پاشەکشێ کران، شۆڕش لەوماوەیەدا لەلایەن حکوومەتی شاهەنشایی ئێرانەوە بە فراوانی یارمەتی دەدرا[٣].

لە کۆتایی وەرزی پایزی ١٩٧٤ بەغدا بەردەوامبوونی شەڕی ڕاگەیاند و بڵاوی کردەوە شەڕ لە وەرزی زستانیش بەردەوام دەبێت[٤]. ئەم شکستانە بۆ ڕژێمی بەعس و سەدام حسێن جێگەی تەحەمول نەبوون. حکومەت بەرامبەر بە شۆڕش تەواو لاواز ببوو بۆیە ناچار بوو تەنانەت سوود لە ئەندامە یەدەگەکانیشی وەربگرێت. دارایی یەدەگی حکوومەتیش ڕووی لە تەواوبوون بوو[٥]. شای ئێران ویستی ئەوەبوو لە ڕێگەی یارمەتیدانی شۆڕشەوە گوشار بخاتە سەر عێراق تا بە پەیماننامەی گولانی ساڵی ١٩٣٧ی تایبەت بە "شەتولعەرەب"دا بچێتەوە، هەر بۆ ئەم مەبەستەش بوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای قایل کرد لە ژێر سەرپەرشتی خۆی و بە نهێنی یارمەتی شۆڕش بدات[٦].

محەمەد ڕەزا شای ئێران، تا دەهات لە ئامانجەکەی نزیکتر دەبووەوە. لە ڕێکەوتی ٦ی ئاداری ساڵی ١٩٧٥ کۆنفرانسی سەرانی ئۆپێك لە جەزائیر بە ئامادەبوونی نوێنەری سێزدە وڵاتی ئەندام لە ڕێکخراوەکە بەسترا[٧]. لەم کۆنفرانسەدا بە هاوکاری سەرۆکی وڵاتی خانەخوێ هەواری بومیدیەن ڕێککەوتننامەیەکی سیاسی سەربازی لە نێوان سەددام حسێن جێگری سەرۆك کۆماری ئەوکاتی عێراق و محەمەد ڕەزا شا پەهلەوی ئێران واژووکرا، ئەنجامی ڕێککەوتننامەکە ئەوە بوو ئێران یارمەتی عێراق بدات لە ئابلۆقەدانی شۆڕشی کورد، سنوورەکانی لەگەڵ عێراق بپارێزێت و چیتر دەست لە کێشە ناوخۆییەکانی عێراق

وەرنەدات، لە بەرامبەر دەسبەرداربوونی عێراق لە چەند زەوییەکی "شط العرب" بۆ ئێـران و گەڕاندنەوەی سنووری ئاوییەکانی هـەردوو وڵات بـۆ ڕێککەوتننامـەی قوستەنتەنییەی ساڵی ۱۹۱۳ی نێوان ئێران و دەوڵەتی عوسمانی[٨].

کاتێك ڕێککەوتننامەی جەزائیر ڕاگەیەنرا، سەرۆك مستەفا بـارزانی بـە شـاندێك، لەسـەر داواکاری شای ئێـران، سـەردانی تارانیـان کردبـوو، لـە لایـەن سـەرۆك بارزانییـەوە، موحسـین دزەیی لـە تارانـەوە نێردرایـە حـاجی ئۆمـەران، بـۆ ئـەوەی کۆبوونەوەیـەکی بەپەلـە لەگـەڵ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردە سیاسی و سـەربازییەکانی شۆڕشـدا ئـەنجام بـدات و دوایـن پێشـهاتەکانیان پێڕابگـەینێت. نیـوەڕۆی ٨ی ئـاداری ۱۹۷۵ موحسـین دزەیـی گەیشـتە حاجی ئۆمەران و کۆبوونەوەیەکی سازدا، نێردراوەکەی بارزانی بە ئامادەبووانی ڕاگەیانـد کـە ڕژێمی پاشایەتی ئێران بڕیاریداوە لە ١ی نیسانەوە سـنوورەکانی دابخـات و ئامادەنییـە چیـتر یارمەتی شۆڕش بدات، سەرۆك بارزانی داوای کردووە ئەندامانی سـەرکردایەتی بڕیـار بـدەن، لەوەی ئاوارەی ئێران بن، یان درێژە بە شۆڕش بدرێت[٩].

زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ ئەوە بوون لـە ڕێگـەی شـەڕی پارتیزانییـەوە درێژە بە شۆڕش بدرێت و خۆیان ڕادەستی هیچ لایـەك نەکـەن. موحسـین دزەیـی ڕۆژی ٩ی ئادار گەڕایەوە تاران، بڕیـار و پێشـنیارەکانی کۆبوونەوەکـەی بـە سـەرۆك بـارزانی ڕاگەیانـد، هەمان ڕۆژ لە ڕێگەی دەزگای بێتەلی نووسینگەی پارتی لـە تـاران وەڵامـی سـەرۆك مسـتەفا بارزانی بۆ حـاجی ئۆمـەران نێردرایـەوە و پاڵپشـتی پێشـنیاری سـەرکردایەتی پـارتی کـرد بـۆ بەردەوامیدان بە شەڕی پارتیزانی[١٠].

دوای گەڕانەوەی محەمەد ڕەزا شا لە جەزائیر، لـە ڕێکـەوتی ١١ی ئـاداری ۱۹۷۵ لەگـەڵ شاندی سەرکردایەتی شۆڕش لە تاران کۆبوونەوە، شا بەوە پاساوی بۆ ڕێککەوتنەکە هێنایەوە، کە "ناچاربووم بەرژەوەندی وڵاتەکەم پێش بەرژەوەندییەکانی تر بخەم، وەك چۆن ئێوەش لە خەمی بەرژەوەندی خۆتان ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ۱۹۷۰ تان لەگەڵیان مۆرکرد"[١١].

لە ڕێکـەوتی ١٢ی ئـادار سـەرۆك مسـتەفا بـارزانی و شـاندی یـاوەری گەڕانـەوە حـاجی ئۆمەران، هەمان ڕۆژ کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ئەنـدامانی سـەرکردایەتی حـزب ئەنجامـدا، لـە کۆبوونەوەکـەدا بڕیـاری بەردەوامیـدان بـە شـەڕ درا. ڕۆژی ١٣ی ئـادار دوای ڕاگەیانـدنی ئاگربەسـت، کۆبوونەوەیـەکی فـراوانتر لـە لایـەن سـەرۆك مسـتەفا بارزانییـەوە ئـەنجام درا، سـەرکردە سـەربازییەکانی ناوچەکـە، کەسـایەتییە سیاسـییەکان و کـادیرە پێشـکەوتووەکانی حیزبیش تێیدا بەشدار بـوون، بڕیـاردرا ناوچـەکانی شـۆڕش بەسـەر چەنـد کەرتێکـدا دابـەش

بکرێن و هەر کەرتێکیش سەرکردەیەکی مەیدانی تایبەتی بۆ دابنرێت، هەروەها بۆئەوەی باری سەرشانی شۆڕش سووك بکرێت و ژمارەی پێشمەرگەی هێزەکان کەم بکرێنەوە و ڕاشگەیەنرا هەر کەسە ئازادە لەوەی بچێتەوە عێراق و بەر لێبووردنی گشتی بکەوێت، یان وەك پەنابەر ڕووبکاتە ئێران، یاخود لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش بمێنێتەوە و لە شەڕکردن بەردەوام بێت، زۆربەی ئەو کەسانەی لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بوون بڕیاری مانەوەیان دا[١٢].

دوای بڕیاری بەردەوامیدان بە شۆڕش، لە ڕێکەوتی١٨ی ئادار ژەنەڕاڵ مەنسوور پوور نوێنەری محەمەد ڕەزا شا، هاتە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش و لەگەڵ سەرۆك مستەفا بارزانی و بەشێك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کۆبووەوە. مەنسوور پوور دوا بڕیاری شای لەبارەی شۆڕشەوە هێنابوو، بە سەرکردایەتی شۆڕشی ڕاگەیاند "ئەگەر لە شەڕکردن بەردەوام بن ئەوا ڕێگە بە هێزە سەربازییەکانی عێراق دراوە بۆ لە ناوبردنی شۆڕش بێنە ناو خاکی ئێرانەوە، هێزەکانی ئێرانیش ئەگەر پێویست بکات یارمەتییان دەدەن". ڕۆژی ١٨ی ئادار لە لایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە بڕیاری کۆبوونەوەیەکی بە پەلە درا. لەو کۆبوونەوەیەدا کە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی تێیدا بەشدار بوون، سەرۆك مستەفا بارزانی بۆچوونی خۆی بە ئامادەبوانی کۆبوونەوەکە ڕاگەیاند، ئەویش بۆ ماوەیەکی کاتی شەڕ ڕابگیرێت و لەکاتێکی لەبارتردا دەست پێبکرێتەوە، دوای گفتوگۆکردن لەبارەی سەرجەم بارودۆخەکە لەگەڵ سەرکردە سەربازی و کەسایەتییە حیزبی و سیاسییەکان، گشتیان پێشنیارەکەی سەرۆك بارزانییان پەسەند کرد[١٣]. ئەوەبوو تا ڕێکەوتی ٢٥ی ئادارای ١٩٧٥، بەشی هەرەزۆری سەرکردایەتی شۆڕش، پێشمەرگە و خەڵکی سڤیل ئاوارەی وڵاتی ئێران بوون و ژمارەیەکی زۆریش بەر لێبووردنی گشتی کەوتن و لە کوردستان مانەوە، دواتر بۆ باشووری و ناوەڕاستی عێراق ڕاگوێزران.

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، چارەنووسی بیست و یەك ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە لە کۆنگرەی هەشتەمی ١٩٧٠ هەڵبژێردرابوون بەم شێوەیە بوو: موقەددەم عەزیز ئاکرەیی و هاشم ئاکرەیی ساڵی ١٩٧٤ پشتگیری پڕۆژەکەی بەرەی میللی بەعسیان کرد و چوونە نێو حکوومەتەوە، دواتر لە شوباتی ١٩٧٤ لەلایەن سەرۆك مستەفا بارزانییەوە پلەکانیان لەنێو حزب لێ وەرگیرایەوە[١٤]. فاخیر مێرگەسۆری ساڵی ١٩٧٢ چووە پاڵ ڕژێمی بەعسەوە، دواتر پاش ئەنجامدانی چەند هەوڵێکی نەزۆك لەلایەن سەرکردایەتی پارتییەوە دەستگیرکرا و تا ١٩٧٥ لە بەندیخانەی شۆڕش مایەوە و هەر لەو

ساڵەدا کوژرا. ساڵح یوسفی چەند ڕۆژێك پاش نسکۆی شۆڕش لە شارۆچکەی نەغەدەوە لەسەر داواکاری حکوومەتی عێراقی بەمەبەستی نێوانگیری حکومەت و سەرکردایەتی شۆڕش[15] لە ڕێکەوتی ٢٥ی ئاداری ١٩٧٥ گەڕایەوە عێراق، پاش گەڕانەوەشی لەلایەن حکوومەتەوە بۆ بەغدا دوور خرایەوە[16]. هەریەك لە عەبدول قەرەنی سۆران، فارس باوە، سدیق ئەفەندی و زەکییە ئیسماعیل حەقی ساڵی ١٩٧٥ و پاش ماوەیەکی کورت لە نسکۆی شۆڕش گەڕانەوە عێراق و خۆیان ڕادەستی حکوومەت کردەوە، دواتر لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بۆ شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق ڕاگوێزران. حەبیب محەمەد کەریم و دارا تۆفیق دوای ئەوەی لە ڕێکەوتی ١٢ی نیسانی ١٩٧٥ لەلایەن سەرکردایەتی پارتییەوە نێردرانە بەیرووتی پایتەختی لوبنان، لەوێوە دارا تۆفیق ماوەیەك لە بەیرووت مایەوە و دواتر خۆی ڕادەستی حکوومەتی عێراقی کردەوە. هەرچی حەبیب محەمەد کەریم بوو لەوێوە چووە وڵاتی میسر و پاش ماوەیەکی کورت ئەویش بەرەو عێراق گەڕایەوە و خۆی ڕادەستی حکومەت کردەوە[17]. نوری شاوەیس لە ڕێکەوتی ٢٨ی نیسانی ١٩٧٥ لەلایەن سەرکردایەتی پارتییەوە بەمەبەستی چارەسەری نەخۆشی نێردرایە لەندەن[18]، ئەویش پاش گەیشتنی بۆ ماوەیەکی کورت وازی لە کاری سیاسی هێنا دواتر گەڕایەوە. عەلی شنگاری ڕێکەوتی ١٦ی ئەیلوولی ١٩٧٥ لە ئێرانەوە چووە وڵاتی سوریا[19] و پاش ماوەیەك لە درێژەدان بەکاری سیاسی لەو وڵاتە، ڕێکەوتی ٩ی حوزەیرانی ١٩٧٧ حیزبێکی سیاسی بەناوی "یەکێتی دیموکراتی کوردستان" دامەزراند[20]. عەلی عەبدوڵا لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٥ پاش ماوەیەك وازهێنان چووە لەندەن و لەوێ نیشتەجێ بوو. د. مەحمود عوسمان سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ پاش ئەوەی بۆی دەرکەوت لەنێو ڕێکخستنە نوێیەکانی پارتییدا جێگای نابێتەوە، لە ئێرانەوە چووە وڵاتی سوریا و مانگی تشرینی دووەمی هەمان ساڵ حیزبێکی بەناوی "لێژنەی ئامادەکاریی پارتی دیموکراتی کوردستان" دامەزراند[21]. هەرچی شەکیب عەقراوی بوو ساڵی ١٩٧٦ چووە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وازی هێنا. دواتر ئیسماعیل مەلا عەزیز ساڵی ١٩٧٨، ڕەشید سندی و عەبدولوەهاب ئەتروشی پاش ماوەیەك وازهێنان لە کاری سیاسی، ساڵی ١٩٧٩ گەڕانەوە عێراق و خۆیان ڕادەست کردەوە. بەم شێوەیە لە کۆی بیست و یەك ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزب تەنیا مەسعود بارزانی، ئیدریس بارزانی و سامی عەبدولڕەحمان مابوونەوە کە ڕاستەوخۆ پاش نسکۆی شۆڕش، لەکار و چالاکییەکانیان بەردەوام بوون.

## سەرچاوە و پەراوێز

١ - ئیبراهیم جەلال، خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول بنیاتنــان و هەلتەکانـدن ١٩٦١-١٩٧٥، چاپی سێیەم، (سلێمانی- چاپخانەی ژیار- ١٩٩٩)، ل ٣٧٦.

٢ - کـریس کـوچرا، جنـبش ملـی کـرد، ت. ابـراهیم یونسـی، چـاپ دوم، (تهـران- مؤسسـه انتشارات نگاه- ١٣٧٧)، ص ٣٧٨.

٣ - مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشـی دووەم، شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١ – ١٩٧٥، چـاپی یەکـەم (هـەولێر- چاپخانـەی وەزارەتـی پێشـمەرگە- ٢٠٠٤)، ل ١٥٩.

٤ - کریس کوچرا، مصدر پیشین، ص ٣٩٤.

٥ - چارلز تریپ، چەنـد لاپەڕەیـەك لـە مێـژووی عێـراق (لێکۆڵینەوەیـەکی بەڵگەنامەییـە لـە مێـژووی عێراقـی نـوێ لـە وەتـای دروسـتبوونی دەوڵـەتی نـوێ تاناوەڕاسـتەکانی ٢٠٠٢)، و. محەمەد حسێن ئەحمـەد- عەبـدولقادر کـەڵهوڕ، (هـەولێر- دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی رۆژهەڵات)، ل ٢١٠.

٦ - ژێرار شالیان، تراژیدیای کـورد (راپۆرتێـك بـۆ نەتەوەیـەکگرتووەکان)، و. وریـا رەحمانـی، چاپی یەکەم، (دهۆك- چاپخانەی خانی- ٢٠١٠)، ل ل ١١٥، ١١٦.

٧ - کنفرانس سران اوپك با اخطار بومـدین بـەغرب تشـکیل شـد، روزنامـە اطلاعـات، شـمارە ١٤٦٥١، چهار شنبە ١٤ اسفند ماه ١٣٥٣، ص ٢.

٨ - آتش بس در روابط ایـران و عـراق، روزنامـە اطلاعـات، تهـران، شـمارە ١٤٦٥٣، شـنبە ١٧ اسفند ماه ١٣٥٣، ص ٥.

٩ - موحسـین دزەیـی، ویسـتگەکانی ژیـانم، بەشـی دووەم، و. ئیسـماعیل بـەرزنجی، چـاپی یەکەم، (هەولێر- بڵاوکراوەی ئاراس- ٢٠٠٩)، ل ل ٣٣٧، ٣٣٨.

١٠ - هەمان سەرچاوە، ل ٣٣٩.

١١ - مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧١.

١٢ - موحسین دزەیی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ٣٤٢؛ مسـعود بـارزانی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ١٧٩؛ سەعید مەموزینی، دوا ساڵەکانی ژیانی بارزانی نەمر، چاپی یەکەم، (هەولێر- چاپخانـەی منارە- ٢٠١٤)، ل ٨٠.

١٣ - موحسین دزەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٤٣، ٣٤٤، ٣٤٥.

١٤ - پاوڵ شیسمەن- د. خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، لەژێر ئاڵای کوردستاندا (ژیان و رێبازی مـەلا

مستەفا بارزانی)، و. ئەردەلان گۆران، چاپی یەکەم، (هەولێر- خانەی موکریانی- ٢٠١٤)، ل ل ٥٢٥ ، ٥٢٧؛ فاروق ابراهیم شریف، الضباط الکورد ف الجیش العراقی، الجزء الاول، ( ORKA MATBAACILIK TURKEY-٢٠١٤)، ص٨١.

١٥ - موحسین دزەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤٦.

١٦ - یەکێتی نیشتیمانی کوردستان سەرهەڵدان و نوێبوونەوە، (لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك)- ٢٠٠٥)، ل ٨٩.

١٧ - ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیا، چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف تەیفوور، (خازر - ٢٠١٦\١٢\١١).

١٨ - دەقی نامەی ئیدریس بارزانی بۆ تارق کامل عەقراوی، ١٩٧٥\٤\٢٨.

١٩ - ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیا، چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی شنگاری، (دهۆك - ٢٠١٥\٢\١٠).

٢٠ - د. عەلی تەتەر نێروەی، بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق لە سالەکانی جەنگی عێراق و ئێران دا (١٩٨٠ - ١٩٨٨)، چاپی یەکەم، (هەولێر- چاپخانەی حاجی هاشم- ٢٠٠٨)، ل ٩١.

٢١ - فاروق محەمەد محەمەدئەمین، سیاسەتی ئێران بەرامبەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان (١٩٧٥ - ١٩٨٩)، چاپی یەکەم، (سلێمانی- چاپخانەی ڕێی نوێ- ٢٠١٤)، ل ل ٨٠، ٨١.

# دامەزراندنی سەركردایەتی كاتی پارتی - ١٩٧٥

## "كۆبوونەوەكان"

سەرەتای دەستپێكردنەوەی كاری پارتایەتی دوای نسكۆی شۆڕشی ئەیلوول، ڕاستەوخۆ بۆ چەند ڕۆژێك دوای ئاوارەبوون بۆ وڵاتی ئێران دەگەڕێتەوە. سەرەتای مانگی نیسانی ١٩٧٥، پێش ئەوەی سەرۆك مستەفا بارزانی بە شاندێك سەردانی تارانی پایتەختی ئێران بكات، كۆبوونەوەیەكی فراوانی ڕێكخست، بۆ ئەم كۆبوونەوەیە جگە لە سەركردایەتی پارتی و شۆڕش، خەڵكی لە زۆربەی ئۆردوگاكانی شارە جیاوازەكانی ئێرانەوە هاتبوون. ڕێكەوتی ٢ی نیسانی ١٩٧٥ كۆبوونەوەكە لە خێوەتێكی گەورەی سەر گۆڕەپانی بەردەم خانووی نیشتەجێ بوونی سەرۆك مستەفا بارزانی كە تایبەت بۆ ئاوارەكان هەڵدرابوو ئەنجامدرا[١]. لە كۆبوونەوەكەدا سەرۆك مستەفا بارزانی وتارێكی پێشكەش كرد و هانی خەڵكی دا لەسەر خۆڕاگری و خۆ بەدەستەوەنەدانیان، سەرەڕای سەرپشك كردنی ئاوارەكان لە گەڕانەوە بۆ عێراق و سوود وەگرتن لە لێبووردنی گشتی، یان مانەوە لە ئێران. بارزانی مژدەی دوارۆژێكی گەشی پێدان و پێشبینی سەركەوتنی یەكجارەكی خەباتی گەلی كوردی بۆ كردن[٢].

لەم كۆبوونەوەیەدا پاش ئامۆژگاری و قسەكردن بۆ ئامادەبووان، مەسعود بارزانی داوای لە سەرۆك مستەفا بارزانی كرد ڕێگای پێبدات دووبارە ئۆرگان و ڕێكخستنەكانی پارتی و شۆڕش چالاك بكاتەوە. سەرۆك بارزانیش بە داواكارییەكەی ڕازی بوو، پێش بەڕێكەوتنیشی بۆ تاران تەواوی دەسەڵاتەكانی خۆی پێ بەخشی[٣].

مەسعود بارزانی كە لەو نێوەندەدا كاری ڕێكخستنەوەی ئۆرگانە حیزبی و سەربازییەكانی پێ سپێردرا و ڕاستەوخۆ دوای چوونی سەرۆك مستەفا بارزانی و شاندی یاوەری بۆ تاران، لە حەفتەی یەكەمی مانگی نیسانی ساڵی١٩٧٥ دەستی بەكاری ڕێكخستنەوە كرد. سەرەتا بەوردی سەرنجی خستە سەر هەڵبژاردنی كادیرە لاوەكان، بەتایبەت كادیرانی دەزگای پاراستن كە پێشتر خۆی سەرپەرشتی كردبوون[٤].

دوای دوورخستنەوەی سەرۆك مستەفا بارزانی بۆ تاران، هەر لە سەرەتای مانگی نیسانی ١٩٧٥ گرووپی مەكتەبی سیاسی كۆن، "ئەوانەی دوای كۆنگرەی هەشتەمی ساڵی ١٩٧٠ لەسەر لێبووردنی سەرۆك مستەفا بارزانی گەڕابوونەوە ناو پارتی" بە سەرۆكایەتی ئیبراهیم ئەحمەد، لە ڕێگەی كەمال محیەدینەوە پەیوەندییان بە حكومەتی عێراق و ئیستخباراتی ڕژێمەوە كرد و داوای لێبووردن و گەڕانەوە بۆ عێراقیان كرد. دوای ڕەزامەندی حكوومەت، گرووپەكە لە نێو ماڵەكانیان دەستیان بە كۆبوونەوە كرد و پەیوەندییان بە زۆر كەسەوە كرد

بەمەبەستی ڕازیکردنیان بە گەڕانەوە بۆ عێراق[5]. ئـەوەبوو تـا ڕێکـەوتی ٢٦ی نیسـان و دوای کۆبوونەوەکەی ماڵی عومەر مستەفا دەبابە لە ناوەڕاستی مانگی نیسـانی ١٩٧٥[6]، ژمارەیـەکی زۆریان بۆ کوردستان گەڕانەوە[7].

دوای ڕاسـپاردنی مەسـعود بـارزانی بـۆ ڕێکخسـتن و بنیاتنانـەوەی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، بـە ڕاوێژکـردن لەگـەڵ ئیـدریس بـارزانی، ڕۆژی ١٥ی نیسـانی ١٩٧٥ بـۆ یەکـەم کۆبوونەوە دەستنیشان کرا. کۆبوونەوەکە بە شێوەیەکی نهێنـی و بـە سەرپەرشـتی مەسـعود بـارزانی و ئامـادەبوونی جەوهـەر نـامیق سالم، عەبدولکـەریم سـوڵتان عەبـدوڵڵا "کـەریم شنگاری"، عـارف تـەیفوور، ئـازاد بـەرواری و محەمـەد ڕەزا لەسـەر کانیـاوێکی نزیـك شـاری نەغـەدە بـە نـاوی "حـەفت چەشـمە" ئەنجامـدرا[8]. دوای باسـکردنی بـارودۆخی پەنابـەران، بڕیـاردرا سـەرلەنوێ دەسـت بـەکاری ڕێکخسـتن بکرێتـەوە و سـەرکردایەتییەکی نـوێ دروستبکرێت. هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنەوەی کاروباری ڕێکخستن، پەیوەندی بە سـەرکردە دیارەکانی شۆڕشەوە بکرێت[9].

لە ڕێکەوتی ١٠ی ئەیلوولی ١٩٧٥، مەسعود بارزانی لەگەڵ سەرۆك مسـتەفا بـارزانی بـە مەبەستی چارەسەری پزیشکیی سەرۆك بارزانی سەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای کرد و لە ڕێکەوتی ١٠ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ گەڕانـەوە ئێـران[10]. لەسـەر پێشـنیاری مەسعود بارزانی و بە ئاگاداری سەرۆك مستەفا بـارزانی و ئیـدریس بـارزانی، لـە ناوەڕاسـتی مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٧٥ کۆبوونەوەیەکیتر بە ئامادەبوونی هەریەك لە جەوهەر نامیق، کەریم شـنگاری، عـارف تـەیفوور و محەمـەد ڕەزا، لـە عەزیمییـەی کـەرەج ئـەنجام درا[11]، لـە کۆبوونەوەکـەدا چەنـد بڕیـارێکی گرنـگ دەرکـران، لەوانـە دامەزرانـدنی سـەرکردایەتییەکی هاوبـەش لـەنێوان سـەرکردایەتی کـۆن و نـوێی پـارتی بۆئـەوەی بەشـێوەیەکی هاوبـەش سەرپەرشـتی ڕێکخـراوە نوێیـەکانی حیـزب بکرێـت. گەڕانـەوە بـۆ باشـووری کوردسـتان و دروسـتکردنەوەی مـەفرەزەی چەکـدار و ڕێکخـراوی نهێنـی حـزب، بـە مەبەسـتی دەستپێکردنەوەی شۆڕش، کە دواتر بە "شۆڕشی گوڵان" ناسرا[11].

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا بـە نـاوی حـزب بەیاننامەیـەك بڵاوبکرێتـەوە، ئـەوەبوو بەیاننامەیەك لە شاری تـاران نووسرایـەوە و دوای ڕەزامەنـدی سـەرۆك مسـتەفا بـارزانی، لـە ڕێکـەوتی ١٠ی کـانوونی یەکـەمی ١٩٧٥ بـەناوی سـەرکردایەتی کـاتی "قیـادة الموقتـة " بـە ناونیشانی (کردستان الساحة الحقيقية للنضال) بڵاوکرایەوە[12].

# سەرچاوە و پەراوێز

١ - موحسین دزەیی، وێستگەکانی ژیانم، و. ئیسماعیل بەرزنجی، بەشی سێیەم و کۆتایی، چاپی یەکەم، (هەولێر- چاپخانەی موکریانی- ٢٠١٥)، ل ل ٢٣، ٢٤.

٢ - مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١ – ١٩٧٥، چاپی یەکەم (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پێشمەرگە- ٢٠٠٤)، ل ٢٤٠؛ ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپێدیا، چاوپێکەوتن لەگەڵ سیامەند بەنا، (هەولێر - ٢٠١٦\١٠\١٣)؛ سەعید ناکام، بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام، (هەولێر- دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس- چاپخانەی وەزارەتی پێشمەرگە- ٢٠٠٣ )، ل ١٧٢.

٣ - مەسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٠؛ م. شکری، شۆڕەشا گولانێ درێژە پێدانا شورەشا ئەیلوولێ یە، گۆڤاری پەیامی ئەیلوول، ژمارە ١٩، کانوونی دووەمی ٢٠١١، ل ل ٣١، ٣٢.

٤ - د. عەلی تەتەر نێروەی، بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق لە سالەکانی جەنگی عێراق و ئێران دا (١٩٨٠-١٩٨٨)، چاپی یەکەم، (هەولێر- چاپخانەی حاجی هاشم- ٢٠٠٨)، ل ٦٠.

٥ - سەید کاکە، بیرەوەری پێشمەرگەیەك، چاپی سێیەم، (هەولێر- چاپخانەی شەهاب- ٢٠٠٠)، ل ل ١٠٨، ١٠٩؛ سەلام عەبدولکەریم، ژیانی سیاسیی لە باشوری کوردستان ١٩٧٥ – ١٩٩١ (سەرهەڵدانی رەوتی سۆسیالیستی و دروستبونی حزبی سۆسیالیستی کوردستان وەك نمونە)، چاپی یەکەم، (چوارچرا- ٢٠١١)، ل ٣٩؛ عەبدولرەحمان گۆمەشینی، پوختەیەك لە بیرەوەرییەکانم، چاپی یەکەم، (سلێمانی- چاپخانەو ئۆفیسی قانع- ٢٠٠٣)، ل ٣٢؛ ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپێدیا، چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف تەیفوور، (خازر - ٢٠١٦\١٢\١١).

٦ - سەلام عەبدولکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩.

٧ - عەبدولرەحمان گۆمەشینی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٢، ٣٣.

٨ - ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپێدیا، چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم شنگاری، (هەولێر، ٢٠١٧\١١\٢٩)؛ م. شکری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢؛ ئەسعەد عەدۆ، مێژووی شۆڕشی گوڵان ١٩٧٦\٥\٢٦، (هەولێر- چاپخانەی رۆژهەڵات- ٢٠١٥)، ل ١٤.

٩ - ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپێدیا، چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف تەیفوور، (خازر - ٢٠١٦\١٢\١١).

١٠ - مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٤٢ تا ٢٤٨.

*- ئازاد بەرواری وەك ئەوەی پێشتر بڕیاری لەسەر درابوو، دەبوایە ئامادەی كۆبوونەوەكە بێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی پێش ئەوانی تر بۆ شاری یەزد گوازرابووەو نەیتوانی خۆی بگەیێنێتیە كەرەج.

١١ - چاوپێكەوتن لەگەڵ عارف تەیفوور، سەرچاوەی پێشوو.

١٢ -چاوپێكەوتن لەگەڵ كەریم شنگاری، سەرچاوەی پێشوو؛ چاوپێكەوتن لەگەڵ عارف تەیفوور، سەرچاوەی پێشوو؛ ئەرشیفی دەستەی ئینسكلۆپێدیا، چاوپێكەوتن لەگەڵ مولازم یوونس ڕۆژبەیانی، ٢٠١٦\٨\١٤؛ علي سنجاري، أوراق من أرشيف كوردستان، الجزء الثانی، (دهوك- مطبعة خانی- ٢٠١٣)، ص ٢٦٣.

## کۆنفرانسی بەرلینی سەرکردایەتی کاتی پارتی

## ئابی - ١٩٧٦

لەسەر بڕیاری کۆبوونەوەی مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٧٥، بەشێکی زۆری سەرکردایەتی نوێی حزب و پێشمەرگە گەڕانەوە کوردستان و توانیان لە ماوەیەکی کەمدا ڕێکخستنە سیاسی و سەربازییەکانی حزب و شۆڕش بنیاتبنێنەوە، لە ناوەوەی وڵاتیش ژمارەیەکی زۆری پیشمەرگە پەیوەندییان پێوەبکەن، یەکێکی تر لە بڕیارەکانی کۆبوونەوەی کەرەج دروستکردنی سەرکردایەتییەکی کاتی نوێ بوو بۆ حزب، سەرەتا ژمارەی ئەندامە هەڵبژێردراوەکان بۆ ئەم سەرکردایەتییە کاتییە پێکهاتبوو لە یازدە ئەندام کە بریتیبوون لە: مەسعود بارزانی، ئیدریس بارزانی، سامی عەبدولڕەحمان، جەوهەر نامیق، کەریم شنگاری، عارف تەیفوور، محەمەد ڕەزا، ئازاد بەرواری، نووری شاوەیس، عەلی عەبدوڵڵا و کەمال کەرکووکی[1].

جێگیرکردنی ناوی ئەندامانی سەرکردایەتی کاتی پارتی پێویستی بە بەستنی کۆنگرە هەبوو، چونکە بەپێی پرۆگرام و پەیڕەوی پەسەندکراوی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی هەشتەمی ١٩٧٠ی ناوپردان، دەبوو ئەندامانی کۆمیتەی ناوندی حزب لە کۆنگرە هەڵبژێردرێن، ئەگەر بارودۆخیش بۆ بەستنی کۆنگرە لەبار نەبوو، ئەوا حزب بۆی هەیە لە هەرشوێنێك بێت کۆنفرانس ئەنجامبدات، بەمەرجێك لەلایەن ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی پێشوو سەرپەرشتی بکرێت[2]. بەوپێیەی بارودۆخی ئەوکاتی پارتی و ناوچەکە بواری بەستنی کۆنگرەی نەدەدا، لەلایەن سەرکردایەتی حزبەوە بڕیاردرا کۆنفرانسێکی فراوان لە ئەوڕووپا ئەنجامبدرێت.

بە هۆی هەوڵەکانی لقی شەشی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە هاوینی ساڵی ١٩٧٦ سنووری ئەوڕووپا بەڕووی ئاوارە کوردەکاندا کرایەوە، پاش ئەوەی هەردوو وڵاتی نەمسا و هۆڵەندا ئامادەیی خۆیان نیشاندا ژمارەیەك کورد وەك پەنابەر وەربگرن، لەلایەن مەکتەبی پەیوەندییەکانی پارتی لە تاران ژمارەیەك پەنابەر کە ژمارەیەك ئەندامی سەرکردایەتی نوێی پارتیشی تێدابوو، نێردرانە ئەوڕووپا. پاش گەیشتنیان لەلایەن لقی شەشی ئەوڕووپاوە پەنابەرەکان ڕێکخرانەوە و بەشێکی زۆریان بەسەر ڕێکخستنەکانی حزبدا دابەشکران. بەم شێوەیە بارودۆخی حزب لە ئەوڕووپا بوژایەوە و لە ڕێکەوتی ٢٦ی ئایاری ١٩٧٦ سامی عەبدولڕەحمان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە لەندەن دەستپێکردنەوەی شۆڕشی

چەکداریی لە باشووری کوردستان (شۆڕشی گوڵان) ڕاگەیاند[٣]. هەر لەو ماوەیەشدا لەلایەن سەرکردایەتی پارتییەوە بڕیار لەسەر ئەنجامدانی کۆنفراسی حزب لە ئەوڕووپا درا.

لە لایەن لقی شەشی ئەوڕووپای پارتییەوە دەست بە ئامادەکارییەکانی کۆنفرانس کرا، بەوپێیەی بارەگای لق لە بەرلینی ڕۆژئاوا بوو، شارەکە وەك شوێنی بەڕێوەچوونی کۆنفرانس دەستنیشانکرا. پاش ئەنجامدانی ئامادەکارییەکان، داوا لە لێژنە ناوچەکانی ئەوڕووپا کرا نوێنەری خۆیان بنێرنە بەرلین، هەر لێژنە ناوچەیەك بەلایەنی کەم دوو نوێنەری بۆ دەستنیشانکرا، لێژنە ناوچەکانیش لەنێو خۆیاندا بە دەنگدان ئەندامێکیان هەڵبژارد و لەگەڵ بەرپرسی لێژنە ناوچە کە ڕاستەوخۆ بۆ کۆنفرانس سەردەکەوت و بە ڕاپۆرتێکەوە هاتنە شاری بەرلین. هۆڵی زانکۆی بەرلین بەکرێ گیرا بۆ ئەوەی کۆبوونەوەکانی کۆنفرانسی تێدا ئەنجام بدرێت، لێژنەی ئامادەکاریی کۆنفرانسیش پێکهێنرا کە بریتیبوون لە: سامی عەبدولڕەحمان، نوری شاوەیس، حەمە ڕەزا و عارف تەیفوور[٤].

لە ڕێکەوتی ١١ی ئابی ١٩٧٦ بە سەرپەرشتی سامی عەبدولڕەحمان و لێژنەی ئامادەکار، کۆنفرانس دەستی بە کۆبوونەوەکانی کرد. ژمارەی ئەندامانی لێژنە ناوچەکانی ئەوڕووپای سەر بە لقی شەش چل ئەندام دەبوون، بە تێکڕا لەگەڵ ئەندامانی سەرکردایەتی کاتی و ئەو کادیرانەی تازە گەیشتبوونە ئەوڕووپا و مێوانەکانیش کە یەکێك لەوان عیسمەت شەریف وانلی بوو ژمارەی ئامادەبووانی کۆنفرانس دەگەیشتە چل و هەشت بۆ پەنجا کەس، لەوانە تارق ئاکرەیی (بەرپرسی لقی شەش)، عەزیز شێخ ڕەزا، سیامەند بەننا، ڕەمزی شەعبان، د. پیرۆت، حەمید ئاکرەیی، پۆلا مەغدید قەساب کۆیی، محەمەد ساڵح جومعە، د. ناسیح غەفور، فەوزی ئەسعەد، محەمەد میسۆ، جەمال عەلەمدار، د. عومەر ئۆرەماری، فەرهاد سۆفی (فەرهاد جوبرائیل)، تۆفیق فەیلی، ماجد فەیلی، عیزەددین بەرواری، عەبدولقادر بەرواری، عەبدولسەلام بەرواری، فایق نێروەیی، محەمەد ئەمین دەلەوی، ئازاد مەحمود خەفاف، وریا ساعاتی، عەبدولڕەحمان پێداوی، غازی زێباری، محەمەد حەسەن عەونەت، د. سەباح مەریوانی و ...هتد[٥].

کۆنفرانس لە نێوان ڕۆژانی ١١ تا ١٦ی ئاب بەردەوام بوو[٦]. لە دەستپێکی کۆبوونەوەکان لەلایەن سامی عەبدولڕەحمانەوە ڕەشنووسی نامیلکەیەکی هەشتا لاپەڕەیی خوێنرایەوە بەناوی (طريقة الحركة التحريرية الكردية[٧]) کە لەلایەن لێژنەی سەرپەرشتیکاری کۆنفرانس بەتایبەت سامی عەبدولڕەحمان و نوری شاوەیسەوە ئامادەکرابوو، کە نامیلکەیەکی ڕەخنەیی بوو لە بارەی شۆڕشی ئەیلوول و سەرکردایەتی شۆڕش و لەژێر کاریگەریی فکری توندی

چەپڕەوی مارکسی لینینی نووسرابوو. نامیلکەکە لەلایەن ئەنـدامانی کۆنفرانسـەوە گفتوگـۆی لەبارەوە کرا و دواتر دەنگی لەسەر درا. بڕگەی دووەم لە ئەرکەکانی کۆنفرانس بریتی بوو لـە جێگیرکردنی ناوی یازدە ئەندامەکەی سەرکردایەتی کاتی کە پێشتر بە ئەندامی سـەرکردایەتی هەڵبژێردرابوون، هەروەها زیادکردنی چوار ئەندامی تر بۆیان. مەرج بوو ئەو چـوار کەسـەی بە ئەندامی نـوێی سـەرکردایەتی کـاتی هەڵـدەبژێردرێن، دوای ئاشـکراکردنی ناوەکانیـان بـۆ باشووری کوردستان بگەڕێنەوە، ئەوەبوو پاش دەنگدان هەر یـەك لـە وریـا سـەعاتی، دڵشـاد میران، ئازاد خەفاف و عەبدولڕەحمان پێداوی بە ئەندامانی نوێی سەرکردایەتی هـەڵبژێردران و زیادکرانە سـەر لیسـتی ئەنـدامانی سـەرکردایەتی کـاتی، بـەم شـێوەیە ژمـارەی ئەنـدامانی سەرکردایەتی کاتی بوون بە پازدە ئەندام و بە شێوەیەکی یاسایی جێگیرکران[٨].

جگە لە کار و ئەرکەکانی کۆنفرانسی بەرلین، لەم کۆنفرانسەدا چەند بڕیارێکی سیاسیش دەرکران، لەنێویاندا، هەڵبژاردنەوەی سەرۆك مستەفا بارزانی وەك سەرۆکی پارتی دیمـوکراتی کوردستان و زەمینەسازی بۆ ئەنجامـدانی کـۆنگرەی نۆیـەمی پـارتی لـە گـرنگترین بڕیارەکـان بوون[٩].

دوای کۆتایی هاتنی کار و ئەرکەکانی سەرکردایەتی کاتی و هەڵبژاردنی ئەنـدامانی نـوێ و جێگیرکردنیان، کۆنفرانس لەلایـەن لقـی شەشـەوە درێـژەی پێـدرا، پـاش دەستنیشـانکردنی پاڵێوراوان بڕیاردرا دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی دوو کارگێڕی لێژنە لق بۆ لقـی شەشـی ئـەوڕووپا بکرێت، لە ئەنجامی دەنگدانەکەدا تارق ئاکرەیی وەك بەرپرسی لـق دەستنیشـان کرایـەوە و سیامەند بەنا و عەبدولسەلام بەرواریش بە کارگێڕی لق هەڵبژێردران[١٠]. دواتر هەریەکە لـە د. جەرجیس حەسەن و حەمید عەقراویش بۆ دەستەی کارگێڕی لق زیادکران[١١].

کـۆنفرانس مـاوەی شـەش ڕۆژی خایەنـد و لـە ڕێکـەوتی ١٦ی ئـابی ١٩٧٦ کۆتـایی بـە کارەکانی هێنا، کە دەیکردە هەمان ڕێکەوتی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردسـتان، بـەم بۆنەیەوە ئاهەنگێکی بچووك سازکرا، دواتر بۆ ئێوارەی هەمان ڕۆژ بڕیارەکانی کـۆنفرانس بـۆ ئەندام و بەشداربووانی کۆنفرانس خوێنرایەوە. بەهۆی هەستیاری بارودۆخی سیاسی ئەوکات هیچ بەیاننامەیەك بەبۆنەی کۆتایی هاتن بـە کـۆنفرانس بڵاونەکرایـەوە، نامیلکەیـەك دەرکـرا بەناوی (ڕێبـازی بزووتنـەوەی ئـازادیخوازی کـورد)، دواتـر نامیلکەکـە وەك ڕاپـۆرتی سیاسـی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیمـوکراتی کوردسـتان کـە لـە ١١ تـا ١٥ی ئـابی ١٩٧٦ دەرکرابـوو، پەسەند کرا[١٢].

## بڕیارە سیاسییەکانی کۆنفرانس

**١ - بڕیار لەبارەی خەباتی چەکدارانەوە:**

بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان پێشکەش دەکەین کە لەسەر لوتکە چیاکانی کوردستانی خۆشەویست، لاپەڕەی زێڕینی کۆڵنەدانی میللەتی کوردمان دەنووسن و سوورن لەسەر بەردەوامبوون لە خەباتدا. لە پاش ئەوەی کە دوژمنان وایانزانی کە توانیویانە خەباتیان بوەستێنن، ئێمە لەو کاتەدا کە پیرۆزبایی لە سەرکەوتن و گیانی خۆبەختکردنی هەموو ئەندام و ڕێکخراوەکانی پارتیمان دەکەین و شانازی بەو پشتگیرییە جەماوەرییە گەورەیە دەکەین کە هەیانە و لە دەوریان کۆبووەتەوە، هەروەها ئامادەیی خۆمان و هەوڵ و تواناکمان بۆ خزمەتکردنی خەباتی چەکدارانە ئاشکرا و تەرخان دەکەین، بە هەر نرخێك بێت و لەوباوەڕەشداین کە خەباتی چەکدارانە ڕاسترین شێوەی خەباتە، شانبەشان لەگەڵ شێوەکانی تری خەبات، لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجە نەتەوایەتی و دیموکراتییەکان، بە پشتیوان و بە هێز و توانای گەل و میللەتی کوردەوە. وە لەوباوەڕەشداین کە بزووتنەوەکەمان بەشێکە لە بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی گەلانی جیهان، بۆیە داوا لە هەموو هێز و پارتییە پێشکەوتووخوازەکانی عێراق و گشت ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هێزە سۆشیالیست و دیموکراتییەکان و ڕای گشتی جیهانی دەکەین کە پشتی بزووتنەوەکەمان بگرن و نارەزایی خۆیان دەرببڕین بەرامبەر بەو تاوانانەی شۆڤێنییە فاشیستەکان کە دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆرین لە عێراقدا بەرامبەر بە میللەتی کورد دەیکەن بە تایبەتی و لە عێراقیشدا بە گشتی.

**٢ - بڕیار سەبارەت بە دەربەدەرکردن و نیشتەجێکردنە ڕەگەزپەرستییەکان:**

ئێمە تێ دەکۆشین لە پێناوی ڕاوەستاندنی دەربەدەرکردن و بەعەرەبکردنی خەڵکی کوردستان، کە ڕژێمی بەعسی فاشستی گومانلێکراو پێی هەڵدەستێت بەرامبەر بە میللەتەکەمان. هەروەها تێ دەکۆشین لە پێناوی دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانی پێشکەوتوخوازی فراوان بۆ ڕووخاندنی ئەو ڕژێمە شۆڤێنیە و پێکهێنانی حکومەتێکی سۆشیالیست کە ئامانجەکانی میللەتی عێراق و مافە نەتەوایەتییە ڕەواکانی گەلی کورد بەدی بهێنێت و مافی نەتەوایەتی هەموو کەمایەتییەکانی تریش مسۆگەر بکات.

**٣ - بڕیار لەبارەی پەنابەرەکانەوە:**

زۆر بە توندی نارەزایی خۆمان دەردەبڕین بەرامبەر بەو کارە نامەردییانەی ڕژێمی شاهنشاهی چڵکاوخۆر دەیکات بەرامبەر بە برا پەنابەرەکانمان لە ئێراندا و هەروەها

نارەزایی خۆمان دەردەبڕین بەرامبەر بە ڕەوانەکردنەوەیان بۆ عێراق بەزۆر و زۆرداری وە داوا لە ڕێکخراوی پەنابەرانی سەر بە وڵاتە یەکگرتووەکان دەکەین لەگەڵ لێژنەی مافی مرۆڤ و خاچی سووری دەوڵەتی (الصليب الأحمر الدولي) و ڕێکخراوە مرۆڤایەتییەکان کە بەفریایاندا بکەون و یارمەتییان بدەن لە بارەی تەندروستی و ژیانی کۆمەڵایەتی و بەڕێوەچوونیان و سەرپەرشتی کاروباریان بکەن و گیراوەکانیشیان لە زیندانەکانی ئێراندا ڕزگار بکەن و ئەو هەڕەشە توندوتیژەی لە سەریانە ڕای بگرن.

٤ - **بڕیار سەبارەت بە ڕێکەوتنی جەزائیری خیانەتکار:**

نارەزایی دەردەبڕین بەرامبەر بە ڕێکەوتنی جەزایری خیانەتکار کە لە نێوان ڕژێمی شاهنشاهی کۆنەپەرست و نۆکەری ئیمپریالیزمی ئەمریکا لەگەڵ ڕژێمی فاشیزمی عێراقی گومانلێکراودا بەستراوە و هەروەها نارەزایی خۆمان دەردەبڕین بەرامبەر بە ڕێکەوتنەکانی ئەمنیی سنووری لە نێوان ئەو دوو ڕژیمە و ڕژێمی تورکیای شۆڤێنیست کە بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردی لە گشت پارچەکانی کوردستاندا هاتۆتە کایەوە و دژ بە ئامانج و مەرامی هەموو میللەتانی ناوچەکەیە و مەبەستی چەسپاندنی بەرژەوەندی ئیمپریالیزمە.

٥ - **بڕیار سەبارەت بە نەتەوەی کورد:**

باوەڕی تەواوی خۆمان بەرامبەر بە مافی چارەنووس و سەربەخۆیی نەتەوایەتی گەلی کوردمان دەردەبڕین، هەروەکو هەموو نەتەوەکانی تر لە جیهاندا و خەبات دەکەین لە پێناوی دامەزراندنی کۆمیتەیەکی هاوکاریکردن لە نێوان هەموو پارتە کوردستانییە پێشکەوتوخوازەکاندا بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییە ڕەواکانی میللەتی کوردمان و لە هەمانکاتیشدا پشتگیری یەکگرتنی خەباتی گەلی کوردمان دەکەین لە پاڵ گەلانی ئەو وڵاتانەی کە لەگەڵیاندا دژین پێکەوە لە شێوەی چەند بەرەیەکی نیشتمانیدا و هەوڵی دامەزراندنی چەند ڕژێمێکی پێشکەوتوخواز دەدەن کە باوەڕی بە مافی نەتەوایەتی و دیموکراتییەوە هەبێت بۆ هەموو گەلان.

٦ - **بڕیار لە بارەی کوردستانی تورکیاوە:**

پشتگیری تەواوی خەباتی گەلی کوردمان دەکەین لە کوردستانی تورکیادا و دانپیانانی لەلایەن ڕژێمی تورکی تۆرانییەوە، نارەزایی خۆشمان دەربارەی سیاسەتی بەتورککردنی دەکەین و بە توندی داوای بەرەڵاکردنی گیراوە سیاسییە نیشتمانپەروەرەکانی کورد و تورکی لێ دەکەین. هەروەها داوا لە پارت و هێزە سیاسییەکانی کورد و تورك دەکەین کە شانبەشانی یەکتری خەبات بکەن دژی حوکمی سەربازیی تۆرانی، هەروەها دژی بوونی دەسەڵاتی ئیمپریالیزم لە تورکیادا و لە پێناوی بەدیهێنانی حوکمێکی دیموکراتی و

پێشکەوتوخواز هەتا گەلی کوردمان لە سایەیدا دەگات بە مافە نەتەوایەتییە ڕەواکانی خۆی.

٧ - **بڕیار لە بارەی کوردستانی ئێرانەوە:**

زۆر بە توندی ناڕەزایی خۆمان دەردەبڕین بەرامبەر بە سیاسەتی تواندنەوە و لەناوبردنی گەلی کوردمان لە کوردستانی ئێراندا، هەروەها بەرامبەر بە سیاسەتی بەفارسکردنی گەلانی ئێران، و ئێمە پشتگیری خەباتی گەلی کوردی کۆڵنەدەرمان دەکەین لە پێناوی بەدیهێنانی مافە نەتەوەییە ڕەواکانی خۆی، هەروەها پشتگیری هەموو پارت و هێزە شۆڕشگێڕەکانی ئێران دەکەین لە خەباتیاندا دژی ڕژێمی شاهنشاهی کۆنەپەرست، کە ئەم ڕژێمە داردەستی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و کۆنەپەرستی ناوچەکەیە بۆ لێدانی هەموو بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازی، هەروەها لە پێناوی بەدیهێنانی حوکمێکی دیموکراتی پێشکەوتوخواز کە ئامانجی سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی گەلی کورد و هەموو گەلانی ئێران بهێنێتە دی. هەروەها بە توندی داوای لێ دەکەین کە هەرچی گیراوە سیاسییە نیشتمانپەروەرەکانی کورد و نەتەوەکانی تر هەیە بەر بدرێن و ئازاد بکرێن.

٨ - **بڕیار لەبارەی کوردستانی سوریاوە:**

داوا لە حکومەتی سوریا دەکەین هەتا لە سیاسەتە شۆڤێنییە چەوتەکەی بەرامبەر بە میللەتی کوردمان خۆی ڕاست بکاتەوە و پیلانی پشتێنی عەرەبی (الحزام العربي) هەڵوەشێنێتەوە و چارەسەری ئەنجامە ناڕەواکانی بکات و شوناسنامە دووبارە بداتەوە بە کوردەکان کە لێیان وەرگیرابووەوە، وە گیراوە سیاسییەکانیش بەرەڵا بکات و دان بنێت بە مافی نەتەوەیی میللەتی کورددا. هەروەها داوای لێ دەکەین کە ماوە بدات بە هێزە نیشتمانپەروەرەکان و پێشکەوتووخوازەکانی کورد هەتا ئەوانیش بەشدار بن لە بەرەی نیشتمانی بۆ مسۆگەرکردنی دیموکراتیەت و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی.

٩ - **بڕیار لەبارەی خەباتی گەلی فەڵەستینەوە:**

پشتگیری خەباتی گەلی فەڵەستین دەکەین دژی سەهیۆنییەت و لە پێناوی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی لەسەر خاکی فەڵەستین و دامەزراندی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، وە ناڕەزایی خۆشمان دەردەبڕین بەرامبەر بەو هەوڵدانەی کە نیازی لەناوبردنی بەرهەڵستی فەڵەستینییەکان و هەروەها بەرامبەر بە دامەزراندنی جێنشینە سەهیۆنییەکان و هەروەها داوای کشانەوەی ئیسرائیل دەکەین لە هەموو خاکی عەرەبیی داگیرکراودا.

١٠ - داوای وەستاندنی کوشتار دەکەین لە لوبناندا کە بە هەزارەها خەڵکی بێتاوانی تێدا

لـەناو دەچێـت و نـاڕەزایی خۆشـمان دەردەبـڕین بەرامبـەر هـەرچی دەسـتدرێژییەك لەلایــەن بێگانــەوە بــۆ خــاکی لوبنــان. هــەروەها پشــتگیری خــەباتی هێــزە نیشتمانپەروەرەکانی لوبنان دەکەین لە پێناوی پاراستنی سەربەخۆیی نیشتمانییان و لـە پێناوی چارەسەرێکی دیموکراتییانە بـۆ تەنگانەکـەیان بـە شـێوەیەك کـە مـافی هـەموو تایەفەکان مسۆگەر بکات و مافی هاووڵاتیانی کوردیش لەوێ بدرێت.

١١ - پشـتگیری هـەموو بزووتنـەوە ئـازادیخوازە نیشـتمانییەکان دەکـەیـن لـە جیهانـدا و بـە تایبەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی زەفـار و ئـەریتریا و ڕۆدیسـیا و خـوارووی ئـەفریقا و پشتگیرییان دەکەین بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆیان.

١٢ - بە توندی ناڕەزایی خۆمان دەردەبڕین بەرامبەر بە هەموو ئەو کارە ناڕەوایانەی حوکمی دیکتاتۆری چەپەڵ کە دژی هێزە پێشـکەوتوخواز و شۆڕشـگێڕەکانە و داوا دەکـەین کـە گیراوە سیاسییەکان ئەوانەی دووچاری ئەشکەنجە و ئازاردان بوون، بەرەڵا بکرێن.

١٣ - سـڵاوی گـەرممان بـۆ سـەرکەوتنی گـەلی ڤێتنـام و میللـەتانی هینـدی چینـی بەسـەر ئیمپریالیزمی ئەمریکادا، کە ئەو سەرکەوتنە لـە ڕاسـتیدا سـەرکەوتنێك بـوو بـۆ هـەموو بزووتنەوەکانی ڕزگاری نیشتمانی لە جیهانـدا. هـەروەها پیرۆزبـاییمان بـۆ سـەرکەوتنی گەلانی مۆزەمبیق و ئەنگۆلا و غینیا بەسەر کۆڵۆنیالیزم و کۆنەپەرستیدا.

١٤ - پشتگیری خەباتی کەمایەتییەکانی جیهان دەکـەین دژی سیاسـەتی لـەناوبردنیان، وەکـو نەتەوەیەك و داوا دەکەین کە مافە نەتەوەییە ڕەواکانیان پێ بدرێت.

١٥ - داوا دەکەین کە گیراوە سیاسییەکانی هەموو جیهان لە زیندانەکانی ڕژێمە فاشیسـت و شۆڤێنییە کۆنەپەرستەکان بەر بدرێن.

١٦ - پشـتگیری سیاسـەتی بەیەکـەوە ئاشـتییانە بـژین (التعـایش السـلمي) و سـنگفراوانی دەوڵەتی (الانفراج الدولي) دەکـەین. هـەروەها ڕاگرتنـی زۆرانبـازی چەکدارانـە (سـباق التسلح) و قەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی و کۆنگرەکانی بێلایەنەکان (عـدم الانحیــاز) و خــەباتیان دەکــەین و قەدەغــەکردنی بــەکارهێنانی چــەکی ئــەتۆمی و کۆنگرەکانی بێلایەنەکان (عدم الانحیـاز) و خـەباتیان دەکـەین لـە پێنـاوی تـەواوکردنی سەربەخۆیی نیشتمانییان.

١٧ - سوپاسی ئەو دەوڵەتانە دەکەین کە یارمەتی پەنابەرەکانیان داوین لـە ئێـران و هەنـدێ لە پەنابەرەکان لە وڵاتەکانی خۆیان وەرگرتن، هەروەها سوپاسی زۆرمان بۆ ئەو کەسانە و ڕێکخراوە دیموکراتییانە و مرۆڤایەتییانە ئاراسـتە دەکـەین کـە یارمـەتییان دایـن لـەم

بارەیەوە و داوا لە هەموو دەوڵەتان دەکەین کە پەنابەرانمان لێ قبوڵ بکەن و لەو مەترسییەی کە تێدا دەژین بەهۆی پیلانگێڕانی هەردوو ڕژێمە فاشیستییەکەی عێراق و ئێران لە دژیان ڕزگاریان بکەن.

١٨ - کۆنفرانسەکەمان داگیرکردنی خاکی قوبروس تاوانبار دەکات لەلایەن تورکیاوە و داوا دەکات کە هیزەکانی لە جەزیرەکە بکشێنێتەوە و مافی ڕەوای یۆنان و قوبروسییە تورکەکان بپارێزێت.

## سەرچاوە و پەراوێز

١ - ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیا، چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم شنگاری، (هەولێر - ٢٠١٧\١١\٢٩)؛ ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیا، چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف تەیفوور، (خازر - ٢٠١٦\١٢\١١)؛ ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیا، چاوپێکەوتن لەگەڵ مولازم یوونس رۆژبەیانی، ٢٠١٦\٨\١٤؛ فاروق محەمەد محەمەدئەمین، سیاسەتی ئێران بەرامبەر جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان (١٩٧٥-١٩٨٩)، (سلێمانی- چاپخانەی رێ نوێ- ٢٠١٤ز)، ل ٧٦.

٢ - مسودة النظام الداخلي للحزب الديموقراطي "المؤتمر الثامن" (١٩٧٠)،الفصل الرابع (المنظمات الحزبية – واجباتها و صلاحياتها)، المادة السابعة العشرة – اللجنة النركزية، فقرة ٢، ص ١١.

٣ - ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیا، چاوپێکەوتن لەگەڵ تارق ئاکرەیی، (هەولێر -٢٠١٧)؛ ئەرشیفی دەستەی ئینسکلۆپیدیا، چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولسەلام بەرواری، (هەولێر - ٢٠١٧)؛ صلاح الخرسان، التيارات السياسية فى كردستان العراق (قراءة ملفات الحركات ولأحزاب الكردية في العراق ١٩٤٦ - ٢٠٠١)، (لبنان- موسسة البلاغ- ٢٠٠١)، ص ص ٢٤٨، ٢٤٩.

٤ - چاوپێکەوتن لەگەڵ تارق ئاکرەیی، سەرچاوەی پێشوو؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولسەلام بەرواری، سەرچاوەی پێشوو.

٥ - حامید گەوهەری، ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین مێژووی زارەکی، (ستۆکهۆڵم- ٢٠١٤)، ل ٢٢٩؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ تارق ئاکرەیی، سەرچاوەی پێشوو؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولسەلام بەرواری، سەرچاوەی پێشوو.

٦ - محەمەد مەلا قادر، خەباتنامە، کورتە مێژووی پارتی و بارزانی نەمر، چاپی سێیەم، (هەولێر- چاپخانەی ئاراس- ٢٠١٢)، ل ٧١.

٧ - صلاح الخرسان، المصدر السابق، ص ٢٥٠.

٨ - چاوپێکەوتن لەگەڵ تارق ئاکرەیی، سەرچاوەی پێشوو؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولسەلام بەرواری، سەرچاوەی پێشوو؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف تەیفوور، سەرچاوەی پێشوو.

٩ - چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولسەلام بەرواری، سەرچاوەی پێشوو.

١٠ - صلاح الخرسان، المصدر السابق، ص ٢٥١.

١١ - چاوپێکەوتن لەگەڵ تارق ئاکرەیی، سەرچاوەی پێشوو.

١٢ -پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکردایەتی کاتی، رێبازی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد،

هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئەیلول و بەرنامەی نوێی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕاپۆرتی سیاسی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە لایەن کۆنفرانسی پارتی یەوە لە (١١-١٥)ی ئاب ١٩٧٦ پەسەندکراوە.

# کۆبوونەوەی فراوانی شاوانەی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ ١٩٧٩

ساڵی ١٩٧٩، دەستپێکی ساڵی ڕووداوە گرنگەکان بوو لـە ڕێکـەوتی ١١ی شـوباتی ١٩٧٩، دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، ڕژێمی پاشایەتی لەو وڵاتەدا ڕووخا و کۆماری ئیسلامی شـوێنی گرتـەوە، سـەرکردایەتی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، تـوانی پەیوەندییـەکی بـاش لەگـەڵ دەسـهەڵاتی نـوێی ئێـران دروسـت بکـات، بـەو پێیـەی ژمارەیـەکی زۆری ئـاوارەی باشـووری کوردستان، لە ساڵی ١٩٧٤ەوە لەو وڵاتە بـوون. لـە ڕووداوە هـەرە کاریگـەر و دڵتەزێنـەکانی تری سەرەتای ساڵی ١٩٧٩ کۆچی دوایی سەرۆك مستەفا بـارزانی بـوو. سـەرۆك بـارزانی لـە ڕێکەوتی ١ی ئاداری ١٩٧٩ دوایی چوار ساڵ ئاوارەیی، لە ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا کۆچی دوایی کرد و لە ڕێکەوتی ٤ی نیسایی هەمان ساڵ ڕووفاتەکەی گەڕێنرایەوە ئێران و لە شارۆچکەی شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخاك سپێردرا[١].

ئەو بارودۆخەی گۆڕانکارییـە ناوچەییـەکان بەگشـتی و کـۆچی دوایـی سـەرۆك مستەفا بارزانی بەسەر ڕێکخسـتنەکانی پارتیـدا هێنـابووی، پێویسـتی بـەوە دەکـرد کۆبوونەوەیـەکی فـراوان و بەپەلـە ببەسـترێت. هـەر بـەم مەبەسـتە سـەرکردایەتـی کـاتی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، لـە سـەرەتای مـانگی تـەموزی سـاڵی ١٩٧٩، لـە گونـدی شـاوانە لـە بـاکووری شـارۆچکەی شـنۆ لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، کۆبوونەوەیـەکی فراوانـی ڕێکخسـت. لـە کۆبوونەوەکەدا، چەند بڕیـارێکی گرنـگ دران، کـە گرنگترینیـان بریتـی بـوو لـە هـەڵبژاردنی مەسعود بارزانی بە سەرۆکی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان، تا بەستنی کۆنگرەی نۆیـەم و هـەڵبژاردنی سـامی عەبـدولڕەحمان بـە سـکرتێری گشـتی پـارتی[٢]، هـەروەها هەوڵـدان بـۆ ئاسـاییکردنەوەی پەیوەندییـەکان لەگـەڵ حزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران و پاراسـتنی پەیوەندییەکان لەگەڵ کۆماری ئیسـلامی ئێـران لـە دژی ڕژێمـی عێـراق، بـە مـەرجێك پـارتی ئامادە نەبێ دەست لە کاروباری نـاوخۆی کوردسـتانی ئێـران وەربـدات. لـە کۆبوونەوەکـەدا، سەرۆك مەسعود بارزانی داوای کرد پەلە بکرێت لە بەستنی کۆنگرەی نۆیەم تاکو هاوین یـان پایزی ساڵی ١٩٧٩، بەڵام سامی عەبدولڕەحمان و گرووپێکی تر پێیان وابوو دەبێ کۆنگرە بـۆ بەهاری ساڵی ١٩٨٠ دوا بخرێت، هـەتا پرۆگرامـی نـوێی حـزب بـە تـەواوی لـە نـاو ئـاوارە و ڕێکخستنەکانی حزب لە ئێران جێی خۆی دەگرێت، ئەوەبوو لـە کۆتاییـدا بڕیـار درا کـۆنگرە لەو وادە دیاریکراوە ببەسترێت، کە سەرۆك مسعود بارزانی پێشنیاری کردبوو[٣].

بەرەنجامی کاری کۆبوونەوەکە، لێژنەیەکی ئامادەکاریی بۆ بەستنی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دەستنیشان کرا کە بریتیبوون لە:

١ - عەلی عەبدوڵا

٢ - ئیدریس بارزانی

٣ - محەمەد مەلا قادر

٤ - ڕەشید سندی

٥ - عارف تەیفور

٦ - کەریم شنگالی

٧ - وریا ساعاتی[٤].

## سەرچاوە و پەراوێز


١ - موحسین دزەیی، وێستگەکانی ژیانم، بەشی سێیەم و کۆتایی، (هەولێر - چاپخانەی موکوریانی - ٢٠١٥)، ل ل ٢١٥ - ٢٢٧.

٢ - موسوعة مقاتل، موضوعات سياسية/ الأكراد والمشكلة الكردية، من الموقع: http://www.moqatel.com/openshare/Behoth/Siasia٢١/Akrad/sec١٦٣htm؛

روزنامه كيهان، شماره ١٠٧٥١، تهران، ١٦ تيرماه ١٣٥٨ هـ .ش ـ ٧ تموز ١٩٧٩م، ص ص ١ ـ ٢؛ روزنامه بامداد، شماره ٥٣، تهران، ١٧ تيرماه ١٣٥٨هـ . ش ـ ٨ تموز ١٩٧٩م، ص ٢.

٣ - سامي عبدالرحمن، الحزب الشعب الديمقراطي الكردستاني: البديل الثوري في الحركة التحررية الكوردية، التقرير السياسي للمؤتمر التأسيسي ـ لحزب الشعب الديمقراطي الكوردستاني، ٢٦ ـ ٣٠ تموز ١٩٨١م، (بدون مكان ـ بدون سنة)، ص ٣٢.

٤ –محەمەد مەلا قادر، خەباتنامە، کورتە مێژووی پارتی و بارزانی نەمر، چاپی سێیەم، (هەولێر- چاپخانەی ئاراس- ٢٠١٢)، ل ٧٣.

# كۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموكراتی كوردستان

## تشرینی دووەمی ١٩٧٩

دوای ڕاسپاردنیان لە كۆبوونەوەی شاوانە، لێژنەی ئامادەكاری كۆنگرە دەستی بە ئامادەكارییەكان كرد، جگە لەم لێژنەیە، لەلایەن لقەكانیشەوە چەند لێژنەیەكی تری ئامادەكاری دروستكران، كە لە ئەندامەكانی خۆیان پێكهاتبوون. لە ماوەی سێ مانگدا ئامادەكارییەكان كۆتاییان پێهات و ئەندامانی كۆنگرە بە هەڵبژاردن بۆ كۆنگرە سەركەوتن[1]. كۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموكراتی كوردستان، بە دروشمی "كوردستان یان نەمان – حوكمێكی دیموكراتی ئیئتلافی پێشكەوتوخواز لە عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ كوردستان" لە ڕۆژانی ١٠ تا ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٧٩، بە ئامادەبوونی ٣٢٥ نوێنەر، سەرەتا لە گوندی دەربەند و دواتر لە ئۆردوگای زێوەی پەنابەرانی باشووری كوردستان لە ڕۆژئاوای شاری ورمێ، لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان سازدرا[2]. كۆنگرە بە خوێندنەوەی ڕاپۆرتێكی سەرۆك مەسعود بارزانی دەستی پێكرد[3]، دواتر وتاری حزبی شیوعی عێراقی و چەند لایەنێكی تری ئامادەبووی كۆنگرە خوێنرانەوە.

هەر لە سەرەتای كۆنگرە، بەشێك لە ئەندامانی سەركردایەتی كاتی پارتی دیموكراتی كوردستان بە سەرپەرشتی سامی عەبدولڕەحمان، دوای ئەوەی چەند داواكارییەكیان بەجێ نەهێنرا، لە كۆنگرە كشانەوە. یەكێك لە داواكارییەكان ئەوەبوو، ئەندامانی سەركردایەتی كاتی ناوەكانیان نەخرێتە دەنگدانەوە و ڕاستەوخۆ ببنەوە بە ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی، بەڵام ئەم پێشنیارە لەلایەن كۆنگرەوە ڕەتكرایەوە[4] و بووە هۆی جیابوونەوەی بەشێك لە ئەندامانی سەركردایەتی كاتی، ئەمانە دواتر پارتی دیموكراتی گەلی كوردستانیان دامەزراند.

جێهێشتنی كۆنگرە لەلایەن بەشێكی ئەندامانی سەركردایەتی كاتی نەبووە هۆی پەكخستنی و لە لایەن ئەندامانەوە درێژە بە كارەكانی كۆنگرە درا، سەرۆك مەسعود بارزانی بە كۆی دەنگ بە سەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستان هەڵبژێردرا، دواتر لە لایەن ئەندامانی كۆنگرەوە كۆمیتەی ناوەندی نوێی حزب دەستنیشان كران كە پێكهاتبوون لە:

١ - عەلی عەبدوڵا

٢ - ئیدریس بارزانی

٣ - نوری شاوەیس

٤ - فازڵ میرانی

٥ - فەلەکەدین کاکەیی
٦ - ڕەشید عارف
٧ - محەمەد مەلا قادر
٨ - خورشید سەلیم شێرە.
٩ - دکتۆر جەرجیس حەسەن
١٠ - دکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس
١١ - عەبدوڵا بەرواری
١٢ - مولازم عەلی
١٣ - مولازم یونس ڕۆژبەیانی
١٤ - مولازم هەجەر سندی
١٥ - حەمید بەرواری
١٦ - دکتۆر محەمەد ساڵح جومعە
١٧ - ئازاد بەرواری
١٨ - نەجمەدین یوسفی
١٩ - هۆشیار زێباری
٢٠ - دکتۆر محەمەد سەعید دۆسکی
٢١ - دکتۆر سەعید بارزانی

ئەندامانی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندیش پێکهاتبوون لە:

١ - فرەنسۆ هەریری
٢ - حەمید ئەفەندی
٣ - نادر هەورامی
٤ - ئازاد قەرەداغی
٥ - دکتۆر کەمال کەرکووکی[٥].

کۆنگرە، دەسەڵاتی بە کۆمیتەی ناوەندیدا لێژنەی لێکۆڵینەوە دروست بکات بۆ بەدواداچوونی گازەندەکان و دیاریکردنی پێگەی سکرتێر و ئەو ئەندامانەی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی کە پارتییان بەجێ هێشتبوو[٦].

دوای تەواوبوونی کۆنگرە، یەکەم کۆبوونەوەی ئاسایی کۆمیتەی ناوەندی بە سەرپەرشتی سەرۆك مەسعود بارزانی لە ئۆردوگای پەنابەرانی زێوە ئەنجامدرا کە سێ ڕۆژی خایەند و

مەکتەبی سیاسی حزب پێکهێنرا، کە بریتیبوون لە: عەلی عەبدوڵا – سکرتێر، ئیدریس بارزانی، فازڵ میرانی، فەلەکەدین کاکەیی، دکتۆر محەمەد ساڵح جومعە، ڕەئیس عەبدوڵا بەرواری و نوری شاوەیس[٧].

یەکێك لە بڕیارەکانی کۆنگرە دەرکردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پێشوو بوو لە حزب، ئەوانەی حزبیان جێ هیشتبوو، جگە لە ساڵح یوسفی کە بە ڕەزامەندی سەرۆك مستەفا بارزانی گەڕابووەوە عێراق[٨].

## ڕاپۆرتی سیاسی و عەسکەری و تەنزیمی سەرۆکی پارتی
## هەڤاڵ مەسعوود بارزانی بۆ کۆنگرەی نۆیەم

بسم الله الرحمن الرحیم

هەڤاڵانی تێکۆشەر – میوانە بەڕێزەکان:

پێشەکی بەخێر هاتنێکی گەرمتان لێ ئەکەم و ئومێدەوارم کە سەرکەوتوو بن لە ڕێگەی خزمەتی گەلە چەوساوەکەماندا. وداوای سەرکەوتنی کۆنگرەکەمان دەکەم ئومێدەوارم کە ئەم کۆنگرەیەی پارتیمان، کۆنگرەی نۆیەم، کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو بێ و بتوانێ هەرچی گیروگرفتی هەیە چارەسەری بکات و هێزێکی تازە بداتەوە بە پارتیمان و شۆڕش و میللەتەکەمان و گرنگی ئەم کۆنگرەیە لەوە دێت کە پاش وەفاتی سەرۆکی نەمرمان و پاش نەکسەی ١٩٧٥ دەگیرێ، ئەمڕۆ کە ئێمە، لێرەدا کۆبووینەتەوە بۆ کۆنگرەی نۆیەمی پارتیمان، دەلالەت لە ئیسالەتی پارتیمان دەکات، چونکە پاش نەکسەی (١٩٧٥)، دوژمنانی گەلەکەمان وایان ئەزانی کە جارێکی تر پارتیمان و گەلەکەمان وا زوو خۆیان نەگرنەوە. و هەتا زۆر لە ناو خۆشمان تووشی بێ ئومێدی ببوون و ڕەنگە بە خەیالیان زانیبا ئەگەر باسی کۆنگرە کرابا.

بەڵام قارەمانیەتی گەلەکەمان و فیداکاری پێشمەرگە خۆشەویستەکانمان هەموو حیساباتی دوژمنانی هەڵوەشاند و پیشانیاندا کە گەلی کورد نافەوتێ و هەروەها نیشانی دا کە پارتیمان چەند نزیك بووە لە دڵی میللەت.

هەڤاڵانی بەڕێز:

ئەبێ بزانین کە میللەتی کورد لە هەموو جێگایەك چاوی لەم کۆنگرەیە، هەروەها دۆست و دوژمنانی گەلی کورد چاوەڕوانی نەتائجی ئەم کۆنگرەیە دەکەن، بۆیە داواتان لێ دەکەم کە زۆر بە ووردی دراسەی وەزعی خۆمان بکەن و بیر لە باشترین ڕێگە بکەنەوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ هەموو گیر و گرفتێك. و ئەبێ هەمووتان لە مستوای مسئوولیەت دابن.

و ئەبێ بزانن کە ئەم کۆنگرەیە بۆ ئەوە نابەسترێ کە تەسفیەی مەشاکیلی شەخسی تێدا بکرێت، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە مەشاکیلی هەموومان پێکەوە، مشکیلەی هەموو پارتی، هەموو میللەت، باس بکات و چارەسەری بکات بەپێی توانا. بۆیە داواتان لێ دەکەم کە لە مستوای

رووداوەکە بن و بەرژەوەندی میللەتەکەمان لەبەرچاوتا بێت و مەبەست بەهێزکردنی پارتی بێت و بۆ خزمەتی میللەت، لەسەر ئەو ئەساسە بڕیارەکان وەربگیرێت.

هەمووتان ئەزانن کە شۆڕشی ئەیلول شۆڕشێك بوو دژی زوڵم و زۆرداری، و گەلی کورد لە عیراق کە دەستی دایە چەك بۆ پاراستنی ماف و کەرامەتی خۆی بووە و هەمیشە دیفاع شتێکی مقدسە.

و پارتی بەسەرۆکایەتی بارزانی کە قیادەی شۆڕشی کرد وا نەبوو خۆی فەرز بکات بەڵکو میللەتی کورد ئەو قیادەیەی هەڵبژارد و ویستی، هەرچەند دوژمنانی گەلی کورد هیچ نەما نەیکەن بۆ بەدناو کردنی ئەو قیادەیە و بۆ لەناوبردنی.

و ئەو (١٤) ساڵی شۆڕشی ئەیلول نابێ لە بیری بکەین چونکە سەرەتاکانی کوردایەتی چاکتر چەسپاند و گیانی شۆڕشگێرایەتی تازە کردەوە لەناو گەلی کوردا، و بووە قوتابخانەیەکی زۆر دەوڵەمەند لە تجارب بۆ ئێمە و ئەجیالی داهاتووش. و بۆ ئەوەی لە مەودواش تجربەی شۆڕشی ئەیلول لە بەرچاومان بێت بە سەلبیات و ئیجابیاتەوە.

نابێ ئێمە هەر ئیجابیات لە بەرچاو بگرین بەڵکو ئەبێ زۆر بە جرئەتەوە تەماشای سەلبیاتی خۆشمان بکەین، هی کۆن و تازە و لە داهاتووشدا. وە ئەبێ ئامادە بین لە هەر کاتی تووشی هەڵە بووین زوو بگەڕێینەوە و راستی بکەینەوە. و ئەبێ پێشەکی تەماشای میللەتی خۆمان بکەین، ئەو چی ویست واب بکەین و بە هیچ جۆرێك خیلافی داخوازی گەل هەنگاو نەهاوێژین.

هەرچەند شۆڕشی ئەیلول پڕە لە دەستکەوت و تجارب بەڵام لەهەمان کاتدا زۆر هەڵەشی تێدا کراوە، چ لەبارەی تەنزیمی ناوخۆ و چ دەربارەی عیلاقاتی دەرەوە.

هەروەها ئاشکرایە جوولانەوەی گەلی کورد جوولانەوەیەکی ئازادیخوازە، وە پارتیمان پارتێکی پێشکەوتووخوازە و نیشتمان پەروەرە و تەمسیلی کرێکار و جوتیار و کاسبکار و رۆشنبیر و شۆڕشگێرانی کوردستان ئەکات. بۆیە ئەبێ جێگەی خۆمان بزانین و دۆست و دوژمنی خۆمان بناسین و ئەبێ ئەمە بەشێوەیەکی عیلمی مەدروس بێت نەك ڕووداوی رۆژ مەوقفی ئێمە تەحدید بکات. هەروەها ئەبێ لەناو خۆشمان زۆر ڕێك و پێك بین. کەچی بەداخەوە پاش (١٩٧٠) یەعنی ڕێککەوتنەکەی ١١ ی ئازار کە میری مەجبوور کرا ئیعتراف بە حوکمی زاتی بکات، هەموومان تووشی غرور بووین و رۆژبە رۆژ روحی شۆڕشگێرایەتیمان لەدەست دا. و لە جیاتی ئەوەی سوود لەو سەرکەوتنە وەربگرین و ڕێکخستنی پارتی

بچەسپێنین لەناو جەماوەر، دەرگای بەرەڵلایەی و فەوزا كرایەوە. و شتی ئەساسی كە بۆ هەر شۆڕشێك پێویستە لەبیر چوو بوو.

لەسەر نیتاقی پەیوەندی دەرەوە دیسان زۆر ئیشتباهات كرا چ لە ژێـر زەختـی رووداو و چ لە نەزانـین، بەتـایبەتی لەسـەاڵی ١٩٧٣-١٩٧٤. و نـابێ ئـێمە لەوە بترسـین ئیعـتراف بە ئەختائی خۆمان بكەین. بەڵام لەعینی كاتدا نابێ مەجال بدەین دوژمنـانی پـارتیمان خەبـاتی پەنجا ساڵەی سەرۆكمان و سی وسێ ساڵی پارتیمان بەدناو بكەن و راستییەكان بگۆڕن.

پاش نەكەسی ١٩٧٥ زۆر كەس رایان كرد لە مەیـدان، و پـێش ئەو كـاتە بە هەمـوو شـت رازی بوون، و بەشداربوون لە هەموو بڕیارەكان باش یـا خـراپ و دەوری باڵایـان هەبـوو، وە زۆر لە بارزانی نزیك بوون كە بەو نزیـك بوونەوەیـان سـوودی شەخسـی خۆیـانی تێـدا بـوو. بەڵام پاش نەكسە نەك هەر دووركەوتنەوە لە بارزانی، بەڵكو بە هەموو جۆرێـك هەوڵیـان دا مەسئوولیەت بخەنە سەر شانی ئەو و بەس.

و ئەو كەسانەی كە ئیلتزامـاتی ئەخلاقـی خۆیـان بەرامـبەر بە بـارزانی و پـارتی پاراسـت بۆیان دەركەوت كە هیچ كاتێك بارزانی لە مەسئوولیەت رای نەكردووە، بەڵام ئەبێ بۆ تـاریخ بڵێین كە بارزانی پاش ساڵی ١٩٧٠ مەسـئول نەبـووە لە زۆر ئەختـائی كە كـرا و زۆر شـتیش ئێمەومانان كە لە دەوری ئەو بووین لێ مەسئوولین. لەگەڵ ئەوەشدا پاش نەكسـە كەسـمان ئیتهام نەكرد و هەوڵمان نەدا مەسئوولیەت بخەینە سەر شانی خەڵكێكی تـر. بەڵكـو هەمـوو قیادە مەسئوول بووە و ئەمە واقع و حەقیقەتە.

لێرەدا فەرقێكی زۆر هەیە لە بەینی خەتـایەك كە قیـادەیەك تووشـی ئەبـێ بە نیەتێكـی پاك و لە بەینی ئەو خەتایەی بە عەمدی ئەیكات بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی.

ئێمە سەرمان بەوە بەرزە كە هەرچیەكی بارزانی كردبێتی لە پێنـاوی سـەركەوتنی گەلـی كورد بووە، و ئـێمە ئەبـێ ئیعـتراف بكەیـن زۆر بە ئاشـكرایی كە هـۆی نەكسـەی ١٩٧٥ نەك تەنها پیلانی (جەزائیر) بوو، بەڵكو بەرەڵلایە و بێ تەنزیمی ناوخۆمـان هـۆیەكی تـری گرنـگ بوو بۆ نەكسە.

لەگەڵ هەمـوو ئیجابیـات و سـەلبیات و بەرەغمـی هەر ئیشـتباهاتی كە كـراوە شۆڕشـی ئەیلول ئەمێنێ لە جەوهەریدا وەك شۆڕشێكی پێشـكەوتنخواز، شۆڕشـی گەلێكـی خەبـاتكەر دژی ئیمپریـــالیزم و ســـەهیۆنیزم و نـــۆكەرانی. و هەر لەبەر ئەم حەقـــیقەتە بـــوو كە ئیمپریالیسـتی ئەمریكـا پیلانـی لەنـاوبردنی شۆڕشـەكەمانی دانـا لەرێـگەی هەردوو رژێـمە

نۆکەرەکەی، رژێمی شاهی رووخاو و رژێمی بەعسی عێراقی فاشست.

هەڤاڵان و برایانی خۆشەویست:

پارتیمان لەرۆژی دامەزراندنیەوە تا ئیمرۆ پارتێکی نیشتمان پەروەر و پێشکەوتنخواز و پێشرەو بووە و فیداکاری زۆری کردووە بۆ گەلی عێراق بەگشتی و بۆ گەلی کورد بەتایبەتی و هەر پارتیمان بوو بە سەرۆکایەتی بارزانی قیادەی شۆڕشی ئەیلولی کرد و روحی شۆڕشگێڕایەتی چەسپاند لەناو گەلی کوردا. ورژێمی بەعسی مەجبور کرد لە ١٩٧٠/٣/١١ ئیعتراف بە حوکمی زاتی بکات بۆ گەلی کورد لە عێراقدا هەتا ئەگەر بە درۆش بێت.

نابێ گلەیی لە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی بکەین بەڵکو دەبێ گلەیی لە خۆمان بکەین، چونکە ئەو پرۆگرام و پەیڕەوە جێبەجێ نەئەکرا.

با بێینە سەر باسی پاش نەکسە و دامەزراندنی قیادەی موەقەت (سەرکردایەتی کاتی) هەروەك لە پێشەوە باسمان کرد ئەسبابی نەکسە نە تەنها پیلانی (جەزائیر) بوو هەرچەند ئەم پیلانە هۆیەکی سەرەکی بوو بەڵام ئەسبابی ناوخۆ دیسان دەورێکی زۆری هەبوو کە پیلانی جەزائیر سەر بگرێت.

بێگومان مەبەستی ئیمپریالیستی ئەمریکا و نۆکەرانی لە ناوچە و بەتایبەتی رژێمی دیکتاتوری شاهی ڕووخاو و ڕژێمی فاشستی بەغدا ئەوە بوو کە ناوی کورد نەهێلن و جارێکی تر جوولانەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد بە ڕابەرایەتی بارزانی و پارتی سەر هەڵنەداتەوە. بەڵام فیداکاری گەلی کورد و ئازایەتی پێشمەرگە قارەمانەکان دەری خست و روونیا کردەوە بۆ هەموو جیهان کە گەلێك ئامادەی فیداکاری بێت وەك گەلی کورد هێز نییە لەناوی ببات.

هەر پاش نەکەس دەست کرا بە لێکدانەوەی وەزع و لەبەر ئەوەی کە دەزگای (ساواك)ی شاە بە هاوکاری رژێمی بەغدا زەغتێکی یەکجار زۆریان خستە سەرمان پاش نەکسە و ئاشکرا بوو کە دەیانەوێ نەهێڵن سەر هەڵدەینەوە. و لە بەر ئەوەی زۆر لە دوژمنان و خائینان وایان ئەزانی پارتی نەما و مەیدان بۆ ئەوان چۆل بووە و مەجالی ئیش کردنیان پێ درابوو لەلایەن مخابراتی دەوڵەتانی مەنتیقە کەوتنە جموجۆل و دیاربوو کە دوو ئیختیارمان لە پێشە، ئەوانیش ئەوەیە پارتی بمێنێ یا نەمێنێ.

و لەکاتێکی پاش نەکسە میللەتەکە کە هەموو لە حاڵەتێکی نەفسی زۆر ناخۆش دابوو، بڕوا نەمابوو بەیەکتر و لەبەر زغوتی رژێمی شاە و بەعسی هیچ مەجالێك نەبوو کە بە

شێوەیەکی تەنزیمی کوبوونەوە بکرێت و بڕیار بدرێت و لەبەر ئەوەی کە مانی پارتی گرنگتر بوو لە هەموو شتێکی تر، و لە پاش ئەوەی مەعلوم بــوو کــە میللــەت ئامـادەی فیداکاریـە و پاش وەرگرتنی موافقەتی سەرۆکی نەمر بڕیار درا کە دەست بە ئیعادەی تەنزیم بکرێتـەوە و قیادەی موەقەتە (سەرکردایەتی کاتی) دامەزرا کە دەوری لیژنەی مەرکەزی بینیوە لە قیادەی پارتی. و بۆ ئەوەی زۆر روون و ئاشکرا بێ قیادەی موەقەتـە نـە حزبیکـی تـری دانـاوە و نـە ڕێگەیەکی تری گرتـووە، قیـادەی موەقەتـە مەسئولیەتی قیـادەی حزبـی گرتۆتـە ئەسـتۆ لـە مەرحەلەی پاش نەکسەی ١٩٧٥. و بۆ ئەوەش بووە کە تراثی بارزانی و پارتی بپارێزرێ. هـەر ئەوەندە داواتان لێ ئەکەم تۆزێك بیر لەو رۆژە رەشانەی نەکسە بکەنەوە، ئایا ئـیش کـردن و ئیعادەی تەنزیم وا ئاسان بوو یاخود خەیال حیساب ئەکرا؟ لە جەوێکی وا ناخۆش میللەتەکە هەمووی تووشی بێ ئومیدی ببوو، لـە هـەموو لایـەك دوژمنـانی گـەلی کـورد هـار ببـوون و رژێمەکانی سەر بە ئیمپریـالیزم لـە منطقـە هـەموو هاوکاریـان لەگـەڵ یـەکتری ئـەکرد دژی جوولانەوەی ئازدیخوازی گەلەکەمان، لە جەوێکی وا ناخۆشـدا دەسـت بـە ئیعـادەی تـەنزیم کرایەوە. و هەر لە سەرەتاوە زۆر لە هەڤاڵان گیران لەلایـەن (سـاواك) و تەسـلیم بـە رژێمـی عیراق کرانەوە لە ساڵی ١٩٧٥. پاش جهودێکی زۆر چەند هەڤاڵێك توانیان لـە ئیـران دەرچـن بۆ ئەوروپا و بۆ کوردستانی تورکیا و بۆ ناو عیراق، و دەست کرا بە خەبات و پاش ماوەیـەکی کورت ئیسپات بوو کە پارتیمان و سەرۆکی نەمری لە ناو دڵی میللەت دان و هێزیك نیە ئـەم حەقیقەتە بگۆریت، لە ماوەیەکی زۆر کەم ئیسپاتی وجود کرایەوە و سەرتاسـەری کوردسـتان رێکخستن دەستی پێکرایەوە.

لە ١٩٧٦/٥/٢٦ شۆڕشی گوڵان هەڵگیرسایەوە و ئومێدی خستە جێی نائومێدی لەناو دڵی میللەت و دوژمنان نەوەستان لە پیلان گێران و لەناو بردنی شۆڕشەکەو کەوتنە هێـرش بـردن بە هەموو رێگایەك بەڵام رۆژ بە رۆژ دوژمنان ئەشکان و شـۆڕش خـۆی ئەچەسـپاند. رژێمـی بەعسی عیراق مەجبور بوو هەروەك ساڵانی پێشوو دوو لە سـەر سـێ سـوپای خـۆی دابـەش بکات بەسەر کوردستاندا.

بەڕەغمی هاوکاری دڵسوزانەی کە ئەکرا ل نێوان رژێمـە فاشسـتەکانی شـاه و بەعسـی و تورکیـا، هـەروەك پـەیمانی (سـەنتۆ) زینـدوو بێتـەوە وابـوو لـە دژی شۆڕشـی گەلەکـەمان، نەیانتوانی خەباتی ئێمە بوەستێنن.

چونکە تاقیکردنەوەی شۆڕشی ئەیلول لەبەر چاومان بوو هەر لـە دەسـپێکردنی خـەبات تەماشای وەزعی خۆمان کـرد، مـەوقعی خۆمـان تەحدیـد کـرد و دۆسـت و دوژمنـانی گـەلی

خۆمانمان دەستنیشان كرد، نەك بە شێوەیەكی عاتیفی بەڵكو پاش دراسەت و قەناعەت.

بڕیارماندا كە ئیعتماد لەسەر میللەتی خۆمان بكەین، و بۆ تاریخ ئەیڵێم ئەگەر كۆمەكی پارتی دیموكراتی كوردستان- توركیا و گەلی كورد لە كوردستانی سەروو، هەروا یارمەتی پارتی لە سوریا و لە لبنان نەبایە ممكن نەبوو ئیعادەی تەنزیم بكرێتەوە پاش نەكسە، ئیجازەم بدەن كە بەناوی هەمووتان سوپاسی براكانمان لە هەموو پارچەكانی كوردستان بكەم، بەتایبەتی لە كوردستانی توركیا.

هەروەها بڕیارماندا كە ئیلتیزام بەوە بكەین كە جوولانەوەی گەلی كورد جوولانەوەیەكی ئازادیخوازە و دەبێ دۆستی هەموو جوولانەوەیەكی ئازادی خواز بین لە جیهان. وە ئەبێ وجهی تقدمی حەقیقی پارتی بیگرینەوە.

لەبەر ئەوەی كە جوولانەوەی گەلی كورد جوولانەوەیەكی ئازادیخوازە بە قیادەی پارتی، هەمیشە لێدراوە لەلایەن ئیمپریالیزم، كە وایە ئیمپریالیزم و نۆكەرانی دوژمنانی سەرسەختی گەلەكەمانن چونكە مافی ئێمە لەگەڵ بەرژەوەندی ئیمپریالیزم ناگونجێ.

جارێكی تر نەهێڵین كورد بكەوێتە تەپكەی بێگانە، و دۆستایەتی هەموو هێزە نیشتمانییەكان و پێشكەوتنخوازەكان لەناو عیراق و لە دەرەوە بكەین، و هاوكاریان لەگەڵ بكەین، و بەتوندی خەبات بكەین دژی ئیمپریالیزم و سەهیۆنیزم و نۆكەرانی ئیمپریالیزم بە ئیعتباری ئەوەی ئەمانە دوژمنایەتی گەلی كورد و هەموو گەلانی ژێر دەست دەكەن.

و لەسەر ئەم سیاسەتە ئەم چوار ساڵەی رابردوو زۆر شتی موشەوە كە هەبووە لەسەرمان، لادراوە توانیمان زۆرجور دروست بكەینەوە لەگەڵ دۆستەكانی گەلی كورد لە ناوەو لە دەرەوە، و ئێمە تەحەدای هەموو ئەو خائینانە ئەكەین كە توهمە ئەخەنە سەر پارتیمان ئەگەر بتوانن ئیسپات بكەن ئێمە خیلافی ئەوەی سەرەوە جوولابینەوە، نابێ بەسەر ئەوەدا باز بدەین و باسی ئەختا نەكەین، بەڵێ لەم چوار ساڵەدا كۆمەلێك ئەختا كراوە و ئەوە ئەختا ناكات كە ئیش نەكات و هەمیشە ئەبێ ئەو روحیەتەمان تێدا بێت رەخنە قبوڵ بكەین و لە هەر هەنگاوێكیش كە غەڵەت بوو راستی بكەینەوە.

من لێرەدا نسیحەتێكی بارزانی بەبیر خۆم و ئێوە دێنمەوە كە هەمیشە ئەو نەسیحەتەی ئەكرد: (هەر كاتێك چوونە گوندێك بزانن خەڵكی گوندەكە چی پێ خوشە وارەفتار بكەن بۆ ئەوەی كارێكی وا نەكەن خەڵك دڵ رەش بێت لێتان) كەواتە ئەبێ میللەت بە مامۆستای خۆمان بزانین و وا تەسەور نەكەین كرێكار و جوتیاری ئەم میللەتە نەفامە، بەڵكو ئەبی رای

ئەو زۆر بەقیمەت بێت لامان.

بۆ داهاتووش نابێ خیلافی رەغبەتی میللەت بجوولێینەوە و دەبێ سیقەی میللەت لەدەست نەدەین، ئەگینا بێ سیقەی میللەت ئێمە هیچ نین.

هەڤاڵانی بەرێز:

ئەم سیاسەتەی ئەم چوار ساڵە لەسەری رۆیشتین کە دژ بە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرەستی و سەهیۆنیزم بووە و دۆستایەتی لەگەڵ حرکاتی تەحرر و ئەحزابی تقدمی و دەولی و ئیشتراکی بووە، هەرچەند، تووشی مەشاکیلیش بووین لەسەری بەڵام رای ئێمە سەرکەوتنێکی گەلێك گەورەش دەست کەوتووە، چونکە استراتیجیەتمان راست بووە، بەڵێ تووشی گیروگرفت بووین لەگەڵ ئیمپریالیزم و نۆکەرانی و هەرچی لەدەستیان هات بۆ تەشویهی ناوی بارزانی و پارتیمانو شۆڕشی ئەیلول کردیان، و زغوتی زۆر گەورەیان خستە سەرمان و کۆسپیان خستە رێگەی خەباتمان بەڵام هەر سەرکەوتین چونکە راست بووین.

ئەمڕۆ پارتیمان علاقاتی قەومی و دەولی زۆر بەقوەتە لەگەڵ هێزە نیشتمانیەکان و پێشکەوتنخوازەکان، و ئەمە جێگەی شانازیە، بەتایبەتی علاقەمان لەگەڵ جوولانەوەی ئازادیخوازی گەلی فەلەستین بەهێزە، و لە هەموو مناسبەتێکدا تەئیدی شۆڕشی فەلەستینمان کردووە بە قیادەی مونەزمەی تحریر، لێرەش دووبارەی ئەکەمەوە کە ئێمە تەئیدی مافی رەوای گەلی فەلەستینی قارەمان ئەکەین بە قیادەی مونەزمەی تحریر، و داوای سەرکەوتنیان بۆ ئەکەین لە خەباتیان دژی ئیمپریالیزم و سەهیۆنیزم تا بە مافە رەواکانیان ئەگەن، لە سەرووی هەموویانەوە مافی چارەنووسی خۆیان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ میللەتی فەلەستین لەسەر نیشتمانی خۆیاندا.

لەبەر ئەمە ئێمە سوورین لەسەر خەباتی خۆمان و ئەبێ لەم کۆنگرەیە لە مستەوای مسئولیەت بین، و بڕیاری وا بدەین کە نیشانی پێشکەوتووی پارتی دیار بکەین، ولەسەر نەهجی پێشکەوتووی خۆمان بڕۆین و پێش هەموو شتێك ئەبێ هەر شتێك بکەین ئینتیلاق لە بەرژەوەندی گەلی خۆمان بکەین.

برایان:

وەزعی مەنتیقەی ئێمڕۆ بە قۆناغێکی ناسکدا تێپەر ئەبێ و جوولانەوەی گەلەکەمان لە تەئسیراتی رووداوی مەنتیقە دوور ناخرێتەوە.

هەوەك دیمان پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیران لەسەر رژێمی دیکتاتوری شای رووخاو

گەلانی ئیران بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی لە ئیران لەژێر بارێکی زۆر قورس دەرچـوون و بۆ یەکەم جار پاش زیاتر لە ٣٣ ساڵ هەوای ئازادیان هەڵکێشا.

گومـان لـەوەدا نیـە کـە سـەرکەوتنی شۆڕشـی گـەلانی ئیـران بەسـەر رژێمـی شـادا سـەرکەوتنێکی گـەورە بـۆ گـەلی کـوردو بـۆ هـەموو گـەلانی ژێردەسـت لـە جیهانـدا، و بـە حەقیقەت تەنها شۆڕشە لە جیهان بەبێ ئینقیلابـی عەسـکەری، یـا بـەبێ چـەك رژێمێکـی وا دیکتاتور ئەڕووخێنێ، و ئەمە حەقیقەتێکی دەرخست ئەویش ئەوەیـە کـە ئیـرادەی میللـەت لە چەك و پارە بەهێزترە.

ئـەبێ لـە داهاتووشـدا هـەموو میللـەتێك دەرس لەمـە وەربگـرێ هـەر وەك دەرس لـە شۆڕشی گەلی ڤێتنامی قارەمـان وەرئـەگیرێ، و لەبـەر ئـەوەی شـاە سەرسـەختترین دوژمنـی گەلی کورد بوو، و رژێمەکەی گەورەترین بنکـەی ئیمپریـالیزم بـوو لـە ناوچـەی رۆژهەڵاتـدا، هەر لە رۆژانی پێش و دوای سەرکەوتنی گەلی ئیـران پەیوەنـدیمان کـرد بـە رابـەری شـۆڕش ئیمام خومێنی، و پێشانماندان کە ئامادەین بۆ هەموو هاوکاریەك چونکـە بـە واجـبمان زانـی ئەوە بکەین.

پـاش سـەرکەوتنی شـۆڕش هـەرچۆن هـەموو میللـەت لـە ئیـران ئـازاد بـوو بـرا پەنابەرەکانیشمان بەشی خۆیان وەرگرت لەو ئازادییە پاش چـوار سـاڵ زەجـر وئـازار لـە ژێـر دەستی (ساواك)، و هەمووتان ئەزانن چۆن معاملەیەك ئەکرا لەگەڵ پەنابەران کـە دوور بـوو لە هەموو رەوشتێکی ئینسانی.

هەروەك دیتمان چۆن بە ئیحترامەوە ئیستقبالی جەنازەی سەرۆکی خوشەویستمان کـراو رێگە درا بە ئیحترامەوە بێتەوە ئیران، ئێمەش هەر لە بیدایەتەوە تەئیدی شۆڕشەکەمان کـرد، و ئومێدمان ئەکرد کە برا کوردەکانمان لە ئیـران کـەڵك لـەم فرسـەتە وەربگـرن و بـە رێگـەی تەفاهوم و گفتگۆ رێککـەون لەگـەڵ دەوڵـەت و مـافی مـەشروعی خۆیـان وەربگـرن، بـەڵام بەداخەوە هەرپاش سەرکەوتنی شۆڕش ماوەیەکی کورت دەرکەوت کـە ئیمپریـالیزم و رژێمـە نۆکەرەکانی مەنتیقە خەریکی پیلان گێرانن بۆ ئەوەی شـەڕ لـە کوردسـتان دروسـت بکـەن و نەهێڵێن گەلی کورد لە ئیران بە مافی خۆی بگات لـە رێگـەی دروسـت کردنـی گیروگرفـت و نەهێشتنی بڕوا لە نێوان هەردوولا، بەداخەوە زۆر ئیشتباهاتیش کرا لە هەردوولاوە وەزعەکـە گەیشتە رادەیەك کەئیعلانی شەڕ بکریت و گومانی تێدا نی یە لـەو حالەتـە چـاك و خـراپ راست و ناراست تێکەل دەبێت . ئێمە دڵنیاین کە گەلی کورد شـەڕی نەدەویسـت هـەروەها هێزە ئەساسییەکانیش شەڕیان نەدەویست بەڵام هەندەك دەستەی خائن لە کوردسـتان و لـە

هــەمان کاتــدا زۆر کــەس هێشــتا خۆیــان شــاردۆتەوە لــە ژێــر پــەردەی شــۆڕش نۆکــەری ئیمپریالیزمن وەزعێکی وایان دروست کرد کە شـەڕ هەڵبگیرسـێت و بـڕوا نـەمێنی لـە نێـوان دڵسۆزەکان لە هەردوولا. ئەمە پیلانێك بوو ئیمپریـالیزم دانیـابوو بـۆ دوو ئامـانج ، یەکـەمیان شۆڕشەکە لە ناو ببات ، دووەم گەلی کورد بێ بەش بکات لە مافە ڕەواکانی.

ئێمە لە یەکەم ڕۆژەوە ڕای خۆمانمان بە هەموو لایەك گەیاندووە کە ئێمە تەئیـدی شـەڕ ناکەین چونکە بە زیانی کورد تەواو ئەبێ . و زۆر نەسیحەتی برا کوردەکانمـان لـە ئیـران کـرد کە کەڵك لە تاقی کردنەوەی ئێمە وەربگرن و مەجالی ئەوە نـەدەن شـەڕ ببـێ چونکـە شـەڕ موشکیلە حەل ناکات . سیاسەتی ئێمە ئەوە بوو کە بە هـیچ جوریـك تـەدەخول نەکـەین لـە کاروباری ناوخۆی ئیران ، تەنیا لە حاڵەتێکدا بتوانین خزمەتی هەموو لایەك و خۆمان بکەین ، ئەویش بە شیوەیەکی ئیجابی و موساهەمە بکەین لـە نەهێشـتنی تـەوەتورو نزیـك کردنـی هەموو ئەتراف لە یەکتری .

هەر لـە ڕۆژانـی یەکـەمی شـەڕ زۆر هـەوڵمان داوە لـە گـەڵ دەولـەت و گـەلێ لـە بـرا کوردەکانمان ، و بە تایبەتی حزبی دیموکراتی کوردستان- ئیران ، تا شەڕ بوەستێ و بە ڕێگەی ئاشتی کیشەکە حەل بکرێت و هەموو توانای خۆمان خستە ژێـر تەسـەڕوفی ئـەوان بـۆ ئـەم مەبەستە .

ئێستاش ئێمە داوا لە دەوڵەت و بـرا کوردەکانمـان ئەکـەین ، و بە تـایبەتی تکـا لە ئـیمام خومەینی و قیادەی حزبی دیموکراتی کورستان – ئێران ئەکەین کە مەجـالی دوژمنـان نەدان شەڕەکە درێژەی پێ بدەن و چیـتر خـوێن نەڕژێ و بە شـێوەیەکی ئاشـتی موشـکیلەکە حەل بکەن و تەفاهوم بکەن . و مافی برا کوردەکانمان بدەن بۆ ئەوەی ڕێگە لە پیلانی ئیمپریـالیزم و نۆکەرانی بگیرێ و کوردەکانیش بە دڵسۆزی یەوە دیفاع لە ئینقیلاب و وولات بکەن .

پێم خۆشە ئەوە بزانن کە مساوەمە لە سەر مبادئ و ئیلتزاماتی قەومی خۆمان نـاکەین . بەڵام بە داخەوە نۆکەرانی ڕژێمی بەعسی بەهەموو جۆریک هەوڵیان داوە و ئەیدەن ساردی دروســت بــکەن لەنیــوان ئــێمە و بــرا کوردەکانمــان لە ئیــران و ئەبینــین کە هەنــدێ جــار شەڕیشمان پێ دەفرۆشن و ئەمە نەک هەر ئیمـڕۆ بەڵکـو لە ڕۆژانـی یەکەمـی سـەرکەوتنی شۆڕش ئەم دەستانەی خۆفرۆش خۆیان ئاشکرا کرد و مادەی ( ٨ ) باشترین دەلـیلە کە پاشـان میللەت ڕەشی کردەوە بە ڕەغمی خاستی ئەوانەی دایان نـابوو، و حەز ئەکەم بـزانن نەکەس داوای لە ئێمە کردووە تـەدەخول لە داخیلـی ئیـران و شـەڕ بکەیـن نە ئـێمە ئامـادەین ئەوە بکەین . شەڕی ئـێمە لەگەڵ ڕژێمـی عیـراقە و ئـێمە سوپاسـی هەمـو دۆسـتیک ئەکەیـن کە

یارمەتیمان بدات بگەڕێینەوە بۆ وولاتی خۆمان بە سەربەرزی و سەرکەوتوویی . ئەمە نە گوناحە، بەڵکو زۆر مەشروعە .

لەم ماوەی دواییدا لەوەیە  هەندێک کاری وا کرابێت کە قەتعن لە مەسڵەحەتی ئێمە نەبووە و بە ئەوامریش نەبووە، بەڵکو تەسەروفاتی سەربەخۆ بووە و دڵنیاین کە زۆر بە توندی ئیجرائاتی پێویست وەرئەگیرێت . و زۆر شتیش کە کراوە بە نیەتێکی پاک کراوە بۆ مەسلەحەتی خەڵکەکە.

ئێمە بێ تەحەفوز رای خۆمان داوە چونکە بەراستمان زانیوە. و دووبارەی ئەکەمەوە ئێمە دژی ئەو شەڕەین چونکە بە زیانی هەموومانە و جگە لە ئیمپریالیزم و رژێمی بەعسی خزمەتی کەس ناکات. ئێمەش ئامادە نین تەئیدی شەڕێک بکەین زیانی کوردی تێدا بێت و بە سوودی دوژمنانی تەواو بێت، گومانم لەوە نییە کە هەرچی دڵسۆزە بڕوای بەمە هەیە .

هەڤالانی بەڕێز :

ئەو وەزعەی کە پاش نەکسەی ١٩٧٥ دروست بوو پاڵی بە زۆر کەس و جەماعەتەوە نا بۆ ئەوەی دووبارە بێنەوە کۆڕی خەبات. هەندێک لە دڵسۆزییەوە و زۆریشیان نێردران لەلایەن دوژمنانی کوردەوە .

شتێکی بەدیهیە کە ئەساسی سەرکەوتنی هەر میللەتێک یەکێتیەو بە بێ یەکێتی مەحاڵە سەرکەوتن بە دەست بێنێ .

تەقدیر بۆ زروفی ناسکی میللەتی کورد و ئیمان بەوەی کە ئەبێ ئەحزابی تریش هەبێ لە مەیدان زۆر هەوڵماندا کە جەبهەیەکی کوردستانی دروست بێت. بەڵام جەماعەتی تر کۆسپیان ئەخستە رێگە و رۆژبەرۆژ برا کوژیان تەشجیع ئەکرد تا گەیشتە ئەوەی شتی زۆر دڵتەزتەزێن روو بدات، و قەت ئیمە تەحەمولی مەسئولیەت ناکەین، چونکە بە واجبی خۆمان هەڵساین بۆ رێککەوتن. ئێستاش هەر هەمان مەوقفیان هەیە و نیدا ئەنێرین بۆ هەموو جەماعەت کە بەرژەوەندی میللەت بخەنە سەرەوەی هەموو شتی ترو بەروحێکی برایانە بۆیان ئەچینە پێش و داوا ئەکەین ئەوانیش بێنە پێش بۆ ئەوەی هەموو جهودمان تەوجیهی دوژمنانمان بکەین و میللەتی کورد لە میحنەت رزگار ببێ .

و لەسەر مستەوای عێراق داوا لە هەموو ئەحزاب و هێزە نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازەکان ئەکەین هەموو پێکەوە هەوڵ بدەین جبهەیەکی نیشتمانی لە عێراق دروست بکەین بۆ رزگار کردنی گەلی عێراق بە کورد و عەرەبەوە لە دەست رژێمی فاشستی

بەغدا . ئەمە تەنها ڕێگەیە بۆ سەرکەوتن .

هەڤاڵان :

تەجاربی شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشانی گەلانی تر پێشانمان ئەدات کە خەبات ناکرێت یا سەر ناگرێت ئەگەر ئیسراتیجیەکی راستی نەبێ و ئەگەر تەنزیمێکی ڕێک و پێک نەبێ . لەبەر ئەوە پێویستە لە داهاتوو ئەم حەقیقەتە هەمێشە لەبەرچاومان بێت . و داواتان لێ دەکەم هەر کەسێک لە ئێوە لە هەر جێگایەک و لە هەر زروفێکدا بێت خۆی بە مەسئول بزانێت بەرامبەر بە میللەتی خۆی ، و هەموو ئەزانین کە میللەتی کورد ئەمڕۆ لە میحنەتدا ئەژی. بە سەراحەت بڵێم ئێمە خۆمان بە مەسئول ئەزانین و قەرزارین بەرامبەر بە میللەتی کورد . و ئومێدم وایە بتوانین خزمەتێکی بچووکیش بێت بە گەلی کوردی بکەین . ئەمەش وەستاوە لەسەر هاوکاری هەموومان پێکەوە .

هەر یەکێک لە ئێوە مەسئولە لە پاراستنی توراسی بارزانی و ئێمە بارزانی بە موڵکی تایبەتی خۆمانی نازانین بەڵکو هی هەموو گەلی کوردە . ئێمەش وەک یەکێک لە ئێوە مەسئولین لە پاراستنی توراسی ئەو. و رۆیشتن لەسەرڕێگەی بۆی داناوین، ئەو ڕێگەیەی کە لە هیچ زەمانێکدا مساومەی نەکرد لەسەر مافی کورد. و دەمەوێ نیشانی بدەم کە ئەمەیە ڕێگای پارتیمان .

پێم خۆشە بزانن کە ئەم جارە دەست بە شۆڕش کرایەوە لە ئەیاری ١٩٧٦، تەحەدای واقعێکی زۆر تاڵ کرا تا گەیشتینە ئیمرۆ کە ئیسباتی وجود کرایەوە و کۆنفرانسی پارتی لە ئابی ١٩٧٦ لە ئەوروپا گیرا و هەنگاوێکی گرنگ بوو لەو قۆناغەو ئەساسێکی باشی دانا .

ئەوا کۆنگرەی نۆیەم ئەگرین ، ئینجا یا ئەبێ لە مستەوای مەسئولیەت بین و جێگەی بڕوای میللەت بین یا تەحەمولی مسئولیەت نەکەین باشترە . و پێمان خۆشە بگەنە ئەو مستەوایە لەسەر مەسلەحەتی میللەتەکەمان موحاسبەشمان بکەن و مەجالمان نەدەن هەنگاوی چەوت بهاوێژین .

لە دواییدا سڵاوێکی گەرم ئەنێرین بۆ براکانمان لە کوردستانی خۆشەویست و سڵاو بۆ گیانی پاکی بارزانی و هەموو شەهیدانی ڕێگای رزگاری گەلی کورد .

و داوا لە خوای گەورە ئەکەم دەستمان بگرێت بۆ خزمەتی کورد و کوردستان .

**والسلام عليكم**

# پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی
# پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق

## لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتیدا
## کە لە تشرینی دووەمی ١٩٧٩ بەسترا
## بڕیاری لەسەر دراوە*

## پــڕۆگــرام

**بەندی یەکەم:-**

**ناوی پارتی** - پارتی دیموکراتی کوردستان.

**بەندی دووەم:-**

پارتییەکی دیموکراتی و پێشڕەو و شۆڕشگێڕە، نوێنەری بەرژەوەندی کرێکاران و جوتیاران و کاسبکاران و خاوەن پیشە و ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکانە لە کوردستانی عێراقدا.

**بەندی سێیەم:-**

خەبات دەکەین لەپێناوی ڕزگاری و دامەزراندنی حوکمێکی دیموکراتی ئیئتلافی لە عێراق و حوکمێکی زاتی ڕاستەقینە لە کوردستاندا و دەرهێنانی ڕەگ و ڕیشەی سیاسەتی ڕەگەزپەرەستی لە جێنشینکردنی عەرەب و قەلاچۆکردنی کورد و چۆڵکردن و کاولکردنی گوندەکانی سەر سنوور لە کوردستاندا و زەرەر و زیان بدرێت بە هەموو ئەوانەی زیانیان پێگەیشتووە لە ئەنجامی ئەم سیاسەتەدا.

**بەندی چوارەم:-**

بەهۆی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان هەر دوو بزووتنەوەی کورد و عەرەبدا هەیە و مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەیە، بۆیە هەر پێشکەوتن و گەشەکردنێك لە بزووتنەوەی عەرەب لە عێراقدا بە دەست بهێنرێ هەر بەو پێیە دەبێ پێشکەوتن و گەشەکردن لە مافە نەتەوایەتییەکانی کورددا بێتە دێ.

**بەندی پێنجەم:-**

پارتیمان لە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا، لە بەر تیشکی تیۆری (مارکسی - لینینی) دەڕوات و ئەندامان و کەوادیرەکانی مێشك ئاو دەدا و چەکداریان دەکات بەو تیۆرییە، بە شێوەیەکی مەرکەزی هەروەها کەڵك لە تاقیکردنەوەکانی نەتەوەی کورد و تاقیکردنەوەکانی بزووتنەوەکانی ئازادیخوازی عالەمی وەردەگرێ.

**بەندی شەشەم:-**

خەبات دەکەین لەپێناوی حوکمێکی دیموکراتی ئیئتلافی هەڵبژێردراو لەلایەن گەلەوە، بۆ بەدیهێنانی قووڵترین گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە هەموو ڕوویە[کە]وە، لەسەر بناغەی سەرەتاکانی "سۆشیالیزمی زانیاری" و مسۆگەرکردنی سەربەستی بیروڕا و ڕۆژنامەگەری و پەخش و ڕێکخستنی پارتایەتی بۆ گشت هاووڵاتییان.

**بەندی حەوتەم:-**

أ. خەبات دەکەین لەپێناوی پتەوکردنی پەیوەندی برایەتی نێوان هەر دوو نەتەوەی کورد و عەرەبی برا.

ب. لە سنووری کۆماری عێراقیشدا خەبات دەکەین بۆ بەهێزکردنی برایەتی کورد و عەرەب و کەمایەتییەکان و چەسپاندنی یەکێتی نیشتمانی لە عێراقدا.

ج. خەبات دەکەین لەپێناوی بەهێزکردنی پەیوەندی دوستایەتی نێوان گەلی کوردمان و هەموو گەلانی جیهان.

**بەندی هەشتەم:-**

أ. خەبات دەکەین بۆ پاراستنی ئاشتی لە جیهاندا و بۆ خاوکردنەوەی باری گرژی ناودەوڵەتان و پەیڕەوکردنی بڕوانامەی (میثاق) نەتەوە یەکگرتووەکان و بڕیارەکانی کۆنگرەی (باندوگ) و سەرەتاکانی پێکەوە بە ئاشتی ژیان و چارەسەرکردنی کێشە دەوڵەتییەکان لە ڕێگەی گفتوگو و قەدەغەکردنی چەکی ئەتۆمی و نەهێشتنی تاقیکردنەوەی.

ب. بەردەوامبوون لەسەر ڕێڕەوی سیاسەتی نیشتمانی پێشکەوتنخواز دژ بە ئیمپریالیزم، سەبارەت بەوەی کە مەترسییەکە، هەڕەشە لەگەلان دەکات و بەردەوامبوون لەسەر بەهێزکردنی پەیوەندی دوستایەتی لەگەڵ هەموو گەلان و بە تایبەتی کامپی سۆشیالیستی، لەسەر بناغەی سوودی هەموو لایەك، هەروەها پشتگیریکردنی جووڵانەوەی نیشتمانی و ئازادیخوازانەی گەلانی تێکۆشەر لەپێناوی سەربەخۆیی و مافی بڕیاردانی چارەنووسیان.

**بەندی نۆیەم:-**

پتــەوکردنی پەیوەنــدی دوســتایەتی و هاوکــاری نێــوان پــارتیمان و هــەموو پــارتی و ڕێکخراوەکانی عێراق کە بڕوایان بە عەدالەتی مەسەلەی کورد هەیە و پاڵپشتی دەکـەن و بـە هێزکردنی هاوخەباتی نێوان پارتیمان و گشت پارتی و ڕێکخراوە دیموکراتییـەکان لـە هـەموو بەشەکانی کوردستاندا، هەروەها پتەوکردنی پەیوەنـدی دوسـتایەتی لەگـەڵ هـەموو پـارتی و ڕێکخراوە دیموکراتی و پێشکەوتنخوازەکانی هەموو گۆشەیەکی جیهان.

**بەندی دەیەم:-**

پـارتیمان پشـتگیری خـەباتی نەتـەوەی کـوردی بـە زۆر دابەشـکراو دەکـات لـە هـەموو پارچــەکانی کوردســتاندا لــەپێناوی بەدەســتهێنانی مــافی چارەنووســی خۆیــان هــەر وەکــو نەتەوەکانی تر لە جیهاندا.

**بەندی یازدەهەم:-**

چەسپاندنی مافی وەرگرتنی جنسیەی عێراقـی بـۆ هـەموو ئـەو کوردانـەی لـە پێـنج سـاڵ زیاترە لە عێراقدا نیشتەجی بوون، وەکو فەیلییەکان و گویان و ئومەریان و خەڵکی تر.

**بەندی دوازدەهەم:-**

خەبات دەکەین لەپێناوی گەشەکردنی ئابووری نیشتمانی و بەرزکردنەوەی ئاسـتی ژیـانی گەل، لە هەموو ڕوویەکەوە، لەسەر سەرەتاکانی (سۆشیالیزمی زانیاری) کە دامەزراوە لەسـەر لێکوڵینەوەیـەکی فراوانـی هـەموو لایەنـەکانی ژیـانی ئـابووری و کۆمەڵایـەتی و زۆرکردنـی پڕۆژەی گەورە و بچووك و ئامادەکردنی کادری بەڕێوەبردن و هۆنەری پێویست بۆیان.

**بەندی سێزدەهەم:-**

پارتیمان لـەو باوەڕەدایـە کـە پیشەسـازیکردن، بـە تایبـەتی پیشەسـازی قـورس کۆڵەکـەی سـەربەخۆیی ئـابووری و پاڵپشـتی سـەربەخۆیی ڕامیارییـە، بۆیـە هـەوڵ دەدەیـن بـۆ پیشەسـازیکردنی وڵات بـە پیشەسـازی قـورس و سـووك لـە بـەر ڕۆشـنایی ئـەنجامی زانینـی سـامانی کانگاکـان و بایەخـدان، بـە پیشەسـازی نـەوت و گـۆگرد (کبریـت) و هەوڵـدان بـۆ گەیاندنی کارەبا بـۆ هـەموو شـۆینیکی وڵات و گرتنـی ئـەو ڕێگـە و شـوێنانەی پێویسـتن بـۆ گەشـەپێدانی پیشەسـازی نیشـتمانی و پاراسـتنی لـە تـەنگ پێهـەڵچنینی بێگانـە و هانـدانی خستنەگەڕی سەرمایەی نیشـتمانی لـە پیشەسـازی بـە چـاودێریکردنی بەرژەوەنـدی کرێـار و گەشـەپێکردنی پیشەسـازی نیشـتمانی. هـەروەها پـارتیمان هـەوڵ دەدات بـۆ پێشخسـتن و گەشەکردنی پیشەسازی کشتوکاڵ کە یارمەتیدەرە بۆ زۆرکردنـی بەرهـەم و جۆربـەجۆرکردنی بە شێوەیەك کە بگونجێ لەگـەڵ بەرژەوەنـدی گەشـەپێدانی هـەر دوو کـەرتی پیشەسـازی و

کشتوکاڵدا و نەهێشتنی باج لەسەر کارگە و ماشێن و پارچەکانی بۆ چەسپاندنی پیشەسازی نیشتمانیمان.

**بەندی چواردەهەم:-**

خەبات دەکەین لەپێناوی قەڵاچۆکردنی بێکاری بە شێوەیەکی بنەڕەتی بۆ دانانی یاسای پێشکەوتووانە بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندی کرێکاران و کارگوزاران (مستخدم) لە ڕێگەی دیاریکردنی ڕادەی هەرە کەمی ڕۆژانە بە شێوەیەك، کە ژیانێکی باش بۆ کرێکار و خێزانەکەی مسۆگەر بکا و بۆ دیاریکردنی سەعاتی ئیشکردن و ڕێگە نەدان کە ئیش بە منالان بکرێ (ئەوەی کە تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمترە) و دانانی یاسای پێشکەوتووانەی پێویست بۆ خانەنشینی (تقاعد) و زەمانەتی کۆمەڵایەتی، کە هەموو کرێکاران بگرێتەوە، بۆ مسۆگەرکردنی سەربەستی کاری نەقابی بە جۆریك کە بەرژەوەندی کرێکاران و کارگوزاران مسۆگەر بکات و ناردنی بیعسەی کرێکاران بۆ دەرەوەی وڵات و زیاتر کردنەوەی قۆتابخانەی پیشەسازی بۆ ئەوەی ئاستی تەکنیکی کرێکاران بەرز بکرێتەوە.

**بەندی پازدەهەم:-**

خەبات دەکەین لەپێناوی پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی نەوتی نیشتمانی نەخشەکێشراو بە نیازی ڕێکخستنی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت بە شێوەیەك، کە خزمەتی گەشەکردن و خەملاندنی عێراق بکات بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی، بەوەی کە بەشێك لەو دەستکەوتەی نەوت دابنرێت بۆ پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە و پیشەسازی و کشتوکاڵ لە کوردستاندا بەپێی ژمارەی دانیشتوانی و پشتگیری کۆمپانیای نیشتمانی نەوت و دامەزراندنی پیشەسازی پترۆکیمیاوی لەو شوێنانەدا کە نەوتی لێ دەردەهێنرێ لەگەڵ ئامادەکردنی کادری بەڕێوەبردن و هونەری، هەموو ئەمانە بە شێوەیەك بن کە سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری وڵات بەهێز بکەن.

**بەندی شازدەهەم:-**

پشتگیری چارەسەرکردنی چاککردنی زەوی و زار بە شێوەیەکی بنەڕەتی دەکەین بە مەرجێك زامن بێ کە هەموو جوتیارانی عێراق و کوردستان زەوی وەربگرن لەلایەك و لە لایەکی تریشەوە، پەیوەندی دەرەبەگایەتی لە بنج و بێخ بە تەواوی دەربهێنرێ و لەپێناوی باشترکردنی ژیانی جوتیاران و زیاترکردنی دەستکەوتیان، پارتیمان هەوڵ دەدات کە ئەمانەی خوارەوە بە دی بهێنرێ :

**یەکەم:**

أ. چاککردن و بەراوکردنی ئەو زەوییانەی بەکار نەهێنراون و دابەشکردنی بەسەر

جوتیاراندا.

ب. چارەســەرکردنی گیروگرفتــی ئــاودێری بــە هەڵکەنــدنی بیــری ئیرتــوازی و بــە دروستکردنی بەست و ئەستێرك لەسەر ڕووبارەکان بۆ ئـاوەدانی ئـەو زەوییانـەی بـە کـەڵکی کشتوکاڵ دێن و ڕێگەدان بە جوتیاران کە کەڵك لە پڕۆژەکانی ئاودێری حکوومەت وەربگرن.

ج. یارمەتیدانی جوتیاران بە تـۆو و پـەینی کیمیـاوی و ماشـێن و ئـامرازی کشـتوکاڵ تـا بتوانن کشـتوکاڵ باشـتر بکـەن و چەشـنەکانی تـریش بەرهـەم بێـنن و قـەرزی ماوەدرێژیـان بدرێتی بە کەمترین قازانج تا جوتیاران لە چنك سەلەمخۆرەکان ڕزگاریان بێت.

د. دامەزرانــدنی کۆمەڵــەی هاریکــاری و بەرهــەمی بــە هــەموو چەشــنێکییەوە و پشتگیریکردنیان لە گەشەکردن و خەملاندنی بەرهەمی کشتوکاڵ و چارەسەرکردنی تەگـەرەی کشتوکاڵ بە شێوەیەکی دیموکراتی بنەڕەتی.

ە. زۆرکــردن و ئاســانکردنی بــەکارهێنانی ماشــێنی کشــتوکاڵ و ڕێگــەی نــوێگرتن لــە کشتوکاڵکردندا.

و. ئامۆژگاری تەکنیکی جوتیاران بکرێ بـۆ بەرزکردنـەوەی ئاسـتی کشـتوکاڵ و نـاردنی بیعسەی جوتیارانی کوردستان بۆ وڵاتەکانی دەرەوە.

ز. بایەخدان بە کردنەوەی قوتابخانە و فێرکاریی کشتوکاڵ لە کوردستاندا.

ح. بەهێزکردنی کۆمەڵە جوتیار[یی]ەکان و هاریکاری لە کوردستاندا وماوەدان پێیان تـا دەوری خۆیان ببینن لە جێبەجێکردنی چاککردنی زەویوزار بە شێوەیەکی بنەڕەتی و هەستان بەو کاروبارانەی کە لە سەرەوە باس کران.

**دووەم:**

بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات یەکێکە لـە دوو شـێوە سـەرەکییەکەی بەرهـەم لـە دێهاتـەکانی کوردستاندا، کە ڕادەیەکی گەورەی دەستکەوتنی جوتیاران پێك دەهێنی، بۆیە هەوڵ دەدەین بۆ :

أ. نەهێشتنی هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرە و پەیوەندییانەی بەستراوە بە بـەخێوکردنی مەڕ و ماڵاتەوە وەکو سەندنی سەرانەی لەوەڕگا و دیاری و هەموو جـۆرە سـەرانەیەکی تـری دەرەبەگی.

ب. نیشــتەجێکردنی خێڵــە کۆچــەرەکان بــە چــاودێریکردنی بــاری بەرهــەمهێنانیان و دابەشکردنی زەوی بەسەریاندا و مسۆگرکردنی لەوەڕگا بۆ ئاژەڵەکانیان.

ج. زۆرکردنی دەزگـای بـەیتاڵی بـۆ پاراسـتنی ئـاژەڵ و چارەسـەرکردنی نەخۆشـییەکانی

ئاژەڵ و باشترکردنی ڕەسەنی و بایەخدان بە بەروبومی ئاژەڵ بە پەیڕەوکردنی ڕێگە و شوێنی زانستییانەی لەشساغی.

د. دامەزراندنی کۆمەڵەی هەرەوەزی بۆ پێشخستنی بەخێوکردنی باڵندەی ماڵی بۆ کەڵکوەرگرتن لێیان و لە بەروبوومیان لەڕووی ئابوورییەوە.

**سێیەم:**

أ. ڕاستکردنەوەی یاسای ئینحساری توتن، بە شێوەیەك کە بگونجێ لەگەڵ بەرژەوەندی توتنەوانە هەژارەکان و چاکترکردنی جۆری بەرهەم و نەهێشتنی ئەو کۆمپانیایانەی بەسەر توتنکردن و جیاکردنەوەی جۆرەکانی و نرخیاندا، سەپێنراوە.

ب. دەستگرتنی جوتیارانی توتن بە پارە و تۆوی باش و بە مەرجێکی شیاو و ئاسان تا بتوانن هەر ماڵە لە کاتی خۆیدا، دەست بکەن بە توتنکردن.

ج. ئامادەکردنی پسپۆر و ڕابەری شارەزا بۆ چاککردنی هەموو جۆرە توتنێك و دامەزراندنی شوێنی نوێ بۆ پاراستنی توتن لە خراپبوون.

د. چاکتر و فراوانترکردنی پیشەسازی جگەرە و توتن و دامەزراندنی کارگە و موختەبەر لە ناوچەکانی توتنکردندا، بە شێوەیەك کە عێراق بتوانێ توتن بنێریتە دەرەوە و ئەو چەشنە توتنانە بەرهەم بێنی کە لە دەرەوە تۆوەکانیان دەهێنرێت.

ه. زۆرترکردنی پیشەسازی توتن وەکو پوختەکردن و هەوێنکردنی (تخمیر) بە جۆرێك جگەرەی عێراقی چاکتر بکات و بازاڕی جیهانی بۆ بدۆزێتەوە و توتنی عێراقی و چەشنەکانی تری توتن کە لە دەرەوە دەهێنرێن بچێنرێن.

و. جێبەجێکردنی ئینحساری کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانێتی توتن، ئەمەش بە بەستنەوەی کارگەکانی جگەرە و بازرگانی توتن بە دەستگای گشتی ئینحساری توتنەوە.

**چوارەم:**

أ. بایەخدان بە دارستان و دانانی یاسا بۆ پارێزگاریکردنی بەپێی بەرژەوەندی ئابووری نیشتمانی.

ب. هاندانی ڕواندنی درەخت و باخی میوەکردن ببەسترێتەوە بە پرۆژەکانی دارستانکردنی ناوچە شاخاوییەکان، بۆ ئەوەی دەستکەوتی ئابووری باش بە دەست بهێنری بۆ گەشە پێکردنی سامانی دار و درخت.

**بەندی حەڤدەهەم:-**

ڕێکخستنی بازرگانی ناوخۆ و دەرەوە و ئیهتمامـدانێکی سـەرەکی زۆر بـە کـەرتی گشـتی، لەگەڵ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی کەرتی تایبەتی و یارمەتیدانی بازرگانە نیشتمانییەکان بەپێی بەرژەوەنـدی وڵات و بـەگژداچوونی مۆنۆپـۆڵ و بەربـەرەکانی (مضـاربة) و یـاریکردن بـە خۆراکی گەل و دامەزراندنی پەیوەندی بازرگانی دەرەوەمان، لەسەربناغەی سوودی وەکیـەك بێ و هاندانی کەلوپەل ناردنەدەرەوە و هێنانی کەرەستەی پێویست بۆ وڵات.

**بەندی هەژدەهەم:-**

أ. ڕێکخستنی کاروباری دارایی بە شێوەیەك کە دەست بـە خەرجـەوە بگـرێ و پـارەی پێویست بۆ پرۆژەی بەرهەمهێنەر تەرخان بکرێ و ئاگاداری دەستکەوت و خەرجی بکرێ بـە جۆرێك کە پارسەنگی یەکتری ڕابگرن.

ب. یاسایەکی دادپەروەرانە دابنرێ بۆ باجسەندن کە پشت ببەسترێ بە باجی ڕاستەوخۆ [و] باجی بەرەوژوور (ضريبة تصاعدية) لەسەر دەسـتکەوت و میـرات. بـاجی ناڕاسـتەوخۆش کەم بکرێتەوە کە ئەرکی لەسەرشانی چینە زەحمەتکێشەکانە.

ج. گەشەکردن بە ڕژێمی بانکەکانی عێراق بە زیادکردنی سەرمایەیان و کردنەوەی لقـی پێویست و زیاتر [و] کاروباری مامەڵەی بانك ئاسان بکرێ تـا ئـەرکی سـەر شـانیان جێبـەجێ بکەن لە گەشەپێکردنی ئابووری نیشتمانی.

د. بەهێز و فراوانکردنی بانکی ناوەندی عێراق و وای لێ بکـرێ، کـە بتـوانی قـەڵاچۆی قاچـاغچێتی پـارە و ئـاڵتون بکـات و پـارەی عێراقـی بـەنرخ بکاتـەوە و بـە ئـاڵتون و پـارەی هەمووجۆرەی بێگانە بەپێی پێویست دای بپۆشێ.

ه. دانانی یاسا و ڕژێمی گومرگ بە شێوەیەك کـە دەسـتکەوتی هـەموو گـەل مسـۆگەر بکات و ئابووری و پیشەسازی نیشتمانی بپارێزێت.

**بەندی نۆزدەهەم:-**

أ. ڕێکخسـتنی ڕێگـەوبان لـە کوردسـتانی عێراقـدا، بـە کردنـەوە و فراوانکـردن و قیرتاوکردنی ڕێگەوبانی زەوی و دروستکردنی تۆڕێکی ڕێگەوبانی شەمەندەفەر تیایدا.

ب. پاپۆڕی گواستنەوەی نەوتی پێویست ئامادە بکرێ بۆ گواستنەوەی نـەوتی عێـراق و گەشـەپێدانی دەسـتگای گواسـتنەوەی دەریـایی و فراوانکردنـی تـۆڕی ڕێگـەوبانی زەوی و ئاسمانی و بێتەل و تەلدار لەگەڵ دەوڵەتاندا بەپێی بەرژەوەندی نیشتمانی.

ج. ئاوەدانکردنـەوەی کوردسـتان و بایەخـدان بـە دروسـتکردنی پـرۆژەی خـانوو و دێ

تیایدا.

د. بایەخدان بە هاوینەهەوارەکان و ڕێکخستن و فراوانکردنیان بە شێوەیەکی نوێ و ئاسانکردنی بەستنەوەیان بە یەکەوە لەلایەك و لەلایەکی تر، بەستنەوەیان بە هەموو ناوچەکانی تری کوردستانەوە.

**بەندی بیستەم:-**

خەبات دەکەین لەپێناوی میللیکردنی تەندروستی (التأمیم الصحي) و ئامادەکردنی کادیری تەندروستی خاوەن توانا، بە کردنەوەی زانستگا و قوتابخانەی تەندروستی و بە زۆرکردنی بیعسەناردن بۆ دەرەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی گەل بە دانانی نەخشەیەکی فراوان بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشییە ناوچەییەکان و نەخۆشییە پەتاکان و لەناوبردنیان و بەهێزکردنی دەستگاکانی پروپاگەندە و ڕابەری تەندروستی بە هۆی ڕێگە و شوێنە جیاجیاکانی دەستگای ڕاگەیاندن و بایەخدان بە دابەشکردنی ئاوی پاك بەسەر ڕۆڵەکانی گەلدا، لەگەڵ ئیهتمامدان بە کوردستان و زۆرکردنی نەخۆشخانە و مستەوسەف و دامەزراوەکانی چارەسەرکردن و خۆپاراستن و گەیاندنی خزمەتی تەندروستی بۆ شوێنە دوورەکان و دێهاتەکان بە تایبەتی و دانانی نەخشەیەکی فراوان بۆ زۆرکردنی دەرمان و گەشەکردنی و دروستکردنی لە ناوخۆدا و زۆرکردنی هەموو پێویستییەکی تەکنیکی نوێ.

**بەندی بیست و یەك:-**

بەکارهێنانی شێوەی هەڵبژاردنی دیموکراتی ڕاستەوخۆ لە هەڵبژاردنی بەڕێوەبەرانی شارەوانی و ئەنجومەنەکانی شارەوانی و بەڕێوەبردن و دانانی نەخشەیەکی فراوانی ئاوەدانکردنەوەی ناوخۆی شارەکان، بە دروستکردنی باخچە و سەیرانگای گشتی و کردنەوەی شەقام و وەرزشگا و گۆڕەپان لە کوردستانی عێراقدا، بە مەرجێ لە نەخشەی شارەکاندا ڕەچاوی ڕێگە و شوێنی تازە بکرێ.

**بەندی بیست و دوو:-**

هەوڵدان بۆ ئەوەی ئافرەتان تەواوی مافەکانی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریان هەبێت و یاسای پێویست دابنرێ بۆ پاراستنی مافەکانی ئافرەت لە کارکردندا پێش و پاش منداڵبوون و پارێزگاریکردنی خێزان و یاسای پێویست دابنرێت بۆ پاراستنی مافەکانی دایکێتی و منداڵێتی.

**بەندی بیست و سێ:-**

أ. خەبات دەکەین بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانی قوتابیانی کورد و لەپێناوی

قەڵاچۆكردنی نەخوێندەواری و نەهێشتنی نەزانین و ئاراستەكردنی پەروەردە و فێركردن بە ڕێڕەوێكی نیشتمانی و دیموكراتیانەدا و بەربەرەكانیكردنی بەرنامە و ڕێڕەوی كۆنەپەرستانە و فاشیزم و ڕەگەزپەرستی و بەستنەوەی تیۆری بە كردەوەوە.

ب. خەبات دەكەین بۆ بووژاندنەوەی ئەدەب و مێژوو و هونەری كوردی و دەوڵەمەندكردنی بە كەلەپووری مرۆڤایەتی لە بەرهەمی نەتەوەكانی تر و پاراستنی شوێنەوارە مێژووییەكان لە كوردستاندا و دامەزراندنی مۆزەخانەی تایبەتی بۆی.

ج. هەوڵ دەدەین بۆ گەشەپێدان و فراوانكردنی زانكۆی سلێمانی و پاراستنی سەربەخۆیی و كردنی بە مەڵبەندی لێكۆڵینەوە و لەسەر ڕۆیشتنی ئەكادیمی و بووژاندنەوەی كەلەپووری نەتەوایەتی كورد و كردنەوەی زانستگا و كۆلێژی پێویست لە مەراكزی پارێزگاكانی تری كوردستاندا.

د. بایەخدان بە خوێندنی زمانی كوردی و ئەدەب و مێژووی كورد لە هەموو پلەكانی خوێندندا و گەشەپێدانی خوێندنی زمانی كوردی لە هەموو ناوچەكانی عێراقدا و بایەخدان بە گەشەپێدانی كۆڕی زانستی كوردی و دەستگای چاپەمەنی و بڵاوكردنەوەی و ئێستگەی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن لە كوردستاندا.

ە. خوێندنی سەرەتایی بۆ كوڕ و كچ بكرێ بە زۆر (الزامي) و قوتابخانەی شەوانە بكرێتەوە بۆ كرێكار و جوتیار و هەموو ڕەنجدەران، كتێبخانەی گشتی و موختەبەری زانستی و یانە زۆرتر بكرێنەوە و كۆڕ و كۆبوونەوە و وتە و گفتوگۆ [و] ئاڵوگۆڕكردنی بیروڕای تیا بكرێ بۆ ئەوەی ئاستی ڕۆشنبیری ڕۆڵەكانی گەل بەرز بكرێتەوە.

و. گەشە بە ئەدەب و هونەری كوردی بدرێ و وزەی شۆڕشگێڕان بەكار بهێنرێ بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی بە گشتی و بۆ دەستكەوت و ئامانجە ڕەواكانی گەلی كورد بە تایبەتی و چالاكی ئەدەبی و هونەری، هان بدرێ و ناردنی قوتابیانی كورد بۆ دەرەوە بە بیعسە و زەمالە زۆر بكرێ بە ڕەچاوكردنی ژمارەی دانیشتوانی كوردستان بۆ دانیشتوانی عێراق و زۆركردنی دامەزراندنی شانۆ و كردنەوەی یانەی وەرزشی.

ز. ڕێزگرتن لە سەربەستی ئاین و گشت شەعائیر و تقوسێكی و بایەخدان بە پیاوانی ئاینی و بەرزكردنەوەی ڕادەی ژیان و ڕۆشنبیریان و كردنەوەی مەعهەدی ئاینی بۆ قوتابیانی ئاینی و گەشەپێكردنی و ڕێكخستنی كاروباری ئەوقاف.

ح. خەبات دەكەین بۆ مسۆگەركردنی مافەكانی مامۆستایانی كوردستان و هەوڵ دەدەین بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی زانیارییان لە هەموو ڕوویەكەوە و بۆ ئەوەی بەشێكی

شیاویش لە زەماڵەی خوێندنیان بدرێتێ.

**بەندی بیست و چوار:-**

أ. دانانی یاسایەکی شۆڕشگێڕی بۆ کاروباری شۆڕشی ٢٦ی گوڵانی نیشتمانی پێشکەوتنخواز بۆ دانان و ڕێکخستنی پەیوەندی لە نێوان پێشمەرگە و دەزگاکانی جیاجیای سەرکردایەتی بەڕێوەبردن و ڕامیاری شۆڕش هەروەها ڕێکخستنی پەیوەندی لەگەڵدا.

ب. بایەخدان بە پێشمەرگە و ڕێکخستنی کاروباریان و بەڕێوەبردنیان و هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ڕادەی ژیان و تەندروستی و ڕۆشنبیری و سەربازییان و پەروەردەکردنیان بە گیانی دیموکراتی و نیشتمانپەروەری ڕاستەقینە و بۆ مسۆگەرکردنی پاراستنی هەموو مافە ڕەواکانیان.

ج. مسۆگەرگردنی ژیانی خێزانی شەهیدان و ئەو کەسانەی بە هۆی شۆڕشی کوردستانەوە پەککەوتوو بوون.

# پـــەیـــڕەوی ناوخــــۆ

## بەشی یەکەم

**بەندی یەکەم:-**

پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتییەکی دیموکراتی پێشڕەوی شۆڕشگێڕە، لە یەکگرتنی بەئارەزووی ئەو خەڵکانە پێك هاتووە، کە دیموکراتین و ئامانجیان یەکە و قایلن بە پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی و لە ڕیزەکانی پێشەوەی جەماوەردا خەبات دەکەن بەپێی تەکتیك و پلان و ئامۆژگارییەکانی پارتی و لەبەر تیشکی تیۆری (مارکسی - لینینی) و تاقیکردنەوەکانی نەتەوەی کورد و تۆراسی (تراث) فکری **بارزانی** و تاقیکردنەوەکانی میللەتانی تر.

**بەندی دووەم:-**

لە ئامانجەکانی پارتیمان دامەزراندنی حوکمێکی دیموکراتی ئیئتلافی بۆ عێراق و حوکمی زاتی ڕاستەقینە بۆ کوردستان و خەباتکردن لەپێناوی سەربەخۆیی ئابووری و ڕامیاری عێراق و مسۆگەرکردنی مافی ئەو کەمایەتییانەی دانیشتووی کوردستانن و هەوڵ دەدەن بۆ بەرزکردنەوەی ڕادەی هۆشیاری و ڕامیاری ئەو کەسانەی لە ڕیزەکانی پارتیمان دان، لە ڕێگای ئامادەکردنی کادری تێگەیشتووی پارتی و چەسپاندنی برایەتی کورد و عەرەب.

## بەشـــــی دووەم

**بەندی سێیەم:- ((ئەندامی پارتی))**

أ. هەر کەس ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێت بە ئەندام دادەنرێت :

١. دان بە پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتیدا بنێ و بەپێی بەندەکانی ئیش بکات.

٢. دەبێ لە ناو یەکێك لە شانەکانی پارتیدا ئیش بکات.

٣. تەمەنی لە (١٨) ساڵ کەمتر نەبێ.

٤. لایەنی کەم، هۆشیاری ڕامیاری و نیشتمانی گشتی هەبێ.

٥. دەبێ لە ناو خەڵکدا، خووڕەوشت و ناوبانگی باش بێت.

٦. دەبێ ئابوونەی ئەندامێتی بدات، بە مەرجێك لەم ئەندازانەی خوارەوە کەمتر نەبێ

:

هەر ئەندام یا پاڵێوراوێك دەستکەوتی مانگانەی لە بەینی (١٠ – ٢٥) دینار بێت : (١٪)

هەر ئەندام یا پاڵێوراوێك دەستکەوتی مانگانەی لە بەینی (٢٥ – ٤٠) دینار بێت : (٤٪)

هەر ئەندام یا پاڵێوراوێك دەستکەوتی مانگانەی لە بەینی (٤٠ – ٦٠) دینار بێت : (٥٪)

هەر ئەندام یا پاڵێوراوێك دەستکەوتی مانگانەی لە بەینی (٦٠ – ١٠٠) دینار بێت : (٦٪)

ئەگەر دەستکەوتی ئەندام لە (١٠٠) دینار زیاتر بوو، ئەوا بۆ هەر (٢٥) دیناریك کە زیاد بوو، (١٪) دەخرێتە سەر ئەندازەی پێشوو.

ب. کۆمیتەی ناوەندی دەسەڵاتی هەیە ئەندازەی ئابوونە زیاد بکات بەپێی پێویستی.

ج. کە پاڵێوراو بە ئەندامی پارتی وەرگیرا، ئابوونەی مانگێك دەدات بەرامبەر هاتنە ریزی پارتییەوە.

**بەندی چوارەم:- بە ئەندامی پارتی وەرناگیرێت هەر کەس کە :**

١. دژی ئاشتی و ڕزگاری و دیموکراسی و مەسەلەی کورد بێ.

٢. نۆکەری بێگانە یا جاسوس بووبێ، یا ئەندامی ڕێکخراوێکی تێکدەر بووبێ.

٣. ئەندامی پارتییەك یا ڕێکخراوێکی تر بێ، بێ ڕەزامەندی پارتی.

**بەندی پێنجەم:- پێویستە لەسەر ئەندامی پارتی:**

١. بە هەموو هێزییەوە خەبات بکات بەپێی پرۆگرام و پەیڕەو و پلان و تەکتیکەکانی پارتی بۆ هێنانەدی ئامانج و بڕیار و ڕاسپاردەکانی.

٢. بە هەموو هێزی خۆی، یەکێتی پارتی، یەکێتی بیر و کردار و دیسپلینی پارتی بپارێزێ.

٣. بە هەموو نرخێك نهێنییەکانی پارتی بپارێزی.

٤. هەمیشە هەوڵ بدات بۆ زۆرکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری شۆڕشگێڕی و ڕۆشنبیری خۆی و تێگەیشتنی تیۆری و بیروباوەڕی شۆڕشگێڕی زانستییانەی ڕاست.

٥. لەسەر ڕێگە و شوێنی ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتن بڕوا، ڕاستی لە پارتی نەشارێتەوە و دژی لەخۆباییبوون و بادەی سەرکەوتن بێت و لە ئاستی ڕووداوەکان[دا] بێت.

٦. پەیوەندی لەگەڵ جەماوەری گەلدا، توندوتۆڵ بکات، زۆر باش گوێ بگرێ لە بیروڕا و داخوازییەکانیان و یارمەتیان بدات بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیان بە هۆی خۆیەوە یا بە هۆی پارتییەوە و پارتی لە بیروڕا و داخوازییەکانیان ئاگادار بکات[ەوە]، هەروەها

پێویسته لەسەری، کە سیاسەتی پارتی و باری سەرنجی لە هەموو مەسەلەیەکدا بگەیەنێ بەو جەماوەرە و بۆیان ڕوون بکاتەوە.

٧. بێ ڕەزامەندی پارتی، شار یا ئیش یا ڕێکخراوەکەی بەجێ نەهێڵێ و دەبێ ڕاست و ڕاستگو و ئازا بێت و بەرژەوەندی پارتی بخاتە سەروو هەموو بەرژەوەندییەکی ترەوە.

٨. بێ ڕەزامەندی پارتی بە فەرمانبەر یا کارگوزار دانەمەزرێت.

**بەندی شەشەم:**

ئەوانەی داوا دەکەن بێنە ڕیزەکانی پارتییەوە پێویستە بە ماوەی تاقیکردنەوە و پاڵاوتندا تێپەڕ بن، ئەوانە پێیان دەوترێ پاڵێوراو :

١. پاڵێوار ئەو کەسەیە کە مەرجەکانی ئەندامێتی تیایە و تەمەنی لە (١٨) ساڵ کەمتر نییە. پاڵێوراو ئەرکەکانی سەرشانی ئەندام جێبەجێ دەکات، بەڵام ماوەی تاقیکردنەوەی تەواو نەکردووە و هەموو مافی ئەندامێتی هەیە جگە لە مافی هەڵبژاردن (واتە نەهەڵدەبژێرێ و نە هەڵدەبژێردرێ)

٢. ماوەی تاقیکردنەوە لەلایەن لێژنەی ناوچەوە دیاری دەکرێ، بەپێی بار و جۆری پاڵێوراوەکە.

٣. دەبێ ماوەی پاڵاوتن لە شەش مانگ کەمتر نەبێ.

٤. ئەو کەسەی دەپاڵێورێ بۆ ئەندامێتی پارتی دەبێ دوو ئەندام لایەنگیری بکات، کە هەر یەکەیان ساڵێك یا زیاتر بەسەر ئەندامێتیدا تێپەڕ بووبێ و پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان هەبێ بە پاڵێوراوەکە[وە] و داوای پاڵێوراوەکە، کە دەبێ لەسەر ئیستیمارەی تایبەتی بێت لە کۆبوونەوەی شانەکەدا باس دەکرێ.

٥. هەر کەس ئەندام بووبێ لە پارتییە سیاسییەکانی تردا و داوای ئەندامێتی پارتیمان بکات، دەبێ بۆ وەرگرتنی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی هەبێت و خۆی لێپرسراوە لە ئەنجامی ئەو وەرگرتنە.

٦. کۆمیتەی ناوەندی سەیری داوای وەرگرتنەوەی ئەو ئەندامانە دەکات کە ماوەیەك وازیان لە خەبات هێناوە لە پارتیدا و بڕیاری وەرگرتن یا وەرنەگرتنەوەیان دەدا.

٧. هەر پێشمەرگەیەك داوای ئەندامێتی پارتی بکات و هەموو مەرجەکانی ئەندامێتی تیا بێت، بە ئەندام وەردەگیرێ پاش ئەوەی سێ مانگ بە ماوەی تاقیکردنەوە و پاڵاوتن تێپەڕ دەبێت.

**بەندی حەوتەم:**

کۆمیتەی ناوەندی بۆی هەیە هەر ئەندامێکی پارتی دەربکا، یا دووری بخاتەوە لەسەر داوای لێژنەکانی پارتی و پاش لێکۆڵینەوەیەکی دادپەروەرانە لەلایەن دەستگاکانی لێکۆڵینەوەی ناوەندی و لێژنەی ناوچەش دەسەڵاتی دەرکردن یا دوورخستنەوەی هەر پاڵێوراوێکی هەیە و بۆشی هەیە هەر ئەندامێك لە لێپرسراوێتی ڕووت بکاتەوە پاش لێکۆڵینەوەیەکی دادپەروەرانە :

**برگەی (١) دەرکردن:-**

هەر ئەندامێکی پارتی ساغ بووەوە لەسەری کە یەکێك لەم کارانەی خوارەوەی کردووە لە پارتی دەردەکرێ :

أ. کارێکی کردبێ کە پەیوەندی بە جاسوسی و تێکدانەوە هەبێ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ.

ب. نهێنییەکانی پارتی بدرکێنێت بۆ هەر لایەك و بە هەر جۆریك بێت.

ج. هەوڵ بدات کە یەکێتی پارتی کەرت بکات یا دەستی پێ بکات یا هەڵسێ بە تاقم کۆکردنەوە لەناو ڕیزەکانی پارتیدا یا لە لێژنەکانیدا دژی ئەو یەکێتییە.

د. پارتی و ناوبانگی پارتی بەکار بێنی بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی یا بۆ خەڵکانی تر.

ه. سووربوون لەسەر لادان لە ڕێبازی پارتی و ئیشکردن دژی و دژی ئامانجەکان و ئایدیۆلۆژیەتی لەگەڵ ئەوەی کە ئاگاداریش کراوە.

و. بچێتە ناو پارتییەك یا ڕێکخراوێکی ترەوە، بێ ڕەزامەندی پارتی و سووربوون لەسەر مانەوەی سەرەڕای ئاگادارکردنیشی.

**برگەی (٢) دوورخستنەوە:**

ئەو ئەندامەی بە یەکێك لەم کارانەی خوارەوە هەستا دوور دەخرێتەوە لە پارتی :

أ. ئەگەر سێ جار لەسەر یەك ئامادەی کۆبوونەوە نەبێ بە بێ بەڵگەی بەجێ.

ب. ئەگەر یەکێك لە مەرجەکانی ئەندامێتی بزر کرد.

ج. ئەگەر سێ مانگ لەسەر یەك ئابوونە نەدات بەبێ بەڵگەی بەجێ.

د. ئەگەر دووبارە فەرمانی پارتی جێبەجێ نەکرد کە ڕێکخراوەکەی پێی سپاردووە و بێ ئەوەی بەڵگەی بەجێی هەبێ و سەرەڕای ئاگادارکردنیشی.

**بەندی هەشتەم:- مافەکانی ئەندامی پارتی**

١. ڕەخنە گرتن و پرسیارکردن و پێشنیازدان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ.

٢. مافی ئەوەی هەیە هەڵبژێرێ و هەڵبژێردرێ بۆ هەموو لێژنەیەکی پارتی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ.

٣. لە کاتی پێویستدا داوای یارمەتی بکات لە پارتی.

٤. سکاڵاکردن بە ڕەچاوکردنی پەیڕەو.

٥. ئەگەر بە هۆی خەباتی پارتایەتییەوە تووشی گرتن و دوور خستنەوە ببێ و دووچاری نەبوونیی بێت، ئەوا پارتی بەپێی توانای یارمەتی دەدات.

٦. پارتی مانگانە بۆ کادرانی پیشەیی تەرخان دەکات و کۆمیتەی ناوەندی ئەندازەی دیاری دەکات و لە کاتی پەککەوتن یا پیری کادر، یا مردنیدا پارتی یارمەتییەکانی هەر دەداتێ یا دەیدات بە ماڵ و منداڵەکانی (بۆ وەرەسەی شەرعی).

## بەشـــی سێیەم

**دامەزراندنی پارتی و ئەو سەرەتایانەی لەسەری دروست بووە:-**

**بەندی نۆیەم:-**

دامەزراندنی پارتی لە خوارەوە بۆ سەرەوە بەم جۆرەیە : شانە، شانەی سەرەکی، لێژنەی ڕێکخراو، لێژنەی ناوچە، لێژنەی لق، کۆمیتەی ناوەندی، کۆنفرانس و کۆنگرێس.

**بەندی دەیەم:-**

**پارتی لەسەر ئەم سەرەتای ڕێکخستنانەی خوارەوە دامەزراوە:**

١. ناوەندییەتی دیموکراسی.

٢. لێژنەکانی پارتی لە ڕیگەی هەڵبژاردن و دەنگدانی نهێنییەوە پێك دێن.

٣. دیسپلینی پارتی بەسەر هەموو ئەندامانداا جێبەجێ دەکرێ و هەموویان لە ئەرك و مافدا وەك یەکن.

٤. هەر دەستگایەکی پارتی ڕاپۆرتی دەوری دەربارەی چالاکی خۆی دەدات بە ڕێکخراوی سەرووی.

٥. ئەو مەسەلانەی پێویست بە بڕیاری دەستگای سەرووتر بکات، دەبێ دەستگاکانی خواروو لە کاتی خۆیدا بیانخاتە بەردەمی و داوای ئامۆژگاری لەو دەستگایە دەکەن.

٦. هەموو لێژنەکانی پارتی بە هەموو پلەکانەوە پەیڕەوی سەرکردایەتی بە کۆمەڵ دەکەن، کە ئەمەش پێچەوانەی لێپرسراوێتی تاکە کەسی نییە و دەبێ چارەسەرکردنی هەموو مەسەلە گشتییەکان بە کۆمەڵ بکرێ، لەگەڵ ماوەهەڵخستن بۆ هەر ئەندامێك کە دەستپێشخەری خۆی دەربخات و ئەو کارانەی پێی سپێردراوە جێبەجێیان بکات، پێویستە بڕیاردان لەسەر هەموو مەسەلەکان لە هەموو دەستگاکانی پارتیدا بە هەموو پلەکانیەوە بە زۆربەی دەنگ بێت و کەسایەتی ملکەچی زۆربە و خواروو ملکەچی سەرووتر بێت.

**بەندی یازدەهەم:-**

بۆ ڕێکخراوەکانی پارتی هەیە کە دەستپێشخەری بکەن و بڕیار بدەن بۆ سنووری ناوچەکانیان لە سنووری دەسەڵاتیاندا، بە مەرجێك کە پێچەوانەی بڕیارەکانی پارتی و سیاسەتی گشتی نەبێ.

**بەندی دوازدەهەم:-**

پێویستە لەسەر دەستگاکانی خوارووی پارتی بڕیارەکانی دەستگاکانی سەرووتریان جێبەجێ بکەن و ئەگەر لێژنەیەکی خوارووی وای زانی کە ئەو بڕیارە لەگەڵ باری ناوچەکەیدا ناگونجێ، ئەوا پێشەکی پێویستە بڕیارەکە جێبەجێ بکات و لە دواییشدا سەرنجەکانی دەربارەی ئەو بڕیارە پیشان بدات.

## بەشی چوارەم

**ڕێکخراوەکانی پارتی- ئەرك و دەسەڵاتیان**

**بەندی سیانزدەهەم:-**

**١. شانە:-** ڕێکخراوێکی بنچینەیی پارتییە و بنکەی جەماوەرییەتی و سەرچاوەی دروستی و دەسەڵاتەکانە، کە دەیدات بە ڕێکخراوکانی سەرووتری، بەپێی ڕێکخستنی شانە لە (٣ – ٥) سێ بۆ پێنج ئەندام پێك دێت بە ڕێکخەرەوە، کە لێژنەی ڕێکخراو یا لێژنەی ناوچە دەستنیشانی دەکات.

**٢. دەسەڵاتی شانە و ئەرکەکانی:-**

أ. شانە بەپێی سیاسەت و نەخشە و پرۆگرامی پارتی خەبات دەکات بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی پارتی و ئەرکەکانی و ئەو فەرمان و ئامۆژگارییانەی پارتی بۆی دادەنێ.

ب. سەرپەرشتی ئەندامەکانی دەکا و سەرکردایەتی و چاودێرییان دەکات بۆ

جێبەجێكردنی ئەركەكان و بە كارهێنانی مافەكانیان.

ج. بەلای كەمەوە هەفتەی جارێك كۆ دەبێتەوە بە سەرۆكایەتی ڕێكخەر یا جێگر كە شانەكە هەڵی دەبژێرێ.

د. دابەشكردنی ئیش بەسەر ئەندامەكانیان و لە ئەركی هەفتانەی سەرشانیان و جێبەجێكردنی دەپرسێتەوە.

ە. سەرپەرشتی شانەكانی پاڵێوراو و لایەنگیران دەكا و بە زانیاری پارتایەتی ڕۆشنبیریان دەكا و چاودێری ئیشەكان و سەركردەییان دەكا بۆ جێبەجێكردنی ئەركەكانیان و سەرپەرشتی كردنی.

و. ئابوونەی ئەندامان و پاڵێوراوان و یارمەتی لایەنگیران و پارەی چاپەمەنییەكان كۆ دەكاتەوە.

ز. ڕۆژنامە و بڵاوكراوەكانی پارتی دەخوێنێتەوە و لێیان دەكۆڵێتەوە و بە سەربەستی گفتوگۆیان لەسەر دەكا و ڕای خۆی دەنێرێ بۆ لێژنەكانی سەرووتری.

ح. هەوڵ دەدات بۆ زیادكردنی هۆشیاری سیاسی گشتی و تیۆری پارتایەتی لە ناو ئەندام و پاڵێوراو و لایەنگراندا.

ط. لە ئیستمارەی پاڵاوتن دەكۆڵێتەوە و داوای بوون بەئەندامی پاڵێوراوان لە لێژنەكانی سەرووی خۆی دەكا.

ي. نامە و نووسینی ئەندامان و دەنگوباس و كاروباری پێویست دەنێرێ بۆ لێژنەكانی سەرووی خۆی.

ك. ڕاپۆرتی مانگی دەنیرێ بۆ لێژنەی ڕێكخراو یا بۆ لێژنەی ناوچە، كە دەربارەی چالاكی و ئیشەكانیەتی و ئەوەی جێبەجێ كراوە یا جێبەجێ نەكراوە.

ل. سەرپەرشتی خەباتی جەماوەریی ناوچەكەی دەكات بەپێی نەخشەكانی پارتی و مەشقی خەباتی شۆڕشگێڕانەی ڕێكوپێكیان پێ دەكا و توندوتۆڵترین پەیوەندی لەگەڵ جەماوەردا دەبێ بۆ زانینی داخوازییەكانیان و گەیاندنی بە پارتی.

م. هەموو ئەندامانی شانە لێپرسراون لە بەڕێوەبردنی كاروباری شانە.

ن. ڕێگە و شوێن دادەنێ بۆ بەردەوامبوون و توندوتۆڵكردنی پەیوەندی نێوان ئەندامانی شانە لە لایەك و لە نێوان شانە و ڕێكخراوی سەرووتری لە لایەكی تر.

**بەندی چواردەهەم:- ڕێكخراو:**

١. پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی لێژنەی لق، بۆ لێژنەی ناوچە هەیە كە لێژنەی ڕێكخراو

دامەزرێنێ لەو ناوچانەدا کە زیاتر لە شانەیەکی سەرەکی تیا بێ و زەحمەت بێ ڕاستەوخۆ ئەندامانی ناوچەکە ببەسترێنەوە بە لێژنەی ناوچەوە یا نەتوانرێ لێژنەیەکی ناوچە پێک بهێنرێ لە بەر کەمی ئەندامان یا هەر هۆیەکی تر بێت.

٢. لێژنەی ڕێکخراو هەموو ئەرك و دەسەڵاتەکانی لێژنەی ناوچەی هەیە جگە لە خاڵەکانی ج، هـ، ت، ی، ك لە برگەی (٢)ی، بەندی (١٥) پەیڕەوی ناوخۆ.

**بەندی پانزدەهەم:-**

١. **لێژنەی ناوچە-** نوێنەری پارتییە و سەرپەرشتی ئامۆژگاریکردنی ئەندامان دەکا لەو ناوچەیەدا، کە کۆمیتەی ناوەندی دیاری دەکات و ڕاستەوخۆ لێپرسراوە لە چالاکی و بەڕێوەبردنی کاروباری پارتی و بەدیهێنانی بیروباوەرکانی و جێبەجێکردنی ئامۆژگاری و بڕیارەکانی لە ناوچەکەدا. ئەندامانی لێژنەی ناوچە لەلایەن ئەندامانی پارتییەوە هەڵدەبژێردرین لە سنووری چالاکی لێژنەکەدا بە هۆی کۆنفرانسەوە. ژمارەی ئەندامانی لێژنەی ناوچە لە (٣ بۆ ٧) ئەندام دەبن لەگەڵ دوو ئەندامی ئیحتیات.

٢. **دەسەڵات و ئەرکەکانی سەرشانی لێژنەی ناوچە:**

أ. بەڕێوەبردن و ئامۆژگاریکردن و هاندانی ئەندام و شانە و ڕێکخراوەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانیان بەپێی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ و ئامۆژگاری و بڕیارەکانی پارتی.

ب. هەڵبژاردنی لێپرسراوی لێژنە و دوو یاریدەدەر، کە ئەرکی سەرشانیان بەڕێوەبردن و ڕێکخستن و سەرکردایەتیکردنی لێژنەی ناوچە دەبێت و بە لای کەمی ئەندامێکی لێژنەی ناوچە کادری پیشەیی بێت.

ج. لە هەڵبژاردنی لێپرسراوی لێژنەی ناوچە، دەبێ ڕەزامەندی کۆمیتەی ناوەندی لەسەر بێت و بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەیە تەنیا یەك جار ناڕەزایی خۆی پیشان بدات لەگەڵ هۆیەکانیدا، بەڵام ئەگەر لێژنەی ناوچە سوور بوو لەسەر ڕای خۆی، ئەوا ڕایەکەی جێگیر دەبێت.

د. بە لانی کەمەوە لە مانگێکدا جارێك کۆبوونەوەی ئاسایی دەکا.

ه. دوا بڕیار لەسەر داوای ئەو کەسانە دەدات کە داوای هاتنەڕیزی پارتییان کردووە و وەرامی پرسیار و ڕەخنە و پێشنیاز و نامەکانی ئەندام و شانە و ڕێکخراوەکان دەداتەوە.

و. خەبات دەکا بۆ گەشەپێدانی چالاکی بزووتنەوەی کرێکاران و جوتیاران و قوتابیان و پیشەساز و لاوان و ئافرەتان و ئاشتیخوازان.

ز. ئابوونەی ئەندامان و پیتاك و نرخی چاپەمەنییەکانی پارتی کۆ دەکاتەوە و دەینێرێ بۆ لێژنەی سەرووتری.

ح. هاوبەشکردنێکی کاریگەر لە سەرکردایەتیکردنی هەموو جۆرە خەباتێکی جەماوەری لە ناوچەکەدا دەکا.

ط. مافی دەرکردنی بەیاننامەی هەیە، کە تەنیا دەربارەی ڕووداوەکانی ناوچەکەی بێت و بۆی هەیە ئامۆژگاری پێویست لەو ڕووەوە دەربکات لەبەر تیشکی سیاسەتی گشتی پارتی.

ي. دەسەڵاتی ئەم سزایانەی هەیە : سەرنجراکێشان و ئاگاداریکردن و دەرکردنی کاتی، کە لە شەش مانگ تێپەڕ نەکا و دەبێ بە زۆربەی ڕای (دوو لەسەر سێ)ی ئەندامانی لێژنەکە بێت.

ك. مافی هەڵبژاردنی نوێنەری خۆی هەیە بۆ لێژنەی لق و کۆنفرانس.

ل. بۆ فراوانکردنی کاری پارتایەتی و زیاتر چوونە ناو جەماوەرەوە بۆی هەیە بەپێی پێویست لێژنەکانی پێشەیی دروست بکات و دەسەڵات و ئەرکەکانی سەرشانی هەر لێژنەیەك دەستنیشان بکات.

م. ئامادەکردنی شوێنی کۆبوونەوە و دیاریکردنی کاتی و بەڕێوەبردنی و ڕێکخستنی مەحزەری کۆبوونەوە و ڕێکخستنی ڕاپۆرتی مانگی و دارایی و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی لێژنەکانی سەرووتر.

ن. لێپرسراوی لێژنەی ناوچە ڕاستەوخۆ بەرپرسیارە بەرامبەر لێژنەکانی سەرووتر بە هاوکاری ئەندامەکانی تری لێژنەی کارگێڕ.

**بەندی شازدەهەم:- لێژنەی لق:**

لە ناوچەیەکدا کە کۆمیتەی ناوەندی سنوورەکەی دیاری دەکا، لێژنەی لق پێك دێ کە ئەندامانی لەلایەن لێژنە ناوچەکانەوە هەڵدەبژێرێ و ژمارەیان لە بەینی (٥ تا ١١) ئەندامە، کە لە ناوخۆیاندا پێنج ئەندام هەڵدەبژێرن بە لێپرسراوی یەکەمەوە ئەگەر نوێنەری کۆمیتەی ناوەندییان تیا نەبوو و لێژنەی کارگێرییان لێ پێك دێت، کە دەسەڵاتەکانی لێژنەی لقی هەیە لە نێوان دوو کۆبوونەوەدا و بە ڕەزامەندی کۆمیتەی ناوەندی لێژنەی لق بۆی هەیە گۆڤاری تایبەتی خۆی دەربکا لەبەر تیشکی سیاسەتی بڕیار لەسەر داوای پارتی. پێویستە لێژنەی لق بە لای کەمەوە هەر سێ مانگ جارێك کۆبوونەوە بکات.

**بەندی حەڤدەهەم:-**

١. کۆمیتەی ناوەندی گەورەترین دەسەڵاتی جێبەجێکردنە لە دوای کۆنگرێس، کە لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا سەرپەرشتی و هەڵسوڕاندنی چالاکی هەموو ڕێکخراوەکانی دەکات لە ڕووی سیاسی و ڕێکخستنەوە و سەرکردایەتی خەباتیان دەکات بەپێی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی پارتیدا.

٢. کۆمیتەی ناوەندی لە (٢١) ئەندام پێك دێت، کە لەگەڵ (٩) ئەندامی ئیحتیاتدا کۆنگرێس بە ڕێگەی پاڵاوتن هەڵیان دەبژێرێ.

٣. ئەگەر ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی نەیتوانی ئەرکەکانی سەرشانی بە جێ بگەیەنێ ئەوا ئەندامێکی ئیحتیات کە زۆرترین دەنگی وەرگرتووە لە هەڵبژاردنی کۆنگرێسدا، دەچێتە شوێنەکەی.

٤. مەرجەکان و مافەکانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی :

أ. دەبێ بە لای کەمەوە سێ ساڵ تێپەڕ بووبێت بەسەر هاتنیدا بۆ ناو پارتی.

ب. دەبێ ئەندامێکی چالاك بێت و ڕابردویەکی خاوێنی هەبێت لە خەباتکرندا.

ج. دەبێ نە ئیعتراف و نە پاکانەی کردبێ لە پارتی.

د. ئەگەر ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی ئامادە نەبوو ئیحتیاتێك، کە لە کۆنگرێسدا، زۆرترین دەنگی هێناوە، شوێنی دەگرێتەوە.

ه. ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بە هۆی خەباتیەوە گیرا یا دوور خرایەوە ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندی هەر دەمینێ.

**بەندی هەژدەهەم:-**

**ئەرك و دەسەڵاتەکانی کۆمیتەی ناوەندی ئەم ئیشانەی خوارەوەیە:**

١. سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێرێ لەگەڵ (٦) شەش ئەندامی تردا، کە مەکتەبی سیاسی پێك دەهێنن بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری بۆ ئاراستەکردنی چالاکی پارتی بەو مەرجەی کە زۆربەی ئەندامانی بە سکرتێرەوە، خۆیان تەرخان بکەن بۆ ئیشوکاری پارتی و مەکتەبی سیاسی بۆی هەیە لە ئەندامەکانی لێژنەی تر دروست بکات.

٢. خەباتکردن بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دوور و نزیکی پارتی و دانانی پلان و تەکتیکی پێویست و دیاریکردنی سیاسەتی پارتی بەرامبەر ڕووداوەکان.

٣. چاودێری و سەرپەرشتیکردن لەسەر جێبەجێکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پارتی و بڕیارەکانی کۆنفڕانس و کۆنگرێس.

٤. پاراستنی ئامانج و بیروباوەڕە شۆڕشگێڕەکانی پارتی لە بیروڕای چەوت و چێڵ و دژ و پاراستنی یەکێتی پارتی (یەکێتی بیر و کردار و خواست و دیسپلین) و پاراستنی نهێنییەکانی پارتی.

٥. پارێزگاریکردنی کەلوپەل و دارایی پارتی و زیادکردنی و ڕێکخستنی داهات و خەرجی پارتی بە شێوەیەك کە بۆ شتی ناپێویست خەرج نەکرێ.

٦. دیاریکردنی هەڵوێستی پارتی بەرامبەر پارتییەکان و ڕێکخراو و دەستگا و بەرە یەکگرتووەکان لەبەر تیشکی پرۆگرام و بڕیارەکانی کۆنفرانس و کۆنگرێس.

٧. دەرخستنی هەڵوێستی پارتی بەرامبەر هەموو ڕووداوە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و بەرامبەر جووڵانەوەی کرێکاران و جوتیاران و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی و باری دەوڵەتان.

٨. دانانی ڕێگە وشوێن و نەخشەڕێگەی بەهێزکردنی چالاکیی پارتی لە هەموو ڕوویەکەوە.

٩. ئامادەکردن و پەروەردەکردنی کادری پارتی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنی تیۆری و سیاسی و ڕاهێنانی ئەندامان و جەماوەر بە خەباتی شۆڕشگێڕانە چونکە ئەوە بە یەکێك لە کارە سەرەکییەکان دادەنرێ.

١٠. بڵاوکردنەوەی وریایی و هۆشیاری لە نێوان کرێکاران و جوتیاران و جەماوەرانی کورد و کوردستان بە گشتی و بەپێی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی.

١١. ئامادەکردنی کەرەستەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی ناوەندی و بەیاننامە و نامیلکەی ڕۆشنبیری و دانانی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی ناوەندی و سەرپەرشتیکردنی.

١٢. وەڵامدانەوەی ڕەخنە و پێشنیار و پرسیار و سکاڵای ئەندامان و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیان.

١٣. جێبەجێکردنی هەموو ئەرکێکی سەرکردایەتی لە هەموو ڕوویەکی سیاسی و ڕێکخستن و سەرکردەکردنی پارتییەوە لەو ماوەیەی دەکەوێتە نێوان دوو کۆنگرێس.

١٤. دیاریکردنی شوێن و کاتی کۆنفرانس و کۆنگرێس و بڕیاردان لەسەر بەستنیان لە ماوەی ئاساییدا لەگەڵ دیاریکردنی ئەندازەی نوێنەرانی تیایاندا.

١٥. ئامادەکردنی ڕاپۆرتی گشتی بۆ کۆنگرێس و لە کاتی پێویستدا بۆ کۆنفرانس.

١٦. هەموو ئەندامانی بە تاك و بە کۆمەڵ لێپرسراون بەرامبەر بە کۆنگرێس لە ڕووی ئەو ئیشانەی کردوویانە لەو نەخشە و سیاسەتانەی جێبەجێیان کردووە.

١٧. بۆی هەیە بڕیارەكانی لێژنەكانی خوارووی هەڵبوەشێنێتەوە.

١٨. بڕیاری پێكهێنانی لێژنەی ناوچە و لقی نوێ و ڕێكخراوی تایبەتی دەدات.

١٩. بە شێوەیەكی نائاسایی بانگی كۆنفڕانس و كۆنگرێس دەكات بۆ بەستن لەسەر :

أ. داوای زۆربەی ئەندامانی پارتی بە هۆی ڕێكخراوەكانیانەوە.

ب. داوای (دوو لەسەر سێ)ی ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی.

٢٠. پێویستە بڕیارەكانی لەلایەن ڕێكخراوەكانی پارتییەوە جێبەجێ بكری و بۆ كۆنفڕانس و كۆنگرێس هەیە كە ئەو بڕیارانە هەڵبوەشێنێتەوە.

٢١. لە مەكتەبی سیاسی دەپرسێتەوە و ئیشوكاری پێویستی بۆ دادەنێ.

٢٢. كۆمیتەی ناوەندی بۆی هەیە بە هەموو كارێكی پێویست هەستێ، بۆ پاككردنەوەی ڕیزەكانی پارتی بە مەرجێك لە پێشەوە لێژنەی پشكنینی ناوەندی لێكۆڵینەوەی لەو ڕووەوە كردبێ و بۆ ئەوانەش هەبێت كە بەر ئەو پاككردنەوەیە دەكەون سكاڵای خۆیان لای كۆبوونەوەی فراوانی كۆمیتەی ناوەندی یا دەستگاكانی باڵاتر بكەن.

٢٣. پێویستە لەسەر كۆمیتەی ناوەندی كە نوێنەری خۆی بنێرێ یا كادر بگوازێتەوە لق و لێژنەی ناوچەكان بۆ بەهێزكردنی ڕێكخستن و بڵاوكردنەوەی هۆشیاری بۆ ئەوەی ئیشوكارەكانی تری ڕاپەڕێنێ.

٢٤. ئەگەر ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی كارێكی وای كرد كە پێویست بە دەركردنی بكات لە پارتییدا و كۆمیتەی ناوەندی بە زۆربەی دەنگی (دوو لەسەر سێ) ئیش و كاری لێ دەسێنێتەوە و ڕووت دەكرێتەوە لە دەسەڵات و دەیخاتە بەردەم كۆنفڕانس یا كۆنگرێس بۆ ئەوەی سزای پێویستی بدات.

٢٥. كۆمیتەی ناوەندی مەكتەبێكی سەركردەیی و مەكتەبی بۆ هەر لقیك دادەمەزرێنێ بۆ كاروباری كرێكاران و جوتیاران كە سەرپەرشتی و ئامۆژگاری لەلایەن مەكتەبی سیاسی پارتییەوە دەكرێ.

**بەندی نۆزدەهەم:-**

١. كۆمیتەی ناوەندی بە شێوەی ئاسایی هەر چوار مانگ جارێك كۆبوونەوە دەكات.

٢. كۆمیتەی ناوەندی لە ساڵێكدا بەلای كەمەوە كۆبوونەوەیەكی فراوان دەكات كە جگە لە ئەندامانی ئیحتیات ئەندامانی دەستگا گشتییەكانی لقەكان ئامادە دەبن.

٣. كۆمیتەی ناوەندی بۆی هەیە لە دەرەوەی عێراق ڕێكخراوی پارتی دابمەزرێنێ لە ئەندامانی پارتی بۆ ئیشكردن بەپێی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی.

**بەندی بیستەم:- مەکتەبی سیاسی:**

**١.** مەکتەبی سیاسی پارتی لە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و (٦) ئەندام پێك دێـت، کـە کۆمیتەی ناوەندی لە ناو ئەندامەکانیدا هەڵیان دەبژێرێ.

**٢.** مەکتەبی سیاسی تەنیا بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندی جێبەجێ دەکات، کە لـە نێـوان دوو کۆبوونەوەدا دەیدات و ئەگەر شـتێکی وا ڕووی دا کـە پێویسـت بـە گـۆڕینی سیاسـەتی دیاریکراو بکات، ئەوا دەستبەجێ کۆمیتەی ناوەندی بانگ دەکا بۆ کۆبوونەوە.

## بەشـــــی پێنجەم

**لێژنەی پشکنینی ناوەندی**

**بەندی بیست و یەکەم:-**

أ. لێژنەی پشکنینی ناوەندی لە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی و دوو ئەندامی کۆمیتـەی ناوەنـدی پێـك دێـت و هـەر جـارە لـە هـەر کۆبوونەوەیـەکی ئاسـایی کۆمیتـەی ناوەندیـدا هەڵدەبژێردرێن.

ب. ئـەرك و دەسـەڵاتەکانی ئـەم لێژنەیـە لەلایـەن کۆمیتـەی ناوەنـدی و مەکتـەبی سیاسییەوە دیاری دەکرێ.

**بەندی بیست و دووەم:-**

ئەو سزایانەی لێژنەی پشکنینی ناوەندی ڕایدەسپێرێ ئەمانەن :

**١. بەرامبەر ئەندامان:**

أ. سەرنجڕاکێشان بە دەم یا نووسین.

ب. ئاگادارکردن بە تاك یا بە کۆمەڵ لە ناو ڕێکخراوەکەیدا.

ج. ڕووتکردنەوە لە دەسەڵات و لێپرسراویەتی.

د. دەرکردنی کاتی لە پارتی.

ه. دەرکردنی یەکجاری کە گەورەترین سزایە.

**٢. بەرامبەر بە لێژنە و ڕێکخراوەکانی پارتی:**

أ. سەرنجڕاکێشان.

ب. ئاگادارکردن.

ج. هەڵوەشاندنی لێژنە و دانانی لێژنەیەکی کاتی تا هەڵبژاردن دەکرێ.
د. هەڵوەشاندنی ڕێکخراو و دابەشکردنی ئەندامەکانی بەسەر لێژنەکانی تری پارتیدا.

**بەندی بیست و سێیەم:-**

١. **سەرۆکی پارتی:** سەرۆکی پارتی و کۆمیتەی ناوەندییەکەیەتی و ڕاستەوخۆ لەلایەن کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێ، مافی ئاڕاستە و ئامۆژگاریکردنی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی و کۆبوونەوەی فراوانی کۆمیتەی ناوەندی هەیە. کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی و پلینیۆم و کۆنفرانس و کۆنگرێس بە سەرۆکایەتی سەرۆك دەکرێ. مافی بەشداربوونی کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی هەیە و لە کاتیکدا کە دەنگەکان وەکو یەك بوون لە دەنگداندا و زۆربە بۆ ئەو لایەیە کە سەرۆك دەنگی لەگەڵ داوە و سەرۆك بۆی هەیە بانگی بەستنی کۆنگرە بکات ئەگەر زۆربەی ئەندامانی پارتی داوایان کرد لە کاتی پێویستدا.
٢. لە حاڵەتێکدا سەرۆکی پارتی غایب بوو، یان کۆچی دوایی کرد کۆمیتەی ناوەندی جێگرێك لە جێگەی دادەنێت تا بەستنی کۆنگرە.

**بەندی بیست و چوارەم:-**

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی بە هاوکاری ئەندامانی تری مەکتەبی سیاسی لێپرسراوە لە کاروباری بەڕێوەبردنی پارتییدا و هەموو نامە و نووسین و ئامۆژگاری بە ئیمزای ئەم (یا ئیمزای یەك لە دوو یاریدەدەرە لێپرسراوەکانی) دەبێت. پێویستە سکرتێر ئاگاداری هەموو کاروبارێکی سیاسی و ڕێکخستن و چالاکییەکانی پارتی بێت. پێویستە ڕاپۆرتی گشتی بدات بە کۆنگرێس یا کۆنفرانس بەڵام ڕاپۆرتی دوور و درێژ دەربارەی هەموو جۆرە کاروبارێکی پارتی لەسەر ئەستۆی هەموو ئەندامەکانی مەکتەبی سیاسییە [کە] هەریەکە بەپێی ئیشی تایبەتی خۆی و سکرتێر لێپرسراوە لە ئاگادارکردنی مەکتەبی سیاسی لە هەموو کاروبارێکی پارتی و پاش وەرگرتنی ڕایان، بڕیارەکان دەگەیەنێت بە ڕێکخراوەکان و لەگەڵ ئەوەشدا کە سکرتێر لێپرسراوییەکی گرنگی هەیە بەڵام ئەمە وا ناگەیەنێ کە بە تەنها دەتوانێ بڕیار بدات، بەڵکو دەبێ هەموو بڕیارەکان بە کۆمەڵ بدرێ[ن]. لەسەر مەکتەبی سیاسی پێویستە لە کاتی پەر[تە]وازەبوونی ئەندامانداا یا نەتوانرێ کۆبوونەوە بکەن، کە ڕێگە و شوێنی پێویست دابنێ بۆ بەردەوامبوونی چالاکی پارتی.

## بەشی شەشەم

**ڕۆشنبیرکردن لە پارتیدا**

**بەندی بیست و پێنجەم:-**

پارتی، ڕۆژنامەی تایبەتیی و چاپەمەنی ڕۆشنبیری دەوری و بەیناوبەینی بۆ پلە جۆربەجۆرەکان دەبێت و هەر لقەش چاپەمەنی دەوری دەبێت جگە لە چاپکراوێکی دەوری، کە کادری ڕۆشنبیری سەر بە کۆمیتەی ناوەندی دەری دەکات.

**بەندی بیست و شەشەم:-**

پارتی سوورە لەسەر پێگەیاندنی کادری ڕۆشنبیری هۆشیار بۆ کەرتە جۆربەجۆرەکانی پارتی لە ڕێگەی کردنەوەی دەورە و قوتابخانەی هەمیشەیی ڕۆشنبیرکردن و مەکتەبی سیاسی سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی و ئامادە کردنی پرۆگرامەکانی دەکات.

**بەندی بیست و حەوتەم:-**

**ئامانجی بڵاوکراوەکانی پارتی ئەمانەیە:**

أ. ناساندنی گەلی کورد و خەباتی مێژووی و خەسڵەتە نەتەوایەتییەکانی.

ب.لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی مەبەست و ئامانجەکانی پارتی.

ج. دەربڕینی بیروڕا لە بارەی هەموو ئەو مەسەلانەی کە دێنە بەردەمی پارتی و جووڵانەوەی نیشتمانی کورد.

د. هۆشیارکردنەوەی جەماوەری کورد بە هۆی ڕوونکردنەوەی گیروگرفتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و کێشەکانی تر و بایەخدان بە کاروباری جوتیاران و کرێکاران و پیشەگەر و پێشەسازەکان و شیکردنەوەی گیروگرفتەکانیان و دانانی چارەسەری ڕاست بۆیان بە شێوەیەك کە پارتی بتوانێ دەوری سەرکردایەتی و ڕێپێشاندان ئەو لایەنانە ببینێ.

## بەشی حەوتەم

**کۆنفرانس**

**بەندی بیست و هەشتەم:-**

١. لە کاتێکدا کۆنفرانس دەگیرێ کە گۆڕانی سیاسی ڕووی دابێت یا ناکۆکی کەوتبێتە ناو کۆمیتەی ناوەندییەوە بە شێوەیەك کە هەڕەشە لە یەکێتی پارتی بکات یا هەر بارێکی تر کە پێویست بە بەستنی کۆنگرە بکات، کە زیاتر لە نیوەی ئەندامانی پارتی یا (دوو لە سێ)ی

لێژنە ناوچەکان داوای بکەن و لە تواناشدا نەبێت کۆنگرە ببەسترێ.

٢. کۆنفڕانس لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و ئیحتیاتەکانی و کارگێڕی لقەکانی پارتی و نۆێنەرانی لێژنەی ناوچە و ڕێکخراوەکان و کادرانی پێشکەوتووی پارتی، کە کۆمیتەی ناوەندی بە زۆربەی (دوو لەسەر سێ)ی دەنگدەران پێك دێت.

٣. کۆنفڕانس هەموو دەسەڵاتەکانی کۆنگرێسی هەیە جگە لە گۆڕینی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ و گۆڕینی کۆمیتەی ناوەندی و دیاریکردنی چارەنووسی پارتی و دەرکردن یا سەندنەوەی دەسەڵات لە سەرۆك نەبێت، بڕیارەکانی کۆنفڕانس هەمان هێزی بڕیارەکانی کۆنگرێسی هەیە.

٤. یەکێك لە ئەرکەکانی کۆنفڕانس ئامادەکردنی بارێکی پێویستە بۆ ئەوەی لە نزیکترین هەلدا کۆنگرێس ببەسترێ.

٥. لە کاتی پرسینەوە لەو ئەندامانەی کۆمیتەی ناوەندی کە لەلایەن کۆبوونەوەی فراوانی کۆمیتەی ناوەندی دراون بە کۆنفڕانس، بۆ کۆنفڕانس هەیە کە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دوور بخاتەوە، بە مەرجێك کە ژمارەی دوورخراوەکان نەگاتە نیو، بە جارێك بێت یا بە چەند جارێك.

٦. کۆنفڕانسی ناوچە : لەسەر داوای زیاتر لە نیوەی ئەندامانی پارتی لە ناوچەکەدا یا لەسەر داوای (دوو لەسەر سێ)ی ئەندامانی ناوچە دەگیرێ و بە ڕەزامەندی مەکتەبی سیاسی.

کۆنفڕانسی ناوچە لە ئەندامانی لێژنەی ناوچە و ئیحتیاتەکانی و ئەندامانی لێژنە پیشەییەکان پێك دێت و کۆنفڕانس هەوڵ دەدات کە چارەسەری ئەو گیروگرفت و ناکۆکییانە بکات کە لە ناوچەدا هەن بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ.

## بەشـــی هەشتـــەم

## کۆنگرێس (کۆنگرەی نیشتمانی)

**بەندی بیست و نۆیەم:-**

١. کۆنگرێس (کۆنگرەی نیشتمانی) بەرزترین دەسەڵاتە لە پارتییدا.

٢. کۆنگرێس لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامە ئیحتیاتەکان کە لە کۆنگرەدا هەڵبژێردراون و ئەو نوێنەرانەی کە لەلایەن ئەندامانی ڕێکخراوەکانی پارتییەوە هەڵبژێردراون [پێك دێت] بەپێی ئەو نیسبەتەی کە کۆمیتەی ناوەندی و ئیحتیاتەکانی دای

دەنێن.

٣. كۆنگرێس بە لای كەمەوە هەر چوار ساڵ جارێك دەبەسترێ و بۆ كۆمیتەی ناوەندیش هەیە، كە بە شێوەی ناوەخت داوای بەستنی بكات لەسەر داوای (دوو لەسەر سێ)ی ئەندامەكانی بەپێی برگەی (١٩) لە بەندی هەژدەهەم هەروەها سەرۆك دەسەڵاتی هەیە كۆنگرە ببەستێ بەپێی بەندی بیست و سێیەم.

**ئەرك و دەسەڵاتەكانی كۆنگرێس:**

١. دەستلێدان یا گۆڕینی پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆ.
٢. گوێگرتن لە راپۆرتی كۆمیتەی ناوەندی و گفتوگۆكردن و پەسەندكردنی.
٣. شیكردنەوەی باری ناوخۆی دەوڵەتان و نەخشەی سیاسەتی گشتی دابنێ و ستراتیژ و تەكتیكی پارتی دابنێ بۆ هەموو ئەو مەسەلانەی ناوخۆ و دەرەوە كە دێنە بەردەمی.
٤. سەیركردنی سكاڵای ئەندامان و بریاردان لەسەریان.
٥. پرسینەوە لە ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی و سزادانی كەمتەرخەمەكان.
٦. هەڵبژاردنی سەرۆك و كۆمیتەی ناوەندی و ئیحتیاتەكان.
٧. تەنیا كۆنگرێس بۆی هەیە كە پارتی هەڵوەشێنێ یا ناوی بگۆرێ یا چالاكی بوەستێنێ یا تێكەڵ بە پارتییەكی تری بكا یا ئایدیۆلۆژییەتی بگۆرێ.

## بەشـــی نۆیـــەم

**دارایی پارتی**

**بەندی سی و یەك:-**

١. دارایی پارتی لەمانە پێك دێت :
أ. ئابوونەی ئەندامان و پاڵێوراوان وئابوونەی بوون بە ئەندامی.
ب. پیتاكی ئەندامان و پاڵێوراوان و لایەنگیران و دوستان.
ج. نرخی چاپەمەنییەكانی پارتی.
د. قازانجی ئاهەنگی هونەری و رۆشنبیری و كۆمەڵایەتی كە پارتی پێی هەڵدەستێ.
ە. قازانجی ئەو پرۆژانەی پارتی دەیكات.
و. پیتاك كۆكردنەوە پاش رەزامەندی كۆمیتەی ناوەندی.
٢. هەموو مانگێك ئابوونە و نرخی چاپەمەنییەكان لە رێگەی شانەكانەوە كۆ

دەکرێتەوە و دەنێردرێ بۆ ئەو لێژنە ناوچەیەی کە پێوەی بەستراون و بە هۆی لێژنەی لقەوە دەنێردرێ بۆ کۆمیتەی ناوەندی (مەکتەبی سیاسی) و داهاتی ئەو لێژنە و ڕێکخراوانەی بە کۆمیتەی ناوەندییەوە بەستراونەتەوە یەکسەر بۆی دەنێرێ. کۆکردنەوەی ئابوونە و نرخی چاپەمەنی و پیتاك و شتی تر بەپێی وەسڵ دەبێت کە کۆمیتەی ناوەندی دەری دەکات.

٣. پێویستە لەسەر کۆمیتەی ناوەندی کە هەموو لێژنە ناوچەییەکان لە ڕێگەی لێژنەکانی لقەوە ئاگادار بکات لە وەرگرتنی ئەو پارانەی بۆیان ناردووە.

٤. پێویستە لەسەر لێژنە ناوچەییەکان و لق و کۆمیتەی ناوەندی سجلی تایبەتی ڕێك بخەن و بودجەی تیا دەربخرێ و هەموو رووپەکی داهات و خەرجی تیا بنووسرێ.

٥. تەنیا لێژنەی دارایی سەر بە کۆمیتەی ناوەندی ئەندازەی خەرجکردنی لێژنە ناوچەکان و ڕێکخراوەکانی تری پارتی دیاری دەکات، ئیتر بۆ لێژنەی ناوچەکان و ڕێکخراوەکانی تر نییە لە خۆیانەوە دەستکاری داهاتەکانی پارتی بکەن.

## بەلاغی كۆتاییهاتنی كۆنگرەی نۆیەمی
## پارتی دیموكراتی كوردستان ـ عیراق

كۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموكراتی كوردستان لە ١٩٧٩/١١/٤دا بە ئامادەبوونی (٣٢٥) نوێنەر لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات لە ژێر دروشمی "كوردستان یان نەمان، لەپێناو حوكمێكی ئیئتلافی پێشكەوتنخواز لە عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ كوردستان، بڕۆخێ ئیمپریالیزمی ئەمریكی و زایۆنیزمی جیهانی و كۆنەپەرستی" كرایەوە. كۆنگرەكە بە دوو دەقیقە وەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاكی شەهیدانی كوردستان، عێراق و گیانی پاكی بارزانی نەمر دەستی پێ كرد، ئەنجا بەشداربووانی كۆنگرەكە بە میوانیشەوە سرودی "ئەی ڕەقیب"یان بە ورەیەكی بەرزەوە خوێندنەوە و بیر و هۆشی خۆیان بە گیانی نەتەوایەتی كوردایەتی ئاو دایەوە.

دوای ئەوە هەڤاڵی تێكۆشەر مەسعود بارزانی، سەرۆكی پارتی، ڕاپۆرتی سیاسی و ڕێكخستن و عەسكەری خۆی خوێندەوە كە بە چاكی و بە ڕێزەوە لەلایەن تەواوی ئەندامانی كۆنگرەكە پەسەند كرا.

میوانە خۆشەویستەكانی كۆنگرەش، یەك لە دوای یەك سڵاونامەی خۆیان بۆ كۆنگرەكە پێشكەش كرد و بەتایبەتی پارتی دیموكراتی كوردستان ـ توركیای خەباتگێڕ و حیزبی شیوعی عێراقی خەباتگێڕ و كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد لە ئەوروپا و یەكێتی قوتابیانی كوردستان، ئەنجا لە كۆنگرەكەدا وشە و سڵاونامەكانی پارتی سۆشیالیستی نەمساوی و پارتی سۆشیالیستی شیلی و پارتی گەلی ئێرانی (حزب ملت ایران) و سەرۆكی دەستەی پەرلەمانی پارتی سۆشیالیستی نەمساوی و ڕێكخراوەی (پاڵە) خوێندرانەوە لەگەڵ چەند سڵاونامەیەكی تری زارەكی (شفهی) كە لەلایەن زۆر پارت و ڕێكخراوی تری ئیسلامی و پێشكەوتنخوازی ئێرانی و عەرەبی و جیهانییەوە نێردرابوون.

دوابەدوای ئەوە لێژنەی سەرپەرشتی كاروباری كۆنگرە هەڵبژێردرا و لێژنەكانی كۆنگرە پێك هێنران كە پێكهاتبوون لە لێژنەی خستنەبەرباس و وتووێژكردنی ڕاپۆرتی سیاسی و ڕێكخستن و عەسكەری و هەڤاڵ سەرۆكی پارتی و لێژنەی پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ و ڕێبازی نوێی حزب "ڕێبازی بزووتنەوەی ئازادیخوازی كورد" ئەوەی كە لە كۆنفرانسی پارتی لە ئابی ١٩٧٦ لە ئەوروپادا بڕیاری لەسەر درا.

دوای دوو ڕۆژی خستنەبەرباس و گفتوگۆ، لێژنەكانی كۆنگرە كورتەی گفتوگۆ و پێشنیار و ڕایە تایبەتییەكانی خۆیان پێشكەشی لێژنەی باڵای دواداڕشتن (صیاغە) كرد كە لە دووەمین

دانیشتنی کۆنگرەکەدا بڕیار لەسەر ئەمانەی خوارەوە درا :

چەسپاندنی ڕاپۆرتی سیاسی و ڕێکخستن و عەسکەریی هەڤاڵی تێکۆشەر سەرۆکی پارتی.

چەسپاندنی ڕێبازی نوێ پارتی "ڕێبازی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد".

ڕاستەبەری پێویست (التعدیلات المقتضیه) کردنە ناو پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی لە بەر ڕۆشنایی پڕۆگرامی نوێ "ڕێبازی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد" و نوێکردنەوەی پەیمان بۆ پابەندبوونی هەمیشەیی بە ستراتیژییەتی پارتی، کە بە ڕوونییەوە دۆست و دوژمنانی گەل و پارتیمان دەستنیشان دەکات و هەموو تواناکان بخرێتە کار لە پێناو چەسپاندن و بەهێزکردنی ڕێکخستنی پارتایەتی لەسەر بناغەی ناوەندێتی دیموکراتی و پتەوکردنی سەرکردایەتی بەکۆمەڵ لە گشت و هەڵس[وکەوت] و کارەکانی ڕۆژانەی پارتایەتیدا، لە پێناو ئەوەی دیسپلینی پارتایەتی هەبوونی خۆی لەناو حزبدا بە باشترین و بەهێزترین شێواز دەرببڕێ.

کۆنگرە دەسەڵاتی دا دەستی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو بۆ پێکهێنانی هەرچی زووتری لێژنەیەك بۆ لێکۆڵینەوە لە هەموو ئەو سکاڵا و شتانەی کە لەماوەی (٩) ساڵدا لە نێوان کۆنگرەی هەشتەم و نۆیەمی پارتییەوە ڕووی داوە، ئەو سکاڵا و شتانەی کە لە پێشدا ماوەی لێکۆڵینەوەی بۆ نەبوو، تا کۆمیتەی ناوەندیش دوا سنوورێك بۆ کەموکوڕییە خودی (الذاتیه)یەکانی ناو پارتی و ناو هەر دوو شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ و گوڵانی ١٩٧٦ دابنێ و هەڵکێشانی ڕیشەکانی هەموو یاساشکاندن و پترڕۆیشتنێك کە بووە هۆی لاوازکردن و بەرەڵایی ڕێکخستنی ناو دەروونی پارتی و لە سەرووی هەموو ئەو سکاڵایانەوە : دیاریکردنی چارەنووسی ئەندامە سەرکردەییەکان لە سکرتێری پێشووی پارتی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی ئەوانی کە ڕیزی پارتیان بەجێ هێشت و زۆربەیان گەڕانەوە عێراق و خۆیان دا دەستی ڕژێمی خوێناوی دژ بە گەلی کورد.

کۆنگرە (٢١) بڕیاری سیاسی گرنگی چەسپاند، لە سەرووییانەوە : بڕیاری درێژەدان بە خەباتی چەکداری بەردەوام، بەشێوازی شەڕی پارتیزانی دژی ڕژێمی فاشی عێراق و بانگکردنی هێزە نیشتمانی و دیموکراتی و پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان و عێراق و گشت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هێزەکانی ڕاپەڕینی ئیسلامیی ئێران و پارت و هێزە نیشتمانی پێشکەوتنخوازەکانی ئێران و ئۆردوگای سۆشیالیستی و بزووتنەوە ئازادیخوازە نیشتمانییەکانی لە جیهاندا بۆ پاڵپشتی و پشتگیریکردنی شۆڕشی ٢٦ی گوڵانی نیشتمانی و پێشکەوتنخواز

(١٩٧٦) و ڕیسوا و تاوانبارکردنی ئیمپریالیزمی ئەمریکی و زایۆنیزمی جیهانی و کۆنەپەرستی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە جیهاندا.

کۆنگرە بڕیارێکی تایبەتی سەبارەت بە سەرۆکی نیشتمانپەروەری مەزن مستەفا بارزانی دامەزرێنەری پارتیمان و سەرکردەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بۆ ماوەی نیو سەدە وەرگرت و پارتی پەیمانی نوێ کردەوە بۆ گرنگیدانێکی تایبەتی بە کەلتووری نیشتمانی مەزنی بارزانی و دەوڵەمەندکردنی بە تیۆری زانستی و بیری تازەی شۆڕشگێڕی تا هەمیشە لە بەرژەوەندی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورددا بێت.

یەکێ لە بڕیارە گرنگەکان پێویستی پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی پێشکەوتنخواز دووپات دەکاتەوە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق کە گشت هێزە نیشتمانی و دیموکراتی و پێشکەوتنخوازەکان بە کوردستان و عێراقەوە بگرێتە خۆی، لە پێناو هەڵکێشانی ڕەگ و ڕیشەی ڕژێمی بەعسی ڕەگەزپەرست و دامەزراندنی حوکمێکی دیموکراتی ئیئتلافی پێشکەوتنخواز لە عێراقدا و وەدیهێنانی ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان لە چوارچێوەی کۆماری عێراق و دابینکردنی مافە نەتەوەییە ڕەواکانی کەمایەتییە نەتەوەییەکان لە عێراق و وەستاندنی پرۆسێسی کۆچپێکردنی و بەعەرەبکردنی لە کوردستان و ڕاماڵینی شوێنەوارەکانی.

دەربارەی پەنابەرە کوردەکانیش لە ئێران و وڵاتانی تری جیهانی کۆنگرە بانگی حکومەتی ئێرانی کرد بەمەبەستی باشترکردن و چاودێریکردنی وەزعی کوردەکان لە ئێران و زیاتر مافەکانی پەنابەرێتی پێدانیان.

کۆنگرە هەڵوێستی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی نرخاند بەرامبەر کوردە پەنابەرەکان لە ئێراندا دوای ڕووخانی ڕژێمی شای نۆکەر، قەرەواشی (خزمەتکاری) ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کونەپەرستی، چونکە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەپێی توانا دەستی کرد بە چاودێریکردنی کوردە پەنابەرەکان و وەکو میوانی گەلانی سەربەرزی ئێرانی بەرچاو گرتن.

دەربارەی ڕێکەوتنی جەزائیری ١٩٧٥ کە لە نێوان شای نۆکەر و سەدام حسێنی خوێنمژ گرێ درا، کۆنگرە داوای لە کۆماری ئیسلامی ئێران کرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنە ستەمکارەکە چونکە لە دژی بەرژەوەندیی گەلانی ئێران و گەلی کورد بە تایبەتی و تەواوی گەلانی خەباتگێڕی ڕوژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی گرێ درا.

بەڵام دەربارەی نەتەوەی کوردەوە، کۆنگرە باوەڕی خۆی بە مافی نەتەوەی کوردی دابەشکراو چەسپاند لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بە خۆیدا پێویستی پشتگیری و

پاڵپشـتیکردنی خـەباتی گـەلی کـورد لـە هـەموو پارچەکانیـدا لـە پێنـاو مـافی دیـاریکردنی چارەنووس و یەکخستنی خەباتی گەلی کورد و گەلانی ئەو وڵاتانەی کە لە گەڵیاندا دەژی لـە چەند بەرەیەکی نیشتمانیدا، کە دەستەبەری دابینکردنی مافەکانی گـەلی کـورد بـن لـە هـەر پارچەیەك لە چوارچێوەی ئـەو وڵاتانـە لـە پێنـاو دامەزرانـدنی چەنـد ڕژێمێکـی دیمـوکراتی پێشکەوتنخواز لە هەر یەکێ لەو وڵاتانەدا.

هەروا کۆنگرەکە چەند بڕیارێکی تایبەتی چەسپاند دەربارەی کوردستانی تورکیـا و ئێـران و سوریا، لەبەر ڕۆشنایی بڕیارە تایبەتییەکەی سەبارەت بە نەتەوەی کـورد و مـافی خـۆی لـە دیاریکردنی چارەنووسدا.

کۆنگرە بڕیاری دا پشتیوانییەکەی تەواو بکات لە شۆڕشی سەرکەوتووی گەلانی ئێران بـە سـەرکردایەتی ئـیمام خومـەینی، ئـەو شۆڕشـەی ڕژێمـی شـای کۆنەپەرسـتی ڕووخانـد کـە چەپەڵترین و بۆگەنترین ڕژێمی سـەر بـە ئیمپریـالیزم و زایـۆنیزمی جیهـانی دەژمێـردرا، ئـەو ڕژێمـەی کـە دوژمنـی سەرسـەختی گـەلی کوردمـان و گـەلانی تـری ناوچەکـە بـوو. هـەروا کۆنگرەکە داوای چارەسەرکردنێکی ئاشتییانە و دیموکراتییانـەی مەسـەلەی کـوردی لـە ئێـران کرد بۆ وەستاندنی شەڕی براکوژی و گەیشتنی گەلی کورد لە ئێران بە ئۆتۆنـۆمی لـە ڕێگـەی وتووێژێکی دروستکەردا.

کۆنگرەکە ئەوپەڕی ئامادەیی پـارتیمانی ڕاگەیانـد بـۆ دانـانی هـەموو تواناکانمـان لـەژێر دەستی کۆماری ئیسلامی ئیران لە لایەك و پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و لایەنـەکانی تـری نیشتمانی ئێران لە لایەکی دیکەوە، بەمەبەستی وەدیهێنانی ئەو ئامانجە پیرۆزانە.

هــەروا کــۆنگرە بڕیــاری دا بــۆ پشــتیوانیکردنی خــەباتی ڕەوای گــەلی فەڵەســتین بــە سەرکردایەتی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەڵەستینی دژی زایـۆنیزم و لـە پێنـاو کرانـەوە و مـافی دیاریکردنی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵـەتێکی سـەربەخۆ لـە سـەر خاکـە پیرۆزەکـەی و ڕیسواکردنی ڕێکەوتنەکەی "کامپ دێڤید"ی کۆلۆنیالی کە ببووە هۆی ئـاڵۆزتربوونی کێشـەی فەڵەستین و وەکو پلانێکی چەپەڵ هات بۆ لێدانی بەرگری فەڵەستینی و خەباتی گەلانی تری ناوچەکە. کۆنگرەکە داوای ڕاگرتنی شەڕی خۆبەخۆی کرد لە لوبنان، ئەوەی کە ئیمپریـالیزم و زایۆنیزم بەرپای کرد و کە جگە لەوان کەسی تر سوودی لـێ وەرنـاگرن، هـەروا بڕیـاری دا بـۆ پشتیوانی و پشتگیریکردنی بزووتنەوەکانی ئازادیخوازی لـە جیهانـدا و بـە تایبـەتی (زەفـار و ڕۆدیسـیا و خـوارووی ئـەفریقیا)، بزووتنـەوی پۆلیسـاریۆ و چارەسـەرکردنێکی ئاشـتییانە و دیموکراتییانەی کێشەی ئـەریتیریا لـە ڕێگـای وتووێژکردنـدا لـە نێـوان حکومـەتی نیشـتمانی

ئەسیوپی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ئەریتیری و پشتگیریکردنی خەباتی گەلی شیلی دژی دیکتاتۆریەت لە شیلی دا و داواکردن بۆ ئازادکردنی تەواوی زیندانییە سیاسییەکان لە شیلی و لە زیندانەکانی هەموو ڕژێمە کۆنەپەرست و دیکتاتۆر و فاشییەکان لە جیهاندا. کۆنگرەکە بە هەموو هێزێکییەوە داوای چارەسەرکردنێکی ئاشتییانە و دیموکراتییانەی گیروگرفتی قوبرسی کرد و بۆ گەڕاندنەوەی هێزە تورکییە داگیرکەرەکان لە دوورگەی قوبرس و دابینکردنی مافە ڕەواکانی قوبرسییە یۆنانی و تورکەکان.

کۆنگرەکە بڕیاری پێویستی پێکهێنانی ئەنجومەنێکی دا بەناوی "ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان" لە پێناو کۆکردنەوەی گەلی خۆڕاگرمان لە کوردستان و دابینکردنی بەشداریی کاریگەرانەی بە چاکترین شێوە کە دەکرێ لە خەباتی چەکداریدا دژی ڕژێمی بەعسی فاشی. هەروا بڕیاری دا بە دانانی یاسایەك بۆ کاروباری شۆڕشی کورد بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری پێشمەرگە بە چاکترین شێوەی ڕێکخستن بۆ شەڕی پارتیزانی.

کۆنگرەکە بەو پەڕی ڕێزی بەرزەوە خەباتی سەخت و دژوار و قوربانییە مەزنەکانی "سەرکردایەتیی کاتی"ی نرخاند، لەبەر سینگگرتنی ڕۆژگارە تاڵەکەی کارەساتەکەی ٦ی ئازاری ١٩٧٥، لە تاریکترین ڕۆژانی کارەساتەکەی دوای ڕێکەوتنەکەی جەزائیری ١٩٧٥، ئەوەی لە نێوان شای نۆکەر و ڕژێمی بەعسی فاشی گرێ درا بە پیرۆزبایی ئیمپریالیزمی ئەمریکی، ئەو ڕێکەوتنە ستەمکارەی کە ئامانجی ئەوە بوو بە یەکجاری شۆڕشی ١١ی ئەیلولی نیشتمانی لە کوردستانی عێراق لەناو بەرێت کەچی سەرکردایەتیی کاتی بەر سینگی واقیعی کارەساتەکەی بە گیانێکی خەباتگێڕانە لە خۆبوردووییەوە گرت و دەستی کرد بە ڕێکخستنەوەی حزب و ڕاوەستان ڕووبەڕووی کردەوە تیرۆریستییەکانی ڕژێمی بەعسی فاشی، کە دەیویست بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بە یەکجاری لەناو بەرێت و گیانی شۆڕشگێڕی نەتەوەیی سەرهەڵداوی ناو گەلی کورد بکوژێنێتەوە یا هیچ نەبێ بزووتنەوەی کورد جارێ نەتوانێ دەست بە ڕێڕەوی خەباتی خۆی بکاتەوە.

سەرکردایەتیی کاتی، خەبات و سەرکردایەتی پارتی و شۆڕشی ٢٦ی گوڵانی نیشتمانی پێشکەوتنخوازی پێشخست و سەرکردایەتی کرد تا بەستنی کۆنگرەی نۆیەمی حزب، بۆیە شایانی ڕێزگرتن بوو. هەندێ لە ئەندامانی "سەرکردایەتیی کاتی" بینییان لە بەرژەوەندیدا نییە سەرلەنوێ لە کۆنگرەدا خۆیان بۆ سەرکردایەتی بپاڵێون، بڕیاریان دا لێپرسراوێتیی سەرکردایەتی نەگرنە ئەستۆ و وەکو ئەندامێکی پارتیمان درێژە بە خەبات بدەن و تەواوی تواناکانی خۆیان بەوپەڕی دڵسۆزییەوە لەبەردەستی کۆمیتەی ناوەندی پارتی بە گشتی و

هەڤاڵی تێکۆشەر سەرۆکی پارتی بە تایبەتی دابنێین، بۆ ئەنجامدانی هەر ئەرکێکی خەباتگێڕانە پێیان بسپێردرێ بە دڵسۆزی و لەخۆبوردوییەوە.

لە کۆتاییدا هەڵبژاردن دەستی پێ کرد و کۆنگرە بە تەواوی دەنگەکان و بە گیانێکی خەباتگێڕانە پڕ لە لێپرسینەوە و خۆشەویستییەوە بڕیاری هەڵبژاردنی هەڤاڵی تێکۆشەر مەسعود بارزانی دا بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانمان و هوتافکێشان بەیادی سەرۆک بارزانی و سەرۆکی هەڵبژێردراوەمان دیوارەکانی هۆڵی کۆنگرەکەی هەژاند. ئینجا (٢١) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لە نێو ئەندامە پاڵێوراوەکاندا ئەوانەی خۆیان بۆ هەڵبژاردن پالاوتبوو هەڵبژێردرا و هەڵبژاردنەکە بە دەنگدانی نهێنی و بە پاکی و ئازادییەکی تەواو لە هەوایەکی ئەوپەڕی دیموکراتیدا بەدی هات.

لە شەوی ٩ـ١٩٧٩/١١/١٠دا، کۆنگرەی نۆیەمی پارتیمان کۆتایی بە کارەکانی خۆی بە خوێندنەوەی سرودی "ئەی رەقیب" و ئەم هوتافانە هێنا :

مردن و سەرشۆڕی و ڕووڕەشی بۆ ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی لە جیهان و بۆ ڕژێمی بەعسی فاشی.

نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی کوردستان و عێراق و سەرۆکی نەمر بارزانی.

بژی برایەتی کورد و عەرەب و کەمایەتییە نەتەوەییەکان و تێکۆشانی هاوبەشیان لە پێناو حوکمێکی دیموکراتی و ئیئتلافی پێشکەوتنخواز لە عێراقدا، کە گەلی کورد لە سایەیدا بە ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە شاد ببێت.

بژی پێشمەرگە خۆڕاگرەکانی کوردستان لە شەڕی پارتیزانیدا.

سەربەرزی و سەرکەوتن بۆ هێزە نیشتمانی و دیموکراتی و پێشکەوتنخوازەکانی جیهان لە پێناو ئاشتی و دیموکراتی و سۆشیالیزمدا.

**کۆمیتەی ناوەندی**

**پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عیراق**

**١٩٧٩/١١/١١**

## سەرچاوە و پەراوێز

١ - محەمەد مەلا قـادر، خەباتنامـە، کورتـە مێـژووی پـارتی و بـارزانی نـەمر، چـاپی سـێیەم، (هەولێر- چاپخانەی ئاراس- ٢٠١٢)، ل ل ٧٣، ٧٤.

٢ - صلاح الخرسان، التيارات السياسية فى كردستان العراق (قراءة ملفات الحركـات ولأحـزاب الكردية في العراق ١٩٤٦ - ٢٠٠١)، (لبنان- موسسة البلاغ- ٢٠٠١)، ص ٢٥٦.

٣ - راپۆرتی سیاسی و عەسکەری و تەنزیمی سەرۆکی پـارتی هەڤـال مەسـعوود بـارزانی بـۆ کـۆنگرەی نـۆیەمی پـارتیمان، پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان بەسـتراو لە مـاوەی (٤-١١ تشرینی دووەم١٩٧٩)؛ محەمەد مەلا قادر، سەرچاوەی پێشوو. ل ٧٤.

٤ - صلاح الخرسان، المصدر السابق، ص ٢٥٧.

٥ - أعضاء اللجنة المركزية والمكتب السياسي في المؤتمر التاسـع ١٩٧٩، جريـدة خـەبات، لسـان حال الحزب الديمقراطي الكوردستاني، العدد ٧٩٤، أربيـل، الأثنـين، ١٢ أب ١٩٩٦م، ص ٥؛ محەمەد مەلا قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٧٥، ٧٦؛ حبيب محمد كـريم، تـأريخ الحـزب الديمقراطي الكوردستاني ـ العراق (في محطات رئيسية) ١٩٤٦ ـ ١٩٩٣، (دهـوك ـ مطبعـة خەبات ـ ١٩٩٨م)، ص ١٥٩.

٦ - المصدر نفسه، ص ١٦٠.

٧ - محەمەد مەلا قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٦.

٨ - هەمان سەرچاوە. ل ٧٦.

*- پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان – عێـراق، لـە کـۆنگرەی نۆیـەمی پارتی دا کە لە تشرینی دووەمی ١٩٧٩ بەسترا بریاری لەسەر دراوە، (چاپخانەی خەبات).

# کۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان

## کانوونی یەکەمی ١٩٨٩

نێوان کۆنگرەی نۆیەم و دەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، زیاتر لە دە ساڵی خایەنـد، لەو ماوەیەدا چەندین ڕووداوی گرنگ ڕوویاندا، کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بـە پارتییەوە هەبوو. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٠ ئەو ئەندامانـەی سـەرکردایەتی کـاتی پـارتی کـە لـە کۆنگرەی نۆیەم جیاببوونەوە، حزبێکی نوێیان دروستکرد بـە نـاوی "پـارتی گـەلی دیمـوکراتی کوردستان"، لە ڕێکەوتی ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠ بەرەی نیشـتیمانی دیمـوکراتی عێراقـی بە ناوی "جود" دروستکرا کە پارتی دیموکراتی کوردستان و شەش حزبـی تـری کوردسـتانی و عێراقی لەخۆگرتبوو. دەستپێکردنی شەڕی هەشت ساڵەی ئێـران و عێـراق لـە ڕێکـەوتی ٢٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠، کـە بـە درێژایـی شـەڕ هێـزە کوردییـەکانی بـەخۆوە سـەرقاڵ کردبـوو. لـەو ماوەیەدا شەڕی ناوخۆیی بەرۆکی زۆربەی هێز و حزبە کوردییەکانی گرتبوو، بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردسـتان و یـەکێتی نیشـتیمانی کوردسـتان، تـا لـە کۆنفرانسـی تـارانی تشر-ینی یەکـەمی ١٩٨٦ کۆتـایی پـێ هێـنرا. کـۆچی ناوەختـەی ئیـدریس بـارزانی لـە ٣١ی کـانوونی دووەمی ١٩٨٧. دروستکردنی بەرەی کوردستانی لە ٢ی ئایاری ١٩٨٨ کـە لـە حـەوت حزبـی کوردستانی پێکهاتبوو. دواتر وەستانی شەڕی ئێران و عێراق دوای هەشت ساڵ لە ٢٠ی ئـابی ١٩٨٨. هێرشە دڕندانەکانی ڕژێمی بەعس لـە سـاڵی ١٩٨٨ بـۆ سـەر کوردسـتان و کیمیابـاران کردن و ئەنفالکردنی کوردستان و چەندین ڕووداوی تر لـە ڕووداوە گرنگـەکانی ئـەو ماوەیـە بوون.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی حزب دەبووایە کۆنگرەی دەیەم، لە سـاڵەکانی ١٩٨٣ یـان ١٩٨٤ بەسترابا، بەڵام بەهۆی نالەباری بارودۆخ و پێشهاتە نـەخوازراوەکان دوادەخـرا، تـا سـەرەنجام لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی لە مانگی حوزەیرانی ١٩٨٩، بڕیار لەسەر بەستنی کـۆنگرە درا، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە دروستبکرێت، بـە مـەرجێك هیچ کامیان ئەندام نەبن لە کۆمیتەی ناوەندی، ئەوەبوو لیژنەیەك بە سـەرۆکایەتی نێچیرڤـان ئیدریس بارزانی پێکهات و لە مانگی تەمووزی هەمان سـاڵ بـە مەبەسـتی دەستنیشـانکردنی ئەندامانی کۆنگرە لەنێو ڕێکخستنە سـەربازی و حزبییـەکان هـەڵبژاردن دەسـتی پێکـرد و تـا مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٨٩ کۆتایی بە ئامادەکارییەکانی کۆنگرە هێنرا[١].

دوای تەواو بوونی ئامادەکارییەکان، کۆنگرە لە ڕۆژانی ٢-١٢ی کانونی یەکەمی ١٩٨٩ لـە

گوندی هێشماوە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ئامادەبوونی ٣٣٢ نوێنەری هەڵبژێردراوی ناوچە ئازادکراوەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکوومەتی عێراق و نوێنەرانی دەستنیشانکراوی ناوچە داگیرکراوەکان، بە دروشمی "بەردەوامی خەبات لە پێناوی دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان"، دەستبەکار بوو[٢].

ڕاپۆرتی سیاسیی کۆنگرە لەلایەن عەلی عەبدوڵا، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندییەوە خوێندرایەوە و دواتر بروسکەی ١٣٠ حزب و ڕێکخراوی سیاسیی دۆستی پارتی خوێندرایەوە[٣]. بە بڕیاری ئەم کۆنگرەیە، بۆ جاری دووەم لە مێژووی پارتیدا پلەی جێگری سەرۆک نوێ کرایەوە، لە کاتێکدا لە کۆنگرەی یەکەم (یەکگرتنی یەکەم)دا سەرۆک دوو جێگری هەبووە، بەڵام بە پێچەوانەوە پلەی سکرتێر لادرا، کە لە کۆنگرەی یەکەمدا لە پاڵ جێگردا هەبووە، لەسەر ئەم بنەمایە، بە پێشنیاری سەرۆک مەسعود بارزانی، عەلی عەبدوڵا وەك جێگری سەرۆك دەستنیشان کرا و ئەم دەستنیشانکردنەش لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە پەسەند کرا[٤].

لەم کۆنگرەیەدا ژمارەیەک بڕیار دران و بە تەواوی دەستکاری ماددەی ٥ی پرۆگرام کرا و گۆڕانکاری لە دەسەڵاتی سەرۆکی پارتیدا کرا و دەسەڵاتی سکرتێر نەما، بڕیاردرا لە جێی سکرتێر جێگری سەرۆک لەلایەن سەرۆکەوە دەستنیشان بکرێت، مەسعود مستەفا بارزانی بۆ جاری دووەم بە کۆی دەنگ بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرایەوە.

پەیکەری پارتی دیموکراتی کوردستان، بە پشتبەستن بە پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی دەیەم، بریتی بووە لە:

شانە، شانەی سەرەکیی، لێژنەی ڕێکخراو، لێژنەی ناوچە، لێژنەی لق، کۆمیتەی ناوەندی، مەکتەبی سیاسی و سەرۆك. هەروەها لێژنەی پشکنینی ناوەندی لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە هەڵدەبژێردرا و لە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی و دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پێکدەهات، کە بە شێوەیەکی خولی ئەندامەکانی دەگۆڕان[٥].

سەرکردایەتی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دەیەم:

١ - نێچیرڤان بارزانی

٢ - دکتۆر جەرجیس حەسەن

٣ - جەوهەر نامیق سالم

٤ - دکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس

٥ - هۆشیار زێباری
٦ - فازڵ میرانی
٧ - عەبدوڵوهەیمەن بارزانی
٨ - فەلەکەدین کاکەیی
٩ - حەمید ئەفەندی
١٠ - مەسعود ساڵەیی
١١ - ڕێبوار یەڵدا
١٢ - عیزەدین بەرواری
١٣ - ئازاد قەرەداغی
١٤ - دکتۆر کەمال کەرکووکی
١٥ - زەعیم عەلی
١٦ - دکتۆر پیرۆت ئەحمەد
١٧ - قادر قادر عەلی
١٨ - قادر قەچاخ
١٩ - دکتۆر عەلی بابا شاوەیس
٢٠ - دکتۆر محەمەد ساڵح جومعە
٢١ - دەروێش عەبدولرەحمان ئاغا*
٢٢ - عومەر عوسمان عومەر[٦].

هەروەها ئەندامانی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندیش بە شێوەی خوارەوە هەڵبژێردران:

١ - دکتۆر ناسح غەفور
٢ - مەحمود محەمەد مەحمود
٣ - کەمال حەسەن چاوەمار[٧]
٤ - یونس ڕۆژبەیانی[٨]
٥ - سەید ساڵح بەرواری[٩].

لە یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی نوێ هەڵبژێردران کە پێکهاتبوون لە: نێچیرڤان بارزانی، فازڵ میرانی، د. ڕۆژ نوری شاوەیس، د. جەرجیس حەسەن، جەوهەر نامیق، هۆشیار زێباری و زەعیم عەلی[١٠].

٦ - بەوپێیەی بارودۆخی کوردستان دوای پرۆسەی ئەنفال تەواو تێکچووبوو، دوای کۆنگرە

هەوڵدرا ئاڵوگۆڕ لە لقەکاندا بکرێت و مەفرەزەی پێشمەرگە بنێردرێتەوە کوردستان[11].

# ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی
# پارتی دیموکراتی کوردستان کۆنگرەی دەیەم

**بەڕێز سەرۆکی پارتیمان کاك مەسعود بارزانی،**
**هەڤاڵانی تێکۆشەری کۆمیتەی ناوەندی،**
**سەرکردایەتی شۆڕشی ٢٦ی گوڵانی پیرۆز،**
**خوشك و برایان، نوێنەرانی تێکۆشەری "کۆنگرەی دەیەم" ؛ ڕێگام بدەن ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیتان پێشکەش بکەم.**
**سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە و برایانەی گەرم،**

زۆر بەخێرهاتنتان دەکەین، هیوادارین بەشداربوونتان لەم کۆنگرەیەماندا چاکترین هاندەرمان بێ، بۆ سەرکەوتنی کۆنگرەکەمان بە هەڵسەنگاندنی واقیعی و مەوزوعی ڕابردووی دە ساڵەمان و پێش دە ساڵەشمان، بۆ ئەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراقدا، لە ئاستی بەرزی دروشمە ڕاست و واقیعییەکەی بێت کە (گەشەپێدانی خەباتە لە پێناو "دیموکراتییەت بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان")

بەم بۆنە مێژووییە پەیمان لەگەڵ شەهیدانی کوردستان و عێراق و بارزانی نەمر و کاکە ئیدریسی جوانەمەرگ تازە دەکەینەوە کە بە چاکترین و نوێترین شێوەی خەبات، لە هەموو ڕوویەکەوە بەردەوام بین لەسەر ڕێبازی پارتی و بارزانی، تا میللەتەکەمان ڕزگار دەبێت لەم میحنەتەی تێدا دەژیت، کە لە مێژووی گەلەکەماندا میحنەتی وەها نەدیتراوە و بگرە نەشبیستراوە ؛ لێرەدا تکاتان لێ دەکەین دقیقەیەك بوەستین بۆ ڕێزگرتن لێیان و یادی نەمرییان بکەینەوە.

**جیهانی تازە و کورد**

**خوشك و برایانی بەڕێز،**

جیهانی ئیمڕۆ جیهانێکی تازەیە، بیرکردنەوەی سیاسی تازەی جیهانی ئاراستەی دەکات، بەرەو ئاشتی جیهانی تازە (الانفتاح الدولي) ڕۆژ بە ڕۆژ چەسپاوتر دەبێت، هەر دوو ئۆردوگای سۆشیالیستی و سەرمایەداری بە تایبەتی (سۆڤیەت و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) بەوە گەیشتن کە جەنگێکی تر یا جەنگی جیهانی سێیەم، چەکی ئەتۆمی تێدا بەکار دێت، کە نە بەس بە نەمانی ئەم لایەنە یا ئەوی تر بەڵکو نەمانی هەموو لایەك و تەواوی بەشەریەت دەبێ. هەر بۆیەش بەوە گەیشتن کە سیاسەتی پێکەوەژیانی ئاشتییانە (تعایش

سلمي) بچەسپێنن و قووڵتری بکەنەوە. هەڵگرتن و لەناوبردنی چەکی ئـەتۆمی و کیمیـاوی و بـایۆلۆجی (میکروبـی) و تەنانـەت لـە کەمکردنـەوە و لـەناوبردنی چـەکی تەقلیـدیش، بیـر دەکەنەوە. گۆڕانکاری دیموکراتی و سیاسی و ئابووری (عەمەلیەی پێرێسـترۆیکا) لـە وڵاتـانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و بەهێزبوونی بزووتنەوەی دیموکراتی و مافی مـرۆڤ دەرگـای کـردەوە کە تەواوی ئەوروپا (بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئـاواوە) ببێتـە یـەك پارچـە کـە لـە خزمـەتی ئاشـتی جیهانی و پێشکەوتندایە.

ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر پەیوەندی نێودەوڵەتاندا دێ کارێکی ڕاستەوخۆ دەکاتـە سـەر گەلی کورد و بزووتنەوەکەی و سەر وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵات. بیری تازەی سیاسی دەیـەوێ پەیوەندی نێودەوڵەتان و گەلان لەسەر بنچینەی دیموکراتی و ئینسانی و مافەکانی ئینسان و ئازادی و مافی گەلان دابمەزرێنێتەوە، کە ئەویش لە بەرژەوندی گەلەکەمانە.

هەر بۆیەش کە ئێستا ئۆردوگای سۆشیالیستی و وڵاتەکانی سـەرمایەداری تـا ڕادەیـەکی باش ڕەچاوی یەکتر دەکەن، لە جیاتی شەڕ (مونافەسەی سیاسی و ئایـدیۆلۆجی و ئـابووری و کۆمەڵایەتی) بەهێزتر دەبێت، بۆیـە حقـوقی ئینسـان و میللـەتان زیـاتر ڕەچـاو دەکـرێن، تـا ڕادەیەکی زۆر ئیستیقراری جیهانی و ناوچەیی دەچەسـپێت. بـە سـەربەرزییەوە دەڵـێین کـە مادەی هەشتەم لـە پرۆگرامـی پارتیمانـدا، کەوتووەتـە سـەر سـکەی جێبـەجێکردنی لـەڕووی پاراستنی ئاشتی جیهانی و خاوکردنەوەی باری گرژی ناودەوڵەتان و پـەیڕەوکردنی بڕوانامـەی (میثاقي) نەتەوە یـەکگرتووەکان و سـەرەتاکانی پێکـەوە بـە ئاشـتی ژیـان و چارەسـەرکردنی کێشـە دەوڵەتییـەکان لـە ڕێگـەی گفتوگـۆ و قەدەغـەکردنی چـەکی ئـەتۆمی و نەهێشـتنی تاقیکردنەوەی.

لـە وڵاتـە سۆشیالیسـتەکان بـە گشـتی و لـە یـەکێتی سـۆڤیەت بـە تایبـەتی، بەرنامـەی "پێرێسترۆیکا" واتە (اعادة البناء) بەهێزترین گـۆڕانی نـەوعی لـەڕووی سیاسـی و ئـابووری و کۆمەڵایەتی ئەنجام داوە و بەوپەڕی جورئەتەوە پەیڕەوی دەکرێـت کـە هـەموو لـە هـەموو خزمەت بە سۆشیالیزم و ئاشتی جیهانی و دیموکراتییـەت دەکـات و ئومێـدێکی گـەورەی بـۆ ئینسانییەت پەیدا کردووە و، جیهان بەرەو ئەوە دەچێ کە ڕژێمە دیکتاتۆری و ڕەگەزپەرست و فاشـییەکان بـەرەو نـەمان و ڕووخـان دەچـن یـا ناچـار دەبـن خۆیـان بگـونجێنن لەگـەڵ سیاسەتی تازەی جیهانیدا.

ئاراسـتەکردن و تـەفاهومکردن بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی فەڵەسـتین، لوبنـان، ئەفغانستان، کامبودیا، جنوبی ئەفریقیا و بڕیار لەسەر سەربەخۆیی نامیبیا، چاکترین بەڵگـەن

بۆ نواندنی مرونەت لە نێوان شەرق و غەربدا، بۆ یەکلاکردنەوەی نیزاعاتی ئیقلیمی لە ژێر چاودێری هەیئاتی دەولی و بە کونفرانساتی دەولی. ئەمەیە کورتەیەك و ڕوونکردنەوەیەك لە بارودۆخی جیهانی و بیر و سیاسەتی نوێ و پەیوەندی نێوان هەردوو ئۆردوگای جیهانی.

نەتەوەی کوردیش بە گشتی و میللەتی کورد لە کوردستانی عێراقدا بە تایبەتی، کە ساڵەهای ساڵە لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانیدا، قوربانی لە ژمارە نەهاتووی داوە، دەبێ و پێویستە بە پێشچاوڕوونی و لەبەر تیشکی بیرکردنەوەی سیاسی تازەی جیهانیدا، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خۆی لەگەڵ ئەم واقیعە تازەیەدا بگونجێنێ، بە هیوای ئەوەی کە چیتر هەلی هەڵکەوتووی لەدەست نەدات و بە زووترین کات و بە کەمترین قوربانی بگاتە ئامانجەکانی.

**بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە گشتی و لە عێراق بە تایبەتی**

بێگومان نەتەوەی کورد بە گشتی، هەموو مومەیزات و شروتی (ئومەتی) بەپێی عیلمی سیاسەت لێ هاتووەتە دی و دێتە دی و لە گەشەکردندانەیە، بۆیە هەقی تەقریری مەسیری خۆی هەیە، وەکو هەموو نەتەوەیەکی تر لە جیهاندا، باوەڕمان بەم هەقە مەشروعە نەگۆڕە، هەروەکو لە بەندی دەیەم لە پڕۆگرامی پارتیماندا هاتووە و دەڵێت : (پارتیمان پشتگیری خەباتی نەتەوەی کوردی بەزۆردابەشکراو دەکات، لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا لە پێناو بەدەستهێنانی مافی چارەنووسی خۆیان، هەر وەکو هەموو نەتەوەکانی تر لە جیهاندا.

لە ئەنجامی دابەشکردنی مەناتیقی نفوزی ئیمپریالیزمی جیهانی بە گشتی و ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و فەڕەنسی لە ڕۆژهەڵاتی نزیك، کوردستانیان دابەش کردووە. بەپێی ڕێکەوتنامەی سڕی (سایکس پیکۆ ـ ١٩١٦) بەبێ ئەوەی ڕەچاوی مافەکانی نەتەوەی کورد بکرێت، کە چوارەمین نەتەوەیە، ئەگەر سێیەم نەبێت لە ناوچەکەدا، لەگەڵ ئەمەشدا عەلەنەن بەپێی مەبادئی ویلسۆن و ئیعلانی حولەفا بەرامبەر بە نەتەوەکانی ژێردەست لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانلیدا (موعاهەدەی سیڤەر ـ ١٩٢٠) بەپێی مادەکانی (٦٢، ٦٣ و ٦٤)ی، دانیان بە مافەکانی نزیك و دووری نەتەوەی کورد بە گشتی و کوردستانی تورکیا و عێراق هێنا بە تایبەتی، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت، مونافسەی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان بۆ دابەشکردنی مەناتیقی نفوزییان، بەوپەڕی ناڕەوایی و چاوچنۆکییەوە بوونە هۆی گرانی زروفی سیاسی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە گشتی، زۆریش بە داخەوە کە زروفی زاتی بزووتنەوەکانمان لەڕووی فکری و سیاسی و تەنزیمی و، بێ ئاگاداری لە تەتەوڕاتی موعادلاتی سیاسی عالەمی و ناوچەیی، تا ڕادەیەکی زۆر لە دوابوو، بە تایبەتی لەو سەردەمەدا، بۆیە نەتوانرا (موعاهەدەی سیڤەر ـ ١٩٢٠) جێبەجێ بکرێت و بچەسپێت.

تەنانەت (موعاهەدەی لۆزان ـ ١٩٢٣) جێی گرتەوە و سیاسەتی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی لە ناوچەکەدا چەسپا. مافەکانی نەتەوەی کورد لەلایەن دەوڵەتانی ئیمپریالیزمی جیهانی بەگشتی و ئیمپیریالیزمی ئینگلیزی بە تایبەتی و کیانە ڕەجعییەکانی سەر بە خۆیان پێشێل کراون و بە مەحرومی و دابەشکراوی و دەمکوتکراوی مانەوە. هەرچەندە لە ئەنجامی ئەو سیاسەتەی ئیمپیریالیزمی جیهانی و ڕەجعیەتی ناوچەکەدا، نەتەوەی کورد لە کوردستاندا گەلێ شۆڕشیان بەرپا کردووە، لە پێناو گەیشتن بە مافەکانی نەتەوەیی و ئینسانییان، بە هەزاران شەهیدیان داوە، تەنانەت ژیانی زۆربەی زۆریان کە لە (٢٥) ملیۆن ئێستا لەسەر وڵاتی خۆیان تێپەڕ دەکات، لە تەخەلوف و دواکەوتنی زیاتر لە پێش دەها ساڵ ماونەتەوە.

لە تورکیادا، دوای سەرکەوتنی ئەتاتورك بەوپەڕی دڕندایەتییەوە لێی دراوە و، ئێستاش بەردەوامن لە لێدانیان، تەنانەت بە تورکی چیایی ناو دەبرێن. لە عێراقدا لەلایەن ڕژێمی دیکتاتوری شۆڤێنی بەغداوە، دڕندەترین شەڕی ئیبادەیان (جینۆساید) لەگەڵ بە کار دێت ئێستا، بگرە لە ساڵی (١٩٧٥)ەوە تا ئێستا.

لە ئێرانیشدا موشکیلەی کورد تا ئێستا بە ڕێگەیەکی ئاشتیخوازانەی دۆستانە حەل نەکراوە کە زەمینەی چارەسەرکردنی ئامادەیە. بۆیە داوا لە جمهوریەتی ئیسلامیی ئێران دەکەین، لە چوارچێوەی کیانی موشتەرەکیاندا مافەکانی نەتەوەییان بۆ دەستەبەر بکەن، کە بەم سیاسەتەیان نەك هەر کوردەکانی ناوخۆیان، بگرە دوستایەتی نەتەوەی کورد بە گشتی کەسب دەکەن و لە بەرژەوەندی گشت میللەتانی ئێران و ناوچەکەدایە.

هەروەها داوا لە جمهوریەتی سوریاش دەکەین کە مافەکانی ئیداری و سەقافییان بۆ تەئمین بکەن، و جنسیەش بدرێتەوە بەو برا کوردانەی لێیان سەندراوەتەوە یا کە هێشتا نییانە و لابردنی کەمەری عەرەبی کە بەرنامەی حکومەتە کۆنەکانە. هیوادارین لە سۆڤیەتیشدا، بەرنامەی "پێرێسترۆیکا" بیانگرێتەوە و بە مافەکانی نەتەوەیی خۆیان بگەن.

هەروەها پێویستە کوردەکانی لوبنان بە مافی کۆمەڵایەتی و هاونیشتمانی خۆیان بگەن، داواکارین لە هەموو هێزە نیشتمانپەروەر و پێشکەوتنخواز و ئیسلامییەکان و کاربەدەستانی لوبنان کە پشتگیری داوا ڕەواکانیان بکەن لە بارەی جنسیەی لوبنانییەوە. واتە موشکیلەی کورد بە گشتی لە ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاستدا، ئەگەر موشکیلەی یەکەم نەبێت، موشکیلەی دووەمە پاش موشکیلەی فەلەستین، بۆیە حەلکردنی بە تەوافوق لەگەڵ هێزەکانی پێشکەوتنخواز و نیشتمانی و ئیسلامی لەو کیانە سیاسییە موشتەرەکانەی تێدا دەژین، زۆر پێویستە بە مەرجێك بە دووربینیەکی واقیعی و مەوزوعی تەماشای حلولەکان

بکرێت کە کیانە موشتەرەکەکان بەهێزتر بکات و پێشکەوتنیان مسۆگەر بکات، لە پێناو خزمەتی هەموو جەماوەرکەی کە لەو کیانە موشتەرەکانەدا دەژین. بە شێوەیەکیش کە ویست و خواستی میللەتی کورد تیایدا ڕەنگ بداتەوە، واتە هەمیشە ئێمە لەگەڵ حەلی سلمی و دیموکراتی بووین و دەبین بۆ حەلی موشکیلەی کورد بە تایبەتی لە عێراقدا. گەر تەوەجوهی ڕاست و مەوزوعی و سادقانە بوویێت و ببێت، بۆ ئەوەی بۆ هەموو میللەتانی ئازادیخوازی جیهانی ئیسبات بکەین کە ئێمەی پارتی لە کوردستانی عێراقدا، چەکمان هەڵگرتووە دژی ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا، چونکە ساڵەهای ساڵە، هەموو ڕێگەکانی تری گەیشتن بە مافەکانی ڕەوامان لێ گیراوە، بۆیە بە ناچاری، بۆ ئەوەی دیفاع لە مافی ڕەوای میللەتەکەمان، بگرە مافی مان و نەمانی بکەین، کە ئێستا لە هەموو کاتێکی تری ڕابردوودا، مەترسی ئیبادەکردنی زیاتر لەسەرە.

**دامەزراندنی کیانی سیاسی عێراقی لە ١٩٢١ەوە و حەلنەکردنی موشکیلەی حوکم و موشکیلەی کورد تێیدا**

بێگومان مێژووی کیانی سیاسی عێراقی لە ساڵی ١٩٢١ەوە، شاهیدە کە لە دوو قەومیەتی سەرەکی عەرەب و کورد پێك هاتووە، لەگەڵ کەمایەتییەکانی نەتەوەیی، کە بەداخەوە تا ئێستاش ئیستقراری بە خۆیەوە نەبینیوە، چونکە نە موشکیلەی حوکمێکی دیموکراتی بە ئسلوبێکی دیموکراتی ئازاد لە عێراق بۆ بەرژەوەندی گەلی عێراق حەل کراوە و نە موشکیلەی کوردیش کە گەورەترین موشکیلەیە لە عێراقدا لە بەرژەوەندی کیانی سیاسی موشتەرەکی عێراقی و، بەرژەوەندی هەر دوو قەومیەی سەرەکی حەل کراوە. بۆیە پێویستە هەر دوو موشکیلەکە بە ئسلوبێکی دیموکراتیی ئازاد و سلمی و بە ئیختیاری و ڕەزامەندی گەلی عێراق و میللەتی کورد حەل بکرێن و ڕۆژ بە ڕۆژ لەڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەقافی و ئیدارییەوە، بەرەو پێشەوە بچن و ببڕای ببڕ کوسپ و تەگەرە نەمێنێت لە پێش پێشکەوتن و خەملاندنی کیانی سیاسی موشتەرەکیاندا. واتە دەسەڵاتی سیاسی و حوکمێکی دیموکراتی، لەلایەن هەر دوو قەومیەی سەرەکی بە چاکترین شێوە لە هەیکەلی تەنزیمی ڕژێمی دواڕۆژی تازەیاندا، خۆیان بنوێنن و هەر دوو قەومیەت هەست بکەن کە ئەم کیانە سیاسییە موشتەرەکە، فیعلەن موشتەرەکە بۆ هەردووکیان لەگەڵ ڕەچاوکردن و دابینکردنی مافە ڕەواکانی کەمایەتییەکانی نەتەوەیی بە باشی، بەپێی سەرەتاکانی حەلی موشکیلەی قەومیات کە نمونەی حەل و دابینکردنی لەگەڵ وڵاتانی پێشکەووتوی جیهاندا هەن، واتە لە ژێر باڵی ئاشتییەکی عادیلانە، بە کامەرانی و ئازادی و

دیموکراتی و تێر و تەسەلی بژین و برایەتی مێژوویی و ئیسلامی و خەباتی هاوبەشی کورد و عەرەب، بەهێزتر بێت و تیخی تێکۆشانی هاوبەشیان چاکتر مشتومالٚ بکەنەوە، تاوەکو عێراقێکی دیموکراتی و ئازاد بە گشتی و، کوردستانی خاوەن ئۆتونومی ڕاستەقینە بە تایبەتی، بن بە قەلٚای سەختی گیان لەسەرپەلی دەستان دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و ڕەجعیەتی ناوچەکە کە بەمەش چاکترین ئەلٚقە دەخرێتە زنجیرەی خەباتی میللەتانی ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازی سەر زەمین و ئینسانیەت، لە پێناو پاراستنی و گفتوگۆی ئاشتیخوازانەدا، لەبەر تیشکی بیرکردنەوەی سیاسی تازەی جیهانیدا.

**ڕژێمی دیکتاتۆری فاشی بەغدا و هێزەکانی بەرهەلٚستکاری کوردستانی و عێراقی**

ماوەی دوای حوکمی دیکتاتۆری کە لە ساڵی ١٩٦٨ەوە، دەست پێ دەکات بە پشتیوانی ئیمپریالیزمی (ئەنگلۆ ـ ئەمریکی)، بۆ ئەوە هێنراونە سەر حوکم، کە بە ئاگر و ئاسن، بگرە بە چەکی کیمیاوی و بایۆلۆجی و خەردەل و فوسیجین و (سیانید) لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی و دیموکراتی عێراقی و نیشتمانی و دیموکراتی عەرەبی و بزووتنەوەی ئیسلامی، لە ناوچەکەدا بدرێت و نەتوانن سەریان بەرز بکەنەوە لە پێناو مافە ڕەواکانیاندا. بۆ ئەوەی بە چاکترین شێوە، لە ڕێگەی ڕژێمی دیکتاتۆری و شۆڤێنی دەستنیشانکراویان مەساڵحیان بروێنن و بپارێزن، ئەگینا بۆ دەبێ ڕژێمی فاشی بەغدا، لە ماوەی (٢١) ساڵدا، نەتوانێ لەگەلٚ هەموو هێزەکانی بەرهەلٚستکاری کوردستانی و عێراقی، بگرە لەگەلٚ گەلی عێراقی بە گشتی و میللەتی کورد بە تایبەتی، بگەنە حلولی ڕاست و دروست، بۆ حەلی موشکیلەی حوکم و حەلی موشکیلەی کوردی لە عێراقدا، ئەگەر هێزەکانی بەرهەلٚستکاری کوردستانی، لەلایەن ڕژێمی فاشی بەغداوە، هەزار و یەك ئیتیهامیان بۆ دروست کراوە و دەکرێت، تەنانەت بێشەرمانە، بە خزمەتکار و عەمیلی بێگانە لە قەلٚەم دران و دەدرێن، لەلایەن ڕژێمی فاشی بەغدا و ڕەجعیەتی عەرەبییەوە، بۆچی لەگەلٚ هێزەکانی نیشتمانی و قەومی عەرەبی و دیموکراتی و ئیسلامی عێراقی، نەگەیشتوون بە تەفاهوم و حەلی موشکیلەی حوکم؟ بۆچی تا ئێستا نەیانویستووە کۆتایی بە فەترەی ئینتقال بێنن، ئینتیخاباتێکی ئازاد و دیموکراتی موباشر بکەن، دەستوری دائیم دابنرێت و پەیڕەوی بکرێت و هەرچی ئەنزیمە و قەوانینی ئیستیسنائی هەیە ئیلغا بکرێن؟ بۆچی سەربەستییەکانی دیموکراتی نەدراون و نادرێن ؟ کە سەربەستی تەنزیمی ئەحزاب، سەربەستی سەحافە، سەربەستی ڕەئی، سەربەستی تەنزیمی نیقابات و سەربەستی هەلٚبژاردن دەگرنەوە.

حقوقی ئینسانی عێراقی بە گشتی و هی کوردی بە تایبەتی پێشێل کراون، کە لە

مێژووی ئادەمیزاددا، کەم دیتراون و بیستراون، بۆیە دەبێ و پێویستە هەموو هێزەکانی موعارەزەی کوردستانی و عێراقی، بە چاکی تەبیعەتی شۆڤێنی و فاشستییەتی ئەم ڕژێمە بزانن و بۆچی هێنراون واتە تەناقوزات لەنێوان گەلی عێراقی و هێزەکانی پێشڕەویان و ڕژێمی فاشی تەناقوزاتێکی قووڵە، بەربەرەکانێیەکی توند و ڕێکوپێکی لەپساندن نەهاتووە و نابێت زەحمەت حەل بێت، بۆیە پێویستە لەسەر هەموو لایەکمان لە خەباتی بێ وچانماندا، بە چاکترین شێوەی تازە لە هەموو ڕوویەکەوە، بە حەلی مەشاکلی ناوخۆمان یەکە یەکە، کە حلولەکان لە بەرژەوەندی جەماوەری عێراقی و کوردستانی بێت، ئینتیلاقەن لەم بۆچوونە ڕاستەوە، بەرەی کوردستانی عێراقی بەهێزتر بکەین، لە هەموو ڕوویێکەوە، کە ببێتە بەردی بناغە بۆ دروستبوونی بەرەیەکی بەرفراوانی عێراقی، لە هەر چوار تەیاری هێزەکانی بەرهەڵستکاری عێراقی، واتە تەیاری قەومی عەرەبی، تەیاری قەومی کوردی، تەیاری دیموکراتی و تەیاری ئیسلامی و نوێنەرانی کەمایەتییەکانی نەتەوەییش تێیدا بەشدار بن، تەواوتر و چەسپاوتر دەبێت کە نوقاتی ئیلتیقا لە نێوانماندا زۆر زۆرن، بۆ ئەوەی دژی ڕژێمی فاشی بەغدا چاکتر [خەبات بکەین]. هیوادارین هەموو لایەکمان لە ئاستی بەرزی هەست بە مەسئولیەتی مێژووییماندا بین.

**بۆچی کورد و کوردستان لە عێراقدا لە ژێر شەڕی ئیبادەدایە**

حوکمی دیکتاتۆری بەغدا، حوکمی ئاگر و ئاسن و ئیعدامات، بەعەرەبکردن و تەبعیس و تەهجیر و کاولکردنی پتر لە (٤،٠٠٠) هەزار گوندی کوردستانە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە قەزا و ناحییەکانی پارێزگاکانی کەرکوك، سلێمانی، هەولێر، دهۆك، موسڵ و گوندەکانی قەزای خانەقین، سنجار و ناحیەی زوممار، کە تەهجیرکردنی خەڵکی قەزای قەڵادزە و ناحیەی سەنگەسەریش، لە مانگی تەموزی ساڵی ١٩٨٩دا، جارێ دوا ئیجرامی تەهجیری قەزا و ناحیەکانی کوردستان بووە. خاتیمەشیان بە گوندەکانی ناوچەی دۆلەمەری، قەزای مێرگەسۆر هێنا کە لە ئۆردوگای (سارداو) خزاندوویانن، بەوپەڕی نالەباری ژیان و بێئیحترامی، وەکو هەموو ئۆردوگاکانی زۆرەملێی تر، کە بە مواتنی دەرەجە دووشیان حیساب نەکردوون! واتە بەپێی ئیحسائییەی ئەخیرمان ژمارەیەکی زۆر کەم لە گوندەکانی کوردستان ماون، ئەمانەش لە نزیك و ڕۆخی ڕێگاوبانە سەرەکییەکانن لە نێوان پارێزگاکانی کوردستان، واتە بەپێی دوا ئیحسائییەی بەرەی کوردستانی عێراق، قیادەی سیاسی لە ٢٤ی شوباتی ساڵی ١٩٨٩دا، کە دراوە بە لێژنەی حقوقی ئینسان لە نەتەوە یەکگرتووەکان، (٥٥ تا ٦٠) هەزار کم چۆڵ کراوە و کاول کراوە ؛ زیاتر لە نیو ملیۆن کورد دەربەدەر بوون و بوون بە پەناهەندە لە

وڵاتانی جیهاندا ؛ زیاتر له ملیۆنێك و نیـو هـاووڵاتی کـورد لەسـەر گونـد و ناحییـه و قـەزا و موڵك و ماڵی خۆیان ڕاگوێزراون ؛ تەنانەت کانییه ئاوەکان و سەرچاوەکانیش به چیمـەنتۆ پـڕ کراونەتەوه و کاول کراون، بۆ ئەوەی ژیـان لـه کوردسـتان نـەمێنێت و میللـەت و پێشـمەرگه نەتوانن لێی بـژین! ئـەوەی دەبیـنرێ ڕەبایـای جـەیش و جاشـه لەگـەڵ هـاتوچۆی سـەیاراتی عەسکەری له ڕێگەوبانەکاندا، بۆ تەئمینکردنی پێویستییەکانیان و بەس. ئەم سیاسەتەشیان لـه دوای ساڵی ١٩٧٥ەوه، دەستی پێ کراوه و نەخشەی بۆ کێشراوه. له سـاڵی ١٩٧٦دا، شـەریتی حدودی تورکیا و ئێران لەگەڵ عێراق به درێژایی (٨٠٠)کم و پـانی (١٥ تـا ٢٠) کـم، تـەهجیر کرابوو، تەنانەت ماوەیەك ژیانی تیپا نەهێشترا، ڕۆژێك له ڕۆژانیش ڕژێمی فاشی بەغدا دانـی بەم ئیجرامانەی نەدەهێنا، تا ئـەم دواییيـەش، بـەڵام کـه ڕووی ڕەشـیان بـۆ هـەموو جیهـانی ئینسانییەت مەعلوم بوو، له ڕێگـەی سـەفارەتیانەوه لـه (لەنـدەن) ئـیعلان کـرا کـه شـەریتی حدودی عێراق لەگەڵ تورکیا و ئێران به درێژایی (١٢٠٠) کم و پانی (٣٠) کم، چۆڵ دەکرێت و گوایه ئەم بڕیاره هەر بۆ ناوچەکانی کوردی نییه، بگره ناوچەکانی عـەرەبیش دەگرێتـەوه و بۆ بەرژەوەندی جەماوەرەکەیه، که ڕژێمـی فاشـی دەیـەوێت زیـاتر خزمـەتیان بکـات و لـەم تەخەلوفەی تێدانه، ڕزگاریان بکات.

بێگومان دیماگۆگیەت و بێشەرمی و درۆ و دەلەسەی ڕژێمی فاشی، نـەك هـەر لەسـەر میللەتی کورد تێپەڕ نابێت، تەنانەت گـەلی عێراقـی و جیهـانی ئینسـانی، زۆربـاش لـه پیلانـه گڵاوەکانی ڕژێمی فاشی گەیشتوون و دەزانن مەبەستیان ئیبـادەکردنی کـورد و کوردسـتانه و بـەس، کـه جـوانترین و بـەپیت و بەرەکـەتترین ناوچـەی کوردسـتانی عێـراق دەگرێتـەوه و گرتوویەتییـەوه، چونکـه ئەگـەر مەترسـی لـه شـەریتی حـدودی عێـراق و ئێـران هـەبێت لـه دوارۆژدا، بۆچی کاولکردنەکه شەریتی حدودی عێراق و تورکیاشی گرتووتەوه، کـه عیلاقـه لـه نێـوان ڕژێمـی فاشـی بەغـدا و ڕژێمـی ڕەگەزپەرسـتی تورکیـا زور باشـه، تەنانـەت بـەپێی ڕێکەوتننامەی دوو قۆڵییان له ساڵی ١٩٧٨دا، قواتی تـورکی و عێراقـی هـەقیان هەیـه کـه تـا قـووڵایی (١٠ تـا ١٥)کـم، داخلـی سـنووری یـەك بـن بـۆ لێـدانی پێشـمەرگەی کوردسـتان و لەناوبردنیان. واته بێگومان ناهێته بیری هیچ شارەزایەك و دڵسۆزێك بۆ عێراق که ئەم بڕیاره، وەسەت و جنوبی عێراقیش دەگرێتەوه، چونکه ئەگەر درۆ نەکەن بۆچی (فاو) که به (مدينة الفداء و بوابة النصر العظيم) ناو دەبەن و بەسره (مدينة المدن) و شـارەکانی بچـووکی سـەر سنووری عێراق و ئێران له وەسەت و جنوب ئاوەدان کراونەتەوه بـه زووتـرین کـات؟ سـەدام شانازی پێوه دەکات که گوایه چاکترین بەڵگەیه بۆ نیازی ئاشتی خوازانەیان.

گەر میللەتی کورد لە عێراقدا، لەگەڵ ڕژێمی دیکتاتۆری فاشییە و، مەنتیقەی حوکمی زاتی بە مافی ڕەوای خۆی گەیشت بێت، بۆچی باوەڕیان بە میللەتی کورد نییە و هەر نەشماوە؟ بۆچی ئەم هەموو قواتی جەیش و جاش سنوورەکانی تەنیوە؟ بۆچی شەڕی جینوسایدی لەسەر میللەتی کوردە و بەوپەڕی درندایەتی ئیبادەیان دەکات؟ تاوان و ئیجرامی ڕژێمی دیکتاتۆری فاشی بەغدا، لە هەڵەبجەی ڕەنجەڕۆ و بالیسان، دوڵی جافەتی، سەرگەڵو و بەرگەڵو، ناوچەکانی قەرەداغ و گەرمیان و شوان و قەڵاسێوکە و دەشتی کۆیە و سماقوڵی و ناوچەکانی تری خۆشناوەتی بە گشتی و، هێرشی دوایی دوژمن لە ١٩٨٨/٨/٢٥ تا ١٩٨٨/٨/٢٩ی، پارساڵ بۆ ناوچەکانی لقی یەکی قارەمان لە پارێزگای دهۆك و موسڵ کە تەڕ و وشکی بە یەکجاری بە چەکی کیمیاوی و بایۆلۆجی لێ دا و، بەهێزکانی جەیش و جاش بەوپەڕی درندایەتییەوە بە بلدۆزەر هەرچی گوند و ئاوەدانی هەبوو لەگەڵ خاك یەکسانی کردن، زیاتر لە (١٠٠،٠٠٠) هەزار کەسیان، بە ژن و منداڵ و پیر و جەوانەوە، بە ناچاری ڕوویان لە تورکیا و ئێران کرد و بوون بە پەناهەندە، باقی تریشیان کە لە (٣٠،٠٠٠) هەزار کەس زیاتر بوون، ڕێگەیان لێ گیرا و بە ناچاری تەسلیم بە ڕژێمی فاشی بوونەوە، کە ئێستا لە ئۆردوگای (بەحرکە) و ئۆردوگاکانی تری زۆرەملێی بەعسی عەفلەقی دەناڵێنن و لەوپەڕی ژیانی خراپی و دەمکوتکراوی و بێئیحترامیدان، ژمارەیەکی زۆری لەحیسابنەهاتووش بە چەکی کیمیاوی و بایۆلۆجی لە گوندەکان و گەلی و دوڵەکانی ناوچەکانی زاخۆ و ئامێدی و شێخان و ئاکرێ، بە تایبەتی لە گەلی بازێ و ڕێگاکانی هەڵاتنیان، ڕەق و وشك بونەتەوە، تەنانەت تەیر و تویر و درندەی چیاوچۆڵەکانیش نزیکیان نابنەوە، چونکە لاشەکانیان هەموو لە هەموو تەسەمومیان کردووە. ئەمەیە کارەساتی میللەتی کورد لە چنگ ڕژێمی فاشی لە بەغدا! تەنانەت ئەو پەڕی ڕیسواییە بۆ ڕژێم کە ژن و پیاوی هاووڵاتیانی کوردی عێراقی لێك جیا بکاتەوە، هەزاران منداڵ تەعزیب کراون و لە ژێر تەعزیبدا مردوون لەبەر دەمی دایك و باوکیان بۆ ئەوەی ئیعتیرافات لە دایك و باوکیان وەربگرن. ئەم جۆرە کارەساتانە لە مێژووی ئادەمیزاددا ڕووی نەداوە، کە ڕژێمێك لەگەڵ مواتنی خۆی و هاووڵاتی خۆی بەم جۆرە درندایەتییە بجووڵێتەوە، بگرە نازییەکان و فاشیستیەکانیش لەگەڵ دوژمنەکانیان بەو درندایەتییە نەجووڵاونەتەوە؛ بێگومان هیتلەر و مۆسۆلینی ڕۆژێك لە ڕۆژان، تۆزی پێی سەدام لە ئیجرام و فاشیستییەتدا ناشکێنن.

ئەمەیە شەڕی ئیبادەکردنی کورد لە عێراقدا، لە پێش شەڕی عێراق و ئێران و لە کاتی شەڕەکەشدا و لە دوای شەڕەکەشی تا ئێستا، بۆچی؟ چونکە ڕژێمی فاشی بەغدا لەبەرئەوەی

ڕێگەیەکی سلمی و دیموکراتی نەگرتووەتە بەر، بۆ حەلی موشکیلەی کورد لە عێراقـدا، بۆیـە نەیتوانیوە و ناشتوانی بە شەڕی ئیبادەش کۆتایی بە میللەتی کورد بێنی لە عێراقدا. تەنانـەت بۆ هەموو دەوڵەتانی عەرەبی و نەتەوەی عەرەب بە گشتی و بـۆ هـەر دوو کـامپی جیهـانی مەعلوم بووە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراقدا لە هێزو توانایەکدا بوو، ڕیشـەی لـە ناو جەماوەردا بە جۆرێکدا کوتاوە، بە چەکی تەقلیدی و تەکنۆلۆجی تازەی شەڕ لە جەیش و جاشی عێراقیدا، بە هەزاران تەیارە و توپ و دەبابە، نـاتوانن کوردسـتان لـە پێشـمەرگە چـۆڵ بکەن. میللەتی کورد لە ناوچە ئازادکراوەکاندا، شەڕی مان و نەمان دەکات، بۆیـە بـە چـەکی کیمیاوی و بایۆلۆجی نەبێت، خەباتی بێوچانی پارتیزانی لە کوردستان کـپ ناکرێـت، ئەمـەش چاکترین بەڵگەن بۆ قووەتی شۆڕشی کوردستان، بۆ بـەردەوامبوونی موقاوەمـەتی هێزەکـانی بەرەی کوردستانی عێراقی. بۆیە ئەگەر ڕژێمی فاشی بەغدا توانی عەسـکەرییەن زەربەیـەکی بەقووەت لە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و پارتیمان بدات، بەڵام سیاسـییەن بـەو پـەڕی ڕووڕەشی لە جیهانی ئینسانی سەیر دەکرێت و بۆ هێزە مەزنەکان ئاشکرا بووە کە ئیسـتیقرار لە عێراق و ناوچەکەدا تەحقیق نابن، تا ڕژێمی دیکتاتۆری شوڤێنی بەغدا فەرمانڕەوا بێ و لە عێـراق حـەلی موشـکیلەی حـوکم و موشـکیلەی کـورد، بـە ئسـلوبێکی سـلمی و دیمـوکراتی نەکرێت.

بێگومـان کوردسـتانیش کـە قـەڵای هـەموو هێزەکـانی بەرهەڵسـتکاری کوردسـتانی و عێراقییە لە پێناو دیموکراتییەت و عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردسـتان، بۆیـە ڕژێمـی فاشی بەغدا، هەرچی لە تواناد‌ا بێت کوێرانە بە حیساباتی خۆی بەردەوام دەبێت، لـە شـەڕی ئیبادەی کورد و کوردستاندا، بەڵام سەدام و ڕژێمەکـەی خـەیاڵیان خـاوە، کـورد نەفـەوتاوە و بەراتی نەجات بە خوێن نووسراوە؛ بەردەوام دەبین لـە خـەباتی بێوچانمانـدا تـا دەگـەین بـە ئامانجەکانمان.

**شەڕی جینوساید لەسەر کورد و کوردستان و ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرامبەری**

زۆر بە داخەوە، نەتەوە یەکگرتووەکان بـە گشـتی و دەوڵـەتانی عـەدەم ئـەلئینحیاز بـە تایبەتی تا ئێستا نەیانتوانیوە ڕژێمی فاشی بەغدا لە ئیجرامەکانیدا ڕابگرن. نەتەوەی کورد بـە گشـتی و میللـەتی کـورد لـە عێراقـدا بـە تایبـەتی، ڕەچـاوی ئـەوەیان دەکـرد، لـە جیهـانی ئینسانیەت و کامپی سۆشیالیستی و دەوڵەتانی عەرەبی کە زۆر بە قاتعییەت ئیدانەی بکـەن، بەڵام داخمان ناچێت کە ڕۆڵی خۆیان نەدیت و ئەم هەڵوێستەیان زیان بوو بۆ گەلەکـەمان و بۆ خۆیان.

بێگومـان بـەکارهێنانی چـەکی کیمیـایی موحەڕەمـە دەولییـەن، بـەپێی ڕێکەوتننامـەی (جنێـف ـ لـە سـاڵی ١٩٢٥) کـە هـەموو دەوڵـەتانی ئەنـدام لـە نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا، دەیانتوانی بگەنە بڕیارێکی قاتیع دەربارەی، بەڵام مەساڵحی زۆربەی هەرە زۆریان بەتایبەتی پێنج دەوڵەتەکەی دائیمولعزویەتیان هەیە لە موجلیسی ئەمن چاوپۆشییان کرد، کە ئومێدی جیهـانی ئینسـانیان بەرامبـەر بـە خۆیـان و ئاینـدەی ئینسـانییەت زۆر کـەم کـردەوە، کـە گـەورەترین زیانـە بـۆ سـومعەیان وەکـو پێـنج دەوڵـەتی عوزمـا و سـەرکردەی نەتـەوە یەکگرتووەکان کە ڕاستەوخۆ بەرپرسیارن بەرامبەر بە میللەتانی سەر زەمین و ئینسانییەت لە پاراستنی مافی مرۆڤ و ئاشتی جیهانی.

سوپاسی بێ پایانمـان بـۆ هێنـدێك لـە ڕێکخراوەکـانی عێراقـی و عـەرەبی و جیهـانی و، شەخسیاتی سیاسی و عیلمی لە غەرب و لە شەرقدا و ئەو دەوڵەتانەی کە ئیدانـەی بـەهێزی ئیجرامەکانی ڕژێمـی بەعسـی عـەفلـەقییان کـرد و بـە تـەواوەتی ڕووی ڕەشـی ڕژێمیـان بـە جیهانی ئینسانی ڕاگەیاند بە تایبەتی ڕووی هەرەڕەشیان لە کاریسەی هەڵەبجەی ڕەنجـەڕۆدا کە لە ١٦ـ١٩٨٨/٣/١٧دا، (٥،٠٠٠) هەزار منـداڵ و ژن و پیـر و جـەوان وەك گـەڵای پـاییز بـە غازی (سیانید) هەڵوەران و زیاتریش لە (١٠،٠٠٠) هەزاریان بریندار بوون و بگرە نـەك هـەر ئینسـان، تەنانـەت ئـەوەی ژیـانی تێیـدا بێـت لـە ناوچەکـەدا نـەما، بۆیـە زۆر لـە ڕێکخـراوە مرۆڤایەتییـە جیهانییـەکان تەئییـدی ئەمـەیان کـردووە کـە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ ببێتـە ڕۆژی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی لە جیهاندا، ئومێد دەکەین نەتـەوە یـەکگرتووەکانیش بڕیـاری لەسـەر بـدات و ببێتـە ڕۆژێکـی جیهـانی و ڕۆڵـی مونەزەمـەی عـەفوی دەولـی و زۆربـەی مونـەزەماتی حقـوقی ئینسـان لـە وڵاتـانی غـەرب و لـە نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا و لێژنـەی تەزامون لەگەڵ میللەتی کورد، کە لە شەخسیاتی سیاسـی و ئینسـانی حەڤـدە دەوڵـەت پێـك هـاتووە و چەنـدین دەوڵـەت و لیژانـی تـەزامونی تـر و کـۆنگرەی نێودەوڵـەتی سوسـیال دیموکرات لە (ستۆکهۆڵم) کە وەفدی بەرەی کوردستانی عێراقی، بـە سـەرۆکایەتی سـەرۆکی پارتیمان بەشداری تێدا کردووە. لـەو کۆنگرەیـەدا بـەڕێز (وەلیـد جـونبلات) سـەرۆکی حزبـی ئیشتراکی تەقەدومی لوبنان تا ڕادەیـەکی زۆر هاوکـاری وەفـدی بـەرەی کوردسـتانی عێراقـی کـرد، ڕۆڵێکـی زۆر لێهـاتوو و سوودبەخشـیان هـەبوو، کـە هەمیشـە جـەماوەری کوردسـتانی عێراق بگرە جەماوەری دڵسۆزی عێراق بەوپەڕی ڕێز و ئومێدەوە سەیری پارتیمانیان کـردووە و ئێستاش بە تەواوەتی بە پێشـڕەوی بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کـوردی دەناسـن. بێگومـان وەفدمان زۆر بە باشی موشکیلەی کوردیان بە گشتی و بە چاکی، نیشانی کـۆنگرە دا، لەگـەڵ

جەریمـەکانی عێراقـدا، بـە تایبـەتی شـەڕی ئیبـادەی ڕژێمـی بەعسـی عەفلـەقی و سـەدامی خوێنڕێژ.

بێگومــان لەلایــەن زۆربــەی زۆری (٨٠) وەفــدی ئــەحزابی سۆشــیال دیمــوکرات و میوانــەکانیان تــا ڕادەیــەکی زۆر جێگــەی تەئییــد بــوو و سوپاســیان دەکــەین. پێویســتە پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو ئـەو ئـەحزاب و ڕێکخراوانـە و شەخسیاتی سیاسـی و عیلمـی و ئینسانی بەهێز بکـەین و موتابەعـەی ئینجازەکانیـان بکـەین بـە باشـی. لـەم دواییەشـدا، لـە ١٤ـ١٥/١٠/١٩٨٩دا، (کۆنگرەی پاریس) بە سەرپەرستی (مادام میتران) و هاوکاری (ئینستیتوی کورد) لە پاریس، لەسـەر مـافی ئینسـانی و هەویـەی فەرهـەنگی گـەلی کـورد، ڕۆڵێکـی زۆر باشیان هەبوو، تەنانەت زیاتر لە (٣٠٠) کەس لە شەخسیاتی جیهانی لـە غـەرب و شـەرقدا و ئەحزاب و ڕێکخراوەکانی هەموو پارچەکانی کوردسـتان تێـدا بەشـدار بـوون. وتـاری باشـیان پێشکەش کرد لە بارەی ماف و ئازادییە پێشـێلکراوەکانی نەتـەوەی کـوردەوە. وەکـو گـەلێکی بیست و پێنج ملیونی لەلایەن بەشداربووانەوە زۆر باس و قسە و موناقشە کرا. لـە ئەنجامـدا کۆنگرە گەیشتە چەند بڕیارێکی زۆر باش، لە بەرژەوندی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، کـە لە هەمووشیان گرنگتر، داوا بکرێـت لـە نەتـەوە یـەکگرتووەکان کـە هەیئـەتێکی کـوردی لـە نوێنەرانی هەموو پارچەکانی کوردستان وەکـو (موراقیـب) بـۆ چـاودێری و پارێزگـاری مـافی ئینسـانی و نەتـەوەیی کـورد، قـەبوڵ بکـەن و بـە ڕەسـمییش بیانناسـن. واتـە بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە جیهاندا تا ڕادەیەکی زۆر، دیفاعی لە مافی ئینسانی کوردی و هەویە و فەرهەنگی کوردی وەرگرتووە، کە بەمە بزووتنەوەکەمان کەوتووەتە مەوقیعیکی تازەوە، بۆیە پێویستە زۆرترین و گەورەترین سـوودی لـێ وەربگـرین، بـە تایبـەتی کـە ئێسـتا لـە هـەموو کاتێکی تری ڕابردوو، بۆ کامپی سوشیالیستی و کامپی سەرمایەداری غەرب، مەعلوم بووە کـە موشکیلەی کوردی بە گشتی لە ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاستدا و لە عێراق بە تایبـەتی بـەرەو حەلی سلمی و دیموکراتی نـەڕۆن، لـەو کیانـە موشـتەرەکانەی تێیـدا دەژیـن، ئیسـتیقرار لـە ناوچەکەدا ناچەسپێت و گیروگرفت هەر پەیدا دەبێت و پەرە دەستێنێ و بـە زەرەری ئاشـتی جیهانی و بە پێچەوانەی بەرژەوندی و ئاواتی ڕەوای گەلەکەمان ناوچەکە تەواو دەبێت.

پێویســتە پــارتیمان و بــەرەی کوردســتانی عێراقــی، لــە ئاســتی بــەرزی ئــەم زرووفــە مەوزوعییەی بزووتنەوەکەماندا بن؛ شەو بکەنـە ڕۆژ و بـە هـەموو ئـسلوبێکی تـری خـەبات شانبەشانی خەباتی پارتیزانی نوێ تێ بکۆشن و گرنگییەکی تایبەتیش بدرێتە خەباتی سیاسی، دیبلوماسـی، تـەنزیمی، ئیعلامـی و ئینسـانی، بـۆ ئـەوەی میللەتەکـەمان لـەم دەربـەدەری و

هەژاری و میحنەتەی تێیدا دەژی، ڕزگار بکەین.

شـەڕی نێـوان عێـراق و ئێـران و هەڵوێسـتی پـارتیمان و هێزەکـانی بەرهەڵسـتکاری کوردسـتانی و عێراقـی بەرامبـەری بـە ڕووخانـدنی ڕژێمـی شـای گۆڕبـەگۆڕ و سـەرکەوتنی شۆڕشی ئێران بارودۆخێکی نوێ لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتە کایەوە دژ بە پیلان و مەبەستە ناڕەواکانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و دەرگایەکی فراوان کەوتە سەر پشت کە لـە بەرژەوەندی بزووتنەوەی ئـازادی و پێشـکەوتنخوازی گـەلان بـوو، لـە وانـەش گـەلی کـوردی سـتەمدیدە و مافخوراومـان. بۆیـە هەڵویسـتی پـارتیمان بەرامبـەر بـەو شۆڕشـە، لـە یەکـەم ڕۆژیەوە، بگـرە لـە پـێش سەرکەوتنیشـی هەڵوێسـتی پشـتگیری و دوسـتایەتی بـوو. بڕیـاری کۆنگرەی نۆیەم کە لە ١٩٧٩/١١/١٤دا، بەسترا، دەڵێت :

"کۆنگرەکەمان پشـتیوانی لـە شۆڕشـی سـەرکەوتووی گـەلانی ئێـران، بـە سـەرکردایەتی (ئیمام خومەینی) دەکات، ئـەو شۆڕشـەی کـە ڕژێمـی شـای نۆکـەر کۆڵەکـەی ئیمپریـالیزمی ئـەمریکی و زایـۆنیزمی جیهـانی و کۆنەپەرسـتی ناوچەکـە و داروودەسـتەیان لـە لێـدانی بزووتنـەوەکانی ڕزگـاریخوازی ڕووخانـد. ئامـادەیـی خۆشـی ڕادەگـەیێنێ بـۆ پتـەوکردنی پەیوەندییـەکانی دوسـتایەتی لەگـەڵ کۆمـاری ئیسـلامی بـۆ سـەقامگیرکردنی کۆڵەکـەکانی، ئـەویش لـە ڕێگـای هەوڵـدان بـۆ یەکخسـتنی گشـت هێـزە ئیسـلامی و دیمـوکراتی و پێشکەوتنخوازەکان لە دەوروبەری ئاڵاکەیدا، بۆ هەڵکێشانی ڕەگ و ڕیشەی ئەو پیلانانەی کە لەلایـەن ئیمپریـالیزمی ئـەمریکی و زایـۆنیزم و کۆنەپەرسـتی و ڕژێمـی بەعسـی فاشـی لـە عێراقەوە لە دژیدا دەگێڕدرێن".

لەم بڕیارەی کە (١٠) ساڵی ڕێکی عومرە و گونجاو بووە لەگەڵ بـارودۆخی ئـەو کاتـەی ناوچەکە و بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان شانبەشانی بڕیارەکـانی تـری کـۆنگرەی نۆیەم، ئاگاداری و مەوزوعیەتی پارتیمان بەرامبەر بە ڕووداوەکانی ئەو سـەردەمە بـە ڕوونـی دەردەکەوێ. ئیمپریالیزمی جیهانی و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی ناوچەکە کتوپڕ کەوتنە پیلان بۆ هێرشبردنە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هیوای لەناوبردنی و گەڕانەوەی ئێران بۆ پاشکوی ئیمپریالیزم و ڕژێمـەکانی سـەر بـە خۆیـان لـە ناوچەکـەدا، بێگومـان ڕژێمـی فاشـی بەغـدا، سەرەڕمی جێبەجێکردنی ئەو پیلانە گڵاوانە بوو، زاتییەن لە واقیعێکـی ئـابووری و عەسـکەری و سیاسی موناسبدا بوو، لە دەرەوەش وەکـو گوتمـان لەلایـەن غەربـەوە بـەڵێنی یارمەتیـدانی مالی بێ ڕادەی وەرگرتبوو، ئەوە بوو کە لە ١٩٨٠/٩/٢٢دا، ڕژێمی دیکتاتۆری عێـراق ئیعلانـی شەڕی دژی ئێران کرد و جەیشی عێراقی لە چەند میحوەرەوە لە جنوب و وەسەت گـەلێ لـە

ناوچەکانی ئێرانی، داگیر کرد. پێشتریش ئیعلانی ئیلغاکردنی ڕێکەوتننامەی (٦)ی ئازاری جەزائیری کردبوو، کە ڕێك کەوتن لەگەڵ شا لە سەری، شۆڕشی مەزنی ئەیلولی نیشتمانییان لەناو برد کە گەورەترین پیلانی (کیسنجەر ـ شا) بوو، دژی بزووتنەوەکانی ئازادیخوازی ناوچەکە بەگشتی و دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و ڕێبازی دیموکراتی و پێشکەوتنخوازی عێراقی بە تایبەتی، بە هیوای ئەوەی بزووتنەوەی کوردایەتی بۆ ماوەیەکی زۆر هەڵناداتەوە و عێراقیش بە تەواوەتی دەگەڕێنرێتەوە (پاشکۆی غەرب) بۆ ماوەیەکی زۆری درێژخایەن، مەساڵیحی غەرب و ڕەجعیەتی ناوچەکە دەپارێزرێت.

هەموو لە هەمووش دەبنە سەدێکی بەهێز دژی بیروڕا و سیاسەتی ڕژێمەکانی دژ بە ئیمپریالیزم لە ناوچەکەدا. تەنازولی سەدامی خوێنڕێژ بۆ شا لە جەزائیر، و لە دەستدانی نیوەی (شط العرب) و گەلێ ئەرازی عێراقی لە مەترسی و بەهێزبوونی شۆڕشی کوردستانی عێراق، بە ڕابەری پارتیمان و سەرۆکایەتی بارزانی نەمر بوو، بۆ ئەوە ئەو تەنازولەی کرد، کە ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بە کوردستانی عێراق نەدات، چونکە باوەڕیان بەو حەلە عیلمییە نەبووە و ڕەنگە هەر نەشبێت، چونکە بەلای ئەو و حزبەکەیان ڕەجعییەتی عەرەبییەوە "العراق جزء من الامة العربية"، نەك "الشعب العربي في العراق، جزء من الأمة العربي" ـ "والعراق العربي جزء من الوطن العربي" و "كوردستان العراق جزء من كوردستان" و "الشعب الكوردي في العراق جزء من الامة الكوردية" لە تەقییمی شۆڕشی ئەیلولیش لە کوراسی پارتیمان بە ناوی "طريق الحركة التحررية الكوردية"، (تقييم ثورة ئەيلول) هەڵەکانی فیکری و سیاسی و عەسکەری و تەنزیمی و ئیداری خۆشمان تا ڕادەیەکی موناسب نیشان دراون، کە چۆن بەیانی ١١ی ئازاری مێژوویی ساڵی ١٩٧٠مان، لە دەست داوە، بۆیە دووپاتکردنەوەیان بە پێویست نازانین. بە لێدانی شۆڕشی ئەیلول و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراقدا، عێراقی دیموکراتی پێشکەوتنخوازیش لەدەست چوو و گۆڕا بە ڕژێمێکی دیکتاتۆری شۆڤێنی و دارودەستەی بێ شەرت و شروتی ئیمپریالیزمی ئەمریکی و ڕەجعییەتی ناوچەکە تا ڕادەیەکی زۆر، کە گەلی عێراقی بە گشتی و میللەتی کورد لە عێراقدا لەبەر زوڵم و زۆر و شەڕی ئیبادە دەناڵێنن و، ئەگەر سەرکەوتنی شۆڕشی میللەتانی ئێران نەبوایە، هەناسەی میللەتانی ئازادیخواز و هێزەکانی دیموکراتی و پێشکەوتنخواز و نیشتمانی و ئیسلامی تا ڕادەیەك کپ کرابوون.

هیوادارین هەموو لە هەموومان هەڵوەستەیەکی باش بکەین و بتوانین لە زیانەکانی ئەو هەڵسەنگاندنانەی نادروستن ڕزگار ببین و هێز و توانای پێویستیان تەئمین بکەین. بە

هیوای ڕزگاربوونمان و گەیشتن بە ئامانجەکانمان کە ئێمەی کوردی عێراق و پارتی و بەرەی کوردستانی عێراقی لە هەموو گەلی عێراقی و ناوچەیی و هێزەکانی دیموکراتی و پێشکەوتنخواز و قەومی عەرەبی و ئیسلامی زیاتر زیانمان پێ کەوتووە. تەنانەت وەکو لە پێشەوە ڕوونمان کردووەتەوە، نزیك دوو تەقسیم سێی کوردستانی عێراق کاولکراوە و میللەتەکەش ڕاگوێزراوە و تەنانەت زیاتر لە نیو ملیون کەس دەربەدەری وڵاتانی دەرەوە بوون؛ بوون بە پەناهەندە کە لە ژیانی دەربەدەری و هەژاری و تا ڕادەیەك بێڕێزیدا دەژین.

نزیکەی (٨،٠٠٠) لە برا بارزانییەکان لە ئۆردوگای زۆرەملێی عەفلەقی، بە ناوی ئەسیری شەڕ بردران بۆ خوارووی عێراق کە ئێستا و ئێستاش مەسیری هیچ کامێکیان نەزانراوە هەروەك چۆن برا فەیلییەکانیش دەرکران و هەرچی پارە و موڵك و جنسیە و موستەمسەکاتیان هەبوو لێیان زەوت کرا. لێرەدا پێویستە تەئکید بکەینە سەر ئەوەی کە ڕاستی و دروستی خەبات و ڕێبازی بزووتنەوەی کورد و سەرکەوتنی لە چەسپاندنی سەرەتاکانی سیاسەتێکی هاوژیانی و هاوپەیمانێتی لەگەڵ گەلانی تر و، سەرکەوتنی دیموکراتییەت تەنها زامنی چارەسەری مەسەلەی کوردن، بە تایبەتی لە کوردستانی عێراقیش تەنها بەم جورە دەتوانین ڕێگا لە ڕەجعییەت و شۆڤێنییەتی عەرەبی بە گشتی و سەدام و داروودەستەکەی بە تایبەتی بگرین کە دەڵێن خاکی کوردستان عەرەبیە و، هەر لەو ڕوانگەشەوە قەومییەی کوردی و مەسەلەی کوردی بە خەتەر لەسەر ئەمنی (قوتری)دادەنێن. وەك لە ڕاپۆرتی کۆنگرەی یازدەیەمی قەومی حزبەکەیان لە پاییزی ساڵی ١٩٧٧دا، باسی دەکەن و لە ڕۆژنامەی (الثورة)ی نیسانی ساڵی ١٩٧٩ بڵاو کرایەوە. ئەمەش بۆچوونێکی شۆڤێنیستانەیە کە ڕیشە و بناغەی ئەو سیاسەتە ڕەگەزپەرەستانەیەی ڕژێمی عێراقە بەرامبەر بە میللەتی کورد. دەبێ هەوڵ بدەین بەرپەچی ئەو بۆچوون و ئایدێولوجیەتە بدەینەوە، هەروەها لەگەڵ هەموو هێزە ئازادیخواز و دیموکراتی و تێگەیشتووەکانی عەرەبی ڕوونی بکەینەوە کە :

ئایدلۆجییەتی شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستانەی حزبی بەعس، هۆکاری ئەساسی ئەو کوشت و کوشتار و وێرانکارییەی کوردستانی عێراقە. واتە دەبێ وەڵامی ئەو بۆچوونە شۆڤێنیستانەیە، بە هەڵوێستی قووڵی دیموکراتی و پێشکەوتنخوازانە، بدەینەوە.

هەروەها دەبێ باشیش بزانین کە ئەم جۆرە بۆچوونانە ئەوە ڕادەگەیەنن کە ئێمەی کورد ئەقەلییەتێکی قەومین لە وەتەنیی عەرەبیدا، نەك کیانی سیاسی موشتەرەکی عێراقی کە لە ساڵی ١٩٢١ەوە، لە دوو قەومییەتی سەرەکی پێك هاتووە، کە قەومییەتی عەرەبی و

قەومییـەتی کوردییـە لەگـەڵ کەمایەتییـەکانی نەتـەوەیی. بێگومـان تـا ئێسـتاش سـەدام و حزبەکـەی و ڕژێمەکـەی و قیـادە قەومییەکـەی نـەك لـەم بیـروڕا شـۆڤێنییانە و ناعیلمیانـە ڕزگاریان نەبووە، تەنانەت تەنزیریشیان کردووە و بەوپەڕی دڕندایەتیشـەوە لەسـەری دەڕۆن بۆ ئەوەی واقعیی سوکانی کوردستان بگۆڕن و بە تەواوەتی تەعریبی بکەن، بۆیە بڕیارمان لە کۆنگرەی نۆیەمەوە، دەربارەی تەعریب و بە عەرەبکردنی کوردستان و ئیستیتان ئەمەیە :

بڕیارێك دەربارەی کۆچپێکردن و نیشتەجێکردنەوەی ڕەگەزپەرستانە:

تێدەکۆشین لە پێناو وەستاندنی کردەوەکانی ڕژێمـی تکریتـی فاشـیی گومـانلێکراو، لـە کـۆچپێکردن و بـە عـەرەبکردن لـە کوردسـتاندا، کـە دژی گـەلی کوردمـان ئـەنجامی داوە و ڕاماڵینی هەموو شوێنەوارەکانی، کە پێویستە لەسەر هێزەکانی پێشکەوتنخواز و نیشـتمانی و ئیسلامی عێراقی و عەرەبی و جیهانی لە ئێمـە زیـاتر بەربـەرەکانی گـۆڕینی واقیعـی قـەومی کوردستان بکەن، چونکە گەورەترین زیان بە برایەتی کورد و عەرەب دەگەیەنێ، بـە خـەباتی هاوبەشـیان دەگەیـەنێ، بـە ڕابـردووی ڕوونـاکی مێژوویـیـان دەگەیـەنێ، کـە خـوێنمان لـە سەنگەرێکدا تێکەڵ بـووە، لـە دژی ئیسـتیعمار و داگیرکـەرەکان بگـرە لـە زەمـانی قارەمـانی ئیسـلامەوە، صـلاح الـدین الایـوبی کـورد، تـاکو ئێسـتاش سـەرەڕای ئەمانـەش، نەفسـییەن تەئسـیرێکی زۆر دەکاتـە سـەر میللـەتی کـورد و وای لـێ دەکـات کـە بـاوەڕی بـە کیـانی موشتەرەکیش زۆر کەم بێتەوە و بیر لەگەڵێ ئەسالیبی ئیستیسنائی بکاتەوە بۆ دیفاع لە ماف و کەرامەتی؛ کە بێگومان ئەو کاتە لە دەست هەموو لایەك دەردەچن و دوژمنـانی سـەرەکی کورد و عەرەب سوودیان لێ وەردەگرن.

واتـە پێویسـتە هێزەکـانی پێشـکەوتنخوازی عێراقـی و عـەرەبی و جیهـانی، ئـەم هەڵـە فیکری سیاسییانە زیندە بە چاڵ بکەن، بـۆ ئـەوەی حـەلی موشـکیلەی کـورد لـە عێراقـدا لـە چوارچێوەی موشتەرەکدا بکەوێتە سەر سکەی حەلێکی سلمی و دیموکراتی.

بـە حیسـاباتی، سـەدام، دەیتـوانی جێگـەی شـای گۆڕبـەگۆڕ، کـە بـە شـڕوتی خـەلیج نـاودەبردرا، بگرێتـەوە. ناوچـەکانی نـەوتی ئـەهواز و ئابـادانیش بخاتـەوە سـەر عێـراق، بـە حیساباتی خۆشیان، کە هێرشیان بردە سەر ئێران موقاوەمەت بەرامبەریان زۆر کـەم دەبێـت. کە بێگومان هەڵەیەکی زۆر گـەورە بـوو و بـە پێچەوانـەوە بـەرەنگاری موقاوەمـەی سـەختی جەماوەری ئێران بوون، کە لە ماوەی هەشت ساڵی شەڕدا خۆی نواند و بەلای ئێمەوە ئەگـەر کاربەدەستانی جمهوری ئیسلامیی ئێران بە چاکی واقیعی عێراقیان دراسـەت کردبـا و لەسـەر ئەساسـەکی ڕاسـت و بەرژەوەنـدی موشـتەرەك هاوکـاری موعـارەزەی عێراقـی بـە گشـتی و

موعارەزەی کوردییان بە تایبەتی کردبا، دڵنیا بووین کە ڕژێمی فاشی بەغدا لەناوبردرا بوو.

نەك ئێمەی پارتیش، تەنانەت هەموو هێزەکانی موعارەزەی کوردستانی و عێراقی، بە ڕاستیمان زانی کە سوود لەم سیراعە لە ناوچەکەدا وەربگرین بە دۆستایەتی لەگەڵ جمهوری ئیسلامیی ئێراندا، بە مەرجێك ئیستیقلالی خۆمان بپارێزین و خاوەنی قەراری خۆمان بین و بگەین بە ئامانجەکانی سیاسیمان، چونکە سەدام و ڕژێمەکەی هەڵگیرسێنەری شەڕەکە بوون، بە پشتیوانی ئیمپریالیزم و دووەلی ڕەجعی ناوچەکە، بە بێ ئەوەی ڕەئی گەلی عێراق و پێشڕەوەکانی وەربگرێت.

گەلی عێراق بە کورد و عەرەبەوە، دووچاری ئەم شەڕە کاولکەرە کران، کە بە زیانێکی هەرە زۆری گیانی و مالی عێراق و ئێران تەواو بوو. هەر دوو وڵاتەکە کاول بوون بە تایبەتی نزیك سنوورەکان، لە ئەنجامی درێژەپێدانی شەڕەکە و ڕانەوەستانی خەسارەتی گیانی عێراق بە (٣٠٠،٠٠٠) هەزار کەس کوژراو لەگەڵ نیو ملیۆن کەس بریندار و پەککەوتوو، تەقدیر کراوە.

خەسارەتی مالی بە (١٦٣) ملیار دۆلار تەقدیر کراوە، بۆیە گەلێ تەیارات و تەقییماتی جیاجیا، لە عێراق و وڵاتانی عەرەبی و تەنانەت لە جمهوری ئیسلامیی ئێرانیش پەیدا بووبوون، هەموویان یان زۆربەی زۆریان بە هیوای کوتاییهێنان بە شەڕەکە، لەسەر ئەساسێکی عادیلانەی ئاشتیخوازانە، کە بە چاکی ڕەچاوی حقوقی گەلی عێراقی و میللەتانی ئێران بکرێت.

لە ڕووی پاراستنی ئیستیقلالی عێراق و ئێران و هەقی حاکمییەتیان لەسەر تەواوی وڵاتی خۆیان و، دەستنیشانکردنی (موعتەدی) و شەڕهەڵگیرسێنەر و سزادانی، لێرەدا پێویستە زۆر بە مەوزوعییەتەوە، تەبیعەتی شەڕەکە و هەڵوێستی خۆمان و هێزەکانی بەرهەڵستکاری کوردستانی و عێراقی بۆ هەموو لایەکتان بە باشی ڕوون بکەینەوە، چونکە گەلێ پرسیاری هەیە لەسەری و بگرە گەلێ مەواقیعی جیاجیا بەرامبەری پەیدا بووبوو، تەنانەت تا ئێستا ڕوونکردنەوەی واقیعی و مەوزوعی لەسەر نەکراوە.

بێگومان تەبیعەتی شەڕەکە بە نیسبەت عێراقەوە، شەڕێکی وەتەنی نەبووە، بگرە شەڕێکی تەوەسوعی بووە و بە نیسبەت ئێرانەوەش شەڕێکی دیفاعی بووە، ئەمە لە لایەکی ترەوە کە بە ئاراستەی ئیمپریالیزمی ئەمریکی و هەندێ لە دوەلی ڕەجعی ناوچەکە هەڵگیرسێنرابوو. گەورەترین و پیسترین ئیستیغلال کرا لەلایەن غەرب و ڕەجعییەتەوە بە تەعریب و تەدویلی بۆ ئەوەی میزانی قیوا بۆ سالحی عێراق بگۆڕن و نفوزی سیاسی و

عەسکەری خۆشیان لە ناوچەکەدا زیاتر بکەن، بازاری چەکفرۆشتنیان لە هەموو ڕێگەیەکەوە و بە هەموو ئسلوبێك زیاتر بکەن و هەناسەی میللەتانی ئازادیخوازیش لە ناوچەکەدا نەهێڵن و، ئێرانیش ناچار بکەن بۆ گەڕانەوەی بۆ پاشکۆی غەرب، یان لە ناوبردنی ڕژێمی جمهوری ئیسلامی بە تەواوی. لەگەڵ ئەمەشدا هێزی موقاوەمەتی میللەتانی ئێران زۆر کز نەبووبوو، بەڵام لەبەر هەڵەکانیان کە لە پێشەوەش نیشانمان داون، خرانە مەوقیعی (عوزلەتی جیهانییەوە) لەگەڵ تەدەخولی موباشیری ئەمریکی لە خەلیج هەمووی بە زیانی خۆیان و دۆستەکانیان و، بە قازانجی سەدام و ڕژێمەکەی و غەرب تەواو بوو، تا ڕادەیەکی زۆر.

ئەوە بوو کە بڕیاری (٥٩٨) وەرگیرا، دەبوایە لە مەوقیعی قووەتەوە قەبوڵیان بکردایە. ئەمە لە لایەك لە لایەکی تریشەوە، باشتر بوو کە پێش قەبوڵکردنی هێزەکانی موعارەزەی کوردستانی و عێراقیش ئاگادار بکردابانایە، چونکە کەموکوڕی بنچینەیی لە بڕیاری (٥٩٨)دا هەیە، کە دەبوایە ئێران بە تەواوەتی نیشانی بدایە، کە تەجاهولی هەڵگیرساندنی شەڕی دووەمی عێراقی کردووە، دژی گەلی عێراق بە گشتی و میللەتی کورد لە کوردستانی عێراقدا بە تایبەتی. واتە مەجلیسی ئەمن بە وردی هۆی سەرەکی ڕێکەوتننامەی (٦)ی ئازاری جەزائیر و ئیلغاکردنەوەی لەلایەن ڕژێمی سەدامەوە کە هۆی سەرەکی هێرشی سەدام و ڕژێمەکەیەتی بۆ سەر ئێران، جگە لە نیازە گڵاوەکانی عەرەب و ڕەجعییەتی ناوچەکە، وەکو پێویست دراسەت نەکرابوو.

پاش قبوڵی ئێران بۆ قەراری (٥٩٨) و وەستاندنی شەڕی عێراق و ئێران، سەدام و ڕژێمەکەی بەوپەڕی دڕندایەتییەوە، هێرشیان هێنایە سەر هێزەکانی بەرهەڵستکاری کوردستانی و عێراقی بە گشتی و، بۆ سەر هێزەکانی پارتیمان بە تایبەتی لە ناوچەکانی سیدەکان و مێرگەسۆر، بە هەرە دڕندایەتی لە ناوچەی خواکوڕك لە ١٩٨٨/٧/١٩دا و ناوچەکانی لقی یەکی قارەمان لە پارێزگای دهۆك و موسڵ. لە خواکوڕك، برا پێشمەرگەکانمان لە ماوەی (٥٢) ڕۆژدا، گەورەترین و فیداکاریترین پارێزگارییان لە ناوچەی ئازاد و میللەتەکەیان کرد، کە زۆر بە شانازییەوە دەڵێین، شەڕی وەها قارەمانانەی پێشمەرگەکانمان لە مێژووی شۆڕشەکانی تری کوردستاندا نەبیستراوە. بەمەش لێنەگەڕان، تەرکیزێکی زۆریان کردە سەر ناوچەکانی لقی یەك لە پارێزگای دهۆك و موسڵ لە ١٩٨٨/٨/٢٥ تا ١٩٨٨/٨/٢٩دا، بە تەرکیزێکی زۆری هێزی جەیش و جاش، بە تانك و تەیارە و بە چەکی کیمیایی و بە چەکی بایۆلۆجی، ژیانیان لە ناوچەکاندا بڕی، بۆ ئەوەی نیشانی جیهانی بدەن کە هێزەکانی

بەرهەڵستکاری کوردستانی و عێراقی بە گشتی و هێزەکانی پارتی بە تایبەتی نەهایەتیان پێهێنرا و ناوچەی ئازادکراو، لە کوردستانی عێراقدا نەماوە و ببڕای ببڕ سەر دەرهێنانیان بۆ ناکرێت.

لێرەدا پێویستە هەڵوەستەیەك بکەین و زۆر بە وردی و مەوزوعییەتەوە، وەزعی ئێستامان و دوا ڕۆژیشمان بەرچاو بکەین و بە باشی لە هێندێ تەقییماتدا ڕەخنە لەسەر ئەوە هەیە کە (موراهەنە لەسەر شەڕ کراوە)

ڕەخنەگرتن و ڕەخنە لەخۆگرتن زۆر پیرۆزە، بگرە پیرۆزە چونکە هێزی بزوێنەرە بۆ پتەوی عیلاقات لە نێوان هێزەکانی بەرهەڵستکاری کوردستانی و عێراقیدا، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت ئێمەی پارتی هەوڵمان داوە کەڵك لە زروفی مەوزوعی وەربگرین بە تایبەتی کە ئیستیقلالیەتی خۆمان پاراستبوو و خاوەن قەراری خۆمان بووین و خۆشمان بەهێز کردبوو، کە لە بەرژەوەندی بزووتنەوەی کوردایەتی و دیموکراتی عێراق بووە، نەك هەر ئێمەش، بگرە زۆربەی لایەنەکانی عێراقی بە گشتی و هی کوردستانی بە تایبەتی، وەکو ئێمە، تەنانەت لە ئێمەش زیاتر، ویستوویانە کەڵك لەو زروفە وەربگرن.

لە ئەنجامی ئەمەدا، هێزەکانی دوژمن گەلێ لە ناوچەکانی کوردستانیان بە ئینسیحاب بۆ جەبهەی وەسەت و جنوب، یان بە قووەت پێ چۆڵ کرا. ناوچەکانی ئازادکراومان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبوون، وره و وزەی میللەت و پێشمەرگە زۆر بەرز بووبووەوە، ناوچەکانی لە ساڵی ١٩٧٥ تا ١٩٧٨ ڕاگوێزران بە چاکی ئاوەدان بوونەوە، ژیانی میللەت و پێشمەرگە گەشایەوە لە (زاخۆ تا خانەقین).

بە پێکهێنانی بەرەی (جود) و بەرەی (کوردستانی ـ عێراقی)، هیوا و ئاواتی گەلی عێراق بە گشتی و، هی میللەتی کورد بە تایبەتی زۆر بەرز و پڕئومێد بوونەوە. هەموو لە هەموومان باوەڕیمان بە سەرکەوتنی نیهائی زۆر بەهێز بووبوو، چونکە میزانی قوات لە بەرژەوەندی ئێمەدا بوو.

ڕەخنەی هەرە زۆرمان لە خۆمان و لە هێزەکانی موعارەزەی کوردستانی و عێراقی ئەمەیە، کە وەکو پێویستە، سوودمان لە زروفی مەوزوعی وەرنەگرتووە، چونکە ئەوەی ڕاستی بێت زروفی زاتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراقدا و، بزووتنەوەی نیشتمانی و دیموکراتی و ئیسلامی لە عێراقدا، لە ئاستی بەرزی زروفی مەوزوعی نەبوون و بەداخەوە کە ئێستاش نینە، بۆیە دوژمن توانی ئەو زەڕبە عەسکەرییە گەورەیەمان لێ بدات.

واتە ئێمە تا ڕادەیەك ئینتیلاقەن لە بەرژەوەندی هەرەبەرزی گەلی عێراقی و میللەتی

کوردەوە، هەنگاومان هاوێشتووە، بێگومان دووپاتیش دەکەینەوە کە شۆڕشی پیرۆزی (٢٦) گوڵانی نیشتمانی پێشکەوتنخوازی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٦ەوە، هەڵگیرساوە، تەحەدای واقیعێکی زۆر تاڵ و دژواری کرد، پاش نەکسەی ساڵی ١٩٧٥ی، شۆڕشی مەزنی ئەیلول بەردەوام بوو و بەردەوامیش دەبێت لە خەباتی بێوچانی تا دەگات بە ئەهدافەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی کوردستانی و عێراقی. بە شەڕوەستاندنی عێراق و ئێران و بە زەربەیەکی عەسکەری لە دوژمنەوە، نە دروشمی خۆی و نە ئیدامە بە شۆڕشی خۆی لە هەموو ڕوویەکەوە دەگۆڕێت، چونکە ڕۆژێك لە ڕۆژان شۆڕشەکەمان نەبەستووەتەوە بە شەڕی عێراق و ئێرانەوە، بۆیە هەق نییە مەسئولییەتەکەی شەڕ وەستاندنی عێراق و ئێران بەبێ وستاندنی شەڕ لە کوردستاندا کاولکردنی کوردستان و لێدانی شۆڕشی کوردستان تا ڕادەیەك بخرێتە سەر ئەستۆی چەند تەرەفیك، بگرە ئەو هەڵەیە هەمووومان دەگرێتەوە. لێرەشدا دەبێت دەست لەسەر ئەوە دابنرێت کە زیانی میللەتی کورد لەم شەڕەدا زۆر گەورە بوو و ئەم زەرەرەش هەموو لایەنەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردی گرتووەتەوە، بە تایبەتی کە لە نەتائیجی شەڕەکە کاولکردنی نزیکەی (دوو تەقسیم سێی) کوردستان بووە؛ ملیۆنێك و چوارسەد هەزار کەس لە (٤،٠٠٠) هەزار گوند و ناحیە و قەزاکانی کوردستان ڕاگوێزراون بۆ ئۆردوگاکانی زۆرەملێی عەفلەقی؛ زیاتر لە نیو ملیۆن کورد دەربەدەر بوون، لە وڵاتانی ئێران، تورکیا، ئەوروپا، ئەمریکا، کەنەدا و ئوستورالیا و بوون بە پەناهەندە و لە ژیانی دەربەدەریدا دەژین، دوورن لە ولاتیان، لە کەسوکاریان، لە شار و گوندەکانیان، لە سەروەت و سامانیان، کە بێگومان ئەم دەربەدەرییە نەفسیەتێکی تازەی بۆ میللەتی کورد پەیدا کردووە لە وڵات و دەرەوەی وڵات، کە تەئسیرێکی زۆر خراپ دەخاتە سەر برایەتی کورد و عەرەب، لەسەر خەباتی هاوبەشیان، لەسەر کیانی موشتەرەکیان، لەسەر ڕابردووی خۆینتێکەڵاوییان لە یەك سەنگەردا. بێگومان ئەگەر پێش شەڕی عێراق و ئێران، بەرەی کوردستانی عێراقی دروست ببوایە و شەڕی براکوژی کۆتایی پێ هێندرابایە و چیتر خەریکی یەك و شەڕی لابەلا [نەبوونایە]، مەشاکلی لابەلا بەلاوە بنرایە و هەموو لایەکمان هەنگاومان لەبەر تیشکی بەرژەوەندی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و بزووتنەوەی دیموکراتی بهاوێژتایە، بە تەواوەتی لەبەر تیشکی (میثاق) و نیزامی داخلی بەرەی کوردستانی ڕەفتار بکرایە، واتە ئینسیجامی تەواو هەبوایە لە نێوان لایەنەکانیدا، بە ئیسلوبێکی عیلمی و سیاسی بۆ حەلی موشکیلەی تەناقوزاتی سەرەکی و تەناقوزاتی سانەوەی بچووینایە و هەوڵێکی بێڕادەش بدرایە بۆ بەرەی بەرفراوانی عێراقی، لەبەر تیشکی ڕەئیمان لەسەر

چۆنیەتی پێکهاتنی، هەر وەکو لە پێشەوە نیشانمان داوە و سەرکردایەتیەکی سیاسی ڕێکوپێك لە بەرەی کوردستانی عێراقی بە تایبەتی و بەرەی بەرفراوانی عێراقی بە گشتی دروست بوونایە، پڕ باوەڕ بە گیانی بەرەیی و ئامانجەکانی گەلی عێراقی و میللەتی کورد، دەمانتوانی گەلێ سوود لە زروفی مەوزوعی هەڵکەوتوو وەربگرین، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەی کە ئەو ڕێکەوتنە سیاسی و عەسکەری و بەرەییانە نەبوون، زیانێکی زۆرمان لێ کەوت و ئیعترافی پێ دەکەین کە لە شەڕی عێراق و ئێراندا تەنانەت کوردستان کاول بووە، وەکو لە پێشەوە نیشانما داون هەر چەندە دوژمن لە ساڵی ١٩٦٣ەوە، دەستی کردووە بە تەعریبکردنی ناوچەکانی نەوتی کەرکوك، دوای ئەوەش ساڵ بە ساڵ درێغیی نەکردووە بۆ تەهجیر و تەعریبی کوردستان بەپێی ئەفکاری شۆڤێنی و فاشیستییان، بەڵام لە کاتی شەڕی عێراق و ئێران و دوای شەڕەکەش بە تایبەتی، بە گەورەترین فرسەتی زانی کە واقیعی قەومی کوردستان بگۆڕێ، واتە تا سەرکەوتن وەربگرێت، کوردستان بەرەو تەعریب و بە عەرەبکردنی دەبات. بێگومان کە ئێستاش تا ڕادەیەك لە وەستاندنی شەڕەکە، بەم جۆرەی کە وەستێنراوە خۆی بە ڕزگاربوو دەزانی، بۆیە هەرچی حیقد و کینەی هەیەتی بەرامبەر بە کورد و کوردستان لە شەڕەکەی دووەمیدا هەڵی دەڕێژێت، بەبێ ئەوەی ئێمەش وەکو سەرکردایەتی پارتی و سەرکردایەتی شۆڕشی (٢٦)ی گوڵانی پیرۆز و سەرکردەکانی تری لایەنەکانی بەرەی کوردستانی عێراقی، بەبێ بەرنامەیەکی ڕێکوپێك، خۆمان ئامادە کردبێ بۆ وەستان بەرامبەر بە دوژمن لە هەموو ڕوویەکەوە، واتە کەی شەڕی عێراق و ئێران وەستا. کە ئەمەش گەورەترین هەڵەیە سیاسییەن و عەسکەرییەن و تەنزیمییەن و ئیعلامییەن پێویستە دان بەم هەڵەیەشدا بنێین بۆ ئێوەی تێکۆشەر و میللەتەکەمان، هەر وەکو دانمان بە هەڵەی یەکەمیشدا هێناوە. ئەم دوو بەهەڵەچوونەش هەموو لایەکمان دەگرێتەوە، نەك چەند ئەترافێك لە بزووتنەوەی دیموکراتی و ڕزگاریخوازی کورد و بزووتنەوەی دیموکراتی و نیشتمانی و قەومی عەربی و ئیسلامی عێراقی. بێگومان بە هەڵەچوونی دۆستانیش بە زیانی خۆیان و هەموو لایەك تەواو بوو، نەك بە نەفعیان.

یەکێك لە ئەنجامە تاڵەکانی شەڕیش ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتییانمانە بۆ ئێران. لێرەدا بە چاکی دەزانین لە ڕووی وەرگرتنیانەوە سوپاسی جمهوری ئیسلامی بکەین و لە هەمانکاتدا، تکامان وایە کە لەڕووی ئینسانی و دوستایەتییەوە سەیری هاووڵاتیانی ئێمەی دەربەدەر و پەناهەندەکانی عێراقی و کوردی عێراقی بەو پەڕی ئیحترامەوە بکەن و ئیهتمام بە پێویستی ژیانییان و ئازادییان بدەن بە جۆرێك کە هەست بکەن میوانێکی شۆڕشگێڕی

بەرێزن لە جمهوری ئیسلامیی ئێران، چونكە پەناهەندەكانی كورد و عێراقی، بە تایبەتی دەربەدەرەكانی دواییمان كە بە چەكی كیمیایی و بایۆلۆجی لێ دراون و دەربەدەر بوون، هیچیان بۆ دەرنەچووە، بۆیە تكامان وایە كە لێپرسراوانی جمهوری ئیسلامیی ئێران، بەوپەڕی ڕێز و ئیحترامەوە سەیریان بكەن، لەڕووی فكری و سیاسی و مالی و ئیداری و خەدەماتی سحییەوە، تا وەكو تیخی تێكۆشانیان مشتوماڵ بكەنەوە و گەلێ زیاتر بە ئومێدی ئایندەی خۆیان بن.

بە كورتی، شەڕی عێراق و ئێران ڕیشەكەی كۆنە، بەلام ئیتفاقییەی جەزائیر و هەڵوێستی ڕژێمی عێراق و ئەو خیلافاتە كۆنەی نوێ كردەوە، ڕژێمی عێراق لە ١٩٨٠/٩/٢٢ شەڕی دەست پێ كرد. شەڕەكە كۆنەپەرستانە و لە دژی بەرژەوەندی گەلانی عێراق و ئێران بە گەلی كوردەوە بوو، هەروەها ئەم شەڕە لە بەرژەوەندی ئیمپریالیزمی ئەمریكی و هاوپەیمانەكانی بوو و بیانوویەك بوو تا دەسەلاتیان بە سەر نەوت و سامانی ناوچەكە و خەلیجدا زاڵ بێت. شەڕەكە بۆ لێدانی توانای عێراق و ئێران بوو چ لە ڕووی ئابوری و چ لە ڕووی عەسكەرییەوە و ئەنجامی شەڕیش بە زیانی گەلان بوو بە تایبەتی گەلانی عێراق و ئێران و گەلی كوردیش لەم زیانەدا بەشی لە هەموو كەس زیاتر بوو. ئاكام تەنها ماڵوێرانی و كاولكاری و قوربانیدانێكی ئێجگار زۆر بوو.

جگە لە مانەش هەموو شەڕەكە ڕاستەوخۆ دژی بەرژەوەندی نەتەوەی عەرەبی و مەسەلەی فەلەستینیش بوو و، هەر لە ژێر سێبەری ئەو شەڕەدا بوو كە جنوبی لوبنان لە ساڵی ١٩٨٢ لەلایەن ئیسرائیلەوە داگیر كرا و شۆڕشی فەلەستین لەوێ لێ درا. بێگومان جگە لە هەموو هۆیەكانی شەڕیش كە باس كراون ڕژێمی عێراق بەپێی سروشتی دیكتاتۆرییانەی خۆی بوو و بە بێ ئاگاداری و پرسكردن بە گەلی عێراق شەڕەكەی هەڵگیرساند، بۆیە هەر خۆی تەحەمولی ئەنجامی مێژوویی و سیاسیی دەكات.

پارتیمان لە یەكەمین بەیانیدا، دەربارەی شەڕ ئیدانەی كرد كە شەڕێكی كۆنەپەرستانەیە و ناعادیلانەیە، هەروەها (تا دوایی) كۆنەپەرەستانە و ناعادیلانە مایەوە. بە ڕەئی ئێمە، چارەسەری كێشەی عێراق و ئێران بە سوڵحێكی عادیلانەی دیموكراتییانە، بە حورمەتگرتنی سەربەستی سەربەخۆی نیشتمان و ئیرادەی گەلانی هەردوو وڵات دەبێ. حورمەتی (سیادە و ئیستیقلال) بە نیسبەت عێراقەوە، بە حوكمێكی دیكتاتۆری ناكرێ، بەڵكو تەنها بە حوكمێكی دیموكراتی دەكرێ و لێی دەوەشێتەوە كە بگەڕێتەوە سەر ڕەئی میللەتی عێراق و گیروگرفتە موزمنەكانی نیشتمان و گەلەكەمان بە شێوەیەكی بنەڕەتی عادیلانە چارەسەر بكات كە لە

سەرووی هەموویانەوە کێشەی دیموکراتییەتی حوکم و مافە ڕەواکانی گەلی کوردە. لێرەشدا چاکە کە بگوترێ ئێمە لەگەڵ سوڵحێکی عادیلانەین لەگەڵ ئاوەدانکردنەوەی عێراق و ئێران و چارەسەرکردنی کێشەی کوردین.

**هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی شۆڕش و پارتیمان لە کۆنگرەی نۆیەمەوە تا ئێمڕۆ**

بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ٢٦ی گوڵانی پیرۆز، کە لە ساڵی ١٩٧٩وە هەڵگیرساوەتەوە بە ڕابەری پارتیمان و سەرۆکایەتی سەرۆکی دڵسۆزی، بە واقیعەت و مەوزوعییەتەوە بکەین، پێویستە جەوانیبە ئیجابییەکانی پارتیمان و شۆڕش تا ڕادەیەکی زۆر بە چاکی نیشان بدەین، لەگەڵ جەوانیبە سەلبییەکانیان، بۆ ئەوەی هەموو لایەکتان لە ماوەی زیاتر لە دە ساڵ، واتە لە ١٩٧٩/١١/١٠وە، کە سەرکردایەتی پارتیمان لە پاش هەڵبژاردنی لەلایەن کۆنگرەی نۆیەمەوە دەستی بە واجبی خۆی کردووە، بە چاکی ئاگادار بن و ڕەئیی نیهائیتان لەسەر تەقییمەکەی کۆمیتەی ناوەندی بدەن، واتە ڕاپۆرتی گشتییە بۆ ئێوەی تێکۆشەر، بەپێی خاڵی (١٥ و ١٦)ی بەندی هەژدەهەم، لە پەیڕەوی ناوخۆی پارتیمان. هیوادارین بە واقیعییەت و مەوزوعییەتەوە، لێی بکۆڵنەوە و هەڵی سەنگێنن، لەڕووی سیاسی، تەنزیمی، عەسکەری، ئیعلامی، ئیداری، مالی و خەدەماتی سحییەوە کە لە خوارەوە یەکەیەکەتان بۆ ڕوون دەکەینەوە، تا وەکو بتوانن لەبەر تیشکی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتیمان و بڕیارەکانی کۆنگرەی نۆیەمەوە، بەراوردێکی باشیان بکەن و بگەنە ڕادەیەك لە ئاگاداری و هەڵسەنگاندنیان، کە لەبەر تیشکی بەرژەوەندی پارتیمان و شۆڕش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و بزووتنەوەی دیموکراتی عێراقی، بڕیاری ڕاست و دروستی دواییتانی لەسەر بدەن، بە تایبەتی کە میللەتەکەمان لە زروفی تایبەتی ئێستای لە هەموو کاتێ زیاتر پێویستی بە ڕەئیدانی واقیعی و مەوزوعی هەیە، بە هیوای ڕزگارکردنی لەم وەزعە دژوارەی تێیدا دەژیت. تەنانەت نائومیدی لە ناویاندا زۆر بووە، گەر ئومێدێکی تەواویان پێ نەدەینەوە بە بڕیاری ڕاست و دروستمان و ڕوونکردنەوەی هەموو جەوانیبەکانی ئیجابی و سەلبی شۆڕش و پارتیمان، ڕەنگە ڕێکخستنەوەیان و ئاراستەکردنەوەیان و خۆکۆکردنەوەیان، وەکو پێویست نەبێت، کە بە زیانی میللەتە کۆڵنەدەرەکەمان و پارتیمان و شۆڕش تەواو دەبێت و دوژمن و ناحەزانمان سوودی لێ وەردەگرن. بۆیە لە ئێوەی ڕۆڵەی پارتی و بارزانی، ڕەچاو دەکەین هەر ڕەچاویشمان کردووە، کە لە ئاستی بەرزی هەست بە مەسئولییەتی مێژووییتان دەبن و ماوە نادەن، جەوی کۆنگرەکەمان و لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە لە هەڵسەنگاندا، لە جەوی هەڤاڵایەتی و برایەتی و کوردایەتی و شۆڕشگێڕی عیلمی دەربچێت:

**١. لەڕووی سیاسییەوە:**

بێگومان، کە خەتی بەیانی سیاسی پارتیمان، ڕەسم دەکەین و سەیری دەکەین دەبینین تا ڕادەیەکی زۆر موستەقیم و ڕوو لەسەر و پێشکەوتن چووە تا ڕاگرتنی شەڕی نێوان عێراق و ئێران، بێگومان کە مەسیری سیاسی پارتیمان و شۆڕش لە ماوەی زیاتر لە دە ساڵ، باسی دەکەین و ڕوون دەکەینەوە، دەبێ و پێویستە پرۆگرامی پارتیمان و بڕیارەکانی سیاسی کۆنگرەی نۆیەممان لە بەرچاو بێت و لەبیر بێت، بۆ ئەوەی بە وردی بە سەر ستراتیژیەت و تاکتیکاتی خۆماندا بچینەوە و بزانین تا چ ڕادەیەك ئیلتیزامیان پێ کراوە و لێیان لامان نەداوە و لێیان دەرنەچووین. بۆیە ئەو ئیتهاماتانەی لە پاش نەکسەی ساڵی ١٩٧٥، بە پاڵ پارتیمان و شۆڕشی مەزنی نیشتمانی ئەیلول و سەرکردایەتییەکەی دەدرا و درا بوو، زۆر بە زویی ڕەش کرایەوە و بۆ هەموو بزووتنەوەکانی ئازادیخوازی جیهانی و کامپی سوشیالیستی و بزووتنەوەکانی دیموکراتی کرێکارانی غەرب، ئاشکرا بووە کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە گشتی و بزووتنەوەی شۆڕشی کوردستانی عێراق بە تایبەتی، بەشێکی لە پساندن نەهاتووە لە زنجیرەی بزووتنەوەی ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازی جیهانی.

ئەگەر هێندێ جاریش زیکزاکێك کەوتبێتە ڕێبازی خەبات و تێکۆشانی شۆڕشگێڕییان، مەقسود نەبووە، تا ڕادەیەکی زۆر بگرە ناچاری تووشی ئەو هەڵە سیاسییەی کردوون، بۆیە جێی ئیحترام بووین لەلایەن دۆستەکانی ستراتیژیمان، بە چاوێکی گەلی دووربینانەتر لە جاران، دەیانەوێت سەیرمان بکەن. تەنانەت لە جیهانی غەربیشدا، لەلایەن مونەزەماتی ئینسانی و حقوقی مرۆڤ و گەلێ لە شەخسیاتی سیاسی و عیلمی و ئینسانی، تەقدیری بزووتنەوەکەمان دەکەن و بە باوەڕەوە دیفاعی لێ دەکەن، هەروەك و لە پێشەوە بەرچاومان کردوون، واتە تەختیتی سیاسیی شۆڕش و پارتیمان لە ماوەی ئەو دە ساڵەماندا جێی ڕەزامەندی میللەتەکەمان و نەتەوەی کورد بووە بە گشتی و بزووتنەوەی دیموکراتی عێراقی و بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی عەرەبی، بۆیە زۆر بە باشی هەست بە هەڵسانەوەی خۆمان دەکەین، کە لەسەر قاچی خۆمان وەستاوین و دەتوانین وەڵامی هەموو پرسیارێکی دڵسۆزانی میللەتەکەمان و پارتیمان بدەینەوە لە ڕووی عیلاقاتمان لەگەڵ هێزەکانی بەرهەڵستکاری کوردستانی و عێراقی و هێز و ئەحزابەکانی کوردستانی و لەگەڵ هێزەکانی نیشتمانی و دیموکراتی بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی عەرەبی و لەگەڵ هێزەکانی ئیسلامی لە عێراق و ناوچەکەدا، زۆر باش بووە.

ڕەنگە ڕەخنە و گلەییمان لەسەر بێت بەرامبەر هەندێ ناتەبایی پەیوەندیمان لەگەڵ

هەنـدێك لـە ئەحزابـەكانی كوردسـتانی، ئـەم ڕەخنەیـە بـە داخـەوە بەشـی زۆری هێـزە كوردستانییەكان دەگرێتەوە و هۆی جۆراجۆری هەبووە كە باسكردنیان خزمەت ناگەیەنی بـە ڕێگـای چارەسـەركردنی ئـەو ناتـەبایی و گیروگرفتانـەی ڕوویـان دا. گرنـگ ئەوەیـە هەمیشـە تەئكید بكەینە سەر ئەوەی كە ببڕای ببـڕای و بـە هـیچ شـێوەیەك، ڕێگـە نـەدرێ بـە شـەڕی ناوخۆ لەگەڵ هیچ حزبێكی كوردستانی لە هەر پارچەیەك بێ و تەجاوزی هەڵـەكانی پێشـوو بكرێن.

**٢. لە ڕووی تەنزیمییەوە:**

بێگومان، كە باسـی ڕووی تـەنزیمی پـارتیمان دەكـەین لـە مـاوەی دە سـاڵ و پـێش دە ساڵیش، پێش هەموو ڕوونكردنەوە و تەقییمی ئـەم ڕووە گرنگـە و نیشـاندانی جەوانیبـەكانی ئیجابی و جەوانیبەكانی سەلبی لە تەنزیمـدا، ڕێـڕەوی میللـەتانی سـەركەوتوو لـە جیهانـدا و تەجاربییان و كەڵكوەرگرتن لێیان و بەراوردكردنیان لەگەڵ ڕێڕەوی خۆمانی تەنزیمی، قسوری زاتی خۆمان لە چاومان دەچەقێت، زۆریش بە زەقییەوە، چونكە بۆ هـەموو بزووتنـەوەكان و شۆڕشەكانی سەر زەمین، مەعلوم بووە كە ئامانجی سیاسـی بزووتنەوەیـەك یـا شۆڕشـێك، بـە مەوزوعییەت و واقیعییەتەوە دەستی لەسەر دانرا، سەركەوتن بەندە بە ڕێكخستن لە ناو ئـەو بزووتنەوەیـە یـان شۆڕشـەدا. بزووتنـەوەكانی ئـازادیخواز و پێشـكەوتنخوازی جیهـانی، بـە پـەیڕەوكردنی ئـەم سـەرەتایانەی سیاسـی و تـەنزیمی سـەركەوتوون و گەیشـتوون بـە ئامانجەكانی نزیك و دووریان، ئێمەی پارتیش كە حزبەكەمان لە ١٦ی ئـابی سـاڵی ١٩٤٦ەوە، دامەزراوە، واتە (٤٣) ساڵی ڕەبەقە هەرچەندە هۆی مەوزوعیش، هۆیـەكی سـەرەكییە بـەڵام ئـەوەی ڕاسـتی بێـت قسـوری زاتـیمان، هـۆی هـەرە سـەرەكی بـووە لـە نەگەیشـتنمان بـە ئامانجەكانی نزیكمان، وەنەبێ هەر ئێمەی پارتیش تەحـەمولی ئـەم مەسـئولییەتە گەورەیـە بكەین، بگرە لەم پازدە ساڵەی دواییدا واتە بە تایبەتی دوای نەكسەی شۆڕشی مەزنی ئـەیلول لە ساڵی ١٩٧٥ەوە، هەموو هێزەكانی بەرهەڵسـتكاری كوردسـتانی و عێراقـی لـە گـەڵ ئێمـە تەحەمولی مەسئولییەت دەكەن، هەر هێزە و بەشی خۆی و بـەپێی توانـا و تەئسـیری، بۆیـە هەموو لە هەمووهان واتە بزووتنەوەی دیمـوكراتی و ئیسـلامی عێراقـی لەگـەڵ بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازی كورد لە عێراقدا دەبێ و پێویستە لە ڕووی تەنزیمییەوە، جەوانیبـەكانی ئیجـابی و سـەلبییان لـە پـەیڕەوكردنی سـەرەتاكانی تـەنزیمی بـە چـاكی هەڵسـەنگێنێن تـا وەكـو كەموكوڕییەكانی زاتیمان بە زووترین كات چارەسەر بكەین، چونكە وەكو گوتمان هۆی هـەرە سەرەكی سەرنەكەوتنمان ئەم هۆیە زاتییەیە.

لە تەقییمی شۆڕشی نیشتمانی ئەیلول، کە ڕۆڵی پارتیمان لە سەرکردایەتی شۆڕشدا، نیشان داوە، ڕۆڵی تەواوی خۆی نەبینیوە، بۆیە بە هۆیەکی گرنگ دانراوە لە نەکسەی ساڵی ١٩٧٥دا، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت لە کۆنگرەی نۆیەمەوە تا ئەم دوایەش، پارتیمان تا ڕادەیەکی زۆر مەجالی بووە، بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆی لە سەرکردایەتی شۆڕش ببینێ، بەڵام ئێمە لەگەڵ ڕێزمان بۆ مسئولییتە مێژووییەکەمان وەکو پێویست نەمانتوانیوە ڕۆڵی خۆ بە چاکی ببینین. هەر چەندە هەموو لە هەمووومان تا ڕادەیەکی زۆر بە دڵسۆزییەوە بەرەو پێلی واجبەکانمان بووینەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی وەکو پێویستە لە هەموو کاتێکدا، زروفی زاتیمان لە ئاستی گەلێ کاتی بەرزی زروفی مەوزوعیمان بێت، نەبووە. بۆیە هێندێ هەلی هەڵکەوتوومان بە داخەوە لە دەست داوە، چونکە وەکو پێوستە ئیلتیزاممان بە نیزامی داخلی پارتیمانەوە نەکردووە.

واتە، بەندی نۆزدەهەم لە خاڵی یەکەم کە دەڵێت : "کۆمیتەی ناوەندی بە شێوەی ئاسایی هەر چوار مانگ جارێك کۆبوونەوە دەکات" و لە خاڵی دووەم دەڵێت : "کۆمیتەی ناوەندی لە ساڵێکدا بەلای کەمەوە کۆبوونەوەیەکی فراوان دەکات کە جگە لە ئەندامانی ئیحتیات، ئەندامانی دەزگا گشتییەکانی لقەکان ئامادە دەبن". لە بەندی بیست و نۆیەمیشدا خاڵی سێیەم : "کۆنگرێس بەلای کەمەوە هەر چوار ساڵ جارێك دەبەسترێ و بۆ کۆمیتەی ناوەندیش هەیە بە شێوەی ناوەخت داوای بەستنی بدات لەسەر داوای (دوو لەسەر سێی) ئەندامەکانی، بەپێی بڕگەی (١٩) لە بەندی هەژدەهەم"، واتە ئەم سێ لادانە زۆر زەقن و پێویستە لەسەر ئێمە دان بە لادانی خۆماندا بنێین و وردە لادانیش زۆرن، ئیجاب بە شیکردنەوەیان ناکات.

ئەوەی ڕاستیش بێت ئەم سێ لادانەش، وەنەبێ مەقسود بووبن، یان لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی چەند هەڤاڵێك بووبن، بگرە لەبەر ئیشوکاری هێندێ لە هەڤاڵان و دووربوونی جێگەی واجبیان، نەپەرژاوین کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی بە نیزامی بکەین، هەرچەندە لە کۆبوونەوەکانی (م. س) یش، ئەو هەڤاڵانەی کۆمیتەی ناوەندی کە نزیکی (م. س) بوون بانگ کراون و بەشدارییان کردووە، لە وەرگرتنی قەرارات. دواکەوتنی کۆنگرەش، زۆرە زروفی دژواری شۆڕش و دڕندایەتی ڕژێمی فاشی تەنها هۆی نەگرتنی کۆنگرە نەبوون بەڵکو لێرەدا تەفسیری کراوە و لادان بووە لە پەیڕەوی ناوخۆ و کۆمیتەی ناوەندی دانی پێدا دەنێ.

بەڵام لەبەر ئەوەی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندییە، بە هەموو تواناوە بەرەو پێلییەوە

هاتووین و هیواداریـن سـەركەوتوو بێـت بـە هیمـەت و دڵسـۆزی و بیركردنـەوەی چاكتـان و مەوزوعیەتتانەوە لـە حـەلكردنی مەشـاكل و ڕەسـمكردنی ئاییندەیـەكی ڕوونـاك بـۆ میللەتـە چەوساوەكەمان.

بێگومان ڕێكخستنی پارتیمان لەسەر سەرەتاكانی (مەركەزیەتی دیموكراتی) دامـەزراوە، كە نوێترین سەرەتان لە ڕێكخستندا بۆیە پێویستە لـە ئاینـدەدا، چـاكتر پـەیڕەوی بكـرێن، بـۆ ئەوەی وەحدەی فیكری كە ئەساسـە بـۆ وەحـدەی عەمـەل و باشـتر چەسـپاندنی دیسـپلینی پارتیمان بێتە دی. لێشتان ناشارینەوە كـە تـا ئیلتیزامێكـی تـەواوی هۆشـیارانە، بـە پڕۆگرامـی پـارتیمان و بڕیارەكـانی سیاسـی كـۆنگرەی پـەیڕەوی نـاوخۆی پـارتیمان و یاسـای لەشـكری شۆڕشـگێڕی كوردسـتان و زەوابـت و تـەعلیماتی (م. س)ی ڕۆژانـە بـە تـەواوەتی نـەكرێت، سەركەوتن بە زووری وەرناگیرێت تەنانـەت نائومێـدی گـەلێ زیـاتر دەبێـت، چونكـە ئەگـەر لەبەر تیشكی ئەم سەرەتایانەی سەرەوە، بە باوەڕەوە لـە مومارەسـاتی ڕۆژانەمانـدا پـەیڕەوی نەكەین و نەجولێینەوە، بە تایبەتی سەركردایەتی تازەی پارتیمان، بۆ ئەوەی بتـوانێ بـە چـاك بگوترێ چاك و بە خراپیش بگوترێ خراپ، بەداخەوە زۆریش بە داخـەوە هێـزی بزوێنـەر لـە ناو پارتی و شۆڕشدا زۆر بێهێـز دەبێـت و نـاتوانرێ بـە ڕۆڵـی سـەركردایەتی خـۆی هەڵسـێ. پیغەمبـەر (د.خ) پـێش (١٤٠٠) سـاڵ فەرموویـەتی (ویـل لامـة لاتقـول للمحسـن احسـنت و للمسیء أسأت) داخمان ناچێت، ئێمە و هێزەكانی بەرهەڵسـتكاری كوردسـتانی و عێراقـی، تـا ڕادەیەك لەم نەخۆشییە موزمینانەماندا دەناڵێنین، كە چی بەباشی نەمان توانیوە، لێیان ڕزگار ببین، تەنانەت لە ئەنجامی ئەم نەخۆشییانە بەزۆری ڕژێمی فاشی بەغدا ماوەتەوە، بێگومـان جەوانیبی باشی تەنزیمیمان زۆر زۆرن جێی تەقدیرن، ڕێكخستنی پـارتیمان لـە نـاو شـارەكان دەوری خۆیان تا ڕادەیەكی باش دیوە، پەیوەندی تەنزیمیان باشە، تا ئەم دواییەش لە لێـدانی دوژمن و ڕیسواكردنی لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات دەوری خۆیان دیوە، ڕاپەڕینە گـەورەكانی جەماوەر لـە نـاو شـارەكانی كوردسـتاندا لـە سـاڵانی ١٩٨٢، ١٩٨٤ و ١٩٨٧دا، لـە سـلێمانی و كەركوك و هەولێر و دهۆك و هەڵەبجە و قەڵادزێ و ڕەواندوز و شەقڵاوە، چاكترین بەڵگەنـە بۆ ڕاستی جەوانبی ئیجـابی ڕێكخسـتنەكانی پـارتیمان، واتـە (لقـی ١، لقـی ٢، لقـی ٣ و ٤) و قووەتی بارزان و ناوچەی مێرگەسۆر، لە ڕووی ڕێكخستنی ناو شـارەكان و ڕێكخسـتنی هێـزی پیشـمەرگەیان بـۆ لێـدانی دوژمـن لـە وڵاتـدا بـاش بـووە، بێگومـان ڕۆڵـی لقـی یـەك، گـەلێ گەشاوەتر بووە لە لێدانی دوژمن و ڕێكخستنی جەماوەری ناوچەكەیان، تەنانەت بـە بڕبـڕەی پشتی (عمودی فقری) پارتی داندرابوو. بەهێزی و تەئسیری پـارتی و مـەوقیع و توانـای ئـەم

لقەش بوو کە تورکیای ئەندامی ناتۆی هان دا بۆ پاڵپشتی ڕژێمی عێراق بە هێرشـهێنانە سـەر ناوچە ڕزگارکراوەکان لە پارێزگاکانی موسڵ و دهۆك و هەولێر.

لە مـانگی گـوڵانی سـاڵی ١٩٨٣ و سـاڵەکانی ١٩٨٤، ١٩٨٦ و ١٩٨٧ ئـەو هێرشـانەی بـە قارەمـانێتی پێشـمەرگە نەبـەزەکانی ئـەم لقـە و پاڵپشـتی سیاسـی هـەموو دەسـتگاکانی سەرکردایەتی شۆڕش و پارتیمان و دۆستەکانی میللـەتی کـورد بـە کـورد بەرپـەچ درانـەوە و ئیفشال کران. هەر بۆیەش ڕژێم بەوپەڕی دڕندایەتی و بـە چـەکی کیمیـایی لـە سـاڵی ١٩٨٨ گەورەترین و بەرفراوانترین هێرشی هێنایە سەر هەموو ناوچەکانی سەر بەم لقە. ڕۆڵی (لقـی ٣ و لقـی ٤)یـش، لـە لێـدانی دوژمـن لـە ناوچـەی قـەرەداغ و گـەرمیان و ئینسـیحابیان بـە ڕێکوپێکی، کە چەکی کیمیاییشیان لەدژ بـەکار هێـنرا زۆر بـاش بـووە، تەنانـەت ڕۆڵـی هـەرە لێهاتوو و بەرزیان لە شەڕی خواکوڕك بوو لەگەڵ هێز و ڕێکخراوەکانی سـەر بـە (م. س) کـە بـە ڕاسـتی ئیسـپاتیان کـرد ڕۆڵـەی بـەوەفای پـارتی و بـارزانی نـەمرن لـە پاراسـتنی ناوچـە ئازادکراوەکان و لێدانی دوژمنـدا. (لقـی ٣)یـش، تاڕادەیـەکی موناسـب ڕۆڵـی خـوی دیـوە و یەکەمین لق بوون کە بە چـەکی کیمیـایی لـە دۆڵـی بالیسـان لـە سـاڵی ١٩٨٧دا، لـێ دران و چەنـد دەستەیەکیشـیان لـە شـەڕی خواکـوڕك بەشـدارییان کـرد و جێـی تەقـدیر بـوون. خەسارەتیشیان بە چەکی کیمیایی زۆر بوو، لە پێشمەرگە و ئەهالی ناوچەکە. لێرەدا سـەری نەوازش و ڕێز بۆ هەموو ئەو پێشمەرگە قارەمانانـەی پـارتی دادەنـوێنین کـە بوونـە قوربـانی میللەتەکەیان و شـەهیدی نـەمری ڕێگـای شـەرەف و کوردایـەتی، هـەزاران سـڵاو لـە گیـانی پاکیان.

(لقی ٦)یش، ڕۆڵێکی دیبلۆماسـی و ئیعلامـی زۆر باشـیان بـووە، بـە تایبـەتی بـۆ زیـاتر ڕیسواکردنی دوژمن و ناساندنی موشکیلەی کورد، بـە میللـەتی ئـەوروپی و لـە ڕیسـواکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیـایی دژی کـورد و کوردسـتان، بەشداربوونیشـیان لـە کۆنفرانسـات و نەدەوات دەربارەی کێشەی گەلی کورد جێگای تەقدیرە. (لقی ٧)یش، ڕۆڵێکـی باشـیان دیـوە لــە ڕیسـواکردنی دوژمــن لــە بــەکارهێنانی چــەکی کیمیــایی دژ بــە کــورد و کوردســتان. مانگرتنەکەی هەڤاڵانی (لقی ٧) لە هۆڵی نەتـەوە یـەکگرتووەکان جێـی تەقـدیرە. هـەروەها دەوری لێژنەکانی عیلاقاتمان و مەکتەبی لوبنانیش جێگای ڕەزامەندی بووە. (لقـی ٨)یـش، لـە ڕێکخستنی برا پەناهەندەکانمان لە شارەکانی ئێران و چەسپاندنی ڕێکخسـتن و ئیلتیزامکـردن بە پەیڕەوی ناوخۆ، جێی تەقدیر بوون.

لێژنەی ناوچەی ئازادی و ڕێکخراوی خەباتیش توانیویانە سەرپەرشتی موناسیبی برایانی

پەناهەندە و پێشمەرگەکانمان بکەن لە (زێوە، نەغـەدە، ورمـێ و خانـە) و دەوروبـەریان، کـە زۆربەی زۆریان خێزان و کەسوکاری برا پێشمەرگەکانی سەر بە سەرکردایەتیمانن کە هەمیشە جێـی تەقـدیر بـوون و گوێڕایـەڵی فـەرمان و تـەعلیماتی سـەرکردایەتی پـارتیمان بـوون و تـا ڕادەیەکی زۆر برایەتی و هێمنایـەتییان لـە ناوچـەکان و شـارەکانی تێیـدا دەژیـن پاراسـتووە، ماوەیان نەداوە ئـاژاوە دروسـت بکرێـت لـە نـاو جەماوەرکەمانـدا، بۆیـە ناوچـەی ئـازادی و ڕێکخراوی خەبات تا ڕادەیەکی موناسب ڕۆڵی خۆیان دیوە. ئەمە کورتەیەکی یـەکجار کـەمی چالاکی و جەوانیبی ئیجابی لقەکانی پارتیمانە، ئەگینا قارەمانێتی و چالاکی و خۆبـەختکردنی پێشمەرگەکان و جەماوەری نەبەزی گەلەکـەمان و ئەنـدامان و لێپرسراوانـی پـارتیمان و ئـەو داستانانەی تۆمار کراون لە دەها کتێبـدا، جێگـای باسـی تـەواویان نابێتـەوە، ئەمانـە هـەموو جێگای سـەربەرزی و شـانازی و هیـوان و هـەقێکیش داواکـاری وەهـای لـە دوا بێـت، چـون دەفەوتێت.

**پارتیمان و دەنگدانەوەی گفتوگۆ (موفاوەزات)**

بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد لـە عێراقـدا، پـاش شۆڕشـی ١٤ی تـەمووز، لـە سـاڵی ١٩٦١ەوە، شۆڕشی نیشتمانی و نەتەوەیی کوردستانی هەڵگیرساندووە، بە ڕابەری پـارتیمان و بارزانی نەمر، بەرامبەر حکومەتی عەبدولکەریم قاسم، کە هەموو ڕێگەیەکی ئاشـتیخوازانەی دیموکراتییانە لە میللەتی کورد گرت، کە بە مافە ڕەواکانی خۆی بکات، کە شـەریکە لـە وڵات بەپێی نەسی سەریح لە مادەی (٣)ی، دەستوری کاتی کە دەیگوت (العرب والكـورد شركـاء في الوطن) ، بە ڕەزامەندی گەلی عێراقی بە گشتی و هەموو ئەحزابی (جبهـة الاتحـاد الـوطني)، کە تا ڕادەیەکی زۆر تەمسیلی ڕەئی سیاسی جەماوەری عێراقییان دەکـرد بـە تـەواوەتی و بـە تایبەتی، بۆیە دوا ڕێگەی بە ناچاری دەستدانە چەك بوو، لە ئەیلولی ساڵی ١٩٦١دا، بۆیـە بـە شۆڕشی مەزنی ئەیلول ناو دەبردرێت. لەو کاتەوە، واتە لـە سـاڵانی ١٩٦٣، ١٩٦٤و ١٩٧٠ەوە، کابینە لە دوایی کابینە پەیوەندییان بە پارتیمان و بارزانی نەمر کردووە بۆ حەلی موشـکیلەی کورد و بێگومان هەمیشە بارزانی نەمر و کۆمیتەی ناوەندی پـارتیمان پێشـوازی گـەرمی لـەو پەیوەندییانە کردووە، بەڵام بـە داخـەوە نەیانویسـتوە بـەرەو حـەلێکی سـلمی و دیمـوکراتی برۆن، تەنانەت لە ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠دا، لـە سـەرەتاوە تـەوەجوهێکی بـاش هـەبوو بـۆ حەلکردنی موشکیلەکە، بەڵام لە دواییدا وەکو لە پێشـەوە نیشـانمان داوە، ئـەنجامی مـەعلوم بـوو، ڕاسـتەوخۆ داوای ڕێکـەوتنی ٦ی ئـازاری جـەزائیری نێـوان شـای گۆڕبـەگۆڕ و سـەدام، مەکتەبی سیاسـی پـارتیمان بـە موافقـەتی بـارزانی نـەمر بروسـکەی بـۆ مەجلیسـی قیـادەی

شۆڕشی بەعسی عەفلەقی کرد، بۆ گفتوگۆ و حەلی موشکیلە، وەرامیان بە نەفی بوو، بەوپەڕی بێشەرمییەوە، لە ساڵی ۱۹۷۸دا، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی میللەتانی ئێران و لە ساڵی ۱۹۸۲ و ۱۹۸۳ دوای شکەستیان لە خوڕەمشەهر و لە ساڵی ۱۹۸۸یشدا، لە هەموو ئەو پەیوەندییانە ئێمە و ئەترافی (جود) لە کاتێکدا و، ئێمە و ئەترافی بەرەی کوردستانی لەو کاتانەی دواییدا، نیشانمان داون کە ئێمە خاوەنی قەزییەی خۆمانین و خاوەنی ئیستیقلالی خۆمانین و خاوەنی قەراری خۆمانین، بە مەرجێك بە سادقانە بەرەو حەلی موشکیلەی حوکمێکی دیموکراتی حەلی موشکیلەی کوردی لە کیانی موشتەرەکی عێراقدا بوون، واتە دروشمی مێژووییمان کە دیموکراتییەت بۆ عێراق و حوکمی زاتی ڕاستەقینە بۆ کوردستان پەیڕەوی بکەن، چونکە لێکیان جیا ناکرێتەوە تەنانەت، جیا نەکردنیەوەیان بە ڕەئی ئێمە و بەرژەوەندی گەلی عێراقی و میللەتی کوردی عێراق لە پساندن نەهاتووە، بە داخەوە هەموو جارێك دەستی خۆیان کێشاوەتەوە و بەرەو حەلێکی سلمی و دیموکراتی نەڕۆیشتوون، چونکە فکرییەن و سیاسییەن، زۆر دوورن تەوەجوهی بۆ بکەن، بۆیە ڕۆژبەڕۆژ حەلی موشکیلەی حوکم و حەلی موشکیلەی کورد لە عێراقدا موعەقەدتر دەبێت، تا نەمانی ڕژێمی فاشی لە بەغدا. بۆیە ئێوەی تێکۆشەر و میللەت کۆڵنەدەرەکەمان و برایانی دەربەدەرمان و شۆڕشگێڕمان وا نەزانن عاشقی شەڕ و کاولی و دەربەدەریین، ڕێگەی ئەمان و حەلێکی سلمی و دیموکراتی بێتە پێش، بەوپەڕی باوەڕییەوە بۆی دەچین و بە پێویستی دەزانین، بگرە بە مسئولییەتێکی مێژوویی دەزانین، بێگومان چونکە قەزییەکەمان زۆر عادیلە، میللەتەکەشمان لە ڕادەبەدەر کۆڵنەدەر و بەتەحەمول و بەسەبرە، ڕزگاریمان دەبێت بە سەربەرزی و بە گەیشتن بە ئامانجەکانمان ئەو کاتە چاکتر ئیسپاتی دەکەین بۆ جیهانی ئازادیخواز و گەلی عێراق و میللەتی کورد، کە بە ڕاستی خوێنی شەهیدانمان لە بیر نەکردووە و مومکنیش نییە لە بیری کەین و لەسەر ڕێبازی نەگۆڕیان کە ڕێبازی پارتی و بارزانییە، بەردەوام دەبین و سەرکەوتنیش حەتمییە.

**بەرەی کوردستانی و بەرەی بەرفراوانی عێراقی**

پارتیمان لە کۆنگرەی نۆیەمەوە، دروشمی ئەم دوو بەرەیەی هەڵگرتووە، بگرە لە ساڵی ۱۹۷٦ەوە، تێکۆشاوە بۆ ئەوەی (بەرەی کوردستانی ـ عێراقی) پێك بێنێت کە بشبێت بە بەردی بناغە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی بەرفراوانی عێراقی، چونکە پێکهێنانی هەر دوو بەرە، زروفی مەوزوعی و زاتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراقدا و بزووتنەوەی نیشتمانی و دیموکراتی و ئیسلامی عێراقی دەسەپێنێ. گەلی عێراق بە گشتی و میللەتی کورد بە

تایبەتی، چاوەڕوانی پێکهێنانی ئەم دوو بەرەیە مێژوویییەیان دەکرد، چونکە ئەوەی ڕاستی بێت، هەر چەندە بەرەی کوردستانی عێراقی کە لە ١٢ی ئایاری ساڵی ١٩٨٨ەوە، کەوتووتە چالاکی خۆی، کە جێی ئومێدێکی زۆرە بۆ میللەتی کورد، بە تایبەتی لەم کاتەدا، کە لە هەموو کاتێکی تری خەباتی پێویستی بە بەهێزی و چالاکی ئەم بەرەیە هەیە، بەڵام بە داخەوە، لە جیاتی ڕۆڵی مێژوویی خۆی لە هەموو کاتێك زیاتر ببینێ، دەبینین لە ئاستی بەرزی ئومێدی میللەتەکەماندا نییە، کە پێویستە بە هەوڵ و تەقەڵای هەموو لایەکمان هەنگاو بنێین بۆ ئەوەی لەم سستییەی تێکەوتووین خۆمان ڕزگار بکەین. لەبەر تیشکی (میثاقي) بەرەو نیزامی داخلییەکەی هەنگاو بنێین و ئەگەر لە ئەنجامی ممارەساتی ڕۆژانەش، قیادەی سیاسی و مەکتەبی تەنفیزی هەستی بە پێویستی تەعدیلی میساق یان نیزامی داخلی کرد، زۆر بە واقعییەت و مەوزوعییەتەوە، ئینتلاقەن لە بەرژەوەندی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراقدا، بە پێش چاوڕوونیەکی باشەوە، بەرەو تەعدیلاتەکە بڕۆین. ساڵێك زیاترە قیادەی سیاسی کۆ نەبوویتەوە، کە لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستی بە کۆبوونەوە هەبووە، بە تایبەتی کە شەڕی ئیبادەی (جینۆسساید)ی ڕژێمی فاشی بەغدا بۆ سەر کورد و کوردستان لە هەموو کاتێکی ڕابردوو توندتر و دڕندانەترە، ئەی بەرەی کوردستانی عێراقی، ئەگەر لەم زروفە دژوارەدا کە میللەتەکەمانی پێدا تێدەپەڕێ بە ڕۆڵی خۆی هەڵنەستێت، بەرامبەر بە میللەتەکەمان و قەواعیدی دڵسۆزی هەموولایەکمان و پێشمەرگە نەبەزەکانی کوردستانی، وەڵاممان چی دەبێت؟

هەر وەکو لە پێکهینانی بەرەش کە دەبوایە لە ساڵی ١٩٧٦ەوە، لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی ٢٦ی گوڵانی پیرۆز پێك بهاتایە و شەڕی براکوژی کە گەورەترین زیانی لە بزووتنەوەکەمان و شۆڕشەکەمان دا، بەلاوە بندرایە بەو پەڕی بیروباوەڕەوە، چونکە لە مێژووی بزووتنەوەی پێشکەوتنخواز و ڕزگاریخوازی میللەتان نەبووە، کە شۆڕش هەڵگیرسێنێ دژی ڕژێمێکی فاشی کە چی لە ناو خۆیدا شەڕی براکوژی و قەدەغەکردنی ناوچەکانی کوردستان لە یەکتری، وەکو هەر لایەك ئیماراتی خۆی هەبێت و ئیتر بۆ هیچ لایێکی تر نییە، بەبێ موافقەتی چالاکی دژی دوژمنی سەرەکی، لە ئیمارەتەکەی جیا لە خۆی، بنوێنێ.

پێویستە زۆر بە باشی لە حەلی ناکۆکی سەرەکی و ناکۆکی سانەوەی لە نێو خۆماندا، لە نێو میللەتدا، بیر بکەینەوە و بزانین میللەتانی جیهانی ئازادیخوازی چۆن بۆ حەلی ئەم دوو ناکۆکییە، واتە ناکۆکی سەرەکی کە لە نێوان دوژمن و میللەتێك و ناکۆکی سانەوی ناو

میللەتەکەی خۆی، دەبێ بەو پەڕی مرونەت نواندن لە حەلی ناکۆکی سانەوی کە لە نێوان میللەت، خۆی و هێزەکانی پێشڕەویەتی حەل بکرێن. مەجال نەدرێت حەلی ناکۆکی سانەوی، ناکۆکی سەرەکییان لە بیر بەرێتەوە. ئێمەی پارتی و لایەنەکانی بەرەی کوردستانی وەکو پێویستە بەرەو حەلی ئەم دوو ناکۆکییە نەچووبووین لە ساڵی ١٩٧٦ەوە، تا پێکهێنانی بەرەی کوردستانی عێراقی، ئومێد دەکەین هەموو لە هەمووومان لە ئاستی هەست بە مەسئولیەتی مێژوویيمان بین، شەو بکەینە ڕۆژ بۆ ئەوەی مەکتەبی تەنفیزی بەرەی کوردستانی عێراق، هەر موشکیلەیەکی هەیەتی چارەسەری بکەین و، ژیانیکی تازەی پێ بدەینەوە و تا ڕۆژێ زووتر قیادەی سیاسی کۆ ببێتەوە باشترە، بگرە پێویسترە و لەبەر تیشکی میساق و نیزامە داخلییەکەی هەنگاو بنێن و، هەموو چالاکیمان بە ناوی بەرەی کوردستانی عێراقی بێت، کە بێگومان لەلایەن میللەتەکەمان و دوستانمان جێی ئیحترامی زیاتر دەبین، دوژمن و ناحەزانیشمان حسابێکی گەلێ دەقیقترمان بۆ دەکەن. وەکو لە پێشەوەش گوتوومانە هەوڵ بدەین بەرەی بەرفراوانی عێراقی پێك بێت و بەرەی کوردستانی، عێراقی بەردی بناغە بێت بۆ ئەو بەرە گشتییە، کە لە هەموو کاتێکی تری ڕابردوو گەلی عێراق بە گشتی و میللەتی کورد بە تایبەتی زیاتر چاوەڕوانی پێکهاتنییە؟ بە زووترین کات و پێویستە ئێمەی بەرەی کوردستانی، عێراقی بە مەوقفێکی موەحەد و ڕەئییەکی موەحەد بەرەو، هەوڵ و تێکۆشانی جێبەجێکردنی ئەو بەرە بەرفراوانە بڕۆین، ئینتیلاقەن لە بەرژەوەندی بزووتنەوەی دیموکراتی و ئیسلامی عێراقی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستانی عێراقدا، واتە هەموو لە هەمووومان خاوەنی قەزییەی خۆمان بین، خاوەنی ئیستقلالیەتی خۆمان بین و خاوەنی قەراری خۆمان بین، بە هەموو دوستانیشمان بگەیەنین بە جورئەتەوە کە بۆچوونەکانمان چییە بە تەواوەتی کە بێگومان، گەر بە ڕاست و دروستی هەنگاوی بۆ بهاوێژرێت، ئەنجامی لە ساڵحی هەموو لایەکمان دەبێت.

ئیتر هیوادارین هەموو ئەترافەکەی موعارەزەی عێراقی و کوردستانی لە ئاستی بەرزی هەست بە مەسئولیەتیان بن و، تا ڕادەیەکی زۆر لە پێناو حزبایەتی تەسك و مەنافیعی تەسکی کاتی، بەرژەوەندی گەلی عێراقی و میللەتی کورد نەکەین بە قوربانییان. لێرەدا چەند خاڵێکی گرنگ هەن دەمانەوێت بە کورتی بیانخەینە بەر چاوتان، ئەویش ئەمانەن :

لە هۆکارەکانی نەبەستنی بەرەیەکی کوردستانی، شەڕی ناوخۆ بووە، کە ئەمەش بەخۆی هۆیەکی نەبەستنی بەرەیەکی فراوانی عێراقی بوو (شانبەشانی هۆیەکانی تری نەبەستنی بەرەی عێراقی)

له لایه‌کی تره‌وه، هۆکاری تر هه‌یه که به‌ره‌یه‌کی عێراقی فراوان نه‌به‌ستراوه، له‌وانه :

١. قسوری زاتی موعاره‌زه به گشتی، وه‌ك هه‌ستنه‌کردن یا دیراسه‌تنه‌کردنی وه‌زعی گشتی و پێداویستییه‌کانی و کزی و لاوازی گیانی دیموکراتی له نێو هێزه عێراقییه‌کاندا که به داخه‌وه میراتێکی مێژوویی گشتی عێراقه.
٢. سه‌لبیاتی کۆنی کاری سیاسی له عێراق، وه‌ك پاوانکاری (احتکار) و یه‌کلایه‌نی و ته‌سکبینی و ڕه‌چاوکردنی به‌رژه‌وه‌ندی زۆر ته‌سکی حزبایه‌تی.
٣. ته‌ئسیری هۆی خارجی : فشاری ده‌ره‌وه له به‌رژه‌وه‌ندی یه‌کگرتنی موعاره‌زه نه‌بووه، له جیاتی یارمه‌تیدان بۆ دروستکردنی به‌ره‌ی یه‌کگرتوو، محاور دروست کراون.
٤. هه‌ڵوێست له شه‌ڕی عێراق و ئێران، که هۆیه‌کی زۆر گرنگ بووه، به تایبه‌تی له ساڵی ١٩٨٣ه‌وه، تا ته‌واوبوونی شه‌ڕ، موعاره‌زه نه‌یانتوانیوه له‌سه‌ر هه‌ڵوێستێکی مووه‌حه‌د له‌م باره‌یه‌وه ئیتیفاق بکه‌ن.
٥. جیاوازی له هه‌ڵوێست به‌رامبه‌ر، مه‌سه‌له‌ی کورد و ئاینده‌ی حوکم له عێراقدا.

**"کۆنگره‌ی ده‌یه‌م" و ئاینده‌ی پارتیمان و بزووتنه‌وه‌ی ڕزگاریخوازی کورد له عێراقدا**

بێگومان زروفی مه‌وزوعی و زاتی بزووتنه‌وه‌ی ڕزگاریخوازی کورد له عێراقدا، دامه‌زراندنی پارتی له ١٦ی ئابی ساڵی ١٩٤٦ه‌وه، وه‌کو ڕووداوێکی پێویستی مێژوویی و حه‌تمی سه‌پاند، بۆ ئه‌وه‌ی بزووتنه‌وه‌ی ڕزگاریخوازی کورد له‌و ئابڵووقه‌دانه‌ی تێ که‌وتبوو، به ڕابه‌ری پارتی و سه‌رۆکایه‌تی بارزانی نه‌مر، لێی ده‌ربچێت و، به سه‌ربه‌رزی لێی ڕزگار ببێت. واته (٤٣) ساڵی ڕه‌به‌قه، جێی شانازی و هیوا و ئاواتی هه‌موو میلله‌تی کورد بووه له عێراقدا، بگره هه‌موو نه‌ته‌وه‌ی کورد، چاویان بڕیبووه پارتیمان و به پشتوپه‌نای خۆیانیان زانیوه و ته‌نانه‌ت گه‌لی خۆشه‌ویستی عێراقیش، وه‌کو حزبێکی پێشڕه‌و بۆ ڕابه‌رایه‌تی بزووتنه‌وه‌ی ڕزگاریخوازی کورد و پشتیوانی بۆ بزووتنه‌وه‌ی دیموکراتی عێراقی سه‌یری کردووه، ڕه‌نگه گه‌لێ جار پۆپه‌ی هیوا و ئومێدی بووه.

پارتیمان له دامه‌زراندنییه‌وه، سه‌رکه‌وتن له دوای سه‌رکه‌وتنی وه‌رگرتووه، پۆپه‌ی سه‌رکه‌وتنه‌کانی ڕابه‌ری شۆڕشی نیشتمانی ئه‌یلولی مه‌زنی کرد، به سه‌رۆکایه‌تی بارزانی نه‌مر، که به‌یانی ١١ی ئازاری ساڵی١٩٧٠ی وه‌ده‌ست هێنا بۆ میلله‌ته‌که‌مان، له دوای ئه‌و سه‌رکه‌وتنه مه‌زنانه پیلانی ئیمپریالیزم و ناده‌قیقی خۆشمان، وه‌کو له پێشه‌وه باسمان کردووه، تووشی ئه‌م زرووفه دژواره بووین، ته‌نانه‌ت ساڵێك پاش نه‌کسه‌ی ساڵی ١٩٧٥،

چیاکانی کوردستان و کوردستان بە چالاکی پێشمەرگە و وەستانیان بەرامبەر بە دوژمن، ئیسپاتیان کرد کە تا میللەتی کورد نەگات بە ئامانجەکانی، وەستانیان بۆ نییە. ئێستاش لە هەموو کاتێك زیاتر بە پێویستی دەزانێ بەردەوام بێت لە خەباتی بێوچانی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان.

داخیشمان ناچێت بۆ گەلێ لایەنەکانی کوردستانی و عێراقی، کە لە کاتی خۆیدا، زۆر ڕەخنەیان لە شۆڕشی مەزنی ئەیلول دەگرت، تەنانەت هیندێ جار تەقییماتی نامەوزوعیشیان بووە بەرامبەری، چونکە لە واقیعەکەی و مەشاکلی زۆری بە دوور بوون، ئێستاش ئێمە بە ئەسپایی، پرسیارێکی زۆر واقیعییان لێ دەکەین و دەڵێین :

لە پاش نەکسەی ساڵی ١٩٧٥ەوە، تا ئێستاش توانراوە ئەو بۆشایەی بارزانی نەمر بەجێی هیشتووە پڕ بکرێتەوە؟ داخمان ناچێت کە زۆریش ئەستەمە نەتوانراوە. بۆیە هەقە هێزەکانی بەرهەڵستکاری کوردستانی و عێراقی دووبارە چاوێك بە هەڵسەنگاندنەکانی پێشوویان بخشێننەوە، بۆ ئەوەی تەختیتی سیاسی ئایندەمان ڕاست و دروستتر بێت.

ئێمەی پارتی، خۆمان بەوپەڕی جورئەتەوە دانمان بە هەموو سەلبیاتەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلولدا هێناوە، کە لە هێزەکانی بەرهەڵستکاری کوردستانی و عێراقیش هەڵوێستی مەوزوعی و ئیجابیمان لەم بارەیەوە نەدیوە، ئەویش هەرچی داخێکی زۆرە، هەر بۆیەش کە هەموو لە هەموومان لەم زروفە نالەبارە ماوینەتەوە. هیوادارین، بگرە دەبێ و پێویستە هەموو لە هەموومان لە ئاستی بەرزی هەست بە مەسئولیەتمان بین، هەمیشە ئینتیلاق لە بەرژەوەندی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و بزووتنەوەی دیموکراتی عێراقی بکەین، شەو بکەینە ڕۆژ تاوەکو میللەتەکەمان دەگەیەنین بە ئامانجەکانی.

جەماوەری کوردستانیش بە گشتی و دوستانی بزووتنەوەکەمان بە تایبەتی چاویان بڕیوەتە "کۆنگرەی دەیەم" کە تەوەقوع دەکەن، ئومێدی تەواو بە میللەتەکەمان و کادرە پێشکەوتووەکانمان بداتەوە، دڵی دوستانیشمان خۆش بکات، دوژمنانیشمان بە تەواوی نائومێد بکات، بە بڕیارەکانی ڕاست و دروستی و دڵنیاش بن کە هەموو لە هەموویان ئیلتیزامی پێ دەکرێت و لەبەر تیشکیاندا ڕەفتار دەکرێت.

**ڕۆڵی کۆمیتەی ناوەندی لە نۆیەمین کۆنگرەوە**

لەو دەمەی کە "کۆنگرەی نۆیەم" بەسترا، پارتیمان کەوتبووە بەر هێرشێکی سیاسی و ئیعلامی و ئابلۆقە درابوو، بوختانی جۆربەجۆری دەدرایە پاڵ. ئەرکی سەرکردایەتی و کۆمیتەی ناوەندی تازە سەخت و گران بوو، بەڵام هەڤاڵان بە بڕوایەکی قایمەوە چونە ژێر

باری ئەو مەسئولیەتە مێژووییە بۆ تەواوکردنی ئـەو ڕێـڕەوەی کـە لـە ئـابی سـاڵی ١٩٧٦ەوە، دەستی پێ کرابوو، تا پارتی مەوقیعی تەبیعی خۆی لە کوردستان و عێراقدا بگرێـت. ئەمـەش کورتەیەك لەو ئەرکە گرنگانەی کە بەجێی هێناوە :

١. هەر لە ساڵانی هەوەڵەوە، لە ساڵانی١٩٨٠ـ١٩٨١، بە پـەیڕەوکردنی بڕیارەکـانی کـۆنگرە و ڕێبازەکەی، چەندین ئەرکی ئەساسی بەجێ گەیاند، لەوانەش :

أ. تا کۆتایی ساڵی (١٩٨٠) تەوقی ئەو حەسارەی شکاند کـە لـە دەوری پـارتی درا بـوو. ئەمەش بە پێچەوانەی ئەو بۆچوون و موراهەنەیە بوو کە دەیانگوت پارتی لـە چەنـد مانگ زیاتر خۆی پێ ڕاناگیرێ و نامێنێ.

ب. سەرکردایەتی و قاعیدە و پێشمەرگەی پارتی هێز و توانای خۆیـان نوانـد و بڕوایـەکی گەرمیان خستە دڵی جەماوەری کوردستانەوە.

ج. پارتی سەلماندی کە خاوەن ڕێبازێکی پێشکەوتنخوازانەی ڕوونە. بەوەش هـەموو ئـەو (اتهامات)ەی بەرپەچ دایـەوە کـە بـە (یـەمینی) و (ڕەجعـی) و نـاو و سـیفاتی تـری دەدرایە پاڵ.

د. لە ماوەیـەکی کورتـدا بـوو بـە جێگـەی ئیحـترام و تەقـدیر و پەیوەنـدی دوسـتایەتی دامەزرانـــدەوە لەگـــەڵ حـــزب و ڕێکخـــراو و دۆســـت و هاوپەیمانـــە نیشـــتمانییە سروشـتییەکانی لـەناو کوردسـتان و عێـراق و لـە ناوچەکـە و لـە ئاسـتی عـەرەبی و جیهانیدا، کە بە شانازییەوە دەهاتنە پیری بانگەوازەکانی پارتییەوە.

ە. بە هەزاران ڕۆڵەی کوردستان، بە ئارەزووی خۆیان، هاتنە ڕیزی لەشـکری شۆڕشـگێڕی کوردستان، کە بە ڕێکوپێکی دامەزرایەوە و یاسایەکی بۆ دانرا.

و. پەیوەندی بە ناو شارەکانەوە کرا و ڕێکخستنی ناوەوە بەهێز بوو.

ز. دەیان هەزار ڕۆڵەی گـەل هاتنـە ڕیـزی وەك ئەنـدام، یـا وەك لایـەنگر و دۆسـت لـە دەوروبەری کۆبوونەوە.

ح. ڕاگەیاندن، بە تایبەتی ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق کە بە شـێوەیەکی ڕێکوپێـك کەوتە کار ڕۆڵی چاکی خۆی بینی بـۆ هۆشـیارکردنەوەی خـەڵك و گەیانـدنی دەنگـی گەل.

٢. گرنگترین هەنگاوی ئەو یەك دوو ساڵەی هەوەڵی پاش کۆنگرە، هەوڵدانـەکانی پـارتی بـۆ پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی بوو، کە وەك هێزێکی سەرەکی بەشدار بوو لـە پێکهێنـانی (جود) کە سەرکەوتنێکی سیاسی گەورە بوو بۆ پارتی و بزووتنەوەی کورد و گـەلی عێـراق

چ لە ناوەوە یا لەسەر ئاستی ناوچە و جیهاندا.

٣. لە ئەنجامی ئەو سەرکەوتنانە، تا ساڵەکانی ناوەڕاستی هەشتا و پاش ئەوەش، پارتی لەسەر چالاکییەکانی ڕۆیشت، کە گرنگترینیان ئەمانەن :

أ. پارتی چووە دڵی جەماوەری کوردستانەوە و بوو بە جێگەی تەقدیر و ڕێزلێنانی دۆستانی گەلەکەمان لە ناوەوە و دەرەوە.

ب. پێشمەرگەی دلێری کوردستان داستانی مەزنی پرشنگداریان لە مێژووی خەباتی گەلی کوردا تۆمار کرد، کە بڕوا و متمانەی نەتەوەی کوردیان بەوە پتەوتر کرد کە خەباتی بێوچانی ڕۆڵەکانی و توانایان لەبن نەهاتووە و خاوەن ئەو ڕۆڵە سەربەرزانەیە کە بە گیان و ماڵ تا دوا هەناسە، لە ڕێگەی ڕزگاریدا، خۆیان فیدا دەکەن.

ج. هەر لەبەر ئەوەش پارتی بوو بە هێزێکی سەرەکی گۆڕەپانی کوردستان و عێراق و مەوقیعێکی سیاسی گرنگی گرت و بە هاوکاری هێز و حزبە کوردستانییەکانی تر، سەرکەوت لە جێبەجێبوونی ئاشتبوونەوەی گشتی لە کوردستان و پێکهێنانی بەرەی (کوردستانی عێراق) کە سەرکەوتنێکی سیاسی مێژوویی مەزنە بۆ پارتی و لایەنەکانی (بەرە)

د. بە درێژایی ئەو دە ساڵە، چەندین وەفدی سەرکردایەتی پارتی، بە سەرۆکایەتی نەمر ئیدریس بارزانی، یا سەرۆکایەتی بەڕێز مەسعود بارزانی، بە تایبەتی لە ساڵی ئەخیردا سەردانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپایان کرد، کە هەمیشە جێگەی ڕێز و پێشوازی گەرم و پشتیوانی و خوشحاڵی دوستان و هاوپەیمانانی بزووتنەوەکەمان بوونە. بێگومان ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ مەوقیعەت و ئەهەمیەتی ڕۆڵی پارتی لە مەیدانی فیعلی خەباتدا.

ە. هەڤاڵانی کۆمیتەی ناوەندی، بەپێی زانایی و توانای خۆیان، دە ساڵی ڕەبەقی خەباتیان بە دڵسۆزی بردووەتە سەر و ڕیزی یەکگرتووی خۆیان پاراستووە، هەر چەندە تووشی کێشە و مەسەلەی سیاسی و عەسکەری هەرە سەخت و دژوار بوونە و سەرەڕای هەر جیاوازییەك لە بیروڕا و بۆچوون بەرامبەر بە کێشە ئاڵۆز و سەختەکانی ئەم دە ساڵە، کە ئەو جۆرە جیاوازییەش شتێکی تەبیعییە و لە خەباتێکی وا دژواردا هەر دەبن.

هەروەها زۆر لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی نەبەس بە درێژایی چەندین ساڵ لە ناو وڵات و لەگەڵ پێشمەرگە و جەماوەری گەل بوونە، بەڵکو هەندێکیان ڕاستەوخۆ سەرکردایەتی چالاکی فراوان و داستانی گەورەی

پێشمەرگایەتی بوونە، جگە لە کاروباری ڕێکخستن و ئەرکەکانی.

و. پارتی ڕۆڵێکی چاکی هەبوو لە بەڕێوەبردن و ئاراستەکردنی ڕاپەڕینـەکانی نـاو وڵات. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ پتەوبوونی ڕێکخسـتنی نـاو شـارەکان و پەیوەنـدی پـارتی بـە جەماوەرەوە.

ز. گەیانـدنی دەنگـی کـورد و مەسـەلەکەی بـۆ ڕای گشـتی جیهـانی. وەك باسـمان کـرد وەفـدەکانی پـارتیمان پەیوەنـدیی سـەرکەوتووانەیان لەگـەڵ دوسـتانی گەلەکـەمان دامەزراند و چەسپاند. بێگومان هێـزی ئەساسـی ئـەو سـەرکەوتنانە دەگەڕێتـەوە بـۆ فیداکاری و قوربانیدانی پێشمەرگە و جەماوەری گەلی کوردستان. بـە واتایـەکی تـر، قوربانیدانەکانی گەل و پێشمەرگە و ئەندامانی پارتی و لایەنەکانی تری کوردستانی و عێراقی، بە فیڕۆ نەچوونە. هەر دڵۆپە خوێنێـك و مەینـەتی هـەر خێزانێکـی ئـاوارە و دەربەدەر، بووە بە هاوار و فریادێك لە کۆڕ و کۆمەڵـەی دونیـا دەنگـی داوەتـەوە و بانگی هەڵ داوە : کە مەسەلەی کورد ڕەوا و هەق و بە عەدالەتـە و لـە ئەنجامیشـدا مەسەلەکە کەوتووەتە سەر جەدوەلی لێکۆڵینەوەی زۆر لە کورد و کۆمەڵەی دونیا.

ئەمڕۆ، ئەگەر پارتی و هێزەکانی تر، بتوانن چـاکتر خۆیـان ڕێـك بخـەن و یـەکتر بگـرن، دەتوانن ئەو دەسکەوتە سیاسییە بچەسپێنن و بیگەیێنن بە ئەنجام و لە ئەنجامـدا مەسـەلەکە سەر بخەن. کە ئەوەش ئاوات و ئامانجی شەهیدان و گەلە زۆر لێکراوەکەمانە هـەر ئەوەشـە کە برینەکانمان سارێژ دەکا و ناهێڵی هیچ قوربانیدانێك بە خۆڕایی بچێت.

ئەوە بـوو کورتەیـەك لـە کارنامـەی کۆمیتـەی ناوەنـدی، کـە بـە خـەبات و دڵسـۆزی و فیداکاری قاعیدەی پارتی و پێشمەرگە و جەماوەر، هاتە دەست. بێگومـان، ئەگـەر کـۆنگرەی پارتی بە شێوەیەکی تەبیعی لە کاتی دیاریکراوی خۆی ببەسترابا و ئـەوە ئـەم سـەرکردایەتییە بەرزترین ڕێزلێنان و شانازیی بە دەست دەهێنا، چونکـە هـەر لـە چـوار پێـنج سـاڵی دوایـی بەستنی کۆنگرەی (٩)، لە هەموو ڕوویەکەوە بە سەرکەوتن گەیشت.

بەڵام، ئەوە بوو درێژەی خایاند و بەستنی کۆنگرە تا بە ئەمڕۆ دواکەوت. لەم دە ساڵەدا بارودۆخی نێودەوڵەتان گۆڕا و میزانی قیوای ناوچەکەش گۆڕا و لـە ئاکامـدا چـەکی کیمیـایی هاتە کایەوە، (کە وەك پاشان دیمان) بوو بە هۆکاری ڕاستەوخۆ و سەرەکی ئەم شکسـتە، کـە تووشی پارتی و تەواوی بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد و جووڵانـەوەی نیشـتمانی عێراقـی بووە.

لە ماوەیەکی وا دوور و درێژدا، (١٠) ساڵ و لە هەلومەرجێکی هەرە دژواری شەڕی نێو

دوو دەوڵەت و گۆڕانکاریی کتوپڕ و گەورەی بارودۆخی جیهانی، بە تایبەتی پاش شکستی ساڵی ١٩٨٨، زۆر کەموکوڕی و سەلبیاتی کۆمیتەی ناوەندی دەرکەوتن، هەروەکو لە سەرکردایەتی حزب و هێزەکانی تریش ئاشکرا بوون.

وەختێك تەنگ و چەڵەمەی ناوچەکە و شەڕەکە بەرەو توندوتیژی چوو و سروشتی شەڕی عێراق و ئێران و هەڵوێستی دەولی گۆڕا، سەرکردایەتی یا کۆمیتەی ناوەندی نەیتوانی زروفی مەوزوعی تازە بە چاکی دەرك بکا و نەیتوانی وەك پێویست کەڵك لەو گۆڕانکارییە وەربگرێ و لە ئاکامدا نەیتوانی لەو (مأزق)ە، دەرچێت. ئەمەش، وەك لە مەودوا دێ، کورتەیەك لە کەموکوڕی سەلبیاتەکانی سەرکردایەتی کۆمیتەی ناوەندی.

**کەموکوڕییەکان**

ئاشکرایە کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراقدا، لە ساڵی ١٩٨٨دا، تووشی شکستییەکی عەسکەری بوو، ئەویش لەبەر ئەم هۆیانە:

یەکەم: هۆکاری زاتی و مەوزوعی (بابەتی) تەواوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، لە پێشەوەی هەموویانەوە :

أ. قسووری زاتی کە ئاکامی سروشتی ئەو پەیوەندییەی کۆمەڵایەتییانەیە کە تەنگوچەڵەمەی سەرکردایەتی لە تەواوی بزووتنەوەکەدا، پێك دێنن.
واتە : بزووتنەوەکە گیرۆدەی تەنگوچەڵەمەیە لە باری سەرکردایەتی و بیروتوانای لێکۆڵینەوەی سیاسییەوە.

ب. جارێکی تر، پشتگوێخستنی هەلومەرجی سیاسی لە ناوچەکەدا، کە هەرچەندە ئەو هەلومەرجە هەر وەك خۆی ماوەتەوە، بەڵام تەکتیکە بە هەڵەکانی بزووتنەوە کە هەروا دووپات بووەتەوە ئەویش لەبەر ئەوەی هەر بە هەڵە کەڵك وەرگیراوە لە ناکۆکییەکانی ئەقلیمی و نێودەوڵەتی، کە بە ڕوونی دەرك نەکراون. ئەمەش ڕەنگی دایەوە، وەختێ لە ساڵانی ١٩٧٤ ـ ١٩٧٥ ڕووحی دیتانت (وەفاقی دەولی) دەرك نەکرا و، ساڵانی ١٩٨٠ ـ ١٩٨٨ لە هەڵوێست بەرامبەری شەڕی عێراق و ئێران نوێندرا، کە یاساکانی ئەو شەڕە و ئیحتمالاتی کۆتایی پێ هێنانی نەهاتە تێگەیشتن.

ج. هەلومەرجی زاتی بزووتنەوەی کورد بە گشتی، کە پتر لە سەد ساڵە نەیتوانیوە لە خەتی سەلبی خۆی ڕزگاری بێ، ئەوەتا هەر دەکەوێتە هەمان هەڵەوە کە پەیتا پەیتا دووپات دەبێتەوە.

د. نەبوونی دیموکراتی لە خەباتی نیشتمانی کوردیدا، کە میراتێکی مێژوویی سەلبییە. لە

ئـەنجامی ئەوەشـدا، بیـروڕای بنکـەکانی و جـەماوەری هێـزە کوردسـتانییەکان و جەماوەری گەل پشتگوێ خراوە، چونکە مینبـەر و دامودەزگـای ڕای گشـتی نـەبووە، وەك بەستنی کۆنگرە و کۆنفڕانسات، یا پێکهێنانی ئەنجومەنی نیشـتمانی کوردسـتان، هــەروەها پــێش بــەرەی کوردســتانی ســادەترین شــێوەی تەنســیق و هاوکــاری و ڕێککەوتن لە نێوان هێزەکانی کوردستانی دەربارەی سـادەترین داخوازییـەکانی گـەل نەبووە.

ه. پارچەپارچەبوونی لایەنەکانی بزووتنەوەی کورد لە عێراقدا، کە تا دوو ساڵی ئـەخیری پێش ڕاوەستانی شەڕی عێراق و ئێـران، بـە گژیەکـدا دەچـوون، جـاری واش هـەبووە پێشـبڕکێیان دەکـرد، کامـەیان هەڵـەی زیـاتر بکـات، یـا لـە مونافەسـەدا بوونـە بـۆ وەدەستهێنانی دەسکەوتی بچووك و ڕۆژانەی سیاسی و عەسکەری.

لەبـەر هـەموو ئەوانـە بـوو کـە بزووتنەوەکـە وەك پێویسـت بـەهێز و دینامیکیـەتی ئەساســی خۆیــەوە نــەما و یــەکگرتوو نــەبوو لــەوەی کــە بــە یەکــدەنگ و یــەك داخوازییەوە ڕابوەستێ بەرامبەر (سلطەی مەرکەزی) لە دەمـێ ئاشـتی یـا لـە دەمـێ شەڕدا، یا یەك دەنگ بێ بەرامبـەر بـە کێشـە سـەرەکییەکان وەك مەسـەلەی شـەڕ و مەسەلەی دۆستان و دوژمنان و مەسەلەکانی تر. هـەروەها تـەوەجوهی عەسـکەری، یا شێوەی چەکداری لە خەبات، زاڵ بوو بەسەر تەواوی بزووتنەوەکەدا کە بـاری کـرد بە داخوازی ناواقیعی و لە ئەنجامدا خستیە ژێر (تعهدات)ی نەویستراوەوە.

و. دوورەپەرێزی (الانعزالیة) : بزووتنەوەی کورد لە عێراقدا، ساڵەهای سـاڵە تەنانـەت تـا ئەم دواییەش دەکەوتە قۆرتی دوورەپەرێزی (انعزالیە)وە، مەوقیعی تەبیعی خۆی لـە چوارچێوەی جووڵانـەوەی نیشـتمانی عێراقـی، دوور دەکەوتـەوە. هـەر بۆیـەش لـەم قۆناغە یا لە وی تر دەکەوتە هەڵەی گەورەوە.

ز. پێکنهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی عێراقی و کوردستانی، کە هۆیـەکانی لـە جێگەیـەکی تری ئەم ڕاپۆرتە هاتوونە.

**دووەم:** پارتیمان، سەرەڕای ئاکامی ئەو سیاسەت و هۆکارە ئەساسییانە کە لەگـەڵ هێزەکـانی تری بزووتنەوەکە، پێکەوە تووشی دەبوون، بە خۆی چەند هۆکاری زاتیی شکسـتەکەی هەیـە :

أ. لە بارەی ڕێکخستن و ڕۆشنبیرییەوە (کە دوو ئەرکی مەرکەزین) :

١. مانەوەی بەشی ئەساسی سەرکردایەتی و دەزگاکانی لە دەرەوەی کوردستانی عێراق، بـەوەش بڕیـاری نۆیـەمین کـۆنگرەی پـارتیمان پشـتگوێ خـرا، کـە سـەرکردایەتی و

دەزگاکانی دەبوا بچنە ناو وڵات، هەرچەندە کە ناوچە ڕزگارکراوەکان زۆر بەرفرە بووە و زروفی مەوزوعی چاکتر هاتبووە گۆڕێ، بەشی هەرە گەورەی گیروگرفتەکانی پارتیمان بۆ ئەم خاڵە دەگەڕێتەوە.

٢. دەیەمین کۆنگرەی لە مەوعیدی خۆی نەبەسترا، بەوەش ڕای قاعیدەی حزب پشتگوێ خراوە، هەروەها کۆنفرانسەکان نەبەستران.

٣. هۆشیارکردنەوەی سیاسی و فیکری پشتگوێ خراوە و بەرنامەی ڕۆشنبیری ناوخۆی پارتی نەبووە.

٤. دیاردەی بەرەڵایی و خروقاتی تەنزیمی لە ڕیزی حزبدا، کە قاعیدەش ڕەنگی دایەوە، چونکە لەلایەن سەرکردایەتیەوە ڕێکخستن و هۆشیارکردنەوەی پشتگوێ خرا بوو. هەروەها قاعیدە هەستی کردبوو بە هەندێ خروقات (لادان) لە سەرەتاکانی ڕێکخستن و عەدالەت لەسەر ئاستی سەرکردایەتی کە بە شێوەیەکی سەلبی کاری دەکردە سەر ورەی پێشمەرگە و کادیران و جەماوەر، کە تا دەهات زیاتر هەستیان دەکرد بە (غبن) و جیاوازی کۆمەڵایەتی و دیاردەیەکی تری سەلبی.

ب. ڕامیاری: پارتیمان کەوتە ناو چەندین هەڵەی زاتی سیاسی، کە گرنگترینیان:

١. سەرکردایەتی پارتی پشتی بە وزە و توانای زاتی گەلەکەمان نەبەستبوو، لە جیاتی ئەوە، ئومێدی بە شەڕی عێراق و ئێران بەستبوو، بەو بۆچوونەوە کە شەڕەکە بە نەمانی ڕژێمی عێراقی دەبڕێتەوە.

٢. وەك پێویست لە پەند و عیبرەتەکانی شۆڕشی نیشتمانی ئەیلول کەڵکمان وەرنەگرتووە، هەروەها وەك پێویستە پەیڕەویمان نەکردووە بە بەرنامەی پارتی و بڕیارەکانی نۆیەمین کۆنگرەوە.

ج. (سوء تەقدیر) لە هەڵسەنگاندنی سیاسی، سەرەڕای ئاڵوگۆڕی وەزع و وەرگەڕانی (مەوازین) ئەمەش هەروەك وتمان، دەگەڕێتەوە بۆ قسوری زاتی.

د. بەرنامەی پارتی و دروشمەکانی ئاشکرا و ڕوون بوون، سەرەڕای ئەوەش سیاسەتی عەمەلی پارتی لە ژێر فشاری نائاسا و ڕۆژانەدا، لە بەرنامەکە دوور دەکەوتەوە.

### دەربارەی کارەساتی لقی یەك لە (٢٥)ی ئابدا

ئەو هوکارە زاتی و مەوزوعییانەی کە پێشوو تر هاتن، بە شێوەیەکی سەلبی لەسەر لقی یەك و لقەکانی تری پارتیش، ڕەنگیان دایەوە. هەروەها لەبەر گرنگی و فراوانی و قەوارەی

سنووری لقی یەك و جەماوەرەکەی، هەندێ هۆکاری تایبەتیش هەن، تایبەت بە وەزعی لقی یەك، کە ئەو کارەساتەیان خستەوە، لەوانەش :

١. پاش ڕاوەستانی شەڕی عێراق و ئێران، جەوێکی سایکۆلۆجی سەلبی بەسەر جەماوەری ناوچەکەدا زاڵ بوو، ئەوەش لە ئاکامی ئەو ئومێدبەستنە بوو بە ئاکامی شەڕەکە.
٢. هێزەکانی ڕژێم زۆر بە پەلە، جادە سەرەکییەکانیان داگیر کرد و ناوچەکانی لقی یەکیان کرد بە چەند بەشەوە و لە یەکتریان داپچڕاند.
٣. هێزەکانی ڕژێم لە پڕدا بە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر ئامادە بوون، بێ ئەوەی لق و سەرکردایەتی یا (سەرکردایەتی پارتی) هێزی پێشمەرگە بەپێی هەلومەرجی تازەکە، ڕێك بخاتەوە.
٤. زیادکردنی ژمارەی پێشمەرگە بۆ شەڕی جەبهەوی، کە موبادەرەی (تحرك)ی خێرای بە دەستی لقی یەکەوە نەهێشتبوو.
٥. لە ساڵەکانی ئەخیردا سەرەتا تاقیکراوەکانی شەڕی پارتیزانی پشتگوێ خرابوون.
٦. ژمارەیەکی هەرە زۆری خێزان لە ناوچە ڕزگارکراوەکان بوون، کە بارێکی گەورە بوون و کەوتنە بەر کارەساتەکە و بە تایبەتی کە وا ڕێك کەوت گواستنەوەی خێزانەکان بۆ سەر سنوور هاوکات بێ لەگەڵ تەوقیتی هێرشەکەی ڕژێم.
٧. لە وەختێ هێرشەکەدا، ئەندامانی سەرکردایەتی، لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسی یا کۆمیتەی ناوەندی لە سنووری لق نەبوون.
٨. لە لقی یەکیشدا، لایەنی عەسکەری زاڵ بوو بەسەر کاروباردا، لەسەر حیسابی لایەنی سیاسی و تەنزیمی و ڕۆشنبیری.
٩. ئامادەیی وەرنەگیرا بەرامبەر بە وەزعی تازەی عەسکەریی پاش بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دێهاتی کوردستاندا. لە نیسانی ساڵی ١٩٨٧ەوە، لە شێخ وەسان و ناوچەی سەرگەڵو چەکی کیمیایی بەکار هاتبوو. پێویست بوو هێزی پێشمەرگە بە شێوەیەکی تازە ڕێك بخرێتەوە. ئەمە لەڕاستیدا، قسوری هەموو هێزە کوردستانییەکان بوو. هەروەها لقی یەك، وەکو لقەکانی تر، هیچ کەرەستەیەکی خۆپاراستن لە چەکی کیمیاییان نەبوو.

**سێیەم:** هۆکاری مەوزوعی سەرەکی ڕاستەوخۆی ئەم شکستە، دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە، کە ئەوەش ڕاستەوخۆ لەسەر وەزعی لقی یەکیش، لە قاعیدەیەکی سەرەکی پارتی بوو، ڕەنگی دایەوە. ئەوە بوو پاش ئەوەی کە ئێران

موافەقەتی لەسەر بڕیاری ژمارە (٥٩٨)ی مەجلسی ئەمنی دەولی ڕاگەیاند، هێزەکانی ڕژێمی عێراق بە تەواوی دەستی کرایەوە تا هێرش بهێنێتە سەر بنکەکانی پارتی و هێزە نیشتمانییەکانی تر لە سنووری لقی یەك و چەکی کیمیایی بەکار هێنا.

بێگومان، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، کە یەکەمین جارە لە کوردستانی عێراق بەو شێوەیە فراوانە بەکار دێ، (میزانی قیوای) ژێروبان کرد، ئەویش پاش ئەوەی کە ڕژێم فەشەلی هێنا لە لەناوبردنی بزووتنەوەی کورد سەرەڕای بەکارهێنانی هەموو چەکە تەقلیدییەکان. بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بوو بە هۆی شکستی عەسکەریی خەباتی چەکداری کوردستانی عێراق.

ئەمڕۆ، سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، هەر حزبێك بە خۆی هەروەها بەرەی کوردستانی، ئەگەر وریای وەزعی زروفی زاتی و مەوزوعی خۆی نەبێ، ئەوە ئەو شکستە عەسکەرییە، کە ئاکامی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییە، دەبێتە شکستێکی سیاسی تەواوی بزووتنەوەی کورد بە تایبەتی و جووڵانەوەی نیشتمانی عێراقی بە گشتی.

**بەرنامەی ئایندەمان**

بەلای ئێمەوە ئەگەر ختوتی عامی سیاسی و تەنزیمیمان لەبەر تیشکی ئەم نوقاتانەی خوارەوە بن کە ئەمانەن :

١. فکرییەن ئەم محنەتەی تێداینە بە نەکسەی نەزانین فعلەن نەکسەش نییە، بەڵکو تووشی شکستێکی عەسکەری گەورە بووین، چونکە لە هەموو ڕوویەکەوە و بە نوێترین ئسلوب لە خەباتدا، بەردەوامین لە خەباتی بێوچانمان تا دەگەین بە ئامانجەکانمان. زەربەییکی عەسکەری گەورە بوو لێ دراین، کە چاکترین بەڵگەیە بۆ قووەتی شۆڕشی کوردستان، وەکو لە پێشەوە نیشانمان داوە. ئەگەر لەبەر تیشکی ئەم پێویستییانەی خوارەوە، خۆمان ئامادە بکەینەوە، گەورەترین سەرکەوتن وەردەگرین بە تایبەتی کە ڕژێم بەم ئیجرامانەی کردوویەتی و دەیکات، بەرامبەر بە کورد و کوردستان، ڕووی ڕەش بووە لە جیهاندا.
بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە مەوقعێکی تازەدایە، پێویستی بە خۆ ئامادەکردنێکی نوێ هەیە، لە هەموو ڕوویەکەوە ئەگەر بمانەوێت پێی هەڵسین و ڕابردووی گەشەداری پارتیمان و **بارزانی** گەشەدارتر بکەین.

٢. ستراتیژی خۆمان لە بیر نەکەین و تاکتیکاتیشمان جوزئێك بن لەو ستراتیژیەمان، بەردەوام بین بۆ جێبەجێکردنی دروشمەکانمان کە دیموکراتییەتە بۆ عێراق و ئۆتونومی بۆ کوردستان.

٣. بەهێزکردنی سەرکردایەتی پارتیمان و مەرکەزیەتی و بەهێزکردنی تەنزیم لە ناو پارتیمان و لەشکری شۆڕشگێری کوردستان، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پارتیمان و سەرەتاکانی (مەرکەزیەتی دیموکراتی) و تەشجیعکردنی موبادەراتی خوڵقێنەر لە دامودەزگاکانی پارتی و شۆڕشدا.

٤. ئیعادەکردنی تەنزیماتی حزب و لەشکر کە بگونجێن لەگەڵ زروفی تازەمان بەپێی پێویستی تەنویع بکرێت.

٥. بەهێزکردنی بەرەی کوردستانی عێراقی بە زووترین کات و ئیلتیزامکردن بە میساق و نیزامە داخلییەکەی بە تەواوەتی.

٦. هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی بەرەی بەرفراوانی عێراقی لە هەموو چوار تەیارە سەرەکییەی لە پێشەوە بەرچاومان خستوون.

٧. ڕۆیشتن بەپێی بەرنامە لە هەموو دەزگاکانی پارتیمان و لەشکر بە تایبەتی لە سەرکردایەتیماندا و ئیلتیزامکردن پێیانەوە.

٨. بایەخدان بە عیلاقاتی پارتیمان و دامەزراندنەوەی لەگەڵ هەموو بزووتنەوەکانی ئازادیخوازی جیهانی و ناوچەیی و عەرەبی و کوردستانی و لەگەڵ جمهوری ئیسلامیی ئێران و جمهوری سوریا و جەماهیریەی لیبیا و دەوڵەتەکانی تری دۆست، لەسەر ئەساسێکی ڕاست و مەبدەئی لەگەڵ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی ئاشتی و پێشکەوتنخوازانەی گەلان و دژ بە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی، بە تایبەتی لەگەڵ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی نەتەوەی کورد.

٩. بەرزکردنەوەی ڕادەی خەباتی ئیعلامی و بایەخدان بە ڕاگەیاندنی پارتی و شۆڕش و دۆزینەوەی ئیختیارات بۆ بەردەوامی کاروباری و پەرەپێدانی چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوە و لە هەموو ڕوویەکیشەوە (چاپەمەنی، ئێزگە، چالاکی فەنی و ڕۆشنبیری چ لەڕووی ناوەڕۆک و چ لەڕووی تەکنیکەوە)

١٠. چەسپاندنی گیانی برایەتی و هاوپەیمانی لەگەڵ گەلانی ناوچەکە و بە تایبەتی ئەو گەلانەی کە میللەتی کوردی لەگەڵیاندا دەژیت.

١١. هەوڵ بدەین بۆ پتەوکردنی پەیوەندی عەرەبی و تورکی و ئێرانی بایەخێکی زۆر بدەین بە ڕای گشتی ئەم میللەتانە.

١٢. هەوڵ بدەین بۆ پتەوکردنی پەیوەندی عەرەبی و بایەخێکی زۆر بدەین بە ڕای گشتی عەرەبی (شەعبی و ڕەسمی) لەسەر ئەم بنچینانە :

أ. ئەوانەی دۆستمان بوون لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازەکانی عەرەبی دوستایەتیمان بپارێزین و پتەوی بکەین.

ب. ئەوانەی تا ڕادەیەك بەرامبەر بە مەسەلەکەمان بێلایەنن (چ هێزی شەعبی یا دەوڵەت) هەوڵ بدەین بیانکەینە دۆست.

ج. ئەوانەش (چ هێزی سیاسی یا دەوڵەت) کە لەگەڵمان نین یا بە شێوەیەك دژمانن هەوڵ بدەین هیچ نەبێت بێلایەن بن ئەگەر بکرێنە دۆست باشتریشە.

د. ئیهتیمامێکی تەواو بدرێت بە قەزیەی عەرەبی مەرکەزی، کێشەی گەلی فەڵەستین، لە هەموو ڕوویەکەوە و پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەموو ڕێکخراوەکانی ئازادیخوازی فەڵەستین پتەوتر و بەهێزتر بکەین و لە هەموو موناسەبەیەکدا پشتگیری و هاوپەیمانی خۆمانیان بە عەمەلی نیشان بدەین.

١٣. بەرزکردنەوەی شیعاری موسالەحەی وەتەنی، ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی کورد و کردنی بە چەکێك بە دەست پارتی و شۆڕشی کورد بۆ پووچەڵکردنەوەی مناوەرەکانی ڕژێم و دەستدرێژکردن بۆ هاوکاری هەموو ئەو لایەنانەی کە جێبەجێکردنی ئەم دروشمەیان مەبەستە چ لە ناو هێزەکانی بەرهەڵستکاری و چ لە ناو حیزب و دەزگاکانی ڕژێم خۆیدا.

١٤. ڕەچاوکردنی کێشەی نەتەوەیی کورد و تەئسیری لەسەر یەکتر واتە (بوعدی قەومی) لە دەستنیشانکردن و پەیڕەویکردنی تەکتیکاتی ڕۆژانە و ستراتیژی پارتیمان.

١٥. ڕەچاوکردنی باری سیاسی نوێی جیهانی و بیرکردنەوەی تازە لەسەر ئەساسی (انفتاح) و نیشاندانی مرونەت بۆ کەڵکوەرگرتن لە عیلاقاتی جیهانی نوێ لە چوارچێوەی بەرژەوەندی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد.

دڵنیاتان دەکەین، گەر بە تەواوەتی پەیڕەوی ئەم نوقاتانەی پێویست بکرێت و بە چاکی جێبەجێ بکرێن، سەرکەوتن مسۆگەرە و پارتیمان لە ڕابەرایەتی شۆڕشی ٢٦ی گوڵانی پیرۆز بە سەرۆکایەتی بەڕێز مەسعود بارزانی ڕۆڵی خۆی چاکتر دەبینێ و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراقدا دەگات بە ئامانجەکانی بە زووترین کات و بە کەمترین زیان، کە سەرکەوتنە بۆ هەموو نەتەوەی کورد. ئیتر هیوادارین هەموو لە هەمووومان لە ئاستی بەرزی هەست بە مەسئولیەتی مێژوویمان بین.

لە کۆتایشدا سڵاوی بێپایانمان و لەبیرنەچووومان دەنێرین بۆ عەوائیلی بەڕێزی شەهیدانی کوردستان و عێراق. سڵاوی گەرممان بۆ هەموو ئەو تێکۆشەرانەی کوردستانی و عێراقی کە لە ژێر تەعزیبی چڵکاوخۆرەکانی بەعسی عەفلەقی لە زیندانەکانی ڕژێم

گەلێكیان گیانیان لە دەست داوە و هێندێكیشیان نزیكە لە دەستی بدەن. سڵاو بۆ ئاوارەكانی ئۆردوگا زۆرەملێیەكان و ئاوارەكانی هەندەران و بزربووەكانی ئەنفال و ناوچەكانی بارزان، موسڵ، دهۆك و هەموو شار و شارۆچكەكانی كوردستان. سڵاو و ڕێزمان هەیە بۆ هەموو بزووتنەوەكانی ئینسانی و جیهانی و عەرەبی و عێراقی كە ئیدانەی سەریحی ڕژێمی دیكتاتۆری فاشیی بەغدایان كردووە، لە بەكارهێنانی چەكی كیمیایی و بایۆلۆجی دژی كورد و كوردستان. سڵاو و ڕێز بۆ هێزەكانی موعارەزەی كوردستانی و عێراقی، هیوادارین درێغی نەكەین لە بەهێزكردنی بەرەی كوردستانی عێراقی و دامەزراندنی بەرەی بەرفراوانی عێراقی (الجبهة العراقية الشاملة) سڵاو و ڕێز بۆ هەموو ئەو دەوڵەت و مونەزەماتی ئینسانییەی كە بە ئیحترامەوە دەربەدرەكانمانیان بە پەناهەندە وەرگرتووە و یارمەتییان داون بە تایبەتی جمهوری ئیسلامیی ئێران كە میوانداریيان كردووین و پشتگیرییان كردووین تا ڕادەیەكی باش لەم میحنەتەی میللەتەكەمان تێ كەوتووە، تەنانەت لە سەركەوتنی شۆڕشی میللەتانی سەربەرزی ئێران و تا ئێستاش، لەگەڵ دەربڕینی سوپاسماندا، هیوادارین كە یارمەتیان هەر بەردەوام بێت و بگاتە ڕادەی پێویستییەكانی ئەم هەلومەرجە دژوارە. ئێتر دووبارە تەمەنناى سەركەوتنی كۆنگرەكەمان دەكەین و دەست لە دەست و پشت بە خوای گەورە و میللەتە كۆڵنەدەرەكەمان و ئێوەی تێكۆشەر.

**كۆمیتەی ناوەندی**

**پارتی دیموكراتی كوردستانی عێراق**

**١٩٨٩/١١/٢٠**

# پرۆگرامی
## پارتی دیموكراتی كوردستان-عێراق

### لە كۆنگرەی دەیەمی پارتی دا
### كە لە كانونی یەكەمی - ١٩٨٩
### بەسترا بریاری لەسەر دراوە

**بەندی یەكەم :**

ناوی پارتی - پارتی دیموكراتی كوردستان.

**بەندی دووەم :**

پـارتیمان، پـارتێكی دیمـوكراتی پێشـڕەوی شۆڕشـگێڕە، نوێنـەرایەتی بەرژەوەنـدییەكانی كرێكـار و جوتیـار و كاسـبكار و پیشـەوەر و ڕۆشـنبیرە شۆڕشـگێرەكانی كوردسـتانی عێـراق دەكات.

**بەندی سێیەم :**

پارتی خەبات دەكات لەپێناو ڕزگـاربوون و دادپەروەری كـۆمەڵایەتی و جێبەجـێ كردنـی حـوكمێكی دیمـوكراتی ئیئتلافـی لـە عێـراق و ئۆتۆنـۆمی ڕاسـتەقینە لـە كوردسـتاندا،بە پێـی راستییەكانی نەتەوایەتی و مێژوویی و جوگرافیایی و شادبوونی كوردسـتان بە كەسـایەتییەكی مەعنەوی و یاسـایی لە چوارچێـوەی كۆمـاری عیـراق و نـوێنەرایەتی كردنـی گەلـی كـورد لە دامودەزگاكانی یاسادانان و راپەڕاندنی ناوەندی حوكم بە پێی ڕێژەی لەگەڵ كۆی دانیشتوانی و هەڵوەشاندنەوەی هەموو سیاسەتی جیاوازی نەتەوایەتی.

**بەندی چوارەم :**

چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەستراوەتەوە بە جێبەجێ کردنی دیموکراتیەت بۆ عێـراق و شادبوونی گەلەی کورد بە ئۆتۆنۆمی دەبێ بریتی بێت لە:

أ - هەڵوەشانەوەی کردارەکانی گۆڕینی نەتەوایەتی دانیشتوان لە کوردستاندا و خسـتنەوەی ئەو بەشانەی لە ناوچەی کوردستان دابڕێندراون بۆ پاڵ دەسەڵاتداریەتی ئۆتۆنۆمی.
ب - نەهێشتنی نیشتەجێگا رەگەزپەرەستانەکان لە کوردستان و هەڵوەشـاندنەوەی سیاسـەتی بە عەرەب کردن و گێڕانەوەی دانیشتوانی عەرەب کە بە پێی پرۆگرامێکـی داڕێـژراو لە نـاوچە کوردنشینەکان نیشتەجێ کراون بۆ ناوچەکانی خۆیان.

ج- هەڵوەشـانەوەی هەمـوو کردارەکـانی ڕاگـوێزانی زۆرە ملـێ و بە کـومەڵ و گێـرانەوەی دانیشـتووە کـوردە ڕاگوێزراوەکـانی دێ و نـاحیە و قەزاکـان بـۆ شـوێنەکانی خۆیـان و قەرەبوکردنەوەیان لە زەرەر و زیانانەی پێیان کەوتووە، بەربەست نەکردنی ئازادی گواستنەوە و ئازادی هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێبوون لەناو سنووری دەوڵەتدا.

د- قەدەغە نەکردنی دانیشتوان لە هۆیەکانی گوزەران و شێوەی ژیانی خۆیـان و پەرەپێـدانی نـاوچەی کوردسـتان لە رووی کـۆمەڵایەتی و ئـابوری و پەرەدان بە سـەرچاوەکانی سروشـتی کشتوکاڵی و ئاژەڵی و ئـاو بـۆ ئەوەی ببـنە مەڵبەنـدی بە بەرهەمهێنـان بـۆ پاڵپشـتی کردنـی ئابوری نیشتمانی گشتی.

ە- ئۆتۆنۆمی ئەنجومەنێکی یاسادانانی هەبێت ئازادانە و راستەوخوو بە دەنگـدانی نهێنـی و بێ داسەپاندن هەڵبژێردرابێت و لە وێشەوە ئەنجومەنێکی ڕاپەڕاندن بێتە کایەوە.

و- داموودەزگاکـانی ئۆتۆنـۆمی سەرپەرشـتی دەکـاتە سـەر بەرێوەبەرایەتییەکـانی کاروبـاری کوردستان بۆ دەربڕینی کەسایەتی رۆشنبیری گەلی کورد بەوەی کە یەکێتی نیشتمانی عێراقی بەهێز دەکات.

**بەندی پێنجەم :**

پـارتی لـە خـەباتی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و ئابووریـدا کەڵـک لە تیـوری زانسـتی وەردەگرێت، تیـوری تـاقیکراوی خەبـاتی ئـازادیخوازانەی گەلان و سـەرکەوتن و پێشـکەوتنی کۆمەڵایەتیان و ڕەچاوکردنی بیرکردنەوەی سیاسی نـوێ و تەیـاری گۆرانکـاری دیموکراتیـانەی جیهان بەو شێوەی لەگەڵ واقعی گەلی کوردستان دەگونجێت.

هەروا سوود لە ئەزموونی گەلی كورد و بزوتنەوەی رزگاریخوازەكەی و لە تـاقیكردنەوەی نیشتمانی لە نـاوچە و جیهانـدا و لە توراسـی نیشـتمانی دامەزرینـەری پـارتی بـارزانی نەمـر وەردەگرێـت. پـارتی بە شـێوەی ناوەنـدیی كـادر و ئەنـدامانی یەوە مێشـك ئـاو دەدا و چەكداریان دەكات.

**بەندی شەشەم :**

لەبەر پەیوەنـدی نێـوان هەردوو نەتەوەی كـورد و عەرەب و مـافی هەردووكیـان لە دیاریكردنی چارەنووسی خۆیان و پێویستی یەكانی خەباتی هاوبەشیان لە پێنـاو رزگـاربوونی نەتەوایەتی و پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی بۆیە هەر پێشكەوتن و گەشەكردنێك لە بـزووتنەوەی نەتەوایەتـی عەرەبـدا بەدی بێـت دەبـێ هاوشـان پێشـكەوتن و گەشـەكردن لە مـافە نەتەوایەتیەكانی گەلی كوردیش بەدی بێت.

**بەندی حەوتەم :**

أ- خەبات دەكەیـن لـە پێنـاو حـوكمێكی دیمـوكراتی پەرلەمـانی كە قـوڵترین گۆڕانكـاری دیموكراتی و كۆمەڵایەتی بەجێبهێنێـت و دیكتـاتۆریەت و دامەزراوە تیرۆریسـتەكانی پاكتـاو بكات سیاسەتی چەوساندنەوەی سیاسی و نەتەوەیی و ئایینی و تایفەگەریی هەڵوەشێنێتەوە و هەڵبژاردنی ئازاد و بێگەرد و راستەوخۆ و بە دەنگدانی نهێنی بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەكـانی بۆ دەسەڵاتداریەتی یاسا دانان ئەنجام بدرێت و ئازادی بیر و ویژدان و ڕا و بڕوای پێكهاتن و رێكخستن و چالاكی سیاسی حزب و رێكخراوە سیاسیەكان و رێكخسـتنی (جڤـات- نقـابی) و پیشەیی و كۆمەڵایەتی و ئازادی رۆژنامەگەری و بڵاوكردنەوە و كۆبـوونەوە و خۆپێشـاندان و مانگرتن و پاراستنی مافەكانی مرۆڤ و كەرامەتی هاوڵاتی و ئاسایش و ئارامی و دابینكردنـی ئازادی نەریتی ئاینیی هەموو ئایین و تایفەكان و دانپیانان بە هەموو جۆرە سیاسی و ئـازادی وەرگرتنی دەسەڵاتداریەتی بەشێوەی دیموكراتیانە دابـین بكرێـت و گشـت یاسـا و رەفتـار و سـزاكان هەڵوەشـێندرێنەوە كە لەگەڵ سـەرەتاكانی مـافی مـرۆڤ و رێككەوتننـامە نێودەوڵەتیەكـان سـەبارەت بە مافەكـانی ئـابوری و كـۆمەڵایەتی و رۆشـنبیریی و مەدەنـی و سیاسی ناگونجێن.

ب - پارتیمان خەبات دەكات لە پێناو نەهێشتنی جیاوازی تایەفەیی لە عێراقدا.

**بەندی هەشتەم :**

أ- خەبات دەکەین لە پێناو پتەوکردنی پەیوەندی برایەتی نێوان هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەبی برا.

ب- لە سەر ئاستی کۆماری عێراقدا خەبات دەکەین لە پێناو چەسپاندنی کۆڵەگەکانی برایەتی نێوان هەردوو گەلی کورد و عەرەب وە کەمە نەتەوایەتییەکانی بۆ پتەوکردنی یەکێتی نیشتمانی.

ج- خەبات دەکەین لە پێناو چارەسەرکردنی ئاشتیانەی رەوا بۆ کێشەی کورد لە سەر بناغەی پێکەوە ژیان و برایەتی لەگەڵ ئەو گەلانەی پێکەوە لەگەڵیان دەژی.

د- خەبات دەکەین لە پێناو بەهێزکردنی پەیوەندی دۆستایەتی لە نێوان گەلی کوردمان و گەلانی جیهان بەگشتی.

**بەندی نۆیەم :**

خەبات دەکەین لە پێناو:

أ- پاراستنی ئاشتی لە جیهان و خاوکردنەوەی بارگرژی نێودەوڵەتان و چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتیەکان و شەر و هەرای ناوچەیی بە شێوەیەکی ئاشتیانە و لە رێگای گفتۆگۆ و هەرەوەز و سەرەتاکانی پێکەوە ژیان بە ئاشتی و قەدەغەکردنی چەکی ئەتۆمی و یاساغکردنی ئەنجامدانی تاقیکردنەوە لەسەری و کەمکردنەوەی چەکی تەقلیدی پاڵپشتی کردنی سیاسەتی [واز بوونی] نێودەوڵەتان رووە و بەجێهێنانی دیموکراتیەت و ئاشتی و رێزنان لە مافەکانی مرۆڤ و پەیڕەوکردنی بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکان

ب- پاڵپشتی کردنی تەیاری گۆرانکاری دیموکراتیانە لە پەیوەندی یەکانی نیودەوڵەتیدا و لە ناوەوەی وڵاتانی جۆربەجۆری جیهان و بەشداریکردنی چالاکانە لە تێکۆشانی مرۆڤایەتی لە پێناو ئازادی و ئاشتیدا.

ج- لایەنگیری کردنی دامەزراندنی سیستەمێکی ئابوری جیهانی نویٚ بۆ گێڕانەوەی کۆنترۆڵی گەلان لە سەرچاوە سروشتی یەکان و پێکهێنانی پەیوەندی عادیلانە و هاوتا لە نێوان دەوڵەتانی دەوڵەمەند و هەژاردا.

**بەندی دەیەم :**

خەبات دەکەین لە پێناو:

أ- یاساغکردنی بەرهەمهێنان و بەکارهێنان و عەمبارکردنی چەکەکانی کیمیایی و بایۆلۆژی و لەناوبردنی عەمبارکراوەکانیان و دانپیانان بە پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی نوێ بۆ قەدەغەکردن و پشکنینی یان و سەپاندنی سزا لە سەر بەکارهێنەرەکانی چەکی کیمیایی و میکرۆبی چ لە ناوەوەی وڵات و یان لە دژی وڵاتێکی بیانیدا.

ب- هەوڵدان بۆ ڕاگەیاندنی ڕۆژی ١٦ی ئازار بە ڕۆژێکی جیهانی (ڕۆژی هەڵەبجە) بۆ قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی و ڕۆژێکی جیهانی بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ قوربانییەکانی ئەم چەکە لە کوردستاندا.

ج- دوورخستنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لە مەترسی شەڕێکی ئەتۆمی مەحدود ئەویش بەوەی ناوچەکە بەتەواوتی چۆڵ بکرێت لە چەکی ئەتۆمی و قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوەی لە وڵاتەکانیاندا و کۆشش کردن بۆ قەدەغەکردنی ڕوودانی شەری نوێ تایاندا نەخاسمە شەرە کیمیایی و میکرۆبییەکان.

**بەندی یازدەهەم :**

پەیرەوکردنی سیاسەتێکی نیشتمانی پێشکەوتنخوازانە بۆ کۆتایی هێنان بە پاشکۆیی بۆ سەرمایەداری و ئیمپریالیزم و بەهێزکردنی پەیوەندیی یەکانی دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ گەلانی جیهان لە سەر بناغەی بەرژەوەندی نیشتمانی و سوودی هەردوولا و پشتیوانی کردنی بزووتنەوەکانی رزگاریخوازی نیشتمانی و پاڵپشتی کردنی کێشەکانی ئازادی و سەربەخۆیی و مافی چارەنوسی گەلانی چەوساوە.

**بەندی دوازدەهەم :**

بەهێزکردنی پەیوەندی یەکانی دۆستایەتی و هاوکاری نێوان پارتیمان و هەموو حزب و ڕێکخراوە عێراقییەکان کە بڕوایان بە ڕەوایی کێشەی کورد هەیە و پشتگیری دەکەن هەروا لەگەڵ هەموو حزب و ڕێکخراوە دیموکراتی و پێشکەوتنخواز و ئیسلامییە شۆرشگێرەکان لە جیهاندا.

**بەندی سیانزدەهەم :**

أ- پاڵپشتی و بەهێزکردنی ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتی وناوچەیی یەکان لە جیهاندا.

ب- پارتیمان تێدەکۆشێت بۆ خستنەڕوو و باسکردنی کێشەی کورد لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی یەکانی سەر بەو و دۆزینەوەی شێوەیەک بۆ نوێنەرایەتی کردنی سیاسی یەکگرتووانەی نەتەوەی کورد بۆ پیاچوونەوە و نەهێشتنی ستەمی مێژوویی کە پێی گەیشتووە و چارەسەرکردنی کێشەکە لە چوارچێوەی ڕەوایەتی نێودەوڵەتیدا.

**بەندی چواردەهەم :**

ا- پارتیمان بڕوای بە خەباتی نەتەوەی کوردی دابەشکراو هەیە لە پێناو مافی چارەنوسی خۆی لە لایەن خۆیەوە و هەروەکو هەموو نەتەوەکانی تری جیهان.

ب- پتەوکردنی پەیوەندی یەکانی هاوکاری و کۆمەك کردنی هاوبەش لە نێوان پارتیمان و تەواوی حزب و ڕێکخراوە دیموکراتی یە کوردستانییەکان و ڕۆڵەکانی جالیەی کورد لە هەندەران و قەدەغەکردنی شەڕی ناوخۆیی و بڵاوکردنەوەی دیموکراتیەت لە ناو ڕیزەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستانیدا.

ج- خەبات دەکەین لە پێناو دامەزراندنی باشترین پەیوەندی برایانە و هاوخەباتی لەگەڵ ئەو نەتەوە و گەلانەی گەلی کورد لەگەڵیاندا دەژی.

**بەندی پانزدەهەم :**

چەسپاندنی مافی وەرگرتنی ناسنامەی عێراقی بۆ ئەو کوردانەی کە لە پێنج ساڵ زیاترە لە عێراقدا نیشتەجێ بوون وەکو ئومەریان و گویان و هیتر.

**بەندی شانزدەهەم :**

دانەوەی ناسنامەی عێراقی بەو کوردە فەیلییانەی کە بەزۆر بۆ دەرەوەی وڵات راگوێزران و گێڕانەوەیان بۆ نیشتمان و قەرەبوکردنیان لەو زەرەر و زیانەی کە لە ئەنجامی کرداره رەگەزپەرستی یەکان پێیان کەوتووە.

**بەندی حەڤدەهەم :**

خەبات دەکەین لە پێناو گەشەکردنی ئابوری نیشتمانی و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی گەل لە هەموو روویەکەوە لە ڕێگای پەیڕەوکردنی بناغەکانی تیوری زانستی دامەزراو لە

سەر لێکۆڵینەوەی فراوانی هەموو لایەنەکانی ژیانی ئـابووری و کـۆمەڵایەتیمان و زۆرکردنـی پرۆژەی کورت و درێژخایان وئامادەکردنی کادری بەرێوەبردنی و هونەری پێویست بۆیان

**بەندی هەژدەهەم :**

پارتیمان لەو باوەڕەدایە کە پیشەسازی کـردن بـە تایبـەتی پیشەسـازی قـورس کوڵەگـەی سەربەخۆیی ئابووری و پاڵپشتی سەربەخۆیی ڕامیاری یە، بۆیە هەول ئەدەین بۆ پیشەسـازی کردنی ووڵات بە پیشەسازی قورس و سووك لـە بـەر رۆشـنایی ئەنجامـەکانی زانینـی سـامانی کانگاکان و بایەخ دان، بە پیشەسازی نەوت و گـوگرد ( کبریـت ) و هـەول دان بـۆ گەیانـدنی کارەبا بۆ هەموو شوێنێکی ووڵات، و گرتنی ئەو ڕیگە و شوێنانەی پێویستن بۆ گەشـە پێـدانی پیشەسازی نیشـتمانی و پاراسـتنی لـە تـەنگ پێهـەلچنینی بیگانـە و هانـدانی خسـتنە گـەری سـەرمایەی نیشـتمانی لـە پیشەسـازیدا بـە چـاودێری کردنـی بەرژەوەنـدی کرێکـار و گەشـە پێکردنی پیشەسازی نیشتمانی، هەروەها پارتیمان هەوڵدەدات بۆ پێشخستن و گەشـە کردنـی پیشەسازی کشـتوکاڵ کـە یارمەتیـدەرە بـۆ زۆر کردنـی بەرهـەم و جـۆر بـە جـۆر کردنـی بـە شێوەیەك کە بگۆنجێت لەگەڵ بەرژەوەنـدی گەشـە پێـدانی هـەر دوو کـەرتی پیشەسـازی و کشتوکاڵ دا، و نەهێشتنی بـاج لـە سـەر کەرەسـتە و ماشـین و پارچـەکانی بـۆ چـەسـپاندنی پیشەسـازی نیشـتمانیمانو کەمکـردنەوەی پیشەسـازی عەسـکەری و گـۆرینی کارخانەکـانی بەرهەمهێنـانی چەکـی وێرانکـاری بـۆ مەبەسـتی ئـاوەدانکردنەوە و دانانیـان بـۆ خزمەتـی پرۆژەکانی پەرەپێدان.

**بەندی نوزدەهەم :**

کرێکاران کۆڵەگەی کۆمەڵگای ئابووری وڵاتن ئەو یاسا خوداکوتاو و سەرخانانەی دانـراون بۆ کردنیان بۆ (مووچەخۆر) ناتوانن گیرو گرفتەکانی ئەم چینە بەرهەمهێنەر و جـێ مـتمانەی ناو کۆمەڵ یەکلا بکەنەوە. پارتیمان خەبات دەکات لە پێناو دانـانی یاسـای پێشـکەوتنخوازانە بـۆ دەسـتەبەرکردنی بەرژەوەنـدییەکانی کرێکـار و گـوزەران لە ڕێگـای دیـاریکردنی ڕادەی هەرەمەکی رۆژانە و لەگەڵ رەچـاوکردنی پێویسـتی یەکـانی گـوزەرانی ئاسـایی بەشـێوەیەک ڕادەیەکی باش گوزەران بۆ کرێکار دابین بکات بۆ پاراستنی تەندروستی و بەختەوەری خـۆی و خێزانی و دیاریکردنی سەعاتی کـارکردن و دابینکردنـی هەڵـومەرجی بـاش بـۆ کـارکردن و بەکارهێنـانی مـافی وچـان و پشـوودانی ناوبەنـاو و بەرۆژانە و قەدەغەکردنـی کـارکردنی بە وورده ساڵان (ئەو منـداڵانەی تەمەنیـان لە ١٨ سـاڵ کەمـترە) و دانـانی یاسـای پێویسـت بـۆ خانەنشـینی و دەسـتەبەری کـۆمەڵایەتیفراوان و بـۆ دامەزرانـدن و مسـۆگەر کردنـی ئـازادی

(سانديكا- جڤات) (نيقابه) له پێناو داكوكی كردن لهسهر بهرژهوهندی كرێكار و كار گوزهران، دهبێ كريكار مافی ههلبژاردنی كاری ببێ بهمهرجی رهوا و به ئارهزووهوه.

ههروا رۆژانهی يهكسانی كار كردن و مانگرتن.

پارتی خهبات دهكات بۆ قهلاچـو كردنـی بێكـاری له رهگوريشـهوه، هـهروهها نيـوه بيكـاری (البطالة المعقنعـة) بههـۆی دابـين كردنـی بنهمـای بهرههم هيـنراوی تونـد و تـول له گشـت كێلگهكـانی چـالاكی ئـابوری و ههوڵ دان بـۆ نـاردنی بيعسـهی كريكـاران و زۆر كردنـی قوتابخـانهی پيشهسـازی، بـۆ بهرز كـردنهوهی رادده‌ی تهكنيكـی كريكـاران و گێـرانهوهی كريكارانی دهركراوی كورد له كومپانيای نهوتی كهركوك و كومپانيا و دهزگاكانی تری دهولهت بههـۆی رهگهزی نهتهوايهتـی و پشـتگيری كـردن و بهشـدار بوونيـان له بـزووتنهوهی رزگاريخوازی كورد.

**بهندی بيستهم :**

پاكتاو كردنی پاشماوهی شهری كارهسات و چارهسهركردنی، شـوێنهواری درزه قووڵهكـانی ناوگيانی كۆمهلگا و ئـابوری و پاكتـاو كردنـی دياردهكـانی بهسـهرباز كـردن ژيـانی كـۆمهل و چاوخشاندنهوه له قهرز و پابهندی يه مالی يه نارهواكان و دانـانی چارهسـهركردنی پێويسـت بۆ گير و گرفتهكانی ههلئاوسان و بهرز بوونهوهی نرخ و گهنـدهل بـوونی ئـابووری و بههێـز كردنـی يهدهكـی دراو(احتيـاطی العملـة) و بهسـتنهوهی بهرنـامهی ئـاوهدان كـردنهوه به سياسهتی پهره پێدانی گشتی له وولاتدا.

**بهندی بيست و يهك :**

خهبات ئهكهين له پێناوی پهيرهو كردنی سياسـهتێكی نهوتـی نيشـتمانی نهخشـه كێشراو به نيـازی رێكخسـتنی دهرهێنـان و فرۆشـتنی نهوت به شـێوهيهك كه خزمهتـی گهشـهكردن و خهملانـدنی عێـراق بكـات بهگشـتی و هـی كوردسـتان به تـايبهتی، بهوهی كه بهشـێك لهو دهسـتكهوتهی نهوت دابنرێـت بـۆ پـرۆژهی ئـاوهدان كـردنهوه و پيشهسـازی و كشـتوكال له كوردسـتاندا به پێـی ژمـارهی دانيشـتوانی و پشـتگيری كومپانيـای نيشـتمانی نهوت و دامهزراندنی پيشهسـازی پتروكيميـاوی لهو شـوێنانهدا كه نهوتـی لـێ دهرئههێـنرێ و پهيـرهو كردنـی سياسـهتێكی بهرههم هێنـان و به بـازار گهيانـدن و پاكتـاو كردنێكـی نيشـتمانييانهی سهربهخو له ئيحتيكاره نهوتی يه جيهانی يهكان و لهگهل ئامادهكردنی كادری بهرێـوهبردن و

هونەری پیشەسازی نەوت هەموو ئەمانە بەشێوەیەك بن کە سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری وولات بەهێز بکەن.

**بەندی بیست و دوو :**

پشتگیری چارەسەرکردنی چاککردنی زەوی و زار بەشێوەیەکی بنەرەتی دەکەین، بەمەرجێك زامن بێ کە هەموو جوتیارانی عێراق و کوردستان زەوی وەربگرن لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە پەیوەندی دەرەبەگایەتی لە بنج و بیخ دا بەتەواوی دەربهێنرێ و لە پێناوی باشتر کردنی ژیانی جوتیاران و زیاتر کردنی دەستکەوتیان پارتیمان هەوڵ ئەدات کە ئەمانەی خوارەوە بەدی بهێندرێ:

ا- چاککردن و بەراوکردنی ئەو زەویانەی بەکار نەهێنراون و دابەش کردنیان بەسەر جوتیاراندا.

ب-چارەسەرکردنی گیر وگرفتی ئاودێری بە هەڵکەندنی بیری ئیرتیوازی و بە دروست کردنی بەست و ئەستیرێك لە سەر رووبارەکان بەشێوەیەك پاراستنی ژینگەی سروشتی و ژینگەی دانیشتوان تیایدا بپارێزرێت، بۆ ئاوەدانی ئەو زەویانەی بەکەلکی کشتوکال دێن و ڕێگەدان بە جوتیاران کە کەلك لە پرۆژەکانی ئاودێری میری وەربگرن.

جـ- یارمەتی دانی جوتیاران بە توو پەینی کیمیایی و ماشینی و ئامرازی کشتوکال، تا بتوانن کشتوکال باشتر بکەن و چەشنەکانی تریش بەرهەم بێنن بەتایبەتی بەرهەمی پیشەسازی و قەرزی ماوە درێژیان بدرێتێ لە رێگای سیستەمی وامی کشتوکالیەوە بە کەمترین قازانج تا جوتیاران لە چنگ سوود و سەلەمخورەکان رزگاری یان بێت.

د- دابین کردنی پێویستی یەکانی خۆراکی بنچینەیی بۆ وولات و هەوڵدان بۆ جێبەجێ کردنی پشت بە خۆبەستنی لە خۆراك دا و گەشەپێکردن بە سیستەمی خۆراکی.

هـ- پەرەپێدانی بەرهەمی پیشەیی دامەزراو لە سەر پیشە ناوخۆییە تەقلیدییەکان.

و- گەشە پێدان بە رادەی گوزەرانی ناوچە لادێیەکاندا لە رێگای دابین کردنی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و فێرکردن و کشتوکاڵی پەیوەندی بە کۆتایی هێنان بە ڕاگواستن بۆ شارە گەورەکان.

ز- ئاوەدان کردنەوەی دێهاتە کوردە راگوێزراو و وێرانکراوەکان و گێرانەوەی دانیشتوانیان و هەڵوەشاندنەوەی کردارەکانی ناوچە و پشتوێنە ئەمنی یەکان و پەرەدان بە ناوچەکە ئەویش

بەهۆی گەیاندنی خزمەتگوزاریی پێویست بۆیان بۆ ئەوەی ببنە مەڵبەندی بەرهەم هێنانی كاریگەر  لە پاڵپشتی كردنی ئابووری نیشتمانی دا.

ح – دامەزراندنی كۆمەڵەی هەرەوەزیی بەرهەم هێنەر بە هەموو چەشنێكی یەوە و پشتگیری كردنیان لە گەشەكردن و خەملاندنی بەرهەمی كشتوكاڵ و چارەسەركردنی تەگەرەی كشتوكاڵ بەشێوەیەكی دیموكراتی بنەڕەتی.

ط- زۆر كردن و نوێ كردنی كشتوكاڵ و ئاسان كردنی بەركارهێنانی ماشین و شێوەی كشتوكاڵی هاوچەرخ و گۆرینی لە كشتوكاڵی لە مێژینە (تەقلییدی) یەوە بۆ كشتوكاڵی زانستی.

ی- پێشكەش كردنی ئاموژگاری هونەری و رۆشنبیری بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی هونەریی لە كشتوكاڵ كردن وناردنی بیعسەی جوتیارانی كوردستان بۆ وولآتانی دەرەوە.

ك- بایەخ دان بە كردنەوەی مەڵبەندی لێكولینەوە و ئاموژگاری كردن و پەیمانگای كشتوكاڵی لە كوردستاندا.

ل- بەهێزكردنی كۆمەڵەی جوتیاریی هەرەوەزیی لە كوردستان و ماوە دانیان تا رۆڵی خۆیان ببینن لە جێ بەجێ كردنی چاككردنی زەوی و زار بەشێوەیەكی بنەڕەتی و هەڵسانیان بە كاروبارەكانی خۆیان كە لە بڕگەكانی سەرەوەدا هاتوون .

**بەندی بیست و سێ :**

یەكەم:

بەخێو كردنی مەڕومالات، یەكێكە لە دوو شێوەی سەرەكیەكەی بەرهەم لە دێهاتەكانی كوردستاندا، كە رادەیەكی گەورەی دەست كەوتی جوتیاران پێك دەهینی، هەول دەدەین بو:

أ - نەهێشتنی هەموو ئەو كوسپ و تەگەرە و پەیوەندی یانەی بەستراوە بە بەخێوكردنی مەرومالاتەوە وەكو سەندنی سەرانەی لەوەرگا و دیاری و هەموو جورە سەرانەیەكی تری دەرەبەگی.
ب -زۆر كردنی دەستگای پزشكی بەیتالی بۆ پاراستن و چارەسەركردنی نەخۆشی یەكانی ئاژەل و باشتر كردنی رەسەنی و بایەخ دان بە بەرو بوومی ئاژەل بە پەیرەو كردنی رێگە و شوێنی زانستیانەی راست و دروست.

جـ - بـایەخ دان بە دامەزرانـدنی پـرۆژەی سـامانی ئـاژەلی و پیشەسـازی کردنـی بەرو بوومەکانی.

د- تێپەرکردنی پەروەردەی شوان کاریتی کوێرانە و بەکارهێنانی شێوەی نوێ لە بەخێو کردنی مەرو مالاتدا.

ھ – هەوڵ دان لە پێناو گەشە پی کردن بە پەروەردە کردنی پەلەوەر (دواجن) تـا سـوود لە خوی و بەرو بوومەکەی وەربگیریت لە رووی ئابوری و لە رێگای کومەلەکانی هەرە وەزیی.

دووەم:

گەشەدان بە کشتوکال و پیشەسازی تووتن بەو شێوەیەی خزمەتی بەرژەوەنـدی جوتیـارە هەژارەکـانی تـووتن دەکـات و چـاککردنی راددەی گوزەرانیـان لە کوردسـتان و چـاککردنی چونیەتی بەرووبوومەکان سەبارەت بەو کوسپ و تەگەرانەی سـەپێنراون بە سـەر کشـتوکالی تووتن و خانەبەند (تصنیف) کردنی پلە و نرخەکانیان.

سی یەم:

بایەخ دان بە دارستان و دانانی یاسا بو پاراستنی بەپێی بەرژەوەندی ئـابوری نیشـتمانی و هانـدانی روانـدنی درەخـت و موتـوربە کردنـی و بـاخی میـوە ببەسـترێتەوە بە پرۆژەکـانی دارستان کردنی ناوچە شـاخاوی یەکـان بـو ئەوەی دەسـت کەوتـی ئـابوری باشـی بەدەسـت بهێندرێ بو گەشە پێ کردنی سامانی دارودرەخت کە بە سوود بو تەواوی گەل دەگەرێتەوە.

**<u>بەندی بیست و چوار :</u>**

پـارتیمان خەبـات دەکـات لە پێنـاوی پاراسـتنی ژیـنگە بە تـایبەتی پاراسـتنی سروشـت و سامانی دارودرەخـت و ئـاژەل و ژیـنگەی نیشـتەجێ بـوون و رێکخسـتنی چسـت و چـالاکی ئابوری بەو شێوەیەی هاوتەیەکی ئیکولوژی (ژینگەیی) دروست دەکـات و پاراسـتنی ئـاژەلی کیوی و ئەو چەشنانەی هەرەشەی نەمانیان لێدەکرێت و بەربەرەکانی کردنی مەترسـی پـیس بوون کە بەشێکە لەو تەقەللایەدا بۆ مسوگەر کردنی ژینگەیەکی سەوز و خاوێنی دروست.

**<u>بەندی بیست و پینجەم :</u>**

پەرەسەندنی تەواوی پیشەسازی و کشـتوکالی بەسـتراوە بە پەیوەنـدی یەکـی ئورگـانێکی پتەو بە کەرتی بازرگانی یەوە کە بە هۆیەکی پەرەسەندنی ئـابوری دەژمیردرێـت و پـارتیمان

خەبات دەکات لەپێناوڕێکخستنی بازرگانی ناوەوە و دەرەوە و بایەخ پێ دانی یەکەم بە کەرتی گشتی لەگەڵ رەچاوکردنی کەرتی تایبەتی و یارمەتیدانی بازرگانە نیشتمانپەروەرەکان بە پێ ی بەرژەوەندی وولات و دروست کردنی رایەلەیەکی لێهاتوو بۆ دابەش کردنی بازرگانی و ئاراستە کردنی رایەلەی بازرگانی ناوخۆ بو دابین کردنی کەلوپەلی پێویست بو جەماوەر و بەرەنگار بوونەوەی مۆنۆپۆڵەکان و سەودا لەسەر کردن و یاری کردن بە خۆراکی گەل و گەندەڵی و دامەزراندنی پەیوەندی بازرگانی دەرەوەمان لە سەر بناغەی سوودی وەك یەك و کوتایی هێنان بە بێ توانایی (عجز)ی (میزانی مدفوعات) و سازاندنی هەلومەرجی کەم کردنەوەی هێنانی کەلوپەل لە دەرەوە و زیاد کردنی کالای نێردراو لە رێگای پەرەپێدانی وزەی کار و وەرگرتنی هەنگاوی راست بۆ رێ ئمایی کردنی خەرج (استهلاك).

<u>**بەندی بیست و شەشەم :**</u>

أ - رێکخستنی کاروباری دارایی و دراو بەشێوەیەك کە دەست بە خەرجەوە بگیرێ و ئاگاداری دەست کەوت و خەرج بکرێ بە جۆرێك کە پارسەنگی یەکتری رابگرن و کونترولێکی زیاتر و لێهاتووانە دابین بکرێت بەسەر کومەکی دراو بو مالدار (ةمویل) کردنی پرۆژەکانی پەرەپێدان و سوود وەرگرتن لێ ی و نرخ دانان و پاڵپشتی کالای بنەڕەتی و بەهێز کردنی سیستەمی دراوو، پەیرەو کردنی سیاسەتیکی پشت پێ بەستراو بۆ پالپشتی کردنی پەرەسەندنی کەرتە بەرهەم هێنەرەکان، پارتیمان خەبات لە پێناو بەرهەلستی کردنی سیاسەتی فرۆشتنی ئەو پرۆژانەی کە بو سوودی گشتی دانراون بە کەرتی تایبەتی.
ب-یاسایەکی دادپەروەرانە دابنرێ بۆ باج سەندن کە پشت ببەسترێ بە باجی راستەوخۆ و باجی بەرەو ژوور – ضريبة تصاعدية- لەسەر دەست کەوت و میرات و باجی ناراستە و خۆش کەم بکرێتەوە کە ئەرکی لەسەر شانی چینە زەحمەتکیشەکانە.
جـ- گەشەکردن بە سیستەمی بانکەکانی عێراق بە زیادکردنی سەرمایەیان و کردنەوەی لقی پێویست و زیاتر کاروباری مامەلەی بانك ئاسان بکرێ تا ئەرکی سەرشانیان بەجێ بهێنن لە گەشە پێ کردنی ئابوری نیشتمانی.
د- بەهێز و فراوان کردنی بانکی ناوەندی عیراق و وای لێ بکرێ بتوانی قەلاچوی قاچاخچیەتی پارە و ئالتون بکات و پارەی عیراقی بەنرخ بکات و بەئالتون و پارەی هەمە جورەی بیگانە بەپێ پێویست دای بپوشێ و گرتنە بەری سیاسەتیکی وەها بو مامەلەی بانکی و پاشەکەوت کردنی گونجاو بێت لەگەڵ پێویستی یەکانی ئابوری نیشتمانی.
هـ- دانانی یاسا و سیستەمی گومرك بەشێوەیەك کە دەست کەوتی هەموو گەڵ مسۆگەر بکات و ئابوری و پیشەسازی نیشتمانی بپارێزرێت.

ز- لەبەر سروشتی زاڵ بووی داهات لە پێناو جێ بەجێ کردنـی پێویسـتی یەکـانی نـاوخۆیی، بۆیە وڵات دووچاری هەڵئاوسان (تضخم) دەبێ، بەهـۆی ئەو دەوڵەتـانەی مـامەلەی لەگەڵ دەکەن.

سـەرەرای ئەو هەل ئاوسـانەی کە لە ئەنجـامی بـاری نـاوخۆە دروسـت دەبـێ، بەمەش گەورەترین زیان بە کرێکاران و خاوەن داهاتە دیاری کراوەکـان (الـدخل المحـدود) دەکەوی، بۆیە پارتیمان خەبات دەکات لە پێناو بەرهەڵستی کردنی ئاوسان بە پـێ ی بنچیـنە راسـت و دروستەکان.

**بەندی بیست و حەوتەم :**

أ- رێکخستنی رێگەوبان لە کوردستانی عێراقدا بە کردنەوە و فراوان کـردن وقیرتـاوکردنی رێگەوبانی زەوی و دروست کردنـی تـۆرێکی رێگـەوبانی شـەمەندەفەر تیایـدا لەگەل رەچـاو کردنی بارودوخی پاراستنی ژینگە (بيئة).

ب- بـایەخ دان بە هاوینەهەوارەکـان و رێکخسـتن و فـراوان کردنیـان بە شـێوەیەکی نـوێ و ئاسـان کردنـی بەسـتنەوەیان بەیەکەوە لەلایەك و لە لایەکـی تـر بەسـتنەوەیان بە هەمـوو ناوچەکانی تری کوردستانەوە.

جـ- پاپوری گواستنەوەی نەوت پێویسـتە ئامـادە بکـرێ بـو گواسـتنەوەی دەریـایی و فـراوان کردنی توری رێگە وبانی زەوی و ئاسـمانی و بـێ تەل و تەل دار لەگەل دەولەتانـدا بەپـێ ی بەرژەوەندی نیشتمانی.

**بەندی بیست و هەشتەم :**

لەبەر ئەوەی مافی ئازادی گواستنەوە و هەلبژاردنی شوێنی نیشتەجێ بـوون لە نـاوەوەی هەر وولاتیك بە پێ ی بروانامەی مـافی مـروڤ بـو گشـت کەسـێکە، بـۆیە پـارتیمان خەبـات دەکات لە پێناو هەڵوەشانەوەی سیاسەتی دووبارە نیشتەجێ کـردنەوەی دانیشـتوانی کـوردە بەزۆر لەو ئوردوگا نیشتەجێ یانەی کە لە بنەرەتدا بۆ مەبەستی ئەمنـی عەسـکەری دروسـت کراون، چـونکە لەگەل مـافی مـرۆڤ ناگۆنجێـت و بنەماکـانی مـاددی و کـومەڵایەتی ژیـانی کــوردەواری تێــك و پێــك دەدا، پــارتیمان خەبــات دەکــات لە پێنــاو ئــاوەدان کــردنەوە و پەرەسەندنی نـاوچەکە و تەرخـان کردنـی رێژەیەکـی دادپەروەرانە لە پـرۆژەی پەرە پێـدان و بەرهەم هێنەری بوی، بەمەرجێك نیشتەجێ گاکان رەنگی داب و نەریت و شارستانیتی گەلی کورد بدەنەوە.

**بەندی بیست و نوێەم :**

خەبات ئەکەین لە پێناوی میللی کردنی تەندورستی (التـأمیم الصـحی)، وە ئامـادەکردنی کادری تەندروستی خـاوەن توانـا بە کـردنەوەی زانسـتگا و قوتابخـانەی تەندروسـتی و بەزۆر کردنـی بیعسـە نـاردن بـو دەرەوە و بەرز کـردنەوەی ئاسـتی تەندروسـتی گەل بە دانـانی نەخشـەکی فـراوان بـو خـۆ پاراسـتن لە نەخۆشـیە ناوچەییەکـان و نەخۆشـیە پەتاکـان و لەناوبردنیان و بەهیز کردنی دەستگاکانی پرۆپاگەندە و رابەری تەندروسـتی بەهـۆی رێگـە و شوێنە جیاجیاکانی دەستگای راگەیاندن، وە بـایەخ دان بە دابەش کردنـی ئـاوی پـاك بەسـەر روڵەکانی گەلدا، لەگەڵ ئیهتمامدان بە کوردستان وە زۆر کردنی نەخۆشخانە و موستەوسـەف و دامەزراوەکـانی چارەسـەر کـردن و خـۆ پاراسـتن و گەیانـدنی خزمەتـی تەندروسـتی بـۆ شوێنەکان و دێهاتەکان بە تایبەتی و دانـانی نەخشـەیەکی فـراوان بـو زۆر کردنـی دەرمـان و گەشەکردنی و دروست کردنـی لەنـاوخۆدا و زۆر کردنـی هەمـوو پێویسـتی یەکـی تەکنیکـی نوێ.

**بەندی سی :**

بەکارهێنانی شێوەی هەڵبژاردنی دیمـوکراتی راسـتەوخۆ لە هەڵبژاردنـی بەریـوەبەرایەتی شارەوانی و ئەنجومەنەکانی شارەوانی و بەرێوەبردن و دانانی نەخشەیەکی فراوانی ئـاوەدان کردنەوەی ناوخۆی شـارەکان بە دروسـت کردنـی بـاخچە و سـەیرانگای گشـتی و کـردنەوەی شـەقام و وەرزشـگا و گورەپـان و یـانەی وەرزشـی لە کوردسـتانی عێراقـدا بە مەرجـێ لە نەخشەی شارەکاندا رەچاوی رێگە و شوێنی تازە بکرێ.

**بەندی سی ویەك :**

لەبەر ئەوەی ئافرەت نیوەی کومەلە و رۆڵی کارێگەری هەیە لە هەموو بوارەکـانی ژیـان و بەرهەم هێنانـدا و بەهۆکـارێکی گرنـگ دەژمێردرێـت لە پێشـکەوتنی کومەڵگـا و گەشـە کردنی، بۆیە پارتیمان خەبات دەکات لە پێناو شـادبوونی ئـافرەت بەتەواوی مـافی سیاسـی و ئابوری و کومەڵایەتی و رۆشنبیری یەکانی خۆی و دانانی یاسای پێویست بو پاراسـتنی مـافی ئافرەت لە کارکردن لە پێش و لەکات و پاش منداڵ بوون و پاراستنی خێـزان و دانـانی یاسـای پێویست بۆ پاراسـتنی مـافی دایکـایەتی و منـالی و زیـاتر کردنـی خـانەی پەروەردە کـردن و باخچەی منالان.

**بەندی سی و دوو :**

هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو یاسایانەی ماف و ئازادی یە بنچینەییەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن و لەگەڵ بروانامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و یاسای نیودەولەتان ناگونجێن، خەلك هەموو لە بەردەم یاسا دا وەك یەکن و مافی ئەوەیان هەیە بە شێوەی یەکسان و بێ جیاوازی بپارێزرێن. سزادان شەخسی یە و هیچ تاوان و سزایەکیش بەبێ یاسا نابێت، تاوانبار کراو بی تاوانە (بریء) تاکو بە پێ ی دادگایەکی قانونی ئیسپات دەکرێ و هەروا پاراستنی و مسۆگەر کردنی کەرامەتی مرۆڤ و مافی لە خۆ بەرگری کردن و خانووبەرە و نامە گۆڕینەوە پارێزراوە و دەسەلاتی دادوەری (قضائی) بەتەواوەتی سەربەخۆیە.

**بەندی سی و سێ :**

پارتیمان خەبات دەکات:

أ- بنیات نانەوەی هێزە چەکدارەکان لەسەر بناغەیەکی زانستی یانە و پەروەردە کردنی کەسانی خۆی بەگیانی نیشتمانپەروەریی و دیموکراتی و دژایەتی کردنی ئیمپریالیزم و زایونیزم و کۆنە پەرستی و کێشە و هەرای شوفینی و رەگەزپەرستانە و وەلاوە خستنی رکابەری تایەفەگەری و جیاوازی نەکردن لە نێوانیاندا بە هۆی پەیوەندی حزبی یا سیاسی نیشتمانیەوە و پاکتاوکردنی لە کەسانی کۆنەپەرست و بەکرێ گیراو و دەبی ئەرکی ئەساسی پارێزگار بێت لە نیشتمان و دامودەزگا یاسایی یەکان.

ب- رەچاوکردنی پێوانەی نیشتمان پەروەریی و لێهاتوویی لە وەرگرتن لە دامودەزگا عەسکەری یەکان و پلە و پایەی ناو هێزە چەکدارەکان و گیرانەوەی ئەفسەر و دەرەجە دارە تەسریح کراوە و دەرکراوەکان بەهۆی ئینتیمانی سیاسی نیشتمانی یان چوونیان بۆ ناو بزووتنەوەی رزگاری خوازی کورد بۆ خزمەت و حسێب کردنی ماوەی دوور خستنەوەیان بە خزمەتی فیعلی بو مەبەستی بەرزکردنەوە و خانەنشینی و وەرگرتنی قوتابیانی کورد لە کۆلێج و پەیمانگا و قوتابخانە عەسکەری یەکان بەرێژەی دانیشتوان و وەرگرتنی ئەفسەرە کوردەکان لە کۆلێجی (ارکان) و ئیش پێ دانیان بەبێ جیاوازی.

جـ- هەڵوەشاندنەوەی دەزگای ئەمن و مۆخابەرات و دامودەزگا تیروریستە کانی کە هەن و دروست کردنەوەیان سەر لە نوێ بە شێوەیەك بتوانن بەرهەڵستی تورەکانی سیخۆری و خراپ کاری بکەن و هەول بدرێت خزمەتی گەل و ئازادی و مافە دیموکراتی یەکانی بکرێ.

**بەندی سی و چوار :**

أ- پارتیمان لەو بڕوایە دایە کە فێربوون ماف و ئەرکە و هەموو کەسێك بۆی هەیە بە خۆرایی فێر بێت و دەبێ فێر بوون لە قوناغەکانی یەکەم دا ئیلزامی بێ، پارتیمان خەبات دەکات لە پێناوی مسۆگەر کردنی مافی قوتابیانی کورد و ریشە کێش کردنی نەخویندەواری و قەڵاچۆ کردنی نەزانین و ئاراستە کردنی پەروەردە و فێر کردن بەلای نیشتمانی و دیموکراتیەتەوە بەرهەڵستی کردنی پرۆگرام و رێبازە شوفینی و فاشی و رەگەز پەرستی یەکان و بەستنەوەی تیور بە کردار، پێویستە پەروەردە بەمەبەستی بەهێز کردنی کەسایەتی مرۆڤ بێت بە شێوەیەکی راست و دروست و بۆ بەهێز کردنی رێزی مرۆڤ و ئازادی یە ئەساسی یەکان و پتەو کردنی لێك گەیشتنی و لێبوردن و دوستایەتی لە نێوان گەلاندا بیت.

ب-فێرکردنی سەرەتایی بۆ نێر و مێ ئیلزامی بێ قوتابخانەی شەوانە بۆ کرێکار و جوتیاران و هەموو چەوساوەکان بکرێنەوە، کردنەوەی کتێبخانە گشتی و ئەزمایشگا (لابراتور)ە زانستی و یانەکان زۆرتر بکرێن و هەروا کۆبوونەوە و باسی پێشکەش کردن بۆ بەرزکردنەوەی رادەی رۆشنبیری لە رێزی رۆڵەکانی گەل دا.

جـ- فراوان کردنی فێرکردن پیشەیی و هونەریی و لە نەخشەی دەوڵەت، لە کەرتی فێرکردندا بایەخی پێ بدرێ.

د- هەوڵدان بۆ گەشەکردن بە خوێندنی زانکۆیی و وەرگرتن بۆ خوێندنی باڵا و وەرگرتن بۆ هەمووان یەکسان بێ و لەسەر بناغەی لێهاتووی و کردنەوەی زانکۆ و مەڵبەندی لێکولینەوەی زانستی تر و کردنەوەی کۆلێج و پەیمانگای پێویست لە مەلبەندی پارێزگاکانی کوردستان و گیرانەوە (کردنەوە)ی زانکۆی سولەیمانی.

هـ- وەرگرتنی قوتابیانی کورد لە گشت دامەزراوەکانی خوێندنی و زانکۆ مەدەنی و عەسکەری ییەکان، هەوا لە بیعسە زانستی و زەمالە لە ناو و دەرەوەی عێراق بە بێ جیاوازی و بە پێی لێهاتوویی.

ز- دووبارە دامەزراندنەوەی رێکخراوەکانی ئافرەت و لاوان و قوتابیان و مامۆستا کوردستانی یەکان و ئەوانی تر لە کەرتە جەماوەری و پیشەیی یە سەربەخۆکان.

**بەندی سی و پێنج:**

زمانی کوردی، زمانی رەسمی یە لە کوردستان و لە دایەرە رەسمی و نیمە رەسمی و قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆبەکار دەهێنرێت لەگەل پاراستنی مافی کەمایەتی یەکان لە خوێندن بە زمانی زکماکی خۆیان شان بە شانی هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی و بایەخ دان بە خوێندنی ئەدەب و مێژووی کورد و زانیاری لە گشت قوناغەکانی خوێندن و هەڵوەشاندنەوەی ئەو کردارانەی کە دەبێتە هۆی نەخوێندنی زمانی کوردی و گەشە دان بە خوێندنی لە هەموو لایەکی عێراق و دامەزراندنەوەی کۆڕی زانیاری کورد کە دەبێ قەوارەیەکی تایبەتی خۆی هەبێت و بایەخ دان بە رۆڵی چاپ کردن و بڵاوکردنەوە و ئیزگە و تەلەفزیون لە کوردستاندا.

**بەندی سی و شەش :**

أ- پارتیمان خەبات دەکات لە پێناوی بوژاندنەوەی کەلەپوری رۆشنبیری و نەتەوایەتی و خەبات کردن لە دژی نامۆ بوونی رۆشنبیری (الاغتراب الثقافی) بەهۆی شێواندنی زۆرەملی و هێنانە دی رۆشنبیریەکی بەخشەندە و دیموکراتی یانەی بینانراو لە سەر نەریت و کەلەپوری خۆمان رێز بگرێت لەوەی کە جیهانی پێشکەوتوو پیشکەشی مرۆڤایەتی کردووە.

ب- خەبات کردن لە پێناو بووژاندنەوەی ئەدەب و مێژوو، هونەر و کەلەپوری نەتەوایەتی کورد و دەولەمەند کردنی بە تۆراسی مرۆڤایەتی، لە شوێنەوارەکانی نەتەوەکانی تر و پاراستنی و پارێزگاری کردنی شوێنەوارە مێژووییەکان لە کوردستان و دامەزراندنی مۆزەخانەی تایبەتی بۆیان و بوژاندنەوەی تۆراسی رۆشنبیری لە رێگای کوکردنەوە و تۆمار کردنی و پاراستنی و بڵاو کردنەوەی هەموو جورە داب و نەریتە شارستانی یەکان و خاوێن کردنیان لەو خەلتانەی پێوەی نووساون.

ج- دامەزراندنەوەی رێکخراو و کۆمەڵە سەربەخۆکانی ئەدیبان و هونەرمەندانی کورد و پاراستنی یان و هاندان و گەشە پێدانی روژنامەگەری کوردی و مسۆگەر کردن و بەرگریی کردن لە روژنامە نووسانی کورد.

د- گەشەکردن بە ئەدەب و هونەری کورد و سوود وەرگرتن لە توانا شۆڕشگێریەکانیان بۆ خزمەتی گەلی کوردستان و مرۆڤایەتی گشتی و هاندان و بەرگری کردن لە ئەدیبان و هونەرمەند و لێهاتووەکان و گەشەدان بە هونەرە میللی یە داهێنەرەکان و چاوەدێری و

پاراستنی مافە ئەدەبی و ماددی یەکان لەمەر چالاکی داهێنەرانی ئەدیبـان و هونەرمەنـدانی کورد و بەرهەمەکانیان لە گشت بوارەکاندا.

**بەندی سی و حەوت :**

أ- بـایەخ دان بە ئـاینی پیـروزی ئیسـلامی و تۆراسـەکەی کە رۆشـنبیری کـوردی پـی دەولەمەنـد بـووە بە درێژایـی سـەدەکان و رێزگـرتن لە پیـاوانی ئـاینی و رێ و شـوێنی کومەڵایەتی یان و چـاککردنی بـاری گوزەرانیـان و دابـین کردنـی پێویسـت بـو ئەنجامـدانی چالاکی ئاینی و نیشتمانی و کومەڵایەتی لە خزمەتی گەلەکەیان و پێشکەوتنی و کێشە رەواو مرۆڤایەتیەکەی دا، هەروەها هەوڵدان بۆ کردنەوەی پەیمانگـای ئـاینی بـو قوتابیـانی ئـاین و گەشەکردنیان و رێکخستنی کاروباری ئەوقاف بەتایبەت لە کوردستاندا.

ب-دروست کردنەوەی شوێنە وێران کراوەکان لەلایەن دەسەلاتدارانەوە لە بارودۆخی شـەڕدا لە مـزگەوت و کلیسـەی مێژوویـی و هـی تـر لە شـوێنەکانی خواپەرسـتی بەتـایبەتی ئەوەی شوێنەوارێکی مێژوویی ناسراوی هەیە و رێزنان لە ئازادی هەموو ئاین و نەریتە ئاینی یەکان و بڵاوکـردنەوەی بەخشـەندەیی ئـاینی لە پێنـاو بەهێـز کردنـی برایەتـی و خوشەویسـتی و هاوکاری لە نێوان رۆڵەکانی کۆمەڵدا.

**بەندی سی و هەشت :**

لە روانگەی بڕوای پارتی مانەوە بە گرنگی کاری نیشتمانی هاوبەش، بۆیە:

أ- پارتیمان، بەرەی کوردستانی عێراق بە دەستکەوتێکی نەتەوایەتی گرنگ دادەنێت و سوورە لەسەر بەردەوام بوون و بەهێز کردنی و چەسپاندنی کۆڵەگەکانی، پارتیمان پابەندە بە کـاری بەرەیی وەکو شـێوەیەکی تێکوشـانی گرنـگ لەسـەر رێگـای یەکبـوونی بـزووتنەوەی رزگـاری خوازی کورد.

ب-پارتیمان خەبات دەکات لە پێناوی بەرەیێکی نیشتمانی عێراقی فراوان.

**بەندی سی و نو :**

لە عێراق و لە بەشـیکی کوردسـتاندا، چەنـد کەمە نەتەوەیەك دژیـن، وەکـۆ ئاشـووری و تورکمان و کلدان و ئەرمەن کە دووچاری داپڵوسین و جیاوازی و چەوسـاندنەوەی نەتەوەیـی و کومەڵایەتی هاوبەش هـاتوون، سـەرەرای بـێ بەش بوونیـان لە مـافە ئیـداری و رۆشـنبیری یەکان بۆیە خەبات دەکەین لە پێناو:

١ - بەرگری کردن لە کەمەنەتەوایەتی یەکان و هاوکاری کردنیان لە رووی ئەو مەترسیانەی هەرەشەیان لێ دەکات لەلایەن دیکتاتوری شوفینی.
٢ - هەڵوەشاندنەوەی گشت شێوەکانی جیاوازی و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی لە دژیان و دابین کردنی یەکسان بوونی تەواویان لە ماف و ئەرکەکاندا لەگەل هەموو رۆڵەکانی گەلی عێراقدا.
٣ - مسوگەر کردنی شادبوون و بەجێ هێنانی مافەکانی رۆشنبیری و ئیداری و نوێنەرایەتی کردنیان لە دامودەزگاکانی یاسا دانان و راپەڕاندن لە سەر هەردوو ئاستی ناوەندی و ناوچەیی لە کوردستاندا.
٤ - رێزگرتن لە هەست و دابی نەتەوایەتی یان و گێرانەوەی راگوێزراوەکانیان بۆ ناوچەکانی خۆیان.
٥ - رێزگرتن لە هەست و دابی گشت تایەفە ئاینی و مەزهەبی یەکان لە عێراق دا.

**بەندی چل :**

أ- پیشمەرگە قەلغانی پتەوی گەلی کوردستانن و پێویستە بایەخیان پێ بدرێت و کاروباریان رێك بخرێت و بەرێوە ببرێن، هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستیان لە رووی تەندروستی و رۆشنبیری و گوزەران و عەسکەری و پەروەردە کردنیان بە گیانی دیموکراتی یەتی نیشتمانی راست و مسۆگەر کردنی پاراستنی مافە رەواکانیان و چاودێری کردنی ماڵ و خێزانیان.

ب- دابین کردنی بەخێو کردنی خێزانی شەهید و پەککەوتووەکان بەهۆی بەشداربوونیان لە شۆڕشی کورد و گرنگی دان بە منالەکانیان لە کاروبارەکانی دەستەبەری کومەڵایەتی و تەندروستی و خوێندن دا.

# پەیڕەوی ناوخۆ
# پارتی دیموكراتی كوردستان - عێراق

**لە كۆنگرەی دەیەم بڕیاری لەسەر دراوە**
**كەلە كانوونی یەكەمی ١٩٨٩ بەسترا**

## بەشی یەكەم

**بەندی یەكەم :**

پارتی دیموكراتی كوردستان، پارتێكی دیموكراتی پێشڕەوی شۆڕشگێڕە، لە یەكگرتنی بە ئارەزووی ئەو خەڵكانە پێك هاتووە كە دیموكراتین و ئامانجیان یەكە و قایلن بە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی و لە ڕیزەكانی پێشەوەی جەماوەریدا خەبات دەكەن، بەپێی تەكتیك و پلان و ڕێنماییەكانی پارتی لەبەر تیشكی تیۆری زانستی و تاقیكردنەوەكانی گەلان و گەلی كورد و نیشتمانی و خەباتگێڕانەی **بارزانی نەمر**.

**بەندی دووەم :**

لە ئامانجەكانی پارتیمان وەدیهێنانی حوكمێكی دیموكراتی، ئیئتلافی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ كوردستان و خەباتكردن لە پێناو سەربەخۆیی ئابووری و ڕامیاری عێراقەوە مسۆگەركردنی مافی ئەو كەمایەتییانەی دانیشتووی كوردستانن و كۆششكردن بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاری، ڕامیاریی ئەو كەسانەی لە ڕیزەكانی پارتیماندان لە ڕێگای ئامادەكردنی كادیری هۆشیاری پارتی و چەسپاندنی برایەتی كورد و عەرەب.

## بەشی دووەم

**بەندی سێیەم :**

**(ئەندامی پارتی)**

أ. هەركەس ئەم مەرجانەی خوارەوەی تیا بێت بە ئەندام دادەنرێ :

١. دان بە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتیدا بنێ و بەپێی بەندەكانی كار بكات.

٢. لە یەكێك لە شانەكان یان لێژنەكانی پارتیدا خەبات بكات.

٣. تەمەنی لە (١٨) ساڵ کەمتر نەبێت.
٤. لایەنی کەمی هۆشیاریی ڕامیاری و نیشتمانی گشتی هەبێ.
٥. دەبێ لە ناو خەڵکدا خووڕەوشت و ناوبانگی باش بێت.
٦. دەبێ ئابوونەی بەشداریکردن بدات بە مەرجێ لە ڕێژەی (٤٪) ی داهاتی مانگانـەی کەمتر نەبێ.

ب. کۆمیتەی ناوەندی دەسەڵاتی هەیە ئەندازەی ئابوونە زیاد بکات بەپێی زرووف.

ج. کە پاڵێوراو بە ئەندامی پارتی وەرگیرا ئابوونەی مانگێك دەدات بەرامبەر هاتنەڕیزی پارتییەوە.

**بەندی چوارەم:**

**بە ئەندامی پارتی وەرناگیرێت هەرکەس کە:**

١. دژی ئاشتی و ڕزگاری و دیموکراسی و کێشەی ڕزگاریخوازی کورد بێ.
٢. نوکەر یا جاسوس یا ئەندامی ڕێکخراوێکی تێکدەر بووبێ.
٣. ئەندامی پارتییەك، یا ڕێکخراوێکی تر بێ بەبێ ڕەزامەندی پارتی.

**بەندی پێنجەم:**

**پێویستە لەسەر ئەندامانی پارتی:**

١. بە هەموو هێزێکیەوە خـەبات بکـات بـەپێی پرۆگـرام و پـەیڕەو و پـلان و تاکتیکـەکانی پارتی بۆ وەدیهێنانی ئامانجە نزیك و دوورەکانی و بڕیار و ڕاسپاردەکانی.
٢. بەهەموو هێزێکییەوە یەکێتی پارتی و یەکێتی ڕێکخستنی و دیسپلینی پارتی بپارێزێ.
٣. بەهەر نرخێك بێ نهێنیەکانی پارتی بپارێزێ.
٤. هەمیشـە هـەوڵ بـدات بـۆ دەوڵەمەنـدکردن و بـەرز کردنـەوەی ئاسـتی هۆشـیاری و شۆڕشگێڕی و ڕۆشنبیری خۆی و وەرگرتنی ئایدیولۆژیەتی پارتی.
٥. لە سەرەتای ڕەخنە و ڕەخنەلـەخۆگرتن بـڕوا و ڕاسـتی لـە پـارتی نەشـارێتەوە و دژی لـە خۆباییبوون و بادەی سەرکەوتن بێت و لە ئاستی ڕووداوەکان بێت.
٦. پەیوەنـدی لەگـەڵ جـەماوەری گـەل تونـدوتۆڵ بکـات، بەگرنگییـەوە گـوێ لـە بیـروڕا و داخوازییەکانیان بگرێ و یارمەتیان بدا بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیان، بەخۆی یا لـە ڕێگەی پارتییەوە و پارتی لە بیروڕا و داخوازییەکانیان ئاگادار بکـات. هـەروەها پێویسـتە لەسەری، سیاسەتی پارتی و ڕاوبۆچوونی لە هەموو مەسەلەیەکدا بگەینێ بەو جەماوەرە

و بۆیان ڕوون بکاتەوە.

٧. ڕێز لە ئاکار و بیروباوەڕی جەماوەری گەل بگرێ و کوشش بکا بۆ گۆڕینی دابونەریتە کۆنەکان لە ڕێگای هۆشیارکردن و باوەڕپێهێنان و لەسەریەتی بزانێ کاری سیاسی لە نێو جەماوەر ئەندام و کادری وای دەوێ بتوانن گیروگرفتەکانی ناوچەکە ڕاست و دروست تێ بگەن و جێی باوەڕ و ڕێزی جەماوەر بن و بتوانن کاریان تێ بکەن لە ڕووی سیاسی و مەعنەوی لە ڕێگای ڕەفتار و کردەوەی هەمیشەییانەوە، هەروەها ئەندامی پارتی دەبێ دژی گیانی کەمتەرخەمی و گوێنەدان و خۆ دوورخستنەوە و ترسان لە لێپرسراوێتی بێ.

٨. بێ ڕەزامەندی پارتی شار یا ئیش یا ڕێکخراوەکەی بەجێ نەهێڵێ و دەبێ ڕاستگۆ و ئازا بێ و بەرژەوەندی پارتی بخاتە سەر هەموو بەرژەوەندییەکی ترەوە.

٩. بێ ڕەزامەندی پارتی بە فەرمانبەر یا کارگوزار دانەمەزرێت.

**بەندی شەشەم :**

ئەوانەی داوا دەکەن بێنە ڕیزەکانی پارتییەوە پێویستە بە ماوەی تاقیکردنەوە و پاڵاوتندا تێپەڕ بن، ئەوانە پێیان دەوترێ پاڵێوراو :

١. پاڵێوراو ئەو کەسەیە کە مەرجەکانی ئەندامێتی تیایدا بێ و تەمەنی لە (١٨) ساڵ کەمتر نەبێ و ئەرکەکانی سەرشانی ئەندام جێبەجێ دەکات، بەڵام هێشتا ماوەی تاقیکردنەوەی تەواو نەکردبێ و هەموو مافی ئەندامێتی هەیە، جگە لە مافی هەڵبژاردن (واتە نە هەڵدەبژێرێ و نە هەڵدەبژێردرێ)

٢. ماوەی تاقیکردنەوە لەلایەن لێژنەی ناوچەوە دیاری دەکرێ بەپێی بار و جۆری پاڵێوراوەکە.

٣. دەبێ ماوەی پاڵاوتن لە شەش مانگ کەمتر نەبێ.

٤. ئەو کەسەی دەپاڵێورێ بۆ ئەندامێتی پارتی دەبێ دوو ئەندام لایەنگری بکەن کە ساڵێك یا زیاتر بە سەر ئەندامێتییاندا تێپەڕبووبێ و پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان هەبێ بە پاڵێوراوەکەوە و داوای پاڵێوراوەکە کە دەبێ لەسەر ئیستمارەی تایبەتی بێت لە کۆبوونەوەی شانە باس دەکرێ.

٥. هەر کەس ئەندام بووبێ لە پارتە سیاسییەکانی تردا و داوای ئەندامێتی پارتیمان بکا، وەرگرتنی بە بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی دەبێت و هەر ئەو لێپرسراوە لە ئەنجامی وەرگرتنەوە.

٦. کۆمیتەی ناوەندی سەیری داوای وەرگرتنەوەی ئەو ئەندامانە دەکات کە ماوەیەك وازیان لە خەبات هێناوە لە پارتیدا و بڕیاری وەرگرتن، یا وەرنەگرتنەوەیان دەدا.

٧. هەر پێشمەرگەیەك داوای ئەندامێتی پارتی بکات و هەموو مەرجەکانی ئەندامێتی تیابێت بە ئەندام وەردەگیرێ پاش ئەوەی سێ مانگ بە تاقیکردنەوە و پاڵاوتن تێپەڕ دەبێت.

**بەندی حەوتەم :**

کۆمیتەی ناوەندی بۆی هەیە هەر ئەندامێکی پارتی دەر بکا یا دووری بخاتەوە لەسەر داوای لێژنەکانی پارتی و پاش لێکۆڵینەوەیەکی دادپەروەرانە لەلایەن دەستگاکانی لێکۆڵینەوەی ناوەندی، لێژنەی ناوچەش دەسەڵاتی دەرکردن یا دوورخستنەوەی هەر پاڵێوراوێکی هەیە و بۆشی هەیە هەر ئەندامێك لە لێپرسراوێتی دوور بکاتەوە، پاش لێکۆڵینەوەیەکی دادپەروەرانە.

**بڕگەی (١) دەرکردن:**

هەر ئەندامێکی پارتی ئیسبات بوو لەسەری کە یەکێك لەم کارانەی خوارەوەی کردووە لە پارتی دەردەکرێ :

أ. کارێکی کردبێ کە پەیوەندی بە جاسوسی و تێکدانەوە هەبێ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ.

ب. نهێنییەکانی پارتی بدرکێنێت بۆ هەر لایەك و بە هەر جۆرێك بێت.

ج. هەوڵ بدات یەکێتی پارتی کەرت بکات یا دەستی پێ بکات یا هەوڵی دروستکردنی دەستە و تاقم لە ناو ڕیزەکانی یا لە ناو لێژنەکانیدا بدات دژی ئەو یەکێتییە.

د. پارتی و ناوبانگی پارتی بەکار بێنێ بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی یا بۆ خەڵکی تر.

ه. سووربوونی لەسەر لادان لە ڕێبازی پارتی و کارکردن دژی و دژی ئامانج و ئایدیولوژیەتی، سەرەڕای ئاگادارکردنیشی.

و. بچێتە ناو پارتیك یا ڕێکخراوێکی ترەوە بە بێ ڕەزامەندی پارتی و سووربوون لەسەر مانەوەی سەرەڕای ئاگادارکردنیشی.

**بڕگەی (٢) دوورخستنەوە:**

ئەو ئەندامەی یەکێك لەم کارانەی خوارەوە ئەنجام بدا دوور دەخرێتەوە لە پارتی :

أ. ئەگەر سێ جار لەسەر یەك ئامادەی کۆبوونەوە نەبێ بە بێ بەڵگەی بەجێ.

ب. ئەگەر یەکێك لە مەرجەکانی ئەندامێتی لەدەست دا.

ج. ئەگەر سێ مانگ لەسەر یەك ئابوونە نەدات بەبێ بەڵگەی بەجێ.
د. ئەگەر فەرمانی پارتی جێبەجێ نەکردووە کە ڕێکخراوەکەی پێی سپاردووە بێ ئەوەی بەڵگەی بەجێی هەبێ و سەرەڕای ئاگادارکردنیشی.

**بەندی هەشتەم :**

**مافەکانی ئەندامی پارتی**

١. ڕەخنە گرتن و پرسیارکردن و پێشنیازدان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ.
٢. هەڵبژێری و (هەڵبژێردری) بۆ هەموو لێژنەیەکی پارتی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ.
٣. لە کاتی پێویستدا داوای یارمەتی بکات لە پارتی.
٤. مافی پێشکەشکردنی سکاڵای هەیە بە ڕەچاوکردنی ئەم پەیڕەوە.
٥. ئەگەر بە هۆی خەباتی پارتایەتییەوە توشی گرتن و دوورخستنەوە ببێ و دوچاری نەبوونی بێت، دەبێ پارتی بەپێی توانا یارمەتی بدات.
٦. پارتی مانگانە بۆ کادرانی پیشەیی تەرخان دەکات کە کۆمیتەی ناوەندی ئەندازەی دیاری دەکات و لە کاتی پەککەوتن یا پیربوونی کادر یا مردنیدا، پارتی یارمەتییەکەی هەر دەداتێ یا دەیدات بە ماڵ و منداڵەکانی بۆ میراتگرە ڕەواکانی.

**بەشی سێیەم :**

**دامەزراندنی پارتی و ئەو سەرەتایانەی لەسەری دروست بووە**

**بەندی نۆیەم :**

**دامەزراندنی پارتی لە خوارەوە بۆ سەرەوە بەم جۆرەیە:**

(شانە، شانەی سەرەکی، لێژنەی ڕێکخراو، لێژنەی ناوچە، لێژنەی لق، کۆمیتەی ناوەندی، کۆنفرانس و کۆنگرێس)

**بەندی دەیەم :**

پارتی لەسەر ئەم سەرەتای ڕێکخستنانەی خوارەوە دامەزراوە :

١. ناوەندیەتی دیموکراسی.
٢. لێژنەکانی پارتی لە ڕێگەی هەڵبژاردن و دەنگدانی نهێنییەوە پێك دین.
٣. دیسپلینی پارتی بە سەر هەموو ئەندامانـدا جێبەجێ دەکرێ و هەموویان لە ئەرك و مافدا وەکو یەکن.

٤. هەر دەستگایەکی پارتی ڕاپۆرتی دەوری دەربارەی چالاکی خۆی بۆ ڕێکخراوی سەرووی بەرز دەکاتەوە.

٥. ئەو مەسەلانەی پێویست بە بڕیاری دەستگای سەرووتر بکات دەبێ دەستگاکانی خواروو لە کاتی خۆیدا بیانخاتە بەردەمی و داوای ئامۆژگاری لەو دەستگایە دەکەن.

٦. هەموو لێژنەکانی پارتی بە هەموو پلەکانەوە، پەیڕەوی سەرکردایەتی بە کۆمەڵ دەکەن کە ئەمەش بە پێچەوانەی لێپرسراوێتی تاکە کەسی نییە و دەبێ چارەسەرکردنی هەموو مەسەلە گشتییەکان بە کۆمەڵ بکرێ، لەگەڵ ماوەهەڵخستن بۆ هەر ئەندامێك دەستپێشخەری خۆی دەربخات و ئەو کارانەی پێی سپێردراوە، جێبەجێیان بکات و پێویستە بڕیاردان لەسەر هەموو مەسەلەکان لە هەموو دەستگاکانی پارتیدا بە هەموو پلەکانیەوە بە زۆربەی دەنگ بێت و کەمایەتی ملکەچی زۆربە و خواروو ملکەچی سەرووتر بێت.

**بەندی یازدەهەم :**

بۆ ڕێکخراوەکانی پارتی هەیە کە دەستپێشخەری بکەن و بڕیار بدەن بۆ سنووری ناوچەکانیان لە سنووری دەسەڵاتیاندا، بە مەرجێك پێچەوانەی بڕیارەکانی پارتی و سیاسەتی گشتیی نەبێ.

**بەندی دوازدەهەم :**

پێویستە لەسەر دەستگاکانی خوارووی پارتی بڕیارەکانی دەستگاکانی سەرووتریان جێبەجێ بکەن و ئەگەر لێژنەیەکی خواروو وایزانی کە ئەو بڕیارە لەگەڵ باری ناوچەکەیدا ناگونجێ ئەوا پێشەکی پێویستە بڕیارەکە جێبەجێ بکات و لە دواییشدا تێبینییەکانی خۆی دەربارەی ئەو پیشان بدات.

## بەشی چوارەم :

## ڕێکخراوەکانی پارتی : ئەرك و دەسەڵاتیان

**بەندی سێزدەهەم:**

**١- شانە :** شانە ڕێکخراوێکی بنچینەیی پارتییە و بنکەی جەماوەرییەتی و سەرچاوەی ڕەوایەتی و دەسەڵاتەکانە کە دەیدات بە ڕێکخراوەکانی سەرووتری، بەپێی ڕێکخستن شانە لە (٣ بۆ ٥) ئەندام پێك دێت بە ڕێکخەرەوە کە لێژنەی ڕێکخراوە یا لێژنەی ناوچە دەستنیشانی دەکات.

**٢- دەسەڵاتی شانە و ئەرکەکانی:**

أ. شانە بەپێی سیاسەت و نەخشـە و پرۆگرامـی پـارتی خـەبات دەکـات بـۆ جێبـەجێکردنی ئامانجەکانی پارتی و ئەرکەکانی و ئەو فەرمان و ئاموژگارییانەی پارتی بۆی دادەنێ.

ب. سەپەرشتی ئەندامەکانی دەکا و سەرکردایەتی و چاودێرییان دەکـات بـۆ جێبـەجێکردنی ئەرکەکان و بەکارهینانی مافەکانیان.

ج. بەلای کەمەوە هەفتەی جارێك کـۆ دەبێتـەوە و بـە سـەرۆکایەتی ڕێکخـەری یـا جێگـری ڕێکخەر کە شانەکە هەڵی دەبژێرێ.

د. دابەشـکردنی ئـیش بەسـەر ئەندامەکانیـدا لـە ئـەرکی هەفتانـەی سـەر شـانیان و جێبەجێکردنی ئەپرسێتەوە.

ه. پڕوپاگەندە بۆ پـارتی و بـۆ بیروبـاوەڕی دەکـا و چاپەمەنییـەکانی لـە دەوروبەریـدا بـڵاو دەکاتەوە.

و. سەرپەرشـتی شـانەکانی پـاڵێوراو و لایـەنگیران دەکـا و بـە ڕۆشـنبیری پارتایـەتی بیریـان ڕوونـاك دەکاتـەوە و چـاودێری ئیشـەکانیان و سـەرکردایەتییان دەکـا بـۆ جێبـەجێکردنی ئەرکەکانیان و سەرپەرشتیکردنی.

ز. ئابوونـەی ئەنـدامان و پـاڵێوراوان و یارمـەتی لایـەنگیران و پـارەی چاپەمەنییـەکان کـۆ دەکاتەوە.

ح. ڕۆژنامـە و بڵاوکراوەکـانی پـارتی دەخوێنیتـەوە و لێیـان دەکۆڵێتـەوە و بـە سەربەسـتی گفتوگۆیان لەسەر دەکا و ڕای خۆی دەنێری بۆ لێژنەکانی سەرووتری.

ط. هەوڵ دەدا بۆ زیادکردنی هۆشیاری سیاسی گشتی و تیوری و پارتایەتی لە نـاو ئەنـدام و پاڵێوراو و لایەنگیراندا.

ي. لە ئیستمارەی پـاڵاوتن دەکۆڵێتـەوە و داوای بـوون بەئەنـدامی پـاڵێوراوان لـە لێژنـەکانی سەرووتر دەکا.

ك. نامـە و نووسـینی ئەنـدامان و دەنگوبـاس و کاروبـاری پێویسـت دەنێـری بـۆ لێژنـەکانی سەرووی خۆی.

ل. ڕاپۆرتی مانگانە دەنێرێ بۆ لێژنەی ڕێکخـراو و لێژنـەی ناوچـە کـە دەربـارەی چـالاکی و ئیشەکانیەتی و ئەوەی جێبەجێ کراوە یا جێبەجێ نەکراوە.

م. سەرپەرشتی خەباتی جەماوەریی ناوچەکەی دەکات بەپێی نەخشەکانی پارتی و مەشقی خەباتی شۆڕشگێڕانەی ڕێکوپێکیان پێ دەکا و توندوتۆڵترین پەیوەندی لەگەڵ جەماوەردا

دەبەستێ بۆ زانینی داخوازییەکانیان و گەیاندنی بە پارتی.

ن. هەموو ئەندامانی شانە لێپرسراون لە بەڕێوەبردنی کاروباری شانەکە.

س. ڕێوشـوێنی پێویسـت دادەنـێ بـۆ بـەردەوامبوون و تونـدوتۆڵکردنی پەیوەنـدی نێـوان ئەندامانی شانە لە لایەك و لە نێوان شانە و ڕێکخراوی سەرووتری لە لایەکی تر.

**بەندی چواردەهەم:**

**شـانەی سـەرەکی :** لـە دوو شـانەی بنچینـەیی یـا زیـاتر پێـك دێـت و هـەمان ئـەرك و دەسەڵاتی شانەی بنچینـەیی هەیـە، هـەر دوو هەفتـە جارێـك کـۆ دەبێتـەوە و ڕاپۆرتـەکانی مانگانەی بۆ سەرووتری بەرز دەکاتەوە.

**بەندی پازدەهەم :**

**ڕێکخراو:**

١. پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی لێژنەی لق بۆ لێژنەی ناوچە بۆی هەیـە کـە لێژنـەی ڕێکخـراو دابمەزرێنێ لـەو ناوچانـەی کـە زیـاتر لـە شـانەیەکی سـەرەکی تیـا بـێ و زەحمـەت بـێ ئەندامانی ناوچەکە ڕاستەوخۆ بـە لێژنـەی ناوچـە ببەسـترێنەوە یـا نـەتوانرێ لێژنەیـەکی ناوچە پێك بهێنرێ لە بەر کەمی ئەندامان یا هەر هۆیەکی تر بێت.

٢. لێژنـەی ڕێکخـراو و هـەموو ئـەرك و دەسـەڵاتەکانی لێژنـەی ناوچـەی هەیـە، جگـە لـە خاڵەکانی (ج، هـ، ط، ی، ك) لە بڕگەی (٢)ی، بەندی (١٦)ی، پەیڕەوی ناوخۆ.

**بەندی شازدەهەم :**

**١- لێژنـەی ناوچـە :** نوێنـەری پارتییـە و سەرپەرشـتی ئاراسـتەکردنی ئەنـدامان دەکـا لـەو ناوچەیـەی کـە کۆمیتـەی ناوەنـدی دیـاری دەکـات و ڕاسـتەوخۆ لێپـرسراوە لـە چـالاکی و بەڕێوەبردنی کاروبـاری پـارتی و بـەدیهێنانی بیروباوەڕەکـانی و جێبـەجێکردنی ئامۆژگـاری و بڕیارەکـانی لـە ناوچەکـەدا. ئەنـدامانی لێژنـەی ناوچـە لەلایـەن ئەنـدامانی پارتییـەوە هەڵدەبژێردرێن لە سنووری چالاکی لێژنەکەدا، ژمارەی ئەندامانی لێژنەی ناوچە لە (٣ بـۆ ٧) ئەندام دەبن لەگەڵ (٢) ئەندامی ئیحتیات.

**٢- ئەرك و دەسەڵاتەکانی :**

أ. بەڕێوەبردن و ئاراستەکردن و هاندانی ئەندام و شانە و ڕێکخراوەکان بـۆ جێبـەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانیان بەپێی پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ و ئامۆژگاری و بڕیارەکانی پارتی.

ب. هەڵبژاردنی لێپرسراوی لێژنە و دوو یاریدەدەر کە ئەرکی سەرشانیان بەڕێوەبردن و ڕێکخستن و سەرکردایەتیکردنی لێژنەی ناوچە دەبێت، بەلانی کەمەوە یەکێك لە ئەندامانی لێژنەی ناوچە دەبێ پیشەی پارتایەتی بێت.

ج. لە هەڵبژاردنی لێپرسراوی لێژنەی ناوچە دەبێ ڕەزامەندی کۆمیتەی ناوەندی لەسەر بێت و بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەیە تەنیا یەك جار نارەزایی خۆی پیشان بدات لەگەڵ هۆیەکانیدا، بەڵام ئەگەر لێژنەی ناوچە سوور بوو لەسەر ڕای خۆی ئەوا ڕایەکەی جێگیر دەبێت.

د. بەلانی کەمەوە لە مانگێکدا جارێك کۆبوونەوەی ئاسایی دەکات.

ه. دوا بڕیار لەسەر داوای ئەو کەسانە دەدات کە داوای هاتنەڕیزی پارتایەتیان کردووە، وەڵامی پرسیار و پێشنیار و نامەکانی ئەندام و شانە و ڕێکخراوەکان دەداتەوە.

و. خەبات دەکا بۆ گەشەپێدانی چالاکی بزووتنەوەی کرێکاران و جوتیاران و قوتابیان و پیشەوەران و لاوان و ئافرەتان و بزووتنەوەی ئاشتیخوازی.

ز. ئابوونەی ئەندامان و پیتاك و نرخی چاپەمەنییەکانی پارتی کۆ دەکاتەوە و بۆ لێژنەی سەرووتری دەنێرێ.

ح. هاوبەشکردنێکی کاریگەرانە لە سەرکردایەتیکردنی هەموو جورە خەباتیکی جەماوەریی لە ناوچەکەدا دەکا.

ط. مافی دەرکردنی بەیاننامەی هەیە کە تەنیا دەربارەی ڕووداوەکانی ناوچەکەی بێت و بۆی هەیە ئامۆژگاری پێویستە لەو ڕووەوە دەر بکات لەسەر تیشکی سیاسەتی گشتی پارتی.

ي. دەسەڵاتی ئەم سزایانەی هەیە، سەرنجڕاکێشان و ئاگاداریکردن و دەرکردنی کاتی کە لە شەش مانگ تێپەڕ نەکا و دەبێ زۆربەی ڕای (دوو لەسەر سێ)ی ئەندامانی لێژنە و کۆنفرانس بێ.

ك. مافی هەڵبژاردنی نوێنەری خۆی هەیە بۆ لێژنەی لق و کۆنفرانس.

ل. بۆ فراوانکردنی کاری پارتایەتی و زیاتر چوونە ناو جەماوەرەوە بۆی هەیە بەپێی پێویست لێژنەکانی پیشەیی دروست بکات و دەسەڵات و ئەرکەکانی سەرشانی هەر لێژنەیەك دیاری بکات.

م. ئامادەکردنی شوێنی کۆبوونەوە و دیاریکردنی کاتی و بەڕێوەبردنی و ڕێکخستنی مەحزەری کۆبوونەوە و ڕێکخستنی ڕاپۆرتی مانگانە و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی

لێژنەكانی سەرووتر و ڕێكخستنی دارایی.

ن. لێپرسراوی لێژنەی ناوچە ڕاستەوخۆ بەرپرسیارە بەرامبەر لێژنەكانی سەروتر بە هاوكاری ئەندامانی تری دەستەی كارگێر.

**بەندی هەڤدەهەم :**

**لێژنەی لق :**

لەو ناوچەیەی كۆمیتەی ناوەندی دیاری دەكات لێژنەی لق لە (٧ بۆ ١١) ئەندام پێك دێت كە لەلایەن ئەندامانی لێژنەی ناوچەكانەوە هەڵدەبژێردرێن بەو ڕێژەیەی كۆمیتەی ناوەندی لەسەر بناغەی ژمارەی ئەندامانی هەر لێژنەیەك دیاری دەكات، ئەرك و دەسەڵاتەكانیشی لە ناو ئەو سنوورەی بۆی دیاریكراوە ئەنجام دەدات.

دەسەڵاتی بەرامبەر بە لێژنەكانی ناوچە هەمان دەسەڵاتی ئەمەی دواییە بەرامبەر شانە و ڕێكخراوەكان و هەمان ئەركی سەرشانی لێژنەكانی ناوچەی لە ئەستۆیە لە سنووری ناوچەكەیدا، لە نێو ئەندامەكانیدا (٣ بۆ ٥) ئەندام بە لێپرسراوی یەكەمەوە (لە حاڵەتێك كە نوێنەری كۆمیتەی ناوەندی نەبوو) هەڵدەبژێرێ، دەستەی كارگێریان لێ پێك دێت كە دەسەڵاتی لێژنەی لق لە نێوان دوو كۆبوونەوە پێ دەسپێردرێ. لێژنەی لق، مافی دەرهێنانی گۆڤاری تایبەتیی هەیە لەبەر ڕۆشنایی سیاسەتی بڕیارلەسەردراوی پارتی و دوای ڕەزامەندی كۆمیتەی ناوەندی لێژنەی لق بەلانی كەمەوە هەر سێ مانگ جارێك دەبێ كۆببێتەوە.

**بەندی هەژدەهەم :**

١. كۆمیتەی ناوەندی بەرزترین دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنە لە دوای كۆنگرێس كە لە ماوەی نێوان دوو كۆنگرەدا، سەرپەرشتی و هەڵسوڕاندنی چالاكی هەموو ڕێكخراوەكانی پارتی دەكات لە ڕووی سیاسی و ڕێكخستنەوە و سەركردایەتییەكان دەكات لە خەباتیاندا بەپێی پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆ لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجەكانی پارتیدا.

٢. كۆمیتەی ناوەندی لە (٢١) ئەندام پێك دێت لەگەڵ (٩) ئەندامی ئیحتیات، كۆنگرێس بە ڕێگەی پاڵاوتن هەڵیان دەبژێرێ.

٣. ئەگەر ئەندامێكی كۆمیتەی ناوەندی نەیتوانی ئەركەكانی سەرشانی جێبەجێ بكات ئەوا ئەندامێكی ئیحتیات ئەوەی لە هەڵبژاردنەكانی كۆنگرە زۆرترین دەنگی هێنابێ دەچێتە شوێنەكەی.

٤. مەرجەكان و مافەكانی ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی :

أ. دەبێ بە لای کەمەوە پێنج ساڵ تێپەڕ بووبێت بەسەر هاتنیدا بۆ ناو پارتی و دەبێ نمونەی هەڵگری ڕەوشتی شۆڕشگێری هەڤاڵەکانی و نێو جەماوەری گەل و سووربوونی تەواوی لەسەر بەرژەوەندی پارتی و پابەندبوونی بە ڕێباز و پەیڕەوی پارتی.

ب. دەبێ ئەندامێکی چالاك بێت و ڕابردوویەکی خاوێنی هەبێت لە خەبات کردنیدا.

ج. دەبێ نە ئیعتراف و نە پاکانەی کردبێ لە پارتی.

د. ئەگەر ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی ئامادە نەبوو ئەوا ئیحتیاتێك کە لە کۆنگرەدا، زۆرترین دەنگی هێناوە شوێنی دەگرێتەوە.

ه. ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بە هۆی خەباتیەوە گیرا یا دوور خرایەوە ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندی هەر دەمێنێ.

**بەندی نوزدەهەم :**

ئەرك و دەسەڵاتەکانی کۆمیتەی ناوەندی ئەم ئیشانەی خوارەوەیە:

١. پێنج تا حەوت ئەندام هەڵدەبژێرێ کە مەکتەبی سیاسی پێکدێنن و یاریدەی سەرۆك دەدەن لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی و ئاراستەکردنی چالاکییەکانی پارتایەتی، بەمەرجێ زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی خۆیان بۆ کاری پارتایەتی تەرخان بکەن، مەکتەبی سیاسی مافی هەیە لە نێو ئەندامەکانی چەند لێژنەیەکی تر پێك بهێنێت.

٢. خەباتکردن بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دوور و نزیکی پارتی و دانانی پلان و تەکتیکی پێویست و دیاریکردنی سیاسەتی پارتی بەرامبەر هەموو ڕووداوەکان.

٣. چاودێری و سەرپەرشتیکردن لەسەر جێبەجێکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پارتی و بڕیارەکانی کۆنفرانس و کۆنگرێس.

٤. پاراستنی ئامانج و بیروباوەڕە شۆڕشگێرییەکانی پارتی لە بیروڕای چەوت و چێڵ و دژ و پاراستنی یەکێتی پارتی (یەکێتی بیر و کردار و خواست و دیسیپلین) و پاراستنی نهێنییەکانی پارتی.

٥. پارێزگاریکردنی کەلوپەل و دارایی پارتی و زیادکردنی و ڕێکخستنی داهات و خەرجی پارتی بە شێوەیەك کە بۆ شتی ناپێویست خەرج نەکرێ.

٦. دیاریکردنی هەڵوێستی پارتی بەرامبەر پارت و ڕێکخراو و دەستگا و بەرە یەکگرتووەکان لەبەر تیشکی پرۆگرام و بڕیارەکانی کۆنفرانس و کۆنگرێس.

٧. دەرخستنی هەڵویستی پارتی بەرامبەر هەموو ڕووداوە سیاسی و ئابووری و

کۆمەڵایەتییەکان و بەرامبەر جووڵانەوەی کرێکاران و جوتیاران و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی و باری نێودەوڵەتان.

٨. دانانی ڕێوشوێن و نەخشەی ڕێگەی بەهێزکردنی چالاکی پارتی لە هەموو بوارێکدا.
٩. ئامادەکردن و پەروەردەکردنی کادری پارتی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنی تیۆری و سیاسی و ڕاهێنانی ئەندامان و جەماوەر لەسەر خەباتی شۆڕشگێڕانە بەوەی کە یەکێکە لە کارە سەرەکییەکانیان.
١٠. بڵاوکرنەوەی وریایی و هۆشیاری لە نێوان کرێکاران و جوتیاران و جەماوەری کورد و کوردستان بە گشتی و بەپێی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی.
١١. ئامادەکردنی کەرەستەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی ناوەندی و بەیاننامە و نامیلکەی ڕۆشنبیری و دانانی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی ناوەندی و سەرپەرشتیکردنی.
١٢. وەرامدانەوەی ڕەخنە و پێشنیار و سکاڵای ئەندامان و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیان.
١٣. جێبەجێکردنی هەموو ئەرکێکی سەرکردایەتی لە هەموو ڕوویەکی سیاسی و ڕێکخستن و سەرکردایەتیکردنی پارتییەوە لەو ماوەیەی دەکەوێتە نێوان دوو کۆنگرێس.
١٤. دیاریکردنی شوێن و کاتی کۆنفرانس و کۆنگرێس و بڕیاردان لەسەر بەستنیان لە ماوەی ئاساییدا لەگەڵ دیاریکردنی ڕێژەی نوێنەران تیایاندا.
١٥. ئامادەکردنی ڕاپۆرتی گشتی بۆ کۆنگرێس، لە کاتی پێویستیشدا بۆ کۆنفرانس.
١٦. هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بە تاك و بە کۆمەڵ لێپرسراون بەرامبەر بە کۆنگرێس لە ڕووی ئەو ئیشانەی کردوویانە لەو نەخشە و سیاسەتەی بەجێیان هێناوە.
١٧. بۆی هەیە بڕیارەکانی لێژنەکانی خوارووی هەڵبوەشێنێتەوە.
١٨. بڕیاری پێکهێنانی لێژنەی ناوچە و لقی نوێ و ڕێکخراوی تایبەتی دەدات.
١٩. بە شێوەیەکی نائاسایی بانگی کۆنفرانس و کۆنگرێس دەکات بۆ بەستن بەپێی :
أ. داوای زۆربەی ئەندامانە پارتی بە هۆی ڕێکخراوەکانیانەوە.
ب. داوای (دوو لەسەر سێ)ی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی.
٢٠. پێویستە بڕیارەکانی لەلایەن ڕێکخراوەکانی پارتییەوە جێبەجێ بکرێ و بۆ کۆنفرانس و کۆنگرێس هەیە کە ئەو بڕیارانە هەڵبوەشێنێتەوە.
٢١. لە مەکتەبی سیاسی دەپرسێتەوە و ئیشوکاری پێویستی بۆ دادەنێ.

٢٢. کۆمیتەی ناوەندی بۆی هەیە بە هەموو کارێکی پێویست هەستێ بۆ پاککردنەوەی ڕیزەکانی پارتی بە مەرجێك لە پێشەوە لێژنەی پشکنینی ناوەندی لێکۆڵینەوەی لەو ڕووەوە کردبێ و بۆ ئەوانش هەبێت کە بەر ئەو پاککردنەوەیە دەکەون سکاڵای خۆیان لای کۆبوونەوەی فراوانی کۆمیتەی ناوەندی یا دەستگاکانی باڵاتر بکەن.

٢٣. پێویستە لەسەر کۆمیتەی ناوەندی نوێنەری خۆی بنێرێ یا کادیر بگوازێتەوە بۆ لق و لێژنەی ناوچەکان بۆ بەهێزکردنی ڕێکخستن و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و بۆ ئەوەی ئیشوکارەکانی تری ڕاپەڕێنرێ.

٢٤. لەبەر ئەوەی دیسپلینی پارتایەتی هەموو ئەندامان دەگرێتەوە بە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیشەوە، ئەوا کۆمیتەی ناوەندییە کە دەرهەق ئەندامانی خۆی سزای گونجاو دیاری بکات بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ بە (دوو لەسەر سێ)ی دەنگەکان.

٢٥. ئەگەر ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کارێکی وای کرد پێویست بە دەرکردنی بکات لە پارتیدا ئەوا کۆمیتەی ناوەندی بە زۆربەی (دوو لەسەر سێ)ی دەنگەکان لە لێپرسراوێتی ڕووت دەکرێ[تەوە] و دەیخاتە بەردەم کۆنفرانس یا کۆنگرێس بۆ ئەوەی سزای پێویستی بدات.

٢٦. کۆمیتەی ناوەندی مەکتەبێکی سەرکردەیی و بۆ هەر لقێك مەکتەبێك پێك دێنێ بۆ کاروباری کرێکاران و جوتیاران کە سەرپەرشتی و ئاراستەکردنیان لەلایەن مەکتەبی سیاسی پارتییەوە دەکرێ.

**بەندی بیستەم :**

١. کۆمیتەی ناوەندی بە شێوەی ئاسایی هەر چوار مانگ جارێك کۆبوونەوە دەکات.

٢. کۆمیتەی ناوەندی لە ساڵێکدا بەلای کەمەوە کۆبوونەوەیەکی فراوان دەکات کە جگە لە ئەندامانی ئیحتیات ئەندامی دەستەی کارگێڕانی لقەکان ئامادە دەبن.

٣. کۆمیتەی ناوەندی بۆی هەیە لە دەرەوەی عێراق ڕێکخراوی پارتی دامەزرێنێ لە ئەندامانی پارتی بۆ ئیشکردن بەپێی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی.

**بەندی بیست و یەکەم :**

**مەکتەبی سیاسی :**

أ. سەرۆکی پارتی سەرکردایەتی مەکتەبی سیاسی دەکات کە جگە لە خۆی لە (٥ بۆ ٧) ئەندام پێك دێت کە کۆمیتەی ناوەندی لە نێو ئەندامەکانییەوە هەڵیان دەبژێرێ و یاریدەی سەرۆك دەدەن هەر یەکە و بەپێی ئیشوکاری خۆی.

ب. مەكتەبی سیاسی بڕیارەكانی كۆمیتەی ناوەندی جێبەجێ دەكات كە لە نێوان تەنیا دوو كۆبوونەوەدا دەیدات و ئەگەر شتێكی وا ڕووی دا كە پێویست بە گۆڕینی سیاسەتی دیاریكراو بكات ئەوا دەستبەجێ كۆمیتەی ناوەندی بانگ دەكا بۆ كۆبوونەوە.

ج. مەكتەبی سیاسی بە هاوكاری سەرۆك لێپرسراوە لە كاروباری ئیداری و ڕێكخستن و سیاسەتی پارتی و ڕاپۆرت و كۆبوونەوەكانی كۆمیتەی ناوەندی و دەستگاكانی بەرزی پارتی بە كۆنگرەشەوە پێشكەش دەكات.

د. لەسەر مەكتەبی سیاسییە هەنگاوی پێویست وەرگرێ بۆ بەردەوامبوونی چالاكی پارتایەتی، كاتێك كە ئەندامان پەرت و بڵاو بوون یا كۆكردنەوەیان مەحاڵ بێ.

**بەندی بیست و دووەم :**

١. سەرۆكی پارتی - سەرۆكی پارتی و كۆمیتەی ناوەندی و مەكتەبی سیاسییەكەیەتی.
٢. سەرۆك ڕاستەوخۆ لەلایەن كۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێ.
٣. سەرۆك سەركردایەتی كۆبوونەوەكانی مەكتەبی سیاسی و كۆمیتەی ناوەندی و پلێنیۆم و كۆنفرانس و كۆنگرێس دەكات.
٤. لە حاڵەتی یەكسانبوونی دەنگەكان لە گشت ئەو دەستگایانەی لە سەرەوە ناو براون، زۆربە لەگەڵ ئەو لایەنە دەبێ كە دەنگی سەرۆكی لەگەڵە.
٥. سەرۆك مافی ئەوەی هەیە داوای گرێدانی كۆنگرێس یا كۆنفرانس بكات لەسەر خواستی زۆربەی ئەندامانی پارتی لە كاتی پێویست.
٦. ڕاسپاردە و ئاراستەكردنەكان بە ڕەزامەندیی ئەو دەبێ و گشت نووسراوە گرنگەكانی پارتی بە ئیمزای ئەو دەبێ (یا ئیمزای یەكێ لە یاریدەدەرە دەسەڵاتدراوەكانی)
٧. لەگەڵ ئەوەی سەرۆك بەرپرسیارێتییەكی خەتەری هەیە، بەڵام بڕیارە بنەڕەتییەكان بە شێوەی كۆمەڵ وەردەگیرێن لە گشت دەستگاكانی پارتیدا.

## بەشـــی پێنجەم
## لێژنەی پشكنینی ناوەندی

**بەندی بیست و سێیەم :**

أ. لێژنەی پشكنینی ناوەندی لە ئەندامێكی مەكتەبی سیاسی و دوو ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی پێك دێت و هەر جارە لە هەر كۆبوونەوەیەكی ئاساییی كۆمیتەی ناوەندیدا

هەڵدەبژێردرێن.

ب. ئەرك و دەسەڵاتەکانی ئەم لێژنەیە لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسییەوە دیاری دەکرێ.

**بەندی بیست و چوارەم :**

ئەو سزایانەی لێژنەی پشکنینی ناوەندی ڕایدەسپێرێ ئەمانەن :

١. **بەرامبەر بە ئەندامان :**

أ. سەرنجڕاکیشان بەدەم یا بە نووسین.

ب. ئاگادارکردن بە تاك یا بە کۆمەڵ لە ناو ڕێکخراوەکەیدا.

ج. ڕووتکردنەوە لە ئەرکی لێپرسراویەتی.

د. دەرکردنی کاتی لە پارتی.

ه. دەرکردنی یەکجاری کە گەورەترین سزایە.

٢. **بەرامبەر بە لێژنەی ڕێکخراوەکانی پارتی :**

أ. سەرنجڕاکیشان.

ب. ئاگادارکردن.

ج. هەڵوەشاندنی لێژنە و دانانی لێژنەیەکی کاتی تا هەڵبژاردن دەکرێ.

د. هەڵوەشاندنی ئەندامەکانی بە سەر لێژنەکانی تری پارتی.

## بەشی شەشەم

## ڕۆشنبیرکردن لە پارتیدا

**بەندی بیست و پێنجەم :**

پارتی ڕۆژنامەی تایبەتی و چاپەمەنی ڕۆشنبیری دەوری و ناوبەناوی بۆ پلە جۆربەجۆرەکان دەبێت و هەر لقەش چاپەمەنی دەوری دەبێت، جگە لە چاپکراوێکی دەوری کە کادری ڕۆشنبیری سەر بە کۆمیتەی ناوەندی دەری دەکات.

**بەندی بیست و شەشەم :**

پارتی سوورە لەسەر پێگەیاندنی کادری ڕۆشنبیری هۆشیار بۆ کەرتە جۆربەجۆرەکانی پارتی لە ڕێگەی کردنەوەی دەورە و قوتابخانەی هەمیشەیی ڕۆشنبیرکردن و مەکتەبی سیاسی سەرپەرشتی بەڕێوەبردن و ئامادەکردنی پرۆگرامەکانی دەکات.

**بەندی بیست و حەوتەم :**

ئامانجی بڵاوکراوەکانی پارتی ئەمانەیە

أ. ناسـاندنی کـورد و کوردسـتان و خـەباتی گـەلی کـورد و مێـژوو و خەسـڵەتە نەتەوایەتییەکانی.

ب. لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی مەبەست و ئامانجەکانی پارتی.

ج. دەربڕینـی بیـروڕا لـە بـارەی هـەموو ئـەو مەسـەلانەوە کـە دێنـە بـەردەمی پـارتی و جووڵانەوەی نیشتمانی کورد.

د. هۆشیارکردنەوەی جەماوەری کوردستان بـە هـۆی ڕوونکردنـەوەی گیروگرفتـە سیاسـی و ئـابووری و کۆمەڵایەتییـەکان و کێشـەکانی تـر و بایەخـدان بـە کاروبـاری جوتیـاران و پیشەگەر و پیشەسازەکان و شیکردنەوەی گیروگرفتـەکانیان و دانـانی چارەسـەری ڕاسـت بۆیان بە شێوەیەك کە پارتی بتـوانێ دەوری سـەرکردایەتی و ڕێنیشـاندەر لـەو بوارانـەدا ببینێ.

## بەشی حەوتەم

## کۆنفرانس

**بەندی بیست و هەشتەم :**

١. لە کاتیکدا کۆنفرانس دەگیرێ کە گۆڕانی سیاسی گرنگ ڕوویدا بێت یا ناکۆکی کەوتبێتـە ناو کۆمیتەی ناوەندییەوە بە شـێوەیەك کـە هەڕەشـە لـە یـەکێتی پـارتی بکـات یـا هـەر بارێکی تر کە پێویست بە بەستنی کۆنگرە بکات کە زیاتر لە نیوەی ئەنـدامانی پـارتی یـا (دوو لەسـەر سـێ)ی لێژنـەی ناوچـەکان داوای بکـەن و لـە تواناشـدا نـەبێت کـۆنگرە ببەسترێ.

٢. کۆنفرانس لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و ئیحتیاتەکانی و کـارگێری لقـەکانی پـارتی و نوێنەرانی لێژنەی ناوچە و ڕێکخراوەکـان و کـادرانی پێشـکەوتووی پـارتی کـە کۆمیتـەی ناوەندی بە زۆربەی (دوو لەسەر سێ)ی دەنگ دایاندەنی، پێك دێت.

٣. کۆنفرانس هەموو دەسەڵاتەکانی کۆنگرێسی هەیە جگە لە گۆڕینی پرۆگـرام و پـەیڕەوی ناوخۆ و گـۆڕینی کۆمیتـەی ناوەنـدی و دیـاریکردنی چارەنووسـی پـارتی و دەرکـردن یـا سـەندنەوەی دەسـەڵات لـە سـەرۆك نـەبێت بڕیارەکـانی کـۆنفرانس هـەمان هێـزی کۆنگرێسی هەیە.

٤. یەکێك لە ئەرکەکانی کۆنفرانس ئامادەکردنی بارێکی پێویستە بۆ ئەوەی لە نزیکترین هەلدا کۆنگرێس ببەسترێ.

٥. لە کاتی پرسینەوە لەو ئەندامانەی کۆمیتەی ناوەندی کە لەلایەن کۆبوونەوەی فراوانی کۆمیتەی ناوەندی دراون بە کۆنفرانس، بۆ کۆنفرانس هەیە کە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دوور بخاتەوە، بە مەرجێك کە ژمارەی دوورخراوەکان لە جارێکدا یا بە چەند جارێك نەگاتە نیوە.

٦. کۆنفرانسی ناوچە : لەسەر داوای زیاتر لە نیوەی ئەندامانی پارتی لە ناوچەکەدا، یا لەسەر داوای (دوو لەسەر سێ)ی ئەندامانی ناوچە دەگیری و بە ڕەزامەندی مەکتەبی سیاسی دەبێت.

کۆنفرانسی ناوچە لە ئەندامانی لێژنەی ناوچە و ئیحتیاتەکانی و ئەندامانی لێژنە پیشەییەکان پێك دێت و کۆنفرانس هەوڵ دەدات کە چارەسەری ئەو گیروگرفت و ناکۆکییانە بکات کە لە ناوچەدا هەن بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ.

## بەشی هەشتەم

## کۆنگرێس (کۆنگرەی نیشتمانی)

**بەندی بیست و نۆیەم :**

١. کۆنگرێس (کۆنگرەی نیشتمانی) بەرزترین دەسەڵاتە لە پارتیدا.

٢. کۆنگرێس لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامە ئیحتیاتەکان کە لە کۆنگرەدا هەڵبژێررابوون و ئەو نوێنەرانەی کە لەلایەن هەموو ئەندامانی ڕێکخراوەکانی پارتییەوە هەڵبژێرراون بەپێی ئەو نیسبەتەی کە کۆمیتەی ناوەندی و ئیحتیاتەکانی دای دەنێن.

٣. کۆنگرێس بە لای کەمەوە هەر چوار ساڵ جارێك دەبەسترێ بۆ کۆمیتەی ناوەندیش هەیە کە بەشێوەی نائاسایی داوای بەستنی بکات لەسەر داوای (دوو لەسەر سێ)ی ئەندامەکانی بەپێی بڕگەی (١٩) لە بەندی (نوزدەهەم) هەروەها سەرۆك دەسەڵاتی هەیە کۆنگرە ببەستی بەپێی (بەندی بیست و دووەم).

**بەندی سێیەم :**

ئەرك و دەسەڵاتەکانی کۆنگرێس :

١. دەستلێدان یا گۆڕینی پرۆگرام و پەیڕەوەی ناوخۆ.
٢. گوێگرتن لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی و گفتوگۆکردن لەسەری و نرخاندنی.
٣. شیکردنەوەی باری ناوخۆ و دەوڵەتان و نەخشەی سیاسەتی دابنێ و ستراتیژ و تـەکتیکی پارتی دابنێ بۆ هەموو ئەو مەسەلانەی ناوخو و دەرەوە کە دێنە بەردەمی.
٤. سەیرکردنی سکاڵای ئەندامان و بڕیاردان لەسەریان.
٥. پرسینەوە لە کۆمیتەی ناوەندی و سزادانی ئەوانەی کەمتەرخەمییان کردووە.
٦. هەڵبژاردنی سەرۆك و کۆمیتەی ناوەندی و ئیحتیاتەکان.
٧. تەنیا کۆنگرێس بۆی هەیە کە پارتی هەڵوەشێنێ یا ناوی بگۆڕێ.

## بەشـــی نۆیـــەم
## دارایی پارتی

**<u>بەندی سی و یەك :</u>**

١. دارایی پارتی پێك دێت لە :
أ. ئابوونەی ئەندامان و پاڵێوراوان و ئابوونەی بوون بەئەندام.
ب. پیتاکی ئەندامان و پاڵێوراوان و لایەنگیران و دوستان.
ج. نرخی چاپەمەنییەکانی پارتی.
د. قازانجی ئاهەنگی ڕۆشنبیری و هونەری و کۆمەڵایەتی کە پارتی پێی هەڵدەستێ.
ه. قازانجی ئەو پرۆژانەی پارتی دەیکات.
و. پیتاك کۆکردنەوە پاش ڕەزامەندی کۆمیتەی ناوەندی.
٢. هەموو مانگێك ئابوونە و نرخی چاپەمەنییەکان لەڕێگەی شانەکانەوە کۆ دەکرێتـەوە و دەنێردرێت بۆ ئەو لێژنـە ناوچەیـەی کـە پێـوەی بەسـتراون و بـە هـۆی لێژنـەی لقـەوە دەنێرێ بۆ کۆمیتەی ناوەندی (مەکتەبی سیاسی) و داهاتی ئـەو لێژنـە و ڕێکخراوانـەی بە کۆمیتەی ناوەندییەوە بەستراونەتەوە یەکسەر بۆی دەنێرێ.
٣. پێویستە لەسەر کۆمیتەی ناوەندی کە هەموو لێژنە ناوچەییەکان لە ڕێگـەی لێژنـەکانی لقەوە ئاگادار بکات لە وەرگرتنی ئەو پارانەی بۆیان ناردووە.
٤. پێویستە لەسەر لێژنە ناوچەییـەکان و لـق و کۆمیتـەی ناوەنـدی سـجلی تایبـەتی رێـك بخەن و بودجەی تیا دەربخرێ و هەموو ڕوویەکی داهات و خەرجی تیا بنووسرێ.
تەنیا لێژنەی دارایی سەر بە کۆمیتەی ناوەندی ئەندازەی خەرجکردنی لێژنە ناوچـەکان

و ڕێکخراوەکانی تری پارتی دیاری دەکات، ئیتر بۆ لێژنەی ناوچەکان و ڕێکخراوەکانی تر نییە لە خۆیانەوە دەستکاری داهاتەکانی پارتی بکەن.

## ناسنامەی پرۆژە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ساڵی٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.

P.D.K ENCYCLOPEDIA